# سەنتەری برایەتی

گۆڤارێکی وەرزیی فیکری ـ سیاسییە، دەزگای برایەتی دەری دەکات

- کەسایەتیی مرۆڤی کورد
- هەڵوێستی کورد لە دەوڵەتی نوێی عێراق
- لیبرالیزم
- دیموکراسی سەدەی بیست و یەک

ژمارە: 9
کانوونی یەکەمی ١٩٩٨

له بلاوکراوەکانی «سەنتەری برایەتی»

**چاوەڕوانی دەرچوونی ئەم کتێبانە بن**

## جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق

## ئیدریسی بەدلیسی

# سەنتەری برایەتی

9

ساڵی دووەم    کانوونی یەکەمی ١٩٩٨

گۆڤارێکی وەرزیی فیکری ـ سیاسییە، دەزگای برایەتی دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز: جەوهەر نامق سالم

سەرنووسەر: فەرهاد عەونی

سکرتێری نووسین: ئاسۆ کەریم

**ڕاوێژکاران**

- پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشەبەندی
- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر شێرزاد نەجار
- پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەحمەد چاوشین
- پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ڕەشاد میران
- دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی

دەستەی نووسەران:

ئازاد حەمەدەمین

فوئاد سدیق

فەیسەڵ دەباغ



ناونیشان:

هەولێر ـ شەقامی گشتی

هەولێر ـ کەرکووک

ت/سەرنووسەر: ٢٢٩٨٣

ت/سکرتێری نووسین: ٢٤٤٨٦

فاکس: ٤٢٢٨


دەتوانن لە دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی نووسینگەی دانا بۆ فاکس و تەلەفۆنی جیهانییەوە بابەتمان بۆ ڕەوانە بکەن.

Tel: 00873 761 347 183    Fax: 00873 761 347 181



هونەرکاری: شکار نەقشەبەندی    چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

تیراژ: ١٥٠٠دانە



# لەم ژمارەیەدا


کەسایەتی مرۆڤی کورد.....

د. رەشاد میران ل٤

بزاڤی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی.....

د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتان ل١١

بارودۆخی کۆمەڵایەتی- ئابووری و سیاسی.....

د. دلێر شاوەیس ل٢٥

دیاردەی ئیسلامی و چۆنیەتی رەفتارکردنی.....

د. فەوزیە سابیر ل٣٣

هەڵوێستی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق.....

رەمەزان داودی ل٣٧

بزووتنەوەی دەستوورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد

سەلام ناوخۆش ل٤٤


هەواڵنامەی کتێب

تورکیاو باکووری عێراق

و: موسلیح ئیروانی ل٦٥

ویلایەتەکانی کوردستانی تورکیا.....

و: فەیسەل دەباغ ل٧١

ئەرکی یاسا لە سیستەمی دیموکراتی لیبڕالیدا

نەژدەت ئاکرەیی ل٨٠

مەسەلەی فیدڕالی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

سەعدی عوسمان ل٨٦

کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی

و: بەختیار شاخی ل٩٨

لیبڕالیزم

و: عەلی مەعروفی ل١٠٦

دیموکراسی سەدەی بیست ویەک

ئەلڤین تافلەر ل١١٩

دیاریکردنی جیۆگرافیای ناوچەی رۆژئاوای.....

ئەحمەد میرزا میرزا ل١٤٢

گرنگی و سیمای گیروگرفتی گەشتوگوزاری لە.....

خالید هادی چاوشلی ل١٥٦

شلەژانی کەسایەتی .....

د. عومەر جەباری ل١٦١

کورتە باسێک دەربارەی هەڵەبجەی شەهید....

رەئوف رەشید. ل١٦٨

مێژگرد

ل١٧٨

خوێندنەوەی کتێب

فوئاد سدیق ل١٩٤

# کەسایەتیی مرۆڤی کورد

## (چەند سەرنجێکی سەرەتایی)

**د. ڕەشاد میران**

زانکۆی سەلاحەدین

کەسایەتیی مرۆڤ بابەتێکی هەرە گرنگ و بەبایەخ و، لەهەمان کاتدا، ئالۆزی کۆمەڵی زانستانی کۆمەڵایەتییە، هەریەکێک لەم زانستانە: دەروونناسی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، ئێتنۆگرافیا، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، ئەخلاق، کەسایەتیی مرۆڤ بەبابەتی خۆی دەزانێ و هەوڵیداوە، بەشێوازو میتۆدی زانستانەی خۆی و لەم لایەنەوە کە خۆی مەبەستیەتی، دیراسەی بکات و چەند نموونەیەکی دیارو چەسپاو (ستریۆتیپ)ی لێ دەستنیشان بکات. کەچی دەرکەوت ئەم دیاردەیە، واتە کەسایەتیی مرۆڤ، ئەوەندە سەخت و ئالۆزە کە لە توانای تاقە زانستێک بەدەرە، لەڕاستیدا پێویستی بە هەرەوەزی کۆمەڵی ئەم زانستانە هەیە بۆ ئەوەی هەمەلایەنە دیراسە بکرێ و دەرئەنجامی راستی لێ وەگیرکەوێ- بۆ نموونە، هەمەلایەنی و ئاڵۆزی ئەم جۆرە دیاردە و بابەتانە بوو وای کرد چەند زانستێکی ئاوێتە سەرهەڵبدەن، وەکو: سایکۆلۆژیای کۆمەلایەتی، ئێتنۆ سایکۆلۆژی، ئەنترۆپۆلۆژیای نەفسی.

کەسایەتیی مرۆڤ، هەر لەکۆنەوە سەرنجی زاناو فەیلەسووفانی بۆ خۆ ڕاکێشاوە. دوای ئەوەی فەلسەفە، لەڕۆژگاری هەرەزوویدا، خەریکی روونکردنەوەی دیاردەکانی سروشت و دەوروبەر بوو، لە قۆناغەکانی دواتریدا رووەو مرۆڤ خۆی بووەوەو هەوڵیداوە ئادەمیزاد، بەلایەنی بایۆلۆگی و دەروونیەوەی، شیبکاتەوە و لێی تێبگات، ئەوەش لە رامان و سەرنجە وردەکانی (حەوت بلیمەتەکان)ەوە دەستی پێکرد دەربارەی رەفتارو هەڵسوکەوت و ئاکاری مرۆڤ، بانگەشەی فەیلەسووفی یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش زایین - تالیس کە گوتوویەتی: (خۆت بناسە!) گوزارش لەم ڕێبازە نوێیەی فەلسەفەی ئەوساکەی دەکرد.(١) فەلسەفە ئەوکاتە کە بووبوو بە باوکی زانستەکان، ئیتر (دەروونناسی)شی کرد بەکوڕی خۆی. لەم رووەوە، رەنگبێ کۆنترین هەوڵ وکۆشش بۆ دیراسەکردن، پۆلینکردن و ڕێکخستنی جۆری چەسپاوی کەسایەتی ئەوەی فەیلەسوف و پزیشکی یۆنانی هیپۆکرات (سەدەی چوارەمی پ.ز) بێت، ئەم پزیشکە کەسایەتیی مرۆڤی کردووە بە چەند جۆرێک:

١- کەسایەتیی خوێناوی (الدموی-Sanguine)، خاوەنەکەی چالاک و هەردەم رووخۆش و بەهەوەسە.

٢- کەسایەتیی هەڵچوو (الصفراء-Choleric)، ئەوەش کەسانی توورەوتوند دەگرێتەوە کە زوو هەڵدەچن.

٣- کەسایەتیی ڕەش (السوداء- Melancholy ) خاوەنەکەی ڕەشبین و هەمیشە غەمبارە.

٤- کەسایەتیی بەلغەمی (البلغمی-phlegmaic )ئەوەش کەسانی خاو و لەسەرخۆو تەوەزەل دەگرێتەوە.(٢).

ئەم جۆرە پۆلینکردنەی هیپۆکرات بۆ کەسایەتیی مرۆڤ، دیارە، لەسەر بنەمایەکی بایۆلۆگیی رووت دامەزراوەو رەچاوی باروودۆخی کۆمەلایەتی و هۆکارەکانی نەکردوە؛ لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە، گوایە زێدەبوون یان کەمبوونی هەندێ شلەی ناو جەستە (خوێن، زەرداو، ڕەشاو، بەلغەم) کاردەکەنە سەر شێوازی بیرکردنەوەو میزاج و ڕەفتارو هەلسوکەوتی تاکەکەسان. لەگەل ئەوەشدا، ئەم پۆلینکردنەی هیپۆکرات بوو بەبنەمایەکی تیۆریی سەرەکی لەئەنترۆپۆلۆژیاو دەروونناسی و تا سەدەی نۆزدەمین کاریگەریتی هەر مایەوە، تا ئەوکاتەی ڕێبازی نوێی پۆلینکردنی جۆرەکانی کەسایەتی لەلایەن زانایانی دەروونناسییەوە سەریان هەلدا؛ لەناو ئەمانەی دوایی، لەهەموویان بەناوبانگتر ڕێبازەکەی زانای ئەمریکی ولیەم جیمس بوو، ئەوەی کەسایەتیی کردووە بە دووبەشەوە:

١- جۆری هۆشمەند (عقلانی- Rationalist) ئەمانە میسالین، بیرکردنەوەیان دوورە لەواقیع و سیمای ڕوحی و ئەخلاقییان بەسەرەدەوەیە.

٢- جۆری عەمەلی - Empericist ئەمانە واقیعین بەگوێرەی لێکدانەوەو سوود وەرگرتن ڕەفتار دەکەن(٣).

کەچی دابەشکردنەکەی کارل یۆنگ ١٩٣٣ بۆ کەسایەتیی گەلێ سەرنج ڕاکێشتر بوو، بایەخی زێتری وەرگرت، سەبارەت بەو دووجۆرە کەسایەتییەی پێشنیاری کردووە ئەمانیش:

١- کەسایەتیی دوورەپەرێز یان داخراو (انطوائی-Introvant) کە دەکەوێتەبەر کاریگەرێتی پەیوەندیی شتەکان بەخودی کەسەکەوە.

٢- کەسایەتیی کراوە (منبسط-Extrovant)، هی ئەو کەسەیە کە بەهاو قیەمە کۆمەلایەتییەکان بەسەریدا زالن.(٤).

لەئەنجامی وردەوردە زێدەبوونی تواناو دەورو چالاکیی تاکەس لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەلگادا بایەخی بابەتی کەسایەتیی زێتر و زێتر کرد، وای لێهات ولات لەدوای ولات دان بەماف و ئازادی تاکەکەسان بنێن و ئەوەش، بێگومان، وای کرد کە بابەتی کەسایەتیی مرۆڤ بەهەموو قورساییەکەی لەبوارەکانی زانستیدا خۆی بنوێنێ. ئەوەبوو زانستانی وەکو ئەنترۆپۆلۆژیا و ئێتنۆگرافیاش هاتنەمەیدانەوەو لایەنی تری نوێی کەسایەتییان بۆ لێکۆلینەوە زیاد کرد، کە ئەویش لایەنی نەتەوەییە؛ لەم ڕووەوە ئێتنۆگرافیا، وەکو زانستێک دەربارەی میللەتان، وەکو بلێی بوو بە خاوەنی شەرعیی ئەم بابەتەی مەبەستی ئێمە، چونکە وەکو لەناونیشانی ئەم باسەدا دەردەکەوێ، ئێمە لایەنی نەتەوەیی کەسایەتیی مرۆڤمان گەرەکەو ئەمەش کتومت یەکێ لەبابەتەکانی ئێتنۆگرافیا دەگرێتەوە.

لەم بوارەشدا کۆمەلێ هەول و کۆششی، کەم یان زۆر، سەرکەوتوو هەن، دەربارەی کەسایەتیی نەتەوەیی ئەندامانی میللەتان؛ بۆ نموونە، دیراسەی جیفری گۆر Gorer لەسەر مرۆڤی یابانی و چاودێریکردنی مندالی ساوای یابانی و شێوازی فێرکردن و ڕاهێنانیان لەسەر پاکی و خاوێنی و لەئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە مرۆی یابانی خاوەن کەسایەتییەکی ڕاهاتووە Com-pulsive Personality . گۆر وای بۆ دەچێ کە زەبروزەنگ و توندی و دڕندایەتیی یابانییان لەشەڕدا دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی کپ کردن و بەزۆر فێرکردن و ڕاهێنانی مندالانیان لەتەمەنی ساواییدا (٥). شایانی باسە کە ویستمن لابار Labarreهەمان ڕای گۆری هەیە سەبارەت بەوەی سادیەتی مرۆڤی یابانی (لەکاتی شەڕدا) بۆ جۆری پێگەیاندنی مندالیی دەگەڕێتەوە.(٦) هەروەها زانایانی وەکو گۆر و ڕیکمان کەسایەتیی مرۆڤی ڕوسیشیان بەهەمان شێوە دیراسەکردووەو لایان وایە کە ڕەوشتێکی کۆمەلایەتیی رووسی، سەبارەت بە پێچانی مندالی ساوا (کردنیان بە مەلۆتکە) دەوری

بالای لە دروستبوونی کەسایەتیی رووس بینیوە بەم شێوەیەی ئێستاکە هەیە؛ بەلای ئەمانەوە، پێچانی ساوا جۆرێکە لە کپ کردن و زەبروزەنگ بەرامبەر بە منداڵ و ئاکامی خراپی لێ دەبێتەوەو ئەمە بووە بەمایەی دروستبوونی (کەسایەتیی نەخۆشی) مرۆڤی رووسی بەقسەی ئەمان. ئەمانە نموونەیەکن لە هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی کەسایەتیی مرۆڤ لەڕوانگەیەکی نەفسی و فەرهەنگی نەتەوەییەوە(۷)... دیراساتی هەمان جۆر هەن دەربارەی مرۆڤ چینی (۸)و یۆنانی (۹)و گەلێکی تریش.

لەم جۆرە دیراساتانەشدا، هەروەکو لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆگیدا، کێشەی سەرەکی لە بەگشتیکردن (تعمیم)دا خۆی دەنوێنی، ئەوەش زۆرجاران لێکۆڵەرەوان لێی سەرکەوتوو نابن و لەواقیعەت دووریان دەخاتەوە؛ چونکە مەسەلەی بەگشتیکردنی سیمایەک، لایەنێک یان ئاکامی رەوشتێک بەسەر تەواوی ئەندامانی میللەتێک کارێکی تا بلێی سەخت و مەترسیدارە بۆ راستی و دروستی دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە(۱۰)، لەهەمان کاتیشدا ئەمە، واتا بەگشتیکردن (تعمیم)، ئەرک و ئامانجی سەرەکیی هەموو دیراساتێکی ئەم بوارەیە بەگشتی.

ئەمە لایەنێکی ئاڵۆزیی ئەم بابەتەی ئێمەیە، لایەنێکی تریشی بریتییە لەوەی کە تاکو ئێستا، بەپێی زانیاریی ئێمە، دیراسەو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربارەی سیما نەتەوەییەکانی کەسایەتیی مرۆڤی کورد نەکراوە، بۆیەش کەواتە سەرچاوەی لەسەر ئەم بابەتە نەک دەگمەنە، بەڵکو هەر نییەو لە بەرئەوەش دەبێ ئێمە پەنابەرینە بەر چاودێریکردنێکی راستەوخۆیانەی (الملاحظة المباشرة) ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئەمەی دواییش دیسان کارەکە سنووردار دەکات و مەسەلەی بەگشتیکردن دێتەوە پێش، چونکە یەکەم لەتوانادا نییە لایەنی نەتەوەیی کورد، لەبەر گەلێ هۆو هۆکارو تەگەرە، بە کاملی و تەواوی چاودێری بکەین ، دووەمیش تەگەرەی مەنهەجیی لە بابەتەکە خۆیدا- وەکو لەم چەند لاپەڕەی دادێ ئاماژەی بۆ دەکەین.

## سایکۆلۆژیای نەتەوەیی (ئێتنیکی)

گەلێ هۆکار دەور لە دارشتنی سایکۆلۆژیای نەتەوەیی میللەتان دەبینن وەکو:هۆکاری مێژوویی،کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، جیۆگرافی، ئابووری . بەڵام ئەوەی رۆڵی راستەوخۆ و یەکالاکەرەوە لە دروستبوونی سایکۆلۆژیای نەتەوەییدا دەبینن دوو توخمی ئێتنۆکۆمەڵایەتی و بایۆکۆمەڵایەتین کە ئەمانیش کولتوور و نەفسیەتی ئەندامانی نەتەوەکەیە. هەردوو ئەمانەش ، کولتوورو نەفسیەت، نەک هەر توند بە یەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵکو زۆربەی لایەنەکانی نەفسیەتی ئەندامانی میللەت و کۆمەڵگایان بەرهەم و ئاکامی کولتوورەکەیانە... جا لەم روانگەیەشەوە کولتوور دەبێ چی بێ؟

کولتوور بە مانای فراوانی خۆی، بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ دایهێناون وەکو ئەنجامێکی پرۆسەی کارکردنی فیزیکی و هۆشمەندیی بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ژیانی واقیعی و رۆحیی خۆی . لەم رووەوە ، نەک هەر شتی دەستکردی خەڵک، بگرە لە ناو هوشیاریی کۆمەڵایەتی و هەروەها لە رەفتارو هەڵسوکەوتی خەڵکیشدا دەتوانین توخم و جێ پەنجەکانی کولتوور بدۆزینەوە(۱۱). لێرەدا کولتوور رێک لە بەرامبەر سروشت (الطبیعە)دا قووت دەبێتەوە، لە بەر ئەوەی لە واقیعدا دوو جۆر شت هەن : شتی سروشتی و شتی کولتووری (دەستکرد و فیکری) . کەواتە هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی سروشتن، یان سروشتی نین، دەستکردی مرۆڤن ، واتە توخمی کولتوورین ، ئەوەش نەتەنیا شتی مادی و هەست پێکراو، بەڵکو بەرهەمەکانی فیکری و روحی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤیش دەگرێتەوە. لەم گۆشە نیگایەوە، کولتوور دەکرێ بە دوو بەش: کولتووری ماددی (ماتریالی) - خواردەمەنی، جلو بەرگ ، خانوو ، ئامێری کار پێکردن، ئامێرەکانی هاتوچۆ پێکردن، ئامێری مۆسیقا ، چەک ، کەلو پەلەکانی ناومال... و کولتووری گیانی( معنوی، روحی)-ئایین، داب و نەریت و

خو و رەوشت و بەرهەمەکانی تری فیکری و ئەدەبی .

بەم جۆرە ، دەبینین کەوا هەموو شتێکی پەیوەندیی بە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەوە هەبێت دەچێتە ناو ئەو دیاردەیەی پێی دەڵێین «کولتوور» ، کولتووریش ئەگەر بەم شێوەیە سەرتاپاگیر و فراوان بێت، کەواتە دەبێ کاریگەرێتی گەورەی هەبێت لەسەر جۆری نەفسیەت و رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ و هەروەها ئەو کۆمەڵە کەسەی خاوەنی کولتوورەکەیە .

لێرەشدا ، وەنەبێ کولتووری هەموو مرۆڤایەتی وەکو یەک بێت ، ئەگەر چی توخمی کولتووریی زۆر شوێنان گەلێ پێک دەچن ، یان هەر یەکن - لەمەشدا گەلێ هۆکار دەور دەبینن، پێش هەمووشیان، هۆکاری مێژوویی و جیۆگرافی، بەڵکو هەر نەتەوەیە و ، تەنانەت میللەت و گرووپە خەڵکی بچوکیش، خاوەنی کولتووری تایبەت بە خۆیەتی، نەهەر ئەوە، بگرە کولتوور، بە هۆی ئەو دەورە سەرتاپاگیرییەی کەباڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا کێشاوە، لەگەڵ زمانداکە ئەویش کولتوورەکە دەردەبڕێ پێکەوە گرنگترین و سەرەکیترین نیشانە و ماکی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکن[١٢].

جا ، ئەگەر کولتوور ئەو دەورە گرنگ و سەرەکییەی هەبێت لە ژیانی مرۆڤدا ، کەواتە بۆ دەستنیشانکردنی سیماکانی کەسایەتیی مرۆڤ دەبێ لە ناو کولتووردا بۆی بگەڕێین .

جگەلەمە ، لەبەر ئەوەی کولتوور هەمیشە هی کۆمەڵە ، نە تاکەکەس ، هەر کۆمەڵەو کولتووری تایبەتی خۆی هەیە ، کەواتە کەسایەتیی مرۆڤی سەر بە کولتوورێک دەبێ جیابێت لە کەسایەتیی خەڵکی سەر بە کولتووری تردوە، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین مرۆڤی کوردیش کەسایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە کە گوزارش لە کولتووری خۆی دەکات.

ئەگەر کۆمەڵە کەسێک یەک کولتووریان هەبێت ، ئەوا بێگومان دەبێ ئەو کۆمەڵە خەڵکە وەکو یەک بیر بکەنەوە و وەکو یەک رەفتار و هەڵسوکەوت بکەن، بۆیەش کەواتە ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەبێ سایکۆلۆژیەتێکی هاوبەشی تایبەت بە خۆیان هەبێت کە بە ناو ئەو کۆمەڵەیەوە دەبێت ، ئەویش لێرە، سەبارەت بە باسەکەی ئێمە، سایکۆلۆژیای نەتەوەیی کوردە... بێگومان لەمەشدا نەتەوەیی گوزارش لە کولتوور دەکات ، واتە کولتووری کورد.

وەنەبێ هەموو زاناو پسپۆران دان بە هەبوونی شتێکی وەکو سایکۆلۆژیای نەتەوەیی بنێن، چونکە بەشێک لەمانە کولتوور و سایکۆلۆژیا بەیەک شت دەزانن؛ لە کاتێکدا ئەمە نابێ وابێ لەبەر ئەوەی سایکۆلۆژیای نەتەوەیی و، هەر سایکۆلۆژیای تاکە کەسیش بە گشتی ، بریتی نییە لە کولتوور بە تەنیا[١٣]، بەڵکو مێژوو و سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و رووداوەکانی بە گشتی کاریگەریی بە هێزیان هەیە لەسەر سایکۆلۆژیا. بۆیە سایکۆلۆژیای نەتەوەیی چەمکێکی واقیعیی لایەنێک ، یان چەند لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتییە و گوزارش لە هەندێ لایەنی تایبەتیی کۆمەڵە خەڵکێک (میللەتێک، نەتەوەیەک) دەکات . لەم روانگەیەشەوە، میللەت و نەتەوەی وا هەن ، ئەوانەی دیراسەکراویان گەلێ دیار و بە ناو بانگن ، بە هەندێ تایبەتمەندی ناویان دەرکردووە کە ئەگەر بە دوای رەگ و ریشالی ئەم تایبەتمەندیانە بگەڕێین، ئەوا ناچار دەچینەوە سەر بابەتی سایکۆلۆژیای نەتەوەیی... ئەم تایبەتمەندیانە وەکو بڵێیی بووین بە نیشانە و ماکی نەتەوەیی کۆمەڵە خەڵکێک کە، بەرادەیەکی زۆر، لە کۆمەڵانی دیکەیان جیا دەکەنەوە. بۆ نموونە ، سویدیەکان بەشەرمنی ناسراون[١٤]، ئەڵمانەکان بە رێکوپێکی ، ئیسپانی بە گەرموگوڕی، ئیتالی بە میزاجی مۆسیقایی[١٥] و ...هتد.

ئێمەش دەتوانین ، بە هەمان پێوەر، بەدوای هەندێ تایبەتمەندیی نەتەوەیی مرۆڤی کورد دا بگەڕێین، یان هەر نەبێ ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی سایکۆلۆژیی نەتەوەیی کورد بکەین هەتا ئەگەر نەشبووبن بە توخمی کەسایەتیی نەتەوەیی، بەو هیوایەی ئەم ئاماژەکردنە ببێت بە سەرەتایەک بۆ زێتر لێ وردبوونەوەو لێکۆڵینەوە لەسەری. بەم بۆنەیەشەوە ، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە هەر لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین ، لە

هەندێ حاڵەتدا ، دەبن بە توخمی نەتەوەیی و نەتەوەکە پێیانەوە دەناسرێ. ئەمەش وا ناگەیەنێت کە ئەم جۆرە لایەنانەی ژیانی کۆمەڵایەتی لای میللەت و نەتەوەی تر نین ، راستییەکەی ئەم لایەنە کۆمەڵایەتیانە لای ئەمانە نەبووین بە نەتەوەیی، بەڵکو لایەنی تری ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ ئەمانە بووین بە نەتەوەیی.

جا دەبێ لە کۆمەڵگایەکی نیمچە دەرەبەگی و نیمچە سەرمایەداری و تێکەڵ بە توخمی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی کۆنتر، وەکو کۆمەڵگای بابەتی ئێمە، کامە لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی بووبن بە نیشانە و مۆرکی نەتەوەیی بۆ مرۆڤی کورد لەم جۆرە قۆناغە مێژووییەدا ؟

بۆ ئەم مەبەستەش ، چاکتر وایە هەندێ بۆ دواوە بگەرێینەوە، بۆ ئەوکاتەی کۆمەڵگای کوردی لە سایەی سیستەمی دەرەبەگایەتیی تەواو بەرێوە دەچوو ، واتە ماوەی سەدساڵێک لەمەوبەر ئەوساکە هەموو مرۆڤێکی کورد سەربە بنەماڵەیەک و سەربە خێڵێک بووە و ژیانی خێڵەتی ، چ کۆچەری و چ نیشتەجێ ، زاڵ و بەرقەرار بووە؛ بێگومان ئەم جۆرە هەلومەرجە و ئەم شێوازی ژیانەش پێویستیی بە مرۆی ئازاو بە جەرگ و شەرکەرو سوارچاک هەبووە،پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کوردەواریش، ئەوساکە، ئەندامی لەو بابەتەی دابینکردووەو منداڵەکانی (کورەکان) بۆ ژیانێکی وا ئامادە و راهێناوە، بەرادەیەک کە ئازایەتی و بە جەرگی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوو بوون بە چەمکێکی وا کە بەرزترین و پیرۆزترین بەهای کۆمەڵایەتییان دەربڕیوە؛ جێگەی سەرنجە کە ئەم چەمکە ئێستاش سیحری خۆی بەسەر خەڵکەوە هەر ماوە. هەر لەبەر ئەمەش بووە کە هەر کەسێک ، چ لە گەڕۆک و مسیۆنێری ئایین و سیاسەتمەداران و چ لە زاناو لێکۆڵەرەوان، باسی کوردی کردبێت ئاماژەی بۆ ئازایەتی و جەنگاوەری و سوارچاکیی کوردان کردووە. سەبارەت بەدەورو بایەخی ئەسپ لەکوردەواریداو سوارچاکیی کوردان، کوردناس وئیتنۆگرافیستی ناوداری سۆڤیەتی ئولێگ ڤیلچێڤسکی دەڵێ ((کەس هەندی کوردان سیفەتی سوارچاکیی پێوە نەنووساوە)) یان ((لەیەکەم بیرکردنەوەدا زەحمەتە کوردێکی پیادەی بێ ئەسپمان بەخەیاڵدا بێت))[١٦]؛ خۆ ئەوەی تۆزە ئاگایەکی لەمێژووی ناوچەکە بێت ئەوە دەزانێ کە دەوڵەتی عوسمانی هێزێکی سوارەی کاریگەریی لە کوردان پێکهێنابوو بەناوی (هێزی سوارەی حەمیدییە)؛ نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە نەخشەیەکی ئیتنۆگرافیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە وێنەی نوێنەری میللەتانیشی تیادا هەیە، لەناو هەموویاندا تەنیا کوردەکە بەسواری ئەسپەکەیەوە وەستاوە[١٧] ، یان لەکتێبە ئەلبوومی نووسەری ئەمریکایی سوزان مایسلیس دا وێنەیەکی مێژوویی تیا هەیە سەبارەت بە ئاهەنگێکی جەنگی لە ئێران، تیایدا سوارێکی کورد بووە بە پێشەنگی کۆمەڵە سوارێکی تورکمان [١٨] ئەمە لەکاتێکدا تورکمانەکانیش لەمێژوودا خاوەنی ناوبانگی سوارچاکیی خۆیانن.

ئەمە هەمووی ئەوە دەگەیەنی کەوا جەنگاوەری و سوارچاکیی لە کوردەواریدا جێگەی تایبەتی خۆی هەبووەو کاتێکیش خەڵکی بێگانە سەرنجی ئەمەیان داوە، دیارە کە ئەمە بووە بەسیمایەکی نەتەوەیی کورد. گومانیش لەوەدا نییە کە ژیانی جەنگاوەریش کولتوورو نەفسیەت و، کەواتە، شێوازی بیرکردنەوەی (عەقلیەت)ی تایبەت بەخۆی هەیەو بەرێکەیانەوە ئەوە لەدوای ئەوە پێدەگەیەنێ... ئەم جۆرە کولتوورو نەفسییەتەش لەرەوتێکی مێژوویی درێژدا لە کوردەواریدا چەسپاوەو بووە بە (ستریۆتیپ)ێک و باڵی بەسەر بەشی هەرە زۆری ژیاندا کێشاوە، شایانی دووپاتکردنەوەیە کە ئاسەوارەکانی ئەم کولتوورە، واتە کولتووری جەنگاوەری و نواندنی ئازایەتی، تاکو ئێستاش لەناو ئێمەدا هەرماون و بەشێکی زۆری ئەم رووداوە خوێناوی و پڕ لە کوشتارانەی دووچاری میللەتەکەمان هاتوون بۆ ئەم جۆرە کولتوورو نەفسیەت و عەقلیەتە دەگەڕێنەوە.

ئەمە سەبارەت بەرابردوو، هەرچەندە وەکو گوتمان ئاسەوارو جێ پەنجەی ڕابردوو بەسەرمانەوە هێشتا هەر دیارن، بەڵام ئێمرۆکە کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی

باشوور، هەروەها لەبەشەکانی تری کوردستانیش بەرادەی جیاواز، بێگومان لەقۆناغی دەربەگایەتیی رووت رزگاری بووەو ئێستاکە، بەرای ئێمە، لە قۆناغێکی وەرچەرخان دایەو تیایدا شان بەشانی ئاسەوارەکان و، لەهەندێ بواردا، بنیادو ستروکتوری تەواوی قۆناغی رابردوو، توخم و رەگەزی هەلومەرج و قۆناغی نوێ تێکەڵ بەیەک بووینەو پێکهاتەیەکی ئالۆزی کۆمەلایەتی- ئابووری دروستکردووەو زەحمەت لێکۆڵەرەوە بتوانی سیمای دیارو روونی ئەم رۆژگارەی کۆمەڵگاکەمان بخاتەروو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤی کورد دەبێ کەسایەتییەکی وای هەبێت سیما سەرەکییەکانی رۆژگاری ئێستای کۆمەڵگاکەی پێوە دیاربێت؛ بەگوتەیەکی تر، لەم قۆناغە مێژووییەی کۆمەڵگای کوردی ئیمرۆکە پێیدا تێدەپەرێ دەبێ ئەندامەکانی سایکۆلۆژیای نەتەوەیی تایبەت بەم قۆناغەیان هەبێت، چونکە ((سایکۆلۆژیای نەتەوەیی پێکهاتەیەکی مێژووییە))[19] و لەهەر قۆناغە ناوەرۆک و شێوەو روخساری جیاواز وەردەگرێ. لەم روانگەیەوەو بەوردبوونەوە لە رەوشی ئابووری و کۆمەلایەتی و جیۆسیاسیی نەتەوەی کورد، دەتوانین ئاماژە بۆ هەندێ سیما بکەین کە رەنگبێ بشێن بە توخمی سایکۆلۆژیای نەتەوەیی ئیمرۆکەیان دابنێین... لێرەدا پێش هەموو شتێک، پەرتوبلاوی و دابەشبوونی سیاسی و کۆمەلایەتی- کولتووری، بێگومان، کاریگەرێتی گەورەی لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ کورد هەیە؛ وەکو ئاکامێکی ئەم رەوشەش مرۆڤی کورد هەمیشە کزو غەمبارە، ئەمەش وەکو چۆن رەنگی لەفۆلکلۆرو ئەدەب و هونەری داوەتەوە، ئاواش لەچالاکی و رەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانەی دا دیارە، بەتایبەتیش لەهەندەران، لەناو بێگانەو نوێنەرانی میللەتانی تردا، ئەم کزی و غەمبارییەیان زۆر پێوە دیارە- ئەمەش جگەلەوەی کە ئێمە خۆمان باش هەستی پێدەکەین، هەروەها ئەمە سەرنجدانی خاتوون ماریتا ئیستمۆندی مامۆستایە لە ئینستیتوتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی لە یۆتۆبۆری لەسوید، لەگفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ئێمە دەربڕی. هەر لە ئەنجامی ئەم دابەشبوون و پەرتوبلاویەو نەبوونی یەکێتییەکی پتەو، مرۆی کورد هەست بەلاوازی دەکات و باوەڕی بەخۆ نییە، هەروەهاش باوەڕی بەدوارۆژ نییە ئەوەش تا بڵێی سلبیانە کاردەکاتە سەر چالاکی و رەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانەی... جگە لەوەش دەتوانین ئاماژە بۆ توخمێکی تر بکەین کە بێگومان لایەنێکی زۆری سایکۆلۆژیای نەتەوەیی کوردی دارشتووە، ئەویش خەباتی چەکدارییە، بەتایبەتیش ئەمە لەدەرەوە، لەهەندەران، بووە بەسیمایەکی دیاری کوردان، نەهەر ئەوە بەڵکو بەلای بێگانەوە هەرگیز ((کورد و چەک و چیا)) لێک جیاناکرێنەوە، ئەوەش لایەنی راستی و واقیعیی خۆیی هەیە عەقڵیەت و نەفسیەتی ئێمەی پێ تەنراوەو هەمیشە لەم روانگەیەوە کارو رەفتارو هەروەها خەباتیش دەکەین.

لەئەنجامدا، دەتوانین بڵێین کەوا هۆکاری ئابووری- کۆمەلایەتی، لەناو هەموو هۆکارەکانی تردا، دەوری سەرەکی دەبینێ لەدروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤ، وەکو توخمێکی ئەم هۆکارەش (کولتوور) جێگەیەکی سەرباشقەی هەیە، بەتایبەتیش لەدارشتنی سایکۆلۆژیەتی هاوبەشی ئەندامانی میللەتێک، ئەوەش چونکە هەموو کۆمەڵەیەک، لەهەمان کاتدا میللەت و نەتەوەش، خاوەنی کولتووری تایبەت بە خۆیەتی و سایکۆلۆژیای نەتەوەییش گوزارش لەو کولتوورە دەکات - ئەمە بە بێ ئەوەی نکۆلی بکەین لە دەور و بایەخی هۆکارەکانی دی ، وەکو : مێژوو، جیۆگرافیا ، سیاسەت... هتد.

سەبارەت بە سایکۆلۆژیای نەتەوەیی کوردیش ، ئەو سیمایانەی لە قۆناغی ئێستاکەدا زێتر لە هەموو سیماکانی تر پێیەوە دیارن و ، وەکو بڵێی ، بۆی بووین بە نیشانەو مۆرکێکی نەتەوەیی، ئەوا بەرای ئێمە ئاکامێکی راستەوخۆی رەوشی جیۆسیاسیی نەتەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. لێرەشدا ، شایانی دووپاتکردنەوەیە کە سیماکانی ئێتنۆسایکۆلۆژیی هەر میللەتێک ، پێکهاتەیەکی مێژوویین و هی

هەر قۆناغێکی مێژوویی ناوەرۆک و شێوە و روخساری جیاواز وەردەگرن، واتە ئەگەر لە قۆناغی ئیمڕۆدا میللەتێک جۆرە سیمایەکی سایکۆلۆژیی نەتەوەیی هەبێت ، لە قۆناغێکی دواتردا ، رەنگە ، سیمای تری بۆ پەیدا ببێ ، هەروەها ئاماژە کردن بۆ هەبوونی جۆرە سیمایەکی ئێتنۆسایکۆلۆژیی لای ئەندامانی نەتەوەیەک ، مانای ئەوە نییە کە هەر ئەم سیمایە لای میللەتانی تر نییە ، مەبەست لێرە ئەوەیە کە ئەم سیمایە، ئیمڕۆکە ،لەبەر گەلێ هۆ و هۆکار زێتر بەم میللەتەوە دیارە و بۆی بووە بە نیشانەیەکی جیا کەرەوە لە ئەوانی دیکە.

□

**سەرچاوەکان**


١- د. حسام محی الدین الالوسی، بواکیر الفلسفه قبل طالیس- أو من المیثولوجیا الی الفلسفه عند الیونان، بغداد ١٩٨٦ ط٣ ص٢٦١.

٢- ریتشارد س. لازاروس: «الشخصیه»، ترجمه د. سید محمد غنیم ، مراجعه د. محمد عشمان نجاتی ، دارالشروق، بلا تاریخ، ص٦٣.

٣- د. قیس النوری ، «الانتروبولوجیا النفسیه»، بغداد ١٩٩٠، ص١٩١.

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- هەمان سەرچاوە ص٢٢٧.

٦- د. قیس النوری ، الحضاره و الشخصیه ، بغداد ١٩٨١ص١١٥.

٧- د. قیس النوری، الانتروبولوجیا النفسیه ص٢٢٩.

٨- د. قیس النوری، الحضاره و الشخصیه ، ص١١٦.

٩- د. قیس النوری، الانتروبولوجیا النفسیه، ص٢٣٢.

١٠- د. هدسن ، «علم اللغه الاجتماعی» ، ترجمه د. محمود عبدالغنی عیاد، مراجعه د. عبدالامیر الاعسم ، بغداد١٩٨٧ص١٣٢.

١١- N.N.Cheboksarov, E.A.Cheboksarova "Narodi,Rasi, Kulturi"; Moskva 1985, p172

١٢- U.V.Bromlei,G.E.Markov:"Etnographia Moskva 1982 P.5

١٣- U.V, Bromlei, "Ocherki Teori Et-nosa" , Moskva 1983, p.157.

١٤- Ake Daun, "Svensk Mentalitet" Sim-rishamn (Sweden) 1989, p13.

١٥- د.رەشاد میران، «یەکێتی ئێتنیکی کورد- هەندێ سیماو گیروگرفتی »، گۆڤاری زانکۆ ( زانستەمرۆییەکان) بەرگی ١، ژمارە(١) ١٩٩٧، ل ١٨٣.

١٦- ئۆ. ل . ڤیلچێڤسکی ، «نەژادی کورد» وەرگێرانی لە زمانی رووسیەوە - رەشاد میران، ستۆکهۆلم ١٩٩٣ ل ١٢٢.

٧١- Supplement in National Geography, Julay1972, page IA, uol. 142, No1- Cultural Map of the Middle East.

١٨- Susan Meiselas "Kurdstan in the Shadow of History" , New york, Random House 1997, p 116.

١٩- غالینا اندریئفا ، «البسیکولوجیا الاجتماعیه»، موسکو ، دارالتقدم ، ١٩٨٨ ص٢٣٢.


* لەبنەڕەتدا «کولتوور» لە وشەی لاتینیCultura وەرگیراوە بە مانای کشتوکاڵ کردن.

* جێگەی سەرنجە کە د. علي الوردي، زانای سۆسیۆلۆگیای عیراقی ، نامیلکەیەکی هەیە بە ناوی «شخصیه الفرد العراقی» تیایدا بە راشکاوی باسی ئەو هۆکارە کۆمەلآیەتیانەی کردووە کە دەوریان لە دروستبوونی کەسایەتیی «ازدواجی» مرۆڤی عیراقی بینیووە بەلآم زانای ناوبراو بە هیچ جۆرێک باسی سیما نەتەوەییەکانی مرۆڤی عەرەبیی عیراقی نەکردووە و هەروەهاش خۆی لە قەرەی کەسایەتیی مرۆڤی کورد نەداوە.

## بزاڤی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی..

# لە هەردوو بواری سیاسی و پێشمەرگایەتی دەستپێکی خەباتی کوردانە

**د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی**

**كۆلیژی ئاداب - زانكۆی دهۆک**

ئەو كۆدەتا عوسمانییەی كە لە ۲۳ی تەممووزی سالی ۱۹۰۸دا ژمارەیەک ئەفسەری سەربە كۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی ئەنجامیان دا، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی (۱۸۷٦ـ۱۹۰۹)ناچار كرد وا خۆی پیشان بدات كە بەدەنگ داخوازی ئیتحادییەكانەوە دێت و دەستورەكەی سالی ۱۸۷٦ دەخاتەوەگەڕ، كە هەر لە سالی ۱۸۷۷وە ڕاگیراو كاری پێنەكرا، هەروەها وای خۆنیشاندا كە بە پێی دروشمەكانی ئازادی و برایەتی و یەكسانی فەرمانڕەوایی دەكات . بەمەش شنەبای شادی و خۆشی بەسەر زۆربەی خاكی دەوڵەتی عوسمانیدا هەڵیكرد بەو هیوایەی ئەمە سەرەتای سەردەمێكی نوێیەو تێیدا دروشمەكانی ئیتحادو تەرەقی تەرجەمەی واقیع دەكرێن.

لەكۆتایی ئەیلولی۱۹۰۹ كۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بەرنامەی سیاسی خۆی بڵاوكردەوە و تیایدا هاتبوو ویلایەتەكان لە سەر بنچینەی لامەركەزی بەڕێوە دەبرێن. ئەمەش وایكرد ئازادیخوازانی نەتەوە غەیرە توركەكان لە ئەستەمبوڵ كۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان پێكەوە بنێن و پشتگیریش لە ئیتحادو تەرەقی بكەن، دیارە یەكێک لەمانەش كۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی كوردان بوو كە سەری هەڵدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئیتحادو تەرەقی دروشمی ئازادی و برایەتی و یەكسانی بەرزكردبۆوە، كەچی زوو سیاسەتەكەیان ئاشكرابوو كە تەنها باوەڕیان بە سەروەریی ڕەگەزپەرستانەی توركان هەیە، بە تایبەتیش ئەو سیاسەتەیان لە ویلایەتی موسڵدا ڕەنگی دابۆوە.

كورد لە موسڵدا لەو ڕووداوانە بە دوور نەبوون كە دەوڵەتی عوسمانی پێیدا ڕەت دەبوو، بیرۆكەی چاكسازی زۆربەی خەڵكی كوردیشی گرتبۆوەو بە نهێنی و ئاشكرا بانگیان بۆ دەدرا. لەگەڵ ئەمەشدا سەبارەت بە بەرەنگار بوونەوەی كارەكانی ئیتحادو تەرەقی جیاوازیان لە نێواندا هەبوو. بە تایبەتیش بزاڤە كوردییەكان بە درێژایی فەرمانڕەوایی عوسمانی لە كوردستاندا گرفتێكی گەورە بوون كە ڕووبەڕووی عوسمانیەكان ببوونەوە.

هەر چۆنێک بێ ، وەک نەتەوە غەیرە توركەكانی دی ، كوردیش ڕووبەڕووی سیاسەتی ناوەندیی ئیتحادو تەرەقی و كارە ناڕەواكانیان و سیاسەتی بە تورک كردن و تواندنەوەی كورد لە بۆتەی ڕەگەزپەرستی توركان بۆوە. ئەو سیاسەتە خەڵكی لە بەرانبەر بزاڤی دەستوری و دروشمە بریقەدارەكانی ئازادی و برایەتی و یەكسانی بێ هیواكردو هانیدان بۆ هێنانەدی مافەكانیان شورش بكەن.

هەر شۆڕش تاکە وەسیلە نەبوو کورد بیگرێتە بەر، بەڵکە ململانێی نێوان کورد و ئیتحادو تەرەقی هەردوو شێوازی پێشمەرگەیی و سیاسی بەخۆوە گرتبوو[١].

هەقیقەتی هەڵوێستی ئیتحادییەکان سەبارەت بە کورد و خواستە نەتەوەکانییەوە لە میانی ئەو هەڵوێستەدا بە روونی دیار دەکەوێت ، کە بەرانبەر بە بزاڤەکەی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٨٧٤ـ١٩١٤) نواندییان، ئەو بزاڤەی دەتوانین بڵێین لە ساڵی ١٩٠٨ تەواو مۆرکێکی نەتەوەیی وەرگرت ، ئەمەش لە چالاکی کۆمەڵە کوردییەکان و نوێنەرایەتی کردنی شێخ عەبدولسەلام بازرانییەوە رەنگ دەداتەوە، کە بزاڤەکەی شێخی بارزان لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و مێژووی هاوچەرخی کورد لە هەردوو بواری چەکداری و سیاسیدا بە دەستپێکی خەباتی کوردان دادەنرێت ، هەروەها باری هەردوو لایەنی سیاسی و سەربازی فەرمانڕەوایی عوسمانی لە سەردەمی دەستوری و هەڵوێستی ئیتحادییەکان بەرانبەر بە نەیارە سیاسییەکانیان رەنگ پێدەداتەوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٨ـ١٩١٤ کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردان کەوتنە خۆ و مەیدانی بزاوتنیان فراوانکرد، شێخ عەبدولسەلام لە بەرایی ئەو کەسایەتییانە بوو کە زوو پەیوەندییان پێوەکرد و گومانیش لەوە دانییە بە دەنگیانەوە هاتووەو پشتگیری لە بەرنامە چاکسازییەکانیان کردووە. سەدیق دەملوجی نووسیویەتی : بە شێوەیەکی تایبەتی بڵاوکراوەی کۆمەڵە کوردییەکان دەگەیشتنە بارزان و لەتەکیەکەی شێخدا بە هەرمێن بوون، دەیانخوێندنەوەو لێی تێدەگەیشتن، هەروەها بارزانیەکان لەگەڵ زۆر لە سەرکردەکانی کورد. شێخانی عەرەب پەیوەندیان کرد تا بیروڕای ئەوان لەو رووەوە بزانن[٢] هەروەها شێخی بارزان بەردەوام پەیوەندی بە سەرۆکی کۆمەڵە کوردییەکانی ئەستەنبۆڵەوە هەبوو، لەوانیش شێخ عەبدولقادری نەهری[٣]. دیارە دەسەڵاتدارە ئیتحادییەکان لە ویلایەتی موسڵ ئاگاداری ئەو چالاکیە سیاسییە بوون کە لە بارزاندا بەڕێوە دەچوو، بەڵام چارەسەری کێشەکەیان نەدەکرد کە هێشتا لە سەرەتای دابوو، قایل نەبوون لە کورد بگەن و مافەکانیان بدەن(٤).

## خەباتی چەکداریی (پێشمەرگەیی ) شێخ عەبدولسەلام بارزانی

خەباتی چەکدارانەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بریتی بوو لە بەرەنگار بوونەوەی ئەو شاڵاوە سەربازییانەی کە فەریق محەمەد فازیل پاشای داغستانی قائیمقامی سەربازیی عوسمانی لە کۆتایی ١٩٠٩ و سەرەتای ١٩١٠کردنییە سەر بارزان، لە تەمموزی ساڵی ١٩٠٩دا داغستانی داوای لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی کرد سەردانی موسڵ بکات، بەڵام دۆستانی شێخ لە موسڵ و ئاکرێ دا ئامۆژگاریان کرد ئاگای لە خۆی بێ و لە چوون بۆ موسڵ پەلەنەکات ، بۆشیان دووپات کردەوە کە پاشا نیازی خراپە. لە بەرانبەر خۆ تاخیرکردنەکەی شێخیش، داغستانی لە بارەگای خۆی لە ئاکرێوە شێخی ئاگادارکردەوە ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەبێت و نەچێتە موسڵ ، ئەوا سەربازەکانی بەرەو بارزان دێن و تەکیەکەشی وێران دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش سوپایەکی شەش هەزار سەربازی لە بەردەستدایە.

وەڵامی شێخ بۆ ئەم هەرەشەیە گوللەیەک بوو لە ناو نامەیەکی پێچابوو تیایدا هاتبوو: «ژیان لای من هیچ بەهایەکی نییە و مەرگ نامترسێنێ ، لە ئێستاشەوە پەیوەندیم لەگەڵ تورکان دەبێتە شەڕو کوشتار، چیت دەوێ بیکە»[٥]. بۆیە هێرشی عوسمانی بۆ سەر بارزان دەستی پێکرد . لەکەرەتی یەکەمدا هێزەکانی شێخ عەبدولسەلام لە چیای پێرس و دەروازەکانیدا بە سەر سوپای عوسمانیدا سەرکەوتن ، بەڵام پاشان داغستانی بەیارمەتی جاشە کوردەکانی سەربە حکومەت توانیان لە خۆرهەڵاتەوە بەرەیەکی دیکەی شەڕ بکەنەوە و هێزی بارزانییەکان پەرت و بڵاوە پێ بکەن و بگەنە بارزان ، بنەماڵەی شێخ بەدیل بگرن و سەرکردەی هێزەکەش کە

فەقێ عەبدولرەحمان بوو شەهید بکەن[٦].

بۆ چەند مانگێک شێخ خۆی لە دەڤەری بادینان حەشاردا، پاشان بڕیاریدا بگەڕێتەوە بارزان . بارزانییەکان توانیان لەو ماوەیەدا هێزەکانی خۆیان گرد بکەنەوەو هێرشیش بکەنە سەر سوپای عوسمانییەکان و تەفروتونایان بکەن، دەست بە سەر چەک و تەقەمەنییەکانیاندا بگرن. ڕۆژنامەی سەدای بابل* لە ژمارەی ڕۆژی ٢١/١٢/١٩٠٩دا لەمبارەیەوە نووسیویەتی :«کێشەکەیان لە کلکی«ضب»** بە ئاڵۆزتر گەڕایەوە. ئەوان ئێستا خۆیان لە چیاکاندا قایم کردووە، بە تایبەتی لەم وەرزی زستانەدا کە بەفر ڕێگەکانی گرتووە .. بارودۆخەکەی پتر ئاڵۆز کردووە» هەروەها سەدای بابل دەڵێ:«شێخی بارزان لەحەشەرگاکەیدا وەدەرکەوت و خەڵکانی سەربەخۆی و خێڵە کوردەکان گەیشتنەوە لای ، وەک سێلاوێکی بەخوڕ دایانکردە سەر سەربازەکانی ئاکرێ تا تۆڵە لە حکومەت و لەوانە بکاتەوە کە پیاو و مورید و ژن ومنداڵەکانیان دیل کردن و لە زیندانێیان ئاخنیوون. هەڵیان کوتایە سەریان و وایان لێدان ، نەتوانن بەرگری لە خۆیان و لەو چەکانەش بکەن لایان بوو، وایان تەفروتوناکردن نەبێتەوە»[٧].

ئەو کەرتە سەربازییانەش کە لە ناوچەی بارزانن ورەیان داتەپیوەو گیانی تێشکان باڵی بەسەرداکێشاون و ئامادەن بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا ڕابکەن. ویگرامیش سەبارەت بەو سەرکەوتنە مەزنەی بارزانییەکان و دەرەنجامەکەی نووسیویەتی:«لە ٧ فەوجی نیزامیدا٣ فەوجیان بە خۆی بەرەو ئەو بۆسەیە خشێن کە بۆیان دانرابۆوە، هەموویان بە چەک و زەخیرەو تۆپەکانیان تەسلیم بوون... کە دەورو پشتی موسڵیش لە سەرباز خاڵی کراو هەمووی بۆ شەڕ نێردران، ترسێکی گەورە کەوتە نێو دڵی خەڵکی موسڵ و دەترسان شارەکەیان بگیرێ»[٨].

یەکێک لە گرنگترین هۆیەکانی سەرکەوتنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەو شەڕەدا کە (پێ ڕەش) ناوی لێناوە شەڕی (سەری باز) [٩]، ئەوە بوو شێخ لە ڕێگەی نەخشەی سەربازییەوە ئەو ناوچانەی دەگرت کە دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێن و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[١٠]. ئەمە سەرەڕای ئەوەی شێخ حەماسەتی جەنگاوەرەکانی جۆش دەدا و بەرلەشەڕو لەکاتی شەڕیشدا هیچ ڕاڕاییەکی لە دڵ و دەروونیدا نەدەهێشت.

پشتی شکستی هێزەکانیان لەشەڕی (سەری باز) نیتحادییەکان خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێخ عەبدولسەلام ئامادە کرد، لەسەرەتای کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠دا ڕەشید پاشای والی موسڵیان لاداو لە ١٢ی کانوونی دووەمدا فەریق محەمەد فازیل پاشای داغستانییان لەجێی دانا[١١]. لە ڕۆژی ١٣/١٢/١٩١٠شدا لەبەرانبەر کۆمەڵێک خەڵکدا محەمەد فازیل (پاکانەی سوڵتانی- البراءە السلطانیە)ی محەمەد ڕەشادی پێنجەم (١٩٠٩- ١٩١٨)ی خوێندەوە کە پشتگیری لەمحەمەدی فازیلی پاشای داغستانی والی موسڵ کردبوو بۆ (سەرکوتکردنی ئەشقیاکانی دوژمنی ئاسایش و ئارامی نیشتمان) لە پوختەکەیدا هاتبوو:

١- بەڕەسمی و یاسایی پشتگیری لێ دەکرێ و والی و قوماندانی موسڵ دەبێت.

٢- لەئەرکی ئەودایە ئەو ئەشقیانە لەبن و بۆتکەوە هەڵکەنێ و ڕەگ و ڕیشەی یاوەرانی یاخی بوونیش هەڵکێشێ، کە لەدەوڵەت یاخی بوونە.

٣- خێڵەکان ملکەچی حوکمەتی مەشروتی و یاسای بنەڕەتی دەبن[١٢].

پەیوەندی نێوان حوکمەتی عوسمانی و شێخ عەبدولسەلام هەر بەخراپی مایەوەو بەردەوام بوو. سەبارەت بە چارەسەرکردنی بارودۆخەکەو چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ شێخی بارزان، پێش شەڕو پشتی تێشکانی هێزەکانی عوسمانیش لە شەڕی (سەری باز)دا، جیاوازی لە دیدوبۆچوونی ڕەسمی دەسەڵاتداراندا هەبوو. ژمارەیەک

لەپیاوانی دەسەلات کە عەقید سەفوەت بەگی قائیمقامی سەربازی نوێنەرایەتی دەکردن داوای شێوازی ئاشتیانەو دیپلۆماتییان دەکردو دەیانویست لەڕێگەی دانوستاندن و لێک تێگەیشتن کێشەکە چارەسەر بکەن. لەهەمان کاتدا محەممەد پاشای داغستانی تازە والی، دەیوست لەبەکارهێنانی هێز بەردەوام بێ[13].

ئەگەر دەرەنجامی شەڕەکانی سەری باز فاکتەری بنەڕەتی نەبێ بۆ ئەوەی بەرپرسان سیاسەت و هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەشێخ بگۆڕن، ئەوا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، داواکارانی ڕێگەچارەی ئاشتی هاندەدا لەسەر ڕای خۆیان سوور بن، بەتایبەتیش پاش دامەزراندنی نازم پاشا بەوالی بەغداو ئەو دەسەڵاتە فراوانەی بەسەر ویلایەتەکانی دیکەشدا پێی درابوو. هەربۆیە حوکمەتی عوسمانی عەقید سەفوەت بەگی ڕاسپارد بچێتە دیداری شێخ و دانوستانی لەگەڵ دا بکات. لە حوزەیرانی ١٩١٠دا داغستانی لە موسڵ گوازرایەوەو[14] پاش کۆتایی هاتنی دانوستانیش لەبەهاری ١٩١١ شێخ عەبدولسەلام گەڕایەوە بارزان و دانوستانەکە لەمەڕ کۆمەڵێک کێشەوە بوو، لەسەر ژمارەیەک کاروباری گرنگیش ڕێککەوتن لەوانە:

١- قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لەناوچەکە کەوتوون.

٢- دەستبکرێ بە دروستکردنی قوتابخانەو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە ناوچەکە.

٣- ئازادکردنی زیندانییەکان و بنەماڵەی شێخ عەبدولسەلام.

٤- ئەو چەکانە بدرێنەوە کە بارزانییەکان لە سوپایان گرتبوو.

٥- ئەو کاربەدەست و فەرمانبەرانە دوور بخرێنەوە، یان لە ناوچەکە بگوازرێنەوە کە سەبەبکاری گرفتەکان بوون.

ڕێککەوتنەکەو گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچەکە لەسەر سەکۆی مزگەوتەکانەوە ڕاگەیەندرا، دەوڵەتی عوسمانی لێبوردنی بەرامبەر بەشێخ دەرکردو بڕیاری دا (٢٠٠٠) لیرەی عوسمانی بدرێتە لە بەرانبەر ئەو زیانانەی بەهۆی هێرشی سەربازییەوە لەناوچەکە کەوتووە، بارزانییە دەربەدەرەکانیش گەڕانەوە گوندی خۆیان و زیندانییەکان ئازادکران.[15].

## پارتی ئازادی و ئیئتیلاف و شێخ عەبدولسەلام بارزانی

ئەو شکستانەی کەلەساڵی ١٩١١لە لیبیا، عوسمانییەکان لەبەرانبەری سوپای ئیتالیا خواردیان، بووە ئەگەری ئەوەی لە (ئەنجوومەنی مەبعوسان)ی وەزارەتەکەی حەقی پاشادا کە ئیتحادی بوو بەرهەڵستکاری پتر بێت، بەرهەڵستکاران نەک هەر بەرووخاندنی وەزارەت خامۆش نەبوونەوە، بەڵکە بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر حوکمەت و لە ٨ی تشرینی دووەمدا حزبێکیان بەناوی (پارتی ئازادی و ئیئتیلاف) پێکهێنا، کە ژمارەیەک بەرهەڵستکاری بیروڕا جۆراوجۆری بەخۆوە گرتبوو و تەنها بیرۆکەی دژایەتیکردنی ئیتحادییەکان لێکدی کۆکردبوونەوە. جگەلەوانیش کۆمەڵێک لەوانەی بەخۆوە گرتبوو کە لەئیتحادو تەرەقی جودابیوونەوە، عەقید سەفوەت بەگی قائیمقامی سەربازی موسڵیش یەکێک بوو لەوان.

کاتێک ئیتحادییەکان لەئەستەنبوڵ خۆیان لەسەر حوکم توند کردو ساختەکاریشیان لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩١٢دا کرد، کەوتنە سەرادوونانی بەرهەڵستکاران و لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پتر حوکمیان لە بن دەستی خۆنا. بۆیە بەرهەڵستکاریش لەدژیان پەرەی سەند تا ناچاریان کردن لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢دا وازیان لە حوکم هێناو حوکمەتێکی ئیئتلافی جێگەی گرتنەوە، پەرلەمانەکەی ئەوانیان هەڵوەشاندەوەو لەسەر بناغەی لامەرکەزی کەوتنەکار، بڕیاریشیان دا نابێ سوپا دەست لەکاروباری سیاسەت وەربدات.[16].

لەماوەی فەرمانڕەوایی ئیئتلافییەکاندا نەتەوە غەیرە تورکەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەناسەیان وەبەرهاتەوەو، کەوتنە ئاهەنگ گێڕان و زۆریان لایەنگیری خۆیان بۆ ئیتحادو تەرەقی کێشایەوەو خۆیان دایە پاڵ پارتی ئازادی، وایان مەزەندە دەکرد ئەمە بەخێروخۆشی بەسەریاندا دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بەکوردانیش... زۆران چوونە نێو ڕیزەکانی ئەو پارتەو یەکێک لەئەندامانی کاراشی کوردبوو. ئیئتیلافیەکان ڕێزیان بۆ ئەو هەڵوێستەی کوردان داناو بەڵێنیاندا پاش ئەوەی بەدەسەڵات دەگەن، هەندێ لەداخوازییەکانیان دابین دەکەن، هەروەها یەکگرتووێکی کوردانیان دامەزراندو یەکسەر (١٧٠٠)کەس پەیوەندییان پێوەکرد، لێبوردنیشیان بۆ عەبدولڕەزاق بەدرخان دەرکرد کە بەکوشتنی بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەستەنبوڵ لەساڵی ١٩٠٦دا تاوانبار کرابوو، هەروەها شێخ تەهای شەمزینانیش لێبوردننامەی بۆ دەرچوو.(١٧)

لەراستیدا حزبە بەرهەڵستکارە عوسمانییەکان نەیانتوانی تەیارێکی سیاسی نەتەوەیی (بۆ نەتەوە غەیرە تورکەکان) بخولقێنن، چونکە لەواقیعدا خۆیان حزبی نەتەوەیی تورک بوون، بەڵام تارادەیەک توانیان بەشێک لە خەڵکی نەتەوەکانی دی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، ئەوانەی ستەمدیدەی ژێردەستی تۆرانییەت و ڕەگەزپەرستی و سیاسەتی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی بوون. لەم ڕوانگەیەوە شێخ عەبدولسەلام لایەنگیری خۆی بۆ ئیئتیلافییەکان دەربڕی و پێڕەش دەڵێ پەیوەندیشیان خۆش بوو و بارزانییەکان هەستیان دەکرد لەبەرانبەر حوکمەتێکی بەویژدانن و بەبن گوێیاندا دەخوێنێ بە تەگبیرەو گیانی سەقامگیری و دڵنیابوونیان لەدەروونوندا دەڕوێنێ، تا ئەو ڕادەیەی ئەسعەد پاشای دورزی بریکاری والی موسڵ، پاشان لە ٢٤/١٠/١٩١٢ بوو بەوالی، بۆ حوکمەتەکەی خۆی پێشنیاری کرد شێخ عەبدولسەلام بارزانی خەڵات بکرێ و حوکمەتیش پێشنیارەکەی وەرگرت و خەڵاتی مەجیدی لەجۆری سێی پێشکەش بەشێخی بارزان کرا.(١٨)

### گەڕانەوەی ئیتحادییەکان بۆ فەرمانڕەوایی

ئیتحادییەکان لێنەگەڕان ئەو کابینە وەزارییەی ئیئتیلافییەکان پێکەوەیان نابوو، بەردەوام بێ، بەڵکە بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە خەباتێکی شێلگیرانەدابوون، بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەشیان تەنانەت لەشێوازەکانی جەورو تیرۆریش نەدەپرینگانەوەو ڕێککەوتنەکەی نێوان حوکمەتی ئیئتیلافی و ئیتالیاو- پاش ئەوەی ئیتالیا لیبیای داگیر کردبوو- سەرهەڵدانەوەی شەڕ لەبەلقانیشیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆزتەوەو لە ٢٣/١/١٩١٣ هێرشیان کردە سەر ئیئتیلافەکان و نازم پاشای وەزیری جەنگ کوژراو سەرۆک وەزیرانیشیان ناچار کرد وازبهێنێ. جارێکی دی کابینەیەکی ئیتحادییان بەسەرۆکایەتی مەحمود شەوکەت پاشا پێکەوە نایەوە.

پشتی شکستی عوسمانییەکان لەبەلقان و ئەلبانیا، ئیتحادییەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ تەنها تورکەکان باری گرانی دەوڵەت بەڕێوەبردن بکەنە کۆڵ و! پێیان وایە بەتەواوی نەتەوە غەیرە تورکەکان تەنها بۆ خۆیان هەوڵدەدەن.

هەربۆیە بڕیاریان لەگەڵ تەواوی ئەو نەتەوانەی داوای لامەرکەزی دەکەن حسێبی خۆیانیان لەگەڵ تاوتوێ بکەن.

کە بۆ جاری دووەم ئیتحادییەکان دەسەڵاتیان گرتەوەدەست، داوایان کرد گوندەکانی بارزان ئامار بکرێن و مەڕوماڵاتیشیان سەرژمێر بکرێ.

بەمە شێخی بارزان یەکسەر زانی ئەوە سەرەتایەکە تا سەرانەی زێتر بخەنە سەر بارزانییەکان، بۆیە بەرەنگاری داواکارییەکەیان بۆوەو داوای لە حوکمەت کرد وەک عەشیرەتی جاف ڕەفتار لەگەڵ بارزانیان بکەن، چونکە ئەوانیش لەو خێڵانەن سەربازی ناکەن. ئەو گوندانەش ئێستا لێی نیشتەجێن جێگیر نییەو بەپێی

بارودۆخی سەختی ژیانی ئێستای چیا ڕەنگە خەڵکەکە ناچار بن بۆ بژێوپەیداکردن ئەو گوندانە چۆڵ بکەن و ڕووبکەنە گوندی دیکە بەتایبەتی لەکاتی گرانی و ئەهامەتیدا ئەوەش کە ئێستا دەیدەنە خەزێنە زۆر لەوە پترە کە پێویستە بیدەن.[١٩]

ئەو داوایەی ئیتحادییەکان تەنها بیانوو بوو تا بارزان داگیر بکەن و شێخ عەبدولسەلامیش بگرن. هۆی ڕاستەقینەی ئەو کارەشیان ئەو یاداشتە بوو کە شێخ لە کۆتایی ساڵی ١٩١١ بۆ دەوڵەتی بەرزکردبۆوەو [٢٠] پاشان دەیخەینەڕوو- تیایدا داوای کردبوو هەندێ چاکسازی لە کوردستان بکرێ و خەڵکەکەی لەژێر باری گرانی هەژاری و دواکەوتنی زانستی وناست نزمی باری ئابووریدا ڕزگاربکرێ.

ئەو داخوازییانەی شێخ وەک پشتگیری کردن لەوەی پێیان دەگوت (یاخی بوون) کەوتەوەو ئیتحادییەکان وایان دانا ئەو داواکارییانە لەلایەن ئەو کۆمەڵانەوە بەشێخ سپێردراوە کە داوای دەسەڵاتی لامەرکەزی دەکەن. هەروەها شێخیان بەسازشکار لەگەڵ بەریتانیا تاوانبار دەکرد.

ئەوەی گرنگە... حوکمەتی ئیتحادی بڕیاریدا حسێبی خۆی لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام بارزانی یەکلابکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا ئەسعەد پاشای دورزی کە دۆستی شێخ بوو لە پایەی والی موسڵ لاداو لەجێی ئەودا ئەندامێکی توندڕۆی حزبی ئیتحادوتەرەقیان کردە والی و ناوی سلێمان نەزیف بەگ** بوو، لە ١٩١٣/١١/١٩ گەیشتە موسڵ. لەهەندێ ڕۆژنامەدا وەک لە (المقطم)ی میسری داهاتووە کە سلێمان نەزیف هەموو خەمی ئەوەبوو بزاڤەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەناوببات کە توانیبووی تا ئەوکات شاڵاوە سەربازییەکانی عوسمانی بەرپەرچ بداتەوە[٢١].

هەروەها سەدیق دەمەلوجی کە هاوسەردەمی شێخ بووە دەڵێ:

نەزیف بەگ سیاسەتی دژایەتیکردنی هەموو خەڵکێکی غەیرە تورکی گرتبووەبەر، لەوانەش کوردەکان کە دەیانویست مافەکانی خۆیان دەستەبەربکەن، لەو ڕەفتارانەی دژی کوردان سەعید بەگی رواندزی گرت و شێخ نور محەمەدی بریفکانیشی زیندانی کرد تا لەوێ مرد[٢٢].

کاتێک سەفوەت بەگی قائیمقامی سەربازی موسڵیش لەدەست ئیتحادییەکان ڕای کردو پەنای بردە بەر شێخ عەبدولسەلام، [٢٣] شێخیش ئامادەنەبوو تەسلیمی بکاتەوە، یان خۆی بچێتە موسڵ، ئەمەبووە دەرفەتێک بۆ سلێمان نەزیف تا هێرش بکاتە سەر بارزان، بۆ ئەوەی شێخ شەرمەزار نەبێ و پارێزگاریش لەگیانی سەفوەت بەگ بکات بەنهێنی ناردییە لای سەید تەهای نەهری لە شەمدینان. سەفوەت بەگیش پێش ئەوەی بارزان بەجێبهێڵێ شێخی ئاگادارکردەوە... ئەکا بەنیاز پاکی نواندنی بەرپرسانی تورک باوەڕ بکات، چونکە نە زەمیریان هەیەو نە ئەو پیاوەن پشتیان پێ ببەستێ و لێیان دڵنیابێت. هەروەها پێشی گوت بچێتە روسیا، چونکە ئەگەر بکەوێتە دەستی عوسمانییەکان لەسێدارەی دەدەن.(٢٤)

ئەو نامەیەی نەزیف بەگ بۆ شێخی ناردبوو، ئاگەدارکردنەوەی شێخ بوو... ئەگەر سەفوەت بەگ تەسلیم نەکات، یان خۆی لەموسڵ ئامادە نەبێ، ئەوا هێرشێکی سەربازی دەکاتە سەر بارزان،... هەرچەندە نەزیف بەگ دڵنیابوو شێخی بارزان ئەسەفوەت بەگ تەسلیم دەکات و ئەخۆشی لە موسڵ ئامادە دەبێت، ئەمەش لەوەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆ هێرشکردنە سەر بارزان هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩١٤دا ئامادەباشی سەربازی دەکرا. بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەرشیفەکانی دەوڵەتە لە سەرۆکایەتی وەزیرانی تورکیا [٢٥] ئاماژە بەلایەنێکی ئەو ئامادە باشییە سەربازییەی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە بارزانییەکان دەکەن، بەتایبەتی لەمەڕ ناردنی هێزی سەربازی لەویلایەتی (وان)ەوە بۆ ویلایەتی موسڵ تا بزاڤەکەی شێخی بارزان سەرکوت بکا. بەڵگەنامەکانی ئەم بابەتە ٣ بروسکەی بەجوفرەن دووانیان لەویلایەتی (وان)ەوە بۆ

نەزارەتی (وەزارەتی) نێو خۆیی عوسمانی نێردراون، سێیەمیش لەنەزارەتەوە بۆ ویلایەتی (وان) نێردراوە.

بروسکەی یەکەم، کە مێژووی رۆژی ٢٥ی شوباتی سالّی ١٣٢٩ی رۆمی لەسەرەو دەکاتە رۆژی ١٩١٤/٣/١٠، لەسەرەتاوە ئاماژە بەو هەنگاوانە دەکات کە ویلایەتی موسڵ دەیەوێ (شێخی بارزان تەمبێ بکات!) پاشان باسی ئەو فەرمانانە دەکات کەلە نەزارەتی نێو خۆیی عوسمانییەوە بۆ ویلایەتی (وان) هاتوون و داوا دەکات دوو فەوج سەرباز بەچەک و تۆپخانەوە بنێرێتە ویلایەتی موسڵ بۆ بەشداریکردن لەو شەڕە. بروسکەکە ڕوونی دەکاتەوە: ناردنی ئەو دوو فەوجە بۆ سنووری ویلایەتی موسڵ بڕی (١٥٠٠٠) لیرەی عوسمانی خەرجی گەرەکە، ئەمەش لەکاتێکدایە خەزێنەی ویلایەت نزیکەی بەتاڵەو تا مانگی نیسان کە باجی مەڕانە وەردەگرن، ناتوانن ئەو بڕە پارەیە دابین بکەن. هەروەها هێزەکانی عوسمانی لەویلایەتی وان ماوەیەک موچەیان وەرنەگرتووە کە نزیکەی (٣٠٠٠٠) لیرەی عوسمانییە. دەسەڵاتدارانی وان دووپاتیان کردۆتەوە کە تەنها خەریکن ئازووقە دابین بکەن و تەنانەت ناتوانن (٥) پارەش بۆ ئەو سەرباز ناردنە بدەن. هەروەها لەدرێژەی بروسکەکەدا هاتووە... کە ماوەی نێوان وان و سنووری ویلایەتی موسڵ (٨) ڕۆژە ڕێیە، تەنها خەرجی گواستنەوەی دوو فەوجەکەو تۆپەکانیان (٢٠٠٠) لیرەی دەوێ. بروسکەکە بەوە کۆتایی هاتووە... کە داوای بڕی (١٠٠٠٠) لیرە دەکات بەپەلە بگاتە ویلایەتی وان، تا بتوانن فەرمانی سەربازناردنەکە دژی بارزانییەکان جێبەجێ بکەن.

هەر لە هەمان ڕۆژدا ویلایەتی وان بروسکەیەکی دی بە جوفرەی بۆ نەزارەتی نێو خۆیی ناردووەو ڕەنگ لەوە دەداتەوە کە دەسەڵاتدارانی وان دوو دڵن لەوەی بەشداری شەڕی سەربازی دژ بەبارزانییەکان بکەن. بروسکەکە یەکەمین شت ئاماژە بەسەختی وەرزی زستان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەنێو سەربازانی وان دەکات. لە ناوەڕۆکی بروسکەکەدا وەدیار دەکەوێ کە دەسەڵاتدارانی وان پێشتر سەبارەت بە توانای هێزەکانی عوسمانی لەویلایەتی موسڵ دژ بەشێخی بارزان لەدەسەڵاتدارانی موسڵیان پرسیووەو وەڵامی موسڵ ئەمەبووە (بەلوتفی هەق و بەهیمەتی فیرقەی دوازدەم بەم نزیکانە شێخ عەبدولسەلام بەو سزایە دەگات کە شایانییەتی) والی وانیش ئەم وەڵامەی کردۆتە بیانوویەک تا لەناردنی دوو فەوجەکە خۆی بدزێتەوە. هەروەها لەدرێژەی بروسکەکەدا باس لەسەختی چوون و باری تەندروستی سەربازەکان دەکات و لەهەمان کاتیشدا دووپاتی دەکاتەوە کە یەکە سەربازییەکانی سنوور لەشەمدینان و گەڤەردا هەن و ڕێگەی هەموو ڕاکردنێکی شێخ دەگرن. لەکۆتاییشدا تکا دەکات (٢٠) ڕۆژ ناردنی فەوجەکان دوابخرێ تا تەندروستی سەربازەکان باشتر دەبێ، بەڵام لەو هەوڵانەیان سەرکەوتوو نەبوون، لە ٢٦ شوباتی سالّی ١٣٢٩ی ڕۆمی کە دەکاتە بەرانبەر ١٩١٤/٣/١١ بروسکەیەک بەجوفرە لەنەزارەتی نێو خۆوە بۆ ویلایەتی وان نێردراوەو دووپاتی دەکاتەوە کە (٢٠٠٠) لیرە کە پێویستە بۆ خەرجی ڕێگە دابینکراوەو هیچ بوارێکی پاشگەزبوونەوەش لەو فەرمانە نییە، بۆیە پێویستە دوو فەوجەکە بنێردرێن بۆ بەشداریکردن لە شەڕ دژی شێخی بارزان[٢٦].

لە خوێندنەوەو شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو سێ بروسکەیەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە حوکمەتی ناوەندی عوسمانی لەمیانی هەردوو وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی نێوخۆدا زۆر گرنگی بەوەداوە کەبزاڤەکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی تێکبشکێنێ و سەرکەوتن زامن بکەن.

هەروەها نەخۆ هێزەکانیان شکستێکی سەربازی دیکە بخۆن، وەک ئەو شکستەی لەسالّی ١٩١٠ لەشەڕی (سەری باز) بەسەریاندا هات، ئیتحادییەکان هێزەکانی هەردوو ویلایەتی موسڵ و وان و بەسەدان جاشکە کوردیشیان مۆڵ دابوو.

سەرەڕای ئەمە بەڵگەنامەکان باری خراپی ئابووری دەوڵەتی عوسمانی ئاماژە پێدەکەن کە نەیتوانیوە موچەی سەربازەکانی بدات، کەچی لەبەرمەترسی بزاڤەکەی شێخ عەبدولسەلام بەسەر نەخشەو پلانەکانیانەوە، وەزارەتی جەنگ پارەی پێویست بۆ ناردنی دوو فەوجە سەربازییەکە لەوانەوە بۆ موسڵی دابین کردووە.

پێش ئەوەی لە نیسانی ساڵی ١٩١٤دا هێرش بۆ سەربارزان دەست پێبکات، سلێمان نەزیفی والی موسڵ ئامادەنەبوو خەڵاتە مەجیدییەکە کە پێشکەش بە شێخ عەبدولسەلام کرابوو و پێش بوونی بەوالی ئەویش گەیشتبووە موسڵ... بداتە شێخ، بۆیە بەیانێکی ڕەسمی لە ڕۆژنامەی (الموصل) بلاوکردەوەو تێیدا نووسیبووی: شێخ مافی خەڵات وەرگرتنی نییە، چونکە لەدەوڵەت یاخی بووە.[٢٧].

هەرچۆنی بوو سلێمان نەزیف ئەفیرێکی گشتی جاشە کوردەکانی کردو هێزی ناردە سەر بارزان، لەسەر شێخ عەبدولسەلام پێویست بوو لەسێ قۆڵەوە بەرەنگاری عوسمانییەکان بێتەوە... یەکەم ئەو هێزەی لەئامێدییەوە بۆ بارزان دەهات. دووەم ئەوەی لە ئاکرێوە بۆ چیای پێرس پێشڕەوی دەکرد، سێیەمیش ئەو هێزەی لەقۆڵی مێرگەسورەوە دەهات. بۆ ماوەی مانگێک و لەچەندین شەڕی خوێناویدا بارزانییەکان قارەمانانە بەرەنگاری سەربازو جاشان بوونەوەو ژمارەیەکی زۆریشیان لێکوشتن و چەندین سەرکەوتنیان وەدەست هێنا، بەڵام شێخ نەیتوانی تا سەر بەرگری بکات و فەرمانیدا بەپەلە لەناوچەکە بکشێتەوەو بەرەو سنووری ئێران پاشەکشە بکات، لەوکاتەدا جەوودەت بەگی والیی ویلایەتی وان بلاوی کردەوە کە ئەوەی بەزیندوویی یان بەمردوویی شێخ عەبدولسەلام بگرێ خەڵات دەکرێ. لەوکاتەدا پاش ئەوەی شێخ لەسەردانێکی سمکۆی شکاک بۆ لای ئەهری دەگەڕایەوە، سۆفی عەبدوڵلا ناوێک و داروودەستەکەی بۆسەیان بۆ دانایەوەو بەهەڵەیان برد تا بەدیل گیراو تەسلیم بەدەسەڵاتدارانی وان کرا. پاشان بردیانە موسڵ و لەدادگەیەکی سەرپێی ئەنجومەنی عورفی سەربازیدا فەرمانی لەسێدارەدانیان دەرکردو لە ١/١٢/١٩١٤دا لەگەڵ (٣) کەس لەیاوەرانی لەسێدارە درا.٢٨

بەر لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، هێشتا ڕق و کینەی سلێمان نەزیف بەرانبەر بەشێخ دانەمرکابۆوە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کەهێشتا شێخ و یاوەرانی بەداری سێدارەوە دەبن وێنەیان دەگیرێ و لەسەر کارت چاپیان کردو بلاویان کردەوە، بەتایبەتی بەنێو بارزانییەکاندا (ئەمەش هەڵەیەک بوو، بەگران لەسەرکەوت)[٢٩]. بۆ ڕێزگرتنیش لەو خزمەتەی سلێمان نەزیف حوکمەتی عوسمانی میدالیای (لیاقەی زێرینی) پێ بەخشی.[٣٠].

بەگوتەی سەدیق دەمەلوجی کە هاوسەردەمی شێخ بوو، لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام خەم و پەژارەیەکی زۆری لەنێو کورداندا بلاوکردەوەو ئەوانە سەر بە شێخ بوون یان نەبوون (بەهەموو دڵنیاییەوە دەڵێم لەسێدارەدانەکەی بووە ئەگەری ئەوەی بارزانییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەدەوڵەتی عوسمانی یاخی بن و تا ساڵانێکی زۆریش لەیادی نەکەن) هەروەها دەمەلوجی لەسێدارەدانی شێخ بەوە دادەنێ کە ·سیاسەتێک بوو دەیویست ئەو گەلە لە ناوببات، کە گەڕەکیەتی تۆزی دیلی داتەکێنێ و ئازادی وەدەست بێنێ)[٣١].

لەشاری موسڵدا ئەوانەی سۆزوخۆشەویستیان لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدا هەبوو، هەوڵیاندا گۆڕەکەی بدۆزنەوە کە لە گۆرستانی غەریبان، نزیک مزگەوتی عومەر ئەلمودلی نێژرابوو، بەڵام دەوڵەت بەنهێنی ناشتبوویان، نەخۆ خەڵکی موسڵ ئەو گۆڕە بکەنە مەزارێک.[٣٢]. لەناو کوردان ناوی سلێمان نەزیف بەگ بەبێزو نەفرەت لێکردنەوە دەهات و بەزۆردار باسیان دەکرد، چونکە ئەم کارەی بەرانبەر بەشێخ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر هەڵوێستی کوردانەوە هەبوو بەرانبەر بە عوسمانییەکان، بۆیە لەکاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا زۆر لە چەکدارە کوردەکان ئامادەنەبوون بچنە بەرەکانی شەڕی ئینگلیز لە باشووری عێراقدا. کاتێک سوپای بەریتانیا شاری بەسرەی گرت. جاوید پاشای والی بەغدا (١٩١٤- ١٩١٥) لەیاداشتنامەکەیدا نووسیویەتی (داوام لەسلێمان نەزیف بەگی والی موسڵ کرد ژمارەیەک چەکداری کورد بنێرێ، هەرچەندە توانی (٧٠٠) سوارەی چەکدار لە قەزای دهۆک کۆبکاتەوە، بەڵام کاتێک زانیان بۆ شەڕی ئینگلیزیان دەنێرن ئامادەنەبوون بچن و گوتوویانە ئینگلیز خەڵکی باشن و ئێمە دەتوانین بەئاسوودەیی لەگەڵیاندا بژین[٣٣]. ئەویش بەهێزترین ناڕەزایی دەربڕینە دژ بە بەسیاسەتی سلێمان نەزیف و ئیتحادە ڕەگەز پەرستەکان.

ئەوەی لای ئێمە گرنگە... بەلەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی کورد ڕێبەرێکی گەورەی لێ چوو، ئەگەر تاپاش جەنگی جیهانی یەکەم شێخ بمابووایە، بارودۆخی کوردان وانە دەمایەوە.[٣٤].

## خەباتی ئاشتیانەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی

ئەو هەستە نەتەوەییەی شیخ عەبدولسەلام پێی ناسرابوو، ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەش کە کورد لەسایەی فەرمانڕەوایی دواکەوتووانەی عوسمانی بەسەریدا سەپابوو. لەزووەوە شێخی هان دابوو بەدوای وەسیلەکانی ڕزگاربووندا بگەڕێ، کۆمەڵە کوردییەکان بەمەیان دەزانی و شێخیش بەدەنگیانەوە هات و بەرنامەکانیانی پەسند کرد، یەکێکیشە لەو یەکەمین کەسایەتییانەی کە ڕوناکبیرانی کورد پەیوەندییان پێوەکردووە.ن ،نیکیتین دووپاتی دەکاتەوە کە شێخی بارزان لەزووەوە داوای هاوکاری و یەکگرتنی گەلی کوردی کردووەو هەموو دەم دەیگوت . (ئەگەر یەکگرن و هاوکاریتان لەنێوان خۆتاندا هەبێ کەس ناتوانێ زوڵمتان لێ بکات)[٣٥] بەهۆی گیانی نەتەوەیی و ئەو چاکسازییانەش کە لەناوچەکەدا کردی، بارزانییەکان بوونە هێزێکی تەیار لەسەردەمی ئەوداو لەدەوری کۆبوونەوە، هەروەها سەرۆکی عەشیرەتەکانی دیکەی کوردیشی هان دەدا یەکگرن و پێکەوە گوشار بخەنە سەر ئەستەنبۆڵ تا واز لەسیاسەتی ستەم و پشتگوێخستنی کوردستان بهێنێ. هەرگیز ئاسان نەبوو دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەئاسانی بەتەنگ ئەو داواکارییانەوە بێن، چونکە ئامادەنەبوون گوێ لە داخوازی کوردان بگرن، بۆیە شێخ لەخۆیەوە دەستی کرد بە چاکسازی گرنگی کۆمەڵایەتی لەناوچەی خۆی و یەکەمجار زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەشکرد، لەهەموو گوندێکیش لیژنەیەکی بۆ سەرپەرشتی کاروبارەکان پێکەوەنا، لەوانەش گرنگتر لەهەر خێڵ و تیرەیەک هێزێکی چەکداری پێکەوە ناو بەرپرسی دانان[٣٦] بەیەکسانیش ڕەفتاری لەگەڵ موسڵمان و مەسیحییەکاندا دەکردو بەردەوام هەوڵی دەدا هەندێ دەوڵەتی گەورە بزوێنێ بەتایبەتی بەریتانیاو ڕوسیا تا پشتیوانی لەمافی کوردان بکەن و گوشار بخەنە سەردەوڵەتی عوسمانی تا بەدەنگ داخوازییەکانیانەوە بێت.[٣٧] ویگرام کە لەساڵی ١٩١٢ سەردانی بارزانی کردووە نووسیویەتی (شێخ ئامادەبوو هەر لەگەڵ ئێمەدا بێت و سەردانی جۆرج شا بکات، بۆ لێکۆڵینەوەو باسکردنی کێشەی کوردستان و سەربەخۆبوون لەگەڵیدا دانیشێ.[٣٨].

شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەرکی بەوەکردبوو کە بەریتانیا بەهێزترین و مەزنترین ئیمپراتۆریەتە لەجیهاندا، ئەگەر بیەوێ دەتوانێ ئیرادەی خۆی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا بسەپێنێ، وەک بۆ وڵاتانی دیکەی کردووە، لەگەڵ ئەوەش خولیای کۆلۆنیالی هەیە، بەڵام بەتایبەتی ئەو و فەرەنسا بەپارێزەرانی نەتەوە غەیرە تورکەکان و تائیفە ئایینییە غەیرە موسوڵمانەکان ناسراون.[٣٩] زۆر خەڵک بۆ چارەسەری گرفتەکانیان هاناو دادی خۆیان بۆ کونسولی گشتی بەریتانیا لەبەغداو هەردوو کونسولی موسل و بەسرە دەبردو تکایان لێدەکردن. تەدەخول لەکاروبارەکانیان بکەن.[٤٠].

بواری خەباتی ئاشتییانەی شێخ عەبدولسەلام بریتی بوو لەوەی داوای لەدەسەڵاتدارانی عوسمانی دەکرد لامەرکەزی بدەنە کورد ئەمەش لەیەکێ لە کۆبوونەوەکانی دهۆک لە ساڵی ١٩١١دا ڕوون دەبێتەوە کە ژمارەیەک لە کوردە هۆشیارەکانی بەخۆوە گرتبوو لەسەرۆشیانەوە شێخ عەبدولسەلام. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا یاداشتنامەیەک بۆ هەریەک لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی مەبعوسان (نوێنەران)و ئەنجومەنی ئەعیان و بارەگای ویلایەتەکان بنێرن و وێنەشی بدەنە شێخ عەبدولقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان و فەریق شەریف پاشا. یاداشتنامەکە ئەم داخوازییانەی تێدابوو.

١- زمانی ڕەسمی هەر پێنج قەزا کوردنیشینەکە زمانی کوردی بێ.

٢- خوێندن بەزمانی کوردی بێ.

٣- ئەو قائیمقام و بەڕێوەبەرو فەرمانبەرانە دابمەزرێن کە زمانی کوردی باش دەزانن.

٤- حوکمڕان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بێ، مادام ئایینی دەوڵەت ئیسلامە.

٥- ئەوانەی بەقازی و بۆ فەتوادان دادەمەزرێن پێویستە سەربە مەزهەبی شافیعی بن.

٦- بەپێی شەرع باج و سەرانە وەربگیرێ ئەوەی زێدەیەو جیا دەستێنرێ نەمێنێ.

٧- باجی (بەدەلی نەبوونە سەرباز - بدلات العملە المکلفە) وەک خۆی بمێنێ و بۆ چاککردنی ڕێگاو بانی هەر پێنج قەزاکە تەرخان بکرێت.[٤١] ئەو یاداشتنامەیە... یاداشتنامەیەکی چاکسازی بوو، هیچ بۆنێکی بیری سەرخۆبوون ، یان جودابوونەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی لێ نایە، بەڵکە تەنها لەڕووی کارگێڕییەوە داوای چاکسازی لەناوچەکەدا دەکاو دەیەوێ هەژاری و پاشکەوتنی زانستی و باری خراپی ئابووری و نەداری نەمێنێ.

بەڵام دەوڵەتی عوسمانی... پاش گەڕانەوەی ئیتحادییەکان بۆ جاری دووەم بۆ سەر حوکم، وایان لەقەڵەمدا کە ئەو داخوازییانەی کۆمەڵە کوردییەکان داوای دەکەن بریتییە لەپێکەوەنانی فەرمانڕەواییەکی لامەرکەزی لە کوردستان. لەمەش پتر شێخ عەبدولسەلام بارزانیان بەوە تاوانبار کرد گوایە بۆ هێنانەدی داخوازییەکانی کوردان و جودابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی، دەستی لەگەڵ روسیاو بەریتانیا تێکەڵ کردووە، لەساڵی ١٩٠٩شدا ئیتحادییەکان شێخ سەلامیان بەوە تاوانبار کرد، گوایە پەیوەندی بەهۆراس ئەدوارد ویکلی یۆنگ (H. E.wilki Young)[٤٢] جێگری کونسولی بەریتانیا لە موسڵ و روسیاوە هەیە.

سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیا بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٩ی لەسەرە ئاماژە بەوەدەکات جێگری کونسولی بەریتانیا دژی حوکمەتی ئیتحادو تەرەقی لەگەڵ شێخ عەبدولسەلام نامەو نامەکارییان لە نێواندا هەیە، لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە کە لەئەیلوولی ساڵی ١٩٠٩دا شێخ نامەیەکی بۆ هۆراس ناردووەو تێیدا باسی کردووە کە ناچارە لەبەرانبەر هێزەکانی عوسمانیدا داکۆکی لەخۆی بکات، هەروەها داوای یارمەتی لێکردووە تا هەقیقەتی بارودۆخەکە بۆ سەروو روون بکاتەوە.[٤٣].

پێش ئەوەی بچینە سەربابەتێکی دیکە پێویستە دەربارەی ئەوەی لە بروسکەدا هاتووە نگریشەیەک بکەین... روونە دەسەڵاتدارێتی عوسمانییەکان لە موسڵ هەوڵیداوە لە خستنەرووی پەیوەندی نێوان شێخ و جێگری کونسولی بەریتانی لە موسڵ زێدەڕۆیی بکات، ئەمەش بۆ ئەوەبووە وای نیشان بدات کە بەرهەڵستکاریکردنی عوسمانی لەناوچەکەدا بەدەست لەپشت دانی دیپلۆماتە بیانییەکانە، لەگەڵ ئەوەی تەنیا بەڵگەیەک لەمبارەیەوە بەدەستیان کەوتبێ- ئەویش گەر ڕاست بێ- لەنامەیەک پتر نییە. ئەویش شێخ هیوا دەخوازێ جێگری کونسولی بەریتانیا لەموسڵ بارودۆخەکە وەک هەیە بۆ سەرووی خۆی باس بکات.

خۆ تەنیا شێخ عەبدولسەلامیش ئەمەی نەکردووە، زۆر لەسەرۆک خێڵە عەرەبەکانی باشوری عێراق هەر لەو سەروبەرەدا بوو دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕین و هەوڵیاندا لەڕێگەی کونسولی بەریتانیا لەبەسرە، کونسولی گشتی لەبەغدا کۆمەکیان بکات[٤٤] هەندێ سەرکردەی بزاڤی نەتەوەیی عارەبیش لەبەغدا هەڵوێستێکی وایان نواند [٤٥] سەرەڕای ئەمەش ئەوەی هۆراس لەموسڵ ئەنجامیداوە، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ڕەسمی بەریتانیا نەبووە، چونکە بەریتانیا لەو قۆناغەدا مکوڕبوو لەسەر ئەوەی نەهێڵێ دیپلۆماتەکانی لە عێراقدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆ تێکەڵ بەهیچ بزاڤێکی بەرهەڵستکاری عوسمانییەکان بکەن.[٤٦].

دانانی هۆراسیش بۆ ئەوەبوو هەوڵبدات پەرە بەبەرژەوەندییە بازرگانییەکانی بەریتانیا بدات و چاودێری بازاڕی خۆجێیی بکات و هەوڵبدات دەروازەیەک بۆ ساغکردنەوەی کەلەوپەلی بەریتانیا بدۆزێتەوە[٤٧].

لەجێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سەرکردەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد زۆریان هەوڵیاندا پەیوەندی بەوانە بکەن جێی چاوانیان تێدایەو لەپێناو هێنانەدی خواستەکانی گەلی کورد یارمەتیان بدەن.

ئەمەش بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی خۆیان دووپاتی دەکەنەوە... کاتێک کورد لەساڵی ١٩١٩ دژ بە داگیرکەرانی بەریتانیا ڕاپەڕین، مەبەستم ڕاپەڕینی ناوچەکانی بارزان و زێبارو ئاکرێ و ئامێدی و زاخۆیە، سەرکردەکانی ڕاپەڕین لەو ناوچانەدا لەوانەش شێخ ئەحمەدی بارزانی پەیوەندییان بە عوسمانییەکان دەکردو زۆر نامەیان بۆ بەرپرسە تورکەکان نارد و داوایان لێکردن یارمەتییان بدەن بۆ (دەرکردنی ئینگلیز لەناوچەکانیاندا)بۆ عوسمانییەکانیش دووپاتیان کردبۆوە ئەگەر چەک و تەقەمەنییان هەبێ دەتوانن چەندین ساڵ بەرگری لەناوچەکانیان بکەن، بۆیە تکا دەکەن چەک و تەقەمەنییان بۆ بنێرن، بەڵام حوکمەتی عوسمانی داواکارییەکانی پشتگوێ خستن، چونکە نەیان دەویست لەگەڵ بەریتانیادا خۆیان تووشی گرفت بکەن. نەک هەر ئەمەش بەڵکە وەزارەتی نێوخۆیی عوسمانی فەرمانڕەوا کارگێڕییەکانی خۆی لە هەردوو ویلایەتی وان و موسڵدا ئاگادارکردەوە... نەکەن لە ڕاپەڕینەکانی کورد دژی بەریتانیا تەدەخول بکەن! هەروەها بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی بەریتانیا لەلایەن کوردانەوە بەوە ناونا کە (بزاڤێکی شێتانەیە ئاقیبەتێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە) تائێستاش هیچی وا لەبەردەست دانییە کە حوکمەتی عوسمانی هەڵوێستێکی جودا لەوەی باسمان کرد بەرانبەر بە ڕاپەڕینی کورد دژ بە بەریتانیا لەناوچەکانی دیکەدا هەبووبێ[٤٨].

لەمەڕ پەیوەندی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بە ڕوسەکانیشەوە ئەوەبوو لەشاری ئورمیەدا پەیوەندی پێوەکردن، ئەوانیش داوایان لێکرد بچێتە (تفلیس) شێخ چووە تفلیس و دەسەڵاتدارانی ڕوسیای بینی، بەڵام ئەوان پێیان ڕاگەیاند وا باشترە خۆی حەشار بدات و دوو سێ مانگ چاوەڕوان بێت... ئەگەر پەیوەندییان لەگەڵ تورکان باش بوو، ئەوا هەوڵدەدەن لێبوردنێکی لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ وەربگرن، ئەگەریش پەیوەندییان بەرەو خراپی چوو... ئەوا بۆ گەڕانەوەی بۆ بارزان یارمەتی دەدەن.[٤٩]، بەڕاستیش نایانەوێ دوژمنایەتی عوسمانییەکان بکەن.

شایانی باسە ئەو ماوەیەی کە شێخی بارزان لەسەرخاکی بن دەسەڵاتی ڕوسیا بوو، ڕێگەیان نەدا هیچ چالاکییەکی سیاسی دژ بە عوسمانییەکان بنوێنێ، وەزارەتی دەرەوە لە (پترسبۆرگ) لەوەڵامی پێشنیاری یارمەتیدانی شێخ تا لە ناوچەی ڕواندز درێژە بە خەبات بدات ، بە نەخێر وەڵامی دایەوەو تێیدا هاتووە: (پێویستە ئاگادار بکرێتەوە... ئەگەر هەر چالاکییەک دژ بە تورکان ئەنجام بدات، تەنانەت لەپاراستنی (بەناوی) ئێمەش بێ بەش دەکرێ.[٥٠].

لەسەروبەری یەکەمین جەنگی جیهانیدا حوکمەتی ڕوسیا تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی خۆیەوە سەیری کوردانی دەکرد، لەمبارەوەش جاریکۆفی باڵوێز لەوەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا دەڵێ: (پێویست ناکات لەلایەن ئێمەوە زۆر گرنگی بەهەڵوێستی کورد بدەین، مەگەر لەکاتی شەڕهەڵگیرساندندا نەبێ، لەهەمان کاتیشدا پێویستە لەسەرمان زۆر بەئاگادارییەوە پەیوەندیان لەگەڵدا بکەین[٥١]. ئەم هەڵوێستەی ڕوسیا بۆ شێخ روون بۆوە، بۆیە ئامۆژگارییەکەی ڕوسیای بۆمانەوە ڕەتکردەوە. ئەو هەڵوێستە ساردەی ڕوسیاش ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە کە نەزانین ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی نێوان شێخ و دەسەڵاتدارانی ڕوسیا چی وچۆن بووە، مەگەر بەخۆی بۆ یەکێکی نەگێڕابێتەوە.[٥٢].

ئەوەی لێرەدا گرنگە حوکمەتی عوسمانی پەیوەندیکردنی شێخ عەبدولسەلامی بەبەریتانیاو ڕوسیا دەکردە گرنگترین هۆیەک تا هێرش بکاتە سەربارزان و شێخی بارزان، ئەمەش لەوکاتەدابوو نە هۆیەکانی ئەو پەیوەندییەی ڕادەگەیاند، نەئاماانجەکانی شێخ و پەیوەندی ئەوی بەکۆمەڵە کوردییەکانەوە دەدرکاند، ئەو بەڵگەنامە عوسمانیانەی کە بۆم ڕەخسا سەیریان بکەم، هەرگیز ئاماژەیان بەو یاداشتنامە چاکسازییە نەکردووە

کە شێخ بۆ حوکمەتی عوسمانی ناردووە. بە بۆچوونی باوی عوسمانییەکان گوایە شێخ داری تاعەتی شکاندووەو پەیوەندی بەدەوڵەتانی بێگانەوە کردووەو پەیوەندی وای دروستکردووە زیان بەئاسایشی دەوڵەت دەگەیەنێ.

پوختەی ئەم باسەمان... وەک د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر دەڵێ... شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لەسەردەمێک کاری کردووە لە رۆژهەڵاتی نزیکدا نەدەستوور هەبووەو نەشەریعەتێکی تازەگەر، دەوڵەتی زۆرداریش ستەم و زوڵمی پتر دەبوو، ئەمەش هیواکانی شێخی مەزنتر دەکرد لە خۆبوردوبێت، چونکە ئەو ئاواتانەی لە خەم و ناسۆرەوە هەڵقولا بوون... شێخ عەبدولسەلام لەبەرچاوی زۆرداران لە ترسناکترین دوژمن ترسناکتر بوو، جێگیربوونیشی لەبارزان لەدەستدرێژییەکەی ئیتالیا بۆ سەر لیبیا بەهێزترەو لەشەڕی بەلقانیش توندترە[٥٣].

شێخ عەبدولسەلام لەسەرکردە بەراییەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردە کە خەباتی سیاسییان لەپاڵ خەباتی چەکداری پشتگوێ نەخستووەو بیروباوەڕێکی نیشتمانی و نەتەوەیی فراوانی هەبوو لەپێناو هێنانەدی خواستەکانی گەلی کورد لەئازادی و سەربەخۆبووندا و لەدەرگەی سیاسەتی نێو دەوڵەتیشی داوە.

هەواڵنامەی کتێب

□

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


١- فیصل محمد الارحیم، تطور العراق تحت حکم الاتحادیین ١٩٠٨-١٩١٤ (الموصل، ١٩٧٥)ص٩٢.

٢- صدیق الدملوجی، امارە بهدینان الکردیەاو امارە العمادیە، (الموصل، ١٩٥٢) ص٩٤-٩٥.

٣- کمال مظهر احمد، کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی، ترجمە عن الکردیە محمد الملا عبدالکریم، ط٢(بغداد،١٩٨٤)ص١١٤.

٤- الدملوجی( المصدر السابق) ص٩٥-٩٦

٥- ف. نیکتین (العائلە البارزانیە) ترجمە عن الروسیە الدکتور کاوس قفطان، مجلە شمس کوردستان العدد (٥)، السنە (٢) بغداد، اب ١٩٧٣،ص١٩

٦- بۆ درێژەی بڕوانە: پێ ڕەش، بارزان و حرکە الوعی القومی الکردی ١٨٢٦- ١٩١٤، (لام، ١٩٨٠) ص١٥١-١٥٩.

* رۆژنامەیەکی سیاسیی عەرەبی بووە، مامۆستا داود سلێوەو یونس غێمە لەبەغدا دەریان دەکردو یەکەمین ژمارەی لە ١٣/٨/١٩٠٩ دەرچووە.

** ضب گیاندارێکی خشۆکەو دیارە کلکەی زۆری لۆزو پێچاوپێچ و خوارە، ئەمەش پەندێکی عەرەبییەکە دەڵێ:«اعقد من ذنب الضب». بڕوانە فەرهەنگی المنجد پیتی(ض) ل٤٤٤، چاپی ٣٥، ساڵی ١٩٩٦.

٧- لە: ابراهیم خلیل احمد، ولایە الموصل، دراسە فی تطوراتها السیاسیە ١٩٠٨- ١٩٢٢، رسالە ماجستیر غیر منشورە، قدمت الی مجلس کلیە الاداب جامعە بغداد، کانون الثانی ١٩٧٥، ص٩٩ وەرگیراوە.

٨- دبلیو.ای.ویگرام و ادگار.تی.ای ویگرام، مهد البشریە الحیاە فی شرق کوردستان ، ترجمە عن الانکلیزیە، جرجیس فتح الله، (بغداد، ١٩٧١)ص١٣٢.

٩- انظر مؤلفە المذکور آنفا"،ص ١١٠.

١٠- محمد البریفکانی، حقائق تاریخیە عن القضیە البارزانیە، (بغداد، ١٩٥٣)ص٧

١١- پێ ڕەش، المصدر السابق، ص١١٢.

١٢- ابراهيم خليل احمد، المصدر السابق، ص٩٩.

١٣- پێ ڕەش، المصدر السابق ص١١٠.

١٤- للتفاصيل ينظر،ف. نيكتين، المصدر السابق،

١٥- پێ ڕەش، المصدر، ص١١٩.

١٦- د. علي سلطان، تاريخ الدوله العثمانيه (طرابلس، لات) ص٣٧٢.

١٧- عبدالله محمد علي، كوردستان في عهد الدوله العثمانيه، من منتصف القرن التاسع عشر الى بدء الحرب العالميه الأولى، دراسه في التاريخ السياسي، رساله دكتوراه غير منشوره، قدمت الى مجلس كليه الاداب، جامعه صلاح الدين/اربيل سنه ١٩٩٨،ص١٠٢-٢٠٢.

١٨- ابراهيم خليل احمد، المصدر السابق، ص١٠٠، پێ ڕەش، المصدر السابق،ص١٢٦

١٩- للتفاصيل ينظر: معروف چياووک، مأساه بارزان المظلومه. (بغداد، ١٩٥٤) ص ص ٥٥-٥٦ او البرقيه .

٢٠- بۆ دیاریکردنی مێژووی ئەو یاداشتە پێ ڕەش وامەزەندەدەکا لەساڵی ١٩٠٧ پێشکەشکراوە، لەوکاتەی ئەوانی دیکە وای دادەنێن لەساڵی ١٩٠٨ یان ١٩٠٩ بووە، بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیش لێی پێ دەنگن، بەڕای من ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ڕاستی پێکاوە کاتێ دەڵێ لەساڵی ١٩١١ پێشکەشکراوە، واتە لەوماوەیەی کە بەرهەڵستکاری دژ بە ئیتحادییەکان توندبووبوو، چالاکییەکانی حزبی ئازادی و ئیئتیلافیش سەری هەڵدابوو وادیارە ئەو یاداشتنامەیە دوای گەڕانەوەی ئیتحادییەکان بۆ سەرحوکم بۆ جاری دووەم کەوتۆتە دەستیان. لەجێی خۆشیەتی لێرەدا باسی بکەین لەساڵی ١٩١١دا ئیتحادییەکان بەئاشکرا بڕیاریاندا نەتەوە غەیرە تورکەکان بەهێز بکەن تورک لەسایەی ئەم بارودۆخەشدا بەرهەڵستکاری چالاکتربوو، لەوانەش بزاڤی کوردی، کە سەرۆکەکانی کورد پەیوەندییان بەیەکترەوە کرد تا نەتەوەی کورد دژ بەئیتحادییەکان بوروژێنن.

*** سلێمان نەزیف کوڕی سەعید پاشای دیاربەکرییەو ساڵی ١٨٧٠ لە بنەماڵەیەکی کورد لە دایک بووەو لە خوێندنگەی پاشایەتی لە ئەستەنبۆڵ دەرچوو بوو، لەگەڵ ئەوەی خۆی کورد بوو بەڵام بانگهێشتی بۆ تورانیەت دەکرد، پاش کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی و پارچە پارچە بوونی زۆر تاوانی خرایە پاڵ، ئەویش لە ڕۆژنامەی(پەیام) چەند گوتارێکی بلاوکردەوە کە لێک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی خستە ئەستۆی ئیتیحادییەکان، ساڵی ١٩٢٧ مردووە.

٢١- بردل بۆتانی (سليمان نظيف بک الديار بكرى ١٨٧٠- ١٩٢٧) مجله لالش، العدد (٦) دهوک اذار ١٩٩٦، ص٨٥.

٢٢- الدملوجي، المصدر السابق،ص٩٩

٢٣- ڕووداوی کوشتنی محمود شەوکەت پاشای سەرۆک وەزیرانی ئیتحادییەکان بووە بیانوێک هێرش بکەنەسەر نەیارەکانیان. سەرەتا سەفوەت بەگ لەموسڵ خۆی شاردەوە، پاشان پەنای بردە بەر شێخ کە دۆستایەتیان هەبوو، ئیتحادییەکان سەفوەت بەگیان بەکوشتنی مەحمود پاشا تاوانبار کردبوو و داوایان دەکرد شێخ تەسلیمیان بکاتەوە بۆ درێژەی بڕوانە: عبدالمنعم الغلامي، الضحايا الثلاث (الموصل، ١٩٥٥) ص ٣٩-٤٤.

٢٤- ف. نيكتين، المصدر السابق، ص٢١، پێ ڕەش المصدر السابق-ص١٢٦.

٢٥- دائیرەی ئەرشیفی عوسمانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەرشیفی دەوڵەت کتێبێکی بەڵگەنامەیی گەورەی لەئەنقەرە لەساڵی ١٩٩٣ لەژێر ناو ی(زانیاری بەڵگەنامەیی لەمەڕ موسڵ- کەرکوک ١٥٢٥- ١٩١٩ چاپکردووە.

(Musul- Kerkuk ile ilgili Arsiv Belgeleri 1525-1919).

ئەم کتێبە سەدان بەڵگەنامەی مێژوویی عوسمانی تێدایە کە بۆ یەکەمین جارە بلاودەکرێتەوە لەمەڕ (ویلایەتی موسڵ) وەک لەسەردەمی عوسمانی پێیان دەگوت: زانیاری مێژوویی گرنگیشی دەربارەی کوردوکوردستان تێدایە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودمان لەژمارەیەک بەڵگەنامەی تایبەت بەبارزانییەکان و پەیوەندییان بەدەسەلاتدارێتی عوسمانییەوە وەرگرتووە... پێش یەکەمین جەنگی جیهانی و پاش جەنگیش دەگرێتەوە.

٢٦- تحمل الوثائق الثلاثه التسلسل (٧٥) ضمن موضوعات المصدر اعلاه، وعلى الصفحات ٣٣٣-٣٣٤ من الكتاب.

٢٧- ابراهيم خليل احمد، المصدر السابق، ص١٠١، ونشر سليمان نظيف بيانا رسميا في جريده الموصل، ونشر في جريده صدى بابل كذلک في ٢٢ شباط و ٢٦ نيسان ١٩١٤.

٢٨- للتفاصيل ينظر، الدملوجي، المصدر السابق.ص ٩٩-١٠٤، پێ ڕەش، المصدر السابق، ص١٣٨-١٤٧.

٢٩-الدملوجي، المصدر السابق،ص ١٠١.

٣٠- شذى فيصل رشو العبيدي، الاداره العثمانيه في الموصل في عهد الاتحاديين ١٩٠٨- ١٩١٨، رساله ماجستير غير منشوره، قدمت الى مجلس كليه الاداب، جامعه الموصل، تشرين الثاني ١٩٩٧، ص٣٨.

٣١- الدملوجي، المصدر السابق ص٩٩،ص١٠١.

٣٢- المصدر نفسه، ص١٠٤-١٠٥، الغلامي، المصدر السابق، ٥٠

٣٣- ابراهيم خليل احمد، المصدر السابق، ص١٩١.

٣٤- مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١- ١٩٣٢، (كردستان، ١٩٨٦) ص٢١

٣٥- ف. نيكيتين، المصدر السابق،ص١٩

٣٦- للتفاصيل ينظر، البارزاني، المصدر السابق،ص١٧- ١٨

٣٧- كمال مظهر احمد، المصدر السابق، ص١١٣.

٣٨- ويگرام، المصدر السابق،ص١٣٧

٣٩- پێ رەش، المصدر السابق ص١٢٢-١٢٣

٤٠- فؤاد مطر نصيف الدليمي، تغلغل النفوذ البريطاني في العراق ١٨٦٩-١٩١٤، رسالة ماجستير غير مشورة قدمت الى مجلس كلية الاداب/ جامعة بغداد،ايلول ١٩٨٩، ص٦٧

٤١- الدملوجي، المصدر السابق، هامش ص٩٦

٤٢- خدم في الموصل كنائب قنصل بريطاني من ١٢ اذار ١٩٠٨ لغاية ٣٠ كانون الثاني ١٩١٠.

٤٣- دەسەڵاتدارانی عوسمانی (هۆراس)یان بەوە تاوانبار کرد کە پەیوەندی بەعەشیرەتی هەماوەندو شێخ عەبدولسەلام کردووە، پاش چەندین نامە لەگەڵ سەفارەتی بەریتانیا هۆراس لەموسڵ گوازرایەوە بروانە دریژەی ئەو نامانەی پەیوەندییان بەشێخ عەبدولسەلامی بارزانییەوە هەیە لە

Musul- Kerkuk- Arsiv Belgeri, pp.313-317

٤٤- لەنموونە دیارەکان لەمبارەوە شێخ غەزبان بونییەو فالح بونییەی برای کە شێخی خێڵی (بەنی لام) بوون لەعیمارە، لەئادارو تەمموزی ساڵی ١٩١٣ پەیوەندییان بە کونسوڵی بەریتانییەوە کردو داوایان لێکرد بکەوێتە نێوانیان و لە دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە داوای بەزەییان لێ بکات... بروانە:

I.O.R, LIp,5/10/212,No. 3800, Summary of events in Turkish Iraq during july 1913, p;Ghassan R.Atiyyah; Iraq 1908- 1921, Asocio- political study(Beirut-1973)pp.40-41.

٤٥- بۆ نموونە پەیوەندییەکانی سەید تالیب نەقیب، کە لە رێبەرانی بزاڤی عەرەبی بوو لە بەسرەبوو، بەکونسوڵی بەریتانی لەو شارەداو بەرپرسانی دی لەدەرەوەی عێراق، ئەمەش چەند ساتێکی کەم پێش یەکەمین جەنگی جیهانی بروانە:Atiyyahi, op. cit, p.88 هەروەها ومیض عمر نظمي، ثورة ١٩٢٠، الجذور السياسة والفكرية والاجتماعية لحركة القومية العربية (الاستقلالية) في العراق، ط٢ (بغداد، ١٩٨٥) ص١٠٤.

٤٦- I.O.R, lip, 5/10/212, No. 3105, Summary of events in Turkish Iraq during June 1913,p.9.

٤٧- بۆ درێژە بروانە: صالح خضر محمد الدليمي، الدبلوماسيون في العراق ١٨٣١- ١٩١٤، دراسة تاريخية، رسالة دكتوراه غير منشورة قدمت الى مجلس كلية التربية الجامعة المستنصرية، بغداد ١٩٩٦، ص ٨٥-٨٦.

٤٨- بەڵگەنامەکانی ئەم بابەتە لەزنجیرە (٩٥) دان و لەلاپەرەکانی ٤٠٥ تا ٤٠٦ یان گرتووە، یەکەمین بەڵگەنامە دەقی بروسکەی ویلایەتی (وان)ە بۆ نەزارەتی نێوخۆیی لە ١٩١٩/١١/٢٩ بۆ درێژەی براوانە:

Musul- Kerkuk ile il Gili Arsiv belgleri 1525-1919 pp 405-406.

٤٩- ف. نيكتين، المصدر السابق، ص٢١

٥٠- د. احمد عثمان ابوبكر (حركة الشيخ عبدالسلام البارزاني) جريدة التاخي عدد ٢٤/ ١٠/ ١٩٧١

٥١- ابراهيم خليل احمد، المصدر السابق،١٠١

٥١- پێ رەش، المصدر السابق، ص١٣٦

٥٣- د. احمد عثمان ابوبكر (هل نذكر الشيخ عبدالسلام البارزاني؟) مجلة شمس كردستان، العدد (٥) السنة (٢) اب ١٩٧٣ ،ص٢٥.

# بارودۆخی کۆمەڵایەتی - ئابووری و سیاسیی کوردستانی عێراق لە سەرەتای ساڵانی١٩٦٠دا

**د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس**

**ڕاگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری- زانکۆی سەلاحەدین**

### ١- دابەشبوونی دانیشتوان:

کوردستانی عێراق بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی بە یەکێک لە بێشکەو لانکەکانی شارستانیەتی مرۆڤ دادەنرێت. دەتوانین بڵێین ڕووبەری کوردستانی عێراق، ڕووبەری پارێزگاکانی دهۆک، موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی دەگرێتەوەو، بە پێی ئامارە رەسمیەکانی دەوڵەت ڕووبەری ئەم پارێزگایانە دەکاتە ٩٧,٧٣٢کم٢، ئەمەش نزیکەی ٢٣ ٪ی هەموو پانتایی عیراقە [١]. جگە لەوەش هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان وەک ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی،دەکەونە سنووری پارێزگای دیالەوە.

دانیشتوانی کوردستان بە پێی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٥، «١,٧٢٢,٥٦٧»کەس بووە، کە دەکاتە٢٧,٣ ٪ ی هەموو دانیشتوانی عیراق [٢] بەڵام بە پێی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٦٥ دانیشتوانی کوردستان ٢,١١٨,٢٨٨ کەس بووە کە ٢٥ ٪ی هەموو دانیشتوانی عێراقی لەو ساڵە پێکهێناوە [٣]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەی دانیشتوان لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵی١٩٥٧- ١٩٦٥ ٢ر١ ٪ جار زیادی کردووە، بەڵام ڕێژەی دانیشتوانی کوردستانی عێراق بۆ هەموو وڵاتەکە لە هەمان ماوەدا کەمی کردووە لە ٢٧,٣ ٪ بۆ ٢٥ ٪. کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان لە چاو هەموو ژمارەی دانیشتوانی عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ:

### ١- نزمی ئاستی ژیان لە کوردستانی عێراقدا:

بۆ نموونە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠دا رادەی گشتی کرێی مانگانەی کرێکارێک لە دەزگا پیشەسازییە گەورەکاندا تەنیا ١٨دینار بووە، هەرچەندە نرخ لە سەر کەلوپەلی خواردەمەنی لەو ساڵانەدا ١٩ ٪ زیادی کردبوو. لە ساڵی ١٩٦٣ لە کوردستاندا داهاتی کرێکاران لەوەش نزمتر بووە، بۆ نموونە رادەی گشتی داهاتی ساڵانەی کرێکارێک لە شاری هەولێردا تەنیا ١١٠ دینار بووە[٤]. جگە لەوەش بە هۆی ئەو ئابلۆقە ئابوورییەی حکومەتی عێراق سەپاند بووی بەسەرناوچەکانی کوردستاندا ئەوەندەی تر نرخی کەلوپەلی پێویستی بەرز کردبۆوە. بۆ نموونە نرخی یەک کیلۆ شەکر لە ٨٠ فلسەوە بەرز بووبۆوە بۆ ٥٠٠فلس واتە پتر لە ٦جار زیادی کرد بوو.

**٢- پەرێشانی بارودۆخی تەندروستی لە کوردستانی عێراقدا :** لە ڕاستیدا لە رووی پراکتیکەوە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە

خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بێبەش بووبوون، پزیشک تەنیا لە شارە گەورەکاندا هەبوون، بۆیە ڕێژەی مردن لە کوردستاندا زۆر بەرز بوو، هەر بۆ نموونە، ڕێژەی مردن لە نێو دانیشتوانی کوردستاندا لە سالی ١٩٥٩دا ٣٦کەس بوو بۆ هەر یەک هەزارکەس . بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە ناهەموارە ئاشکراتر بێت دەتوانین ئەم ژمارانە بدەین بە دەستەوە:لە سالانی ١٩٥٠دا ڕێژەی مردن لەم ولاتە دواکەوتوانەی خوارەوە دا بەم شێوەیە بووە: گامبیا١٧,٨ ، مەکسیک١٥,٢ . سیلان١١,٢ بۆ هەر یەک هەزار کەس [٥].

**٣- کەم و کورتی پرۆسەی سەر ژمێری سالی ١٩٦٥ لە کوردستاندا ،** چونکە لە ناوچەگوندییەکان ، بە تایبەتی ناوچەکانی شاربازێڕ، پێنجوین، پشدەر، ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی ، هەروەها لە زۆربەی گوندەکانی پارێزگاکانی دهۆک ، هەولێر سەر ژمێری دانیشتوان نەکرا[٦].

لە کوردستانی عێراقدا فاکتەری جیۆگرافی کارێکی گرنگی کردۆتە سەر دابەشبوونی دانیشتوان. کوردستانی عێراق جیاوازە لە ناوچەکانی تری عێراق لە رووی بارودۆخی سروشتییەوە . بۆ نموونە ڕادەی سالانەی بارانبارین لە ناوچەکانی پێنجوین دەگاتە ١٤١٠ ملم لە کاتێکدا ئەم ڕادەیە لە ناوچەی حەوێجە دەگاتە ٢٥٨,٣ ملم کە بریتییە لە کەمترین ڕادەی سالانەی بارانبارین لە کوردستان، لە هەمان کاتدا ڕادەی سالانەی بارانبارین لە ناوچەکانی تری عێراقدا زۆر لەمەش کەمترە. بۆ نموونە لە بەغداد ١٤٦,٩ملم و لە ناسریە تەنیا١١١,٦ملم/ بە[٧] جگەلەوەش خاکی کوردستان زۆر بە پیت ترە و سەرچاوەیەکی زۆری ئاوی تێدایە.

گەر سەرنجی دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بدەین، دەبینین زۆربەی زۆریان لە دەوروبەری ڕووبارەکان کۆبوونەتەوە، کەچی دانیشتوانی کوردستانی عێراق تاڕادەیەکی زۆر بە ڕووبەری ناوچەکەدا بە یەکسانی بلاوبوونەتەوە ، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەباری بارودۆخی سروشتی لە کوردستاندا.

یەکێک لە ڕوخسارە دیمۆگرافیەکانی کوردستانی عێراق بریتییە لە بەرزی چڕی دانیشتوان لە چاو ناوچەکانی تری عێراقدا. بە پێی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە سالی ١٩٦٥ دا چڕی دانیشتوان لە سەرانسەری عێراقدا، لە یەک کیلۆمەتری چوارگۆشەدا ١٨ کەس بووە، کەچی لە کوردستانی عێراقدا چڕی دانیشتوان ٢٣,٢ کەس بووە بۆ هەر کم٢ .لە سالی ١٩٧٥چڕی دانیشتوان لە عێراقدا بەرز بۆتەوە بۆ ٢٦کەس /کم٢ ، بەلام لە کوردستاندا گەیشتە٣١کەس/کم٢ لە هەمان سالدا. ئەوەی جێگەی سرنجە لە سالی ١٩٧٥ دا چڕی دانیشتوان لە ناوچەکانی کەرکوک بۆ٤٩کەس/کم٢ بەرز بۆوە، لە کاتێکدا سالی ١٩٦٥ ٢٤کەس/کم٢بوو[٨] واتە لە ناوچەکانی کەرکوکدا چڕی دانیشتوان زیاتر لە دووجار لە نێوان سالانی ١٩٦٥-١٩٧٥ زیادی کردووە. ئەم زیادە کتوپڕییەی چڕی دانیشتوان لە ناوچەی کەرکوکدا لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی بە عەرەبکردن کە حکومەتەکانی عێراق لە ناوچە نەوتییەکانی کوردستاندا سەپاندوویانە، کە لە ئەنجامدا دەیان هەزار خێزانی کورد لەو ناوچانەدا ڕاگوێزراون و سەدان هەزار خێزانی عەرەب هێنران و لەجێگەی ئەواندا نیشتەجێ کراون، لە لایەکی دیکەوە هەندێ ناوچەی تری وەک کەلار و چەمچەمال کە ڕووبەرێکی فراوانیان هەیە و ژمارەیەکی کەم دانیشتوانیان تێدا دەژی لە ڕووی کارگێڕییەوە لە پارێزگای کەرکوک پچڕێنران و بە پارێزگای سلێمانییەوە لکێندران.

یەکێک لە سیما و ڕوخسارەکانی دابەشبوونی دانیشتوان لە عێراقدا وەک هەموو ولاتێکی دواکەوتووی تر بریتییە لە بەرزی ڕادەی ژمارەی گوندنشینەکان لە چاو ژمارەی شارنشینەکاندا.بەپێی سەرژمێری سالی ١٩٥٧ دانیشتوانی گوندەکان لە عێراقدا ٦١,٢ ٪ی هەموو ژمارەی دانیشتوانی پێکدەهێنا ، لە کوردستاندا ئەو ڕێژەیە بەرزتریش بوو، دەگەیشتە٦٧ ٪ [٩].

ژیانی گوندنشینەکانی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر بەرهەمهێنانی کشتوکال و مەڕو مالات بەخێو کردن بەندە، زۆربەی زۆری دانیشتوانی

کوردستان نیشتەجێن بەپێی ئامارە رەسمییەکان لە ساڵی ١٩٥٧دا تەنیا ٥,٨٥٩ خێزان لە کوردستاندا رەوەند بوون و ژیانیان بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەوە بەند بووە. ئەمانە هاوینان مێگەلەکانیان بەرەو زۆزانەکان دەبردو زستانانیش دەگەڕانەوە بۆ دۆڵ یا دەشتەکان. ئەگەر ژمارەی هەر خێزانێک بە (٥)کەس دابنێین ئەوا ژمارەی هەموو کۆچەرو رەوەندەکانی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٥٧ دا دەکاتە ٢٩,٢٩٥کەس کە تەنیا ١.٧ ٪ی هەموو دانیشتوانی کوردستانی پێکدەهێنا[١٠] ئەمانەش لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە بە هۆی نا ئارامی بارودۆخی سیاسی و جەنگ لە کوردستاندا ناچار بوون لە گوندو شارۆچکەکانی کوردستاندا نیشتەجێ ببن بە تایبەتی پاش ئەوەی هاتوچۆیان لە نێـــوان سنوورە نێودەوڵەتیەکاندا ئاڵۆزتر بوو.

بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینانی کوردستان٣٣ ٪ی هەموو دانیشتوان بوو، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە دەگەیشتە٣٨,٨ ٪ ی دانیشتوان لە سەرانسەری عێراقدا[١١].

لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا زۆربەی دانیشتوانی کوردستان نەخوێندەوار بوون، سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ئەوەمان نیشان دەدات کە ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستاندا٦٤ ٪ی هەموو دانیشتوان بووە. شایانی باسە ڕێژەی نەخوێندەواری لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری کوردستان وەک یەک نەبووە. لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا کەمترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستاندا لە نێو دانیشتوانی ناوچەی کەرکوکدا بووە ٥٣,٦ ٪، بەرزترینیش لە ناوچەی هەولێردا کە ڕێژەی نەخوێندەواری دەگەیشتە ٧٠ ٪ . نەخوێندەواری لە نێو ژناندا زۆر لەو ڕێژەیەش زیاتر بوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزیی پاشماوەی پەیوەندیەکانی پێش سەرمایەداری، هەر وەها ڕێژەی نەخوێندەواران لە نێو دانیشتوانی گوندەکاندا زۆر بەرزتر بوو لە چاو دانیشتوانی شارەکاندا . بۆ نموونە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٦٠دا ٧٦ ٪ی هەموو نەخوێندەوارەکانی لیوای سلێمانی گوند نشین بوون[١٢]، چونکە بەدەگمەن لە گوندەکاندا قوتابخانە هەبوو.

فرە ئایینی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی تری دانیشتوانی کوردستان. موسوڵمان زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان پێکدەهێنن. لە نیوەی دووەمی ساڵانی پەنجاکاندا پێکهاتەی ئایینی دانیشتوانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

| | |
|---|---|
| ٪90.0 | موسوڵمان |
| ٪ 6.5 | دیان (مەسیحی) |
| ٪ 3.2 | ئێزیدی |

لەکاتێکدا لە عێراقدا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

| | |
|---|---|
| ٪ 95.5 | موسوڵمان |
| ٪ 3 | دیان |
| ٪3.2 | ئێزیدی[١٣] |

لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوایەتیی دانیشتوانیشەوە، کوردستانی عێراق زۆر جیاوازە لە ناوچەکانی تری عێراق. کورد زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنێ. شان بە شانی کورد ژمارەیەک لە کەمەنەتەوایەتیش لە کوردستاندا دەژین وەک عەرەب ،تورکمان،ئاشوری،کلدان،ئەرمەن وهی تریش.بە پێی سەرژمێرە رەسمییەکانی دەوڵەتی عێراق لە ناوەراستی ساڵانی ١٩٦٠ دا پێکهاتەی نەتەوایەتیی لە کوردستانی عێراقدا بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

کورد ١,١٣٦,١٩٨کەس کە ٥٤,١ ٪ ی هەموو دانیشتوانی کوردستانی عێراقی پێکهێناوە.

عەرەب ٧٨٧,٩٤١ کەس کە ٣٧,٥ ٪ی هەموو دانیشتوان بووە.

تورکمان ١٦,٣٥٥ ککەس کە ٥ ٪ ی هەموو دانیشتوان بوون[١٤].

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ، ئەوەیە ، ئامارە رەسمییەکان سەبارەت بە دانیشتوانی کورد لە عێراقدا تابلۆیەکی راستەقینەمان نیشان نادەن، چونکە ئەو ژمارانە بە پێی بەرژەوەندی دەسەڵاتدارە شۆڤێنییەکان دەشێوێندرێن. بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانیدا و بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ژمارەی عەرەب بریتی بووە لە ٥٢,٥٩١ کەس ، کورد ٣٤٥,٨٦٣ کەس . لە کاتێکدا کۆی گشتیی

دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانیدا لەهەمان کاتدا بریتی بووە لە ٣٩٩.٨٣٨کەس[١٥]. بەم پێیە دانیشتوانی عەرەب ١٣.١٥٪ی هەموو دانیشتوانیان پێکهێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دانیشتوانی عەرەب لە پارێزگای سلێمانیدا ١٦جار زیادی کردووە لە چاو ساڵی ١٩٥٧. ئەمەش لە راستیەوە دوورە، چونکە ئاشکرایە عەرەب بەو رێژەیە لە هیچ کاتێک لە سلێمانیدا نەبووە، ئەگەرچی لە ساڵانی شەستەکانداو بە هۆی سەپاندنی سیاسەتی بە عەرەبکردن، بەتایبەتی لە ناوچەکانی موسڵ، کەرکوک، خانەقین ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لە کوردستاندا زۆر بە خێرایی زیادی کردووە. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سیاسەتی بە عەرەبکردن لە کوردستانی خواروودا لە ساڵی ١٩٢١دوە دەستی پێکردووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی عێراقدا، کاتێ رێگە بۆ خێڵە عەرەبەکان خۆشکرا تاکو لە ناوچەکانی خوارووی کوردستانی عێراقدا نیشتەجێ بن. حکومەتی عێراق لەوسەردەمەدا مافی ئەوەی بە خێڵە عەرەبەکان دا، سوود لە زەوییەکانی میری لە دەشتاییەکانی ژەنگاردا وەرگرن. لە ساڵی ١٩٣٣شەوە میری دەستی کرد بە دروستکردنی گوندو هەڵکەندنی بیری ئاو بۆ ئەو عەرەبە کۆچەریانەی لەو ناوچانەدا نیشتەجێ کران. بەم شێوەیە خێڵە عەرەبەکان دەستیان بە کشتوکاڵ کردن کرد لە ناوچەکانی ژەنگارو تەلەعفەر. بە بیرو بۆچوونی د. نوری خلیل البرازی ژمارەی عەرەبە نیشتەجێکراوەکان لە ناوچەی (الحضر)دا گەیشتە ٨٠٪ی هەموو دانیشتوانی ناوچەکە[١٦].

لە ساڵی ١٩٥١ەوە حکومەتی عێراق سیاسەتێکی وردترو نەخشە بۆ کێشراوی پەیرەو کردووە بۆ بە عەرەبکردنی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمیتەیەکی دەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەناوچەکانی جزیرە پێکهێنراوەو زەوییە میریەکانی بەسەر خێڵە عەرەبەکاندا دابەشکردو لەو ناوچانەدا گوندی عەرەبنیشین دروستکرا و هەر خێزانیکی عەرەب ٣٧.٥ هێکتار زەوی پێ بەخشرا. لەناوەراستی شەستەکاندا سیاسەتی بە عەرەبکردن توندو تیژتر بوو. تەنیا لە ناوچەکانی حضر، ژەنگار، تەلەعفەرو شمال لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٥دا ٧٢٦کۆمەڵگای عەرەبنشین دروستکراوە کە ژمارەی دانیشتوانیان ١٠٦.٨٧٧ کەس بووە[١٧]. جگە لەوەش لە ساڵی ١٩٦٣دا بە فەرمانی میری گەڕەکی (شۆرجە) لە کەرکووک خاپوورکرا کە زیاتر لە هەزار خێزانی هەژاری کوردی تێدا دەژیاو دانیشتوانەکەی لە کەرکووک دەرکران و، لە شارو شارۆچکەکانی تردا نیشتەجێ کران. میری لەو جێگایەدا خانووبەرەی نوێی بۆ ئەو خێزانە عەرەبانەی لە کەرکووکدا نیشتەجێ دەکران، دروستکرد[١٨].

بەم شێوەیە دەبینین لە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی دەسەڵاتدارە یەک بەدوای یەکەکانی عێراقدا، بە تایبەتی لە ساڵی١٩٦٣وە پێکهاتەی نەتەوایەتیی کوردستان شێوێندرا. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی کوردستانی عێراق لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا بریتی بوو لە:

١- بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوان بە یەکسانی بڵاو بوونەتەوە لە هەموو رووبەری ناوچەکەدا.

٢- زۆربەی دانیشتوان گوندنشین.

٣- بەرزیی رادەی نەخوێندەواری بە تایبەتی لە نێو گوندنشینان و ژناندا.

٤- فرە ئاینی و فرە نەتەوەیی لە نێو دانیشتوانی کوردستاندا.

٥- شێواندنی پێکهاتەی نەتەوایەتیی دانیشتوان لە ئەنجامی سیاسەتی بە عەرەبکردندا.

## ٢- سامانی سروشتی لە کوردستانی عێراقدا:

بارودۆخی جیۆگرافی کوردستانی عێراق لە چاو هەرێمەکانی تری عێراقدا زۆر لەبارترە، بۆ نموونە کەمترین رێژەی ساڵانەی باران بارین لە کوردستاندا ٢٥٨.٣ ملم-ەو بەرزترینیش ١١٤١ ملم-ە[١٩] لە کاتێکدا زۆرترین رێژەی ساڵانەی باران بارین لە عێراقدا نزمترە لە کەمترین رێژەی باران بارین لە

کوردستاندا، جگە لەوەش خاکی کوردستان بە پێچەوانەی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق مەترسی شۆرەکاتی نییە.

بەپیتیی خاک و زۆری ئاو و سەرچاوەکان، دوو هۆکاری سەرەکین بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ لە کوردستاندا، هەربۆیە کوردستان لەسەر ئاستی عێراق بۆ بەرهەمهێنانی زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە پلەی یەکەم دێت.

هینی هارولد ویلسنی ئارکیۆلۆژ لە ساڵانی ١٩٥٠دا سەردانی کوردستانی خوارووی کردووە، لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گوندنشینەکان هیچ پێویستیەکیان بە شار نییە جگە لە شەکرو چای و لە راستیدا هیچ لە شار ناکڕن و هەموو پێداویستییەکانی خۆیان دابین دەکەن، تەنانەت جلوبەرگیش هەر خۆیان بەرهەمی دێنن [٢٠]

دانەوێڵە لە کوردستاندا بەرهەمێکی سەرەکی کشتوکاڵە، کوردستان لە ساڵی ١٩٦١دا ٦١٪ی گەنم و ٦٥.٥٪ی جۆی گشت عێراقی بەرهەم هێناوە[٢١].

لە کێڵگەکانی کوردستاندا نزیکەی هەموو بەرهەمی توتنی وڵات بەدەست دێت، ئەو توتنە کوردییەی لەسەر ئاستی بازاڕەکانی جیهان پەسندە.

ناوچەکانی کوردستان بە رەزو باخچەو بەرهەمی میوەی وەک ترێ، بادەم، گوێز، بەهێ، هەرمێ، قەیسی، هەڵوژە... هتد بەناوبانگن [٢٢].

دارستان و بەرهەمەکانی رۆڵێکی گرنگ لە ئابووری کوردستاندا دەگێڕن، یەکێک لە سەرچاوەکانی داهات دارستانەکانە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٢دا لە دارستانەکان بڕی ٢,٥٠٤ هەزار دینار بەدەست هاتووە[٢٣].

شایانی باسە، دارستانەکان تەنیا سەرچاوەیەک نین بۆ داهات و بەس، بەڵکو دەبنە هۆی رازاندنەوەی قەدپاڵی چیاو دۆڵەکان و بوونیان لە شوێنی گەشت و گوزارو هاوینەهەوار بۆ گەشتیارە عێراقی و بێگانەکان، ئۆ. گیراسیمۆڤ دەڵێت: «ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتی عێراق هێندە دڵگیرو رەنگینن کە لە جوانی دیمەنە سروشتییەکانیدا کەمتر نین لە ناوچە شاخاوییەکانی لوبنان یان سویسرا» [٢٤].

رووبەری دارستانەکانی کوردستان بەردەوام لە بچووکبوونەوە دایە، ئەوەش بە هۆی ژمارەیەک لە هۆکاری سروشتی و لەژێر کارتێکردنی دیاردە مرۆییەکاندا بەتایبەتی پرۆسەی جەنگ رۆڵێکی یەکجار کاولکارانەی دیوە، نەک تەنیا بۆ لەناوبردنی دارستانەکان، بەڵکو بۆ نەهێشتنی ژمارەیەکی زۆریش لە باخچەو رەزو داری بەردار کە جووتیارەکان چاندوویانە.

خاکی کوردستان لەرووی سامانی سروشتییەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڕای مەیراکۆف م. ئە. کوردستانی عێراق لە رووی سامانی سروشتی و کانزاییەوە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست [٢٥].

کۆمپانیای بەریتانی Site investigation Company لە ساڵی ١٩٥٤دا لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی جیۆلۆجی خاکی کوردستانی کردووەو تیایدا جەخت دەکاتە سەرئەوەی کە ناوچە دەوڵەمەندەکان بە سامانی سروشتی دەکەونە ناوچە چیاییەکانی نزیک سنووری کوردستانی ئێران و تورکیا، کە بەهێڵێک درێژ دەبێتەوە لە دهۆک -ئاکرێ- کۆیە- سلێمانی- هەڵەبجە، رووبەری ئەم ناوچەیە ٢٠ هەزار کم٢ دەبێ کە دەکاتە ٥٪ی هەموو رووبەری عێراق[٢٦].

خاکی کوردستان ئاسنێکی زۆری تێدایە، کە زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکانی پێنجوین و حەسەن ئاوا بەدی دەکرێت. لە ناوچەکانی دەربەندو هەڵەبجە کانە ئاسنێک دۆزراوەتەوە کە شارەزایان بە ٣ ملیۆن تۆن دەیخەملێنن کە رێژەی ئاسن تیایدا دەگاتە ٨٠٪ [٢٧]

مس کانزایەکی ترە لە سامانە گرنگەکانی کوردستان، کانە دەوڵەمەندەکانی دەکەوێتە ناوچەکانی وەک: کانی مانگا، چیاکانی پێنجوین، ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای چوارتا، چیاکانی ماوەت، باکووری قەندیل و ناوچەی گەڵاڵە.

جگە لەوانەی باسکران، لە کوردستاندا کانزای تر هەیە وەک: زێڕ، مەگنیسیۆم، نیکل، کرۆم، هی تر،

لە دۆڵەکانی شلێر، میرزا رۆستەم، دوکان، قەڵادزێ، زێڕ بەدی کراوەو لە ناوچەکانی پێنجوین، ڕانیە، سلێمانی، مەگنسیۆم هەیە.

ناوچەکانی رانیە، ئامێدی و زاخۆ دەتوانن لە کانزاکانی مس و قورقوشم پێداویستییەکانی هەموو وڵات دابین بکەن، جگە لەوەش کوردستان بە دەوڵەمەندی گۆگرد بەناوبانگە، کە زیاتر لە ناوچەکانی کەرکووک و موسڵ هەیە، جیۆلۆجیە سۆڤیەتییەکان باسی ئەو گۆگردەی لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦٢ دا دۆزیویانەتەوە بە ٨٥٠ ملیۆن تۆن دەخەمڵێنن کە ٣٫٥ جار لەو گۆگردەی لە سکلیا (صقلیە) هەیە زیاترە، کە بە گەورەترین بەرهەمهێنەری وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە جیهاندا دادەنرێت[٢٨].

لە دەڤەرەکانی زاخۆ، ئامێدی و پێنجوین خەڵووزی بەردین زۆری لێ دۆزراوەتەوە، هەرچەندە تاکو ئێستاش سوودی لێ وەرنەگیراوە، بەڵام لە ناوچەکانی کفری و ئینجانە خەڵووزی بەرد هەر لەمێژە لەلایەن دانیشتوانەوە دەردەهێندرێت، ئەگەرچی تاکو ئێستاش لە ئاستی پێویستدا نییە. کوردستان لە بەردی کلسیدا زۆر دەوڵەمەندە و بە شێوەی زۆر بەرفراوان لە بیناسازیدا بەکاردێت و یەکێکە لە کەرستە سەرەکییەکانی پیشەسازیی چیمەنتۆ، ئێستا لە شاری سلێمانیدا دوو کارگەی چیمەنتۆ هەیە کە لەسەر ئاستێکی بەرز بەرهەم دەهێنن.

بەردی مەڕمەڕ بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەکانی پێنجوین، چوارتا، قەڵادزێ، هەڵەبجە، قەندیل، گەلاڵە، ڕایات... هتد. هەیە [٢٩] دانیشتوانی کوردستان هەر لەمێژەوە بەردی مەڕمەڕیان بەشێوەیەکی سەرەتایی دەرهێناوەو تائێستاش لەبەرهەمهێنانی بەردەوامن.

لەناوچەی سلێمانیدا زاپاسێکی زۆریی یۆرانیۆم دۆزراوەتەوە [٣٠] لە هەرێمەکانی چوارتا، ئامێدی ،کانی ڕەش، کڤارتس، هەیە.

سامانێکی تری کوردستان بریتییە لە قیر کە زیاتر لە ناوچە نەوتییەکان بەدی دەکرێت بەتایبەتی موسڵ.

گرنگترین سامانی سروشتی کوردستان بریتییە لە نەوت و گازی سروشتی، دەوڵەمەندترین چاڵە نەوتییەکانی کوردستان دەکەونە ناوچەی کەرکووک کە هەر لە ساڵی ١٩٢٧ەوە زۆر بە بەرفراوانی بەرهەم دەهێنرێت و بە یەکێک لە چاڵە نەوتە گرنگەکانی جیهان دەژمێردرێت، گرنگی چاڵە نەوتەکانی کەرکووک لەوەدایە کە بە ئاسانی دەردەهێنرێت و بیرەکانیش هێندە قووڵ نین، لە نێوان ٣٠٠-٧٠٠م لەژێر زەوییەوە دان، جگە لەوەش رووبەرێکی فراوانیان لەخۆگرتووە، لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا زاپاسی نەوتی کەرکووک بە ٢ ملیار تەن خەمڵێنراوە، کە دەکاتە نزیکەی ٦٠٪ زاپاسی هەموو عێراق[٣١].

لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا خەرجی دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوت لە کوردستاندا ٤٫٢ سەنت بوو، لەکاتێکدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ١٥١سەنت و، لە فەنزوێلا ٦٣ سەنت و، کوەیت ٩٫٨ سەنت بووە[٣٢].

نزمی خەرجی دەرهێنانی نەوتی کوردستان مانایەکی تایبەتی هەیەو هێندەی تر گرنگی ئەم سامانە سروشتییەی زیاد کردووە.

پاش کەرکووک بە پلەی دووەم چاڵە نەوتەکانی ناوچەی موسڵ دێت. لە ساڵی ١٩٦٤دا، ڕۆژانە لە ناوچەی موسڵ ٢٥٨٥٠ بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوە، بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی کوردستان لە هەمان ساڵدا ٨٩٤٥٨٠ بەرمیل بووە کە بریتی بوو لە ٧١٫٦٪ی هەموو بەرهەمی نەوتی عێراق[٣٣]. شایانی باسە، نەوتی کوردستان وا هەڵکەوتووە کەنزیکە لە سەرچاوەکەی تری سامانی سروشتی لە وڵاتەکەدا، ئەمەش بارودۆخێکی ئابووری لەباری ڕەخساندووە بۆ گەشەکردنی ئابووری پیشەسازیی هاوچەرخ و هەمەجۆرو هەمەلایەن لە وڵاتدا.

گازی سروشتیش وەک سامانێکی تری کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا. زاپاسی گازی سروشتی کوردستان بەپێی زانیارییەکانی ساڵانی ١٩٦٠ لە ٩٠٠ ملیار م٣ زیاتر بووە.

تەنیا لە ساڵی ١٩٦٤دا کوردستان ٨٧١٦١ ملیۆن پێی سێ جای بەرهەمهێناوە کە دەکاتە ٨٦٫٥٪ هەموو بەرهەمی عێراق [٣٤]. ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆربەی زۆری گازی سروشتی لە کوردستاندا بێهودە لە سەرچاوەکانیدا دەسووتێندرێت، لەکاتێکدا وڵاتەکە پێویستییەکی زۆری بەم سامانە پڕ بایەخە هەیە، لە ساڵی ١٩٦٤ دا ئەوەی لە کوردستاندا لە گازی سروشتی بەرهەمهێنراو بەکارهێنراوە بریتی بووە لە ٢٠ - ٣٠٪ی بەرهەمی گشتی کوردستان و ئەوی تری بەفیڕۆ سووتێندراوە [٣٥]. ئاو کە یەکێکە لە سامانە سروشتییە ستراتیژییە گرنگەکان و بەشێک لە سامانی سروشتیی کوردستان پێکدەهێنێت، بەکارهێنانی هۆشیارانەی ئاوی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەکردنی هەمەلایەنەی کەرتە ئابوورییەکانی نەک تەنیا کوردستان بەڵکو عێراقیش، بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان، کە رووبەریان لە ٣٨١کم٢ زیاترە و زیاتر لە ٣٠ ملیار م٣ ئاو دەگرنە خۆ [٣٦] ئەم بەندانەو ئەستێلکەکانی تر دەتواندرێت ببنە سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی وزەی ئەلەکتریک، ئاودێری، بەخێوکردنی ماسی و گەشەپێدانی گەشتوگوزار... هتد.

لە کوردستانی عێراقدا سەروەت و سامانی سروشتی تر زۆرن، بەڵام بەهۆی دواکەوتوویی بارودۆخی تەکنۆلۆژی و نەبوونی ئارامی سیاسی و سیاسەتی دەسەڵاتدارانی عێراق لە کوردستاندا کە مەبەستیان نییە کوردستان لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گەشە بکات، سوود لەو سامانە سروشتییانە وەرنەگیراوە، گەر ئاسایش و ئارامی لە کوردستاندا دابین بکرێت و سوود لە دەستکەوتە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان وەربگیرێت، دەتواندرێت گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی نەک تەنیا لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا بکرێت بەڵکو لەسەر ئاستی سەرانسەری عێراقیش، بەتایبەتی لە بواری گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی گەورە، سەروەت و سامانی سروشتی و هێزی کار لە کوردستاندا دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆ گەشەکردنێکی داهاتوو لە وڵاتدا.

□

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


١- زینی عبدالعزیز، الاحصاء السكانی، بغداد، ١٩٦٩ص٧١

٢- وزاره الداخلیه العراقیه، مدیریه النفوس العامه، المجموعه الاحصائیه لتسجیل عام ١٩٥٧، بغداد ١٩٦٣ (ج١، ٢، ٣، ٤) ج١ص١-٢٢، ١٢٢-١٣٣، ج٢ص١-١٢، ٦٧-٧٢، ج٣ص١-١٤، ٨١-٨٤، ج٤ص١-١٠، ٥٦-٥٨ .

٣- وزاره التخطیط- الجهاز المركزی للاحصاء، نتائج التعدادالعام للسكان لسنه ١٩٦٥، بغداد، ١٩٧٣، ص٤-٢٨ .

٤- الجمهوریه العراقیه، وزاره التخطیط، المجموعه الاحصائیه لسنه ١٩٦٣، بغداد ١٩٦٤ ص٨٤ .

5- United Nations, Deinographic year book, 1957 p.186-199 .

٦- وزاره التخطیط- الجهاز المركزی للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنه ١٩٦٥ بغداد ١٩٧٣ ص٣-١٢ .

٧- بروانە:

- Abdul Cader, Raumliche disparitaten der lebensgrund lagen in Irakischen Kurdistan, Ein Beitragzur regional planung Berlin, 1978, p.73.

- شاكر خصباك، العراق الشمالی، بغداد ١٩٧٣، ص٦٢ .

٨- بروانە:

- وزاره التخطیط نتائج التعداد العام للسكان لسنه ١٩٦٥، بغداد ١٩٧٣ ص٣١-٣٤٠ .

- وزاره التخطیط، الجهاز المركزی للاحصاء، المجموعه الاحصائیه لسنه ١٩٧٥، بغداد ١٩٧٦، ص٣٥ .

٩- المجموعه الاحصائیه لتسجیل عام ١٩٥٧، ج١، ص١-٢٢، ١٢٢-١٣٣، ج٢ ص١-١٢، ٦٧-٧٢، ج٣ ص١-١٤، ٨١-٨٤، ج٤ص١-١٠، ٥٦-٥٨ .

١٠- المجموعه الاحصائیه لتسجیل عام ١٩٥٧ ج١، ٢، ٣، ٤ المقدمه جێگای سەرنجە زۆربەی زۆری ئەو رۆژهەڵاتناسانەی دەربارەی کورد نووسیویانە کوردیان وەک کۆمەڵگایەکی رەوەند بینیوە، یان جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە ژمارەیەکی زۆر رەوەندن.

١١- سەرچاوەی پێشوو، ج١ص١-٢٢، ١٢٢-١٣٢،

ج٢ص١-١٢،٦٧-٧٢ ، ج٣ص١-١٤، ٨١-٨٤، ج٤ص١-١٠، ٥٦-٥٨ .

١٢- زینی عبدالعزیز الاحصاء السکانی- بغداد ١٩٦٩،ص١٩٦ .

١٣- تسجیل عام ١٩٥٧، ج١ ص٦٧-٧٧، ج٢ص٣١-٣٥، ج٣ص٤٣-٤٩، ج٤ص٣٧-٤٢ .

١٤- بڕوانە:

شاکر خصباک، العراق الشمالی، ص١٢٦-١٥٧

١٥- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

١٦- د. نوری خلیل البرازی، البداوه والاستقرار فی العراق، معهد البحوث والدراسات العربیه، القاهره ١٩٦٩، ص١٢٨ .

١٧- بڕوانە:

نافع ناصر القصاب، ملامح جغرافیه حول استیطان القبائل البدویه المستقله، مجله الجمعیه الجغرافیه العراقیه، ج٥، ١٩٦٩، ص٢٢-٢٤ .

١٨- بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە سیاسەتی بە عەرەبکردن و نیشتەجێ کردنی عەرەب لە کوردستاندا بڕوانە:

چیا ،ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس- بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە ١٩٨٧ .

19- Abdul Cader Cader, Raumliche dsparitaten der lebensgrund lagen in Irakischen Kurdistan, Ein Beit ragzur regional planung Berlin, 1978, p.73.

٢٠- هینی هارولد ویلسن، کچانی کورد، وەرگێڕانی: ناجی عباس ئەحمەد، بغداد ١٩٨٠ ل ١٣٦-١٣٧ .

٢١- بڕوانە النشره الاحصائیه الزراعیه لعام ١٩٦١ وزاره الزراعه، مدیریه الزراعه العامه، بغداد ١٩٦٢ ص٣،١٨،٧٧،٩٢ .

٢٢- مەیراکۆڤ م. ئە، کوردستانی عێراق- جوگرافیای ئابووری ، ڕێفێترات مینسک ١٩٧٢ ل١٥ (بەزمانی ڕووسی).

٢٣- علوان عبدی احمد، مقدمه فی الاقتصاد الزراعی، بغداد، ١٩٦٦ ج١ ص١٢٦ .

٢٤- گراسیمۆڤ ئۆ، عێراق- مۆسکۆ ١٩٨٤ ل٧ (بە ڕووسی).

٢٥- مایراکۆڤ، هەمان سەرچاوە ل٧ .

٢٦ - بڕوانە:

Site investigation company T.1

27- National Iraqi miniral company, out line of mineral programme for 1971-1990. by Tibur Buday and Mirko Vanecco, Baghdad, 1971,P.40.

٢٨- ئاشیران ش. ج. بزووتنەوەی نەتەوایەتی دیموکراسی لە کوردستانی عێراق ١٩٦١-١٩٦٨، مۆسکۆ ١٩٧٥ ل٩ (بەڕووسی).

٢٩- التطور الاقلیمی فی العراق- دراسه عامه للمنطقه الشمالیه- البعثه الاسبانیه ص٣٠ .

٣٠ بڕوانە: بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان -ئاب ١٩٨٢ ل١٢ .

٣١- مایراکۆڤ، هەمان سەرچاوە ل٧ .

٣٢- لازاریف م.س. کوردو مەسەلەی کورد، گۆڤاری ئاسیاو ئەفریقیا ئەمڕۆ- ژ ١٢-١٩٨٣، ل٣٧ (بە زمانی ڕووسی).

٣٣- وزاره التخطیط- المجموعه الاحصائیه لسنه ١٩٧٠، بغداد ١٩٧١ ص٥٣٠-٥٣١ .

٣٤- هەمان سەرچاوە ل٥٣٤ .

٣٥- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

٣٦- وزاره التخطیط- کتاب الجیب الاحصائی لسنوات ١٩٥٧-١٩٦٧- بغداد، ١٩٦٨ ص٢٣.

# دیاردەی ئیسلامی و چۆنیەتی رەفتار کردنی ئەمریکا لەگەڵیدا

د. فەوزیە سابیر

زانکۆی موستەنسرییە

هەرکە لە سەرەتای هەفتاکانەوە لەگەڵ وەئاگاهاتن و بووژانەوەی دیاردەی ئیسلامی چەند نێوەندێکی خۆرئاوا لە توێژەر و سیاسەتزان و بڕیاربەدەستان کەوتنە هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆ توێژینەوە و شیکردنەوەو چاودێری کردنی ئەم دیاردەیە بە هەموو شێوەکانییەوە و دانانی نەخشەو راسپاردەی پێویست کە چۆن رەفتاری لەگەڵدا بکرێ و بیخەنە ئەو قاڵبەی کەوا ئەم دیاردەیە مەترسییەکی چاوەڕوانکراوە بۆ سەر شارستانییەتی خۆرئاوا، بەتایبەتی پاش هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆسیالیستی و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و سەرەتای بانگەشەکردن بۆ پەیدا بوونی سیستەمی تازەی جیهانی، وەک ئەوەی خۆرئاوا چ گرفت و مەترسییەکی دی نەبێ ، جگەلەوەی کە ناویان لێناوە(ئسولییەتی ئیسلامیی).

ئەم بایەخدانەش پێگەیەکی گرنگی لە لایەن بڕیاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەیە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکی زانراو کە پەیوەندییان بە رۆڵی ئەمریکا لە جیهان و هەولو تەقەلای ئەمریکاوە هەیە بۆ بنکۆڵ کردن و ئیحتوا کردنی ئەو تەوژم و رێڕەوانەی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکان یان ئەو تەوژمانەی (بەمەزەندەی ئەوان) لە ئایندەدا مەترسی دەخەنە سەر ئەو بەرژەوەندییانە.

لە گەرمەی گفتوگۆی نێو نێوەندەکانی ئەمریکا بۆ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی ئیسلامی... دوو تەوژم(تەیار) سەریان هەڵدا:

**یەکەمیان** ئەو تەیارەیە کە لە هەموو کەس زیاتر پرۆفیسۆر رۆبەرت ساتلۆف (لە پەیمانگای توێژینەوەی خۆرهەڵاتی دوور لە واشنتۆن) نوێنەرایەتیان دەکات و پێیان وایە دیاردەی ئیسلامی بریتییە لە بەگژداچوونەوەی سیاسەتی ئەمریکا ئەویش لە دوو روانگەوە:

یەکەمیان، ئەوەی کە کۆمەڵە توندڕۆکان ئەنجامی دەدەن و باوەڕیان وایە بە رێگای توندو تیژی دەتوانن ئامانجەکانیان بهێننەدی، وەک (جیهاد، حەماس، حزب الله) بەپێی ئەم روانگەیەش تاکە رێگای بەرەنگاربوونەوەی ئەو کۆمەڵە توندڕۆیانە بەکارهێنانی توندوتیژییە... تەنانەت ئەگەر ئەو توندوتیژییە پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشی لێ بکەوێتەوە [1].

دووەمیشیان ئەو کۆمەڵە ئیسلامییانەن کە هەمان بیرۆکەی دژایەتی کردنی خۆرئاوایان هەیە، بەڵام بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان رێگەیەکی جیا لە توندڕۆکان دەگرنە بەرو شێوازی ئاشتیخوازانە پەسند دەکەن وەک گەمەی دیموکراتی بۆ

گەیشتن بە دەسەڵات، باشترین نموونەی ئەم کۆمەڵەیەش (ئیخوانی موسلمین)ی میسرو ئەردەن و (بزووتنەوەی راپەڕین-حرکە النهضە)ی تونس و (بەرەی رزگاری ئیسلامی - جبهە الانقاذ الاسلامی) جەزائیرن.

هەندێ لە توێژەرە ئەمریکاییەکان وایدەبینن ئەو کۆمەڵە ئیسلامیانەی کە لە گروپی دووەم دانراون بە هەقیقەت گروپی چاکسازین هەروەک ئەو بزاڤە چاکسازییە ئاینییەی کە پێشان لە ئەوروپا سەری هەڵدا بەتایبەتی لە نێو پرۆتستانتییەکان، ئەو گروپ و کۆمەڵانە لە جەوهەردا دەیانەوێ تەبایی و پێکەوە گونجانێک لە نێوان ئیسلام و ژیانی هاوچەرخدا دروست بکەن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ململانێی ئاشتییانەی سیاسی و بازاڕی ئازادەوە هەیە.

هەر بە رای ئەوانیش هەر کاتێک دەسەڵات بگرنە دەست کۆمەڵێک راستی دیکەیان بۆ دیاردەکەوێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕێک نەرمی بنوێنن و بەوە رازی بن بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان دەوڵەتان لەبەر چاو بگرن.

**دووەم:** بانگێشەکەرانی تەیاری دووەم وا مەزندەدەکەن کە ئاسان نییە ئیسلام قەدەغە بکرێت و نەیەتە نێو ململانێی سیاسییەوە، یان بە تەواوی ئیسلام و کاری سیاسی لێک جیا بکرێنەوە، مادام ئاینی مەسیحی و جوولەکەش هاتوونەتە نێو مەیدانی سیاسی بەتایبەتی لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل، بۆیە پێیان وایە دەبێ هەوڵبدرێ زەبت وڕەبت بکرێن و بیانگرنەخۆ بە جۆرەها شێوە کۆسپ و تەگەرەیان بخرێتە رێگەی گەیشتنیان بە دەسەڵات، وەک گرتنە بەری شێوازی رێژەیی لە هەڵبژاردن نەک (دائیری) و زۆرینە.

ئەم تەیارە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی رژێمەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنگژەی شەرعییەتیان هەیە و دیموکراتیەتیان تێدا نییە، بزاڤە ئیسلامییەکانیش لە جەوهەردا بزاڤی کۆمەڵایەتین و زۆربەیان سروشتێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، بۆیە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە ببێتە دۆستیان و لەگەڵیان هەڵبکات نەک دژایەتیان بکات ، چونکە بلۆکێن و نەڵێین ئەوانە تەوژم و شەپۆلی ئایندەن و گەیشتنیان بە دەسەڵات کارێکی حەتمییە.

یەکێک لە تیۆرزانە دیارەکانی ئەم تەیارە کە (گراهام فولران)ە وای دەبینێ... لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە نەک هەر مامەڵە لەگەڵ ئەو بزاڤە ئیسلامیانەدا بکات، بەڵکە پێویستە ئاسانکاریشیان بۆ بکات تا بگەنە دەسەڵات، چونکە پاش وەرگرتنی دەسەڵات و تاقیکردنەوە، تەیاری ئیسلامی سیاسی بەرەوکزی دەچێ، ئەویش لەبەر چەندین هۆ لەمانە:

ـ نەبوونی چارەسەرێکی یەکگرتوو و سەرکەوتوو لای ئیسلامییەکان بۆ گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ .

ـ بەرجەستە بوونی ئیسلامی سیاسی لە شێوەی بزاف وگەلالە نەبوونی هەندێکیان کە هێشتا نەبوونەتە حزب،چونکە هەروەک دەزانین بزاف تین و گوڕی لەحزب پترە، کاتێک دەبێتە حزب ئەو تین و گوڕەی نامێنێ.

ـ مکوڕ بوونی ئیسلامی سیاسی لەسەر ئەوەی چەند توێژێک، یان چەند کەرتێکی کۆمەڵایەتی بخاتە پەراوێزەوە و لە چالاکییەکانی کاری سیاسی دووریان بخاتەوە، بە تایبەتی هاوێرو دابڕکردنی ئافرەتان لە کاری سیاسی، تەنانەت لای هەندێ تەیاری ئیسلامی توندڕۆ لە هاتنە دەرەوەو کارو پیشەشی قەدەغەدەکات بەمەش کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەو کەرت و توێژە کۆمەڵایەتییانە.

ـ پێ بە پێی ئەمانەش ئیسلامی سیاسی کاتێک دەسەڵات دەگرنە دەست ئەو ئیغراکاری و سەنگ و کێشەی جارانیان نامێنێ و دەکەونە ژێر پێوانەی جەرباندن و تاقیکردنەوە، بەتایبەتیش کاتێک ناتوانن چارەسەری لە باروگونجاو بۆ گرفتەکان بدۆزنەوە ، جەماوەر لێیان دوور دەکەونەوە، بۆیە ئەگەر بیانەوێ دەسەڵاتی فەرمارەواییان لەدەستدا بمێنێ ، ناچار دەبن پەنا بەنە بەر گەمەی پەرلەمانی و چارەسەری مام ناوەندییانە . وە لەبەر ئەوەی ناشتوانن بە بەردەوامی دروشمەکانیان لە سەر زەمینەی واقیع پیادە بکەن، بۆیە دەرفەت بۆ نەیارەکانیان دەرەخسێ بەڕەیان لەبن پێیان رابکێشنەوە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی پەنابردنە بەر توندوتیژی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامییە ئسولییەکان تا رادەیەکی زۆر گومانیان لە راستگۆیی هەموو رێڕەوە ئیسلامییەکان هەیە، لەگەڵ ئەوەی پێیان وایە هەندێکیان مۆرکی ئاشتیخوازییان پێوەیە،

بەڵام لەکۆتاییدا هەر دژی بەرژەوەندییەکانی خۆر ئاوان . با دان بە دیموکراسی خۆرئاواشدا بهێنن، کەچی مادام ئامانجی دیاهییان پێکەوەنانی دەولەتی ئیسلامییە بە پێی شەریعەتی ئیسلامیی، کەواتە بەلای ئیسلامییەکانەوە ئیسلام لە دیموکراسی باشترە، هێندە بە دیموکراسی قایلن و شێوازە لیبرالییەکەی دەگرنەبەرو دەیکەنە وەسیلەیەک تا بە هۆیەوە بگەنە دەسەلات، کە گەیشتنە دەسەلاتیش، دیموکراسی دەبێتە یەکەمین قوربانی فەرمانڕەواییان و لای ئەوان نەریت و باو نییە ڕای زۆربە وەربگرن، یان ریز بۆ ڕای ئەو دەستەیە دابنێن کە بە هەلبژاردن دانراون.هەر بە هەمان شێوە دەتوانرێ بگوترێ بەرانبەر بە فرە حزبیش .. هێشتا باوەڕهێنان بەو پرەنسیپە لای ئیسلامییەکان مایەی مشتومڕەو وای بۆ دەچن سیاسەتی فرەحزبی دەبێتە مایەی دابەشبوونی کۆمەلگەو پێشێلکردنی ئازادی تاک ئەمەش «دژی بەرپرسێتی موسلمانە بەرانبەربە خوا» (٢)

ئەو تیۆریستە خۆرئاواییانە دووپاتی دەکەنەوە..ئەگەر ئیسلامییەکان بە پرەنسیپی ریزلێگرتنی بەرانبەریش قایل بن ، بەلام وەک دوژمنێکی مێژوویی و شارستانی دەروانئە خۆرئاوا، هەرگیز قایل نابن خۆرئاوا سەرکردایەتی جیهان بکات، با ئەوتیشی پێ بفرۆشن و چەکی لێ بکرن، چونکە هاوسەنگی هێز لەگەل خۆرئاواو شکاندنی سیاسەتی مۆنۆپۆلکردنی جیهانی لە لایەن خۆرئاواوە.. دوائامانجی ئیسلامییەکانە.

ئەوانەی لایەنگری پەنابردنە بەر توندوتیژین دژبە ئیسلامییەکان، زۆر پاساوی دیکەشیان هەیە وەک دەلێن :ئیسلامییەکان دان بە ئیسرائیل دانانێن و ، دەیانەوێ ڕژێمە دۆستەکانی ئەمریکا لەناوچەکە بڕوخێنن و ئەوتیان بە نرخێکی گونجاو نادەنێ..هتد، ئەمەش لەوکاتەدایە پێیان وایە ئیسلامییەکان بە ئاسانی دەسەلات ناگرنە دەست و تائێستا جگەلە ئێران هیچ بزاڤێکی دیکەی ئیسلامی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا نەیتوانیوە ئەزموونەکە دووبارە بکاتەوە، سەبارەت بە ئێرانیش هۆکاری خۆی هەبوو ، تەنانەت ئەگەر بارودۆخەکە وای خواست بەتوندوتیژی ڕێگە لە ئیسلامییەکان بگیرێ و نەهێلدرێ دەسەلات بگرنە دەست، یان لە گۆڕەپانی کاری سیاسی وەدەربنرێن، ئەم کارەش لێهاتوویی و کارامەییەکی باشی گەرەکە. بۆچوونیەتی سەرکەوتنی هێزی دەولەتیش بەسەرهێزە بەرهەلستکارەکاندا لەم ناوچەیە نموونە زۆرن .

بەگشتی نەخشەدانەرانی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر بنەمایان بۆ ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی «دیاردەی ئیسلامی»داناوە و بە ڕای ئەوان ئیسلامی سیاسی بە هەردوو باڵە توندڕۆ و میانڕۆکەیەوە لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروست بووە، بۆیە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستە بەتوندی ڕووبەڕووی بزاڤە ئیسلامییەکان ببێتەوە، بەتەواویش پشتی ئەو دەولەتانە بگرێ کە هێز بەرانبەر تەیارە ئیسلامییەکان بەکار دەهێنن هەروەک ساتلۆف دەلێ «دەبێ بە شەڕی خۆمانی بزانین وکاتێک داوای کۆمەکمان لێ دەکرێت ئامادە بین یارمەتیان بدەین» (٣).

بڕیاربەدەستەکانی ئەمریکا وای بۆ دەچن کە هەژاری و بێکاری ، گەندەلی کارگێڕی و دارایی، سەرکوتکردنی لە رادەبەدەر .. ئەمانە هەموویان زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرهەلدان و گەشەکردنی بزاڤی ئیسلامی دەڕەخسێنن. بۆیە لەبەرژەوەندی ئەمریکادایە یارمەتی ئابووری و دارایی پێشکەش بەو دەولەتانە بکات کە ڕێگە لەبەردەم گەشەکردنی بزاڤە ئیسلامییەکاندا دەگرن و هانی پەرەگرتنی دیموکراسیش بەشێوازی ئەمریکایی دەدەن ، نەک بە شێوازێکی نەیار بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کەببێتە وەسیلەیەک بۆ تەقینەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی و دەرهاویشتەیەکی ترسناک دەگەل خۆیدا بهێنێ.

لەلایەکی دیکەوە.. ئەم سیاسەتەی ئەمریکا خۆی لەوەدا دەنوێنێ کە دەبێتە هاندەر بۆ سەقامگیر بوون و بلاوبوونەوەی پرۆژەی لیبرالی بە هەردوو بەشە ئابووری وسیاسیەکەیەوە و جەختکردن لەسەر لایەنە باشەکانی ، کە ئەم بەهاو نەریتانە ئیمپریالیزمی رۆشنبیری نین بەلکو گرنگترین دەستکەوتن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا «٤» ، چونکە لیبرالیزم ئەلتەرناتیڤێکی دیدو بۆچوونی ئیسلامییە لەکۆمەلگەی

موسلمانانداً.

سەرەڕای ئەمەو ئەوانی دیکەش ویلایەتە یەکگرتووەکان هەموو هەڵوێستێکی نێو دەوڵەتی دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی تەیارە ئیسلامییەکان لە نێو جغزێکدا گرمۆڵە بکات. دیارترین وەبەرهێنان و دەستکەوتی ئەمریکاییش لەم بارەوە کۆنگرە باڵاکەی (شەرم شێخ)ی ساڵی ١٩٩٦ بوولە میسر، ئەمەش لەو کاتە دایە کە بە هەزاران کەس لێرەو لەوێی جیهاندا بە توندوتیژی داپڵۆسێن و سەرکوتکردنی حکومەتەکاندا دەکوژرێن و ئەمریکا نقەی لێوەنایێ، کەچی کاتێک لە سەردەستی بزاقی حەماسەوە چەند ئیسرائیلییەک دەکوژرێت..ئەمریکا هەموو کەناڵێکی سیاسی و ئیعلامی خۆی دەخاتە کارو بە ئاشکرا نامە بۆ سەرۆک حکومەت و گەلانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەنێرێ و گوشاریان دەخاتە سەر تا کۆنگرەی باڵا سازبکرێ و لە دیاردەی (تیرۆر) بکۆڵنەوەو چالاکی بزاقە ئیسلامییەکان لە قاوغ بنێن. هەروەها ئەمریکا کەوتۆتە خۆ هەموو سەرچاوەیەکی دارایی ئەو بزاڤانە لە هەندەران وشک بکات و هاریکاری ئیعلامی و ئەمنی هەر دەوڵەتێک بکات دژی ئیسلامییەکان بێت.

هەرچەندە ئەمە کارێکی سەختە ساتلۆف گوتەنی «پێویستە ئەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندییان لە ئەمانی ئیسلامییەکاندایە هاریکاریمان بکەن»، ساتلۆف لێرەدا زێتر مەبەستی لەو دەوڵەتانە ئەوروپایە کە(لەسەریانە)گرنگی بە باکووری ئەفریقیا بدەن، کە ڕەنگە تێکەوتنی ئەوروپا، بەتایبەتی فەرنسا لە کێشەی نێوخۆی جەزایر یەکێک بێ لەو سیاسەتە. لە هەمان کاتدا بۆ دابەشکردنی دەورەکان«٥»و وەدەستخستنی ئەو سەرکەوتنەی کە ستراتیژییەتی ئەمریکا گەرەکیەتی بۆ دەستەمۆ کردنی خەڵکی باشووری جیهان و بەستانەوەی بە باکوور تا کۆنترۆڵی خۆیان بەردەوام بێ و تواناو سامانی میللەتە لاوازەکان بە تاڵان ببەن.

لە روانگەی ئەمەوە دەبینین خۆرئاوا بەرەنگاری هەموو پرۆژەیەکی سەربەخۆ بوونی نیشتمانی، یان نەتەوەیی یان ئیسلامی دەبێتەوە، ئەگەر بەرژەوەندی خۆی تێدا نەبینێ. بۆ روونکردنەوەی پتریش با ئاماژە بە گوتەیەکی هێنری کیسنجەر بکەین کاتێک لێیان پرسی.. ئایا بەمەزەندەی ئێوە ئەو مەترسیانە چین کە لەوانەیە دەساڵی ئایندە رووبەرووی خۆرئاوا ببنەوە؟! لەوەڵامدا کیسنجەر گوتی: **«ئیسلامی ئسولی و کۆچی دەستەجەمعی لە باشووری هەژارەوە بۆ باکوری دەوڵەمەند»**[٦].

لە دیاهیدا دەڵێین لەگەرمەی ئەم کێشمەکێشمەدا.. ئێمە لە کوێین؟ خۆرئاوا و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو کۆشش و توانایەکی رووناکبیری و سیاسی و تەنانەت سەربازیشی خستۆتەگەڕ تا ستراتیژی خۆی بەسەر کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بسەپێنێ، ئەمەش لەو کاتەیە هێشتا ئێمە هیچ دیدو لێکدانەوەیەکمان سەبارەت بە خۆمان نییە، ئەگەر هەشمانبێ هێندە بڕناکات، دیارە راست و دروستیشە کە دەڵێین ئەوەی دیدو بۆچوونی تایبەت بە خۆی نەبێ، بە ئاسانی دیدی خەڵکانی دی بەسەردا دەسەپێ.

▢

**سەرچاوەکان:**


١- مجله قضايا دوليه ع ٢١٦ ،س٥ ،اسلام آباد، ٢١فبراير١٩٩٤ ،ص٤

٢- المصدر نفسه ص٥.

٣- مجله قضايا دوليه، ع ٢٢٠و٢٢١ ، س٥ ، اسلام آباد، ٢٨مارس١٩٩٤ص٣٥.

٤- المصدرنفسه

٥- = =

٦- = = ص٣٦.

# هەڵوێستی کورد
# لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق
# ١٩٢١_ ١٩٣٠

**ڕەمەزان داودی**

کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەددین

دەسەڵاتی کارگێڕیی عێراق لە ١٩٢٠/١٠/٢٧ لە مەندوبی سامی بەریتانیاوە کەوتە دەست حکومەتی عێراق کە نەقیبی پیاوماقوڵانی بەغدا عەبدولڕەحمان ئەفەندی سەرۆکایەتی دەکردو ئەو حکومەتە بە حکومەتی ساختە ناوبرا [1] و ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت کابینەی ئەو حکومەتە وەزیرێکی کوردی تێدابوو ئەویش جەعفەر پاشا عەسکەری بوو[2].

لە کاتی دامەزراندنی ئەو حکومەتەدا مەندوبی سامی بەریتانیا هەرێمە کورد نشینەکانی خستە ژێر چاودێری خۆیەوە ئەمیش تاوەکو بەریتانیا لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراو[3] سەبارەت بە میزۆپۆتامیا جێگیر دەبێت.

## کۆنگرەی قاهیرەی تایبەت بە عێراق و هەڵوێستی لە کەمینەکان (کورد)

وەزارەتی «مستعمرات»ی بەریتانیا داوای سازدانی کۆنگرەیەکی تایبەت بە سیاسەتی خۆی لە نێوان میزۆپۆتامیا ( بلاد مابین النهرین) کرد، کۆنگرەکە لە ١٢ ـــــ ١٩٢١/٣/١٤ بەسەرۆکایەتی سێر ونستۆن چەرچل لەقاهیرە سازدرا، لە عێراق جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری و ساسۆن حسقێل وەزیری دارایی بانگێشت کرابوون، لەو کۆنگرەیەدا بارودۆخی کەمینەکان بە تایبەتی کورد لە عێراق و پەیوەندیان بە دەوڵەتی نوێ خرایە بەر باس [4]

هەر لە کۆنگرەدا بڕیاردرا مەندوبی سامی بەریتانی سەرپشک بێ تا هەنگاوی پێویست بۆ داخوازییەکانی کورد بهاوێژێت[5]، بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە مەندوبی سامی بەریتانیا لەبەغدا کەوتە کارو لە ١٩٢١/٥/٦ بەیانێکی بلاوکردەوەو ئاماژەی بە داخوازییەکانی کورد کرد پێش هاتنی فەیسەڵ بە حەوت هەفتە.

لەبەیانەکەدا هاتبوو مەندوبی سامی حەز دەکات ئەگەرلە توانا دابێ کوردان بە داخوازییە

ڕاستەقینەکانیان بگەن و ئەگەر پێیان باش بێت لەباوەشی حکومەتی عێراقدا بمێننەوە، ئەوا مەندوبی سامی ئامادەیە کێشەکەیان بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی دەوڵەت و بەم شێوەیە:

١ـ پێکهێنانی لیوایەک لەناوچە کوردنشینەکانی موسڵ کە کەوتوونەتە ناو سنووری هەرێمی ئینتدابی بەریتانیا لەقەزاکانی زاخۆو ئاکرێ و دهۆک وئامێدی مەرکەزەکەشی دهۆک دەبێت و لەڕووی کارگێڕیشەوە:

أ ـ لەژێر ڕکێفی یاریدەدەری موتەسەریفی بەریتانیا بێت.

ب ـ قائیمقامەکانیان بەریتانی دەبن تا فەرمانبەرە کوردەکان شوێنیان دەگرنەوە.

ج ـ ئەو لیوایە لەکاروباری دارایی و دادگاییەوە سەر بە حکومەتی بەغدا دەبێت.

٢ـ مەندوبی سامی بەریتانیا فەرمان دەدات ئەفسەرە بەریتانییەکان بەشداری لەبەڕێوەبەردنی هەولێرو کۆیە و ڕواندزدا بکەن.

٣ـ سلێمانی لەلایەن موتەسەریفێکی شورییەوە بەڕێوە دەبردرێت کە مەندوبی سامی دایدەنێت و ڕاوێژکارێکی ئینگلیزیشی لەگەڵ دەبێت تا موتەسەریفی بۆ دادەنرێت، هەروەها مەندوبی سامی بەریتانی لەدەسەڵاتەکان ئەو موتەسەریفە سەرپشک دەکات و قائیمقامەکانیش بەریتانی دەبن تافەرمانبەرانی لێهاتوو شوێنیان دەگرنەوە[٦].

ڕاپرسینێکی گشتی لە ناوچە کورد نشینەکان کرا تا بیرو ڕایان دەربارەی ئەو بەیانە بزانن کە مەندوبی سامی لە ١٩٢١/٥/٦ بڵاوی کردەوە کە تایبەت بوو بە نیازی دانیشتوان ئاخۆ بە عێراقەوە بلکێندرێن یان نا؟ دەنگدەر بە دوو وشە ڕای خۆی دەردەبڕی «لام باشە»و «لام باش نییە» واتە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە.

ئەو ڕاپرسینە گشتی بوو و دانیشتوانی ناوچەکە ئەوانەی تەمەنیان ٢٠ساڵ بوو بەشدارییان تێدا کرد، هەموو سلێمانی بە «لام باش نییە» دەنگیان دا واتە نەیاندەویست کوردستان بە عێراقەوە بلکێندرێت، بەم جۆرە ئەم لیوایە لەژێر هەیمەنەتی بەریتانیا مایەوەو فەرمانبەرێکی بەریتانی بەڕێوەی دەبرد، کە لە بەرامبەر مەندوبی سامی بەرپرسیار بوو و ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو هاریکاری دەکرد[٧]، بەڵام کوردەکانی لیواکانی موسڵ و هەولێر و کەرکووک بە پێشنیارەکانی مەندوبی سامی بەریتانی ڕازی بوون[٨].

### هەڵوێستی کورد لە مەڕ پاڵاوتنی فەیسەڵی یەکەم بۆ عەرشی عێراق

کوردەکان بە جۆرێکی گشتی ڕازی نەبوون بە پاڵاوتنی فەیسەڵی یەکەم بۆ عەرشی عێراق چونکە:

١ـ درکیان بەوە کردبوو کە بەغدایان دەبەستنەوە.

٢ـ حەزنەکردنیان بەمەرکەزێک سەر بە مەملەکەتێکی عەرەبی بێ.

زۆربەی کوردستان دژی ڕاپرسینەکە بوون کە بەریتانیا بۆ دانانی میر فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق ئەنجامی دابوو وهەروەها دژی لکاندن بوون بە عێراقی عەرەبییەوە[٩].

دوای دەنگدان لەناوچە کوردنشینەکان «لیواکان» ئەنجام بەم جۆرە بوو:

### ١ـ لیوای کەرکووک:

زۆربەی زۆری کورد لە لیوای کەرکووک دژی فەیسەڵ بوون. لە مەڵبەندی شاردا دانیشتوان دژ بە فەیسەڵ ڕاوەستان وداوای حکومەتی کوردییان کرد، بەڵام ئەنجوومەنی کەرکوک کە ئەندامەکانی لە لایەن ڕاوێژکاری بەریتانیاوە دامەزرابوون پاڵپشتی فەیسەڵ بوون، ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە ئەنجوومەنی ویلایەتەکان ڕاوێژکاری بوون و ئەندامەکانی لەهەر ویلایەتێک بە پێشنیاری ـ ولسن ـ لە ١٩١٨/١١/١٠ دەپاڵێوران، بۆیە سەیر نییە ئەو ئەنجوومەنانە بۆ بەرژەوەندی فەیسەڵ و بەریتانیا دەنگیان بدابا.

لەڕووی جەماوەرییەوە لە ماڵە تایبەتییەکان کۆ بوونەوە دەکرا، یەکەم کۆبوونەوە دەربارەی ئەم بابەتە لەماڵی موفتی لە ٢٣ی تەمموزدا کرا، لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربووان مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی فتوایەک دژی فەیسەڵ دەربکەن و بەناموسڵمان و ئێزدییە تاوانباریان کرد، هەروەها ڕایانگەیاند ئەگەر فەیسەڵ ببێتە مەلیکی عێراق ئەوە داوای یەکێتی لە گەڵ کوردستاندا کە خرابووە بەر

باس، دەکەن و سەرانی کورد لە وتووێژە تایبەتییەکانیان لە گەڵ ڕاوێژکاری بەریتانیا لەلیوای کەرکووک وتیان بە گوێرەی حەزی حکومەتی بەریتانیا دەکەن، بەڵام فەیسەڵ و حکومەتێکی عەرەبیان ناوێت، بەڵام تورکمانەکان حەزیان کرد شان بە شانی تورکەکان بمێننەوەو ئەنجامی ڕاپرسینەکە بەمجۆرە بوو[10]:

**٢ـ لیوای سلێمانی:**

دانیشتوانی سلێمانی بەهیچ جۆرێک بەشدارییان لە ڕاپرسینەکە نەکرد، شێخ قادری برای شێخ مەحموود بیرۆکەی لکاندن بەعێراقی ڕەتکردەو،و هەروەها ڕازی نەبوو خەڵکی سلێمانی بەشداری لە ڕاپرسیندا بکەن.

سەرجەم خەڵکی سلێمانی پاڵپشتی داوایەکەی شێخ قادریان بۆ حوکمڕانێکی کوردی بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموود کردو بۆ ئەم مەبەستەش لەسلێمانی دەستیان بەهەڵمەتێکی فراوان کرد.[11]

**٣ـ لیوای موسڵ:**

دانیشتوانی موسڵ لەڕاپرسین بەشدارییان کردو ٦٨ مەزبەتە پاڵپشتی فەیسەڵیان کردو نەیارەکانیشی بەم جۆرە بوون:

٦ مەزبەتە داوای مافی کورد و کەمینەکانی دیکەی کرد.

٧ مەزبەتە لەسەر ئەوە مکوڕ بوون بە ئینتدابی بەریتانیا مافی کوردان دەپارێزرێت.

١٠ مەزبەتە چەند مەرجێکیان تێدا بوو لەمانە بەکار هێنانی زمانی کوردی لە فەرمانگە و قوتابخانە سەرەتاییەکان ، هەروەها پاراستنی مافی کوردو هەقی ئەوەشیان هەبێت بچنە پاڵ کوردستانی تورکیا کاتێک ئەو ناوچەیە سەربەخۆیی وەرگرت[12].

٤ـ لیوای هەولێر:

دانیشتوانی هەولێر لەڕاپرسیندا پاڵپشتی فەیسەڵیان کردو مەرجی ئەوەیان دانا کارگێڕییەکی کوردی مەڵبەندەکە بەڕێوە ببات.

دانیشتوانی خانەقین حەزیان دەکرد بچنە پاڵ دەوڵەتی کوردییەوەو[13] لەشوێنە جیاجیاکانی دیکەش کوردان داوای حکومەتی کوردییان کرد.[14]

لە ١٩٢١/٨/٢٣شایلۆغانێکی ڕەسمی ساز دراو فەیسەڵ کرا بە مەلیکی عێراق و لەو ئاهەنگەدا جگە لەسلێمانی وکەرکووک نوێنەری هەموو لیواکان ئامادەبوون[15].

**پەیماننامەی ١٩٢٢و کورد**

بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە ،حکومەتی بەریتانیا لە ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢دا پەیماننامەی هاوپەیمانی سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا مۆر کرد . سەبارەت بەمەسەلەی کورد لە عێراقدا ڕێککەوتنێکی سەربازی مۆر کراو بەو گوێرە بەریتانیا هەموو یارمەتییەکی سەربازی پێشکەش بە عێراق دەکات بۆ پاراستنی سنوورەکەی ، هەروەها بۆ سەرکوتکردنی هەر جۆرە خۆپیشاندانێکی عەشایەری ئەو پەڕی یارمەتی پێشکەش کرد کە بەڕای ئێمە لەوەدا مەبەستی شۆڕشەکانی کورد بووە کە چی لەبەرامبەریشدا دەستەبەری خوێندن بە زمانی دایکیان بۆکەمینەکانی دیکە کردو لەماددەی سێیەمی پەیماننامەکەشدا هاتووە عێراق جیاوازی نێوان دانیشتوان لەڕووی نەتەوەیی و ئایینی وزمانەوە ناکات(١٦).

دوای سەقامگیربوونی پەیوەندییەکانی بەریتانیا ـ عێراق بە مۆرکردنی پەیماننامەی ١٩٢٢و پرۆتۆکۆلی ٣٠ی نیسانی ١٩٢٣ بەریتانیا ڕازی بوو لیوای سلێمانی لەژێر ڕکێفی مەندوبی سامی بەریتانیا نەمێنێت و ببێتە لیوایەکی عێراق و وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەی ببات[17].

ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٣ی تەممووزی ١٩٢٣ بۆ توێژینەوە سەبارەت بە بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان کۆ بۆوەو تیایدا ویستی نیازی پاکی پیشان بدات تاوەکو کوردستان بە ئاشکرا بەشداربوون لە ئەنجوومەنی دامەزراندن[18] ڕەت نەکاتەوە چەند بڕیارێکی دا:

١ـ حکومەت نیازی نییە فەرمانبەرانی عەرەب لەقەزایەکان دابمەزرێنێت، جگە لە فەرمانبەرە هونەرییەکان نەبێت.

٢ـ دانیشتوانی کورد لە قەزایەکان ئیجبار نەکرێن لەسەردانی ڕەسمیدا زمانی عەرەبی بەکار بێنن.

٣ـ مافی دانیشتوان لەقەزایە ناوبراوەکان پارێزراوبێت.[19]

دەسەڵاتدارانی حکومی و لێپرسراوە بەریتانییەکان ڕێنماییان بۆ هات تا لە کوردستان کوردان ڕازی بکەن بەتایبەتی لە هەولێرو کەرکووک بەشداری لە هەڵبژاردنەکە بکەن، چونکە زۆر بایەخیان بە چارەنووسی خۆیان دەدا، بەریتانییەکان توانیان ڕازیان بکەن تا بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزراندندا بکەن[20].

لە ١٩٢٤/٣/٢٧ مەلیک، ئەنجوومەنی دامەزراندنی کردەوە بەبەشداربوونی ٨٥ ئەندام لە کۆی ١٠٠ ئەندام و ژمارەی ئەندامە کوردەکانیش ١٨ ئەندام بوو، بەندەکانی پەیماننامەکە بەچوار زمان بە زمانی کوردیشەوە بەسەر ئەنجوومەن دابەشکرا، لەمەدا ڕەچاوی دابەشبوونی جوگرافی زمان کرا[21].

نایە کوردەکانی هەولێرو سلێمانی وکەرکووک وموسڵ داوایان کرد وتووێژ سەبارەت بە پەیماننامەی عێراق - بەریتانیا دوابخرێ تا کێشەی موسڵ چارسەردەکرێت، نوێنەرەکانیش ئەمانە بوون:

محەمەد شەریف، عەبدوللا موخلیس، داود حەیدەری، حوسێن پیرداود، ئیسحاق، سالح، محمەد بەگ، میرزا فەرەج، عەبدولقادر، عیزەت بەگ[22].

دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراق داوایان لە لایەنگرانی پەیماننامە لە ئەنجوومەندا کرد بیرۆکەی دواخستن بخەنە بەرچاو چونکە بە بۆچوونی مەندوبی سامی ئەمە دەسەڵاتی پێدەدات و ئەنجوومەنیش هەڵدەوەشێنێتەوە، ١٦ نوێنەری کورد بۆ پاڵپشتی پەیماننامەکە دەنگیان داو بەریتانیاش دەستیکرد بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە بەکوردی دابوون و ساڵی ١٩٢٥ کێشەی موسڵی چارەسەر کردو ئەوەی بۆ دەستەبەرکردن دوای مۆرکردنی پەیماننامەی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ مافەنەتەوەییەکانیان پێدەدرێت،لە ڕاستیدا ئەو پەیماننامەیەی دوایی ،هەر پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٢ بوو[23].

سەرۆک وەزیرانی عێراق دەربارەی پەسندکردنی پەیماننامەکە ڕایگەیاند پەیدابوونی گیرگرفتی موسڵ و ئاتاجی عێراق بە پاراستنی هەموو خاکەکەی پێویستی دەکرد پەیماننامەکە مۆربکرێ، هەروەها لە کاتی سازدانی خوانێکدا مەلیک فەیسەڵ وتارێکی خوێندەوەو تیایدا وتی: ئەرکی عێراقییەکی ڕاستگۆ ئەوەیە هانی براکوردەکان بدات تا ڕەگەزی خۆیان بپارێزێت، هەر لەسەرئەو خوانەدا مەندوبی سامی بەریتانی وتی لەسەر حکومەتی عێراق پێویستە کوردان هان بدات شانازی بەکوردایەتی خۆیانەوە بکەن[24].

ئێمە وادەبینین گرنگ قسە نییە بەڵکو کردارەو چۆنیەتی ئەنجامدانیەتی، سەرۆک وەزیران - عبدالمحسن السعدون - لە ڕێکەوتی ١٩٢٦/١/٢١ لە ئەنجوومەنی نوێنەران ڕایگەیاند پێویستە حکومەتی عێراق مافی کوردان بدات و زمانی کوردی بێ بەربەست بەکار بهێنن[25].

کوردەکان لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بەشدارییان کردو لە کۆی ٨٨ کورسی ١٦ کورسییان بەدەست هێنا، کاروبار بەمجۆرە ڕۆیشت بێ ئەوەی ئەو بەڵێنانەی کە حکومەتی عێراق و دەسەڵاتدرانی بەریتانیا دابوویان هیچی لێ جێبەجێ بکەن ، شەش لە نوێنەرە کوردەکان سکاڵانامەیەکیان بە سێیەم وەزارەتی سەعدون دا لە شوباتی ١٩٢٩و تیایدا هاتبوو حکومەتی عێراق لە بەڵێنەکانی جدی نییە[26]، ئەو نوێنەرانەی سکاڵانامەکەیان مۆرکرد بوو: جەمال بابان، ئیسماعیل ڕواندزی، سەیفوللا خەندان، حازم شەمدین ئاغا ، محەمەد جاف، محەمەد سالح محەمەد عەلی.

**نوێنەرەکان داوایان لە حکومەتی عێراق کرد:**

أ - پێکهێنانی یەکەیەکی کارگێری لە لیواکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و لیوایەکی دیکەی نوێ لەقەزا کوردییەکانی لیوای موسڵ، پشکنەرێکی گشتی کاروباریان بەڕێوە ببات بەمەرجێک کورد بێت و هەڵقەی پەیوەندی بێت لە گەڵ بەغدا.

ب - زیادکردنی بودجەی پەروەردە لە کوردستان

ج - زیادکردنی بودجەی بەرژەوەندە گشتییەکان لەکوردستان

سەرۆک وەزیران لەمە سەری سوڕماو بۆچارەسەرکردنی کێشەکە پەیوەندی بە مەندوبی سامییەوە کردو هەردوولا لەسەرئەوە کۆک بوون پێکهێنانی یەکەیەکی

کارگێڕی مەترسی تێدایە، نوری سەعید کە دوای عەبدولموحسین سەعدون سەرۆکایەتی وەزیرانی وەرگرت لەگەڵ مەندوبی سامی بەریتانی پێشنیاری نوێنەرانی کوردیان رەتکردەوەو وایان لێکدایەوە کە ئەمە پێدانی جۆرە خود موختارییە کە بە کورد.

حکومەت بۆ هێورکردنەوە چەند هەنگاوێکی بەپەلەی هاویشت لەمانە پیادە کردنی یاسایەک بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانێکی رەسمی لەو قەزایانەی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن (٢٧).

## کوردو پەیماننامەی ١٩٣٠

ڕای گشتی کوردی بەوکارانە رازی نەبوون کە حکومەتی عێراق لە ناوچە کورد نشینەکان ئەنجامی دا دان، بەڵکو بە کەمیان زانی و لەگەڵ میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان نەدەگونجا، دوای ئەوەی پەیماننامەی ١٩٣٠ لەنێوان حکومەتی بەریتانیاو عێراق مۆر کرا، بارودۆخ لە کوردستان شڵەژا، نوێنەرانی کورد لە مەندوبی سامی بەریتانییان پرسی ئاخۆ لە پەیماننامەکەدا بەندی وا هەیە مافی کوردان پارێزراو بێت بەتایبەتی لەو بڕیارەی کە ویلایەتی موسڵی بۆ عێراق هێشتەوە؟

یەکەم کابینەی وەزاری سەعید بۆ دڵنەوایی کوردان بڕیاری دا لائیحەیەکی یاسایی بخاتە بەر ئەنجوومەنی (الامە) تا زمانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکان زمانێکی رەسمی بێت، سەرەڕای ئەمانە فشاری حکومەتی بەریتانی و عێراقی لەسەرکوردان بەردەوام بوو تاوەکو هاووڵاتی عێراقی بمێننەوە، ئەوەی کوردانی نیگەران کرد پەیماننامەکە لەدوورو ونزیک چ هێمایەکی بۆ دەستبەری مافەکانی کوردی تێدا نەبوو (٢٨).

کۆمەڵێک لەسەرانی کورد سکاڵانامەو بروسکەیان ئاراستەی مەلیک فەیسەڵ ومەندوبی سامی بەریتانی کرد وتیایدا نارەزاییان بەرامبەر بەوە دەربڕی کە پەیماننامەکە باسی مەسەلەی کوردی نەکردووە، هەروەها چەندان مەزبەتە ئاراستەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرا وداوایان دەکرد ئەو بڕیارانەی تایبەتن بەدامەزراندنی دەوڵەتێک بۆکورد جێبەجێ بکرێن.

لەئەنجامی ئەو نارەزاییانە لە ٨ی ئابی ١٩٣٠ بڕیار درا نووری سەعیدو سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاو مەندوبی سامی بەریتانی سەردانی لیوا کورد نشینەکان بکەن تا سیاسەتی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عێراق روون بکەنەوەو بۆیان دووپات بکەنەوە کە هەردووکیان دژی خودموختارین بۆکورد، ئەو سەردانە بۆ کوردستان بە خۆپیشاندان پێشوازی لێکرا بە تایبەتی لە سلێمانی (٢٩).

## هەوڵی حکومەت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخ

لە هەوڵدانێک بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی سیاسی و هێورکردنەوەی بارودۆخ حکومەت ڕاگەیاندنێکی بلاوکردەوەو تیایدا ڕایگەیاند حکومەت ئەو بەڵێنانە بەهەند وەردەگرێت کە سەبارەت بە کورد دابووی، هەروەها لەسەر ئەوەش مکوڕە هەر هەوڵێک سەرکوت بکاتەوە کە دژی یەکێتی نیشتمانی بێت، واتە حکومەت چەکێکی دووسەرەی بەکار هێنا، هێورکردنەوەی کوردان لەلایەک و هێشتنەوەشیان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراق و وەستان دژی هەر جۆرە خودموختارییەک. هەروەها حکومەت ئامادەیی بەرامبەر پیادەکردنی یاسایەک بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەناوچە کوردنشینەکان و لەهەمان کاتدا یارمەتیدەرێکیان بۆ بەڕێوەبەری ناوخۆ دامەزراند کە شارەزای کاروباری کوردان بوو لە لیواکانی باکوور، هەروەها دەزگایەکی تایبەتییان بۆ کاروباری تەرجەمەی کوردی دامەزراند، جگە لە یارمەتیدەرێک بۆ پشکنینی قوتابخانە کوردییەکان لەسلێمانی و هەولێر وکەرکووک. (٣٠)

## بارودۆخ لە سلێمانی

جگە لە ڕاگەیاندنی ٨/٨/١٩٣٠ی تایبەت بە داواکاری گەلی کورد، حکومەت لە هێورکردنەوەی بارودۆخ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو دوای ئەوەی پەیماننامەی ١٩٣٠، کۆتایی بە ئینتدابی بەریتانیا لەسەر عێراق هێناو عێراق بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بارودۆخ لەسلێمانی بەرەوگرژی چوو. بەریتانییەکان هەوڵیاندا پێش ئەوەی دەسەڵات بگاتە دەست عێراقییەکان کوردان وا ڕازی بکەن کە لە عێراقدا هەست بە وجودیان بکەن (٣١).

هاووڵاتییانی سلێمانی لەسەر ئەوە مکوڕ بوون کە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە هاوینی ١٩٣٠دا نەکەن. لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ سێ کەس لە پیاوماقوڵان بۆ کۆبوونەوەیەک لەسەرای حکومەت بانگهێشت کران تا دەستەی پشکنین بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێرن، هەرئەوەندەیان زانی ڕوویەڕووی جەماوەرێکی زۆر بوونەوەو بەرد باران کران، تا بارودۆخەکە گەیشتە ڕادەی تەقینەوە (٣٢).

## مانگرتن و خۆپیشاندانی گەورەی جەماوەر

جوڵانەوەی جەماوەر بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان دەستی پێکرد کە بازاڕو قوتابخانە و خزمەتگوزاریی گشتی پەکیان کەوت و بە «خۆپیشاندانی بەر دەرکی سەرا» ناسرا. جەماوەری سلێمانی و قوتابیان بەجۆشو خرۆشەوە بەشدارییان تێدا کرد، موتەسەریف نەیتوانی بڵاوە بە جەماوەر بکات، بۆیە هانای بردە بەرهێزەکانی پۆلیس بەمەش قوڕەکەی خەستتر کردو پۆلیس تەقەی لە خۆپیشاندەران کردو چواردە هاووڵاتی و پۆلیسێک کوژران، هەروەها بریندار لەهەردوو لا هەبوو، لە ئەنجام حکومەت بڕیاری دا هەڵبژاردن دوابخات، بەڵام هەفتەیەک دوای ئەم ڕووداوە خوێناوییە حکومەت هەڵبژاردنێکی ساختەی ڕووکەشی ئەنجامداو نوێنەرەکانی سلێمانی بەخۆرتی بەشدارییان تێدا کردو لە ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ ئەنجوومەنی نوێنەران کرایەوە (٣٣).

خۆپیشاندان تەنها شاری سلێمانی گرتەوەو شوێنەکانی دیکەی کوردستان بەشدارییان تێدا نەکرد بەڵام حکومەت توانی نەک هەر دەنگی نەیارانی لە سلێمانی، بەڵکو لەشارەکانی دیکەش سەرکوت بکات ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی خۆپیشاندانەکە گەیشتە ناوچەکانی دیکە بە تایبەتی بارزان و شوێنی تر.

## ئەنجام و کۆتایی باسەکە

١ـ خۆپیشاندانی شاری سلێمانی خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە جووڵانەوەی کوردایەتی و لەڕووی سروشت و بنکەو سەرکردایەتییەوە لە خۆپیشاندانەکانی دیکە جیاواز بوو ،یەکەمجار بوو پیشەساز و ڕۆشنبیرانی کورد لە جیاتی پیاوانی ئایینی و میرەکان سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی میللی کوردیان کرد، هەروەها یەکەمجار بوو لە مێژووی نوێی کورد لە جوڵانەوەیەکدا پیشەسازو قوتابی و چەوساوەو بازرگان بەشدارییان تێدا کرد.

٢ـ کوردان لە شۆڕش بەردەوام بوون و ملیان بۆ حکومەتی عێراق کەچ نەکرد، چەندان شۆڕش بەسەرکردایەتی خانەوادەی بەرزنجی و خانەوادەی شێخ مەحموود و خانەوادەی بارزانییان لەناوچەی بارزان سەریان هەڵداو تا کودێتای بەکر سدقی ٢٩/١٠/١٩٣٦ـ ١٩٣٧/٨/١١ هەر هێور نەبوونەوە.

❐

پەروایز:

١) فهمي المدرس وآخرون : دليل العراق لسنة ١٩٦٠ بغداد ص٢٢٢

٢)امير لواء، ولد سنة ١٨٨٥ في قرية تابعة لكركوك، اتسم بالذكاء والفطنة، كان يتكلم العربية والكردية والتركية والارمنية والفارسية والالمانية والانكليزية، لطيف المعشر، قتل اثنا انقلاب بكر صدقي العسكري في ١٩٣٦ (نجدت فتحي : العراق في الوثائق البريطانية سنة ١٩٣٦ ط١ البصرة ١٩٨٣ ص٦٣

٣) ادمونذز: كرد و ترك و عرب. ترجمة جرجيس فتح الله ،مط التايمس بغداد ١٩٧١ ص ١٠٩

٤)د. فاضل حسين ، مشكلة الموصل. بغداد ١٩٧٧ ص ١٤.

٥) د. حسين فوزي النجار : السياسة الاستراتيجية في الشرق الاوسط،ط١ مكتبة النهضة ١٩٥٣ ص٤٩٨

٦) Special Report on the progress of Iraq ,P245-255.

٧) عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي - مط الفرقان - بيروت ج٣ص٢٨٢

٨) سيتون ويز : بريطانيا والدول العربية. دار الشرق بيروت ص٦

٩. ١٠) Ghassan Atiyya Iraq 1908 -1921 P124 Beirut 1973.

١١) عبدالرحيم ذنون: العالم العربي. مكتبة البابي مصر (١٩٥٧)ص١٦٤

١٢) غسان عطية: السابق ص٢٩٢

١٣) سيتون ويز : السابق ص٣٦

١٤) غسان عطية: السابق ص٣٩٤
١٥)ادموندز : السابق ص٢٥٦
١٦) فاروق العمر: المعاهدات العراقية ـ البريطانية ص٩٥
١٧) الحسني:السابق ص١٨٧
١٨)مركز حفظ الوثائق بغداد: سجلات البلاط الملكي، ملف ٦/٥ حول سير الانتخابات للمجلس التأسيسي في ١٩٢٣/٦/٩
١٩) قرارات مجلس الجلسة ١١ تموز ١٩٢٣ ص٢٧
٢٠) ادموندز:السابق
٢١)مذكرات المجلس التأسيسي. الجلسة الثالثة ص٥٥
٢٢) رجاء حسني الخطاب: العراق ١٩٢١ـ ١٩٢٧ بغداد ١٩٧٥ ص ١٤٩
٢٣)م.ن ص١٥٢: فاروق صالح العمر ::السابق ص١٨٩
٢٤)جلال يحيى: المشرق العربي بين الحربين. القاهرة دار المعارف ١٩٦٥ ص ١٨٢
٢٥) امين سامي الغمراوي: قصة الاكراد في شمال العراق، القاهرة ص١٢٣
٢٦)Special Report ,P262
٢٧)الحسني:السابق٣/ ٢٩٠
٢٨)سيتون وليمز:السابقص٣٨
٢٩) الحسني:السابق٣/٩٩
٣٠، ٣١)م.س ٢/ ٨٧
٣٢، ٣٣) عبدالاميرهادي العكام: الحركة الوطنية في العراق ١٩٢١ـ ١٩٣٢ القاهرة ١٩٧٣ ص ١٣٧ـ١٣٨
٣٤) المركز الوطني للوثائق. ملف د/٦ سنة ١٩٣٠ حول انتخابات السليمانية.

# بزووتنەوەی دەستوورخوازیی تورکیاو مەسەلەی کورد

**سەلام ناوخۆش**
مامۆستای یاریدەدەر- زانکۆی دهۆک

***دەروازەیەک***

*بزووتنەوەی دەستوورخوازی (مەشروطیەت) لە تورکیادا، وای لێ چاوەڕێ دەکرا کە بەرایی دەولەتێکی دەستووری لە تورکیا دابمەزرێنێ و گەلانی ناو ئیمپراتۆریەت بە یەکسانی و برایی بژین ، بەلام هەر وەک چۆن بزاڤی مەشروتەخوازیی ئێران نەیتوانی ئاکامەکانی بپێکێ، بزووتنەوەی دەستوورخوازی تورکیاش نەیتوانی دەولەتێکی دەستووری دابمەزرێنێ. لەم نووسینەدا، هەولمداوە ئەکادیمیانە مامەلە لەگەل بابەتەکە بکەم و خۆم لە نامەوزوعیەت دوور بگرم . سەرەتا وام بە چاک زانیووە لە بەرایی دروستبوونی کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی بدوێم ، چونکە ئەوان نوێنەری ئەو بزووتنەوەیە بوون لە پاشانیش، هەولم داوە دەوری کورد دەربخەم لەو بزاڤەدا، هەروەها هەلوێستی ئەو بزاڤەش لە هەمبەر مەسەلەی کورد دا. لە دوا بڕگەش هەولم داوە لەمەسەلەی کوشتاری ئەرمەن و کورد بدوێم و رووناکیی زێتری بخەمە سەر.*

## ١- بەرایی دروست بوونی کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی

بەپێی ڕێککەوتننامەی چالدێرانی ١٥١٦ی نێوان سولتان سەلیمی عوسمانی و مەلا ئیدریس ، میرەکانی نێو کوردستانی عوسمانلی جۆرە سەربەخۆییەکی ناوخۆیان بۆ دابین کرا، بەلام دەمێک سولتان مەحموودی دووەم ١٨٠٨-١٨٣٩ هاتە سەر حوکم ئەو ڕێککەوتننامەیەی هەلوەشاندەوە. سولتان مەحموود دەیەویست ، دەولەتێکی مەرکەزی لەسەر شێوازی ڕۆژئاوا دابمەزرێنێ، هەر بۆیە دەستووری «لامەرکەزیەتی» هەرێمە کوردییەکانی هەلوەشاندەوە. ئەو کردارەی سولتان دەرفەتێکی لە باری رەخساند بۆ ئەوەی دەولەتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا دەست لە کاروباری دەولەتی عوسمانی وەربدەن بە جۆرێک بە پێی پەیمانی ئەرزەرۆم ١٨٢٩ دەولەتانی ڕۆژئاوا مافی دەستێوەردانیان لە دەولەتی عوسمانی بە خۆ ڕەوا بینی. هەروەها ئەو کردارەش دەورێکی گرنگی بینی لەسەرهەلدانی مەسەلەی کورد کە ئەمەش هاوکات بوو لەگەل ڕاپەڕینی گەلانی بەلقاندا[1] . لە سەردەمی سولتان عەبدولعەزیز١٨٦١-١٨٧٦ کرداری سەپاندنی دەسەلاتی مەرکەزی بە سەر هەرێمەکاندا گەیشتە رادەیەک ، دەرفەتی بۆ دروستبوونی رکابەری تورکیش دروست کرد. لە لایەکی تریش ئەو کردارە عەسکەریانە، ئەمپراتۆریەتی عوسمانی دوچاری قەیرانێکی ئابووری وا کرد بوو کە خەریک بوو هەڕەشەی لە مانەوەی سولتانەکانیش دەکرد، بە جۆرێک کە عەبدولحەمیدی دووەم کورسی دەسەلاتی وەرگرت، دەولەت(٢٥٢٨,١٨٨٥)لیرەی زێڕی عوسمانلی قەرزدار بوو[2]هاوکات لەگەل دەست بەکار بوونی سولتان عەبدولحەمید، مەدحەت پاشا، دەستوورێکی داناو ناوی

لێ نا دەستووری عوسمانلی و بانگەشەی دادگەری و یەکسانی و برایی لە نێو گەلانی دەولەتی عوسمانیدا دەکرد، بەلام سولتان عەبدولحەمید نەک هەر ئامادەنەبوو پەیڕەوی ئەو دەستووره بکات ، بەلکو هەولیدا لایەنگرانی دەستوورەکەش دەست بەسەر بکا[٣]. لە بەرامبەر ئەو هەلوێستەی عەبدولحەمید لە ناوەوەو دەرەوەی دەولەتی عوسمانی، بەرەی رکابەری سەری هەلدا: رێکخراوی سەرەکی ئەو رکابەرییەش ، کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی بوو، لەئەزەری هەندێک نووسەر، ئەو رێکخراوە هەر لە سەردەمی سولتان عەبدولعەزیزدا وەک رێکخراوێکی رۆشنبیری لە دایکبووە و لە تەمووزی ١٨٦٥ رێکخراوەکە یەکەم کۆنگرەی خۆی (کۆنگرەی دامەزراندن)ی بەستووە و لە سەردەمی سولتان عەبدولحەمید رێکخراوەکە قالبێکی سیاسی وەرگرتووە[٤].

لە سالی ١٨٨٩د. عەبدوللا جەودەت لەگەل سێ لە هاوڕێیانی ـ کە د.ئیسحاق سکوتی دیاربەکری و ئیبراهیم تەمۆی ئاماوت و مەحمود رەشید چەرکەزی بوون ـ رێکخراوێکی سیاسیان بەناوی «یەکێتی عوسمانلی ـ عوسمانلی اتحادی» بەنهێنی پێکهێنا[٥] ئەو شانەیە لە بەراییدا بەناوی «تەرەقی و ئیتحاد» کاریان ئەکردووە[٦] لە پاشان هەر ئەو رێکخراوە بە دروستی لە سالی ١٨٩٤ بوو بە کۆمەلەی ئیتحاد وتەرەقی [٧]. کەوا بێ لەئەزەری نووسەرە کوردەکان ، کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی لە پاش یەکگرتنی چەند کۆمەلەیەکی سیاسی پێکهاتووە بە تایبەتی ئەو شانەیەی کە د. عەبدوللا جەودەت و هاوڕێکانی پێکیان هێنابوو. کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی هەر لە سالی ١٨٩٤ شاندێکی لە لاوە ئازادیخوازەکان کە زۆربەیان لە قوتابخانەی پزیشکی بوون ناردە پاریس بۆ دامەزراندنی لقێکی کۆمەلە، بۆ دەرکردن و بلاوکردنەوەی رۆژنامەو چاپەمەنی سەربە کۆمەلە[٨]. لە لایەکی دیش لە ئابی ١٨٩٩تەلعەت پاشا ـ پۆستەچی بوو ـ لەگەل حەوت لە هاوڕێکانی، یەکەم شانەی (ئیتحاد و تەرەقی)یان لە سلانیک دامەزراند[٩]. لە دەرەوەی دەولەتی عوسمانیش، ئەو بەرە رکابەریەی لە پاریس گیرسابوونەوە بە هاوکاری ماددی و مەعنەوی ناسیۆنالیستە فەرەنسییەکان و جوولەکەکانی دژە عەبدولحەمید رێکخراوێکی سیاسیان بە ناوی ژۆن تورکەکان دامەزراند. ئەو رێکخراوەش ـ ئەگەر بەشێک نەبووبێ لە کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی ـ ئەوا حزبێکی سیاسی نزیک بەو رێکخراوە بووە. لە ئاکامدا هەردوو بەرەی رکابەری عوسمانلی ـ دەرەوەو ناوەوە ـ دوو کۆنگرەی گشتیان گرێدا و جەختییان لە سەر دوو خالی سەرەکی کرد: یەکەم : رووخاندنی دەسەلاتی عەبدولحەمید، دووەم دامەزراندنی دەولەتێکی دەستووری[١٠]. لە چواری شوباتی ١٩٠٢ بەرەی رکابەری عوسمانی ، یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست[١١] و چەند رکابەرێکی کوردیش بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون بە تایبەتی د. عەبدوللا جەودەت ـی بەرێوەبەرو سەرنووسەری گۆڤاری عوسمانلی(١٨٩٧-١٩٠٤)ئۆرگانی ئیتحاد و تەرەقی ـ د. ئیسحاق سکوتی و عەبدولڕەحمان بەدرخانی سەر نووسەری رۆژنامەی کوردستان ـ[١٢] هەروەها شەریف پاشاش لە ژێرەوە پەیوەندی بە ئیتحادو تەرەقییەوە کردووە[١٣]. لە سالی ١٩٠٧یش کۆمەلە دووەم کۆنگرەی خۆی گرێداو لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٠٧بەرەی رکابەری ـ کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی ـ خەریکی داڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسی و عەسکەری بوون، بۆ ئەوەی ئینقلابێک لە دژی عەبدولحەمید ساز بدەن [١٤]، لە ٢٧ی ئەیلولی ١٩٠٧ ئەحمەد رەزابەگی بالی چەپی ئیتحادیەکان لەگەل سزائی بەگ دۆسیەی پەیمانێکی دووقۆلیان مۆر کرد. بەپێی ئەو پەیمانە بڕیار بوو دەبێ کۆمەلەی عوسمانلی تەرەقی و ئیتحاد ـ کە لە پاریس بوو ـ لەگەل کۆمەلەی عوسمانلی حوریەت ـ کە بنکەکەی لە سلانیک بوو ـ یەک بگرن و ببن بە کۆمەلەی(عوسمانلی تەرەقی و ئیتحاد)[١٥] ئامانجی ئەو کۆمەلەیەش بریتی بوو لە : داواکردنی چارەسەری دەستووری و هێنانەدی یەکسانی لە نێوان رەعیەتداو، سەبەستی رادەربڕین و کارکردن و پاراستن و زامنکردنی مال و گیانی هاوولاتیان، بەستنەوەو پابەندکردنی سولتانیش بە بڕیارێکی دیار کراو[١٦].بنکەی ناوەوەی کۆمەلەی ئیتحاد و تەرەقی ـ بنکەی سلانیک بە هاوکاری سەرکردە عەسکەرییەکان، توانیان دەست بە سەر هەموو دام و دەزگاکانی سلانیکدا بگرن . ئەو راپەڕینەش ئەگەر بە نەخشەی جوولەکەکانی دۆنمەش بووبێ، ئەوا سەرکردە سەربازییەکانی هەرێمەکەش بەگەرمی پێشوازی ئەو راپەڕینەیان کردو هەر وەک حسێن حلمی پاشا ـ پشکێنەری گشتی سوپای عوسمانی لە هەرێمەکە ـ ئەو راستییە بە عەبدولحەمید رادەگەیەنێ: «بێجگە لەمن هەموو ئەفسەرەکانی ئەوێ ـ سلانیک ـ بوونەتە لایەنگیری کۆمەلەی ئیتحادو تەرەقی» (١٧)ئەو راپەڕینەی سلانیک سەرەتای دەست پێکردنی نەخشەی

ئیتحادیەکان بوو. کاریگەری بیرۆکەی دەستوورخوازیی ئیتحادیەکان نەک هەر سوپا بەڵکو توانیبووی بگاتە نێو ئەنجومەنی وەزیرانیش: لە کۆبوونەوەی (٩)ی تەمووزی ١٩٠٨ی ئەنجوومەنی وەزیران دەردەکەوێ کە ئاکۆکی هۆڵی ئەنجوومەنی وەزیرانیشی گرتۆتەوە: رەزا پاشای فەرماندەی لەشکری عوسمانی بەرگری لە داخوازی ئازادیخوازەکان - ئیتحادیەکان - دەکرد، هەرچی ئیسماعیل پاشا بوو هەڕەشەی دەمکوتکردنی ئیتحادیەکانی دەکرد[18]. لە سپێدەی ١٠ی تەمووز، خۆپێشاندانی ئیتحادیەکان شاری ئەستەمبۆلیشی گرتەوە. راپەڕیوەکان هەرسێ دروشمە مەرکەزییەکەی ئیتحاد و تەرەقییان بەرز کردبۆوە. ڕۆژی ١١ی تەمووز، ڕۆژنامەکان هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەی وەزارەتی فەرید پاشاو دامەزراندنی وەزارەتی سەعید پاشایان بڵاو کردەوە. لە ژێر ئەو گوشارە توندەدا، عەبدولحەمید بەناچاری لە ٢٤ی تەمووز بڕیاری دا کە ئامادەیە کار بە دەستووری مەدحەت پاشا بکات[19]. بەڵام کار لە کار ترازابوو، دەستوور هەر دەستووری ئیتحادیەکان بوو. هەرچی عەبدولحەمید بوو ئەوا تاکو نیسانی ١٩٠٩ هەر وەک «سوڵتان»ێک لە سەر کار مابۆوە، بەڵام ئیتحادیەکان دەیانزانی کە بە مانی عەبدولحەمید ناتوانن تەواوی بەرنامەکەیان جێبەجێ بکەن هەر بۆیە بە شێوەیەکی «دەستووری»لە ڕێگای ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی مەبعوسان لە ٢٧ی نیسانی١٩٠٩ عەبدولحەمید لەسەر کار لابردرا ومحەممەد رەشادیش کرایە «خەلیفەیەکی گوێ رایەڵی» ئیتحادیەکان. بەمجۆرە، جەمسەرەکانی حوکمی دەوڵەت کەوتنە دەست سێکوچکەی دکتاتۆریی ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگ، تەلعەت پاشای سەرۆکی ئیتحاد و تەرەقی و وەزیری ناوخۆ و، جەمال پاشای وەزیری هێزی دەریایی و فەرماندەی عەسکەریی پایتەخت[20].

## ٢- ئایدیۆلۆژیاو ستراتیژیەتی ئیتحادییەکان

ئایدیۆلۆژیای سیاسیی ئیتحادیەکان لە بەراییدا شاراوە بوو بە واتای نە ئایدیۆلۆژیەکی نەتەوەیی - پان تورکیزم - بوو، نە ئایدیۆلۆژیەکی نێو نەتەوەیی - ئیسلامی یا خود مارکسی بوو. بەڕای نووسەر، ئەو ئاڵۆزییە خۆی بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

**یەکەم :** بۆچی ئیتحادیەکان هەر لە بەرایی بانگەشەی تورکایەتییان نەکرد؟!بە حوکمی ئەوەی ڕێکخراوەکە بانگەشەی بە دەستوورکردنی دەوڵەتیان دەکرد، هەر بۆیە ڕێکخراوەکە تایبەت نەبوو بە تورک، بە جۆرێک یەکەم شانەی ڕێکخراوەکە لە سەر دەستی کوردان دروست بووە، بەڵکو ڕێکخراوەکە گەلانی دی وەک کورد و عەرەب و چەرکەس و ئەرمەن و جوولەکەی لە خۆ گرتبوو، هەر بۆیە دژوار بوو ڕێکخراوەکە شێوەیەکی ناسیونالیستی تورکی ڕووت وەر بگرێ.

**دووەم :** ئایا ئیتحادیەکان هەر بۆیە دژی عەبدولحەمید راپەڕینیان کرد بۆ ئەوەی لە عەبدولحەمید ئیسلامی تر بن؟!

هەرچەند لە ڕواڵەتدا، توانی بوی هەتا کەسانی وەک شێخ سەعیدی نەورەسیش بە هەڵە ببات و وا زەن ببات کە جاڕدانی مەشروتیەت و دەستوورخوازیی ئیتحادیەکان بە شوراکردنی حکومەتی ئایندەی دەوڵەتی عوسمانییە[21]، بەڵام ئەگەر بەوردی لە پێکهاتەی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بڕوانین بۆمان دەر دەکەوێ، کە ئیتحادیەکان شۆڕشیان تەنیا لە دژی عەبدولحەمید نەکردووە، بەڵکو شۆڕشەکەیان لە دژی ئیسلامیش بووە، لەمەشدا بەهەڵە ناچین چونکە دەسەڵاتی ناوەندی بەدەست عەلمانییەکان و سەرکردە غەیرە موسڵمانەکانەوە بوو[22]. لەو ڕوانگەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەر لە دەسەڵات وەرگرتن ئیتحادیەکان، ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژیەتی خۆیان لەمەسەلەی پان - عوسمانیزم شاردبۆوە. مەسەلەی پان - عوسمانیزمیش هەریەکە بە جۆرێک لێی دەڕوانێ. مەسەلەی پان - عوسمانیزم بە هەردوو ڕوویەوە هەر لە بەرژەوەندی باڵی شاراوەی پان - تورکیزم دا بووە، چونکە لە نێو باڵی پان - عوسمانیزمیشدا دوو ڕەوتی سیاسی جیاواز هەبوون: گرووپی یەکەم دەیانویست دەوڵەتی عوسمانی بگۆڕن بە دەوڵەتێکی فیدراڵی و هەموو گەلانی ئیمپراتۆریەت لە حکومەتەکەی بەشدار بن. هەر سێ دروشمە مەرکەزیەکەش «دادگەری، یەکسانی، برایەتی» بێ گوێدانە جیاوازی دین و مەزهەبی و قەومی لە حکومەتەکە بەرجەستە بکرێن. د. عەبدوڵڵا جەودەت رابەری ئەو تەزرە بیرەی دەکرد. د. عەبدوڵڵا بەو ئەفکارانەی بیبووە هیمدادی سیاسی تورکە لاوەکان و گرووپی ئیتحاد و تەرەقی[23] هەروا بیرە ئومەمییەکەی عەبدوڵڵا جەودەت ئیسلامی نەبووە، بەڵکو مەتریالیستی (مارکسی) بووە. بە بڕوای پرۆفیسۆر شەریف ماردین، عەبدوڵڵا جەودەت لە پێشەوەی ئەو کەسانە بووە کە بیری

ماتریالیستی نامۆ بە واقعی گەلانی ئەمپراتۆریەتی بلاو کردۆتەوە هەر وەک دەنووسێ: «لەو لێکۆڵینەوەمدا کە بە تایبەتی لە سەر کەسێک کە فکرەی لە هەر کەسێکی دی بەرچاوترە، ورد دەبمەوە، ... هەنگێ مرۆڤ دەبینێ کە بیرو باوەڕی رۆژ ئاوایی: ماتریالیست، ئۆرگانیست، داروینیست، چۆن تأسیری لە بیرو بارەڕی ئێمە کردووە». [٢٤] باڵێکی تری پان ـ عوسمانیزم، کە کەسانی وەک مراد بەگ-ی باڵی راستی ئیتحادیەکان رابەری دەکرد داوای دەوڵەتێکی عوسمانی یەکگرتووی دەکرد بەڵام بە مەرجێ ئیسلام، ئایینی دەوڵەت بێ[٢٥].

گروپی پان ـ تورکیزمیش، کە باڵی سەرەکی ئیتحادیەکان بوون، نەتەوەپەرستی توندڕەوی وەک ئەحمەد رەزای نوێنەری باڵی چەپی کۆمەڵ و تەلعەت پاشای سەرۆکی کۆمەڵە و نوێنەری مەدەنییە ڕوناکبیرەکانی تورک و ئەنوەر پاشاو جەمال پاشای نوێنەری عەسکەرییەکانی لە خۆ گرد کردبۆوە. ئەو گروپە کە دینەمۆی ئایدیۆلۆژیای سەرەکی و ستراتیژیەتی دووری ژۆن ـ تورکەکان بوون دەیانوت: «ئێمە تورکین، قیبلەی ئێمە تۆرانە» یوسف ئاتچورا لە وتارێک بە ناوی «زیندوو بوونەوە دوای مەرگ هەقە» بە ئاشکرا بیرۆکەی پان ـ عوسمانیزم رەتدەکاتەوە و دەنووسێ: «دەبێ تورکەکان لە عەرەبەکان جیا ببنەوە، هەر چەندی زووش ئەو کردارە جێبەجێ بکرێ ئەوا تورکەکان زووتر دەتوانن دەوڵەتی عوسمانی بکەنە دەوڵەتێکی تورکی[٢٦]» جا وەنەبێ سەرانی ئەو پان ـ تورکیزمە مەبەستییان بووبێ تەنیا وڵاتی تورکان یان دەوڵەتی عوسمانی بکەن بە دەوڵەتێکی تورکی، بەڵکو دەیانویست هەموو ئەو گەلانەی بە ڕەگەز تۆرانین لە دەوڵەتێکی ڕەگەزی کۆبکەنەوە. زارەڤەند لە کتێبی «پان ـ تۆرانیزم» بە پوختی گەلانی رەگەز تۆرانیمان بۆ دەنووسێ: «تورکەکانی عوسمانی دانیشتووی ئەستانەو ئەنادۆل، تەتەرەکانی قەوقاز و ناوەندو خوارووی رووسیا، تورک و تورکمانەکانی، ئۆزبەگ - مەگۆل، مەنجو شونگوزارەکانی ناوەڕاستی ئاسیا، دانیشتوانە رەسەنەکانی سیبیریا، فلنەندەکانی فینلاند و دەوڵەتەکانی بەلتیک و لە دوایشدا هەنگاری و بلگاری هەموویان بە رەسەن تۆرانین[٢٧]» ناسیونالیستە تورکەکان سەرەتا دەیانویست جارێک هەموو ئەو گەلانەی بە تورکی دەدوێن وەک تورکەکانی عوسمانی، تورک زمانەکانی ئازەربایجان، تورکەکانی رووسیا و جینی گەلێر لە یەک دەوڵەت کۆ بکەنەوە. هەر ساڵێک دوای ئینقلابەکەی تەمووزی ١٩٠٨ ماهیەتی تورکایەتی خۆیان ئاشکرا کرد و کەوتە گرتن و راونانی سەرانی پان ـ عوسمانیزم و بزووتنەوە نەتەوەییە غەیرە تورکەکان بە جۆرێک لە دوای شەڕەکانی بەلقان، لە ئاکام جیا بوونەوەی گەلە غەیرە موسلمانەکان وەک یۆنانییەکان و مەکدۆنییەکان، بە جارێک شۆفینیزمی خۆیان هەڵڕشت، کورد و ئەرمەن بە خۆیان و وڵاتەکەیان کەوتنە بەر شالاوی توندو تیژی پان ـ تورکیزم. لێرەدا، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە هۆی چییە، گروپێکی دەسەڵاتدار لە نەتەوەیەک وەک گروپی ئیتحاد و تەرەقی شکۆی نەتەوەکەی هەرەس پێ دێنێ؟! بەواتا چی وای لە ئیتحادیە تورکەکان کرد، کە بیرۆکەی ناسیونالیزم بەرز بکەنەوە و واز لە ئیسلام بێنن، چونکە بە هۆی ئیسلامەوە چەند سەدەیەک گەلی سەردەستە و رزگاریخوازی گەلان بوون؟! ئەو فکرە سیاسییەی ئیتحادیەکان (تورکەکان) لە ڕووی رێکخستن و ستراتیژەوە زۆر لە کۆمەڵەی کاربوناری ئیتالی دەچوو کە خەباتی دەکرد لە پێناوی دەرکردنی فەرەنسی و نەمساوییەکان لە نیمچە دورگەی ئیتالیادا. بەواتای هاوردەبوونی فکری سیاسیی ئیتحادیەکان و کاریگەر بوون بە بیرۆکەو ئەزموونی جیهانی ڕۆژئاوا دیاردەیەکی پڕ لە راستییە بەتایبەتی مەسەلەی پەسەند کردنی رەگەزی Purity of blood لە نێو فەرەنسی و ئینگلیزو جوولەکە جێگەی مشت و مڕ نییە. لەو ڕوانگەیەوە، کاریگەریی تیژی ناسیوناڵیستی فەرەنسی و یەهودی لە سەر تورکەکان راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، چونکە بەرایی چەکەرە کردنی بیرۆکەی دەوڵەتی دەستووری، دەوڵەتی قەومی، رەگەز پەسەندی لە ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە، گروپی ئیتحادیەکانیش، بەتایبەتی تورکە لاوەکان لە ڕۆژئاواو سلانیک بوون. لەو بارەیەوەش بەڵگەی زۆر هەن ئەوەتا، جوولەکەیەکی وەک لوملی دەنووسێ: «رەگەزی تورک ـ کە تۆرانییە ـ لە رەگەزی هەموو گەلانی تری ڕۆژئاوا چاکترە[٢٨]». هەر وەها بە گوێرەی قسەکانی پرۆفیسۆر خدوری و برناردلویس، ئەو کەسەی کە بیری تۆرانیەتی لە نێو گروپی تورکە لاوەکاندا بلاو کردۆتەوە دەیڤد کۆهینی فەرەنسی بووە[٢٩]. لەبەرانبەر ئەو هەڵویستەش، پاش ئەوەی تورکە لاوەکان هاتنە سەر حوکم دەرگای دەوڵەتییان والاکرد بۆ پرۆسەی بە دیان کردن و بەجوو کردنی گەلانی ناو ئیمپراتۆریەت یان هەر هیچ نەبێ بووژاندنەوەی یەهودیەت و مەسیحیەت، ئەوەتا لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزدا هاتووە کە لە ساڵی ١٩٠٩ چالاکی مسیۆنێرەکان گەرم و

گوڕییەکی دیکەی بە خۆوە گرتووە. قوتابخانەی ئەلیانین -ی جوولەکە لە موسڵ و کازمیە و حیللە و عەمارە و بەسرە دا بە هۆی کۆمەڵەی فەرەنسایی - بەریتانی دامەزرا. لە ژێر چاو دێری د. دەبلیە ئای ویگرامدا مسیۆنێرە ئاینیە بەریتانیەکان چالاکی ئاینی خۆیان لە کوردستانی خواروو پەرەپێدا. لە شاری ئامێدی قوتابخانەیەکی ئاینییان دامەزراند [٣٠] هەروەها جوولەکەی توندڕەو (عەمانوئیل قەرەسۆ)،یەکێک لەو چوار کەسە بوو کە فەرمانی لە کار لابردنی عەبدولحەمیدی بۆ عەبولحەمید برد بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێ کە حکومەتی تورکی جوولەکە بەڕێوەی دەبات[٣١].

هەروەها بەڵگەی تر لەسەر ئەوەی کە هۆکاری دەرەوە رۆڵی گرنگی بینوە لە داڕشتنی فکری ناسیۆنالیستی تورکی و دەوڵەتی تورکی، دەگەڕێتەوە بۆ لەیەکچوونی بیرو ستراتیژیەتی تورکەکان و میلیتاریستە ئەڵمانەکان د. جەمال نەبەز لەو بارەیەوە دەنووسێ: لاساییکردنەوەی چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەڵمانیا لەلایەن میلیتاریستە پڕۆیزەکانەوە لەسەدەی ١٩دا دەورێکی گرنگی گێڕا لە بیرکردنەوەی ژۆن تورکەکاندا ، بەتایبەتی چونکە ئەڵمانیا لەسەدەی ١٩دا پێوەندییەکی سوپایی و بازرگانی توندو تۆڵی هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا [٣٢] ئەمەو ئینقلابەکەی تەمووزی ١٩٠٨ لاساییکردنەوەیەکی ئەو کاریگەرییەی ئەڵمانەکان بوو. زارەڤەند کاریگەری هەردوو شۆڕشی رووسیش دەکاتە هۆکارێکی دی بۆ بڵاوبوونەوەی بیری تۆرانیزم و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی تورکی: دەسەڵاتی رووسەکان بۆ ماوەیەکی کەم بورکانی تۆرانیەتی خامۆش کرد، نەژادی سلاڤی بەسەردا زاڵ کردن. بەڵام ئەمڕۆ لەنێو ئەو کلاورۆژنەو کەلێنانەی دوو شۆڕشی رووسیا کردوویەتییەوە گرمەی بورکانی تۆرانی لە هەموو کاتێک توندترو ترسناکتر دێتە بەر گوێ، دیواری نێوان تورک و تەتەر درز دەباو هەموویان لە دەوری بەهێزترین و ناپۆرەترین وڵاتیان کە تورکیایە،کۆدەبنەوە [٣٣].

## ٣- دەوری کورد لە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیدا

پاش پاشگەزبوونەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە نیزامی لامەرکەزیەتی بنەماڵە کوردییەکان و سەپاندنی نیزامی ناوەندی بەسەر ناوچەکەدا، کورد دەستەوەستان نەوەستان، بەڵکو بە چەندین راپەڕین و شۆڕش وەڵامی دەوڵەتیان دایەوە: شۆڕشەکەی میری کۆرەو میر بەدرخان و یەزدان شێر و شێخ عوبێدوڵلا بەڵگەی کۆنکرێتی خەباتی کوردن لە دژی کردارە دزێوەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

ئەو کردارەی دەوڵەتیش دەرگای دەوڵەتی والاتر کرد بۆ ئەوەی رۆژئاواییەکان زیاتر دەست لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی وەر بدەن. هەروەها ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتیش بوو بە هۆی ئەوەی مەسەلەی کورد ببێ بە مەسەلەیەکی سیاسی لە ناوچەکەو دەرەوەدا، هەروەک لازاریف دەنووسێ: مەسەلەی کورد وەک کێشەیەکی نێو دەوڵەتی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵدا ، لە سەدەی بیستەمیش دوای شەڕی یەکەمی جیهان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بایەخی زیاتر بوو [٣٤] ئەگەرچی میرانی کورد خاوەن هیچ حزبێکی سیاسی نەبوون، بەڵام خۆشەویستی نیشتمان پاڵی پێوە دەنان کە بەرگری لە وڵاتی خۆیان بکەن، هەرچی رۆشنبیرانی کورد بوون ئەوا دەیانویست لەگەل رووناکبیرانی تورک پێکەوە شۆڕشێکی رۆشنبیری و فکری بەرپا بکەن، بەڵام بەرایی لەو باوەڕە دانەبوون کە کورد لە دەوڵەتی عوسمانی جیابێتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی، یەکەم زۆربەی رووناکبیرانی کورد خاوەن پلەو پایەی بەرز بوون لە دەوڵەت. ئەوەتا حەوت لە کوڕانی میر بەدرخان لە شوێنی بەرز بوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا [٣٥] هەروەها کەسانی وەکو شەریف پاشاو د. عەبدوڵلا جەودەت و شێخ عەبدولقادری شێخ عوبێدوڵلای شەمزینیش خاوەن پلەی بەرز بوون لە دەوڵەتی عوسمانیدا ، دووەم هەستی خۆ بەکورد زانینی ئەو ڕۆشنبیرانە نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی بیر لە دەوڵەتی کوردی بکەنەوە، ئەوەتە کەسێکی وەک د. عەبدوڵلا جەودەت یەکەم شانەی ئیتیحادو تەرەقی لەگەڵ هاوڕێکانی دروست کردووە و بەڕێوەبەرو سەرنووسەری ئۆرگانی ئیتیحاد و تەرەقی بووە، باوەڕی بە دروست کردنی دەوڵەتی عوسمانی هەبووە نەک کوردی. هەروەها لە بارەی لاوازیی هەستی نەتەوایەتیی کورد، محەمەدەمین زەکی دەڵێ تا تورک نەیوت من تورکم و عەرەب نەیوت عەرەبم،ئێمە ئەمان وت کوردین!

بەم واتایە کورد وازی لە مەسەلەی خۆی هێنابوو، ئامادەبوو لەگەڵ تورک بیر لە ئایندەی هاوبەش بکاتەوە، بەو باوەڕەوە، رووناکبیرانی کورد وەک د. عەبدوڵلا جەودەت، د. ئیسحاق سکوتی، ئیبراهیم تەمۆ، شەریف

پاشا ، هەروەها عەبدولڕەحمان بەدرخان دەوری گرنگیان بینوە لە بیرکردنەوەو بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیدا.

بە حوکمی ئەوەی کورد لە نێو ئیتیحاد و تەرەقی دەوری زۆریان هەبووە، بە تایبەتی د. عەبدوڵلا جەودەت، ئەوا دەتوانرێ زەنی ئەوە ببرێ کە نەک هەر پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گروپی ڕۆژنامەی کوردستان و گروپی ڕۆژنامەی عوسمانلی ئیتیحاد و تەرەقی هەبووبێ بەڵکو لە ڕووی ڕێکخستنەوەش زۆر لەیەک نزیک بووبن، لەو بارەیەوە د. فەرهاد دەڵێ : ژمارەکانی ٦-١٩، ٢٤، ٢٥-٢٦، ٣٠-٣١ ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپخانەی ئیتیحاد و تەرەقی ناسراو بە «مەطبەعا جەمعیەتا تفاق و قنجیا مسلمانان» چاپکراون [٣٦] عەبدولڕەحمان بەدرخان لەگەڵ د. عەبدوڵلا جەودەت لە یەکەم کۆنگرەی ئیتیحاد و تەرەقی بەشدار بووە، هەروەها بە حوکمی ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی عەبدولڕەحمان بەدرخان هاوشانی بڵاوکراوەکانی ئیتیحادییەکان هێرشی دەکردە سەر سیاسەتی عەبدولحەمید، هەر بۆیە ئەو هەڵوێستەش هاوخەبات و هاورکابەری ڕووناکبیری کورد و ئیتیحادو تەرەقی دەگەیەنێ، ئەگەرچی کەسێکی وەک شەریف پاشا باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی بوو بەڵام لەژێرەوە پەیوەندی بە کۆمەڵەی ئیتیحاد وتەرەقییەوە هەبوو، هەچی مەلا سەعیدی کوردیش (شێخ سەعیدی نورسی) بوو لە بەرایی باوەڕی وابوو، کە گروپی دەستوورخوازیی ئیتیحاد و تەرەقی، دەوڵەتی شورا دادەمەزرێنن، کۆتایی بە سەردەمی تاکڕەوی دێت، کەسێکی وەک سەعیدی نورسی کە ستایشی مەشروتیەتی ئیتیحاد و تەرەقی بکا بێگومان زۆر گرنگە بۆ پەیداکردنی پشتیوانی کورد بۆ ئیتیحاد و تەرەقی. لەلایەکی تردوە ، بێجگە لە پرۆفیسۆر زیاء ئالکون، زۆربەی ڕووناکبیرانی کورد پاش دەرکەوتنی ماهیەتی تورکە لاوەکان لە هەڵوێستی خۆیان پەشیمان بوونەوە، بەڵام هەرچی زیاء بوو ئەوا تورکایەتی وا کاری لێ کردبوو کە لە بیری بچێ کوردیشە!، لەو بارەیەوە هەمیشە ئەو کۆپلە شیعرەی لە ژێر ناوی «بۆ ئەو پیاوەی بە من دەڵێ تورک نی»:

من تورک بم یان نا ، هاوڕێی تورکم

ئێوەش تورک بن یان نا دوژمنی تورکن [٣٧]

بۆ ناحەزانی دەوتەوە.

## ٤- هەڵوێستی ئیتیحاد و تەرەقی لە هەمبەر مەسەلەی کورد

ڕووناکبیرانی کورد، نەک هەر پاڵپشتییان لە ئیتیحادییەکان کرد، بەڵکو هەروەک لە پێشدا وتمان، ڕاگەیاندنی مەرکەزیی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیشیان بەڕێوە دەبرد، لێرەدا دەتوانین زەنی ئەوەش ببەین کە ڕووناکبیرانی کورد بە تێکەڵ بوون لەگەڵ بزاڤی تورکەکان و وڵاتانی دەوروبەر بیریان لە ڕێکخستنی سیاسی هەتا ڕاپەڕینی سیاسی و عەسکەریش دەکردەوە، بە جۆرێک دروست بوونی حزبی عەزمی قەومی کوردستان لە ساڵی ١٩٠٠ ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنێ، هەروەها شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥-١٩٠٧ ڕووی کاری لە ئیتیحادییەکان کردووە بە هەمان شێوەش دەوری خۆی لە بێداربوونەوەی کوردەکانیش بینیوە بە جۆرێک هەر لە ژێر ئەو کاریگەرییەدا شارە کوردییەکانی دیاربەکر، بەدلیس، وان، شانۆی چەندین ڕووداوی سیاسی بوون، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٠٥ی کوردەکانی دەرسیم پاڵپشتییەکی گەورەی بە خۆوە بینی [٣٨] هەرچەندە د. عەبدوڵلا جەودەتی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی هەر لە ساڵی ١٩٠٤ـەوە درکی بە هەقیقەتی ئیتیحاد و تەرەقی کردبوو، هەر بۆیە بۆ خۆی سەربەخۆ لە بریتی «عوسمانلی» ، گۆڤاری «ئیجتیهاد»ی دەرکرد، بەڵام ئیتیحادییەکان لەسەر سیاسەتی چەواشە کردنیان بەردەوام بوون، کاتێک لە ڕێگای کودەتای ١٩٠٨ـەوە هاتنە سەر حوکم ماوەیەک بە گوێرەی دەستووری عوسمانلی کاریان کرد، جا ئەو بارودۆخەی لە ئاکامی کودەتاکەوە هاتەکایەوە زەمینەیەکی لەباری لەبەردەم ڕووناکبیرانی کورد ڕەخساند، بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە بقۆزنەوەو دەوری خۆیان لە حکومەتە دەستوورییەکەی ئیتیحادییەکان ببینن، لە ساڵی یەکەمی حکومەتە دەستوورییەکەدا، کە هێشتا عەبدولحەمید لەسەر کاربوو، ململانێ باڵی مەدەنی و عەسکەری حکومەتەکەی گرتبۆوە ولەکاتێکدا حکومەت تەواو جێ پێی خۆی توند نەکردبوو، جۆرە ئازادییەک و مافی را دەربڕین و دروستکردنی حزبی سیاسی لە ئارابوو، هەر بۆیە لە ١٩٠٨/٩/٢٥ شەریف پاشا لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی و داماو ئەحمەد و زولکەفل پاشا کۆمەڵەی «کورد تەعالی و تەرەقی جەمعیەتی» دا دەمەزرێنن ، ڕۆژنامەیەکیش بە ناوی «کورد تعاون و ترقی غزەتەسی کە پیرەمێرد سەرنووسەری بووە دەردەکەن » [٣٩] لە ڕۆژنامەکەدا، ڕووناکبیرانی کورد

گەلێک وتاریان لە بارەی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بلاوکردەوە، لەلایەکی تریش لە پاش راگەیاندنی دەستووری عوسمانلی ئەحمەد ثریا بەدرخان دەگەڕێتەوە ئەستەمبۆل، ڕۆژنامەیەک بە ناوی رۆژنامەی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەردەکات [٤٠] لە ولاوەش، مەلا سەعیدی کوردی ،کۆمەڵەی «یەکێتی محەمەدی» دامەزراندو هەرسێ دروشمە مەرکەزییەکەی ئیتیحادو تەرەقی» دادگەری، یەکسانی، برایەتی »بەرز کرد بۆوە، بە جیدی داوای یەکێتی عوسمانی دەکرد، هەروەها مەلا سەعید لە رۆژنامەی شەرق و کوردستان- کە کۆمەڵە رۆشنبیرێکی کورد لە ئەستەمبۆل لە سالی ١٩٠٨ دەریان دەکرد- وتاری بلاوکردۆتەوە، هەروەها کۆمەڵەی یەکێتی محەمەدی ڕۆژنامەیەکی بەناوی «وولقان» دەر دەکرد، ئەورسی زۆر بابەتی لەو ڕۆژنامەیەشدا بلاودەکردەوە، هەروا بەناوی سەعیدی کوردی زۆر وتاری لە رۆژنامەی کورد بلاودەکردەوە [٤١] گروپێکی دیکە «کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زانیاری کورد»یان دامەزراند بۆ ئەوەی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیش بووژانەوە بە خۆی ببینێ، لەلایەکی تریش میر عەبدولڕەزاق بەدرخانیش، قوتابخانەیەکی کوردی لە ئەستەمبۆل بەناوی قوتابخانەی «دەستووری» کردەوە، ئەو چالاکییە سیاسی و رۆشنبیریانە تەواو ئیتیحادییەکانی هەراسان کردبوو هەر بۆیە بڕیاریان دا کە هەموو چالاکییەکی کوردەکان رابگرن.

لە پاش ڕووداوی ٣١ی مارتی ١٩٠٩ حکومەت دەستی کرد بە گرتن و راوەدوونانی ڕووناکبیرانی کورد، کەسانی وەک شەریف پاشا، ئەمین عالی بەدرخان توانیان خۆیان لە تیرۆری ئیتحادییەکان رزگار بکەن بەلام هەریەک لە ئەحمەد ثریا بەدرخان و شێخ سەعیدی نورسی دەستگیر کران [٤٢]. بە حوکمی ئەوەی نورسی ڕووناکبیری سەردەمی خۆی بوو، هەر بۆیە کاتێ دەستگیری دەکەن، بە تۆمەتی کوردایەتی تاوانباری دەکەن، خۆیشی لەبەردەم خورشید پاشای سەرۆکی دادگای ئیتیحادییەکان بە راشکاوی دەڵێ: من یەکێک لە تاوانەکانم ئەوەیە کە خەم بۆ ناوچە خۆرهەلاتییەکان- کوردستان- دەخۆم و داوای دانەوەی مافەکانی ئەکەم و هەمیشە هەوڵ دەدەم کە بگاتەوە بە کاروانی هونەرو زانست و پێشکەوتنی راستەقینە [٤٣] هەرچی شەریف پاشا بوو، ئەوا لە ناوەڕاستی ١٩٠٩ لە پاریس حزبێکی سەربەخۆ بەناوی حزبی ڕادیکالی عوسمانی Parti Radicail Ottoman دروست دەکات لە پێناوی بەگژ داچوونەوەی حوکمی دەستووریی گەنجە تورکەکان لەتورکیا و دروستکردنی چەند گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لەو حوکمە دەستوورییەی ئەواندا، هەروەها گۆڤارێکیش بە ناوی مەشروتیەت لە ١٥/١٠/١٩٠٩ دەردەکات [٤٤]. بەلام لەبەرئەوەی شەریف پاشا نە ئیسلامی بوو نە قەومی ، بەلکو عوسمانییەکی ڕادیکالی و لیبرالی بوو، هەر بۆیە لە هیچ برگەیەکی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەدا ناوی کورد نەهاتووە [٤٥] لە ڕووی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریشدا، برایم پاشای کوڕی مەحمودی تیماوی سەرۆکی هۆزی ملی (میلان) بە حوکمی دەستووری ئیتیحادییەکان ڕازی نەبوو و پەنای بردە بەرکۆسارەکانی عەبدولعەزیز و لەوێندەر هاتە کوشتن [٤٦] دوای قەدەغەکردنی چالاکی کوردەکان، خەلیل خەیالی لە سالی ١٩١٠ ڕێکخراوێکی سیاسی بە ناوی «هێڤی» لەگەل کۆمەڵە قوتابییەکی زانکۆی دەولەت پێکهێنا، (٤٧) ئەو ڕێکخراوە سەرەتا گۆڤارێکی بە ناوی «ڕۆژی کورد» بلاوکردەوە، بەلام لە دوایی ناوەکەی گۆڕا بوو بە «هەتاوی کورد». کۆمەڵەی هیڤی نەیتوانی دەوری سیاسی خۆی ببینێ چونکە تەنیا لە نێو گروپە ڕۆشنبیرییەکەدا بلاو ببۆوە، هەر لە سالی ١٩٠٩ ئیتحادییەکان، سوپاو هێزێکی چەکداری گەورەیان ناردە سەر بارزان [٤٨] شێخ عەبدولسەلام بارزانی هەر لە سالی ١٩٠٧ەوە لە بروسکەیەکدا بۆ بابی عالی لە ئەستەمبۆل داوای کردووە کە لە ناوچەکەیدا زمانی کوردی و فێرکردن بەزمانی کوردی بە رەسمی بڕیاری لەسەر بدرێ، بەلام ئەو داواکارییەی شێخ لە دادگای ئەستەمبۆل بەکارێکی جوداخوازی لە قەلەم درا [٤٩] هەر بۆیە لە کۆتایی ١٩٠٧ تاکو سەرەتای ١٩٠٨ سوپای عوسمانی هەموو گوندەکانی بارزانی سووتاندو مالەکانی تالان کردو خەلکەکەشی بەرەو زیندانەکان ڕاپێچ کرد.

شێخ عەبدولسەلام لە سالی ١٩١٣ جارێکیتر لە ناوچەکەدا دەستی بەکاری خۆی کردەوە، هەر بۆیە سلێمان نەزیفی لێپرسراوی ویلایەتی موسل فەرمانی گرتنی دەرکرد، بەلام خۆشبەختانە ئەمجارەش شێخ توانی خۆی رزگار بکات لە کۆتایی ١٩١٤ دا شێخ بە خۆی و سێ لە پاسەوانەکانی بە دەستی سۆفی عەبدوللا ناوێک تەسلیم بە سلێمان نەزیف دەکرێت و فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچێت و ئەو فرمانە لە ١٤/١٢/١٩١٤ جێبەجێ دەکرێ، هەوالێکی دیکە دەلێ لە کانوونی دووەمی ١٩١٥ لە سێدارە دران [٥٠].

لەنێو باکووری کوردستانیش کۆمەڵە سەرکردەیەکی کورد بە نهێنی کۆمەڵەیەکی سیاسی پێکدەهێنن کەسانی وەک شێخ عەبدولقادرو مەلا سەلیم بەدلیسی و شەهابەدین و حاجی موسا سەرکردایەتی ئەو کۆمەڵە نهێنیەیان دەکرد (٥١) ئیتیحادییەکان بەنیازی دەستگیرکردنی مەلا سەلیم و سەرکوتکردنی کۆمەڵەکە، لە حوزەیرانی ١٩١٠ ئالایەکی لەشکر دەنێرنە سەر ڕێگای وان - بەدلیس و مەلا سەلیم لەوێ دەستگیر دەکەن، هەر کە شەهابەدین بەمە دەزانێ هێزێکی پێکهاتوو لە سەد سوار دەنێرێتە سەر لەشکرەکەی تورک و دەتوانێت مەلا سەلیم رزگار بکات (٥٢) ئەو رووبەرووبونەوە چەکدارییە، خاڵی وەرچەرخانی شۆڕشەکەی مەلا سەلیم بوو. لەنێوان ساڵانی ١٩١٠-١٩١٣ ئەو کۆمەڵە شۆڕشگێڕە توانی چەند بەشێکی ولات لەژێر دەسەلاتی ئیتحادییەکان ڕزگار بکات، بەلام لە شەڕێکی نێو شاری بەدلیس، مەلا سلیم و ١٠ پێشمەرگەی ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر قونسولیەی رووسیا لە بەدلیس،کاتێ شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵدەگیرسێ، ئیتیحادییەکان هێرش دەکەنە سەر قونسولیەی رووسی و مەلا سەلیم و هاوڕێکانی لە ناو شاردا دەکوژن (٥٣) هەروەک چۆن عەبدولسەلام بارزانی و راپەرینەکەی بە دەستی خیانەتەوە کپ کرایەوە، ئەوەی مەلا سەلیم و هاوڕێکانیشی هەر بە دەستی خیانەت کوژێنرایەوە، لەو بارەیەوە، مەلا سەلیم خۆی لە دادگای ئیتیحادییەکان دان بەو راستییە دەنێ، خودا نوسرەتی بە ئێمە بەخشی بەلام غایەن هەبوو لەبەر ئەوە خودانوسرەتی لە ئێمە سەندەوە (٥٤).

ئەگەرچی شۆڕشەکانی کورد، هەتا لە بەشێکی ولاتیش، پێکەوە بەند نەبوونە، بەلام کورد لە شۆڕش کردن نەوەستاوەتەوە ئەوەتا لەپاش دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی مەلا سەلیمی بەدلیسیش، لەلایەکی تری ولات میر عەبدولرەزاق بەدرخانی کۆنە بالیۆزی عوسمانلی لە پترسبۆرگی رووس داوا لە کاربەدەستانی رووسیا دەکات کە پشتگیری لە دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردی لە کوردستاندا (٥٥) بکەن بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشێکی کوردی، لە نێوان ساڵانی ١٩١٢-١٩١٣ میر عەبدولرەزاق دەچێتە شاری ورمێ، لەوێ لەگەڵ سمکۆی شکاک بە پشتیوانی رووسیا لە شاری «خوی» کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری بەناوی گیخاندی پێکدەهێنن (٥٦) ئارمانجی ستراتیژی کۆمەڵەکە هەروەک عەبدولرەزاق دەڵێت بریتی بوو لە بلاوکردنەوەی وشیاری نەتەوایەتی (کوردایەتی) لەناو کورد دا (٥٧).

لە ساڵی ١٩١٤، بە پشتیوانی رووسیا، میر عەبدولرەزاق توانی ئیدارەیەکی کوردی لە چالدێران دابمەزرێنێ، لە رۆژنامەکانی ئەستەمبۆڵ وەک وقت، صباح، تصویری افکار، دەردەکەوێ کە ئەو ئیدارە کوردییە کاریگەریەکی ترسناکی لە حکومەتی ئەستەمبۆڵ کردووە، هەر بۆیە حکومەتی ئەستەمبۆڵ لە ڕێگای ئەو رۆژنامانەوە بەیاننامەی «کافر» بوونی میر عەبدولرەزاق بلاودەکاتەوە، لەمەشدا هەر بۆ ئەوەی رەواج بە ورووژاندنی هەستی دینی کوردو تورک بدات ،ئەگەرنا حکومەتەکەی ئەستەمبۆڵ و ئیسلام هەریەکی لە دۆڵێک بوون! (٥٨). بەلام شۆڕشەکەی عەبدولرەزاقیش تەمەنی زۆر درێژ نەبوو، کاتێ بەلشەفییەکان لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دەسەلاتیان گرتەدەست، لە کانوونی یەکەمی ١٩١٧ لەگەڵ ئیتیحادییەکان ئاگربەستێکیان بەست و لە ئاداری ١٩١٨ لە ڕێگای پەیمانی برێست لیتۆڤسک بەشێکی بچووکی کوردستانیان لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت و بەم جۆرە پەیمانەکە هەم کۆتایی بە شەڕی نێوان رووسیاو ئیتیحادییەکان هێنا (٥٩) هەم کۆتاییشی بە ئیدارە کوردییەکەی عەبدولرەزاق هێنا، هەروەها عەبدولرەزاق خۆشی لە باشووری ولات تیرۆر کرا (٦٠).

٥- ئیتیحادییەکان و کوشتاری ئەرمەن و کورد

لە نێوان ساڵانی جەنگ ١٩١٤-١٩١٨ ئیتیحادییەکان کوشتارێکی ترسناکیان لە ئەرمەن و کورد کرد، ئەو کۆمەڵکوژییەی دوو نەتەوەی وەک ئەرمەن و کورد، خۆی لە خۆیدا تەعبیری لە ماهیەتی فراوانخوازی و رەگەزپەرستی بزووتنەوەی تۆرانیەت دەکرد، چونکە ئیتیحادییەکان باوەڕیان وابوو کە دەبێ تۆرانییەکان بە زۆری چەکی هەموو جیهان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە (٦١) رۆژنامەنووسەکانی رووس لە بارەی کۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنییەوە دەنووسن (... شاری وان نە کەسێکی زیندووی تێدا ماوەو نە خانوویکی بە پێوەماوە، لە شاری بەدلیسدا لە هەژدە هەزار ئەرمەنی تەنیا ٣٠٠-٤٠٠ ژن و منداڵی ئەرمەنی لە مردن رزگاریان بووە، لە بیست و پێنج هەزار ئەرمەنی نێو ئەرزەرۆم تەنیا دوو سەد کەسێک رزگاری بووە.لە شاری موش و ئەو سێ گوندەی دەوروبەری کە بیست و پێنج هەزار ئەرمەنی لێ دەژیا، پاش رەشەکوژییەکە تاکە کەسێکی لێ رزگار نەبووە» (٦٢).

ئەمە وەنەبێ سەرانی ئیتیحادییەکان نکوڵی لەو رەشەکوژییە بکەن،ئەوەتە یەکێک لە سەرکردەکان دەکان بە ڕاشکاوی بە باڵیوزی ئەمریکا لە ئەستەمبوڵ دەڵێ: ئێمە ٣/٤ی ئەرمەنەکانمان بە کردەوە دەربەدەر کردووە، ئێستا کەسیان لە بەدلیس و وان و ئەرزەڕۆم نەماوە... لێ ناگەڕێین ئەرمەنییەک لە هیچ شوێنێکی ئەنادۆڵ بمێنێ [٦٣] سەبارەت بە کوردیش، بەرنامەیەکیان دانا کە هەرچی کوردە لەوڵاتی خۆیانەوە بۆ وڵاتی تورک ئاوارەو پەرش و بڵاوبکرێنەوەو بە مەرجێ ژمارەی ئەو دوورخراو و ڕاگوێزراوانە لە هەر شارێکی تورکیدا زیاتر نەبێ لە ٥٪ی دانیشتوانە تورکەکان، لە ئاکامی ئەو کردارە شۆڤێنییەدا (٥٠٠) هەزار کورد گیانیان لە دەست داو (٧٠٠) هەزاریش بە زۆری بۆ ئەنادۆڵ ڕاگوێزرانەوە، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە کڵۆڵە ڕاگوێزراوانە هەر بەدەم ڕێگاوە سەرمای سەختی زستان و ماندووبوون و برسێتی کوشتنی، بەشێکی تریشیان پێش ئەوەی بگەنە شوێنی بۆ ڕاگوێزراو تورک کوشتنی [٦٤] لە ماوەی شەش حەوت مانگی یەکەمی جەنگدا لە سەرجەمی (١٢) هەزار کەس لە کوردستانی باکوور، نزیکەی هەشت هەزار کەس مردن [٦٥] مامۆستا ئەحمەد خواجە لە بەرگی یەکەمی کتێبی (چیم دی) وێنەیەکی سەردەمی جەنگمان لە سلێمانی و دەوروبەری بۆ تۆمار دەکات:- هەناسەی خۆشی نەما، برسیەتی و نەخۆشی و هەموو جۆرە پەتایەک وڵاتی داگیر کرد، دەرمان، پزیشک، چارەساز نەبوو، لە شار لە لادێدا ناڵەی ژن، پیاو، منداڵ، لاشەی لە برسان مردوو شەقام و کەلاوەکانی پڕکردبوو جا تەنیا گیان هەرزان و نان گران بوو، سەرەڕای ئەوگرفتارییە لە ناوەڕاستی شاردا، لەسلێمانی و دێهاتەکاندا دەستە دەستە لاوانی کورد ئەکران بە نیشانەوەو بە دەستڕێژی سەربازی تورک ئەکوژران [٦٦].

لێرەدا چۆن دەکرێ شەڕی ئیتیحادییەکان لە دژی ئەرمەن و کورد بە شەڕێکی دینی لێکبدرێتەوە؟ بەڕای نووسەر، مەسەلەکە، هەمووی مەسەلەیەکی سیاسی بووە، سەبارەت بە ململانێی دەوڵەتی عوسمانی و ئەرمەن. ئەگەر هەردوولا بۆ یەک دینیش لە مەسەلەکەدا بدەن ئەوا هەر بۆ وروووژاندنی هەستی دینی بووە چونکە ئەگەر ئەختێ بۆ بەر لە ڕۆژانی جەنگ بگەڕێینەوە ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کەمەسەلەکە مەسەلەیەکی سیاسی بووەو ڕۆژئاواییەکان دەورێکی گرنگیان بینیووە بۆ زیاتر وروووژاندنی ئەرمەنی و عوسمانییەکان لەلایەک، ئەورووپییەکان بەپێی ڕێککەوتننامەی بەرلین بەندی [٦١] چاودێری ئەرمەنییەکانی زامن کردبوو [٦٧] هەروەها خۆی لە خۆیدا، ئەورووپییەکان لە ڕێگای پەیمانی بەرلین، جۆرە پرۆژەیەکی حوکمی زاتی ئەرمەنییان لەسەر کوردستان زامن کردبوو [٦٨] ئەمەو دەوڵەتی عوسمانی کاردانەوەیەکی سەر سەختانەی بەرانبەر بەو کارە نیشان داو لە ساڵی ١٨٨٥ دا کەوتە بەربەرەکانی بزووتنەوەی ڕوو لە گەشەکردنی ئەرمەنییەکان کە لقی لە رووسیا و سویسرا و لەندەنیش هەبوو [٦٩] لەپاشانیش لە ساڵی ١٨٩٤ لە ساسۆندا پێنج گوندو هەموو ناوچە ئەرمەننشینەکانی تالوری (دالورینج) وێران بوون [٧٠] بە حوکمی ئەوەی بەپێی پەیمانی ئاشتی تورکمانچای بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا لە ئێران ستێندراو بووە بەشێک لە ئەمپراتۆریەتی رووسی، رووسەکان هەر لە پاش ئینقلابەکەی تەمووزی ١٩٠٨، خەریکی جۆشدانی ئەرمەنییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوون، بە جۆرێک لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨-١٩١٤، رووسەکان نزیکەی دە هەزار خەبیرو سەربازی خۆیان لە ناوچەی ئازەربایجان مۆڵ دابوو [٧١] لە پێناو دامەزراندنی کیانێکی ئەرمەنی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا، رووسەکان مژۆڵی ئەوەبوون عەشیرەتە کوردەکانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ بکەنە سەرباز و بەگژ دەوڵەتی عوسمانییەوەی بنێن [٧٢] لەلایەکی تر، وەنەبێ ئەرمەنە توندڕەوەکان نکۆڵی لەوە بکەن کە باکووری کوردستان بە خاکی باوک و باپیرانیان بزانن ئەوەتە لە تۆمارەکانی خۆیان هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە (هیچ مەڵبەندێک لە جیهاندا بە قەد مەڵبەندەکانی وان و بەدلیس ئەرمەنی نین [٧٣] هەروەها بەناوی «مافی مێژوویی ئەرمەن» بەسەر کوردستانەوە لە تۆماری ئەرمەنییەکاندا هاتووە: ئەو نیشتمانە- کوردستان- چەندین سەدەیە نەتەوەیەکی لەسەر دژی وەکو ئێمەی ئەرمەن لە ڕەگەزی ئارین و ئێمەش هەست دەکەین کە ئەو نەتەوەیە زیاتر لە ئێمەوە نزیکن نەک لە تورک، بەڵام هەرچەندە بەشێکی ئەو نیشتمانەیان- خۆ هەر بەدەستی ئەرمەنییەکانی چاخە کۆنەکان ئاوەدان کراوەتەوە، ئەمرۆ بە زۆری بە ئیسلام کراوەو بە کورد کراوە [٧٤] هەر لەسەر ئەو بنەمایەش، ڕۆژئاواییەکان دانیان بەوە ناوە کە ئەو شوێنانە بدرێنەوە ئەرمەنەکان هەروەک لە مادەی ٨٨و ٩٣ پەیمانی سیڤەردا هاتووە، کە ئەرمەنستان لە چوار ناوچەی تەرابزۆن، ئەرزەڕۆم، ڤان (وان) و بەدلیس پێکدێ [٧٥] هەروەها لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگیش، قۆمیساری ئەمریکایی بە وەفدی

کوردی گوتبوو کە ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی دەوڵەتی ئەرمەنیا دابمەزرێنێ کە بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان دەگرێتەوە (٧٦).

لەپاش ئەو هەموو راستییە، ئەی بۆچی کورد تاوانبار دەکرێ بە کوشتنی ئەرمەنییان؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش پێم چاکە یەک دوو خاڵی تر، روون بکەمەوە، یەکەم ئەو کوردانەی بەشداریان لە کوشتاری ئەرمەن کردووە، بەشداریان لە کوشتاری کوردیش کردووە؟! بە واتا ئەو کوردانە بە تەعبیری ئەمڕۆ، جاشی دەوڵەت بوونە نەک نوێنەری کورد.

لەلایەکی تریش وێرای ئەوەی ئەرمەن نیاز پاک نەبوونە بەرامبەر بە کوردو کوردستان بە فیتی دەوڵەتانی رۆژئاوا پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە بەشێکی وڵاتی کوردان بکەنە دەوڵەتی خۆیان. هەتا کەسێکی وەک مێجەر نوئیلیش باس لە ترسی کوردان دەکا بەرامبەر نیازی ئینگلیز لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و زۆر کردن لە کوردان بکەونە ژێر ئەو گوشارەوە (٧٧) هەروەها نوئیل لە شوێنێکی تردا دەڵێ بۆ ئەوەی کورد لەگەڵ دیانەکان تەبا بژین، ئەگەر شیابێن کوردیش بکەینە دیان، تەبابییەکە زێتر دەرەخسا (٧٨) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کورد لە دوو رووەوە مافی ئەوەی هەبووە شەڕی ئەرمەن بکات: یەک بۆ کورد،داگیرکردن چ تورک بیکا،یان ئەرمەن هەر داگیرکردنە. دووەم: مەسەلەکە سەبارەت بە کورد، دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنی لە کوردستان، خۆی لە خۆیدا داگیرکردنی دینیش بوو! بەڵام وێرای ئەو هەڵوێستانەی ئەرمەنیش ، کوردە شۆڕشگێڕەکان شەڕی ئەرمەنیان نەکردووە، بەڵکو نزیکەی گیانی پەنجا هەزار ئەرمەنیان لە دەست ئیتیحادییەکان رزگار کردووە (٧٩) لە کوردستانی باشووریش شێخ ئەحمەد بارزانی هێزێکی دوو سەد چەکداری ناردۆتە کوردستانی بن دەستی تورکیا بۆ ئەوەی گیانی چەند خێزانێکی ئەرمەنی رزگار بکات، یەکێک لەو خێزانانەی هێزە کوردیەکە رزگاری کردووە، خێزانی ئەندراتیک پاشا بووە، ئەوەی شایەنی باس بێت ئەو هێزەی کورد کە بۆ رزگاری ئەرمەنەکان چووبوو چواردە کەسی بەدەست تورکەکان کوژران (٨٠) لەبەر ئەوەی کورد حکومەتی سەربەخۆی نەبووەو دبلۆماسیەتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردیش لە ئاستێکی وادا نەبووە رووی راستی ئەو کۆمەڵکوژییەی ئەرمەن و کورد نەک هەر بەجیهان بناسێنێ، بەڵکو بە کۆمەڵی کورد خۆشی، هەر بۆیە تەوفیق پاشای سەرەک وەزیرانی حکومەتی تورک بە راشکاوی تاوانی کوشتاری ئەرمەن دەداتە پاڵ کورد و تورکی لێ بەری دەکات هەروەک دەڵێ: ئەوانەی کوشتاری ئەرمەنیان کرد کورد بوون، تورک و حکومەتەکەشیان لەوە بێ بەرین و ئەگەر پێویستی جەنگ و سەرقاڵ بوون نەبوایە بە جەنگەوە ئەوا حکومەت نەیدەهێشت ئەوە روو بدات و سزای ئەوانەشی دەدا کە راستەوخۆ کردوویانە (٨١).

## ئەنجام:

دروست بوونی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی گۆڕانێکی نەوعی بوو لە بنەمای خەباتی هاوچەرخانەی تورک و کورد دا، ئەگەرچی رووناکبیری کورد خۆی دەورێکی گرنگی بینی لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندنی مەرکەزی ئەو کۆمەڵەدا، بەڵام کۆمەڵە لە رەوتی شۆڕشگێری خۆی لایداو کەوتە وێزەی نەک هەر رووناکبیرانی کورد بەڵکو نەتەوەی کوردیشەوە.

لەلایەکی تر، ئەو نووسینە، بیرۆچکە دژ بە یەکەکانی ناو کۆمەڵەی دەرخستووە، تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووە کە شۆڤێنیەتی تورک بەرایی مالوێرانی کۆمەڵی عوسمانی بووە، هەروەها ئەو نووسینە ئەوەی روون کردۆتەوە کە خودی تورک و ئەرمەن بەرپرسن لە بەرامبەر رەشەکوژی ئەرمەن و کورد نەک کورد وەک هەندێ مێژوونووس دەیانەوێ کوردی پێ تاوانبار بکەن.

❐

پەراوێزەکان:

١-صلاح بدرالدین، غرب کردستان،ص١٦

٢-مصطفی خوزان ، اسرار الانقلاب العثمانی،ص١٥

٣- سەرچاوەی پێشوو

٤- ساطع الحصری البلادالعربیهوالدوله العثمانیه.

٥- گۆڤاری هیوا، پاریس،ژ(٧)

٦-فیصل الدباغ، احتواء علی الکتاب...

٧- سەر چاوەی پێشوو، هەروەها گۆڤاری هیوا، ژ(٧).

٨- گۆڤاری رامان، ژ(٢٦)لا٨٥

٩- مصطفی خوزان ، اسرار الانقلاب العثمانی، ص١٦.

١٠- هیوا ئەمین، ناسیونالیستی تورک... لا ١٠.

١١- فیصل الدباغ، سەرچاوەی پێشوو.

١٢- د. فـرهاد پیـربـاڵ، رۆژنامـەگـەری کـوردی بەزمـانی فەرەنسی،لا٢٤

١٣- د. فرهاد پیر باڵ ، گۆڤاری رامان ژ(٢٦)لا٤١.

١٤- ارنست رامورزر، ترکیا الفتاة و الثورة١٩٠٨، ص١٥

١٥- سەر چاوەی پێشوو.

١٦- گۆڤاری رامان، ژ(٢٦)،لا١٨٤-١٨٥.

١٧- مصطفی خوزان، اسرارالانقلاب العثمانی ،ص١٨

١٨- سەرچاوەی پێشوو

١٩- هیوا ئەمین ، ناسیونالیستی تورک ، لا٣١

٢٠-گۆڤاری رامان، ژ(٢٦)لا١٨٥.

٢١-سـعـیـد النورس،رحـبـه العلمـا، المـسـمـاه برجنه الخواص...ص٢٥.

٢٢- هیوا ئەمین، ناسیۆنالیستی تورک، لا٢٥.

٢٣- گۆڤاری هیوا، ژ(٧).

٢٤- سەرچاوەی پێشوو.

٢٥- هیوا ئەمین ناسیۆنالیستی تورک، لا٢٦.

٢٦- سەر چاوەی پێشوو،ل٢٧.

٢٧- رۆژنامەی ئالای ئازادی، ژ(١٢).

٢٨- گۆڤاری راپەرین ، پاکستان، ژ(١).

٢٩- سەرچاوەی پێشوو.

٣٠- گۆڤاری هاڤی بوون، بەرلین ژ(٢-٣)، لا ٧٠.

٣١- موفق بنی المرجه ، صحوه الرجل المریض، ص٨٥

٣٢- د. جـەمـال نەبەز، بیـری نەتەوەیی کـوردی، نە بیـری قەومیەتی ڕۆژهەڵاتییە نەبیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییە،لا٨٥

٣٣- رۆژنامەی ئالای ئازادی، ژ(١٢)ئەفسانەی پان تۆرانیزم، وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو

٣٤- لازاریف، ئەو هۆکـــارانەی مـــەســـەلەی کـــورد پێکدەهێنن،لا٣٧

٣٥- مالمیسانژ، بدرخانیو جزیرە بوتان، ت: شکور مصطفی، ص٣٠

٣٦- د. فـرهاد پیـربـاڵ ، رۆژنامـەگـەری کـوردی بە زمـانی فەرەنسی،ل٢٠

٣٧-هیوا ئەمین، ناسیۆنالیستی تورک ، ل٢٦، ئەویش لە د. کەمال مەزهەر کتێبی چەند لاپەرەیەک لە... وەرگرتووە.

٣٨- گـۆڤـاری هاڤی بوون، ژ٢-٣ل٤٥ وەرگـیـراوەلە جلیلی جلیل، نهضه الاکراد الثقافیه... لا٥٧

٣٩- گـۆڤـاری رامـان، ژ(٢٦) لا٤١، رۆژنامـەی کـورد کـە زمانحالی کۆمەڵەکە بوون لە ١٩٠٨/١١/٩ دەر چووە.

٤٠- مالمیسانژ، لا٨٣

٤١- گـۆڤـاری مـەتین، ژ٧٥، لا٦٧ هەر وەها گـۆڤـاری بانگی هەق ع(٥)لا٢٤

٤٢- مالمیسانژ، لا ٨٣ هەر وەها هیوا ئەمین،لا٢٧

٤٣- سەرچاوەی پێشوو

٤٤- د. فرهاد پیرباڵ، رۆژنامەگەری کوردی بە زمانی فەرەنسی ، لا٤٢-٤٣

٤٥- سەرچاوەی پێشوو، لا٤٩.

٤٦- کـورد لە ئینسـکلۆپیـدیای ئیـسـلامـدا ، چاپی کـوردی، لا٩١.

٤٧-گۆڤاری رۆژی نوێ،ژ٠(٥)

٤٨-گۆڤاری بەیان ، ژ(١)، لا٤٢.

٤٩- مەسعود بارزانی ، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد.

٥٠- سەرچاوەی پێشوو

٥١- هیوا ئەمین ، ناسیۆنالیستی تورک، لا٢٩.

٥٢- گۆڤاری رۆژی نوێ، ژمارە (٤)

٥٣- سەرچاوەی پێشوو.

٥٤- گۆڤاری ئالای ئیسلام، ع(١)ص٢٥.

٥٥- Kurdistan News, No: 3,1993

٥٦- گۆڤاری ئالای ئیسلام ، کەنەدا.

٥٧-سەرچاوەی پێشوو.

٥٨- هیوا ئەمین، ناسیونالیستی تورک، لا٣١.

٥٩- Desk,Kinnane Kurdistand ord Kurd, P21

٦٠- هیوا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو لا٣٣

٦١- سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤.

٦٢- د. کـمـال مظهـر، کـردسـتـان فی سنوات الحرب العـالمیه الاولی

٦٣- هنری مورغنطاو، قتل امه، ص٨٧

٦٤- بلەچ شێرکۆ، مێژینه و ئێستای کێشەی کورد

٦٥- سەرچاوەی پێشوو.

٦٦- ئەحمەد خواجە، چیم دی ، بەرگی یەکەم.

٦٧- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، ل٩٦

68 Kemal oqa,Achronology of Mosul Question p,40

٦٩- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، ل٩٠

٧٠- سەرچاوەی پێشوو ل٩١.

71. S,Shaw, History of Ohoman Empire

٧٢- سەرچاوەی پێشوو.

٧٣- گۆڤاری یەکگرتن، نەرویج ، نووسینەکەی د. فرهاد پیربال.

٧٤- سەرچاوەی پێشوو.

٧٥- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا ، ل ٩٢

٧٦- مجله بانگی هەق ، ع(٥) ایار ١٩٩٢، ل٢٤

٧٧- مالمیسانژ، بدرخانیو جزیره بوتان،ص١١٠

78-Kemal,oqa,Achronobgy of Mosul Question,PA

٧٩- هیوا ئەمین ، ناسیونالیستی تورک، ل٤١.

٨٠- مەسعود بارزانی ، بارزانی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٩٢.

٨١- د. بلەچ شێرکۆ، مێژینه و ئێستای کورد......

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە گۆڤاری ئێرانی «اطلاعات سیاسی اقتصادی ژمارە۹۵-۹٦ بڵاوکراوەتەوە، ئەوە نیشان دەدات کە وڵاتان لەوانە ئێران چۆن لە ڕێگەی نووسەران و ئەکادیمیەکانیانەوە لە کێشە ستراتیژی و تەنگژەو مەسەلەی هەڵپەسێردراوەکانی دەوروبەری خۆیان دەکۆڵنەوەو، بزاڤ و مەرامی سیاسی ئەم لاو ئەولا لەماوەی دوورو درێژدا دەخەنە بەر دیقەتی خۆیان و، هەڵبەت بۆ دارشتنی سیاسەتی دەرەوە، سوودیان لێدەبینن...

لەم ڕوانگەیەوەوبۆ ئاگاداربوون بڵاوکردنەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیەمان بە پەسند زانی.

**«سەنتەری برایەتی»**

# تورکیا و باکووری عیراق

**د.ئەسغەر جەعفەری وەلدانی**

**و: موسلح عەبدولقەهار ئیروانی**

## ۱- سەرەتا

دەوڵەتی تورکیا دوای چەندین جار دەستێوەردانی سەربازی لە باکوری عیراقدا بە بەهانەی سەرکوتکردنی کوردە نەیارەکانی وڵاتەکەي (مەبەست PKK یە - سەنتەری برایەتی)، سەرەنجام پەردەی لەڕووی ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانی خۆی هەڵماڵیوە، سلێمان دیمیرێل سەرۆک کۆماری تورکیا لە مایسی ۱۹۹۵دا داوای کرد دووبارە چاو بە سنوورەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ عیراقدا بخشێنرێتەوە، بۆ ڕێگەگرتن لە پەڕینەوەی «تیرۆریستان» و جوداکردنەوەی بەشێک لە خاکی عیراق و لکاندنی بە تورکیاوە، هەروەها ئاماژەی بۆ موسڵ کرد و وتی: تورکیا لە پەیماننامەی لۆزاندا ئامادە و ڕازی نەبووە بە لکاندنی ئەو ناوچەیە بە عیراقەوە.

لە ساڵی ۱۹۲٦ەوە بۆ یەکەم جار گەورە بەرپرسانی تورکیا بە ئاشکراو بە ڕەسمی داوای خاکی باکوری عیراقیان کردەوە، بەڵام لەو هەموو ماوەیەدا تورکیا بەشێوەیەکی نهێنی و ناڕاستەوخۆ لە بیری دەستبەسەرداگرتنەوەی باکوری عیراقدا بووە، لەو بوارەوە دەتوانین ئاماژە بە هەوڵەکانی تورکیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی باکوری عیراق لە ساڵانی ۱۹۵۸، ۱۹۸۳.۱۹۹۱، ۱۹۹۵ بکەین، هەتا هەندێ جار پلانی زۆر نهێنیانە بۆ دابەشکردن و دەستبەسەرداگرتنی باکوری عیراق ئامادە کراون، بۆ نموونە پلانی کنابن لە ساڵی ۱۹۵۸ و لویس لە ساڵی ۱۹۷۷ بە بەشداریی تورکیا و ئەمریکا و هەندێ جاریش ئیسرائیل.

هەوڵەکانی تورکیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی باکوری عیراق هاوکات بوونە لەگەڵ گۆڕانکارییە ناوخۆکانی عیراق و سیستەمی نێودەوڵەتیدا، هەر کات پەیوەندیی عیراق و ڕۆژئاوا دۆستانە نەبووبێت وەکو سەردەمی سەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣) یان دەوڵەتەکانی عیراق لاواز بووبن وەکو ساڵی ١٩٨٣ بە هۆی شەڕی ئێران و عیراق، هەروەها ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١ دوای دۆڕانی ئەو وڵاتە لە شەڕی کەنداودا، تورکیا هەوڵی پیادەکردنی ئامانجە فراوانخوازییەکانی خۆی داوە، گۆڕانکارییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیش ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لەسەر داواکاریی و چاوتێبڕینی تورکیا لە خاک و زەوی و زاری باکووری عیراق، لەو ساڵانەی دواییدا ڕووخانی سۆڤێت و ڕاگەیاندنی سیستەمی نوێی جیهانی لەلایەن ئەمریکاوە دەوریان هەبووە لە سەرگرتنی داواکارییە زەوی وزارییەکانی تورکیا، لەو نێوانەدا نارازی بوونی هەندێ لە وڵاتەکان بەتایبەتی وڵاتە دراوسێکان بە گۆڕانی سنوورەکان، بە گرنگترین ڕێگر دانراوە لە ڕێی چەسپاندنی ئامانجەکانی تورکیادا.

گرنگی ستراتیژی بە تایبەت گرنگی جیۆئیکۆنۆمیکی ئەو ناوچەیە یەکێکە لە هۆ و مەبەستەکانی تورکیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی باکوری عیراق: باکوری عیراق لەڕووی چاڵە نەوتەکانەوە زۆر دەوڵەمەندە، لە سیستەمی نوێی جیهانیدا زیاتر بایەخ بەو ناوچانە دەدرێ کە سەرچاوەی ئابوورییان تێدایە و جیۆئیکۆنۆمیکیان لە جیۆپۆلۆتیکیان گرنگی زیاتری پێ دەدرێت، تورکیا چاڵە نەوتی ئەوتۆی تێدا نییەو پێداویستییە نەوتییەکانی لەدەرەوە ڕا دەهێنێ، ئەم مەسەلەیە وای لە تورکیا کردووە هەمیشە بە چاوی حەسرەتەوە سەیری ئەو دراوسێیانەی بکات کە بەرهەمهێنەری نەوتن، حەساسییەتی بابەتەکە زیاتر لەبەر ئەوەیە کە موسڵی نەوتاوی، پێشتر بەشێک بووە لە تورکیا، بەو پێیە چاوتێبڕینی تورکیا لە خاکی باکوری عیراق زەمینەیەکی مێژوویشی هەیە.

## ٢- ڕێککەوتنەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لەمەڕ موسڵ لەسەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا .

عیراق تا شەڕی یەکەمی جیهانی بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لەو شەڕەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چووە پاڵ یەکگرتووەکان و لە ئەنجامدا هاوپەیمانەکان چەند پەیمانێکی جیاجیا کە زۆربەیان نهێنی بوون، بۆ دابەش کردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەگەڵ یەکتریدا مۆر کرد، یەکێک لەو پەیمانانە کە لە ١٦ی مایسی ١٩١٦دا بەسترا، پەیمانی سایکس- پیکۆیە[١]، بەشێک لەو پەیمانە پەیوەندی بە عیراقەوە هەبوو کە بەپێی ئەوە بەسرە و بەغدا دران بە بەریتانیا و موسڵیش بە فەرەنسا.

لەو شەڕەدا هێزەکانی ئینگلیز چوونە ناو نیمچە دوورگەی فاوەوە و دوای داگیرکردنی بەسرە بەرەو بەغدا کەوتنە ڕێ، فەرماندەیی هێزەکانی ئینگلیز یەک لە دوا یەک لە ئەستۆی «دولامن» و «بارت» و «مۆد» دابوو، فەرماندەیی هێزەکانی تورکیش لە ئەستۆی ژەنەراڵی ناوداری ئەڵمانی «فێن درکلیتز» دابوو.

هێزەکانی بەریتانیا بەسستی دەچوونە پێشەوە و لە ٢٥ی نیسانی ١٩١٦دا خراپ تێشکان و ١٣ هەزار نەفەریان خۆی بەدەست هێزەکانی تورکەوە دا، بەڵام مردنی ژەنەراڵ «فێن درکلیتز» هێزەکانی تورکیی لە فەرماندەیی بێ بەری کرد ودوای ئەو، ئەم پلەیە درا بە خەلیل پاشا کە خزمی ئەنوەر پاشا بوو.

لە ١١ی ئاداری ١٩١٧دا بەغدا کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی ژەنەڕاڵ «مۆد»ەوە، دوای گرتنی بەغدا هێزەکانی بەریتانیا درێژەیان بە پێشڕەویی خۆیان دا بەرەو باکوری عیراق و لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا گەیشتنە دەوروبەری موسڵ. لە ٣١ی ئۆکتۆبەردا پەیمانی تورکی - هاوپەیمانان ئیمزاکرا و شەڕ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کۆتایی هات.ئەو کات موسڵ هێشتا لە بندەستی هێزەکانی تورک دابوو، بەڵام تورکەکان کەوتنە هەڵەیەکی گەورەوە کاتێ موسڵیان چۆڵ کرد و لە ئەنجامدا هێزەکانی ئینگلیز داگیریان کرد، ئەم کارە بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان تورکیاو بەریتانیا.

دەوڵەتی بەریتانیا دوای داگیرکردنی موسڵ، لەبەر دوو هۆ ویستی چەند گۆڕانێکی سەرەکی لە پەیمانی سایکس- پیکۆ دا بکات، **یەکەم** ئەوە بوو کە بەریتانیا دەیویست بەلکاندنی هەر سێ ویلایەتی بەسرە و بەغدا و موسڵ بە یەکترەوە دەوڵەتی نوێی عیراق پێک

بێنێت، دووەم لەبەر ئەوەی کە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن بەریتانیاوە کرابوون، هێزەکانیان لەلایەک لە بەینەلنەهرەین تا موسڵ چووبوونە پێش و لەلایەکی ترەوە دەستیان بەسەر فەلەستین و سوریادا گرتبوو، لە ئەنجامدا دەیانەویست لە ڕێی پێداچوونەوە بە پەیمانی (سایکس- پیکۆ) بەشێکی زیاتریان دەست بکەوێت، لوید جۆرج سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە کاتی بینینی کەلیمانسۆی سەرەک وەزیرانی فەرەنسا لە لەندەن لە کانوونی دووەمی ١٩١٨ دا بابەتەکەی لەگەڵدا باسکرد، سەرەڕای ئەوەی کە کەلیمانسۆش داوای ئەوەی دەکرد بەریتانیا بەرگری لە خواستەکانی فەرەنسا لە ناوچەی روهێر بکات لە سنورەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەڵمانیا و سەربەستیی کارکردنی لە سوریادا، فەرەنسا ڕازی بوونی خۆی بۆ داواکارییەکانی بەریتانیا دەربڕی. بەم جۆرە فەرەنسا لەبەرانبەر وەرگرتنی چەند ئیمتیازێک لە کەنارەکانی چەپی ڕووباری ڕاین و دەسکەوتنی بەشێک لە نەوتی موسڵ ڕازی بوونی خۆی دەربڕی کە موسڵ و فەلەستین بە بەریتانیا بدرێن.

ناوەڕۆکی پەیمانی کەلیمانسۆ- لوید جۆرج لەسەر موسڵ زۆر بە توندی بووە هۆی نا ڕازیبوونی مستەفا کەمال پاشا کە دواتر بە کەمال ئەتاتورک ناوی دەرکرد، کەمال پاشا کە لە شێوەی قارەمانێکی نەتەوەیی لە مەیدانی سیاسەتی تورکیا دا دەرکەوتبوو و بە دامەزرێنەری دەوڵەتی نوێی تورکیا دەژمێردرا، موسڵی بە بەشێک لە دەوڵەتی نوێی تورکیا دادەنا، لەبەر ئەوەی کە بەپێی «پەیمانی نەتەوەیی» کە لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩١٩ دا بڕیاری لەسەر درابوو، موسڵ بە بەشێک لە خاکی تورکیا دەژمێردرا [٢]. بەپێی پەیمانی نەتەوەیی، تورکیا چاوپۆشی لە داواکارییەکانی خۆی کردبوو سەبارەت ئەو خاکانەی عوسمانی، کە زۆرینەی خەڵکەکەیان عەرەب بوون، بەڵام لەم پەیمانەدا کوردەکان بەشێوەیەکی تایبەت بە تورک لە قەڵەم درابوون، لە ئەنجامدا، تورکیا، موسڵی بەشارێکی تورکی، کەواتە بە بەشێک لە تورکیا دەزانی و ڕای دەگەیاند کە دەوڵەتەکەی مافی فەرمانڕەوایی بەسەر ئەو ناوچەیەدا لەدەست نەداوە، بەڵام بە کردەنی بایەخ بە نارەزایییەکانی دەوڵەتی تورکیا نەدرا، لەبەر ئەوەی موسڵ خاوەنی چاڵە نەوت بوو و هەر سێ گەورە دەسەڵاتەکان واتە بەریتانیا و فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ وەرگرتنی بەشێک لە نەوتەکە لەگەڵ یەکتریدا لە کێبەڕکێدا بوون، یەکەم ناکۆکی لەو بوارەدا لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا دەرکەوت، دوای پەیمانی کەلیمانسۆ- لوید جۆرج، فەرەنسا داوای بەشە نەوتی خۆی لە نەوتی موسڵ کرد، پێویستە ئاماژەی پێ بکەین کە بەپێی پەیمانی ناوبراو ڕێککەوتنێکی بنچینەیی لەو بارەوە هەبوو، بەڵام ڕێژەکەی دیار نەکرابوو، لەو نێوانەدا هەندێ لە ئەندامانی کابینەی بەریتانیا وەکو لۆرد کرزن وەزیری دەرەوە بە داواکارییەکانی فەرەنسا ڕازی نەبوون، لەبەرانبەر ئەمەشدا، هەندێ لە وەزیران لەگەڵ ئەم بابەتە هاو دەنگ بوون و ڕایانگەیاند کە ئەم شتە ڕێ لەوە دەگرێ فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی کۆمپانیا ئینگلیزییەکان پێکبهێنن، هەر چۆنێک بێت لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩١٩دا سەرەڕای هەندێ ناکۆکی بڕیاردرا: «دەوڵەتی خاوەنشکۆی پاشایی بەریتانیا، پێش ئەوەی فەرەنسا پشتیوانی ئەمریکا بۆ خۆی ڕابکێشێت و پێش ئەوەی بە هۆی بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتییەوە بکەوێتە ژێر فشارەوە بۆ بەرگری کردن لەبەرژەوەندییەکانی خۆی، دەبێ سیاسەتی هاوکاریی قبوڵ بکات و ئامادەیی خۆی بۆ ئەم جۆرە سیاسەتە ڕابگەیەنێت».

چەند وتووێژێکی یەک لەدوای یەک لە نێوان فالتەر لانگ وەزیری بەریتانیی ڕاسپێردراوی کاروباری نەوت و سیناتۆر هاندی برانژێ بەرپرسی کۆمیسەری بەرهەمەکانی نەوتی فەرەنسا لە نیسانی ١٩١٩دا ئەنجام درا، کە بووە هۆی ئیمزاکردنی دەستنووسی پەیمانێک لە پاریس، بەپێی ئەم پەیمانە دەوڵەتی فەرەنسا دەبوایە بەش و مافی ڕادەربڕینی هەبێ لە کۆمپانیای نەوتی تورکیا یان ئەو کۆمپانیا نوێیەی کە دادەمەزرا. بەشی فەرەنسا بە ٢٥٪ دیاریکراو بڕیاری لەسەر درا، بەو پێیە فەرەنساش ئاسانکاریی بۆ تێپەڕبوونی دوو هێڵی بۆڕیی جیاواز کرد بۆ گواستنەوەی نەوتی موسڵ بۆ دەریای ناوەڕاست لە ڕێی سوریاو لوبنانەوە کە درا بوو بەو وڵاتە.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە کۆمپانیای نەوتی تورکیا لە ١٩١٢دا دامەزرابوو و ٧٥٪ی بەشەکانی وابەستە بە بەریتانیا و ٢٥٪ەکەی تری وابەستە بە ئەڵمانیا بوو، ئەم کۆمپانیایە چەند هەفتە پێش دەستپێکردنی شەڕی

یەکەمی جیهانی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی موسڵی لە سوڵتانی عوسمانی وەدەست هێنابوو[٣]. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتی بەریتانیا دەستی بەسەر بەشی ئەڵمانیادا گرت و دای بە فەرەنسا، هەر بەو جۆرە لە نەوتی موسڵدا فەرەنسا جێی ئەڵمانیای گرتەوە، بەڵام ڕەسمییەتی پەیمانی لانگ-برانژێ وابەستەکرا بە ڕەسمی بوونی مافی ئینتدابی بەریتانییەوە.

لە کۆنگرەی سان ڕیمۆدا کە بە بەشداریی سیاسەتکارانی ئەورووپا لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠ دا بەسترا، سەرپەرشتی کردنی (انتداب)ی عیراق و ئوردن و فەلەستین درا بە بەریتانیا و سەرپەرشتی کردنی سووریا و لوبنان درایە دەست فەرەنسا، ئەو ئینتدابانە لە جۆری «A» بوون کە بەپێی پەیمانەکە دەوڵەتی سەرپەرشت دەبوایە بەشێوەیەکی کاتی کاروباری دەوڵەتی ژێر سەرپەرشتیی خۆی بەڕێوەببات و ئامادەیان بکات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو، بەم چەشنە موسڵ بوو بە بەشێک لە ناوچەکانی ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا، سەرەڕای ئەوە سەبارەت بە نەوتی موسڵیش لەو کۆنگرەیەدا بەم شێوەیەی خوارەوە پێکهاتن:

«پێویستە دەوڵەتی بەریتانیا (٢٥ ٪)ی ئەو نەوتە خاوەی کە لەوانەیە دەوڵەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا لە چاڵە نەوتەکانی موسڵ بەرهەمیان بێنێت بە نرخی باوی بازاڕ بداتە دەوڵەتی فەرەنسا یان نوێنەری ئەو دەوڵەتە، هەر بەو مەبەستە دەوڵەتی بەریتانیا (٢٥ ٪)ی بەشی ئەو کۆمپانیانە دەخاتە بەردەستی دەوڵەتی فەرەنساوە، ئەو نرخەی بۆ ئەم بەشداریکردنە دەدرێت نابێ لەو بڕە پارەیە زیاتر بێت کە هاوبەشەکانی تر بە کۆمپانیای ناوبراوی دەدەن، هەروەها بڕیاردرا کۆمپانیای نەوتی ناوبراو لە ژێر چاودێری بەردەوامی بەریتانیا دابێت»[٤].

## ٣- دەست تێوەردانی ئەمریکا لە کێشەی موسڵ.

دەوڵەتی بەریتانیا جگە لە فەرەنسا دەبوایە ڕەزامەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەدەست بهێنێت بۆ لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە، بەڵام بارودۆخی ئەمریکا تەواو جیابوو لە فەرەنسا و بەریتانیا. هەرچەندە ئەمریکا هاتبووە نێو شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، بەڵام شەڕی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ڕانەگەیاندبوو لە وتووێژ و ڕێککەوتنەکانی تایبەت بە دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەتی ناوبراویش بەشدار نەبووبوو، ئەمریکا بەپێی یەکێک لە چواردە بنەماکانی (ویلسن)ی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە، دژی پەیمانە نهێنییەکانی کاتی شەڕ بوو. بەڕای ئەمریکا، هەموو ئەو پەیمانانەی کە هاوپەیمانەکان سەبارەت بە دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا مۆریان کردبوو نادروست بوون، هەر بەو پێیە ئەمریکا بەشدارییەکی چالاکانەی لە وتووێژی ئاشتی لەگەڵ تورکیا دا نەبوو چەند جار ڕایگەیاندبوو کە هیچ پەیوەندییەکی بە ناکۆکییەکانی زەوی و زارەوە نییە.

سەرەڕای ئەمەش ئەمریکا زۆر بە توندی پێی وابوو لەبەر ئەوەی لەسەرکەوتنی هاوپەیمانەکان بە سەر تورکیا دا لەلایەنی مادییەوە بەشدار بووە، کەواتە مافی ئەوەشی هەیە سوود لە دەسکەوتەکانی سەرکەوتن وەرگرێت و بواری یەکسانی لەگەڵ وڵاتە سەرکەوتووەکانی تردا هەبێت بۆ سوود وەرگرتن لە توانا ئابوورییەکانی ناوچە ئینتیدابکراوەکان. لەو لایەنەوە ئەمریکا کەوتبووە ژێر گوشاری کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکییەوە، سەودا مۆنۆپۆلییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا سەبارەت بە نەوتی موسڵ، کۆمپانیا ئەمریکییەکانیان نیگەران کردبوو. ئەوانە (کۆمپانیا ئەمریکییەکان) پێیان وابوو لە ماوەیەکی زوودا کەم بوونی جیددی نەوت لە جیهاندا سەرهەڵدەدات و پێویستە خەمی دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێی دیکەی دەرەکی بخۆن، بۆیە دەوڵەتی ئەمریکا لەلایەک دژی ئیعتیباری ئیمتیازی کۆمپانیای نەوتی تورکیا بوو، لەلایەکی ترەوە داکۆکی لەسەر ئیعتیباری ئیمتیازی «چیستەر»[٥] دەکردەوە، ئەو ئیمتیازە لە ساڵی ١٩١٠دا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە چیستەری دەریاوانی ئەمریکی درابوو، ئەگەر چی ئیمتیازەکە سەبارەت بە دامەزراندنی هێڵی ئاسن و بەندەر بوو، بەڵام نەوتی موسڵیشی دەگرتەوە.

ئەو ئیمتیازنامەیە وەزیری فەوائیدی گشتیی عوسمانی ئیمزای کردبوو و لە ساڵی ١٩١٢دا سەدری ئەعزەمی ئەو وڵاتە بۆ بڕیار لەسەردان خستبوویە بەردەم پەرلەمانی عوسمانییەوە، بەڵام بە هۆی هەڵایسانی شەڕەکانی باڵکان و

دواتر شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، پەسند نەکرابوو. شایانی ئاماژە پێکردنە ئەوکات بەریتانیا و ئەڵمانیا دژی ئەو ئیمتیاز پێدانە بوون.

لە کاتی کۆنگرەی ئاشتی لەپاریس ئەمریکییەکان لە پەیمانی لانگ- برانژێ ئاگادار بوونەوە، لە ئەنجامدا لە ١٣ی مایسی١٩١٩ «لیلاند سامێرز»[٦] یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی ئەمریکا نامەیەکی بۆ «سر لیوێلین سمیس»[٧] کارگێڕی بەشی ئابووری دەستەی نوێنەرایەتیی ئاشتی بەریتانیا نووسی تا لە پەیمانی ناوبراو ئاگاداری بکاتەوە، سمیس وەڵامی دایەوە کە وتووێژ بەردەوامە، بەڵام ئاگاداری ئەوە نییە کە هیچ پەیمانێک بەسترابێت، سامێرز زیاتر بەدواداچوو و ڕایگەیاند کە زۆر سوپاسی دەکات ئەگەر بتوانێت «زانیاری لەبارەی وتووێژی ئەنجامدراو بخاتە بەردەست، لەبەر ئەوەی دەمانەوێت بزانین کۆمپانیا ئەوتییەکانی ئەمریکا لەو بەشداربوونەدا بێبەش نەبووین و هەڵبەتە قۆناغە سەرەتاییەکانی وتووێژیش بایەخێکی زیاتریان بۆ ئەمریکا هەیە».

دوای ئەوە «ئارتور جێمز بەلفۆر» وەزیری دەرەوەی بەریتانیا یاداشتێکی بۆ سامێرز نارد و بە درێژی باسی پەیمانەکەی کرد، هەروەها تێیدا دڵنیایی پێدا کە هیچ یەک لەو دوو دەوڵەتە نەیاندەویست ئەمریکا بێ بەش بکەن لە بڕیاردانی سیاسەتێکی هاوشێوەی خۆیان، دواتر هەواڵی ئەوە درا بە سامێرز کە ئەگەر ئەمریکا هەر پێشنیارێکی هەیە با بیدات بە وەزارەتی دەرەوە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی وتووێژی بەریتانیا و فەرەنسا هەرایەکی زۆری لە ئەمریکا (کە ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی کانە ئەوتەکانی بووبووەوە) نایەوە، مقۆمقۆ لەسەر ئەوە بوو کە دەرهێنانی ئەوت لە ئەمریکا لە کاتی جەنگدا، سەرچاوە ئەوتییەکانی ناوخۆی وڵاتی کەم کردۆتەوە و ئەگەر ئیمتیازی ئەوت لە دەرەوە وەدەست نەهێنێت، ئەمریکا لە ماوەیەکی کورتدا «نزیکەی ٢٠ ساڵ» ناچار دەبێت بۆ دابینکردنی ئەوتی پێویست پەنا بەرێتە بەر بیانییەکان «بەریتانیا»،[٨]. لە ١٩ی تەمووزی ١٩١٩دا سیناتۆر «جیمز فیلەن»[٩] وتەیەکی لە «ئەنجومەنی پیران» دا خوێندەوە و بە ئامار ئاماژەی بە بارودۆخی قەیرانئامێزی بواری ئەوتی ئەمریکا کرد و ناڕەزایی سەبارەت بەو کەم و کوڕیانەی کە بەریتانیا هێناویەتە ئاراوە دەربڕی و ڕەخنەشی لەوە گرت کە دۆزینەوە و دەرهێنانی ئەوتیان لە ناوچەکانی (ژێر ئینتداب) کردبوو بەهی خۆیان.

دواتر «جان دێڤیس»[١٠] باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن یادداشتێکی دا بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و تێیدا باسی ناڕەزاییەکانی ئەمریکای سەبارەت بە سیاسەتی ئەوتیی بەریتانیا لە موسڵ کرد، هەروەها باسی بنەمایەکی گشتی و «بوارێکی یەکسان»ی کرد بە لەبەر چاوگرتنی «سیاسەتی دەرگا کراوەکان» بەتایبەت سەبارەت بە ناوچەکانی ژێر سەرپەرشتی و ڕەخنەشی لە پێنگاوە پێچەوانەکانی دەوڵەتی بەریتانیا سەبارەت بە پەیڕەوانی ئەمریکا گرت.

لەو بوارەدا سێ ناکۆکیی بنچینەیی لە نێوان بەریتانیا و ئەمریکا دا هەبوو:

١- ئایا ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ عوسمانییەکان شەڕی ڕانەگەیاندبوو، وەکو هاوپەیمانێک مافی ئەوەی هەیە، هاوپەیمانەکانی تر ناسا، لە ناوچەکانی ئینتدابدا چالاکی بنوێنێت؟

٢- ئایا لایەنگرانی ئەمریکا دەتوانن، سەرەڕای بەخشینی ئیمتیاز بە کۆمپانیای ئەوتی تورکیا بەشداری لە دەرهێنانی سەرچاوە ئەوتییەکانی ئەو ناوچەیەدا بکەن؟

٣- ئایا ئیمزا کردنی پەیمانی سان ریمۆ کارێکی ناڕەوایانە و دژی بنەماکانی سیاسەتی «دەرگا کراوەکان»ە؟

دوا بەدوای ئەوە باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن بە فەرمانی «بێن ریج کۆلبی»[١١] وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە دوو یاداشتی توندی لە ٢٨ی تەمووزی ١٩٢٠ بە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دا، لەو یاداشتنامەیەدا هاتبوو کە هەر چەند ئەمریکا دژی عوسمانییەکان جەنگی ڕانەگەیاندووە، بەڵام لەسەرکەوتنی هاوپەیمانەکاندا هاوکاریی ماددی کردووە و مافی تەواوی خۆیەتی سوود لە دەستکەوتەکانی وەربگرێت، سەبارەت بە کۆمپانیای ئەوتی تورکیاش ڕاگەیەنرابوو کە ئیمتیازی کۆمپانیای ناوبراو شەرعیەتێکی یاسایی نییە، کەواتە دەبێ بوارێکی یەکسان بدرێ بە لایەنگرانی ئەمریکی بۆ کەڵک وەرگرتن لە ناوچە ئەوتییەکانی موسڵ، سەبارەت بە پەیمانی سان ڕیمۆش وترابوو، بۆ ئەمریکییەکان

روون نییە کە داخۆ ئەو پەیمانە چۆن دەشێ: «لەگەڵ بنەمای هەڵسو کەوتی یەکسان بگونجێت، کە لە وتووێژی ئاشتیی پاریسدا بە دڵنیاییەوە قبوڵ کرابوو» بەڕای ئەمریکا ئەو شتە نیشانەی نیاز خراپی بەریتانیاو فەرەنسایە.

دوای دوو هەفتە «لورد کریزن» وەزیری دەرەوەی بەریتانیا وەڵامی یاداشتەکانی ١٢ی مایس و ٢٨ی تەمووزی ئەمریکای دایەوە، کریزن جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەبوونی هەستی دژە بەریتانی لە ئەمریکادا شتێکی بێ سەروبنە، چونکە بەرهەمهێنانی نەوتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا تەنیا ٤.٥ ٪ی بەرهەمی جیهانییە. لە کاتێکدا کە بەرهەمە نەوتییەکانی ئەمریکا (٧٠ ٪)ی بەرهەمی جیهانی پێکدەهێنێت، سەرەڕای ئەوە کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەلانی کەم سێ چارەگی بەرهەمەکانی مەکسیکیشیان لە ژێر دەست دایە کە بە (١٢ ٪)ی بەرهەمی جیهانی دەخەمڵێنرێت و لە ئەنجامدا ئەمریکا ٨٢ ٪ی بەرهەمی نەوتی جیهانی لە ژێر دەستدایە.

کەواتە ئەو ئیدیعایە جیدیی و ڕاست نییە کە دەڵێ بەریتانیا هەڕەشە لە سەرداریتی نەوتیی ئەمریکا دەکات، کریزن ئەو ئیدیعایەی ڕەتکردەوە کە دەڵێ ئیمتیازی کۆمپانیا نەوتییەکانی تورکیا بێ ئیعتیبارن و پەیمانی سان ڕیمۆ ناکۆکی هەیە لەگەڵ «بنەمای هەڵسو کەوت کردنی یەکسان» و، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە «کۆمپانیای نەوتی تورکیا خاوەن ئیمتیازێکی نەوتۆیە، کە لەلایەنی یاساییەوە ئیعتیباری هەیە».

سەبارەت بە کێشەی وڵاتانی ژێر سەرپەرشتیش داکۆکی کردەوە «تاکە مەرجەعێک کە توانای وتووێژی هەیە لەو بارەوە، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانە». کریزن لە یادداشتنامەکەی خۆیدا ئەوەی زیاد کردبوو کە بەرگری کردنی ئەمریکا لە سیاسەتی «دەرگا کراوەکان» لە بواری نەوتدا بە هۆی دەسەڵاتخوازیی کۆمپانیا ئەمریکییەکانەوەیە.

کۆلبی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠دا لە یاداشتێکدا وەڵامی کریزنی دایەوە، ئەو وتی: ئەمریکا وەک یەکێک لە هاوپەیمانەکان مافی تەواوی خۆی هەیە وتووێژ بکات سەبارەت بەهەر بابەتێک کە پەیوەندی بە وڵاتانی ژێر سەرپەرشتییەوە هەیەو ئەم مەسەلەیە تەنیا لە توانای ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلاندا نییە.

سەبارەت بە نەوتیش کێشە لەسەر دابینکردنە نەک بەرهەمهێنان، ئەمریکا دەبێ لە ڕێی ڕاکێشانی سەرچاوە زۆرەکانی ناوچە دواکەوتووەکان کەم و کوڕی خۆی پڕبکاتەوە. کۆلبی سەبارەت بەو بەشەی یاداشتنامەکەی کریزن کە پەیوەندی بە بەرگری کردنی ئەمریکا و سیاسەتی «دەرگا کراوەکان»ەوە هەبوو، کاردانەوەیەکی توندی نیشان دا و ڕایگەیاند، کە «بەریتانیا دەیەوێ وەکو دەوڵەتێکی سەرپەرشت هەموو جۆرە مۆنۆپۆلێک بۆ سوودی خۆی بێنێت، هەر بۆیەش لە پەیمانی سان ڕیمۆدا هاتووە هەر کۆمپانیایەکی نەوت بیەوێ لە ناوچە نەوتییەکانی عیراق نەوت بەرهەمبهێنێ دەبێ لە ژێر چاودێریی هەمیشەیی بەریتانیا دا بێت»(١٢).

لەو بێنەو بەرەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی کرد بە بەرگری کردن لە بانگەشەی تورکیا بۆ موسڵ(١٣)، چونکە هەر بەو پێیە نەوتی موسڵ لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا دەردەچوو و ئەگەری ئەوە هەبوو کە بەشێک لە نەوتی ئەم ناوچەیە بۆ کۆمپانیاکانی ئەمریکا لەبەرچاو بگیرێت، ئەم شتە بووە هۆی گۆڕانی سیاسەتی بەریتانیا لەمەڕ ئەمریکا سەبارەت بە نەوتی موسڵ، بۆیە بڕیار بوو بە زووترین کات لە کۆنگرەی لۆزاندا سەبارەت بە موسڵ و سنوورەکانی تورکیا و عیراق بڕیار دەربکرێت و بەریتانیاش پێویستی بە پشتیوانیی ئەمریکا هەبوو، لەو ڕووەوە دەوڵەتی بەریتانیا بۆ ڕازیکردنی ئەمریکا لەسەر لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە ناچار بەڵێنی بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان دا ئەگەر موسڵ بکرێتە بەشێک لە دەوڵەتی نوێی عیراق کە لە ژێر پارێزگاریی بەریتانیا دایە، (٢٤ ٪)ی بەشی کۆمپانیای نەوتی تورکیا دەدرێت بە ئەمریکییەکان. دوای بەڵێنی ناوبراو دەوڵەتی ئەمریکا چیدیکە پشتی داواکارییەکانی تورکیا سەبارەت بە موسڵ نەگرت(١٤).

## ٤- کۆنگرەی لۆزان ١٩٢٣

پەیماننامەی سیڤەر کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠دا لە نێوان هاوپەیمانەکان و دەوڵەتی عوسمانیدا ئیمزا کرابوو، گورزێکی کوشندەی لە ئابووری دەوڵەتی عوسمانی دا و کردی بە یەکێک لە دەوڵەتە بچووکەکان و ڕووبەرەکەی کەم کردەوە و مافی فەرمانڕەوایشی بچووک کردەوە بۆ ئەندازەی دەوڵەتێکی ژێر پارێزگاریی خۆیان.

ئەم پەیمانە بووە هۆی تووڕە بوونی جەماوەری تورکیا و بەرگری کردنیان لە کەمال پاشا. کەمال پاشا لەبەر ڕۆشنایی کەسێتی و لێهاتوویی خۆی توانی هێزە داگیرکەرەکان بیەزێنێت و لە خاکی ئەنادۆڵ وەدەریان بنێت، بە هۆی هەوڵ و خەباتەکانی ئەوەوە بوو کە تورکیای نوێ لەسەر لاشەی وێرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزرا.

دەوڵەتی نوێی تورکیا لە ڕێکخستن و بەستنی پەیمانەکانی سەردەمی جەنگ بەشدار نەبوو، هەروەها لە ڕووی یاساییەوە خۆی بە بەرپرسیار نەدەزانی، بەتایبەت کە بەشێکی زۆری بڕیارەکانی ئەو پەیماننامانە پەیوەندیان بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هەبوو (١٥). بەهەر حاڵ سەرکەوتنەکانی کەمال پاشا نەخشە و پلانی هاوپەیمانەکانی بەگشتی تێکو پێکدا و پەیمانی سیڤەری هەڵوەشاندەوە، لە ئاکامدا دەبوایە پەیمانێکی نوێ بەپێی هەلومەرجی نوێی تورکیا ڕێک بخرێت، هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆنگرەی لۆزان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دامەزرا و لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ پەیمانی لۆزان مۆرکرا، ئەم پەیمانە جێی پەیمانی سیڤەری گرتەوە و چارەسەری هەموو گرفتەکانی تورکیای کرد کە بە هۆی جەنگی یەکەمی جیهانی یان شەڕەکانی تورکیا و یۆنانەوە سەریان هەڵدابوو، تاکە کێشەیەک کە لە کۆنگرەی لۆزاندا چارەسەر نەکراو وەکو بابەتێکی جێی ناکۆکی مایەوە، کێشەی موسڵ بوو.

لەو کۆنگرەیەدا وتووێژی توند لە نێوان عیسمەت پاشا (١٦) و لۆرد کریزن و سەرۆکەکانی دەستەی نوێنەرایەتی هەر یەک لە تورکیا و بەریتانیا لەمەڕ موسڵ ئەنجامدرا. (١٧).

سەرەتا کریزن ئامادە نەبوو وتووێژ لە سەر موسڵ بکات و ئەوەی بە کێشەیەکی براوە و تەواو بوو دادەنا، کریزن پێی وابوو تەنیا دەبێ قسە لەسەر دیاریکردنی سنووری عیراق و تورکیا بکرێت، لە کاتێکدا عیسمەت پاشا بە هیچ شێوەیەک بەوە ڕازی نەبوو و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە موسڵ پەیوەندی بە تورکیاوە هەیە و دەبێ بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێتەوە، ئەم ناکۆکییە توندە بووە هۆی ئەوەی کە کۆنگرەی لۆزان بۆ ماوەی دوو مانگ بوەستێت.

دوای ئەوەی کریزن ڕازی بوو گفتوگۆ لەسەر موسڵ بکات، عیسمەت پاشا کە نەیدەویست کەش و هەوای کۆنگرەی لۆزان تێکبچرژێت، داوای لە کریزن - کە سەرۆکایەتی کۆنگرەکەی لە ئەستۆ دابوو - کرد هەر دوو دەوڵەت بەشێوەیەکی تایبەت وتووێژ لەسەر موسڵ بکەن، داواکەی قبوڵ کراو وتووێژەکان دەستیان پێکرد، بەڵام بێ ئەنجام بوون و لەمبارەوە یادداشتیان بە یەکتر دەدا لە ڕێککەوتی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ کێشەی موسڵ دووبارە لە کۆنگرە دا خرایەوە ڕوو و لە ڕووی نەتەوایەتی و سیاسی و مێژوویی و جیۆگرافیایی و ئابووری و سەربازییەوە لێی کۆڵرایەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەو هۆکارانە ڕوویەکی ڕاستەقینەیان هەبوو، بەڵام هەردوولا زانیاری ناکۆک و دژ بەیەکیان بەیەکتر دەدا. تورکیا دەیگوت زۆربەی خەڵکی ویلایەتی موسڵ تورکن، ئەگەر بە پێی بنەمای «مافی هەر نەتەوەیەک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی» بۆ ڕای گشتی بگەڕێنەوە خەڵکی موسڵ لاگیری لکاندنی موسڵ بە تورکیاوە دەکەن. بەم شێوەیە پێشنیاری کرد بگەڕێنەوە بۆ ڕای گشتی خەڵکی موسڵ، بەڵام بەریتانیا ڕازی نەبوو.

هەردوو لایەن لەسەر ئەوە کۆک بوون کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کوردن نەک عەرەب، بەڵام تورکیا دەیگوت کوردەکان بەشێکن لە خەڵکی تورکیا.

بەریتانیا ئەم قسانەی ڕەتدەکردەوە و پێی وابوو کوردەکان، تورک نین، لەم بارەیەوە ژمارەی دژ و ناکۆک سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتوان و ڕەچەڵەک و نەژاد و زمانی کوردان و بارودۆخە ئابوورییەکان و بایەخی سەربازیی موسڵ گەڵاڵەکرا.

تورکیا دەیگوت بەریتانیا دوای ڕاگەیاندنی ئاگر بەست لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا موسڵی داگیر کردووە و نابێ هیچ مافێکی لەوێدا هەبێت (١٨)، هەروەها تورکیا پێی وابوو موسڵ پەیوەندیی بازرگانیی زێتری لەگەڵ تورکیا دا هەیە، بەڵام کریزن دەیگوت پەیوەندیی بازرگانیی موسڵ زێتر لەگەڵ سووریا و بەغدا بووە، جگە لەوە گوتی: تورکەکان دەڵێن خەڵکی موسڵ لاگیری لکاندنی موسڵ بە تورکیاوەن، ئەمە لە ئیدیعایەک زیاتر هیچی دیکە نییە، بەڵام لەبەرانبەر ئەم وتەیەی تورکیا کە دەڵێ بەریتانیا دوای پەیمانی ئاگر بەس موسڵی داگیر کردووە و ئەم دەستبەسەرداگرتنە یاسایی نییە، کریزن هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

لە کۆنگرەی لۆزاندا بابەتی نەوتی موسڵیش خرایە ڕوو، چونکە لەو سەردەمدا هۆی پێداگرتنی بەریتانیا لەسەر لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە، بۆ مەسەلەی بیرە نەوتەکان گێڕدرابووەوە و لە چاپەمەنییەکانی جیهاندا دەنگ و سەدایەکی زۆری دروست کردبوو، لۆرد کرزن ناچار بوو لەو بارەوە بڵێ: «وای بۆ دەچن کاری دەوڵەتی بەریتانیا لە بارەی هێشتنەوەی ویلایەتی موسڵ پەیوەندی بە مەسەلەی نەوتەوە هەیە، بەڵام ئەمە هەڵەیە. بابەتی نەوتی ویلایەتی موسڵ پەیوەندی بە بەڵگە هێنانەوەکانی منەوە نییە و من داوای بەریتانیام بەو شێوەیەی کە هەیە خستۆتە ڕوو، بەچاو پۆشی لەهەر چەشنە سەرچاوەیەکی سروشتی کە لەوانەیە لە ناوچەکەدا هەبێت، نازانم تاچ ئەندازەیەک نەوت لە دەوروبەری ویلایەتی موسڵدا لەوانەیە هەبێت یان نا، دەرهێنانی بە کەڵکی بەکارهێنان دێت یان نا، یاخود لەوانەیە سەرەنجام هەموو شتەکان بە هەڵە دەرچن یان نا، لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە هەڵس و کەوتم لەگەڵ کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەمدا هەبووە هیچ کات وتووێژم لەگەڵ خاوەن نەوتەکاندا نەکردووە و هەرگیز لەگەڵ هیچ یەک لە خاوەن ئیمتیاز یان خوازیارانی ئیمتیازی نەوتی موسڵ یان شوێنەکانی تر دانەنیشتوم.»

لە وتەکەی کرزن سەبارەت بەوەی کە دەڵێ هەوڵەکانی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ هێشتنەوەی موسڵ پەیوەندیان بە نەوتەوە نییە، هیچ ڕاستییەکی تێدا نەبوو، چۆن دەشێ باوەڕ بەوە بکەین کە لۆرد کرزن زانیاری سەبارەت بە سیاسەتە نەوتییەکانی دەوڵەتی بەریتانیاو وتووێژی لانگ- برانژێ نەبووە؟ ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە لۆردکرزن (٣) ساڵ پێشتر ڕایگەیاندبوو: «دەوڵەتی بەریتانیا دوای لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنە و گشتی ئیمتیازی (کۆمپانیای نەوتی تورکیا) گەیشتبووە ئەو ڕایەی کە ئەو ئیمتیازە موعتەبەرە و هەروەها بە موعتەبەریش دەمێنێتەوە».

هەر چۆنێک بێت لۆردکرزن بە ئاشکرایی لە کۆنگرە دا ڕایگەیاند بەریتانیا لەبارەی کێشەی موسڵەوە خۆی بە دەستەوە نادات. کرزن تەئیدی هەبوونی دەوڵەتی عیراقی کرد کە موسڵ بەشێک بێت تیایدا و ڕایگەیاند کە سیستەمی ئینتدابی بەریتانیا لە عیراقدا موسڵیش دەگرێتەوە، لەلایەکی ترەوە تورکیاش بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو دەست لە موسڵ بکێشێتەوە، لە ئەنجامدا هەر چەند وتووێژی لۆزان درێژتر دەبۆوە، شێوازی ئاشت نەبوونەوە بەتایبەتی لای تورکەکان زیاتر دەردەکەوت. پێداگرتنی تورکەکان لەسەر موسڵ بە پێچەوانەی ئینگلیزەکان بە هۆی نەوتەکەیەوە نەبوو، چونکە لەو کاتدا گرنگییەکی ئەوتۆی بە نەوتی موسڵ نەدەدا.

هەڵوێستی سەرسەختانەی تورکەکان لەبەر ئەوەبوو کە یەکەم: موسڵیان بە بەشێکی تورکیای نوێ دەزانی بە جۆرێک کە دەیانگوت بەپێی: «پەیمانی نەتەوەیی» موسڵ بەبەشێک لە خاکی تورکیا لە قەڵەم دراوە و مستەفا کەمال پاشا فەرمانی بەدەستەی نوێنەرایەتی تورکیا لە کۆنگرەی لۆزان کردبوو ناوچەی کوردنشین کە بەپێی پەیمانی سیڤەر بە بەشێک لە خاکی دەوڵەتی نوێی عیراق لە قەڵەم درابوو دەبێ بۆ تورکیا بگەڕێتەوە، ئەو زۆر پێداگربوو لەسەر ئەم مەسەلەیە. دووەم تورکیا لایەنی نەتەوەیی خۆی و بایەخی ستراتیژی ناوچەکەی لەبەرچاوبوو، بۆیە دەستەی نوێنەرایەتی تورکیا لە هەموو قۆناغەکانی کۆنگرەی لۆزاندا زۆر بە توندی لەسەر هەڵوێستی خۆیان مکوڕ بوون.

لۆرد کرزن بە ئاگاداری لە هەڵوێستی نا ئاشتیخوازانەی هەردوولا پێشنیاری کرد بابەتکە بدرێتە کۆمەڵەی گەلان بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیار لەسەردان، تورکیا بە داوەریکردن ڕازی نەبوو، چونکە دەیوت؛ هێشتا مافی فەرمانڕەوایی بەسەر موسڵەوە هەیە و ناتوانێت میراتی سروشتی خۆی بخاتە تەرازووی داوەریکردنەوە. دوای ئەوە کرزن بە هەڕەشەوە وتی لەوانەیە ڕازینەبوونی تورکیا بە مانای جەنگ بێت، ڕایگەیاند کە زانیاری هەیە لەسەر ئەوەی، ئەگەر حکومەتێکی ناکۆک و پێچەوانە دەربچێت، لەوانەیە سوپای تورکیا لە ئەنقەرەوە بەرەو موسڵ بچن، کرزن وتی ناچارە پشت بە ماددەی ١١ی پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلان ببەستێ.

لەبەر ئەوەی دەستەی نوێنەرایەتی تورکیا سوور بوو لەسەر ڕازی نەبوون بە داوەریکردن، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە لە دەرەوەی کۆنگرە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کێشەی موسڵ و سنوورەکانی تورکیا و عیراق بکۆڵنەوە و لەماوەی ساڵێکدا

پەیمانێک لەو بارەوە مۆربکەن، هەروەها بڕیاردرا ئەگەر ئەم پەیمانە لەو ماوە دیاریکراوەدا نەبەسترێت، هەردوولا دەبێ بە داوەریکردنی کۆمەڵەی گەلان ڕازی بن و بە درێژایی ئەم ماوەیە بارودۆخەکە بپارێزرێت و موسڵ بەشێوەیەکی هاوبەش لە ڕێی بەریتانیا و عیراقەوە بەڕێوەببرێت.

هەر بەو پێیە لە بەندی ٢ی مادەی ٣ی پەیمانی لۆزان کە لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٣ دا ئیمزاکرابوو، سەبارەت بە موسڵ بەم شێوەیە بڕیار درا:

«سنوری نێوان تورکیاو عیراق دەبێ بەپێی بڕیارێکی دۆستانە لە نێوان تورکیا و بەریتانیا لە ماوەی ساڵێکدا دیاری بکرێ و ئەگەر لە ماوەی دەستنیشانکراودا پەیمانێک لە نێوان هەردوو دەوڵەت نە بەسترا دەبێ ناکۆکییەکە بە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بسپێردرێ، هەردوو دەوڵەتی تورکیاو بەریتانیا ڕووبەڕوو پەیمان دەدەن کە تا دەرکردنی بڕیار لەبارەی کێشەی سنوورەکان، هیچ چەشنە بزاڤێکی سەربازیی یان هی تر نەکەن کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بارودۆخی باوی سنوورەکان، کە پەیوەندی بەو بڕیارەوە هەیە، بگۆڕێت».

## ٥- وتووێژی ڕاستەوخۆی تورکیاو بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٤دا.

بەپێی مادەی ٣ی پەیمانی لۆزان وتووێژ لە نێوان بەریتانیا بە نوێنەرایەتی «سێرپرسی کۆکس» وتورکەکان بە نوێنەرایەتی «فەتحی بەگ» لە ١٩ی مایسی ١٩٢٤دا لە ئەستەنبوڵ دەستی پێکرد. کۆکس ڕایگەیاند کە وەکو پەیمانەکەی لۆزان ئەگەر وتووێژ لەو کۆنگرەیەدا بێ ئاکام بێت، دەبێ کێشەکە بدرێتە دەست کۆمەڵەی گەلان، بەڵام لەم حاڵەتەدا زیان بە ئەو بڕواپێککردنە دوو لایەنەی کە لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا هەیە، دەکەوێت.[19]

لە وتووێژی ئەستەنبۆڵدا دەوڵەتی بەریتانیا لەبەرانبەر لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە، ئامادەبوو ئەم ئیمتیازانەی خوارەوە بدات بە دەوڵەتی تورکیا:

١- لکاندنی سلێمانی بەدەوڵەتی تورکیاوە.

٢- چاوپۆشی کردن لە هەندێ لە قەرزەکانی دەوڵەتی تورکیا.

٣- دانی قەرزی نوێ بە دەوڵەتی تورکیا.

٤- یارمەتیدانی دەوڵەتی تورکیا بۆ کەم کردنەوەی قەرزەکانی و مەسەلەی سنوورەکانی تورکیا و سوریا.

٥- یارمەتیدان و هاندانی پتەوکردنی پەیوەندی تورکیا و بولگارستان.

٦- وتووێژ سەبارەت بە هێڵی ئاسنی بەغدا.[20]

دەوڵەتی تورکیا بە هیچ یەک لەو پێشنیارانەی سەرەوە ڕازی نەبوو، چونکە جگە لە یەکەمیان هیچیان گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو، لە ئاکامدا وتووێژی هەردوو دەوڵەت لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٤ بەبێ گەیشتن بە ئەنجامێکی ئیجابی کۆتایی پێهات، دوای ئەوە نوێنەری بەریتانیا هەوڵیدا داواکارییەکی هاوبەش ئامادە بکرێت و بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان ڕەوانە بکرێت، بەڵام تورکیا بەم کارەش ڕازی نەبوو.

هاوکات لەگەڵ سەرنەگرتنی وتووێژەکان، چەند هەواڵێک هەبوو، کە تورکەکان دەیانەوێت بە یارمەتی هێزە سەربازییەکەیان دەست بەسەر موسڵدا بگرنەوە، لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران هاتبوو: «چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لە بەغداوە تەلەگراف بۆ بەڕێوەبەری سەربازیی بەریتانییەکان کرابوو کە تورکەکان زۆر بە جیدیی داوای موسڵ دەکەنەوە و ئامادەن بە هێزی سەربازی دەستی بە سەردا بگرنەوە».[21]

دواتر، دەوڵەتی بەریتانیا ژمارەی هێزە چەکدارەکانی خۆی لە موسڵ زیاد کرد، بەپێی ڕاپۆرتی باڵیۆزی ئێران لە موسڵ: «ماوەیەک بوو ژمارەی سەربازە بەریتانییەکان لە موسڵ کەم بوو بوونەوە، ئەمڕۆ لە نوێوە ٨٠٠ نەفەری سەربازی هیندییان هێناوەتە موسڵ، بەریتانییەکان ڕێژەیەک لەو سەربازانەیان لە کۆتایی شەڕی نێودەوڵەتیدا لە موهاجیرە کلدانییەکان لە موسڵ پێکهێناوە، کە زۆربەیان تەبەعیەتی دەوڵەتی دژ و تورکیان و لە ژێر ڕێکخستنی پلەدارە بەریتانییەکاندا پەروەردە کراون».[22]

بەپێی ڕاپۆرتێکی تر: «لەو چەند ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆری سەربازی بەریتانی و مەسیحی بە تۆپی گەورەوە ڕەوانەی موسڵ کراون».[23]

دوا بەدوای سەرنەگرتنی وتووێژی ڕاستەوخۆی نێوان تورکیاو بەریتانیا، پەیمانی پێشبینی کراو لە

پەیمانی لۆزاندا، دوای ئەوەی سالێکی بەسەردا تێپەڕی، نەبەسترا. لە ئەنجامدا دەوڵەتی بەریتانیا لە ٦ی ئابی ١٩٢٤دا، داوای لە ئەنجومەنی گەلان کرد کێشەی موسڵ بخاتە لیستی کارەکانی خۆیەوە.

## ٦- گێڕانەوەی کێشەی موسڵ بۆ کۆمەڵەی گەلان.

لە ٣٠ی ئابی ١٩٢٤دا، ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لەسەر ڕەزامەندیی تورکیا کێشەی موسڵی خستە لیستی کارەکانی خۆیەوە و نزیکەی سێ هەفتە دواتر دەستیان کرد بە چاوخشاندن بەو بابەتە.

لە دوای یەکەم وتووێژی ئەنجومەندا بڕیاردرا لیژنەیەک لەسێ ئەندامی بێ لایەن پێکبهێنرێ و ڕەوانەی موسڵ بکرێ، بۆ ئەوەی لە بەڵگەنامەکانی هەردوولا بکۆڵێتەوە و لەسەردانی ناوچەکەدا بەڵگەی زیاتر بەدەست بهێنێت و دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ناوچەیی، ڕێگە چارەیەکی گونجاو پێشنیار بکات. هەروەها هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر ڕای لیژنەی ناوبراو لەلایەن ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە پەسند بکرێ، ئەوانیش پێی ڕازی بن.

لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤[٢٤] لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لە «کۆنت پاول تیلیکی» سەرەک وەزیرانی پێشووی مەجەر، مسیو «دو ویرسن»[٢٥] بالیۆزی پلە دووی سوید لە بوخارست و عەقید «پاولیس»[٢٦] یەکێک لە ئەفسەرانی خانەنشینی سوپای بەلجیک پێکهاتبوون، دیاری کرا.

ئەندامانی لیژنە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٢٥دا بۆ لێکۆڵینەوە سەرەتا بۆ بەغدا چوون و دواتریش بۆ موسڵ. لە ١٦ی تەمووزی ١٩٢٥دا ڕاپۆرتی کاری خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد.

هاوکات لەگەڵ چالاکییەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کۆمیتەیەکیان لە نوێنەرانی سوید و ئیسپانیا و ئۆرۆگوای پێکهێنا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوبراو لە ٢٩ی تشرینی یەکەمدا لە برۆکسل(شوێنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن) کۆبوونەوە و هێڵی سنووری نێوان عێراق و تورکیایان بەپێی «بارودۆخی باو»ی کاتی ئیمزاکردنی پەیمانی لۆزان، دەستنیشانکرد، هێڵی ناوبراو لەوە بەدواوە بە «هێڵی برۆکسل» ناوی دەرکرد.

لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٥دا ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان پێشکەش کرا، ئەندامانی لیژنەکە لەسەر دابەشکردنی موسڵ لە نێوان عێراق و تورکیادا نارازی بوون بە پشت بەستن بەو ئامارانەی کە لەبەریتانیا دەست کەوتبوون، بەو ئەنجامە گەیشتبوون کە چەندین تێبینی ئابووری جیاواز موسڵ بە عێراق دەبەستنەوە، هەروەها بەشی زۆرینەی دانیشتوانی موسڵ لایەنگری ئەوەن کە بە عێراقەوە بلکێنرێن نەک تورکیا، لیژنەی ناوبراو تەئیدی سنوورێکی کاتیی کرد کە لە کۆنگرەی برۆکسلدا دیاری کرابوو، هەروەها هەموو ناوچەکانی خوارووی «هێڵی برۆکسل»ی بە بەشێک لە عێراق داناو بەو مەرجەی

**کە یەکەم: عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێر سەرپەرشتیدا بمێنێتەوە، دووەم: ماف و ئازادیی ئیداری و قەزائی و کولتووری بدرێ بە کوردەکانی دانیشتوانی لیوای موسڵ و زمانی کوردیش ببێتە زمانی ڕەسمی لەناوچە کوردنشینەکاندا.**

دەوڵەتی بەریتانیا کە ڕاپۆرتی لیژنەکە لە بەرژەوەندی ئەودا ئامادەکرابوو، یەکسەر پێشنیارەکانی پەسند کرد، بەڵام «تۆفیق ڕەشید بەگ» نوێنەری تورکیا پێشنیارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی ڕەتکردەوە. «تۆفیق ڕەشید بەگ» لە کۆبوونەوەی ئەنجومەندا ڕایگەیاند کە ویلایەتی موسڵ بەشێوەیەکی یاسایی لە ژێر فەرمانڕەوایی تورکیا دایە و هەرگیز تورکیا سیستەمی سەرپەرشتی بە ڕەسمی ناناسێت، هەروەها لە کاتێکدا لیژنە پێشنیاری سەرپەرشتییەک دەکات کە لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلاندا بێت، بەڵام ئەنجومەن ناتوانێت سەبارەت بە داواکەی خۆی بڕیار دەربکات، سەرەڕای ئەوەش نوێنەری تورکیا ڕەخنەی لە سەلاحییەتی لیژنەی ناوبراو و ئەندامەکانی گرت و ڕایگەیاند کە هەتا ئەگەر ڕاپۆرتی سەرەوە پەسندیش بکرێت، ئەو دژی دەوەستێتەوە.

لە ڕاستیدا تورکیا هێشتا نەبوو بوو بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان و کۆمەڵەی بە گۆڕانێکی سادەی فۆرمی بەرەی هاوپەیمانەکان لە قەڵەم دەدا، بۆیە نەک هەر ئامادە نەبوو موسڵ لە دەست بدات، بەڵکو نەشی دەویست دەسەڵاتی کۆمەڵەی گەلان بەڕەسمی بناسێت، بەم شێوەیە

تورکیا لە ڕەزامەندییەکەی ڕابردووی پاشگەزبۆوە لەسەر گوێڕایەڵی کردنی ڕای ئەنجوومەن.

لەلایەکی ترەوە، لە ئەنجوومەن خۆیدا ئەم پرسیارانە خرانە ڕوو: بەپێی ماددەی ٣٦ی بەندی ٢ی پەیمانی لۆزان دەبێ بڕیارەکەی ئەنجوومەن چ تایبەتمەندییەکی هەبێت؟ بڕیاری داوەریکردن؟ پێشنیارکردن یان ناوبژیوانییەکی سادە؟ دەبێ چۆن بڕیار بدرێت؟ بەڕێککەوتن یان زۆرینەی دەنگەکان؟ ئایا هەر دوولای ناکۆکیش دەبێ دەنگ بدەن؟ یەکێک لە لیژنە فەرعییەکانی ئەنجوومەن ڕایگەیاند با ئەم کێشانە بۆ لێکۆڵینەوە بدرێنە دیوانی داوەریکردن هەمیشەیی نێودەوڵەتیی. دەوڵەتی بەریتانیا بەم کارە ڕازی بوو، بەڵام دەوڵەتی تورکیا ڕایگەیاند: «لە بارودۆخی ئێستادا دەوڵەتی تورکیا بە پێویستی نازانێت کێشەکە بدرێتە دیوانی داوەریکردنی نێودەوڵەتی لەلاهای، بەتایبەت لەبەر ئەوەی کێشەکان سیاسین، هەروەها ڕاوبۆچوونی ڕاوێژکارانی دیوان بە هیچ شێوەیەک کاریگەری نابێت لەسەر ئەو مافانەی کە دەوڵەتی تورکیا بەپێی پەیمانی لۆزان دەستی کەوتوون یاخود ڕۆڵی ئەنجوومەن کە بەپێی هەمان پەیمان دیاری کراوە، بگۆڕێت»

سەرەڕای ڕازی نەبوونی دەوڵەتی تورکیا، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کێشەکەی دایە دیوان بۆ دەنگ لەسەردان، ئەنجوومەن لە دیوانی پرسی ئەگەر ڕاپۆرتی لیژنەکە لەلایەن ئەنجوومەن پەسند بکرێ ئایا ڕای ئەنجوومەنەوە تەنیا لایەنی پێشنیار دەبێت یان بە هەمان شێوە کە هەردوولا ڕێککەوتن دەبێ گوێڕایەڵی لێ بکەن؟

یەکەم دانیشتنی گشتی دیوان لە ٢٦ی تشرینی یەکەمدا بەسترا، لەهەر دوو دەوڵەتی تورکیا و بەریتانیا داواکرابوو ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندیان بە کێشەی موسڵەوە هەیە بیخەنە بەر دەستی دیوان، دەوڵەتی تورکیا تەلگرافێکی نارد و ڕایگەیاند کە بە پێویستیی نازانێت نوێنەر بنێرێت، بەڵام دەوڵەتی بەریتانیا بەڵگەنامەکانی خۆی نارد و گروپێکی بە سەرۆکایەتی «سێر داگلاس هاگ» داواکاری گشتی (المدعی العام)ی وڵات نارد بۆ بەشداریکردن لە دانیشتنی ناوبراو. لە ئەنجامدا لە ٢١ تشرینی دووەمی ١٩٢٥دا بڕیاری کۆتایی دیوان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرکرا:

١- بەپێی ماددەی ٣ لە بەندی ٢ی پەیمانی لۆزان پێویستە پەیڕەوی لە ڕای ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بکەن و ڕایەکەی سەبارەت بە سنوورەکانی تورکیا و عیراق بڕیارێکی بنەبڕ دەبێت.

٢- بڕیاردان بە ڕێککەوتنی دەنگەکان دەبێت و نوێنەرانی هەردوولاش لەو دەنگدانەدا بەشدار دەبن، بەڵام دەنگی ئەوان حساب ناکرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا دەنگەکان ڕێکن یان نا.

سەرەڕای ڕازی نەبوونی توندی دەوڵەتی تورکیا، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان ڕای ڕاوێژکارانی دیوانی پەسند کرد و لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥دا ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر دەربڕی، بەپێی ئەم ڕایە ئەنجوومەن (هێڵی برۆکسل)ی پەسند کرد و بەم شێوەیە بە ڕەسمی دانی بە لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە نا. هەروەها دەوڵەتی بەریتانیا بە ئەرکی زانی لە ماوەی ٦ مانگدا پەیماننامەیەکی نوێ بۆ ٢٥ ساڵ لەگەڵ عیراقدا ببەستێت، بەو مەرجەی ئەگەر عیراق لە پێش ماوەی دیارکراودا ببێت بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، قۆناغی پەیماننامەی سەرەوە کۆتایی پێدێت، هەروەها ئەنجوومەن بڕیاری دا: «ئەگەر تەنیا لە ماوەی شەش مانگ لەو بەروارەوە، ئەنجوومەن لە جێبەجێ کردنی ئەم مەرجانە ئاگادار بکرێتەوە، دەبێ ئەنجوومەن ڕاوبۆچوونی خۆی ڕابگەیەنێت و هەنگاوی پێویست دیاری بکات بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سنوور بەپێی هێڵێکی سنووریی. داوا لە دەوڵەتی بەریتانیا وەکو دەوڵەتێکی سەرپەرشت دەکرێت کە ڕاپۆرتێک پێشکەش بە ئەنجوومەن بکات، لەمەڕ ئەو هەنگاوانەی کە دەیانێنێت بۆ دابینکردنی مافی ئیداری کاروباری ناوخۆیی لەلایەن کوردەکانەوە، کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا باسکراوە. داوا لە دەوڵەتی بەریتانیا وەکو دەوڵەتێکی سەرپەرشت دەکرێت بەپێی تواناو بە پێی خواستەکانی تری لیژنەی لێکۆڵینەوە هەنگاوهەڵێنێت بۆ دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی ناوچەکە، هەروەها هەنگاوی بازرگانی سەبارەت بەو پێشنیارە تایبەتەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەدا هاتووە بنێت».

دەوڵەتی بەریتانیا و خەڵکی عیراق پێشوازییان لە ڕای ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد،

بەڵام دەوڵەتی تورکیا دژە کاریکی توندی نیشاندا و ڕایگەیاند دەبێ لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان خاسیەتی ئاشتیخوازانە هەبێت نەک ڕۆحی حوکم کردن و سەپاندنی دەسەڵات، دوای ناڕەزایی دەربڕینی تورکیا نوێنەری ئەو وڵاتە بەشداری لە دانیشتنەکانی دواتری ئەنجوومەن نەکرد، نوێنەری تورکیا لە نامەیەکیدا لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥دا بەم شێوەیە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نووسی: «سەر لەنوێ دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم کە مافی فەرمانڕەوایی دەوڵەتێک بەسەر ناوچەیەکدا تەنیا ئەو کاتە کۆتایی پێ دێت کە دەوڵەتەکە خۆی پێی ڕازی بێت، کەواتە مافی فەرمانڕەوایی (تورکیا) بەسەر هەموو ویلایەتی موسڵدا هێشتا بەردەوامە». دوای ئەوە ڕاگەیەنرا کە ئەنجوومەنی شەڕی تورکیا دەیەوێت بەهێز دەست بەسەر موسڵدا بگرێت، بەڵام هەنگاوی سەربازیی بۆ لکاندنی موسڵ بە خاکی تورکیاوە نەنرا.

## ٧- هۆی پێداگرتنی بەریتانیا بە لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە

بەم شێوەیەی کە ئاماژەی پێ کرا لۆرد کریزن لە کۆنگرەی لۆزاندا و هەندێ گەورە پیاوانی بەریتانیا لە پەرلەمان و لە چاپەمەنییەکاندا ڕایانگەیاند کە نەوت لە سیاسەتی ئەو وڵاتە بۆ لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە دەوری نەبوودو مەبەستی بەریتانیا تەنیا ئەو بەرپرسیارێتییە بووە کە وەکو دەوڵەتی سەرپەرشت لەبەرانبەر کۆمەڵەی گەلاندا هەیبووە، هەروەها لەبەر ئەو بەڵێنەبووە کە بەریتانیا بە مەلیک فەیسەڵ و خەڵکی عیراقی دابوو تا موسڵ بکات بە بەشێک لە خاکەکەیان.

ئەم قسەیە شیاوی قبوولکردن نەبوو و هەتا زۆرێک لە ئەندامانی کابینەی بەریتانیا و هەندێ لە نوێنەرانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەش قبوڵیان نەدەکرد، ئارتور پۆن سونبی(٢٧) لە وەڵامی وتەکە و ئەوەی کە گومانی لە هەبوونی سەرچاوەی نەوتی لەو ناوچەیەدا هەیە وتی: «سەرەڕای ئەو ئینکاریانەی کە ئەمڕۆ دەیبیستین جێی سەر سوڕمان دەبێت ئەگەر چەند ساڵی دیکە هەواڵی دۆزینەوەی نەوت لە عیراقدا و ئەو سامانانەی کە دەشێ لەوەوە وەدەست بهێنرێن، بە ئێمە نەگات، هەردەم ئەو ڕاستییە لەناو چەند قسەیەکی وەکو بەختەوەریی خەڵکی عیراق لەگەڵ دۆزینەوەی نەوتدا زیاد دەکات، دەشارنەوە. لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەی کە بەرپرسیاریەتیکی نوێ دەخاتە سەر شانمان، گلەیی من تەنیا ئاراستەی دوو ڕوویی و فرتو فێڵە».

لەوانەیە قسەکانی «سێر هێری بریتین» لە ڕاستییەوە نزیکتر بووبن: «من ترسم نییە لە باسکردنی مەسەلەی نەوت، هەر کات لە پەرلەماندا باس لە نەوت دەکرێت بێ شک چەند بۆچوونێک ڕادەگەیەنرێت، بمانەوێت و نەمانەوێت چووینەتە ناو سەردەمی نەوتەوە، ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین کە خەڵووزی بەردینی زۆرە، بەڵام نەوتی نییە، ئێمە دەبێ نەوت بەدەست بهێنین تا بە هۆیەوە کەشتییەکانمان بە ئیش بخەین، ئەگەر نەوت لە عیراقدا بەدەست بێت عیراقیش وەکو هاوبەشێکی بازرگانی سوودی لێ وەردەگرێت».

لەوەش گرنگتر کاتێک حزبی کرێکاران لەدەسەڵات بەشدار بوو و لە کۆمەڵەی گەلاندا پەیڕەوی لە هەمان سیاسەتی دەوڵەتی پارێزگار دەکرد «تامس» وەزیری موستەعمەرات ڕاشکاوانە دانی بەوە نا کە نەوت کاریگەری هەبووە لە کێشەی سنووری نێوان تورکیا و عیراقدا.

لە کاتێکدا کە دەوڵەتی بەریتانیا لە کۆنگرەی لۆزان و ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلاندا بە توندی دژی تورکیا دەوەستا، چەند هەنگاوێکیشی لە عیراقدا نا تا بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو بارەوە لەگەڵ دەوڵەتی نوێی عیراقدا ڕێک بخات.

دەوڵەتی بەریتانیا لە پەیمانی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ لەگەڵ عیراقدا ماددەیەکی لە بارەی لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە تێخست، لەو ماوەیەدا وترابوو: «ئەگەر دەوڵەتی بەریتانیا دەست بکێشێتەوە لە دابینکردنی مافەکانی عیراق لەویلایەتی موسڵ، ئەم پەیمانە و هەموو ئەو پەیمانانەی کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە هەڵدەوەشێنەوە».

ئەم کارەش یارمەتی بەریتانیای دا تا بە هۆی بەرپرسیارێتی خۆی لە مەڕ عیراق، هەروەها ئەنجامدانی ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە لەبەرامبەر کۆمەڵەی گەلاندا وەکو سەرپەرشتێکی عیراق هەیەتی، موسڵی نەوتاوی بەدەست بهێنێت. دوای ئەوە، دەوڵەتی عیراق پەیمانێکی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی تورکیادا لە ٢٤ی ئازاری ١٩٢٥

ئیمزاکرد و بۆ ماوەی ٧ساڵ ئیمتیازی نەوتی بە کۆمپانیای ناوبراو دا، لەو پەیمانەدا هاتووە «دەبێ کۆمپانیا وەکو کۆمپانیایەکی ئینگلیزی ناونووسکراو لە بەریتانیادا بمێنێتەوە و سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەبێ هەمیشە بەریتانی بێت».

## ٨- پەیمانی سنووریی نێوان تورکیا و عیراق (١٩٢٦)

بۆ نەهێشتنی بە هەڵە لێکحاڵیبوونی نێوان بەریتانیا و تورکیاو هێنانەکایەوەی پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا پێویست بە تەگبیری زۆر هەبوو، دەوڵەتی تورکیا لە ئاکامدا هەلو مەرجی نوێی قبوڵکرد و لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦دا پەیمانێک لە نێوان ئەو وڵاتە و دەوڵەتی بەریتانیا دا بەسترا کە کۆتایی بە کێشەی موسڵ هێنا، بەپێی ئەم پەیمانە دەوڵەتی تورکیا ڕازی بوو. لەسەر «هێڵی برۆکسل» بە سنووری نێوان تورکیاو عیراق، هەڵبەتە لەو بارەوە دوو ئیمتیاز بۆ تورکیا لەبەر چاوگیرا، یەکەم ئەوەبوو کە هێڵی برۆکسل بە سوودی تورکیا کەمێک دەستکاری کرا، دووەم ئەوەبوو کە بڕیاردرا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ ١٠٪ی مافی ئیمتیازی نەوتی موسڵ بە تورکیا بدرێ، دەوڵەتی تورکیا دەیتوانی لە جیاتی مافی ئیمتیازی ناوبراو (٥٠٠,٠٠٠) لیرە بەشێوەی نەقدی وەربگرێت و هەر ئەوەشی کرد[٢٨] ئەم هۆکارانەی خوارەوە بوونە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا بە بەستنی ئەو ڕێککەوتننامە سنوورییە ڕازی بێت و چاوپۆشی لە موسڵ بکات:

١- هەوڵی تورکیا لە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بێ ئاکام بوو و سەرەنجام ئەنجوومەن ڕازی بوو بە لکاندنی موسڵ بە عیراقەوە.

٢- دەوڵەتی بەریتانیا دوای بڕیارەکەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان پێشنیاری بۆ دەوڵەتی عیراقی کرد کە موسڵ بکات بە پاشکۆی خاکی خۆی.

٣- دەوڵەتی نوێی تورکیا دەیویست ببێت بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا، بۆیە سازشی لەگەڵدا کرد.

٤- هیچ یەک لە وڵاتانی گەورە لەوانەش ئەمریکا، بەرگریان لە خواستی تورکیا نەدەکرد بۆ لکاندنی موسڵ بە خاکی ئەو وڵاتەوە.

٥- بەو شێوەیەی کە ئاماژەی پێکرا دەوڵەتی تورکیا لە بری نەوتی موسڵ بڕە پارەیەکی وەرگرت و لە پەیمانی ١٩٢٦یشدا چەند گۆڕانکارییەکی سنووریی کەم لە بەرژەوەندی ئەودا ئەنجامدرا.

## ٩- تورکیا و باکووری عیراق (١٩٥٨-١٩٨٠)

دوای چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ پەیوەندییەکانی تورکیاو عیراق بەرەوگەرمی ڕۆیشتن، هەر دوو دەوڵەت مەیلیان بە لای ڕۆژئاوا بوو و لە ساڵی ١٩٣٧دا پەیوەندیان بە پەیمانی سەعد ئابادەوە کرد، ئەم پەیمانە پێشبینی چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانەی هەموو ئەو ناکۆکییانەی دەکرد کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندی هاوبەشی هەر چوار دەوڵەتی ناوبراوەوە هەبوو، هەروەها تورکیا و عیراق لە ٢٤ی شوباتی ١٩٥٥ پەیمانێکی ٨ ماددەییان لە بارەی هاوکاریی دوو لایەنە و بەرگریی هاوبەشدا ئیمزاکرد، دواتر ئێران و پاکستان و بەریتانیاش چوونە ناو ئەم پەیمانەوە کە دواتر بە پەیمانی بەغدا ناوی دەرکرد.

پەیوەندیی عیراق و تورکیا تا ساڵی ١٩٥٨ کە ڕژێمی پاشایەتی لە عیراقدا حاکم بوو و هەردوو وڵات بە لایەنگری ڕۆژئاوا لە قەڵەم دەدران، باش بوو. لەو ماوەیەدا کە نزیکەی ٣٠ ساڵی خایاند، تورکیا دەستی لە باسکردنی داواکارییە خاکییەکانی سەبارەت بە موسڵ هەڵگرت، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی عیراقی لە ساڵی ١٩٥٨و بەدەسەڵات گەیشتنی عەبدولکەریم قاسم پەیوەندیی هەردوو وڵات تێک چوو. سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیی عیراق لەگەڵ ڕۆژئاواش تێکچوو بوو، ئەو هۆکارانەی خوارەوە لەو بوارەدا کاریگەر بوون:

١- دەرچوونی عیراق لە پەیمانی بەغدا: عەبدولکەریم قاسم، لە بەیاننامەی شۆڕشی ١٩٥٨دا خۆی وانیشان دا کە زۆر حەزی لە هەبوونی پەیوەندیی دۆستانەیە لەگەڵ تورکیا دا، هەر لەبەر ئەوەش بۆ نەهێشتنی دروستبوونی دوژمنایەتی لەگەڵ وڵاتی ناوبراو نەیدەویست پەیمانی بەغدا ڕەت بکاتەوە، لەو بارەوە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: «ئەندامێتی هەر دەوڵەتێک لە هەر پەیمانێکدا شتێکە پەیوەندی بە هەمان دەوڵەتەوە هەیە و پەیوەندی بەوانی ترەوە نییە»، ئەنقەرە پێشوازی لە سیاسەتە سەرەتاکانی عەبدولکەریم قاسم کرد، بەڵام دوای ماوەیەک لە ژێر گوشاری پان عەرەبەکاندا کە ئەویان بە یاریی دەستی ڕۆژئاوا لە قەڵەم

دەداو هەروەها کۆمۆنیستەکان کە هەمیشە دژی یەکگرتن بوون لەگەڵ ڕۆژئاوادا لە پەیمانی بەغدا کشایەوە. عەبدولکەریم قاسم بۆ ئاراستەکردنی دەرچوون لە پەیمانی بەغدا ڕایگەیاند کە جەوهەری سەربازیی پەیمانەکە لەگەڵ بێ لایەنیی عیراقدا ناگونجێ و بۆیە عیراق خۆی لێ دەکێشێتەوە.

٢- نزیکبوونەوەی عیراق لە یەکێتی سۆڤیەت: عەبدولکەریم قاسم پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سۆڤییەتدا بەرقەرار کرد، دوای ئەوەش چەندین ڕێککەوتننامە لە بواری هاوکاریی تەکنیکی و ئابووری لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئیمزا کران، هەروەها سۆڤیەت چەندین لستە قەرزی خستە بەردەستی عیراق بە مەبەستی دروستکردنی بەنداو، هێڵی ئاسنی نوێ، سوود وەرگرتن لە کانەکانی فۆسفات و گۆگرد. لەلایەکی تریشەوە قاسم سیاسەتە ئابوورییەکانی خۆی لەسەر بنەمای «سۆسیالیزمی زانستی» داڕشت. نزیکبوونەوەی عیراق لە سۆڤیەت و پیادەکردنی بەرنامە سۆسیالیستییەکان جێگەی پەسندی تورکیا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەت ئەمریکا نەبوون.

٣- کەم کردنەوەی ئیمتیازی کۆمپانیا نەوتییەکان لە ٦٠٪ی ناوچەکانی ئیمتیاز چاوپۆشی بکەن و دەوڵەتی عیراق دەبێ بە ئارەزووی خۆی ئەو ناوچانە دیاری بکات، تا ئەو کات ئیمتیازەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان هەموو ناوچەکانی عیراقی دەگرتەوە.[٢٩]

ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە بە پلانی زیرەکانەی مۆسکۆ درایە قەڵەم، لەگەڵ دەرچوونی عیراق لە پەیمانی بەغدا یەکێک لە گرنگترین ئالقەی چاودێریی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا جیابووەوە و ئەو ناوچەیەی کە ڕۆژئاواییەکان بە شوێنی ڕاوکردنی تایبەت و موڵکی حەڵاڵی خۆیان ناویان دەبرد، لەناکاو ڕژێمێک کە بە لێکدانەوەی ئەوان کۆمۆنیستی بوو، بوو بە فەرمانڕەوا بە جۆرێک کە دەروازەی هاتنەناوەیان بۆ ئەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (واتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی) تێک دەدا، هەروەها چەپڕەوەکانی ئەم ڕژێمە دەیانتوانی هەڕەشە لەلایەک لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی تا سنوری ڕۆژهەڵاتی ئیسرائیل بکەن و لەلایەکی تر هەڕەشە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی بکەن، بەم چەشنە هاتنە دەرەوەی عیراق لە پەیمانی بەغدا نەک هەر سیستەمی ئاسایشی ناوچەکەی بە گشتی گۆڕی، بەڵکو ترس و لەرزیشی لە ناوچەکەدا خستە ناو وڵاتانی لایەنگری ڕۆژئاوا وەکو لوبنان و ئوردن. دوای کودەتای کەتایبیەکانی لوبنان «کەمیل شەمعون» سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە داوای یارمەتی کرد، لە ئەنجامدا چەکدارە ئەمریکییەکان لە ١٥ی تەمووزی ١٩٥٨ دابەزینە ناو لوبنان و لە ١٧ی تەمووزیش پەرەشووت بازانی بەریتانیا لە قوبرسەوە بۆ ئوردن ڕەوانەکران.[٣٠]

ئەم گۆڕانکارییانە بوونە هۆی ئەوەی تورکیا و ئەمریکا کە چاویان بڕیبووە نەوتی موسڵەوە دووبارە بیر لە دابەشکردنی موسڵ و لکاندنی بە تورکیاوە بکەنەوە. هەردووکیان نەخشە و پلانێکی نهێنیانەیان بەناوی «کنابن» ئامادە کرد. بەپێی ئەمە بڕیار بوو ئەگەر عەبدولکەریم قاسم ڕێ لە چوونە دەرەوەی نەوت بۆ ڕۆژئاوا بگرێت، تورکیا و ئەمریکا بەشێوەیەکی هاوبەش دەستبەسەر ناوچە نەوتییەکانی موسڵ و کەرکوک[٣١]، بەڵام سەرکردە نوێیەکانی عیراق هیچ کارێکیان لەو بارەوە ئەنجام نەدا، چونکە ئەوانیش پێویستیان بە دەرامەتەکانی نەوت بۆ گەشەپێدانی وڵات هەبوو، هەر بۆیە ڕۆیشتنی نەوتی عیراق بۆ ڕۆژئاوا بەردەوام بوو. ئەم کێشەیە بووە هۆی پێکهاتنی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕژێمی شۆڕشگێڕی (عیراق) دا. دوا بەدوای چاوپێکەوتنی «دالس» وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و «سلڤین لوید» وەزیری بەریتانیا لەگەڵ ئایزنهاوەر لە واشنتۆن لە ١٧ی تەمووز لە پایتەختی ئەمریکادا بڕیاردرا کە:

«تا ئەو کاتەی شۆڕشی دەوڵەتی عیراق ڕێز لە بەرژەوەندییە نەوتییەکانی ڕۆژئاوا بگرێت، هێرشی سەربازیی ناکرێتە سەر»[٣٢]، دوای ئەمە پلانی کنابن ڕەتکرایەوە و بەئەرشیفی مێژوو سپێردرا، بەڵام دوای چەند ساڵێک بە هۆی ناکۆکیی عەرەب و ئیسرائیل پلانێکی تر بۆ دابەشکردنی باکوری عیراق ئامادەکرا، لە ساڵی ١٩٧٧ گروپێک لە ژێر چاودێریی «پرۆفیسۆر بونارد لویس» و «لورد کارادۆن» لە زانکۆی پرینستۆندا نەخشەیەکیان بۆ دابەشکردنی عیراق پێشکەش بە چەند دەوڵەتێک کرد، بەپێی ئەم نەخشەیە عیراق بۆ سێ وڵات دابەش دەکرا، دەوڵەتێکی کوردی لە باکوور، عیراقێکی سونیی لە ناوەڕاست و عیراقێکی شیعەش لە باشوور، هەروەها بەشێکی عیراقیش دەدرا بە سوریاو سوریاش

لەبەرامبەر دا دەستی لە بەرزاییەکانی جۆلان بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل هەڵدەگرت.(۳۳)

ئەخشەی لویس زیاتر یارمەتی ئامانجەکانی ئیسرائیلی دەدا و لە بەرژەوەندی تورکیاو ئەمریکا دا ئەبوو، تورکیا دەیویست ناوچە نەوتاوییەکانی موسڵ بخرێتە سەر خاکەکەی لە کاتێکدا بەپێی ئەخشەی لویس موسڵ دەخرایە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییەوە، لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی تورکیا ژمارەیەکی زۆری کورد تێدایە، ئەیدەتوانی لە نزیکی سنوورەکانی خۆیەوە چاوی لە هاتنەکایەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بێت، ئەم ئەخشەیە بۆچوونی ئەمریکاشی تەئمین ئەدەکرد کە زیاتر چاوی بریبووە ناوچە نەوتییەکانی موسڵ. ئامانجی ئەم ئەخشەیە لاوازکردنی عێراق بوو کە زیتر لەگەڵ ئامانجەکانی ئیسرائیلدا یەکی دەگرتەوە، چونکە ئیسرائیل زیاتر لەوەی بیر لە نەوت بکاتەوە بیری لە لاوازکردنی عێراق دەکردەوە، هەر چۆنێک بێت ئەخشەی ناوبراو بە هۆی نارازی بوونی تورکیا و ئەمریکا و گۆڕانی بارودۆخی ناوچەکە (سەردانی سادات بۆ ئیسرائیل) پشتگوێ خرا.

❐

**سەرچاوەکان:**


۱- سێر مارک سایکس وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و شارل فرانسوا ژۆرژ پیکۆ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو.

۲- ژان پی بردرینک، خاورمیانە در قرن بیستم، ترجمە فرنگیس اردلان (تهران: سازمان انتشارات جاویدان، ۱۳٦۸) ص۹۸

۳) fisher sydny Nettleletion The Middle east, A history, (London: Routledge and Kegan Paul, 1971)P.379.

٤- بنجامین شوادران، خاورمیانەو نفت و قدرتهای بزرگ، ترجمە عبدالحسین شریفیان، (تهران شرکت سهامی کتاب های جیبی ۱۳٥٤) ص۱۸٥

5- chester.

6- Leland summers.

7- sir/ 11. Llewellyn smith.

۸- بگەڕێوە بۆ ( yan 11 maning - Intrnational Aspects of petrleum Industry), Mining and Metalurgy, feb 1920, pp,1-10

- David white (our future oil supply) engineering and mining Jornal, 4 June, 1921, pp. 951-55

- E, Mackay Edgar: Britains Hold on the Worlds oil, sperlings Journal, vol.5 sep. 1919.

9- James. D. Phelan.

10- John W. DAVIS.

11- Bainbridge Colby.

۱۲- شوادران، سەرچاوەی پێشوو، ص۱۸٦-۱۸۸

13- B. Fisher, Op. cit, P. 903.

14- Ibid.

۱٥- جرج لنجافسکی، تاریخ خاورمیانە، ترجمە هادی جزایری (تهران انتشارات اقبال، ۱۳۳۷) ص۱۰۹.

۱٦- عیسمەت پاشا بە هۆی سەرکەوتنی بەسەر یۆنان دا دواتر نازناوی عیسمەت ئینۆنۆی وەرگرت، ئەوکات وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا بوو.

۱۷- لنجافسکی، سەرچاوەی پێشوو، ص۱۱٤

۱۸- حشمت الله نیک آئین، ناسیونالیسم عرب از جنک جهانی اول تا جنگ جیهانی دوم (تهران ناشر مؤلف ۱۳٥۱) ص۲۳

۱۹- راپۆرتی نوێنەری ئێران لە بێرن، ۳ی مانگی جوزا ۱۳۰۳ ژمارە ۳۸۷٤ .

۲۰- راپۆرتی باڵیۆزی ئێران لە پاریس لەبارەی «بۆچوونی بەریتانیا لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ» بەرواری ۲۲ی مایسی ۱۹۲٤ .

۲۱- راپۆرتی باڵیۆزی پلەی دووی ئێران لە موسڵ، بەرواری ۱۲ی نیسانی ۱۹۲٤ .

۲۲- راپۆرتی باڵیۆزی پلە دوو (کۆنسۆلییەی) ئێران لە موسڵ، بەرواری ۲۲ ثورسنە ۱۳۰٤ .

۲۳- تێلگرافی باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا، ۹ی بورجی جوزا ۱۳۰۳ .

24- count Poul Teleki.

25- M. dewirsen.

26- Colonel Paulis.

27- Arthur ponby.

28- Fisher, op. cit, P.403.

۲۹- دکتر اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخ اختلاف مرزی ایران و عراق (تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، چاپ دوم، ۱۳۷۰) ص ۲۳٥-۲۳٦ .

۳۰- هەمان سەرچاوە، ص۲۳۷-۲۳۹

31- Jabar Muhsin, (The Gulf war) in saddams Iraq, Revolution or Reaction (London: Zed Book, Ltd. 1989).

۳۲- جعفری ولدانی ، سەرچاوەی پێشوو، ص.۲۳۹

۳۳- بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: واکیم سبیم ، (اینده عراق) در مجموعه مقالات چهارمین سمینار خلیج فارس (تهران، مؤسسە چاپ وانتشارات وزارت امورخارجە، ۱۳۷۳) ص ٤۳۲-٤۳٤ .

# ویلایەتەکانی کوردستانی تورکیا لەسەردەمی حوکمڕانیی عوسمانییەکاندا

**فەیسەڵ دەباغ**

**لە عوسمانییەوە کردوویەتی بە** کوردی

## بەشی یەکەم

### ١) ویلایەتی وان

**سنوورەکەی:** ویلایەتی وان دەکەوێتە نێوان ویلایەتی موسڵ و ئەرزڕوم و ئێران و ویلایەتی بتلیس .

**ڕووپێوو ژمارەی دانیشتوانی:** ڕووپێوی ویلایەتی وان نزیکەی ٤٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشەیە، دوو بەشی موسڵمان و بەشێکیشی غەیرە موسڵمانن، ژمارەی دانیشتوانیشی نزیکەی ٤٥٠٠٠٠ کەس دەبێ، ئەمانە بەشێکی زۆریان کوردن.

**پێناسەی سروشتیی:** ئاو و هەوای ویلایەتی وان بەپێی هەڵکەوتنی هەر پارچەیەکی لە گۆڕاندایە، بەگشتی زستانەکەی زۆر ساردەو هاوینیشی زۆر گەرمە.

ئەو بەشەی دەکەوێتە نزیکی ناوچەی هەکارییەوە ئاووهەوای خۆشترەو خاکەکەشی، بەتایبەتی ئەوەی دەکەوێتە نزیک سنووری ئێران چیاییە، بەرزی هەندێ لەم چیایانە دەگاتە ٤٠٠٠ مەتر، هەندێکیشیان دەگاتە ٤٥٠٠ مەتر وەک چیای (سوبحان- سیپان) و لە دەوروبەری ئەرزڕومیشدا چیایەکی دیکە هەیە (ئالاداغ)ی پێ دەڵێن.

**لە ڕووبارو چەمەکانی ئەو ویلایەتە:** بەشێکی زابی گەورەو (مارمید- Marmid)و بەندماهی و بوهتان، ئەمەی دواییان لە (جۆلەمێرگ) هەڵدەقوڵێ و بە ڕۆژئاوای باشووری ویلایەتەکەدا تێدەپەڕێ.

**بەروبوومی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی:** خاکی ویلایەتی وان خاکێکی بە پیتە و هەموو جۆرە دانەوێڵەیەکی لێ دەچێندرێ، باغ و باغاتیشی زۆرەو باشترین شەرابی لێ دروست دەکرێ، بە مێوژ بەناوبانگە، لە شاری واندا سابوون و مادەی (سۆدە) دروست دەکرێ و بۆ شارو شارۆچکەکانی ئێران ڕەوانە دەکرێ.

لە ناوچەی (هەکاری)دا خەڵک بایەخیان بە کشتوکاڵ نەداوەو کاتی خۆشیان بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵات دەبەنەسەر.

لە پیشە هەرە پێشووەکانی ئەم ویلایەتە دروستکردنی قاپ و قاچاغی فافۆنە و هەموو جۆرە شتێکی لێ دروست دەکرێ و بە (وان عەباسی) ناو دەبرێت، عەباو شاڵ و قەدیفەو بلوزیشی لێ دروست دەکرێ و لە بازاڕەکانی ناو ویلایەتەکەدا دەفرۆشرێ کە ئەمەیش بووەتە هۆی چاککردنەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ویلایەتەکە.

**شێوەی ئیدارە:** ویلایەتی وان لە دوو سنجەق پێک هاتووە، یەکێکیان سنجەقی (وان)ەو، ئەویتریان سنجەقی (هەکاری)یە، مەڵبەندی ویلایەتیش شاری (وان)ە و مەڵبەندی سنجەقی (هەکاری)یش شارۆچکەی

(باش قەڵا)یە، ئەمەیش خشتەیەکە بە قەزاو مەڵبەندی قەزاکانی ئەم دوو سنجەقە:

(سنجەقی وان)

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
| --- | --- | --- |
| ١ | مەحمودی | سەرای |
| ١ | شتاق | شتاق |
| ١ | کواش | واستان |
| ١ | عادلجەواز | عادلجەواز |
| ١ | ئەرجیس | ئەرجیس |

(سنجەقی هەکاری)

| جۆر قەزا | قەزا | مەڵبەندی |
| --- | --- | --- |
| ١ | مەعمورەی حەمید | مەعمورەی حەمید |
| ١ | جۆلەمێرگ | جۆلەمێرگ |
| ١ | کوار | دیزە |
| ١ | شەمدینان | نرا (نەهری) |
| ١ | سلدوس | سلدوس |

## شارو شارۆچکەکانی:

**١- شاری وان:** دەکەوێتە سەر گردێکی پان و بەرین و سێ لای بە شوورەیەکی بڵند دەورە دراوەو لایەکەی تریشی چیایە، دەرەوەی شارەکە باغ و باغاتێکی زۆری لێیە، لە ناوەوەو دەرەوەی شوورەکەش مزگەوتێک و مەکتەبێک و حەمامێک و خانێک و کلێسایەکی زۆر کۆنی لێیە، ژمارەی دانیشتوانی ٣٠٠٠٠ کەس دەبێ کە زۆربەیان کوردن.

ئەم شارە لە زستاناندا ماوەیەکی زۆر بەفری لێ دەبارێ، بۆیە زستانەکەی زۆر ساردەو لە بەهارانیشدا ئاووهەواکەی فێنک دەبێ، بەڵام هاوینەکەی لە هەندێ شوێندا فێنکەو لە هەندێ شوێنیشدا گەرمە، ئەو بەشەی دەکەوێتە باکووری شارەکە فێنکە و ئەو بەشەشی کە دەکەوێتە باشوورییەوە گەرمە، ئەم جیاوازییە وای کردووە هەموو جۆرە دارو درەختێکی لێ بچێندرێ، وەک گەنم و جۆو گەنمەشامی.

دانەوێڵەو شال و عەبا سێ شتی سەرەکین کە لەناو شاردا بازرگانیان پێوە دەکرێ، لە سووتەمەنیشدا پشت بەو رەژووە کانزاییە دەبەسترێ کە لەچیای (ئاردوج)ەوە دەردەهێنرێ.

لە نزیک شاریشدا واتە بە دووری (٤) کیلۆمەتر بارەگایەکی کۆنی ئەرمەنییەکان هەیەو خەڵکی ئەرمەنی لەهەموو شوێنێکەوە ڕووی تێدەکەن.

**٢- شارۆچکەی باش قەڵا:** مەڵبەندی سنجەقی هەکارییەو (١٨) سەعات لە بارەگای ویلایەت دوورەو کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتییەوە.

ناوچەیەکی شاخاوییەو یەکێکە لەو شوێنە زۆر عاسێیانەی کە بۆ بەرگریی کردن بەکەڵک دێ.

**٣- شارۆچکەی شتاق:** یەکێکە لە مەڵبەندی ئەو قەزایانەی کە سنجەقی وان پێکدێنێ، دەکەوێتە لای باشووری بارەگای ویلایەت و لقێکی چەمی (بوهتان)یش شارۆچکەکە ئاودێر دەکات.

لەم قەزایەدا شال و عەبا دروست دەکرێ، رەوانەی ئەرزڕوم و ناوچەکانی دەوروبەری دەکرێ.

**٤- قەزای کواش:** قەزایەکە سەر بە سنجەقی (وان)، دانیشتوانی بە گشتی کوردن، مەڵبەندە ئیدارییەکەی لە بارەگای ویلایەت (٦) سەعات دوورەو دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتییەوەو (واستان)ی پێ دەگوترێ. باغ و باغاتێکی زۆری لێیەو بەدار گوێز بەناوبانگە کە بەشێکی بەرهەمەکەی بۆ ئەوروپا رەوانە دەکرێ.

شارۆچەکەکانی (ئەرجیس) و (عادلجەواز)و (سەرای) مەڵبەندی سێ قەزان لە موتەسەرفیەتی (وان)دا، شارۆچکەی (سەرای) ١٨ سەعات لە (وان) دوورەو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتییەوەو (٤) سەعاتیش لە سنوور دوورە. خاکەکەی زۆر بەپیتە و هەموو چەشنە دانەوێڵەیەکی لێ دەچێندرێ.

**٥- شارۆچکەی جۆلەمێرگ:** قەزایەکە سەر بە سنجەقی هەکاری و ٣٦ سەعات لە مەڵبەندی سنجەق واتە (باش قەڵا)وە دوورەو دەکەوێتە باشووری ئەو مەڵبەندەو بەناوی (زاوی- Zavi)ییەوەش ڕووبارێکی بچووکی لێیە.

ئاووهەوای قەزای جۆلەمێرگ (Djoulamerk) خۆشەو خاکەکەشی بە هەردوو کانزای قورقوشم و گۆگرد دەوڵەمەندە.

**٦- شارۆچکەی خۆشاب:** سەر بە سنجەقی هەکارییەو رووبارێکی بچووکی پێدا تێپەڕ دەبێ کە بە رووباری (خۆشاب) بەناوبانگە.

ئەم شارۆچکەیە لەڕووی شارستانییەتەوە بایەخی پێ نەدراوەو لە چیا هەرە بەناونگەکانیشی (چوغ داغ)ە کە بەرزاییەکەی دەگاتە ٤٠٠٠ مەتر.

شارۆچکەی (تورکوج)یش دەکەوێتە سەر ئەو رێگەیەی کە بەرەو خۆشاب دەچێ.ناحیەی (سلدوس) کە سەر بە ویلایەتی موسڵ بوو، ئێستە خراوەتە سەر سنجەقی هەکاری لە ویلایەتی وان و مەڵبەندی قەزایەکە بە هەمان ناو.

## ٢) ویلایەتی دیاربەکر

**سنوورەکەی:** ویلایەتی دیاربەکر دەکەوێتە نێوان ویلایەتی (بتلیس)و ویلایەتی (حەلەب)، لە رۆژهەڵاتەوە (وان) و لە باشووری رۆژهەڵاتەوە ویلایەتی (موسڵ) و لە باشوورەوە موتەسەرفیەتی (زور)و لە باکوورەوە (ئەرزروم) و لە باکووری رۆژئاواشەوە بە ویلایەتی (مەعمورەتولعەزیز) دەورە دراوە.

**رووپێو و ژمارەی دانیشتوانی:** رووپێوی ولایەتەکە ٤٦٠٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە دەبێ و ژمارەی دانیشتوانیشی ٤٧٠٠٠٠ کەس دەبێ، لەوانە ٣٠٠٠٠٠ کەسیان موسڵمان و ئەویتریان دیانن، کورد زۆربەی دانیشتوانی موسڵمان پێکدێنن.

**پێناسەی سروشتی:** خاکی ویلایەتی دیاربەکر بە گشتی شاخاوییە، (قەرەجە) و (ئاشید) و (میحراب) ناوی چەند شاخێکن لەم ناوچەیەدا، چیای (قەرەجە) دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای (دیاربەکر) و کەوانەیەک لە دەوروپشتی (ماردین)دا پێکدێنێ، چیای (ئاشید)یش بەشێکە لە چیای (جودی) و دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ویلایەتەکەو (میحراب)یش دەکەوێتە رۆژئاوای.

(دیجلە)و (فورات) دوو رووباری ئەو ناوچەیەن، (دیجلە) بە باکوورو رۆژهەڵاتی ویلایەتەکەو (فورات)یش بە رۆژئاوایدا تێپەڕ دەبێ، لە لقەکانی (فورات): (قزیل چبوق)و لقێکی (خابوور)یش لەو ویلایەتە هەڵدەقوڵێ، گوندی (کوجک)یش دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئەم ویلایەتە.

**بەروبوومی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی:** ئاو و هەوای ویلایەتی دیاربەکر لە هاویندا گەرمەو بە هۆی بوونی رووباری (دیجلە)ش هەموو جۆرە دانەوێڵەو بەروبوومی دیکەی لێ دەچێنرێ، بێجگە لە دانەوێڵە، پەمۆ ترێ و تووتنیشی لێ دەچێنرێ، سنجەقی (ماردین)یش بە چاندنی کاڵەک و شووتی بەناوبانگە.

**لە کانزاکانیشی:** ئاسن و زیوو و فافۆنە کە زۆر بە ئاسانی دەردەهێنرێن.

شاڵ و مافوور و عەباشی لێ دروست دەکرێ و بەهۆی رووباری دیجلەوە بەکەڵەک بۆ شوێنەکانی دیکە دەگوازرێنەوە.

**شێوەی ئیدارە:** ویلایەتی دیاربەکر چوار سنجەقی هەیە: دیاربەکر، ماردین، ئەرغەنی، سیوەرک.

مەڵبەندی ویلایەتەکە شاری (دیاربەکر)ەو شارۆچکەکانی (ماردین) و (ئەرغەنی) و (سیوەرک)یش مەڵبەندی سێ سنجەقەکەی دیکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**(سنجەقی دیاربەکر)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
|---|---|---|
| ٣ | سیلوان | میافارقین |
| ٣ | لیجە | لیجە |
| ٣ | بەشیری | بەشیری |
| ٣ | دیرەک | Direk |
| ٣ | وێران | وێران |

**(سنجەقی ماردین)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
|---|---|---|
| ٣ | جزیر | جزیری ئیبنوعومەر |
| ٣ | مەدیات | مەدیات |
| ٢ | عەوینە(ساوو) | Aouine |
| ٢ | نەسیبین | Neseibien |
| ٢ | رەئسولعەین | رەئسولعەین |

**(سنجەقی ئەرغەنی)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
|---|---|---|
| ٣ | پالو | پالو |

**(سنجەقی سیوەرک)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | چرمیک | چرمیک |

## شارو شارۆچەکەکانی:

**١- شاری دیاربەکر:** وڵاتێکی بەناوبانگە لەئاسیای عوسمانیدا، لە شوێنێکی زۆر قایم و لە دەستەڕاستی رووباری (دیجلە) دروست کراوە، دەوروبەری بە شووریەکی بڵند دەورە دراوە، چەند قولەیەک و چوار دەرگا و چەند بورجێک و قەڵایەکی زۆر کۆنی تێدایە، ئاوی زۆرە، لە دەرەوە دیمەنێکی زۆر جوانی هەیەو پڕە لە باغ و باغات، ژمارەیەک لە مزگەوت و کتێبخانەو بازاڕێکی زۆر گەورەشی لێیە، ئاو و هەوای لەهاویندا زۆر گەرمەو لە زستانیشدا زۆر ساردە، ژمارەی دانیشتوانی ٤٧٠٠٠ کەس دەبێ، لەوانە ٣٠٠٠٠ کەسیان موسڵمانن و زۆربەشیان بە زمانی کوردی قسە دەکەن.

پەمۆ و توتن و برنج سێ بەرهەمی سەرەکی ئەو شارەن و لە ناو شاریشدا قوماشی نایاب و قاپ و قاچاغی جوان دروست دەکرێ.

**٢- شارۆچکەی ماردین:** شارۆچکەیەکی زۆر کۆنە، دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەڵبەندی ویلایەت و (٢١) سەعات لێی دوورە، لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی پەمۆیە، ئاو و هەواشی زۆر خۆشە، بەڵام ئاوی کەمە.

**٣- شارۆچکەی ئەرغەنی:** دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای مەڵبەندی ویلایەت و (١٦) سەعات لێی دوورە.

لقێکی رووباری (دیجلە) بەو شارۆچکەیە تێپەڕ دەبێ، دارو درەختی زۆرەو چەند پردێکیشی هەیە.

لە ناوچە شاخاوییەکاندا چەند کانزایەکی دەگمەنی لێیە، لەوانە کانزای زیوو کە لە چیای (میحراب)دا هەر ساڵێ ١٠٠٠٠٠ وەقیەی لێ دەردەهێندرێ و ڕەوانەی شارۆچکەی (نوقاد) دەکرێ، ئەم کانزایە لە ساڵی ٦١٢ی کۆچیدا لەو ناوچەیە دۆزراوەتەوە، ئەمە بێجگە لە قافۆن و کۆگرد و کانزای دیکە.

بێجگە لە قەزای (ئەرغەنی) گوندێکیش بەو ناوە هەیە، ئاو و هەوای ئەم گوندە زۆر خۆشەو باغ و باغاتیشی زۆرەو مەرقەدی حەزرەتی (ذولکەفل)یش هەر لەو گوندەیە.

**٤- شارۆچکەی سیوەرک:** شارۆچکەیەکی زۆر کۆنە، مەڵبەندی سنجەقی (سیوەرەک)ەو دەکەوێتە ڕۆژئاوای دیاربەکر و (٢٠) سەعات لێی دوورە، شوێنەواری کۆنی لێیە، وەک ئەو قەڵایەی کە تا ئێستا بە کەلاوەیی ماوەتەوە.

**٥- قەزای سیلوان:** یەکێکە لە قەزاکانی سنجەقی دیاربەکر و مەڵبەندی ئیداریشی شارۆچکەی (میافارقین)ە.

ئەم شارۆچکەیە (١٦) سەعات لەمەڵبەندی ویلایەت دوورە، شوێنەواری کۆنی لێیە، لەوانە بینایەک هەیە (١٢) پەنجەرەی تێدایەو هەر پەنجەرەیەکیشی بۆ ماوەی یەک سەعات ڕۆژی لێ دەدات، بۆ نموونە لە سەعاتی یەکەم لە پەنجەرەی یەکەم دەدات، لە دووەم لە پەنجەرەی دووەم دەدات و لە دوازدەهەمیندا لە پەنجەرەی دوازدەهەم دەدات و پاش ئەویش ڕۆژ ئاوا دەبێ.

لە باکووری (سیلوان) شاخێک هەیە پێی دەڵێن چیای (سیلوان) کە لە لێواری باشوورییەوە چەند چەمێکی لێ هەڵدەقوڵێ و بەرەو باشوور دەڕوات تا لەگەڵ ڕووباری (دیجلە)دا یەک دەگرنەوە.

لەوانە (پاموقلی صو) و (باتمان)ن کە لەسەر ئەمەی دواییان پردێکی کۆن هەیە شایەنی سەیر کردنە.

(لیجە) و (دیرک) دوو شارۆچکەن و سەر بەسنجەقی دیاربەکرن، یەکەمیان (١٨) سەعات لێی دوورەو ئەویتریشیان (١٠) سەعات.

لە شارۆچکەی (لیجە)دا چەند شوێنەوارێکی کۆن هەیە و باغ و باغاتیشی زۆرە، لە ڕۆژئاواو بە دووری (١١) کیلۆمەتر (مەملەحە)یەک هەیە کە ساڵانە ٢٥٠٠٠٠ کیلۆ خوێی لێ دەردەهێندرێ.

**٦- شارۆچکەی نەسیبین:** مەڵبەندی قەزایەکە لە سنجەقی (ماردین)دا و دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەڵبەندی ویلایەت و (٢٩) سەعات لێی دوورە.

لقێکی ڕووباری (فورات) بەو شارۆچکەیە تێپەڕ دەبێ و دوو بەشی دانیشتوانیشی موسڵمانن و بەشەکەی تریشی دیانن.

(کورد) و (عەرەب) و (تورکمان) و (چەرکەس) لە موسڵمانەکانن و (ئەرمەن) و (کلدانی) و (سریان) و (یەعقوبی) لە دیانەکانن.

بەروبوومی ئەو قـەزایە بێـجگە لە دانەوێڵـەی جـۆراو جـۆر، تووتن و پەمـۆ و برنجـیـشی لێ دەچێندرێ، لەوەڕگەی زۆرەو میوەجات و سەوزەشی هەر زۆر زۆرە.

لەنێوان ئەم شارۆچکەیە و شارۆچکەی (ماردین)دا، گوندێک هەیە پێی دەڵێن گوندی (دارا)، ئەم گوندەش بێ شومار شوێنەواری کۆنی لێیە.

**٧- شارۆچکەی جـزیر:** هەروەها (جـەزیرەی ئیبنوعومەر)یشی پێ دەگوترێ، مەڵبەندی قەزایەکە سەر بە سنجەقی (ماردین)و دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەڵبەندی ویلایەت و (٥٤) سەعات لێی دوورە، کاتی خـۆی ئەم شـارۆچکەیە زۆر ئاوەدان بووەو زێدی مـێژوونووسی بەناوبانگ وبەڕەچەڵەک کـورد (ئیبن ئەلئەثیر)ە.

قـەزای جـزیر (٢١٩) گـوندی لێـیەو ژمـارەی دانیشتـوانیـشی ٣٥٠٠٠ کـەس دەبێ و بێـجگە لە دانەوێڵەو میوەجات، پەمۆ و تووتنیشی لێ دەچێندرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی قـەزای (جزیر)دا چیـایەک هەیە پێی دەگوترێ (جـودی)، بەرزی ئەم چیـایە لە ٤٠٠٠ مـەتر زیـاترە و لەسـەردەمی حـەزرەتی (نوح)دا و لەکـاتی ڕووداني (تۆفـان)دا کەشتییەکەی لەسەر لووتکەی ئەم چیایە گیـرساوەتەوەو ئێستـا لەلایەن خەڵکەوە زیارەت دەکرێ.

هەردوو قەزای (عەوینە- Avine) و (مەدیات) سەر بە سنجەقی (ماردین)ن و هەردووکیشیان دەکەونە باکووری ڕۆژهەڵاتی سنجەقەکە.

سەبارەت بە قەزای (عەوینە)ش ڕووبارێکی لێیە پێی دەگوترێ (کوکچە صو)، شارۆچکەی (مەدیات)یش شـارۆچکەیەکی ڕێکوپێکەو باغـو باغـاتیـشی زۆرەو ناحیەی (حەسەنکێف)یش ناحیەیەکە سەر بەو قەزایەو زۆربەی خانووەکانیشی بە بەرد دروست کراون.

شارۆچکەی (ڕەئسولعەین)یش دەکەوێتە سەر ڕووباری (خابوور) و کشتوکاڵێکی زۆری لێ دەکرێ.

شارۆچکەی (پالو) سەر بە سنجەقی (ئەرغەنی)یەو باغ و باغاتێکی زۆری لێیەو پردێکیش لەسەر ئەو ئاوە دروست کـراوە کـە بە شارۆچکەکەدا تێپەڕ دەبێ، ئەم شارۆچکەیە قەڵایەکی زۆر کـۆنی تێدایەو دەوروبەریشی بە شوێنەواری کۆن دەورەدراوە.

شارۆچکەی (چرمیک) سەر بەسنجەقی (سیوەرک)ەو قەڵایەکی کۆنی لێیەو باغ و باغاتیشی زۆرە، هەروەها کانییە کانزایەکی لێیە کە ئاوەکەی بۆ چارەسەرکردنی هەندێ نەخـۆشی پێـست بەکـار دێت و لە ڕووی بازرگانییەوەش سوودێکی بۆ خەڵکەکە هەیە.

خاکەکەی زۆر بەپیتە و بەهۆی چەمی (قزیل چبوق)ەوە جۆرەها دانەوێڵەو میوەجاتی لێ دەچیندرێ، بەتایبەتی ترێ کـە بە بەرهەمـێکی سـەرەکی ئەم شـارۆچکەیە دەژمێردرێ.

## ٣- ویلایەتی بتلیس

**سنوورەکەی:** ئەم ویلایەتە دەکـەوێتـە ڕۆژئاوای گـۆمی(وان)ەوە ، لە ڕۆژهەڵاتەوە(وان)و لە باکـوورەوە ئەرزڕوم و لە ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاواوە(دیاربەکـر) و لە باشوورەوەش بە ویلایەتی موسڵ دەورە دراوە.

**ڕووپێوو ژمارەی دانیشتووانی:** ڕووپێوی ویلایەتی بتلیس ٢٧١٥٠ کـیلۆمـەتری چوار گـۆشـەیە و ژمارەی دانیشتوانیشی ٣٠٠٠٠٠کەس دەبێ، لەوانە ٢٤٠٠٠٠ کـەسـیـان مـوسـڵـمـانن و زۆربەیان بەزمـانی کوردی قسە دەکەن.

**پێناسەی سروشتیی:** خاکی ئەم ویلایەتە شاخاوییە، لە لووتکە هەرە بەناو بانگەکانی (خاندوش)و(دارقوش)ەە، کە هەردووکیان بەشێکن لە زنجیرە چیای (بتلیس) کە ئەویش بەشێکە لە زنجیرە چیای (ئارارات).

لە نزیک قـەزای (بولانیق) و قـەزای (ئەخـلات)دا چەمێکی گەورە هەیە بە ناوی (نازک)ەوە، کە ئاوەکەی لە چیای(نەمرود)ەوە هەڵدەقوڵێ، ئاوی ئەم چەمە زۆر گەرمەو بەبەردی ڕەش و بریقەدار دەورە دراوەو ئاوەکەشی دەڕژێتە ناو گۆمی(وان)ەوە.

**بەروبوومی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی:** هەرچەندە خـاکی ئەم ویلایەتە شـاخـاوییـە، بەڵام بۆ پێگەیاندنی دانەوێڵـە دەست دەدات، هەر وەها تـووتن و ترێ و پەمۆشی لێ دەچیندرێ.

لە شـوێنە شاخـاوییـەکـاندا مـاددەی (مـەرمـەر)ی لێ دەردەهێنرێ و لە دەورو بەری (موش)یشدا بەردی هارین دروست دەکرێ، ئەمە بێجگەلە چنینی قوماش و مافوور.

**شێوەی ئیدارە:** لە ڕووی ئیدارییەوە ویلایەتی بتلیس لە چوار سنجەق پێک هاتووە: سنجەقی بتلیس و

سنجەقی موش و سنجەقی(سعرد-Saird )و سنجەقی (کینج -Guindj).

مەڵبەندی ویلایەتەکە شاری (بتلیس)ـە و مەڵبەندی سنجەقەکانی(موش)و(سعرد)یش هەر هەمان شارۆچکەی (موش)و (سعرد)ن، مەڵبەندی ئیداری سنجەقی(کینج)یش گوندی (ئاردوشین)ـە.

ئەمەش خشتەیەکە بە ناوی قەزاو مەڵبەندی قەزای هەر چوار سنجەقەکە:

**(سنجەقی بتلیس)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
| --- | --- | --- |
| ١ | ئەخلات | ئەخلات |
| ١ | خیزان | ئەشاغی قەرەصو |
| ١ | موتیکی | Kinzo |

**(سنجەقی سعرد)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
| --- | --- | --- |
| ١ | شیروان | کفرە |
| ١ | برواری | Deh |
| ١ | Erouh | Zok |
| ١ | Arzen | Khaskhir |

**(سنجەقی کینج)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
| --- | --- | --- |
| ٢ | Koulb | Passour |
| ١ | جیا چقور | چوەلی |

**(سنجەقی موش)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
| --- | --- | --- |
| ١ | مەلازکرد | قەلا |
| ١ | بولانیق | Kop |
| ١ | وارتو | کوکوم |
| ٣ | ساسۆن | Kahildjerz |

## شارو شارۆچکەکانی:

**١- شاری بتلیس:** دەکەویتە باشووری رۆژئاوای گۆمی (وان)و(٦) سەعات لێی دوورە، دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە و هەر لە کۆنەوەش شارێکی بازرگانی بووە.

ئاوو هەوای شارۆچکەکە لە هاویندا خۆشەو لە زستانیشدا ساردە، دارهەنارێکی زۆری لێیەو بەروبوومەکەشی لە پێداویستی خەڵک زیاترە. لەو شارۆچکەیەدا شاڵی سوور و سپی دروست دەکرێ و هەروەها سێ جۆرە مەرمەریشی لێ دەر دەهێنرێ:زەرد و سوور و رەش.

**٢- شارۆچکەی موش:** دەکەوێتە رۆژئاوای مەڵبەندی ویلایەت و (١٢) سەعات لێی دوورە.خاکەکەی بە جۆرەها دانەوێڵەو ترێ و میوەجاتی تر دەچیندرێ و لە رووی بازرگانیشەوە بایەخێکی گەورەی هەیە، لە ناوچە شاخاوییەکاندا جۆرە گلێکی رەش و سوور هەیە کە خەڵکەکە بۆ دروستکردنی پەرداخ و قاپ و قاچاخ بەکاری دێنن و دەیفرۆشنە ناوچەکانی دەوروبەریان.

لەهەمان شارۆچکەدا و لە هەندێ گوندەکانیانیدا شاڵی سپی و سوور دروست دەکرێ، ئەمە بێجگەلە چنینی مافوور.

**٣- شارۆچکەی سعرد:** دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای مەڵبەندی ویلایەت و (١٦) سەعات لێی دوورە،کەوتۆتە ناوچەیەکی شاخاوی، ژمارەی دانیشتووانیشی نزیکەی ١٥٠٠٠ کەس دەبێ و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی قسە دەکەن.

بەهۆی بەرزی پلەی شێ، خەڵکەکەی زوو زوو تووشی جۆرەها نەخۆشی دەبن ، ئەم شارۆچکەیە کەوتۆتە شوێنێکی زۆرعاسێ، بۆیە لە گواستنەوەدا خەڵکەکەی تەنها ئێستریان بەکاردێنن . (شیروان) قەزایەکە سەر بە (سعرد) و باغ و باغاتێکی زۆری لێیە بە تایبەتی رەزی ترێ کە بە بەرهەمێکی سەرەکی ئەو شارە دادەنرێ.

**٤- شارۆچکەی ئەخلات** مەڵبەندی قەزایەکە سەربە سنجەقی(بتلیس)ـە ، لەتەک گۆمی (وان) و لە لێواری چیای (نەمرود) دا لە سەرکەلاوەی شارێکی زۆر کۆن دروست کراوە، (٨)سەعات لە مەڵبەندی ویلایەت دوورە. بەروبوومی زۆرە، وەک سێووگوێز، هەر وەها مافوورو گۆرەوی وشتی تری لێ دروست دەکرێ و دەفرۆشرێتە ناوچەکانی دەوروبەری .

**٥- شارۆچکەی مەلازکرد :** مەڵبەندی قەزایەکە سەر بە سنجەقی(موش)ـە ، دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی مەڵبەندی ویلایەت و (٢٠)سەعات لێی دوورە و لە تەک کەلاوەی قەلایەکی زۆر کۆن دروست کراوە.

خاکەکەی بە ناوی ڕووباری (موراد) ئاو دێر دەکرێ و چیای(سوبحان)یش دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزاکە.

## ٤- ویلایەتی ئەرزڕوم

**سنوورەکەی:** ویلایەتی ئەرزڕوم دەکەوێتە نێوان هەردوو ویلایەتی (وان) و (ترابزۆن) وهەروەها دەکەوێتە نێوان هەرێمی(قەفقاس) ی ڕووسیاو ویلایەتەکانی (سیواس)و (مەعمورەتولعەزیز)و (دیاربەکر)و(بتلیس).

**ڕووپێوو ژمارەی دانیشتووانی:** ڕووپێوی ویلایەتی ئەرزڕوم نزیکەی ٩٨٨٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانیشی ٦٥٥٥٠٠ کەس دەبێ، لەو ژمارەیە ٥٤٢٠٠٠ کەسیان موسلمانن و ١٠٠٠٠٠ کەسیشیان ئەرمەن و سریان و یەعقوبین.

موسلمانەکان بە زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی قسە دەکەن ، بەڵام هەرە زۆریان بە زمانی کوردی ، بە تایبەتی لە ئەرزنجان وخنس و ترجان و ئالشکرد دا.

**پێناسەی سروشتی:** خاکی ئەم ویلایەتە بە زۆری شاخاوییە و زستانیشی زۆر ساردە، لە چیا هەرە بڵندەکانی چیای (ئاگری) یە کە (ئارارات)یشی پێ دەگوترێ. لوتکەی ئەم چیایە بە درێژایی ساڵ بە بەفر داپۆشراوە، ڕووباری (ئاراس)یش لە باکووری ئەم چیایە تێپەڕ دەبێ. لە چیاکانی دیکەی ئەم ویلایەتە: (شاهیۆل)و(چنگل)و(کوسە)و(شیریان)و(بینکول)ن و لەزنجیرەی چیای (ئارارات)ن. ڕووباری (موراد) لە چیای (شیریان) و( ئاراس)یش لە چیای (بینکول) هەڵدەقوڵێن. هەروەها لە نزیک (مجنکرد- Medjengurt) زنجیرە چیایەکی تر هەیە پێی دگوترێ چیای(سوغانلی) کە بەرزاییەکەی دەگاتە ٢٥٩٠ مەتر، ئەم زنجیرەیەکاوی (چوروخ) و( فورات) لە یەک جیا دەکاتەوە.

لەنێوان ویلایەتی ئەرزڕوم و ویلایەتی (وان) یشدا ، چیایەکی تر هەیە کە پێی دەڵێن (مەوزور) ، بێجگە لەمەش لە باکووری ولایەتدا زنجیرە چیایەکی دیکە هەیە پێی دەگوترێ( بالاحور) ، ناوە کۆنەکەشی (پونتوس) بووە.

ئەو لقە ڕووبارانەی کە ئاوەکانیان دەڕژێتە ناو (ئاراس) ـەوە بریتین لە: (بالقلی کول)،(قازلی کول)،(ئاق کول)،(دیبسز کول)،(قزیل کول). لە ناو هەندێ لەو لقانەدا جۆرە ماسییەک دەبیندرێ کە پێی دەڵێن( ئالا) ، ئەم جۆرە ماسییە گۆشتەکەی لە گۆشتی ماسی دەریا خۆشترە.

**بەروبوومی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی:** ئاو و هەوای ویلایەتی ئەرزڕوم خۆشەو خاکەکەیشی بە پیت و بەرەکەتە، بێجگەلە دانەوێڵە و میوەجات و سەوزەوات، زەیتون و فاسولیاو پیاز و پاقلەشی لێ دەچیندرێ.

شایانی گوتنە سنجەقی(بایەزید)کشتوکاڵی کەمە، بۆیە خەڵکەکەی بە تایبەتی ئافرەتانیان بە چنینی مافوورو بەرەو قاپ و قاچاخی فافون مژوڵن.

**شێوەی ئیدارە:** لە ڕووی ئیدارییەوە ویلایەتی ئەرزڕوم دابەش دەکرێتە سەر (٣) سنجەق: سنجەقی ئەرزڕوم و سنجەقی بایەزیدو سنجەقی ئەرزنجان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**(سنجەقی ئەرزڕوم)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
|---|---|---|
| ١ | بایبورد | بایبورد |
| ٣ | ئاسیر | هەمشین |
| ٣ | کسکیم | ئوکدم |
| ٣ | یاسینلەر | حەسەن قەڵا |
| ٣ | ترجان | ماماخاتون |
| ٣ | کیغی | Kighi |
| ٣ | تامرون | Temran |
| ٣ | خنس(تکمان) | Hinis |

**(سنجەقی بایەزید)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
|---|---|---|
| ١ | دیادین | دیادین |
| ١ | قەرەکلێسا | قەرەکلێسا |
| ١ | ئالشکرد | تۆپراق قەڵا |
| ١ | عینتاب | دوو ت |

**(سنجەقی ئەرزنجان)**

| جۆر | قەزا | مەڵبەندی قەزا |
|---|---|---|
| ٣ | کماخ | کماخ |
| ٢ | قوزنچان | پلومر |
| ٣ | ڕەفاهیە | کرجانیس |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | قۆری چای | حەسەن ئاوا | |

## شارو شارۆچکەکانی:

**١- شاری ئەرزڕوم:** مەڵبەندێکی بازرگانییە لە ڕۆژ هەلاتی تورکیا دا، هەر چوار دەوری بە چیا دەورە دراوە کە بەرزاییان لە هەندێ ناوچەدا دەگاتە ١٩٥٠ مەتر، وەک چیای (دوەبیونی) و (پالان دوکن).

لەم شارەدا هەموو جۆرە سەنعەتێکی لێیە، بۆیە بایەخێکی بازرگانی وەرگرتووە و ئەوەی لە بەشی خەڵکەکە زیاد بێ ڕەوانەی ویلایەتەکانی تر یان(قەفقاس)و(ئێران) دەکرێ.

لە زستانەکاندا زۆر ساردە و لە هاوینانیشدا ئاوو هەواکەی خۆشە ، چەند کانیاوێکی کانزایی تێدایە کە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی پێست بە کاردێت.

**٢- شارۆچکەی ئەرزنجان:** هەر وەها(ئەرزیرکان)یشی پێ دەگوترێ، دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەرزڕوم و (٢٤) سەعات لێی دوورە، ئاووهەوای زۆر خۆشە و بۆ تەندروستی باشە، بەڵام لە هاویندا گەرمەو خەڵکەکەشی بۆ دەرەوەی شار دەر دەچن. بە هۆی ڕووباری (فورات)ەوە کە بەشێکی لە سنووری ئەو شارەدا تێپەر دەبێ، کشتوکاڵێکی زۆری لێ دەکرێ، بەتایبەتی (پەمۆ) کە بایەخێکی تایبەتی هەیە لە دروستکردنی مافوور و تاخمی حەمام و مافووری دیواران و شال و .. تاد، دانیشتووانی بەزمانێکی کوردی زۆر عەنتیکە قسە دەکەن.

٣- شارۆچکەی بایەزید: ئەم شارۆچکەیە لەلایەن (یولدرم بایەزیدخان)ەوە دروست کراوەو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ئەرزڕوم و (٦٠) سەعات لێی دوورە، قەڵاکەی زۆر بەناوبانگە، ئاو و هەواشی لە زستاندا زۆر ساردەو لە هاوینیشدا خۆشە، کشتوکاڵی کەمە، بۆیە خەڵکەکەی ڕوویان لە سنعەتی دروست کردنی مافوورو بەرەو قاپ و قاچاخی قافۆن کردووەو پەیوەندییەکی بازرگانی پتەویشیان لەگەڵ ئێران و گورجستاندا هەیە.

**٤- شارۆچکەی بایبورد:** دەکەوێتە ڕۆژئاوای مەڵبەندی ویلایەت و ٢٥ سەعات لێی دوورە، بەهۆی ڕووباری (چوروخ)ەوە کشتوکاڵێکی زۆری لێ دەکرێ و چەند شوێنەوارێکی کۆنیشی لێیە.

**٥- شارۆچکەی حەسەن قەڵا:** مەڵبەندی قەزای (یاسینلەر)ە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی مەڵبەندی ویلایەت و (٦) سەعات لێی دوورە، لقێکی (ئاراس) کە بەناوی (یاسین)ە ڕووپێوێکی زۆری ئەو شارۆچکەیە ئاودێر دەکات.

لەناو قەزادا بەرەو مافووری لێ دروست دەکرێ، هەروەها (شال)ێکی زۆریش ڕەوانەی شاری ئەرزڕوم دەکرێ.

**٦- شارۆچکەی (خنس):** قەزایەکە سەر بە سنجەقی ئەرزڕوم، دەکەوێتە باشووری (ئەرزڕوم)و (٩٠) کیلۆ مەتر لێی دوورە، چیای (بینکول) ئەم شارۆچکەیە لە ویلایەتی (بتلیس) جیا دەکاتەوە.

خاکی قەزای (خنس) زۆر بە پیتەو لە ٢٣٦ گوند پێک هاتووەو ژمارەی دانیشتوانیشی ٣٠٠٠٠ کەس دەبێ کە هەر هەموویان کوردن.

بەروبوومی کشتوکاڵی زۆرەو بەشێکیشی بۆ شاری (ئەرزڕوم) ڕەوانە دەکرێ، ئەمە بێجگە لە دروست کردنی مافوور و بەڕە.

**٧- شارۆچکەی کیغی:** قەزایێکە سەر بە سنجەقی (ئەرزڕوم)و (١٣٢) کیلۆمەتر لە شارەکە دوورە، لە ڕووبارە هەرە بەناوبانگەکانی (بینکول)ەو بە دروست کردنی ڕەژوو بەناوبانگە.

**٨- قەزای ترجان:** ئەم قەزایە بەناوی ئەو ڕووبارە ناونراوە کە تێیدا تێپەڕ دەبێ، مەڵبەندەکەی گوندی (ماما خاتون)ەو (١٤) سەعات لە شاری (ئەرزڕوم)ەوە دوورە.

بێجگە لە دانوێڵە، میوەجات و سەوزەواتیشی لێ دەچێندرێ، لەوەڕگەی زۆرەو ژمارەی دانیشتوانیشی ٢٥٠٠٠ کەس دەبێ، زۆربەیان کوردی موسڵمانن و بەشەکەی تریشی ئەرمەنی و تایفەی دیکەن.

**٩- قەزای کسکیم:** ئەم قەزایە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی مەڵبەندی سنجەقی (ئەرزڕوم)و لەسەر سنووری (قەفقاس)ە، مەڵبەندە ئیدارییەکەی گوندی (ئوکدم)ە کە دەکەوێتە باکووری (ئەرزڕوم)و (٨٢) کیلۆمەتر لێی دوورە.

ئەم قەزایە ١٥ ناحیەو ٦٥ گوندی هەیە، ژمارەی

دانیشتوانیشی ۳۰۰۰۰ کەس دەبێ کە زۆربەیان کوردی موسڵمانن.

بێجگە لە دانەوێڵە، سەوزەو میوەجاتیشی لێ دەچێندرێ، لە هەندێ شوێنیشیدا کانزای (ئاسن)هەیە.

**١٠- شارۆچکەی کماخ :** مەڵبەندی قەزایەکە بەناوی (کماخ) لە سنجەقی ئەرزنجان و دەکەوێتە رۆژئاوای مەڵبەندی ویلایەت و (٦) سەعات لە شارۆچکەی (ئەرزنجان)ەوە دوورە.

لەم شارۆچکەیەدا قەڵایەکی زۆر کۆن هەیەو خاکەکەشی زۆر بەپیتەو هەموو جۆرە دانەوێڵەیەکی لێ دەچێندرێ.

لە رووی پیشەسازییەوەش بەرەو مافووری لێ دروست دەکرێ، هەروەها (مەملەحە)یەکی لێیە.

شارۆچکەکانی (دیادین) و (قەرەکلیسا)و (ئالشکرد) و (عنتاب) چەند قەزایەکن سەربە سنجەقی (بایەزید)، خاکەکانیان هەرچەندە شاخاوین، بەڵام بۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن.

❑

سەرچاوە:

**علي توفيق، مفصل ممالک عثمانیه جغرافیاسی، استانبول ۱۳۲۹ی رۆمی.**

# ئەرکی یاسا لە سیستەمی دیموکراتی لیبراڵیدا

**نەژدەت ئاکرەیی**
مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی-
زانکۆی سەلاحەدین

فەلسەفەو فیکری سیستەمی سیاسی هەر دەوڵەتێک بە سەر ئەرک و وەزیفەی یاسای ئەو دەوڵەتەوە کاریگەری هەیە[1] .جا گەر هاتوو دیموکراسی شێوەیەکی گرنگی سیستەمە سیاسییەکەی بوو، چ وەک فیکر و چ وەک پراکتیک گەشەی کردبوو، چوار چێوەی جۆربەجۆری لە خۆ گرتبوو، ئەوکات ناوەڕۆکی سیستەمەکە دەسەلاتدارێتی گەل دەبێت، بەڵام بە جیاوازی ڕوانگەو تێڕامانە ئایدیۆلۆژییەکان، چۆنێتی گوزارشت کردن لەو ڕاستییە جەوهەرییەش دەگۆڕێت.

شێوازی دیموکراسیی لیبراڵی شێوەیەکی سەرەکیی دەسەلاتی گەلەو لەسەر پرانسیپی «سەروەریێتی بۆ گەل»بنیادنراوە، بەو مانایەی لە دەوڵەتدا ئیرادەی جەماوەر لە هەموو ئیرادەیەکی دیکە بالاترە، هەربۆیە لە شێوازی دیموکراسیی پەرلەمانتاریدا- گەل بە خۆی و لە ڕێگەی دەستەی نوێنەرانی خۆیەوە دەسەلاتی سیاسی بەڕێوەدەبات. دیارە نوێنەرەکانیشی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەست نیشان کردوون ، هەر لەو شێوازەدا پرانسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییش پەیڕەو دەکرێت.

پرانسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان بە هۆی بیرو بۆچوونی هزرڤان وبیرمەندانی وەکو «مۆنتسکیۆ، ڕۆسۆ، لۆک»ەوە گەشەی کرد، ئەمانە لە کتێبەکانیاندا داوایان دەکرد سنوور بۆ دەسەلاتی تاکڕەوانەی پادشاکانی سەدەی حەڤدەو هەژدەمدا دابنرێت ، ئەم داوایەشیان بەمەبەستی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەسان بوو کە دواتریش بووە بەشێکی فەلسەفەی شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا، ئەم جۆرە سیستەمە لەسەر پرانسیپێکی دیکەش دامەزراوە ئەویش: ڕێزگرتنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەسە هەر بەو جۆرەشی کە «دۆکترینی تاکەکەسێتی- المذهب الفردی» بڕیاری لە سەرداوەو جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێویستە ئازادی کەسێتی و ئاسایش و هاتوچۆکردن و هەڵبژادنی جێ و ڕێی نیشتەجێ بوونی تاکەکەسان پارێزراو بێت و ئازادی بیرکردنەوە و بیرو باوەری بۆ دابین بکرێت و ، لە پەیڕەوکردنی ڕێ و ڕەسمە ئایینیەکانیدا و لە دەربڕینی ڕاو بۆچوون و بلاوکردنەوە و کۆبوونەوەکان و پێک هێنانی کۆمەڵەو گروپدا ئازاد بێت و ئازادی ئابووریشی هەبێت بە جۆرێک مافی خاوەندارێتی و ڕێزگرتن لەو خاوەندارێتیەی بۆ دەستەبەر بکرێ و لە پێناوی کەلکێکی گشتیشدا نەبێت ئەو خاوەندارێتیەی لێ زەوت نەکرێت ، گەر کرایش دەبێ دادپەروەرانە قەرەبوو بکرێتەوە و دەبێ ئازادی بازرگانی کردن و پیشەسازی کردن و هەموو چالاکییەکی ئابوری و بازرگانی و پیشەسازی بۆ دابین بکرێ، جگەلەو چالاکیانەی یاسا قەدەخەی کردوون ، لەو دابین کردنانەشدا دەشبێ ڕەچاوی ئەو ڕێ و شوێنانە بکەن کە یاسا لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاری لەسەر داون[2] .

یاســا هەر ئەوە نیــیـە لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیـاسـیـدا ئامرازێکی گرنگە بەڵکو لەگەڵ سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشدا پەیوەندییەکی توندو تۆڵی هەیە، چونکە بنەما یاساییەکان بنچینە پێویستەکانی ئەو سیستەمە زامن دەکەن (٣). لەم چوارچێوەیەدا لە سیستەمی دیموکراسی لیبرالیدا یەکێک لە ئەرکەکانی یاسا ڕێکخستنی مافە سروشتیەکانی مرۆڤە ،هەروا ئەرکی پاراستنیشیان لە خۆ دەگرێ، چونکە لە ڕێکخستنی یاساییدا شوێنی تاکە کەس لە چلەپۆپەی هەرەمی ئەو ڕێکخستنە دایە. یاسا ڕووداوێکی کۆمەڵایەتیە بەگەڕخستنی مافەکان دابین دەکات چونکە لە دوا ویستگەدا بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکان، بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵیش بەدی دەهێنن ، بە مانایەکی دیکە دەکرێت بڵێین ئەرکی یاسا لە سیستەمی دیموکراسی لیبرالیدا بەرکەماڵ کردنی یەکسانی و هاوشانییە لەبەر ڕۆشنایی ئازادییەکان و یاساکانی «خستنەڕوو- خواستار»ەکانی (بازاڕ)ەوە، بەدی هێنانی دادوەرییەکیشە بۆ بەرانبەر، ئەمەشیان لەسەر بنچینەی ئەوەی هەرکەسێک دەبێ ڕێز لە ماف و ئازادی ئەوی دیکە بگرێت و پێشێلی نەکات، ئەم پرانسیپانە کۆمەڵێک دەرەنجامی سیاسیانەی وا دەخەنەوە کە مەسەلەی بەگەڕ خستنی ئازادییەکان و ڕێزگرتنیان دەکەنە ئەرکێکی پێویست و گرنگ ، دیسان دەرەنجامی ئابوریشی لێدەکەوێتەوە و دەرەنجامە ئابورییەکانیش لەوەدا دەردەکەون کە پێویستە ئازادی کارکردن و بازرگانی کردن بۆ تاکە کەسان دابین بکرێت و ڕێ بۆ بەگەڕخستنی توان و وزەکانیان برەخسێنرێت، بێگومان لەسەر یاساش ڕەنگ دانەوەیان دەبێت و ئەم ڕەنگدانەوەیەش لەوە دا دەرکەوت کەوا (یاسایەکی گشتی «قانون عام»)لە ئارادا دەبێت کە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و تاکەکەسان ڕێک دەخات بەشێوازێک کەوا لەو پەیوەندییەدا دەوڵەت خودانی سەروەرێتییە،«یاسایەکی تایبەت- قانون الخاص»یش لە ئارادا دەبێت کە پەیوەندی نێوان تاکە کەسەکان خۆیان و ئیلتزامەکانیان لەگەڵ دەوڵەتدا ڕێک دەخات کە لەم حاڵەیاندا دەوڵەت وا مامەڵەی لە تەکدا ناکرێت کەوا خودانی سەروەرێتییە... (٤).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی خستمانە ڕوو دەتوانین دیارترین تەوەرە سەرەکییەکانی ئەرکەکانی یاسا لە سیستەمی دیموکراسی لیبرالیدا دەست نیشان بکەین و بە چوار سیستەمی گرنگ بە دیاریان بخەین کە ئەمانەن :

١- هەڵبژاردن «الانتخاب»

٢- خاوەندارێتی«الملکیە»

٣- پەیمان بەستن «العقد»Contract

٤- لێپرسراوێتی

ئەم چوار سیستەمە لە ناویەکدا کاریان لەیەک کردووەو پێکەوە دینگە سەرەکییەکانی سیستەمی دیموکراسی لیبراڵ پێک دەهێنن، دیارە ڕەگوریشاڵ و گۆڕانکارییەکانی ئەم سیستەمە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیان بەخۆوە دیوە.

## یەکەم : هەڵبژاردن

جەوهەری بیری هەڵبژاردن بە بیرێکی دیکەوە پەیوەستە ئەویش دیموکراسیی ئاراستەو خۆیە، مانای ئەوەیە ئازادیی و مافەکان لەبەر چاو گیراون و سەقامگیر کراون ، لە سیستەمی دیموکراسی لیبرالیدا جۆرە ناکۆکییەک لەسەر ئەوە هەیە ئاخۆ دەنگدان مافێکی کەسییە یاخود ئەرکێکی ڕەسمییە (واتا وەزیفەیە) ، هەندێک لایان وایە هەڵبژاردن یان دەنگدان (مافێکی تایبەتی)تاکە کەسانە، چونکە تەواوی هاوولاتییان لە مافە سیاسیەکاندا یەکسانن و ئەو مافەشیان بەشێکە لە سەروەرێتیی جەماوەری خۆیان ئەوەش کۆی مافەکانی هەموو تاکەکەسەکانە لە ناو سەروەرێتیی گشتی ولاتدا ، بەم پێیە مافی دەنگدانی گشتی بۆ هەموو هاوولاتیان وەک یەکە ، هەر هاوولاتیەک بۆی هەیە ئەو مافەی بەکار بهێنێ یان بەکاری نەهێنێ ، واتە بۆی هەیە بەشداری لە هەڵبژادندا بکات یاخود نەیکات ، واتە لێرەدا سەروەرێتی بەش بەش کراوە و هەر هاوولاتیەک بەشێکی بەرکەوتووە، هەر بە هۆی ئەم بەشە سەروەرێتییەوەیە دەتوانێ بەشداری بکات یان نەیکات ، هەر ئەم بەشە سەروەرێتیەشە وادەکات کە وەکو مافێک سەیری دەنگدانی تاکەکەس بکرێ.

لای هەندێکی دیکە، دەنگدان یان هەڵبژادن (ماف) نییە بەڵکو (ئەرکێکی ڕەسمییە- وظیفە)یە،

ئەمەش بەو بیانوەی ئەوەی گوایە خودی دەسەڵاتدار ئەو ئەرکەی بە تاکەکەسان بەخشیوە نەک بەو هۆیەوەی کە کەسەکە بەشێکی سەروەریتی - سیادە-ی بەرکەوتوە، بەڵکو بەو سیفەتەی ئەو هاووڵاتیە ئەرکێکی دیاریکراوی پێسپێردراوە؛ ئەرکەکەش هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەلە. ئەم گروپە داوا دەکەن کار بە مافی دەنگدانی گشتی نەکرێ، چونکە باوەڕیان وایە ( نەتەوە) سەروەریتی بەدەستەوەیە و هەر - نەتەوەشە بۆی هەیە ئەوکەسانە دەست نیشان بکات کەوا مافی دەنگدانیان هەیە و بۆیان هەیە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن.

گروپێکی دیکە لەو باوەڕەدایە هەڵبژاردن (دەسەڵاتێکی یاساییە) بۆ دەنگدەرەکان دابین کراوە، ئەمەش بۆ ئەوە نییە تا لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا بەکاری بهێنن بەڵکو بۆ ئەوەیە لەبەرژەوەندی کۆمەڵدا بەکاری بهێنن، هەر خودی یاساشە ناوەڕۆک و مەرجەکانی بەکار هێنانی ئەو دەسەڵاتە یاساییەی دەست نیشان کردووە و بۆ هەمووانیش هەر وەکو یەک وایە و، لەسەر مافی دەنگدانیش هیچ جۆرە ڕێکەوتن و پەیمانێک نابەسترێت، تەنیا یاسادانەریش - مشرع- بۆی هەیە دەربارەی ئەو مەسەلانە ڕێ و شوێنی تازە دابنێ و دەسکاری شتە کۆنەکان بکات.

گروپێکی دیکە پێی وایە هەڵبژادن لە یەک کاتدا هەم (مافە)و هەم ( ئەرکێکی ڕەسمی «الوظیفە» شە) هەرچەندە کۆکردنەوەی هەردوو بۆ چوونەکە لەیەک چەمکدا ناکۆکییەک دەنێتەوە، ئەمانە بەلایانەوە وایە مافێکی کەسییە و ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشە (ئەرکێکی مەدەنییە یان فەرمانیکی مەدەنییە - واجب مدني)، دەنگدەران لە سەرەتاوە (مافێکی کەسێتی- تایبەتی) خۆیان مومارەسە دەکەن بەڵام دواتر دەنگدانەکە وەکو وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی لێدێت.

قسەو باس و ناکۆکیەکانی ئەم مەسەلەیە ڕەگ و ڕیشالێکی مێژوویيان هەیە، هەربۆیە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا هەڵبژاردن وەکو چەکێک لە دژی پادشا دەربەگەکان بەکارهاتووە، ئەو کارەش بەمەبەستی سەقامگیرکردنی بناغەو ڕەگ و مێخی سیستەمی دیموکراسی لیبرالی بوو، بەڵام لە ڕوی پراکتیکیەوە و لە قۆناغەکانی دواتردا بەرەو ئەوەنەچوو سیستەمێکی ڕەها دابمەزرێنێ بەڵکو لە ڕێگەی یاساوە دەنگدانی گشتی پێ بەندکرد، یاخود هەر لە ڕێگەی یاساوە ئازادی دەنگدانی بۆ سیستەمی دەنگدانی ناڕاستەوخۆ گۆڕی، یا خود دەنگدانی نایەکسان هاتە ئاراوە و لە دەستنیشانکردنی بنکەکانی دەنگداندا فێڵ و دەسکاریکردن داهێنرا، هەر وەها وایلێهاتوە لە پێناوی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا کار لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش بکرێت، ئەمە جگە لەوەی گوشار دەخرێتە سەر دەنگدەران هەروەها دەشبێ هەڵبژاردن بە گوێرەی سیستەمێکی تایبەت و ڕاستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، فەردی یان بە ڕێگەی لیست، بە زۆریە (الأغلبیە) یان نوێنەرایەتی کردنی ڕێژەیی تەواو یان نێزیکە بێ[5].

## دووەم : خاوەندارێتی تایبەتی

«خاوەندارێتی تایبەت - الملکیە الخاصە» کۆڵەگەیەکی فەلسەفی و تیورییانەی سیستەمی دیموکراسی لیبرالیە، ئەم سیستەمە پێی وایە خاوەندارێتیی تایبەتی مافێکی تایبەتی - تاکەکەسی- ڕەهایەو، هەرکەسێک ئەم مافەی لەسەر هەر شتێک یان هەر کاڵاو زەوییەک هەبێ ئەوا دەتوانێ «ئیستعمال و ئیستغلال و تەسەروفی» پێوە بکات، دەتوانێ لە فراوانترین شێوازی ڕەهایەتیدا بەکار بهێنێ، بەبێ ئەوەی هیچ سنوورێک لەبەردەمیدا دابنرێت، بەڵام دەربارەی بەکار هێنانی ئەم مافەو ڕەگ و ڕیشاڵە فیکرییەکەی ناکۆکی هەیە، هەندێک دەڵێن ئەوانە مافی سروشتین یاخود جۆرە مافێکن لەسەر ڕازی بوونی یەکێک یان لایەنێکی دیکە دەوەستێت، «الحق الواقعە» یاخود«وضع الید» واتە «دەست بەسەرا گرتن»ە یا خود بنچینەکەی «عمل مبذول»ە.

سنووری ئەم ناکۆکییە هەرچەندێک بێت، خاوەندارێتی تایبەتی دیاردەیەکی دینامیکییەو لە هەریەک لە قۆناغە مێژووییەکاندا و بە شێوازی جۆربەجۆر گەشەی کردوە و بە گوێرەی گەشەکردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە جۆراجۆرەکان گەشەکردنی هەمە چەشنەی کردووە.

ئەم چەمکەی سەرەوە بە سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا و بەڵگەنامەو پەیماننامەکانیەوە پەیوەستە، لەوانە : جاڕنامەی مافی

هاوڵاتیتی و ، دەستووری ١٧٩١و یاسای مەدەنی ساڵی١٨٠٤ ، ئەم قۆناغە ناوی لێنرا سەردەمی ئازادی خاوەندارێتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا و ، یاساناسێکی وەکو «ساڤینی» لەباسی خاوەندارێتیدا گوتوویەتی : خاوەندارێتی دەسەڵاتێکی فراوانی نادیاریکراوی کەسێکە بەسەر شتێکدا کە بە تەنیا هی خۆیەتی و خۆی بە دەستی هێناوە.

بەڵام ئەم چەمکەی لای سەرەوە دەرەنجامی نێگەتیفانەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە و بووە هۆی ئەوەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا خاوەندارێتیی تایبەتی چەمکێکی ڕێژەیی بۆ دروست ببێ و لەمبارەیەوە«جوسران»ی یاساناس جوان گوزارشتی کردووە کاتێ دەڵێ: (پێویستە ماف ڕێژەیی بێت و ڕەها نەبێ و بۆ پێوەری«مەبەستدار- الغائي» ملکەچ بێت ، واتە هەموو مافێک هێندەی مەبەستە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی بەکار بهێنرێت) ، دیسان «لیۆن دیگی» یاساناسیش پێی وایە «هاوکاریتی کردنی کۆمەڵایەتی - التضامن الاجتماعي» ڕەچاو بکرێت.

کاریگەری ئەم جۆرە دیدو بۆ چوونانە کاتێک بە جوانی دەرکەوت کە ژمارەیەک دەوڵەتی جیهانی بڕیاریاندا ، لە کارو باری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا دەخالەت بکەن ، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە ئابووری جیهان دووچاری قەیرانی گەورە بووەوە، هەروەکو پرۆگرامەکەی (ڕۆزفلت)ی سەرۆکی ئەمریکا کە لە قەیرانی ساڵانی سیەکاندا زنجیرەیەک ریفۆرمی ئابوری و کۆمەڵایەتی گرنگی لە ئەمریکادا سازکرد، دواترو لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیشدا لە فەرەنسا و بەریتانیادا دیسان دەوڵەت چوارچێوەی دەست تێوەردانی خۆی فراوانتر کرد، یاخود بەمەبەستی یارمەتی دانی خەڵکە دەستکورتەکان دیاردەی پێکهێنانی کۆمپانیای هاوبەش داهێنرا، یاخود پرۆژە هەبوو بۆ ئەوەی سەر لەنوێ داهاتی تاکەکەسان دابەش بکرێتەوە تا ژیان و گوزەرانیان باشتر بێت ، یاخود دەستەبەرکردنی خانوبەرەو قەرەبۆ کردنەوەی ئەوانەی بە هۆی سیاسەتی ئابوریی کۆمپانیا پیشەسازی و تەکنیکیەکانەوە زیانیان لێکەوتووە(٦).

## سێیەم : پەیمانبەستن(العقد) Contract

پەیمانبەستن چالاکیەکی مرۆڤانەی گرنگە لە کۆمەڵگادا(چالاکیەکی کۆمەڵایەتی و ئابورییە) ، لە سیستەمی دیموکراسی لیبرالیدا پەیمانبەستن لەسەر بنەمای دەسەڵاتی ئیرادەو ئازادی پەیمانبەستن بونیات نراوە و ، کراوەتە بنچینەیەکیش بۆ کۆمەڵێک «ئیلتیزامات» ، واتە تاکەکەس مافی ئەوەی هەیە پەیمان ببەستێ یان بە ئیرادەی خۆی پەیمان نەبەستێت، ئەگەر هەرکەسێک پەیمانێکی بەست، ئازادی ئەوەی هەیە ناوەرۆکی پەیمانەکەی دەست نیشان بکات و دەرەنجام و ئاسەواری پەیمانەکەش دیاری بکات ، (واتە ئازادی پەیمان بەستن)ی هەیە، گەڵاڵەکردنی پرانسیپی دەسەڵاتەکانی ئیرادە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی «ئامانوئیل کانت» کاتێک دەڵێ :« سولتانی ئیرادە تاکە پرانسیپێکە بۆ هەموو یاساکان و بۆ هەموو ئەرکەکانیش» لێرەدا مەبەست لەو ئەرکانەیە کە ئەو یاسایانە جێگیری دەکەن ، چونکە ئازادی تاکە کەسان مافێکی بنچینەیی و غەریزەیی مرۆڤەکانە ، هەر وەکو(بلاتیول) ی یاساناس باوەڕی پێی هەیەو دەڵێ: ئەو پرانسیپەی هێزی ئیلزامیەتی پەیمانەکان دووپات دەکاتەوە لەسەر دوو خاڵی بنچینەیی ڕاوەستاوە، یەکەمیان دیدێکی ئەخلاقیانەیە و بریتیە لە ڕێزگرتنی مرۆڤ لە قسەی خۆی و دووەمیشیان بەرژەوەندییە ئابورییەکانەو بریتییە لەوەی مەسەلەی زامن بوونی بەرژەوەندییەکان مەسەلەیەکی پێویستە. ماددەی ١١٣٤ی یاسای مەدەنی فەرەنسایی لە ساڵی ١٨٠٤دا ئەو پرانسیپەی لای سەرەوەی ڕونکردۆتەوە و دەڵێ: ئەو پەیمانەی دووکەس بە گوێرەی یاسا دەیبەستن بۆ ئەو دووکەسە وەکو یاسای لێدێت، دادگای تەمیزی فەرەنسا لە شرۆڤەکردن و پیادەکردنی ئەم ماددەیەدا ساڵی ١٨٥٢ حوکمێکی دەرکردوە و فەرمانی داوە بڕیارێکی دادگای کرێکاران لەغو بکرێت، ئەو بڕیارە داوای کردبوو کرێی کرێکاران بە جۆرێک زیاد بکرێ زیاتر بێت لەو بڕەی کە پێشتر کرێکاران و خاوەن کارەکان لەسەری ڕێکەوتوون ، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی ئەو بڕیارە هەموو قەواعیدە یاساییەکانی پێشێل کردووە کە بە ئازادی بازرگانی و پیشەسازی کردنەوە تایبەتن ، بوونی ئەم پرانسیپەی پەیمان بەستن لە یاسامەدەنیەکانی ئەڵمانی و فەرەنسی و سویسری و زۆربەی ئەو

دەوڵەتانەی ڕێبازی دیموکراسی لیبراڵیان گرتبووەبەر، زۆر دەرەنجامی نێگەتیڤیانەی لێکەوتەوە بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە، چونکە بە هۆی ئەم پرانسیپەوە بوو لایەنی لاواز و لایەنی بەهێز لە ڕووی ئابوورییەوە هاوسەنگی پەیمانەکەی نێوانیان تێک دەچوو، هەر بۆیە ئەنجامدانی ریفۆرمی یاسایی دەبووە کارێکی پێویست بۆ ئەوەی وا سەیری (پەیمانبەستن - عقد) بکرێت کەوا سیستەمێکی کۆمەڵایەتیەو مەبەست لە بەستنی بەدیهێنانی هاوکاری کۆمەڵایەتیە، چونکە پەیمانبەستن لەسەر سازان وکۆک بوونی دوو ئیرادە ڕادەوەستێ و بنیات دەنرێت، جگە لەوانە لە چوارچێوەی ئەو پەیمان بەستنانەی بە کرێ دان و فرۆشتن و مەقاولاتەوە تایبەتن داواکرا یاسا دەستیان تێوەربدات ئەوەش لەسەر بنەمای (تیوری بارودۆخی نائاسایی- نظریە الظروف الطارئە) و نرخ بۆ دانانی زۆرملێیی، چونکە پەیمانبەستن دیارترین سیستەمی یاساییە و بۆ دابەشکردنی سامان و خزمەتگوزارییەکانیش باشترین میکانیزمە.

## چوارەم: بەرپرسێتی - المسئولیە

دیدی (بەرپرسێتی - المسئولیە )لەگەڵ ئامانج و پرانسیپەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی لیبراڵیدا پەیوەندییەکی تونوتۆڵی هەیە، ئەم پەیوەندییەش لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، بەر پرسیارێتی ڕوولایەنی جۆراجۆری هەیە چونکە ئەمڕۆ لە چوار چێوەی کارگەو پەیوەندییەکانی کارو، ڕووداوەکانی هاتوو چۆو ئەو مەترسیانەی بە هۆی تەکنەلۆژیاوە ڕوودەدەن بەر پرسێتی لە هەموو ئەو بوارانەدا هەیە، هەربۆیە لە چوارچێوەی یاسادا بەرپرسێتی یان (بەرپرسیاربونێتی ) شوێن و پێگەیەکی تایبەتی هەیە، هەروەکو «جوسران»ی یاساناس دەڵێ: مەسەلەی بەر پرسیارێتی وایلێهاتووە ببێتە خاڵی سەرەکی یان بڕبڕەی پشتی یاسا و ببێتە سەنتەرێکی ئاسک لە هەموو سیستەمە یاساییەکاندا و خاڵی گرنگی هەموو سیاسەتەکانی یاسادانان و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانیش بێت. دوو جۆر بەرپرسیارێتی دەتوانین بەڕوونی جیا بکەینەوە یەکێکیان: «بەرپرسیارێتییە لە پەیمان بەستنێک - المسئولیە العقدیە» ئەمەش کاتێک دروست دەبێت کە یەکێک لە دوو لایەنەکەی پەیمانەکە ئەو ئیلتیزامە بە جێ نەگەیەنێت کە بە هۆی پەیمانەکەوە کەوتۆتە سەرشانی، جۆری دووەمیشیان «بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمیە- المسئولیە التقصیریە» یە ئەمەشیان کاتێ دروست دەبێ یەکێک چالاکیەکی نواندبێ یان کارێکی کردبێ بە هۆێ ئەم کارەیەوە زیانی بە یەکێکی دیکە گەیاندبێ، لە جیهانی دیدی بەرپرسیارێتیدا تا ئەمڕۆش ناکۆکی هەیە لەسەر ئەوەی ئاخۆ دەبێ زیان لێدراوەکە قەرەبوو بکرێتەوە یان نا، لەمبارەیەوە دووتیوری هەیە: «تیورێکی کەسێتی - نظریە الشخصیە» هەیە ئەم تیوریە داوادەکات ئەو هەڵەیەی کەسی یەکەم کردویەتی و بۆتە هۆی زیان گەیاندن لە کەسی بەرامبەر داوادەکات ئەو هەڵەیە بسەلمێنرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دید و بۆچوونی «مەزهەبی تاکایەتییە- المذهب الفردی» کە لە ماددەی ١٣٨٢ی یاسای مەدەنی فەرەنسیدا جێگیر کراوە، بەڵام لە دوایەمین چارەکی سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و پەیوەندی نێوان بەرپرسیارێتی مەدەنی و پێشکەوتنی پیشەسازی، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دیوە، ئەمەش کاتێ دەردەکەوێ کە لەوکاتەوە تیوری لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی لە ساڵی ١٨٩٨ەوە پەیڕەوی لێکراوە، واتە لەو کاتەوەی ئەم تیوریە لە یاسای کارو زامنکاری کۆمەڵایەتی دا پیادەکرا بە هۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە، تیوری کەسێتی ڕەخنەی ئاراستە کراوە چونکە تەنیا پشت بە دادپەروەریی تاکە کەسی دەبەستێ و لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاساییانەشدا ناکۆکە کە لە سیستەمی پەیمانبەستن و خاوەندارێتیدا ڕوویانداوە. «تیوری بابەتی - النظریە الموضوعیە»ش هەیە کە توخمی «زیان- الضرر» هەمووان ئەنجامەکەی بە ئەستۆوە بگرن، بوونەتە بنچینەو پاڵپشتی توخمی هەڵەکردن لە ڕەوتە ئەخلاقی و دادپەروەریەکان دوور دەخرێتەوە، ئەم کارەش دیارە لە ژێر کاریگەری بۆچوونە مادییەکانی ناو یاسا و بیرو بۆچوونی قوتابخانەی مێژووییانەی یاساو مەزهەبی سۆسیالیستی و ئەو دیدانەی داوای دەست تێوەردانی زیاتری دەوڵەت دەکەن، دابووە هەموو ئەم دیدانە لە پێشخستنی چەمکی

بەرپرسیارێتیدا لە سیستەمی دیموکراسی لیبراڵیدا ، کاریگەری خۆیان هەبووە[٨] .

## خولاسە

لەکۆن و ئێستاشدا ئەرکی یاسا بە پلەی یەکەم ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە سەقامگیرکردنی پێگەو کۆڵەگەکانی سیستەمی دیموکراتی لیبراڵیدا ، ئەمەش لە ڕێگەی سیستەمی مەدەنییەوە بووەو چەندین پێشکەوتنی دیکە کە هەموویان بەمەبەستی پاراستنی سیستەمی دیموکراتی لیبراڵی بووە و هەر ئەم سیستەمەش پێشەنگی چەندین پرۆگرامی ڕیفۆرمیستی بووە لە کاتی ڕوودانی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا .

هەر ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەوا یاسا ڕەنگدانەوەی ئەو تێڕامانە ئایدیۆلۆژییەیە کە سیستەمی سیاسی بۆ گوزارشت کردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی ، جێگیری کردووە.

❒

### پەراوێزەکان

١- د. ثروت انیس الاسوطی، فلسفه القانون فی ضوء التاریخ الاقتصادی و الاجتماعی، جامعه بغداد - مجله القانون و السیاسه، مطبعه التحریر، بغداد، ١٩٧٦= ، ل ٢-٣، ٢٨٧و لە دوای ئەوەوە ، بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراوە.

٢- د. سعد عصفور، القانون الدستوری و النظم السیاسیه، مطبعه المعارف، الاسکندریه- ١٩٨٠، ل ١٤٩-١٥٩.

٣- مجدت عقراوی ، مبدا سیاده القانون و حقوق الانسان ، ڕۆژنامەی «الاتحاد» ژ ١٤٠، ١٩٩٣/١/٢٠،ل٣.

٤- الاستاذ عبدالباقی البکری و اخرون ، المدخل لدراسه القانون، وزاره التعلیم العالی/جامعه بغداد / کلیه القانون و السیاسه/١٩٨٢، ل ١٦٧-١٧٩.

٥- د. شیرزاد احمد نجار ،محاضرات فی نظریه العامه للقانون الدستوری ، بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراوە،گۆڤاری حقوق الانسانیە ، هەولێر ١٩٩٢-١٩٩٣، ل ٤٤-٤٥.

# مەسەلەی فیدرالی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## (نازدارترین نموونەی قوربانیدان لە پێناو یەکێتیی نیشتمانیدا)


سەعدی عوسمان

ماجستێر لە مێژووی نوێ
زانکۆی سەلاحەدین


### دەروازەیەک

مەسەلەی فیدرالی لە نێوان ولاتەکانی ئەمریکا شوێنێکی گرنگی نەک تەنیا لەمێژووی ئەمریکا بەلکو لە مێژووی جیهانیشدا گرتووە، چونکە ئەو یەکێتییە بنیادێکی سیاسی بەهێزی داوە ئەمریکا کە بۆتە خاوەنی توانایەکی سیاسی و سوپایی و ئابورییەکی پتەو و لەسەر شانۆی سیاسەتی نێو دەولەتی دەورێکی گرنگ دەگێرێت، تەنانەت بگاتە ئەو رادەیەی ببێتە تاکە زلهێزی جیهان و لە کۆتایی هەشتایەکانی ئەم سەردەمەشدا لە هەموو شوێنێکی جیهاندا جلەوی بەدەستەوە بێت.

هاتنە کایەی ئەم یەکێتییە بەرۆژ و شەوێک نەبووە یان بە بریارێکی سیاسی لەناکاو دروست نەبووەو رێگاکەی گولرێژ نەکراوە ، بەلکو پرۆسەکە لە ئەنجامی سالەهای ماندوو بوون و بە چەند قۆناخێک هاتۆتە کایەوەو تا گەیشتووەتە ئەم شکلەی و چەندان کۆسپ و تەگەرەی هاتۆتە بەردەم، ئەمریکاییەکان و رێبەرە دیارەکانی وەکو (جۆرج واشنتۆن) و (سام ئەدامز) و (جێیمس مادیسۆن) و (بنیامین فرانکلین) و (جۆن ئەدامز) و (جیفەر سۆن) ئەوانی دیکەش خەباتی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە کردووە، هەروەها لە شۆرشی ئەمریکاو شەری سەربەخۆیی بەشدارییان کردووە تا مالی نیشتمانییان بنیات ناوە.

ئەم باسە ساکارە دەربارەی ئەم بابەتە گرنگ و پر لە پەلوپۆیە دەدوێت هەر لە یەکەم هێلەکانی بیرۆکەی فیدرالیەتەوە تا دەگاتە زەمینەی دامەزراندن و ئەو قۆناغەی کە پێیدا تێپەریووە.

ئێمەی کورد پێویستە تۆژینەوە دەربارەی ئەمجۆرە بابەتانە ئەنجام بدەین و پەندی لێ وەربگرین و بیکەینە نموونەی خەبات لە پێناو بەدیهێنانی یەکێتیی نیشتمانیدا.

## ویلایەتەکانی ئەمریکا... جیاوازی یان گونجان:

پێش شۆڕشی ئەمریکا، ساڵی ١٧٣٣ کە نشینگەی جۆرجیا دامەزرا تا ئەوکاتە بە خەیاڵی نشینگەکانی ئەمریکا کە ژمارەیان سێزدە نشینگە بوو یەکێتییەک لە نێوان خۆیاندا پێکبهێنن، سەرەڕای ئەوەی هەندێک نیشانەی وێکچوون لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام لە زۆر لایەنیشەوە لە یەکتر دوور بوون، لە بارەی رەگەزەوە فرە نەتەوە بوون جگە لەوەی زۆربەی ئەوانەی بۆ ئەمریکا کۆچیان کردبوو ئینگلیز بوون و دەتوانین بڵێین ١/٤ی دانیشتوان، ئینگلیزە سپی پێستەکان بوون لەسەردەمی شۆڕشدا، بەڵام خەڵکانی هۆڵەندی و ئەڵمانی وفەرەنسی و سویسری و بەڕەگەز ئەوروپاییەکانی دیکەش روویان لەو کیشوەرە نوێیە کرد، بۆ نموونە ساڵی ١٦٨٣ دەیان هەزار ئەڵمانی روویان لە (پنسلڤانیا) کردو تەنانەت شاری (جێرمەن تاون) بەناوی ئەوانەوە ناودێرکراوەو پێش شۆڕش، سێیەکی دانیشتوانی (پنسلڤانیا) ئەڵمانی بوون [1] مەسەلەی جیاوازی لەنوسوڵی نەتەوایەتی لەنێوان نشینگەکانی ئەمریکا لە هەندێک لایەنەوە دیار بوو، (نیو ئینگلاند) کە لە نشینگەکانی لێواری باکوورە بە درێژایی سەردەمی ئیمپریالیزم تا رادەیەکی دیاریکراو وێکچوونی ئەسڵی دانیشتوانی پاراست، هەر حەوت سەد هەزار کەسەکەی دانیشتوانی لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشدا ئینگلیزی تۆخ بوون بەڵام نشینگەکانی ناوەند کە لە ئەسڵدا نشینگەی هۆڵەندی بوون جۆرە کۆمەڵگەیەکی زێتر جیاوازیان لە رەگەزی نیو ئینگلاند هێنایە کایەوە، لە کارۆلینای باشووریش ژمارەی قولە رەشەکان بەرێژەی ٢:١ لە ژمارەی سپییەکان زیاتر بوو [2].

ئەوەی پەیوەندی بە بیروباوەڕو ئایینیشەوە هەیە هەندێک لە نشینگەکان زۆر پەیوەست بوون بە باوەڕەکەیانەوە، لە (ماسۆشیتس) پۆریتانە توندەکان کە کۆمەڵە مەسیحییەکی زاهید بوون حکومەتێکی کڵێسایی کالڤینیان واتە حکومەتی تیۆکراتیان دامەزراند [3]، ئەو حکومەتە زۆردارو چەوسێنەرو دژ بە ئازادی بیروڕابوو کۆیکرزەکانی زۆر چەوساندەوە، ئەو بارودۆخە بە درێژایی چەرخی حەڤدەم [4] لە ماسۆشیتس بەردەوام بوو. لە زۆربەی نشینگەکانی دیکەش هێڵی گشتیی لایەنی ئایینی لێبوردن و ئازادی ئایینی بوو، لێبوردن بوو بە بنەمای هەموو نشینگەکانی ناوەڕاست، هیچ هەوڵێکی جدیش بۆ چەسپاندنی کڵێسەی ئەنگلیکانی نەدرا تەنیا لە نیۆیۆرک نەبێت کەئەمیش سەری نەگرت چونکە زۆربەی دانیشتوان سەر بە تایەفەکانی دیکە بوون (٥)، بارودۆخیش لە هەر پێنج نشینگەکەی خوارووش کە پیاوانی ئەنگلیکان (پرۆتستانتی ئینگلتەرا) دایانمەزراندبوو وەکو ئەوانی پێشووبوو (٦).

نشینگەی ویلایەتەکانی ئەمریکا لە لایەنی ئابووری و بژێویەوە جیاوازیان هەبوو، لەم بارەیەوە بۆ سەر سێ کەرتی سەرەکی دابەش بوو بوون: لە نشینگەکانی باکوور«نیوئینگلاند» واتە «رۆدایلند، کونیکتیکت، نیوهامپستایر، ماسۆشیتس» لە کشتوکاڵدا پەیڕەوی رژێمی کێڵگە بچکۆڵەکانیان دەکرد، زۆربەی خەڵکە رەشۆکیەکە بریتی بوون لە جووتیارە کشتیارەکان واتە موڵکدارە بچکۆڵەکان، بەڵام لە شارەکان پیشەسازیی پێستەو سوف و کەتان پەیدابوون و بەرهەمهێنانی ئاسن و کەرەستەکانی کشتوکاڵ وچەک و دروستکردنی ماڵە دارینە لە ناوچەی لێوارەکان و راوەماسی و پاپۆڕ دروستکردن پەرەیان سەند، ئەو جووتیارانەی کە بێ زەویش بوون روویان لە رۆژئاوا کرد.

لە نشینگەکانی ناوەڕاستیش «نیوجەرسی، پنسلڤانیا، نیویۆرک، دیلاویر» پەیڕەوی رژێمی کێڵگەی ئازاد دەکرا، زەوی گەورە بۆ جووتیاران بەکرێ دەگیرا، ئەو شوێنە بۆ چاندنی دانەوێڵە زۆر گرنگ بوو و هەروەها مانیفاکتۆرەی ئاسن و پۆڵاو بیرەی تێدا پەرە پێدرا.

دانیشتوانی ئەو کەرتە دەستیان بە بزاڤێکی بازرگانی سنووردار کرد، نیۆیۆرک بوو بە بەندەرێکی بە ناوبانگ و بنکەی ئاڵوێر لەگەڵ ئینگلتەرا، هەر لەم کەرتەدا بە کرێگرتنی سپی پێستەکان بە شێوەیەکی کاتی دەستی پێکرد«لەتەمەنی ٤-٧ ساڵە»و بە شێوەیەکی هەمەجیانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرا ،بەڵام وەکو هەڵسوکەوت لەگەڵ قولەڕەشەکان وەحشیانە نەبوو.

لە نشینگەکانی خواروو«کارۆلینای باکوور و خواروو، ڤرجینیا، ماریلاند، جۆرجیا »ئابووری کێڵگە گەورەکان بۆ بەرهەمهێنانی تووتن و گەنمە شامی و برنج و قامیشی شەکر و پەمۆ پەرەی سەند . لەو کێڵگە فراوانانەدا بە جۆرێکی دڕندانە سوود لە قولە ڕەشە کۆیلەکان و وزەیان وەردەگیرا [7].

له رووی رۆشنبیرییه‌وه «نیو ئینگلاند» بایه‌خێکی زۆری به‌فێربوون ده‌دا، به‌ڵام نشینگه‌کانی دیکه تازه له پێره‌وکه‌دابوون ، «رۆدئایلند»قۆناخی سه‌ره‌تایی کرد به ئیلزامی و قوتابخانه‌ی ناوه‌ندی و باڵا کرانه‌وه‌و هه‌ر دوو کۆلیژی «هارڤارد»و «ییل» دامه‌زران، له رووی رۆشنبیرییه‌وه نشینگه‌کانی دیکه له‌و ئاسته‌دا نه‌بوون(٨).

له رووی رامیارییه‌وه له‌گه‌ڵ هاتنی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌م له نشینگه‌کانی ئه‌مریکادا سێ جۆر رژێمی حوکم په‌یدا بوون ، یه‌که‌میان حکومه‌تی ئینگلیزی که حاکمی گشتی له نشینگه‌که داده‌مه‌زراندو نوێنه‌رایه‌تی تاجی ئینگلیزی ده‌کرد، دووه‌میان هه‌ڵسوڕێنه‌ری به‌رژه‌وه‌ندی بازرگانی له نێوان کارگێڕی نشینگه‌و ئینگلته‌را، سێیه‌میان : ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌ران که ده‌سه‌ڵاتی خود موختاری هه‌بوو، هه‌ردوو ویلایه‌تی «رۆدئایلند»و «کۆنیکتیکت»ئه‌مجۆره حوکمه‌یان تێدا بوو(٩).

جا هه‌ر که‌سێک سه‌یری ئه‌و جیاوازییه هه‌مه‌لایه‌نه‌ی نێوان ویلایه‌ته‌کانی ئه‌مریکا بکات مه‌سه‌له‌ی یه‌کێتی به دوور ده‌زانێت، به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌م جیاوازیانه لێکچوونێکی جه‌وهه‌ری له نێوان ئه‌و ویلایاتانه دا هه‌بوو و به تێپه‌ڕبوونی مانگ و ساڵ وێکچوونه‌که زیاتر ده‌بوو، ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی به‌رژێمی سیاسییه‌وه هه‌بوو سه‌ره‌ڕای جیاوازی له هه‌ندێ ورده‌کاری، رژێمی زۆربه‌ی نشینگه‌کان له‌یه‌ک ده‌چوون، ته‌نانه‌ت ئه‌و میرنشینانه‌ی که تاج و تاکه‌که‌سیش بوون جۆرێک له خودموختاریان هه‌بوو که زۆر به باروده‌خی نشینگه‌کانی «رۆد ئایلند»و«کونکتیکت» ده‌چوون، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که حاکمی گشتی له لایه‌ن تاج یا مه‌لیکه‌وه داده‌مه‌زرا، به‌ڵام هه‌ر نشینگه‌یه‌ک ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی تایبه‌تی خۆی هه‌بوو که ئه‌ندامه‌کانی له‌و نێرینانه هه‌ڵده‌بژێردران که سامانێکی دیاریکراویان هه‌بوو و لێوه‌شاوه‌ش بوون ، ئه‌و ئه‌نجوومه‌نه یاسای داده‌نا و باجی ده‌سه‌پاند، ئه‌مه‌ش وایکرد ده‌سه‌ڵاته‌که‌ی ته‌عبیر له ڕای گشتی بکات و کۆنترۆڵی خه‌زێنه‌ش بکات، ئه‌م دوو هۆکاره بوون به هۆی ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێکردن که به ده‌ست حاکمی گشتییه‌وه بوو تارادده‌یه‌ک سنووردار بێت(١٠)، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه نشینگه‌کانی ئه‌مریکا پێش شۆڕش، جۆرێک له سه‌ربه‌خۆییان هه‌بوو.

سه‌ره‌ڕای ئه‌مانه ورده ورده جیاوازییه ره‌گه‌زی و ئایینی و رۆشنبیرییه‌کان له نێوان نشینگه‌کانی ئه‌مریکادا ده‌توانه‌وه‌و نه‌ده‌مان، کۆچکردن به‌ره‌و ئه‌مریکا به رێگایه‌کی وا بوو که زمان و رژێمی ئینگلیزی له هه‌موو شوێنه‌کاندا زاڵ بوون ، نه ئه‌ڵمانی و نه هیگۆنۆت «پرۆتستانته فه‌ره‌نسیه‌کان » نشینگه‌یێکی تایبه‌ت و جیاوازیان دروست نه‌کرد، به‌ڵکو له‌گه‌ڵ به‌ریتانییه هاتووه‌کانی به‌رایی تێکه‌ڵاو بوون و زمان و رژێمی ئه‌وان فێر بوون.

کۆچی ئینگلیزه‌کان له دۆڵی «هدسن»به سه‌ر هۆڵه‌ندیه‌کان و له «دیلاویر»به‌سه‌ر سویدیه‌کاندا زاڵ بوو، زمانی هاوبه‌ش که ئینگلیزی بوو یه‌ک له‌و ره‌گه‌زه گه‌ورانه‌بوو که نه‌ته‌وه‌یه‌کی راسته‌قینه‌ی له‌وڵاتدا دروست کرد،لێبوردنی ره‌گه‌زپه‌رستی « جگه‌له‌ره‌شه‌کان» به نیسبه‌ت گه‌لێکی فره ره‌گه‌ز له‌و بواره‌دا به هایه‌کی گه‌وره‌ی هه‌بوو.

له راستیدا گیانی گشتیی لێبوردنی ئایینی که به تێپه‌ڕبوونی کات به‌سه‌ر نشینگه‌کانی ئه‌مریکادا زاڵ بوو به‌های ئه‌وه‌نده که‌م نه‌بوو به‌ڵکو هه‌ست به‌وه کرا که فره تایه‌فه ده‌توانن به‌و په‌ڕی خۆشه‌ویستییه‌وه پێکه‌وه بژین ، هه‌ر بیرو رایه‌ک له ژێر ئاڵای به‌ریتانیادا ده‌پارێزرا، به تێپه‌ڕ بوونی زه‌مه‌ن زۆر نشینگه‌کان گه‌یشتنه ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ی «ئینساف و حیکمه‌ته له خه‌ڵکی بگه‌ڕێی سوژده بۆ ئه‌وه به‌رن که به دڵیانه»(١١).

فره شارستانییه‌ت له ئه‌مریکا یه‌کتریان گرت تا شارستانییه‌تێکی ئه‌مریکی نوێ دابمه‌زرێنن که له شارستانێتی ئه‌وروپا هه‌ڵقوڵابوو، به‌ڵام جیاوازیشی له‌گه‌ڵدا هه‌بوو، به‌ربه‌ستی کۆمه‌ڵایه‌تی له نێوان سپی پێسته‌کاندا نه‌ما، له ئه‌نجامی ئه‌و تێکه‌ڵاو بوونه هه‌ستی چوونه رێزی نه‌ته‌وه‌یێکی نوێ په‌یدا بوو، ئه‌م هه‌سته له سه‌ده‌ی هه‌ژده‌م زیاتر گه‌شه‌ی سه‌ندو (١٢) له ئه‌نجامی ئه‌مانه زه‌مینه‌ی یه‌کێتی له نێوان هه‌ر سێزده ویلایه‌تی ئه‌مریکا له پێش شۆڕشدا، ره‌خسا.

## چۆن رێ بۆ یه‌کێتی خۆشکرا؟ :

سه‌ره‌ڕای بوونی چه‌ند په‌یوه‌ستێکی هاوبه‌ش «زمان و سه‌ربه‌یه‌ک تاج»بوون له نێوان هه‌ر سێزده نشینگه ئینگلیزییه‌کان له ئه‌مریکا به‌ڵام هه‌ریه‌ک له‌م نشینگانه ویلایه‌تی سه‌ربه‌خۆ بوون، له نێوان خۆیاندا چ په‌یوه‌ستێکی یه‌کێتی و سیاسی ره‌سمییان له نێواندا

نەبوو ،بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت چەند بۆنەیێکی وا هەبوو کە هاوکارییان لە نێوان نشینگەکاندا دروست کرد و لەو بۆنانەدا کۆ دەبوونەوە و لە گیروگرفتەکانیان دەکۆڵیەوە و ڕێگا چارەی گونجاویان بۆ دادەنان.

ململانێ لەگەڵ هیندییە سوورەکان یەکێک لەو بۆنانە بوو کە هاریکاری لە نێوان نشینگەکاندا دروستکرد ، مەترسی هیندییە سوورەکان لە ساڵی ١٦٤٣ وای لە ویلایەتەکانی «مەساشۆسیتس» و «کونیکتیکت» و «نیوهاڤن» کرد لە یەک نزیک ببنەوە و یەکێتی «نیو ئینگلاند» پێکبهێنن و هەر ئەم مەترسیەش پاڵی بە «ڤرجینیا» وەنا بەرگری لە «کارۆلینا» بکات. وڵاتە ئەوروپیەکانیش مەترسیان بۆ سەر ئەم نشینگانە دروستکرد[١٣] ، فەرەنسیەکان لە باکوور و ئیسپانیەکان لە خوارووە مەترسیەکی تەواویان بەسەر نشینگە ئینگلیزیەکان لە ئەمریکادا هەبوو لەبەر ئەمەش ئەو نشینگانە بێ ویستی خۆیان دەچوونە ناو ئەو شەڕانەی کە لە کیشوەری ئەوروپا و شوێنەکانی دیکە دەقەومان بە تایبەتی ئەگەر نیشتمانی دایک واتە ئینگلتەرا بەشداری تێدا کردبا ، ڕۆڵەکانی نشینگە ئینگلیزییەکان لە ئەمریکا شان بە شانی یەک لە شەڕی ئەکسبورگ «١٦٨٩-١٦٩٧»و شەڕی میراتی ئیسپانیا«١٧٠٢-١٧١٣»و میراتی ئەمسا«١٧٤٠-١٧٤٨» بەشداریان کرد.

دانیشتوانی نشینگەکان بۆ پیشاندانی سیمای هاونیشتمانیێتی و هاریکاری ڕێگایان بۆ شەڕی حەوت ساڵە( ١٧٥٦-١٧٦٣) خۆشکرد، ئەمە بوو بە هۆی هەوڵێکی جدی بۆ یەکێتی بە تایبەتی کاتێک ئینگلیزەکان هەوڵیان دا بەرەکەیان بەهێز بکەن لە ئەمریکادا بە دروستکردنی جۆرێک لە یەکێتی لە نێوان نشینگەکانی ئەمریکادا. بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی ١٧٥٤ لە (ئەلبانی) نزیک نیویۆرک کۆنگرەیەک ساز درا[١٤] ، هەرچەندە کۆنگرەکە سەری نەگرت، بەڵام کاریگەرییەکی زۆری بەسەر گەل بەجێ هێشت و سەرنجی ئەو پیاوانەی کە لە هەرێمەوە شان بەشانی یەکتر شەڕیان دەکرد بە لای خۆیدا ڕاکێشا.

لە پاڵ ئەمانە هەستکردن بە جەوری ئابووری لەلایەن ڕۆڵەکانی نشینگەکانی ئەمریکاوە لە ئەنجامی سیاسەتی ئابووریی ئینگلیز کە لەسەر بنەمای بوونی بازاڕ فرۆشتنی کەلوپەل بە قازانجێکی زۆر دامەزرا بوو و هەروەها بوونی ئەو نشینگانە بە چاوگەی کەرەستەی خام و سەرەتایی کە لە بەریتانیادا دەستەبەر نەدەکران و وەکو قەڵایەکی پتەو بوون بۆ پاراستنی ئیمپراتۆری بەریتانیا... لەبەر ئەمانە بەریتانیا کۆمەڵێک باج و کۆتی وای سەپاند کە هەڕەشەیان لە پێشکەوتنی پیشەسازی و بازرگانی لەنشینگەکاندا دەکرد[١٥] ، ئەو باج و کۆتانە زیانیان بە هەموو دانیشتوانی ویلایەتەکانی ئەمریکا ، دەگەیاند ، سەرەڕای ئەوەی نشینگەکانی خواروو ناوەندو باکوور رادەی ستەم لێکردنیان جیاواز بوو ، بەڵام هەڵوێستی هاوبەش بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان نشینگەکان پەیدابوو ، یەکێک لەو هەڵوێستانە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٦٥ بە بەشداری نوێنەری نشینگە ئەمریکییەکان لە نیویۆرک کۆنگرەیەک سازدرا کە تیایدا نارەزاییان دژ بە یاسای باج و یاساکانی دیکەی پەرلەمانی ئینگلیز دەربڕی، بە پاڵپشتی ئازادی گومان لێنەکراو کە بە هاووڵاتی ئینگلیز درابوو بەشداربووانی کۆنگرە بڕیاریان دا کە ناچنە ژێر باری باجەوە تەنها بە رەزامەندی خۆیان یا نوێنەرەکانیان نەبێ، نشینگەکان بە یەک هەڵوێست بڕیاریان دا کەلوپەلی ئینگلیزی نەکڕن و چەند کارێکی توندو تیژی واش قەوما کە بوو بە هۆی لابردنی یاسای مۆر لە ئینگلتەرا.

ئەم هەڵوێستە هاوبەشانە دەرسێکی گرنگ بوون بۆ دانیشتوانی ئەمریکا تا کۆششی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا بکەن، ئەو کۆنگرەیە لە واقیعدا نیشانەیەکی دیاربوو لە ڕێگای کارکردن لە پێناو مەسەلەی یەکێتی و چەندان هەنگاوی تریشیان بە دواداهات.

لە ئەنجامی ئەو یەکانگیری و بەرژەوەندە هاوبەشانە هەست کردن بە یەک ڕیزی هاوبەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نێوانیاندا زیادی دەکرد تا گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە هەستکردن بە هاونیشتمانیێتی و نیشتمانی هاوبەش تەنیا بە یەکێتی نێوان ویلایەتەکان دێتەدی.

## ڕێگەکانی بنیاتنانی یەکێتی

## (گیروگرفتەکانی یەکێتی):

لە کاتێکدا ئەمریکاییەکان خەریکی بنیاتنانی هەیکەلی بنەڕەتی ویلایەتەکانیان بوون، مەسەلەی ڕێکخستنی ئیدارەیەکی مەرکەزی کەوتبووە بیرکردنەوەیان، ئەو کارو کاردانەوانەی کە ئەمانیشی

خستە باری شۆڕشەوە لەکێشەی باجی مۆردا خۆیان وا دادەنا کە لە بەرگریی هاوبەشدا هاوپەیمانن، شەڕ دژی دوژمنی هاوبەش ئەوی خستە پاڵ ئەمیانەوە، هەستی نیشتمانی وای لێکردن خۆیان بە ڤرجینی یا نیویۆرکی لە قەڵەم نەدەن بەڵکو ئەمریکایین و بەدوای یەکێتیدا دەگەڕێن.

سەرەڕای هەژاری و کەم ئەزموونیان لە کردنی ئەو ویلایەتانە بە کۆمارێکی یەکێتی بەڵام بەدوای ئەزموونی وا دەگەڕان بیانگەیەنێتە ئامانج، بوونی ئاستەنگ و مەترسی ئەو پیاوانەی سارد نەکردەوە کە بە دەسکەوتەکانیان ناویان ئەمربوو، هەستیان بە بێزاری نەکردو لە هەر هەڵەیێک بەخێرایی دەرسیان وەردەگرت.

لەپێناو پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی یەکگرتوودا ئەمریکییەکان بیرۆکەی پەسند کراویان خستەڕوو، لەمێژوو و تیۆرە سیاسیەکانەوە فێربوون کە ئەزموونی کۆماری تەنیا لە وڵاتە بچووکەکاندا سەر دەکەوێت، شارە یۆنانی و لاتینییە کۆنەکان کاتێک سنووری ئەسڵیان فراوان کرد کەوتنە ژێر دەستی خوێنمژانەوە، بەڵام لە ئەوروپا شارە ئازادو کانتۆناتە بچووکەکان (کانتۆناتی) سویسرا توانیان پارێزگاری لە ڕژێمی کۆماری بکەن، ئازادیی گەلی بەریتانیا ماوەیەکی زۆر پارێزراو بوو بەهۆی دەسەڵاتی دیاریکراویان بەسەر دوورگە بەختەوەرەکەیان، بەڵام فراوانبوون بوو بە هۆی فەسادو دروست بوونی ئیمپراتۆریەکی نەگونجاو، کاتێک ئەمریکاییەکان دەیانویست وڵاتەکەیان گەورەو کۆماری بێت ئەمێژوو و نە تیۆرە سیاسییەکان نموونەیەکی دیاریکراویان پێ نەدان [17]، هەر سێزدە نشینگەکە داوای ڕژێمێکیان دەکرد کە لە دەسەڵاتی خۆجێییان کەمتر نەبێ و لە پێناو دەسەڵاتی یەکێتی دا لە بەرژەوەندی تایبەتییان کەم نەکاتەوە لەبەر ئەوە نموونەی حکومەتێکی مەرکەزی بۆ پراکتیک کردن لە بیرۆکەی تیۆریدا نەدەبوو، لەمەوە گیروگرفت سەری هەڵدا، ئەمریکاییەکان لە ساڵی ١٧٧٥-١٧٨٧ ڕووبەڕووی گیروگرفتی گەیشتن بە حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ مەبەستی گشتی بوونەوە، بەڵام پارێزگاریان لە خود موختاری کرد بۆ حکومەتی ویلایەتەکان بەنیسبەت بەرژەوەندی خۆجێیی [18] کرد، دەبێ ئەوەش بزانین کە فیدرالیەت داواکارییەکی جەوهەری بوو سەرەڕای ئەوەی سیماکانی بۆ ماوەیەکی درێژ نادیار بوون.

یەکەم ڕەگی هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گیروگرفتە یان باشتر بڵێین یەکەم هەنگاو بۆ دامەزراندنی هاوبەندییەکی جێگیر لە نێوان فرەنشینگەکان ساڵی ١٧٥٤ دەستی پێکرد، کاتێک کۆنگرەی (ئەلبانی) سەرەڕای سەرنەکەوتنی بڕیاری ئەوەی دا سەرجەم ئەو نشینگانە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانیان کۆببنەوە، لەو ساڵەدا نوێنەرانی نشینگەکان لە شاری (ئەلبانی) نزیک نیویۆرک بە پشتگیری ئینگلتەرە کۆبوونەوە، ئامانج لەو کۆنگرە پێکهێنانی جۆرێک لە یەکێتی کۆنفیدرالی بوو لە نێوان نشینگە ئینگلیزییەکان لە ئەمریکا هەروەها چۆنیەتی بەرگریکردن لە خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان لەکاتی شەڕو ئاشتیدا.

لەو کۆنگرەیەدا (بنیامین فرانکلین) پرۆژەیەکی بۆ یەکێتی ویلایەتەکانی ئەمریکا لە ژێر سەرۆکایەتی حاکمی گشتیدا پێشکەش کرد، هەر لەو پرۆژەیەدا داوای ئەنجومەنێکی فیدرالی و سوپایەکی نیزامی و کۆکردنەوەی باج و کۆنترۆڵ کردنی زەوییە گشتییەکان و چۆنیەتی پەیوەندی لەگەڵ هیندییە سوورەکاندا کردو بەشداربوانی کۆنگرە بەم پلانە ڕازی بوون کە بە پرۆژەی (ئەلبانی) ناسراوە، بەڵام حکومەتەکانی ویلایەتەکان ئامادە نەبوون واز لە دەسەڵات و سەربەخۆیی خۆیان بێنن، هەروەها حکومەتی لەندەن لەوە ترسا ئەم پرۆژە زیان بە بەرژەوەندییەکانی تاج بگەیەنێت (١٩)، بەمجۆرە پرۆژەکە هەرەسی هێنا بەڵام بیرۆکەی یەکێتی لە هزری ئەمریکاییەکاندا هەر مایەوە.

لەواقیعدا بارودۆخی مێژوویی بۆ پرۆسەی یەکێتی لەبار بوو، دەتوانین بڵێین بەریتانیا خۆی هانی ئەمریکای دەدا بۆ یەکێتی بێ ئەوەی پێی بزانێت، بۆیە دەتوانین ئەمە دووپات بکەینەوە کە فشاری ئینگلیزو ئەو کۆتە ئابووریانەی خستە ئەوکی نشینگەکان لە هۆکارە سەرەکییەکانی بوونی کۆششی هاوبەش بوو لە نێوان ئەمریکییەکاندا، کۆنگرەی مۆر کە ساڵی ١٧٦٥ لە نیویۆرک ساز درا ئەو کۆششە هاوبەشەی دەستەبەر کرد بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو کۆنگرەیە هەنگاوێکی دیکە بوو بەرەو یەکێتی سەرەڕای ئەوەی کەلە وتووێژەکاندا باسی هیچ پرۆژەیەکی یەکێتی لە نێوان ویلایەتەکاندا نەکرا، بەڵام نشینگەکانی خستە بەردەم کۆششی هاوبەش و مەسەلەی هاریکاری نێوانیان و لە ساڵی ١٧٧٤ مەودایەکی فراوانتری وەرگرت کاتێک لیژنەکانی پەیوەندی لەسەرجەم ویلایەتەکان بە بەردەوامی

پەیوەندییان بە یەکەوە کردو لەسەر ئاستی کیشوەرەکە بیروڕایان ئالوگۆڕ کرد.

دوابەدوای ڕووداوی (شای بۆستن) ئینگلتەرا پێنج یاسای غەدری ساڵی ١٧٧٤ بەسەر (مەساشۆسیتس) دا فەرز کرد بەڵام ویلایەتەکە نەچووە ژێر بارەوە بۆیە نشینگەکانی دیکە بەهانییەوە هاتن و هاووڵاتییە تووڕەکان لەسەرجەم هەرێمەکاندا پەیوەندییان بەیەکەوە کردو کاتێکیش کار گەیشتە بەرگری، بیریان لە سازدانی کۆنگرەیەک کردەوەو بە پێشنیاری ئەنجوومەنی ڤیرجینیا نوێنەری نشینگەکان بۆ فلادلفیا بانگهێشت کران لە ٥ی ئەیلوولی ١٧٧٤ تا دەربارەی بارودۆخەکە وتووێژ بکەن، ئەم کۆبوونەوەیە یەکەم کۆنگرەبوو لەسەر ئاستی کیشوەرەکە[21]و، خۆی لە خۆیدا بۆ وەدەستهێنانی یەکێتی مەغزایەکی گەورەی هەبووە.

لەو کۆنگرەیەدا دەستەی یاسادانانی شۆڕشگێڕی یان (کۆنگرەی هەرێمەکان) دامەزران، ئەم هەنگاوە لەلایەن کۆبوونەوە میللییەکانەوە پاڵپشتی لێ کرا، چونکە دەستەی یاسادانانی کۆن تەعبیری لە ڕێڕەوی شۆڕشگێڕی نەدەکرد، چونکە ئەندامەکانی پیاوانی کۆنەخواز بوون و لەژێر کۆنترۆڵی فەرمانڕەوا مەلەکییەکاندا بوون[22].

یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی ئەو کۆنگرەیە پێکهێنانی هاوبەندییەک بوو بۆ زیندووکردنەوەی پچڕانی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئینگلتەرا، ئەمەش بە دروستکردنی لیژنەکانی چاودێری لە شارو هەرێمەکان بۆ نەهێنانی هیچ کەلوپەلێک لە ئینگلتەراو هەروەها نەناردنیشی بۆ بەندەرەکانی بەریتانیا، ئەم لیژنانە دەستیان بەکاری پشکنین کردو ناوی ئەو بازرگانانەیان دەنووسی کە پێشێلی ئەم بڕیارانەیان دەکرد.

ئەم هاوبەندییە بوو بە ئامێرێکی شۆڕشگێڕانە لە ململانێیەکەدا بەتایبەتی (لیژنەی پەیوەندییەکان) ئەو لیژنە نوێیەی کاروباری کارگێڕی بەرەو پێشەوە بردو پاشماوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بنەبڕ کردو بزووتنەوەی میللی بەجۆرێکی وا یەکخست کە بتوانن هێزەکانیان ڕێکبخەن و زەخیرەی شەڕ کۆبکەنەوە[23].

کۆنگرەی ساڵی ١٧٧٤و ئەو ماوە کورتەی کە بەدوایدا هات لە بواری کردەییدا ئیشی حکومەتی یەکێتی ڕاپەڕاند، پێویستە ئەمەش دووپات بکەینەوە کە یەکەم کۆنگرەی قاری لە ساڵی ١٧٧٤ سازدرا و نیازی جیابوونەوە لە ئینگلتەرا بەشێوەیەکی گشتی لای نشینگە ئەمریکییەکان سەری هەڵنەدابوو، کاتێکیش دووەم کۆنگرە لە ساڵی ١٧٧٥ سازدرا هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نەبوو وڵاتێکی سەربەخۆ دروست دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کۆنگرەکە ئەرکی شەڕی سەرتاپاگیرو کارگێڕی دیپلۆماتی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بە ئەستۆوە گرتبوو، بەڵام هەروەکو ئەنجوومەنێکی کاتی نوێنەرانی هەرێمە جیاجیاکان مایەوە.

ئەو کۆنگرانەی کە یەک لە دوای یەک سازدران لە ناونیشانەکانیان ڕا دیار بوو کە دەسەڵاتی یاسادانان نین بەڵکو ئەنجوومەنی کاتی نوێنەرانی دەسەڵاتی مەلیکن، هەروەها ئەو کۆنگرانە هاوکاریی بەرامبەریان لەگەڵ هەموو ویلایەتەکان دەکرد، جا لەبەر ڕازیبوونی گەل ولە چوارچێوەی دەستووردا لە تواناداا هەبوو حکومەتێکی شەرعی بۆ ویلایەتەکان پێکبهێندرێت، لەبەر ئەوە ڕێککەوتن لە نێوان ویلایەتەکان پێویست بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵی شەرعی، بەڵام پێش ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە ببوایە پێویست بوو کۆنگرەی قاری دەستەیەکی ڕاوێژکاری پێکبهێنێ تا ویلایەتە جیاجیاکان ڕاسپاردەکانی پەسند بکەن، ئەو دەستەیە دەسەڵاتی دەمێنێت[24].

## مەوادەکانی یەکێتی کۆنفیدراڵی:

شەڕی سەربەخۆیی (١٧٧٥-١٧٨٣) بوو بەهۆی تەڵاق یاخود جیابوونەوەی ویلایەتەکان بە یەکجاری لە ئینگلتەرا، ئەمەش ئاشکرایە وڵاتێکی سەربەخۆ بەهۆی شۆڕشەوە دێتە وجودو ئینجا پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی خاوەن سیفەتێکی نیزامی و ڕەسمی پێداویستییەکی گرنگ بوو بەڵام هەموویان ئەو ڕاستییەیان هەزم نەدەکرد، لە نێوان ئەمریکییەکاندا دوو ڕێڕەو هەبوو: هەندێکیان کە کۆماریخوازەکان بوون حەزیان دەکرد هەر ویلایەتێک سەروەری خۆی بپارێزێت و لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا سەربەخۆ بێت و سەرجەم ویلایەتەکان یەکسان بن ئەگەرچی لە ڕووی سامان و ژمارەی دانیشتوانیشەوە جیاواز بن، هەندێکی دیکە کە دوایی بە فیدرالیەت (یەکێتی) خوازەکان ناسران سەرەڕای ئەوەی حەزیان دەکرد هەر ویلایەتێک خودموختارییەکی فراوانی هەبێت لە هەمان کاتیش لەو

باوەڕەدابوون کە مەسەلەی یەکێتی هەر دەبێ ببێت و خود موختارییەکی فراوانی هەبێت لە هەمان کاتیش لەو باوەڕەدابوون کە مەسەلەی یەکێتی هەر دەبێ ببێت، ئینجا حکومەتێکی بەهێزی مەرکەزی خاوەن دەسەڵات پێکبهێندرێت، چونکە هەر ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی نشینگە ئەمریکاییەکان شوێنێکی گرنگیان لە جیهاندا هەبێت.

لەکاتی شەڕدا ڕێڕەوی کۆماریخوازەکان باوی هەبوو[٢٥]. بەڵام ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەکاتی کۆنگرەی (قاری) شۆڕشگێڕانە لە ساڵی ١٧٧٦ و هەڵگیرسانی شەڕی شۆڕشگێڕانەو ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ سوپای بەهێزی بەریتانیا وای لێکردن بەدوای جۆرێک لە یەکێتی و هاوبەندی لە نێوان خۆیاندا بگەڕێن، جگە لەمە بەردەوامبوون لەشەڕی شۆڕشگێڕانە پێویستی بەهێزو سەرکردایەتی و کارگێڕیی مەرکەزی هەبوو.

لەم پێودانگەوە (ڕێچارد هێنری لی) لە ١٧٧٦/٦/٧ پرۆژەیەکی پێشکەش بە کۆنگرەی قاری (کۆنگرێس) کرد تا پلانێک بۆ یەکێتی کۆنفیدرالی ئامادە بکرێت، هەر لە تەمووزی ئەو ساڵەدا لیژنەی ئەو کۆنگرەیە پرۆژەی ئارتیکلی یەکێتی کۆنفیدرالی وەکو یەکێتییەکی بەردەوام لەنێوان هەر سێزدە نشینگەکەی ئەمریکادا خستەڕوو. بەڵام کۆنگرە تا مانگی تشرینی دووەمی ١٧٧٧ ئەو پرۆژەیەی پەسند نەکرد، دوای ئەوەی وتووێژو هەڵسەنگاندنێکی زۆری دەربارە کرا.

کۆنگرە (کۆنگریس) سروشتی لەو ئارتیکلە وەرگرت بەڵام تەنیا بەپەسند کردنی سیفەتی شەرعی وەرنەگرت، شێوەی حکومەت لەڕووی یاساییەوە بە زۆر نابێت تا ڕەزامەندی سەرجەم حکومەتەکانی ویلایەتەکان وەرنەگرێت جا پەسند کردنی هەموان ماوەی چوار ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا شتێکی سروشتی بوو هەر ویلایەتێک ڕێگای تایبەتی خۆی بگرێتە بەر، بەڵام لە واقیعدا پەیوەندی گشتیی نیشتمانی پتەوتر بوو و ویلایەتەکان زیاتر لەیەک نزیک بوونەوە[٢٦].

هۆی دواکەوتنی پەسند کردنی پرۆژەکە زیاتر پەیوەندی بە ململانێ لەسەر زەوی وزاری ڕۆژئاوای چیای (لیڤنی) و باکووری ڕووباری (ئۆهایۆ)وە هەبوو ،نادیاری سنووری نێوان نشینگەکان وایکرد «ڤرجینیا ، نیویۆرک ، کونیکتیکت، مەساشۆسێتس» لەگەڵ یەک ناکۆک بن دەربارەی مولکدارێتیی ئەو زەوییە فراوانەو هیچ ڕێگایەک بۆ لابردنی ئەو ناکۆکیانە لە ئارادا نەبوو، هەروەها هەندێک ویلایەتی بچووک لەوانە «ماریلاند»لە دەسەڵاتی دراوسێیە بە هێزەکانی دەترسا، لەبەر ئەمە نوێنەری«ماریلاند» پرۆژەیەکی پێشکەش بە کۆنگرێس کرد و تیایدا پێشنیاری کرد بۆ بەرژەوەندی یەکێتی فیدراڵی هەموو ویلایەتەکان واز لە داواکاریەکانیان بێنن، ئەو پێشنیارە بوو بە هۆی ئەوەی گیروگرفتەکان هێور ببنەوە.

هەر لەو ماوەیەدا پێداویستی یەکێتی زیاتر کەوتە ناو باسانەوە، ساڵی ١٧٨٠ نیویۆرک ڕەزامەندی پیشاندا و دواییش «کونیکتیکت»و «مەساشۆسێتس» ڕازی بوون ، ساڵی ١٧٨١ ڤرجینیاش ڕەزامەندی پیشاندا ، لە کۆتاییدا ئارتیکلەکانی یەکێتی کۆنفیدراڵی سیفەتی شەرعی و ڕەسمیان وەرگرت، هەر لەوکاتەشدا ویلایاتی یەکگرتوو تەفویزی ڕێگا پێدراوی مانەوەی وەکو حکومەت وەرگرت[٢٧].

بەگوێرەی ئارتیکلەکانی یەکێتی کۆنفیدراڵی یەکێتییەکی دایم لە نێوان هەر سێزدە نشینگەکەی ئەمریکای باکوور بە ناونیشانی «کۆنفیدراڵی ویلایەتەکانی ئەمریکا» پێکهات، بەمجۆرە هەر ویلایەتێک بوو بە خاوەنی سەروەری خۆی جگە لە هەندێک لەو سەروەریە کە کۆنگرێس پێیدەبەخشێت کە لە ئەندامەکان پێکنایەت بەڵکو لە نوێنەری هەموو ویلایەتەکان پێکدێت و دەسەڵاتی کۆنگرێسیش تەنیا لە ڕووی سەربازی و دیپلۆماسیەوە بوو[٢٨].

ئەو ڕژێمە لاواز بوو و حکومەتی مەرکەزی لە سێبەری ئەودا بنەمای دەسەڵاتی تەواوی نەبوو، ئارتیکلەکانی یەکێتی کۆنفیدراڵی لە شێوەکەیدا بە «هاوپەیمانێتی نێوان ویلایەتە جیاجیاکان دەچوو»[٢٩]یان تەنانەت «هاوبەندیەکی برادەرانە»بوو، هیچ دەستەیەکی جێبەجێکردن و دادگایەکی نەتەوەیی دانەمەزرا، ئەو کۆنگرێسەی کە یەک دەنگی هەبوو و مافی سەپاندنی باج و کۆکردنەوەی هێزو سزادانی سەرپێچیکەرانی نەبوو، هەروەها نەیدەتوانی ویلایەتەکان ئیجبار بکات ڕێز لەو هاوپەیمانێتییە بگرن کە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ مۆریان کردبوو، لە هەمووی خراپتر مافی ئەوەشی نەبوو پارەو پوول بۆ کاروباری حکومەت کۆبکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە ناتوانین دەسبەرداری بایەخی

ئارتیکلەکە ببین، ئەگەرچی کۆنگرە گیروگرفتی یەکێتی چارەسەر نەکرد بەڵام بۆ ڕێگاچارە هەنگاوی باشی نا، دابەشکردنی نێوان دەسەڵاتی گشتی و دەسەڵاتی خۆجێیی دابەشکردنێکی تەواو بوو و هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو سەربەخۆیی و یەکێتی فیدراڵی[٣٠].

## یەکێتی فیدراڵی:

لە ساڵانی دوای شەڕی شۆڕشگێری ،لای زۆربەی خەڵک جۆرە شڵەژانێک پەیدا بوو ئەمەش لە ئەنجامی سروشتی یەکێتی.لە ژێر سێبەری ئارتیکلی یەکێتی کۆنفیدرالیەوە بوو، ئەو ئارتیکلەی کەلە سایەیدا(سێزدە ویلایەت خاوەنی دەسەڵات و حکومەت بوون و حکومەتی مەرکەزیش بێ دەسەڵات بوو) بە گوێرەی بۆچوونی یەکێک لە مێژوونووسەکان[٣١]، کۆنگریس لە دوای مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتبوونەوە لە ساڵی ١٧٨٣ نەیتوانی مووچە دواکەوتووەکانی سەربازان بدات و هەروەها پارەی قازانجی ئەو ٤٨ ملیۆنەشی پێنەدرا کە لەگەڵ فەرەنساو ئیسپانیا و هۆڵەندا مۆری کردبوو، هەندێک لە ئەندامانی کۆنگریس بیریان لەوە کردەوە ئیفلاس بوون ڕابگەیەنن بەڵام لەژێر هەڕەشەی سەربازان ناچاربوون گوێ لە (جۆرج واشنتۆن) بگرن کە بەپێدانی سەر مووچەکانیان ڕازی کردن، لەلایەکی دیکەوە زۆربەیان هەستیان بەوەکرد، کە ئەگەر ئیلتزامات بەرامبەر ئەو پەیماننامانە پیشان نەدەن، بەرامبەر ئەو ڕێککەوتننامانەی لەگەڵ وڵاتانی دیکە مۆریان کردووە ئەوا لە وڵاتە یەکگرتووەکان بڕوایی نامێنێت ئەمەش بۆ ساڵانێکی درێژ کار لە بازرگانیەتی دەکات[٣٢].

ئەو شڵەژانە هەر بەتەنیا کۆنگریسی نەگرتەوە بەڵکو هەر سێزدە ویلایەتەکە بەدەست گیروگرفتی ئابووری و کێشەی هەرێمایەتییەوە دەیان ناڵاندو کار گەیشتە ڕادەیەک شەڕ لە نێوانیان هەڵبگیرسێت، لە (پنسلڤانیا)و (بێرمۆنت) دانیشتوان لەسەر سنوور کێشەیان هەبوو، کاتێکیش پشێوی ناوخۆ سەلامەتی موڵکەکانی لە ڕووبەڕێکی گەورەدا خستە بەر مەترسییەوە خەڵکی بەتایبەتی چینی ناوەند لەمە تۆقین و بەمەش بارودۆخی بازرگانی تووشی نشوستی هات لە ١٧٨٥- ١٧٨٦، پارەو پوول کەم بوو و بازاڕ لە پەلوپۆ کەوت و بەروبووم هەر لەسەر زەوی وشک بوون، چونکە کەس نەیدە پاراستن، گیروگرفت لەنێوان خاوەن ماڵ و قەرزاران سەری هەڵدا[٣٣].

دوای ئەو هەموو گیروگرفتانە بەدیار کەوت کە لەژێر سیبەری ئارتیکلی یەکێتی کۆنفیدرالیدا ویلایەتەکانی ئەمریکا لە دەرەوەدا هیچ ڕیزێکیان بۆ دانەنراوەو لە ناوەخۆشدا ئاسایش و ئاسوودەیی بەرقەرار نەبووە، بۆیە حکومەتێکی مەرکەزی خاوەن دەسەڵات ، حکومەتێک بتوانێت باج فەرز بکات پێداویستییەکی بەپەلە بوو، ئەگەر ویلایەتەکان هەریەکە خاوەن دەسەڵاتی خۆیان بوونایە، ئەوا حکومەتی مەرکەزی تەنیا هەیکەلێک دەبوو بۆیە تەنیا یەکێتی بەس نەبوو بەڵکو یەکێتی فیدراڵی پێویست بوو[٣٤].

ئەو یەکێتییە چەند کۆسپێکی هاتە بەردەم ، لە پێشەوەی هەموویان ویلایەتەکان لەوە دەترسان حکومەتی مەرکەزی ببێتە دەسەڵاتێکی بە جەور، لەم حاڵەتەشدا ئەو ویلایەتەی لە هەندێک کاردا بەرژەوەندی لەگەڵ زۆرینەدا نەدەگونجا ئەوا دژی هێڵی گشتی دەوەستا ، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە سەری لە بەردی واقیع دا، ئەوانەی باوەڕیان بە یەکێتی فیدراڵی بوو ژمارەو هێزیان زیادی دەکرد، چونکە بارودۆخی شڵەژاوی وڵاتیان لەژێر سێبەری کۆنگریسدا هەست پێکردو هەر بۆیەش بە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز ڕازی بوون.

لەبەر نەبوونی سیاسەتێکی بازرگانی یەکگرتوو وڵات تووشی نشوستی بازرگانی هات و لە ساڵانی ١٧٨٥و ١٧٨٦ کێشە هەرێمایەتییەکان زیادیان کردو ئەمەش بوو بەهۆی زیاتر پتەو بوونی بیرۆکەی یەکێتی فیدراڵی.

ماریلاند دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ڕووباری پۆتۆماک دا سەپاند کە لە بەندەری خوارووی لە ڤرجینیای جیا دەکردەوە، ڤرجینییەکان لەوە ترسان ماریلاند ڕێگا لە دەریاوانان بگرێت، نوێنەرانی ماریلاندو ڤرجینیا ساڵی ١٧٨٥ لە (ماوت ڤێرنون) لەگەڵ جۆرج واشنتۆن کۆبوونەوە تا باس لە دەریاوانی لە ڕووباری (پۆتۆماک)و کەنداوی (چیزاپیک) دا بکەن، ماریلاند پێشنیاری کرد لە توانادا هەیە (پنسلڤانیا)و (ویلاویر) لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری بکەن، جێمس مادیسۆن کە نوێنەری ڤرجینیاو لایەنگری بە هێزی بیرۆکەی یەکێتی بوو، پێشنیاری ئەوەی کرد هەموو ویلایەتەکان کۆبینەوە تا باس لە کاروباری بازرگانی وڵات بکەن ، مادیسۆن تێبینی ئەوەی کردبوو کە پشێوی بازرگانی وڵاتی داگرتووەو پێویستە کۆنگرەیەکی فراوان بۆ هەموو

ویلایەتەکان ساز بدرێت تا پێشنیارەکانیان پێشکەش بە کۆنگریس بکەن و سیاسەتێکی گشتی بازرگانی جێبەجێ بکرێت [٣٥].

کۆنگرە سالی ١٧٨٦ لە (ئاناپولیس) سازدراو هەر زوو بەشدارییان کرد، یەکێک لە بەشداربووەکان کەسایەتییەکی بەهێزبوو کە ناوی (ئەلیکساندەر هاملتۆن) بوو، هەستی بە خراپی بارودۆخەکە کردو داوای لە ویلایەتەکان کرد هەریەکەیان نوێنەری خۆیان دیاری بکەن و لە مانگی مایسی داهاتوو لە فیلادلفیا کۆببنەوە تا دیراسەی هەلوێستی ولاتە یەکگرتووەکان بکەن و لە دەقە نوێیەکان ئەوەی بە پێویستی دەزانن هەلیبهێنجن بە تایبەتی ئەوەی پێویستی بە دەستووری حکومەتی فیدرالییەوە هەبوو، ئەم هەنگاوە لە سەرەتاوە مایەی قێز لێبوونەوەی کۆبوونەوەی کۆنگرەی قاری بوو بەلام دوای ئەوەی هەوالی ئەوە بلاوبۆوە کە ڤرجینیا بۆ نوێنەرایەتی خۆی (جۆرج واشنتۆن)ی هەلبژاردووە ،کۆنگرە گەڕایەوە سەر ڕێگای راست، چونکە (واشنتن) کەسایەتییەکەی بەهێز بوو و خزمەتی باشی پێشکەش کردبوو بە تایبەتی لەکاتی سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی ئەمریکا لە شەڕی سەربەخۆییدا، رۆژی ١٧٨٧/٥/٢ بۆ کۆبوونەوە دەستنیشان کراو هەموو ویلایەتەکان مەندوبی خۆیان دیاری کرد جگە لە (ڕۆد ئایلاند)ی بچووکی سەر سەخت نەبێت [٣٦].

مەندوبەکان ئەگەر هەر دەسکارییەک لە ئارتیکلی یەکێتی کۆنفیدرالی کرابا دەسەلاتیان پێدرابوو بەلام بە سادەیی ئارتیکلەکانیان بەلاوە ناو تا چۆنیەتی حکومەتێکی تازە دابڕێژن، ئارتیکلەکانی یەکێتی کۆنفیدرالی کەموکوڕی زۆریان تێدابوو، ئەگەر هەر لە چوارچێوەی حکومەتێکی باشتر بوایە چاک بوو و ئەمریکاییەکان دەیانتوانی عەیبەکانی داپۆشن، هەر بۆیە دەستووری نوێ تا رادەیەکی زۆ بەهێز داڕێژرا [٣٧].

مەندوبەکان دەیانزانی بۆ دیاریکردنی شێوەی حکومەتێکی یەکێتیی تازە ئەوا لە نێوان دوو دەسەلاتدا دەوەستێ: دەسەلاتی حکومەتی خۆجێیەتی کە لەلایەن هەر سێزدە ویلایەتە نیمچە سەربەخۆکەی ئەمریکاوە پیادە دەکراو ئینجا دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی، مەندوبەکان بە وردی دەسەلاتی حکومەتی نیشتمانیان پیادە کرد تا گشتی و سەرتاپا بێت بەلام دەبوایە ئەوەشیان بزانیایە دەسەلات و فەرمانڕەوایی بۆ ویلایەتەکان دیاری دەکرێت و هەستیشیان بەوە کردبوو پێدانی دەسەلاتی ڕاستەقینە بۆ حکومەتی نیشتمانی، دەبێت دەسەلاتێکی فراوان بێت لەمانە بلاوکردنەوەی پارەو پوول و ڕێکخستنی بازرگانی و ڕاگەیاندنی شەڕو مۆرکردنی ئاشتی کە ئەمانەش پێویستیان بە دامەزراندنی دەزگاکانی فەرمانڕەوایی هەبوو [٣٨].

لە مانگی مایس کۆنگرە لە فلادلفیا ساز دراو پەنجاو پێنج مەندوب بەشداریان تێدا کرد، لە ناو بەشداربووان کەسایەتی وا هەبوون کە لە توانایاندا هەبوو ڕۆلێکی گرنگ لە مێژووی ئەمریکادا بگێڕن لەسەرەوەی هەموویانەوە -جۆرج واشنتن- بوو کە بە کەسێتی و کارە باشەکانی مایەی ڕێزی هەموان بوو، بۆیە بە تێکڕای دەنگ بۆ سەرکردایەتی کردنی کۆنگرە هەلبژێردرا، هەروەها -بنیامین فرنکلین- یەکێک لە ڕێبەرە دیارەکان و دوایی بوو بە چوارەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان، یەکێکی دیکەش لەو کەسایەتیانە (جێمس مادیسۆن)ی سیاسەتمەدارو یەکێک لە مەندوبە کاراکان بوو، هەروەها یاساناس (جۆرج وایت) لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوو.

کۆنگرەکە پێنج مانگی خایاندو دانیشتنەکان بە نهێنی بوون تا نەکەونە ژێر کاریگەری ڕای گشتییەوە، لەئەنجامی وتووێژێکی تێرو تەسەل و لە ژێر کاریگەری کەسایەتی و دەسەلاتی (جۆرج واشنتن)ەوە توانیان پرۆژەیەک بۆ دەستوور دابنێن، ئەمە دوا دەستوور بوو و لەلایەن هەموو ویلایەتەکانەوە پەسند کرا لە سالی ١٧٨٨ کە بە دەستووری ١٧ی سیپتیمبەری ١٧٨٧ ناسراو دوای چەند دەسکارییەک تا ئێستاش لە ئەمریکا کاری پێدەکرێت [٣٩].

دەستووری تازە کە لە حەوت مادە پێکهاتبوو ریزی بنەمای سەروەری و سەربەخۆیی ویلایەتەکانی ڕاگرت و هەر ویلایەتێک هەموو دەسەلاتەکانی حکومەتی خۆجێیی پاراست و دەیتوانی بە گوێرەی یاساکانی حوکمی خۆی بکات و هەروەها ویلایەتێکیش حاکمی هەلبژێردراوی هەبوو کە بەسەر دەسەلاتی جێبەجێ کردندا زال بوو، هەروەها هەریەکەیان یاسادانەرو قازی و دادگاو یاسای خۆیان هەبوو.

حکومەتەکانی ویلایەتەکان زۆر کاروباری پەیوەند داریان بەکاروباری گەل ڕێکخست لە ژیانی ڕۆژانەدا وەکو پەروەردەو دادگاو پۆلیس و بانک و کۆمپانیاو دەزگا خزمەت گوزارییەکان [٤٠].

بەگوێرەی نووسراوەکانی (جۆن لوک)و (مۆنتسیکیۆ) دەستووری فیدراڵی سێ دەسەڵاتی لە یەک جیادەکردەوە: جێبەجێکردن- یاسادانان- دادگا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدەست سەرۆک بووەو یاسادانانیش بەدەست کۆنگریس بوو کە بریتی بوو لە کاروباری دەرەوەو دیپلۆماسی و سوپاو دەریاوانی و بازرگانی و گومرگ.

هەر بەگوێرەی دەستوور سەرۆک بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێ و بۆ دووەم جاریش هەڵدەبژێردرێتەوە، سەرۆک لێپرسراوی یەکەمەو سکرتێرەکان (وەزیرەکان) هاوکاری دەکەن و هەر سەرۆک دەسەڵاتی دانان و لابردنیانی هەیە، هەروەها سەرکردایەتی هێزەکانی زەمینی و دەریایی دەکات و رێککەتننامەکان مۆر دەکات بە مەرجێک ئەنجومەنی پیران پەسندی بکات، هەروەها سەرۆک باڵوێزو گەورە فەرمانبەران دادەمەزرێنێت، دوای هەڵبژاردنی سەرۆک، جێگریشی بۆ دادەنرێت تا دوای مردنی جێگای بگرێتەوەو لە کۆتاییدا سەرۆک سەرکردایەتی ئەنجومەنی پیرانیش دەکات.

کۆنگریس کە دەسەڵاتی یاسادانانی بەدەستە لە دوو ئەنجومەن پێکهاتووە: ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران، پیران بەهۆی ویلایەتەکان هەڵدەبژێردرێن، دوو پیر بۆ هەر ویلایەتێک جا ژمارەی دانیشتوانیان هەرچەند بێت، بەڵام نوێنەران بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێن ژمارەیان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر ویلایەتێک دەبێت، کۆنگریس لەکاتی دیاریکراو کۆ دەبێتەوە. سەرۆک دەسەڵاتی بانگ کردن و هەڵوەشاندنەوەی هەیە. دەسەڵاتی قەزایی بەدەست دادگای باڵاوە بوو و لە نۆ قازی پێکهاتبوو و سەرۆک بە درێژایی ژیان دایدەمەزراندن و لەکاتی کێشەیەکی نێوان ویلایەتەکان یاخود نێوان کۆنگریس و سەرۆکدا دەستیان بە دادگایی دەکرد، بڕیارەکانی دادگا باڵابوون و دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی هەر بڕیارێکیان هەبوو بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ دەستوور ناکۆک بوایەو ئەگەر داواکارییەک لە لایەن هاووڵاتییەکی ئاسایش بوایە گوێی لێ دەگیرا[٤١]. دەستووری ساڵی ١٧٨٧ ڕژێمێکی پەرلەمانی وەکو ئینگلتەرای پێکنەهێنا بەڵکو ڕژێمێکی نوێنەرایەتی پێکهێناو دەسەڵاتی فراوانی بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان دا وەکو دەسەڵاتی مەلیکەکانی ئەورووپا و دەستوور خوازەکان.

دەستووری نوێ بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخی بە دەزگای فەرمانڕەوایی داو بە نیسبەت مافی تاکەکەسیشەوە سێ بنەمای سەرەکی تێدابوو، یەکەم: جەختکردنی ماف لە بارەی فەرمان (Habeas Coripus) کە ئەویش بریتییە لە فەرمانی هێنانی کەسێکی بەندکراو بەبێ دادگایی کردن (ئەمە لە کاتەکانی یاخی بوون و ئاژاوە)، دووەم: نەهێشتنی فەرمانی داماڵینی مافە شارستانییەکان (لێسەندنەوەی رەگەزنامە)و هەروەها رەتکردنەوەی یاسا گەڕاوەکان (واتە ئەو یاسایانەی کە سزا بۆ ئەو کارانە دادەنێن کە لەکاتی ئەنجامدانیان کاری یاسایی بوون)، سێیەم: ڕەچاونەکردنی لایەنی ئایین و بیروباوەڕی ئایینی لە کاتی پێ سپاردنی پلەوپایەی گشتی بە هاووڵاتیان، دوای ماوەیەک بەدیارکەوت دەستووری نوێ بایەخی تەواوی بە مافی تاکە کەس نەداوەو ساڵی ١٧٩١ دە خاڵی دەسکاری بۆ زیاد کرا کە بە لائیحەی مافەکان (Bill of Rights) ناسراو بە گوێرەی ئەو دەسکارییە چەند حوکمێکی شێوە قەزایی دانرا لە مانە قەدەغەکردنی گرتنی توندوتیژو دادگایی کردن بە هۆی سوێندخۆرانەوە لەهەموو کێشەکانی تاوان و مەدەنیدا ئەنجام دەدرێت، بەبێ یاسا هیچ کەسێک دادگایی ناکرێت، هەر بە گوێرەی دەسکارییەکە نەدەبوایە کەسێک دووجار بەیەک تۆمەت دادگایی بکرێت و هاووڵاتیانی مەدەنی ئیجبار نەکرێن سەربازان بحەوێننەوەو هەروەها هاووڵاتیان مافی چەک هەڵگرتنیان هەیە جگە لە مافە مەدەنییەکانی وەکو ئازادی قسەکردن و بڵاوکردنەوەو کۆبوونەوەو چەند مافێکی دیکە کە وایان لە دەستووری ئەمریکی کرد باشترین دەستوور بێت و تەعبیر لە ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵک بکات نەک بە تەنیا دەوڵەت[٤٢]. لەمانگی شوباتی ساڵی ١٧٨٩ دەست بە جێبەجێکردنی دەستوور کرا و جۆرج واشنتن بەبێ هیچ ڕکەبەرێک بە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا و ئەزموونەکە سەرکەوتنی خۆی سەلماند کاتێک جۆرج واشنتن بە کەیفی خۆی ساڵی ١٧٩٧ وازی لە فەرمانڕەوایی هێنا دوای ئەوەی دوو خول سەرۆکایەتی بەڕێوەبرد بێ ئەوەی وەکو دیکتاتۆرێک خۆی بسەپێنێت[٤٣].

❐

پەراوێزو سەرچاوە:

١) الان نیـڤنز و هنری سـتـیل کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتـحـده، ترجـمـه : مـحـمـد بدرالدین خلیل، دار المعارف بمصر، القاهره ١٩٧٤، ل ٢٧-٢٨ .

٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣،٣٧،٣٩ .

٣) د. محمد محمد صالح: تاریخ اوروبا من عصر النهضه وحتیٰ الثوره الفرنسیه ١٥٠٠-١٧٨٩، جامعه بغداد ١٩٨٢، ل٥١٥ .

٤) الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل٢٥ .

٥) هەمان سەرچاوە ل ٢٦ .

٦) د. جلال یحیی: معالم التاریخ الحدیث، منشاه المعارف بالاسکندریه ١٩٧٦ ، ل١٩١ .

٧) جامعه پاتریس لومومبا للصداقه بین الشعوب: عرض اقتصادی تاریخی، الجزء الثانی (المجتمع الرأسمالی)، مکتبه التحریر بغداد، ل٦٦-٦٧ .

٨) الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل٤٦ .

٩) هەمان سەرچاوە: ل ٢٠، هەروەها: محمد محمد صالح: تاریخ اوروبا، ل٥٣٢ .

١٠) بڕوانە: الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل ٢٠ .

١١) هەمان سەرچاوە ل٢٦، ٥٠ .

١٢) محمد محمد صالح: تاریخ اوروبا، ل ٥٢٤ .

١٣) هەمان سەرچاوە ل٥٣٣ .

١٤) هەمان سەرچاوە ل٥٣٣-٥٣٥ .

١٥) دەربارەی ئەو کۆت و باجە سەپێنراوانە بڕوانە: الان نیڤنز وهنری کوماجر: موجز تاریخ الولایات المتحده ل٦٣-٦٤، هەروەها: محمد محمد صالح: تاریخ اوربا، ل٥٤٢-٥٤٧ .

١٦) Oscar Handlin: The History of the United states, vol.1, USA. 1967, P196.

١٧) Ibid, 376

١٨) الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل٦١ .

١٩) محمد محمد صالح: تاریخ اوروبا، ل ٥٣٥-٥٣٦ .

٢٠) دەربارەی کارەکانی کۆنگرەو بڕیارو هەڵوێستەکانی بڕوانە Oscar Handlin: The History of the United states, . P196 هەروەها الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل٧٠-٧١ .

٢١) An Outline of American History, Distributed by the united states information service, 1953.P37.

٢٢) الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل٧١و هەروەها .Ibid, P37

٢٣) Ibid, P38.

٢٤) Oscar Handlin: The History of the United states, P277.

٢٥) د. جلال یحیی: معالم التاریخ الحدیث، ل٢٠٥ .

٢٦) Oscar Handlin: The History of the United states,P278.

٢٧) Ibid, P278-279

٢٨) د. جلال یحیی: معالم التاریخ الحدیث، ل٢٠٥ .

٢٩) Oscar Handlin: The History of the United states,P279

٣٠) الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل٩٢-٩٣ .

٣١) Isaac Asimov: The Birth of the United states,1763-1816, USA-1974, P131.

٣٢) جلال یحیی: معالم التاریخ الحدیث،ص٩٤-٩٥ .

٣٤) Isaac Asimov: The Birth of the United states,P132

٣٥) الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل٩٩، هەروەها Ibil, P132

٣٦) هەمـان سـەرچاوە، ص ٩٩-١٠٠، هەروەها An out-line of American Hist, P49.

٣٧) الان نیـڤنترو هذی کـوماجـر:موجز تاریخ الولایات المتحده،ل٩٤.

٣٨) An Outline of Amercan Hist, P50.


٣٩) الان نیـڤنز وهنری کـومـاجـر: مـوجـز تاریخ الولایات المتحده، ل ١٠٠-١٠٧، جلال یحیی: معالم التاریخ الحدیث ل٢٠٦ .

٤٠) کـرلـتـون هـیـز: التـاریخ الاوروبی الحـدیث ١٧٨٩-١٩١٤، ترجمه د. فاضل حسین، الموصل ١٩٨٧، ل٢١٩ .

٤١) سەرچاوەی پێشـوو، ل ٢١٨-٢١٩، جلال یحـیی: معالم التاریخ الحدیث ل٢٠٧

٤٢) میشیل ستیوارت: نظم الحکم الحدیثه، ترجمه: احمد کامل، القاهره ١٩٦٢، ل١١٣-١٣٤ .

٤٣) محمد محمد صالح: تاریخ اوروبا، ل ٥٥٤ .




سێزده نشینگەی ئەمەریکی یەکە لە ساڵی ١٧٦٣

# کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی

د.داریوش اخوان زنجانی

بەختیار شاخی

لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

**پێشەکی**

گۆڕانکارییە بەربلاوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی وەک هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، بە جیهانی بوونی ئابووری، شۆڕشی گەیاندن و شۆڕشی زانیارییەکان، بوون بە هۆی خێرابوون و قووڵبوونەوەی تەواوی پرۆسەکان و بەردەوام جیهان بەرەو دیاردەی تازەتر پەلکێش دەکرێ.

دیاردەکان وەک، بەڕێوەبردنی کاروباری جیهان، چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی بەهۆی تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان ڕوو دەدەن، تیرۆریزم و سیاسەتەکان: بوون بە هۆی ئەوەی کە ئیتر ئەو بابەتانەی باسمان کردن لە چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەییدا چارەسەرکردنیان مەحاڵ بێت.لەم سۆنگەیەوە ڕێکخراوی نوێ، بە ئەندامی تازەو کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتە نوێیەکان؛ ئەرکی چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی تەواوی گرفت و ئارەزووەکانی گرتۆتە ئەستۆ، ئەو پێکهاتە تازەیەی بڕیاردان و بەڕێوەبردن کە ڕووەو دروست بوون دەچن، بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەی جیهانیی بە خۆی خەریک کردووە. کۆی ئەو دیاردە تازانە بە ناوی (سیستەمی ئیدارەی جیهانی (governance) ناسراون. مەبەست لەم باسەمان بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەو سیستەمە بە گوێرەی ڕۆڵ و جێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی.

## دیاردە تازەکانی جیهان

بەکۆتایی هاتنی شەڕی ساردو سیستەمی دوو جەمسەری ، کاروباری مرۆڤایەتی لە قەفەسی پۆڵایینی تیرۆریزم و سیاسەتە سەربازی و ئەمنییەکان ڕزگاری بوو ،بە پەلەو بە ئاراستەی جیاجیا پەرەدەستێنێ .شۆڕشی گەیاندن و فراوان بوونی لە رادەبەدەری سەرمایەداری لە لایەک و سەرهەڵدانی گیروگرفتی زیاتری جیهانیی وەک برسێتی، ژینگە، تاوان و دواکەتوویی و... هتد لە لایەکی دیکە، بوونەتە هۆی کاردانەوەی سیاسی و جەماوەری ،کە بە گشتی مەسەلەی بوونی کۆمەڵگەی جیهانی بە شێوەیەکی جیدی دەخەمە ڕوو.

دیاریکردن و ناسینی ئەندامانی کۆمەڵگەی جیهانی زۆر ئاڵۆزو دژوارە، چونکە ئەو کۆمەڵگەیە بەشێکی زۆر بەربلاوی ئەکتەرەکان لە خۆدەگرێ، کە لە لایەک تاکەکەس (فرد)و لەلای دووەمیشی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان دەگرێتەوە. ئەو قیەم وبنەما و یاساو پێوەرانەی بەسەر کۆمەڵگەی جیهانییەوە حوکمڕانی دەکەن بە هەموویان سەرهەڵدان و گەشەسەندنی خێرای کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی دەخەنە ڕوو. هاوکات، هاوتەریبی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی ، لە ناو سنوورە سیاسیەکاندا گەشەسەندن و خێرابوونی پرۆسەی دیموکراسی، بواری لەبار بۆ فراوان بوون و بەهێز بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڕەخسێنێ.

(بەیان)ی سەدەکانی ١٧و١٨ی زایینی لەو بڕوایەدا بوون کە

کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییەو لە ئەنجامی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) پێکهاتووە.

لەو کۆمەڵگایەدا سەرەتا کە مرۆڤ بارودۆخی سروشتی بەجێ دەهێڵێت، ڕەزامەندی خۆی بەرانبەر دەزگا حکومییەکان و جیاکردنەوەی سێ بەشی دەزگا حکومییەکان؛ دەردەبڕێ، بەڵام کاتێ کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی گەشە دەکەن و ئاڵۆزتر دەبن، ئەو کاتە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەگۆڕێت و گەشە دەکات، بە جۆرێک کە ئێستا دەبینن ڕێکخراوو پێکهاتە جەماوەرییەکانیش دەگرێتە خۆی.

لە سۆنگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە ڕێکخراوەکان، ئەنجومەن و یەکێتییە جەماوەریەکان کە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری سەربەخۆن و ئەندامێتی لە ناویاندا خۆ بەخشە، ئەو ڕێکخراو و پێکهاتە جەماوەرییانە بە ناوی ڕێکخراوە نامیرییەکان (غیر حكومی) - نەتەوەیی یان جیهانی - ناسراون. ئەو ڕێکخراوانە بە پێی رادەی سەربەخۆیی و پەیوەست بوون، کارایی، ئامانج و مەبەستەکانیان، پۆلێن دەکرێن. کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئیدارەی جیهان ڕێکخراوە نامیرییەکانی جیهان بۆ دوو بەش پۆلێن دەکات لەسەر بنەمای (تنازلی و تصاعدی)[١]! ڕێکخراوەکانی (تنازلی) ئەوانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە:

**یەکەم: ڕێکخراوەکانی تەوەری نەتەوە.**

**دووەم: ڕێکخراوەکانی تەوەری دەوڵەت.**

**ڕێکخراوەکانی تەوەری نەتەوە**، ئەو پێکهاتانەن کە بە پشتگیری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بوون یاخود لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکاندا کار دەکەن[٢].

گرنگیی ڕێکخراوە نامیرییەکان بۆ UN لەوەدایە کە بەتەواوبوونی ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو زلهێزەکە لە UN و لە جیهانیش بە گشتی، ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن ئەو ئەرکانەی لە بەڵێننامەکەدا دەستنیشان کراون جێبەجێیان بکەن و لەسەر ئاستی جیهان ڕۆڵێکی باشتر بگێڕن، هاوکات UN لە ڕێگەی ئازادیی ڕوونکردنەوەی بەڵێننامەکەی توانیویەتی بوارەکانی چالاکی خۆی بەشێوەیەکی تازەتر دابڕێژێ بە جۆرێک کە ئەمڕۆکە چالاکییەکان ڕەهەندی جیاوازیان هەیە و هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرنەوە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەیی تا ئێستاش UN لە چوارچێوە کۆنەکەی دەرنەچووە و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێکخراو و دامەزراوەکانی پێشووی لەسەر ئاستی جیهان، کارەکانی ئەنجام دەدات، بۆیە لە ئەنجامدا UN لە ڕووی ئاستی بەجێهێنان (اجرائات) توانایەکی دیاریکراوی هەیە و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سوود لە ڕێکخراوە نامیرییەکان وەردەگرێت، بەڵام سوود وەرگرتن لە ڕێکخراوە نامیرییەکان تەنها بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە نییە و ئەو ڕێکخراوانە ئیمتیازاتی دیکەیان هەیە کە وایکردووە لە چاو ڕێکخراوە حکومییەکان کاراتر بن و لەلای UNیش زیاتر قبوڵ بکرێن، بە بەراورد لەگەڵ ڕێکخراوە حکومییەکان ئەو ڕێکخراوە نامیرییە نێودەوڵەتیانە زیاتر گونجاون لەبەر ئەوەی دەزگا و پێکهاتەی ئیداری بەربڵاویان نییە و کرێی کارمەندەکانیشی کەمترە، بۆیە خەرجی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوانەوە کەمترە.

لە ئەنجامدا زۆربەی هاوکاری مرۆیی UN بۆ خەڵکی جیهان لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوانەوە ڕەوانە دەکرێ[٣].

ڕێکخراوەکانی تەوەری دەوڵەت، لەلایەن دەوڵەتەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و بەشی زۆری پێداویستی دارایی خۆیان لە دەوڵەتێکی دیاریکراو وەردەگرن، لە ئەنجامدا دەبنە داردەستی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای دەوڵەتەکان[٤].

**گرووپی دووەم** ئەو ڕێکخراوانەن کە لەسەر بنەمای،(تصاعدی) پۆلێن کراون، ئەو ڕێکخراوانە بە ڕێکخراوی بنەڕەتی یان جەماوەری ناودەبرێن و هۆی سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی جەماوەر. ئەو ڕێکخراوانە بە جۆرێک بەشە سیاسی(حکومەت)و ئابوورییەکان (کۆمپانیاکان)لەگەڵ (کۆمەڵ) جیا دەکەنەوە. ئەگەر دیاردە سیاسیەکان بەوە دابنێین کە تیایدا هێزی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بۆ هێزی سیاسی، ئەوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی باس لە بە جیهانی بوونی چالاکیەکانی مرۆڤ و لە هەنگاوی یەکەمیش بە جیهانی بوونی ئابووری و گرفت و نیازە کۆمەڵایەتیەکان، دەکات. دابەش بوونی نایەکسانی سامان لە سەر ئاستی کۆمەڵگە جیاجیاکان و لە جیهان، گیروگرفتەکانی دواکەوتوویی، جیاوازیەکانی نێوان

وڵاتە پێشکەوتوو و دوواکەوتووەکان، قەیرانە ناوچەییەکان، ململانێی چینایەتی، پیس بوونی ژینگە، لەو جۆرە گیروگرفتانەن. لە هەنگاوی دووەم لە کۆمەڵگە ئاڵۆزو گەشەسەندووەکاندا دەسەڵات دەکەوێتە دەست ڕێکخراوەکان. تەنها ڕێکخراوەکان دەتوانن زانست و زانیاری و تەکنۆلوجیا وەدەست بهێنن و بۆ ئەنجامدانی مەرامەکانیان بەکاریان بهێنن[(٥)].

ئەو ڕێکخراوانە ئامانج خوازن واتە بۆ پێشخستنی ئامانجێک یان مەبەستێکی ئەخلاقی دروست کراون، لەو مەبەستانەش وەک مافی مرۆڤ، دیموکراسی، بروایی ئایینی و ... هتد. ئەو ڕێکخراوانە لە ئەنجامی جەماوەری بوون و ئامانج خوازیدا سەر بەخۆن و ئەو سەربەخۆییەش دەپارێزن. بەڵام بەشێکی زۆری خەرجیەکانیان لە ڕێگەی دەوڵەتەکانەوە وەدەست دێنن هەر ئەوەش چۆنیەتی پەیوەندی ڕێکخراوە نامیرییەکان لەگەڵ حکومەتەکان دیاری دەکات. لەڕاستیدا پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەتەکان زۆر ئاڵۆزە. هاوکات، ڕێکخراوە نامیرییە جیهانییەکان هەرچەند بۆ ئامانجی بەرژەوەندی دارایی کار ناکەن، بەڵام دابینکردنی خەرجی پرۆژەکان دەبێتە هۆی پێشبڕکێ و ململانێ لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا. ڕێکخراوەکان بۆ دابینکردنی خەرجی بە دەوڵەتەکانەوە پەیوەست دەبن. بەڵام ئەو پەیوەست بوونە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی متمانە. پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی و دەوڵەتەکان لە هاوکاری و ململانێ و پێشبڕکێ پێکدێت.

هاوکاری لە ئەنجامی نیازەکانی هەردوولاوە سەرهەڵدەدات. ڕێکخراوە نامیرییەکان کاری ئەوتۆ ئەنجام دەدەن کە دەوڵەتەکان بە هۆی سیستەمی (دیوانسالاری) ناتوانن ئەنجامی بدەن. ڕێکخراوە نامیرییەکانی جیهان پێویستیان بەو پەیوەندییە هەیە بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆیان بپارێزن. بەڵام لە هەمان کاتدا بوونی ئەو ڕێکخراوانە، بوون و کرۆکی دەوڵەتەکان دەگۆڕێت. لەڕاستیدا ئەو دەوڵەتانەی کۆنترۆڵ کارن لە دوو ڕووەوە کەوتوونەتە بەر مشت ومڕ. خواستە گەشەسەندووەکانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی لەگەڵ ئەو متمانە لە دەستدانەی کە جۆری دەوڵەت لە سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات تووشی هات بووەتە هۆی ئەو ئەنجامەی کە ئەمڕۆکە ئازاد کردن و تایبەتمەند کردن، نەهێشتنی دیسپلین و ڕێکخستن، بوونەتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتە سنووردارەکان (محدود) بگۆڕێن بۆ ئایدۆلۆژیا. بەواتایەکی دیکە دەوڵەتەکان لە پاشەکشێ دان. هاوکات، لاوازبوون و لەدیدی هەندێ کەسیشەوە نەمانی پلەبەپلەی دەسەڵاتداریتی وایکردووە کە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان تێکەڵاوبن یان لانی کەم کاریگەریان لەسەریەکدی هەبێت. لەتەنیشت ئەم دیاردەیە، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی - جا چ نەتەوەیی یان نێو دەوڵەتی - لەڕووی تایبەتمەندی و پسپۆڕی و ئامانج یان نیازە پراکتیکیەکان جڵەوی کارەکە دەگرنە دەست. پاشەکشەی دەوڵەتەکان لە بەڕێوە بردنی کاروبار، بوارێکی گونجاو بۆ فراوان بوونی چالاکیەکانیان دەڕەخسێنێ. چالاکی و رابەرایەتی ئەو ڕێکخراوانەش بە نۆبەی خۆی دەبێتە هۆی کشانەوەی زیاتری دەوڵەتەکان. گەشە سەندنی ڕەوتی دیموکراسیش دەبێتە هۆی گورج وگۆڵ بوونی چالاکی و زیاتر پێویست بوونی بەردەوامی ئەو ڕێکخراوانە. ئەوانیش لە پێکهێنانی دامەزراوە حکومییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر تر دەبینن.

## پێکهاتەکان، بەرهەم و پێشهاتەکان

بێگومان گرنگترین بەرهەمی ڕێکخراوە نامیرییە جیهانییەکان هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ بەرهەمی ڕێکخراوە نامیرییەکانی ناوکۆمەڵگەی مەدەنیدا نییە. بەواتایەکی دیکە هاوولاتیان بە کەلک وەرگرتن لەو ڕێکخراوانە دەتوانن لەبەرامبەر دەوڵەت و دەسەڵاتە ئابوورییەکان، بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی میکانیزمی مسۆگەر کردنی پابەندبوونی دەوڵەتەکانن بە یاسا نێو دەوڵەتییەکان و مافی مرۆڤ. هاوکات ڕۆڵی هێزەکانی گوشار (القوی الضاغطه) دەگێڕن: بۆ دەربڕینی سیاسەتێکی تایبەت، گوشار دەخەنە سەر دەوڵەت و بەمەش لە دابەش کردنی قیەم لە سەر ئاستی جیهان ڕۆڵێکی گرنگ و بەر چاو دەگێڕن[(٦)]. دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەر بەوەش ناوەستن و هەنگاوەکانیان دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەو دامەزراوانە لە ڕێگەی کۆ کردنەوەی زانیاری و هاوکاری ماددی و پاراستنی سیاسی، ڕێکخراوە نامیرییەکان لەو وڵاتانەدا دەپارێزن کە سیستەمی سیاسییان

ڕێگره له بەردەم چالاکی ڕێکخراوەکان[٧] . له هەندێ بواردا ئەو دامەزراوانه بوونەته هۆی وەرچەرخان و گۆڕان بەرەو دیموکراسی له ڕێکخراوه حکومییه نێو دەولەتییەکاندا .بۆنموونه(بانکی جیهانی) که وەک ڕێکخراوێک مەیلی گفتوگۆو ڕێککەوتنی نییه و به سوود وەرگرتن له دەسەلاتی ماددی خۆی مەرجەکانی بەسەر لایەنەکاندا دەسەپێنێ کەچی ئەو ڕێکخراوه نامیرییانه توانیان گوشاری بخەنه سەرو هەندێ گۆڕانکاری تێدا بەدی بهێنن[٨] .

لێکۆلینەوەیەکی کورتی چۆنیەتی وەدیهێنانی ئامانجەکان تارادەیەک شێوەی کارکردنی ڕێکخراوه نامیرییه جیهانییەکان ڕوون دەکاتەوە. ڕێکخراوەکانی لایەنگری پاراستنی ژینگه بۆ مسۆگەر بوونی ڕەچاوکردنی خواسته ژینگەییەکان له پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی بانکی جیهانی ، ستراتیژییەکی چوار لایەنەیان دەرکردووه[٩] :

١- پێکهێنانی تۆڕی جیهانی سەبارەت به پرۆژەکانی دروستکردنی بەنداو(سد)له هیندو تبت که مەسەلەکانی ژینگەو نیازەکانی خەلکی ناوچەکەیان تێدا ڕەچاو نەکراوه.

٢- سەرنج ڕاکێشانی ئەمەریکا بۆ گۆڕینی دەستەی بەڕێوەبەری بانک.

٣- چاوپێکەوتنی ڕێک و پێک لەگەل کارمەنده پایەبەرزەکانی بانکی جیهانی بۆ چاودێری کردنی شێوەی چاکسازی .

٤- داواکردنی گۆڕانکاری له پێکهاتەی بانکی جیهانی بەمەبەستی زیاد کردنی دیموکراسی و وەلامدانەوە. (ئاشکراکردنی زانیاری سەبارەت به شێوەی کارکردن)[١٠] .

سەبارەت به پەیوەندی باکوورو باشوور و مەسەلەکانی گەشەسەندن، ڕێکخراوه نامیرییه نێو دەولەتییەکان له باکوور له چاو ڕێکخراوه نامیرییەکانی باشوور، چالاکتر و به هێزترن. له هەندێ ولاتی وەک چین یان هەندێ ناوچەی وەک ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست ئەو ڕێکخراوانه له خراپترین باردان. ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەو ڕووەوه فەقیرترین ناوچەی جیهانه. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەزموون و لەواقیعدا نەبوونی دیموکراسی و دامەزراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی له ولاتەکانی ئەو ناوچەیه.

له ولاتانی باکوور ئەو ڕێکخراوانه ڕۆلێکی کاریگەر دەگێڕن . لەو ولاتانەی که به هۆی بێ موبالاتی دەولەتەکان هەندێ ناوچه یا خود هەندێ چین و توێژ تووشی گیرو گرفت و دواکەوتوویی هاتوون، ئەو ڕێکخراوانه توانیویانه تا رادەیەک گوشاری نەبوونی و دواکەوتوویی کەم بکەنەوە . ئەو مەسەلەیه لەو ڕووەوه گرنگه که هەر ڕۆژێک بەشێکی زیاتری کۆمەکه جیهانییەکان بۆ گەشەسەندن له ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەوە دەگوازرێتەوە . هەندێ له دەولەته گەندەل و ڕزیوەکانی جیهانی سێیەم نەیانتوانیوە ئیدارەیەکی ڕێکوپێک بچەسپێنن و لەو سۆنگەیەوە بەشێکی فراوانی دەرامەتی دەولەت له لایەن دیوانسالاری و چینه پەیوەندارەکان به حکومەتەوە هەل دەلوشرێ. له ئەنجامدا کۆمەلگەی جیهانی هیچ مەیلێک به ناردنی هاوکاری بۆ گەشەسەندنی ئەو ولاتانه نیشان نادات. ڕێکخراوه نامیرییەکان ڕێگەی تازەتر بۆ ناردنی کۆمەک و هاوکاریی گەشه سەندن دابین دەکەن و کۆمەلگەی جیهانیش به هاوکاریکردنی ئەو ڕێکخراوانه قایله . ڕێکخراوه نامیرییەکان به هۆی سیستەمی پەیوەندی و ئاشنایی لەگەل خواستەکانی هەرتمایەتی دەتوانن کاراتر بن و ئەزموونی خۆیان بۆ پێکهاته بڕیار دراوەکان له سەر ئاستی جیهان بگوازنەوە. ئەو ڕێکخراوانه لەگەل فەرهەنگه جیاجیاکان ئاشناییەکی باشتریان هەیه و زۆر تێکەلاوی مەسەله سیاسییەکان نابن.له ئەنجامدا خزمەتگوزاریەکانیان بەپێی خواسته جوگرافی و کەلتوورییه ناوچەییەکان ڕێکدەخرێن.

لەڕووی پێکهاتەی دەروونییەوە، ئەو ڕێکخراوانه له دروستکردنی پێکهاتەی بەربلاوو ئیدارەی دیوانسالاری(دەولەتی) خۆیان به دوور دەگرن. سیستەمه ئیداریەکانیان بچووک و شیاوی گۆڕانه. لەپەیوەندی نێوان ڕێکخراوه نامیرییەکانی جیهاندا دوو دەسته پێکهاتەی گەوره، یەکێک کاتی و ئەوی دیکەش بەردەوام (هەمیشەیی) دروست بووه یاخود خەریکی دروست بوونه.پێکهاته کاتییەکان لەڕاستیدا ئیئتیلافێکی کاتییه له نێوان چەندین ڕێکخراوی نامیری جیهانی و هاو ئامانج و بۆگەیشتن به مەبەستێکی دیاریکراو و تایبەت. دوای گەیشتن بەو ئامانجه دیاریکراوەش ئیئتیلافەکه هەلدەوەشێتەوە ئەو جۆره یەکێتی و ئیئتیلافانه زۆر جار نارەسمین. بەلام پێکهاته هەمیشەییەکان بەکردەوە تۆڕی ئالۆزو جێگیرن که لەلایەن ژمارەیەک ڕێکخراوی نامیری هاو ئامانج پێکهاتووه. بۆ نموونه

کۆنفراسی ڕێکخراوە نامیرییەکان پێکهاتەیەکە لەلایەن ئەو ڕێکخراوە نامیریانەی لەگەڵ ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکارن، دروست کراوە[١١]. ڕێکخراوە نامیرییەکانی پێنج وڵاتی ئەمەریکای مەرکەزی پێکهاتەیەکیان بەناوی (CONTERACTION) دروست کردووە. هەروەها (INTERACTION) کە لەواشنتۆن جێگیربووە ڕێکخراوی نامیرییەکانی ئەمەریکا دەگرێتە خۆی. (EARTHACTION) یان فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی بەرگری لەژینگە (٧٠٠) ڕێکخراوی نامیری لە (٢٥) وڵاتدا دەگرێتە خۆی. سەبارەت بەپەیوەندی نێوان ڕێکخراوە نامیرییەکانی جیهان لەلایەک و ڕێکخراوە نامیرییەکان و دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە حکومییە نێو دەوڵەتییەکان لەلایەکی دیکە، فەرهەنگێکی تایبەتی هەیە. ئەو فەرهەنگە هەمان فەرهەنگی کۆمەڵگەی مەدەنییە، کە لەچوارچێوەی چەمکەکانی وەک گفتوگۆ، ڕێککەوتن، ئارام گرتن، زۆرینە، ڕێزگرتنی ماف وئازادی لایەنەکانی دیکە، کۆدەکرێتەوە.

ئەو فەرهەنگە گۆڕانکاری لە ڕەفتاری دەوڵەتان و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکەشدا وەدیهێناوەو لەو سۆنگەیەوە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە کۆنەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی وردەوردە تووشی وەستان دەبن. دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی هێڵ و ڕێگەی تازەیان بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی پێکهێناوە. ڕەفتاری ئەو ڕێکخراوانە بۆتەهۆی پەیدابوونی ئەندێشەی تازەو دروست بوونی تێڕوانینی نوێ بۆ پەیوەندی مرۆڤەکان لەسەر ئاستی جیهان. بەواتایەکی دیکەش ئەو ڕێکخراوانە دامەزراوی ئەوتۆیان پێکهێناوە کە جێگەی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی بگرێتەوە و ڕۆڵی کاریگەرتر بگێڕێت.[١٢] لەوانەیە ئەنجامی مێژوویی فەرهەنگ وکارکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەبێت کە تیۆری واقیعگەرایی ڕەت بکاتەوەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو هاوکاری و یارمەتیدان ئاراستە بکات. واقیعگەرایی لەسەر بنەمای تێکهەڵچوونی بەرژەوەندییەکان و هەنگاوی توندوتیژی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان دادەمەزرێت لە کاتێکدا دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی فەرمانگە کاری هەمەلایەنە و هەنگاوی هاوبەش بڵاودەکاتەوەو بەو شێوەیە نەک هەر پەیوەست بوونە دوولایەنییەکان پەرە پێدەدات بگرە دەسەڵاتی نەتەوەیی دەوڵەتەکانیش سنووردار دەکات. خاڵی دەستپێکردنی جیهانبینی واقیعگەرایی بریتییە لە ئاژاوەو پەشێوی لەکاتێکدا ئەندێشەی کۆمەڵەی مەدەنیی جیهانی، حکومەت وەک تەوەری کار دەناسرێت و یاسا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەڕێژێ. سەرئەنجام دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی، جیهانێکی ڕووەو دیموکراسی دەکەن بەجێگری سیستەمی بەدوای یەکدا هاتنی دەسەڵات.

## سیستەمی نوێی جیهان و دیپلۆماسی نوێ

سیستەمی نوێی جیهان بەپێی بەجیهانی بوون(العولمە) پێناسە دەکرێت. بەجیهانی بوون واتە بەجیهانی بوونی سەرمایە بەتایبەتیش سەرمایەی ماددی.[١٣] لە(بەجیهانی بوون)دا ئازادی کارو دەسەڵاتی کۆمپانیاکان زیاتر دەبێت بەڵام لەجیاتی ئەوە دەوڵەتەکان کە پارێزەری بەرژەوەندی نەتەوەیی و دارێژەرانی گەشەسەندن و پارێزەری هاووڵاتییانن لە حاڵەتی پاشەکشەدان. لە ئەنجامدا تاکەکەس ڕاستەو خۆو بەبێ واستەی دەوڵەتەکان ڕووبەڕووی کۆمپانیاکان دەبێتەوەو کۆمپانیاکانیش بەکردەوە مەرجەکانی خۆیان بەسەر ئەواندا دەسەپێنن. لەبەرامبەر ئەوانەدا، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی سەرمایەداری جیهانی، ڕاست دەکەنەوە سێ ناوەندی دەسەڵاتی جیهانی واتە دەوڵەت، کۆمپانیا، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی، لەڕەهەندێکی داڕوێنی بەناوی بازاڕدا کاردەکەن. لەبازاڕ هەرکەس یان هەردەستەیەک بەرژەوەندی خۆی دەپارێزێت. ڕەهەندی جیهانی ڕەهەندێکی ململانێ ئامێزە کەتیایدا ڕووبەڕووبوونەوەو دژایەتی ڕوودەدات. مەسەلەی سەرەکی، خودی دژایەتییەکان نییە کە ناتوانرێت لێی لابدرێت بەڵکو چۆنیەتی چارەسەری جیاوازیەکانە کە بەهۆی ئیدارەی کاروباری هاوبەش و ئەو ململانێ و دژایەتیانەوە سەرهەڵدەدات.[١٤]

لەناو ئەو سیستەمانەی هاتوون، دیبلۆماسیەتی دەوڵەت توانای تەواوی نییە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی وەک پەرەپێدانی دیموکراسی، پاراستنی مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە، ئیدارەی تازەی

نێودەوڵەتی لە قاڵبی چەمکەکانی وەک هەنگاوی هاوبەش، هاوکاری و ڕێککەوتندا پێناسە دەکرێت. لەسیستەمەکانی سەرەوەدا گفتوگۆ بەتەواوی لۆژیکێکی میکانیزمی نییە. لەسیستەمی نێودەوڵەتی رابردوو و هەروەهالە سیستەمی نێودەوڵەتی ئێستادا ژمارەیەکی زۆر(بەڵام رووڵەکەم بوونەوە)ی پەیوەندییەکان، سەرئەنجام هێز حوکمڕانە، بەڵام لەسیستەمی تازەدا ئیدارە لە ناوکۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی کارەکانی دەکات و گفتوگۆ لەڕێگەی گفتوگۆی عەقڵەوە ڕۆڵێکی بەرچاوو ڕووڵەزیادی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا دەگێڕێ .نەهێشتنی توندو تیژی و خەڵەتاندن لەناوسیاسەت، بەرئەنجامی فراوانبوونی ڕەهەندی گشتی کۆمەڵگەیەکە کەتیایدا گفتوگۆ جێگای ناچارکردن دەگرێتەوە[(١٥)] لەو هەلومەرجانەدا کرۆک وجەوهەری دەسەڵات گۆڕانی بەسەردا دێت . دەسەڵات تایبەتمەندیی تاکە کەس نییە و تاکاتێک بوونی هەیە کە گروپ و دەستە(کۆمەڵ) لەسەر ژیانی خۆی بەردەوام دەبێت ، واتە دەسەڵات،دەسەڵاتی هەماهەنگی نێوان تاک و کۆمەڵە . لە ناوگروپدا هەماهەنگی کاتێک سەر هەڵدەدات کە ئەندامەکانی گروپ لە هەنگاوە جیاجیا کانیاندا لە ڕێگەی ڕەفتاری عەقلانی واتە گفتوگۆ لە ڕێگەی عەقڵ و لۆژیک لەسەر بابەتێک ڕێک بکەون[(١٦)]. بۆیە ڕەفتاری عەقلانی و دەسەڵات پێویستیان بە پەیوەندی ئازاد هەیە، چونکە مەرجی پێویست بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن ، بوونی پەیوەندییەکی ئازاد و بێ قەیدو شەرتە لە ناوئەکتەرەکاندا . لۆژیکی گفتوگۆ لە سەر ئەو ئەگەرە دامەزراوە کەلایەنی دووەم هەیە و گرنگیی هەیە و خاوەنی مافی خۆیەتی . ئەو لۆژیکە تێڕوانینی ڕەها(مطلق) ڕەت دەکاتەوە و لە جێی ئەوە تێڕوانینی ڕێژەیی دادەنێ . (واتە دەڵێ هیچ شتێک (مطلق) نییە)لۆژیکی گفتوگۆ ئەوە قبوڵ دەکات کە لەوانەیە هەق بەلایەنی بەرامبەر بێت و رای ئەو راست بێت. ئەو لۆژیکە کرۆکی ناسنامە و شێوازی وەدەست هێنانی ناسنامە دەگۆڕێت بۆسیستەمە سیاسییەکان ـ لە بچوکترین یەکە(وحدە) تا گەورەترین ــ وەدەست هێنانی ناسنامە چیتر لەڕێگەی دژایەتی کردن و ڕووبەڕوو بوونەوە ئەنجام نادرێت ومەحاڵە. لۆژیکی گفتوگۆ واتە خۆناسین. وەدەست هێنانی ناسنامە لەڕێگەی پەیوەندی ئازاد لەگەڵ لایەنی دیکە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی بوارێکی ئەوتۆ کە ناسنامەیەکی نوێ و جێگیر بێتە ئارا.

ئەمڕۆکە زیاتر سوود لە شێوازی سیستەمی ئیداری جیهانی -Govern ance وەک شێوەیەکی بەڕێوەبردنی شایستەو گونجاو، وەردەگرێت، (ڕوژئاوا) دەڵێ ئەو شێوازە بەو ڕەهەندەی بەڕێوەبردن دەگوترێ کە لە سنووری حوکمڕانی دەوڵەتەکان و حکومەتە ئەریتییەکان بەدەرە، بەواتایەکی دیکە سیستەمێکی بەڕێوەبردنە کە سیستەم و دامەزراوە حکومییەکانی تێدا نییە و لە حکومەت فراوانترە چونکە تەواوی میکانیزمە ڕەسمی و ناڕەسمییەکان دەگرێتە خۆی[(١٧)]..

تێڕوانین و پێناسەی زۆر بۆ ئەو سیستەمە کراوە بەڵام لێرەدا بە کورتی ئەو سیستەمە لە دیدی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵدەسەنگێنین.

سیستەمی ئیداری جیهانی -Gov ernance بریتییە لە (تۆڕێک لەناو ئەو دامەزراوانەی کە بۆ خۆیان کاری ڕێکخستن یاخود دامەزراندنی خۆیان ئەنجام دەدەن)[(١٨)] چەمکی (خۆدامەزراندن) بریتییە لە دامەزراوە جەماوەرییەکان کە هەڵقوڵاوی ناو خودی جەماوەرەکەن و سەر بە حکومەتەکان نین واتە سەربەخۆن، لە کاتێکدا تۆڕەکان بریتین لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی هاوکاری.

ئەو تۆڕانە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتین بۆ دابەش کردنی قیەم لە ناو مەیدانی سیاسەتی جیهانی و بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕوو لە زیادبوون لە ناو سیاسەتە ناوخۆییەکانیش دا و لەگەڵ چەمکی وەک پلۆرالیزم و بازاڕی ئازاد، بە تەواوی تێکەڵاو بووە، دوو جەمسەری ئەو سیستەمە بریتین لە هەنگاوی بە ئامانج و جوولەی ناوەندی لە ناو تۆڕەکان.

هەنگاوی بە ئامانج بریتییە لە بەڕێوەبردن، کۆنتڕۆڵ و ئاراستەکردنی سیستەمەکان، بەڕێوەبردن و ئاراستەکردن لە ڕێگەی بڕیارەکانەوە دەناسرێتەوە.

تایبەتمەندی جوولەی ناوەندی لە نێوان ئەکتەرەکاندا بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکرێ:

١) ناسینی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ کراو.

٢) قبوڵ کردنی ئەو رایەی کە هیچ ئەکتەرێک توانای ئەوەی نییە بە تەنیا کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکات.

٣) هیچ ئەکتەرێک بە تەنیا تێڕوانینی تەواوی بۆ بەکارهێنانی کاریگەرو باشتری ئیمکانات و کەرەستەکان، نییە.

٤) هیچ ئەکتەرێک ئەو توانایەی نییە کە بەسەر تۆڕی بەڕێوەبردندا زاڵ بێت.

بەو شێوەیە کۆمەڵگایەکی بێ ناوەند (مرکز) دێتە بەرچاو کە تیایدا، دەوڵەتەکان، بازاڕو سیستەمەکانی ڕاوێژی کۆمەڵایەتی-سیاسی تەواوکەری یەکدین و بەرپرسیاریەتی (مسؤلیە) لە نێوان هەردوو بەشی حکومی و ناحکومی (ئامێری) دابەش دەبێت.

سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، سیستەمی ئامانج خوازن و باش بوونی بەرهەمی کارەکانیان بەوەوە بەستراوە کە پەیوەندی ئازادیان هەبێت و سیستەمی بەڕێوەبردنیان نەرم بێت و ڕەفتارەکانیشیان بەپێی یاسا پێشتر داڕێژراوەکان نییە، لە کاتێکدا لە سیستەمی بەڕێوەبردنی نەریتییدا، واتە (دیوانسالاری)، عەقلانیەت و لۆژیکی خودی دیوانسالاری حوکمڕانی دەکات.

بۆیە هەر ڕۆژێک زیاتر شکستی ئەو جۆرە سیستەمانە دەبینین.

## دیپلۆماسی نوێ

لەپەیوەندی نێودەوڵەتی ئێستادا بەڕێوەبردنی کاروباری مرۆڤی هاوبەش چۆن پێکدێت و ڕۆڵی دەوڵەتەکان لە بەڕێوەبردندا چییە؟

دەوڵەتەکان ڕۆڵی هەماهەنگی کردن و ئاراستەکردن دەبینن، بە جیهانی بوونی گەیاندن بووەتە هۆی ئەوەی کە بازاڕ و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی سیاسەتی دەوڵەتان ڕای خۆیان دەردەبڕن و دەوڵەتەکانیش بەناچاری چالاکی خۆیان لەگەڵ سیستەمی ئیدارەی جیهانی هەماهەنگ دەکەن.[19]

لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماسی نوێ، بە کۆمەڵ بوونی دیپلۆماسییە. لە ساڵی ١٩٩٧دا بۆ بە جێبەجێکردنی برگەکانی کرۆکی ڕێککەوتننامەی (دایتۆن)، (٩) نۆ وەزارەت و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی ئەمریکا ،دوانزە وڵاتی دیکە ،(٧)ڕێکخراوی حکومی نێودەوڵەتی و(١٣)ڕێکخراوی ئامێری بەشداریان کرد.[20]

کۆمەکە فریاگوزارییەکانی جیهانی نموونەیەکی گونجاون بۆ بەرهەمی چالاکی ئەکتەرە جیهانییەکانی بواری ڕێنمایی و ئاراستەکردنی تۆڕەکان لە سیستەمی ئیدارەی جیهانیدا.

لە ناوەڕاستی ١٩٨٠ تا ١٩٩٣ خەرجی کۆمەکە فریاگوزارییەکان بۆ دەوڵەتان گەیشتە ٣٫٢ ملیار دۆلار. هەر لەو ماوەیەدا خەرجییەکانی پاراستنی ئاشتی گەیشتە هەمان ڕادە واتە ٣٫٢ ملیار دۆلار. وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ساڵانە ١٠ دە ملیار دۆلار بۆ هاوکاری فریاگوزاری خەرج دەکەن.[21] سێ ڕێکخراو بەشی زۆری گەیاندنی ئەو کۆمەکانە دەگرنە ئەستۆ.

١) بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری مرۆڤ دۆستی لە UN.

UN Department of).(Affairs Humanitarian)، کە بۆ زیاد کردنی هاوکاری لە نێوان دامەزراوەکانی UN لەکاتی شەڕی کوێت دروست بوو.

٢) نووسینگەی کاروباری مرۆڤی کۆمەڵەی ئەوروپا کە لە ساڵی ١٩٩٢ پێکهات(European com-munity Humanitarian office).

٣) ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی

(U.S Agency for International Development).

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهاتەیەکی دوولایەنەی بۆ دروست کردنی هەماهەنگی لە نێوان تۆڕەکان و ئاراستەکردنیان؛ پێکهێناوە. هەندێ جار ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی UN ڕۆڵی (ئاژانس) دەگێڕن، بەو مانایەی کە ئاژانسێک هەماهەنگی و ئاراستەکردنی گەیاندنی هاوکاری لە وڵاتێک یان ناوچەیەک بە هاوکاری ڕێکخراوە ئامێرییەکان، یان ڕێکخراوە ئامێرییە جیهانییەکان - زیاتر بە شێوەی بەڵێندەر - وە ئەستۆ دەگرێت. بۆ نموونە لە (بۆسنیا) کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران (UNHCR) ئەو کارەی وە ئەستۆ گرت.

لەباشووری سودان یونیسیف (UNICEF) چالاکی ڕێکخراوەکانی ڕێکدەخست.

دەوڵەتی فیدراڵی ئەمریکا لە بەجێهێنانی سیاسەتەکانی دەرەوەیدا تووشی گیروگرفتی دوولایەنە بۆتەوە. گرفتی یەکەم لەو دیاردە تازانەی بۆ توانایی دەوڵەتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەکانی وەک بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکان (مخدرات)، پاراستنی دیموکراسی، کۆچ و نا ئارامییە سیاسییەکاندا بەدەر دەکەوێ، گرفتی دووەم دابەزینی ئیمکاناتی ماددییە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥و ١٩٩٧ بودجەی

کاروباری نێودەوڵەتی ئەمریکا بەرێژەی لەسەدا پەنجا (٥٠٪) دابەزی.. لە ساڵی ١٩٨٤ کاروباری دەرەوە (٢٥٪)ی کۆی بودجەی حکومەتی فیدراڵیان بۆ تەرخان کرابوو، لە ساڵی ١٩٩٧ ئەو ڕێژەیە گەیشتە تەنها (١٪) (لەسەدا یەک) لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣_١٩٩٧، (٣٢)سەفارەت و باڵیۆزخانە داخران. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەیان پێکهاتەیەکی نوێ دامەزراوە. حکومەتی کلینتۆن لەوەزارەتی دەرەوەدا بەشێکی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی پێکهێناوە. ئەو بەشە سەرپەرشتی و چاودێری چالاکییەکانی وەک مەسەلەکانی ژینگە، پاراستنی مافی مرۆڤ، گەشەسەندنی دیموکراسی، بەجێهێنانی یاسا نێودەوڵەتییەکان و مەسەلەی کۆچکردن، لەئەستۆی ئەو بەشەدایە و چالاکی ڕێکخراوە جیا جیاکانیش ڕێکدەخات. ئەو ئیمکانیاتەی لە لایەن سێ ڕێکخراوی کاروباری مرۆڤی ئەوروپی و ئەمریکی و UN، کۆدەکرێتەوە زۆر زیاترە لەو ئیمکاناتەی دەوڵەتان دەتوانن بەکاری بێنن یاخود دەیانەوێ بەکاری بهێنن.(٢٢)

## دەرئەنجام

دیاردەکانی بەجیهانی بوون، شۆڕشی گەیاندن و لەناوچوونی پلە بە پلەی سنوورە سیاسییەکان، شێوەیەکی ئەوتۆی داوە بە جیهان کە بۆ وەسفکردنی ناچارین سوود لە نموونەی تۆڕی جاڵجاڵۆکە وەربگرین، لەو نموونەیەدا دەتوانین لەجیاتی وێنە کێشانی جیهان لەسەر بنەمای سنوورە سیاسییەکان، سوود لەسیستەمە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرین، مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە بەشێوەی موعجیزە ئاسا دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەمەیدانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وەلابنێین. بەڵکو حوکمڕانی بەرەو داخوران دەچێت، دەوڵەتەکان لاوازو (محدود) دەبن و وردە وردە شێوەی یەکێک لە ئەکتەرەکان وەردەگرن (هەرچەند تا ئێستاش ئەکتەرێکی بەهێزن). لە کۆمەڵگەی جیهانی ئەمڕۆدا کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی جیهانی بەهێزو بەرەو دروست بوون دەچێت کە دامەزراوەکانی بریتی دەبن لە ڕێکخراوە نامیرییە جیهانییەکان، بەڕەچاوکردنی پەیوەندی هاوکاری نزیکی نێوان ڕێکخراوە نامیرییەکان و ڕێکخراوە نامیرییە جیهانییەکان (سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان) دەبێ بڵێین کە کاری یەکێکیان، بەرهەمی ئەوی دیکەیانە، لە واقیعدا ناتوانین باسی یەکێکیان بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوی دیکەیان بکەین.

دەسەڵاتی جیهانی و سیاسەتی جیهانی لەڕۆژگاری ئێمەدا بریتییە لە پێکهێنانی هەماهەنگی و ڕێککەوتن و لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا و ئاراستەکردنی چالاکییەکانیان بەڕێگەی ڕەفتاری عەقڵانی واتە لەڕێگەی باوەڕ پێهێنان و گفتوگۆوە، لەو بارودۆخانەی باسمان کردن ئەو سیستەمە سیاسییانەی کۆمەڵگەی مەدەنییان نییە لەدوو ڕووەوە ناتوانن شێوەی کارو بڕیاردانی نێودەوڵەتی ڕێکبخەن، یەکەم چونکە دامەزراوە بەهێزو سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان نییە، دووەمیش چونکە ئەزموون و جیهان بینی گفتوگۆ واتە فەرهەنگی کۆمەڵگەی مەدەنییان نییە.

❒

سەرچاوە:
لە اطلاعات سیاسی- اقتصادی، ژ ١٢٧-١٢٨ نیسان و ئایاری ١٩٩٨کراوەتە کوردی

# لیبرالیزم

مەجید محەمەدی

و: عەلی مەعروفی

**پێشەکی:**

یەکێک لە ئەفسانەکانی سەردەمی ئێمە ئەوەیە کە «لیبرالیزم» و «بێ باوەڕی» وەک یەک لە قەڵەم دەدرێن، ئەوانەی دژی لیبرالیزمن، پێیان وایە کە لیبرالییەکان، خائین و گەندەڵکارن، خۆفرۆشن، وڵات فرۆشن، دژی ڕەوشتن، گێرەشێوێن و لاسارن، دژی داب و نەریتن، کلکی ڕۆژئاوان، بێ ناسنامە و ئاژاوەچین، کەوابێ لیبرال واتە بێگانە و دوژمن، یان بەواتای ئەو کەسانە دێت کە ئێمە نامانەوێ بەو سیفەتانە لەقەڵەم بدرێین، بەڵام نووسەر لەو باوەڕەدایە کە ئەم بۆچوونانە بە هۆی ململانێی حزبی ڕووبەڕووبوونەوەی تیۆری و دژکاری و تێکهەڵچوونی بەرژەوەندییەکان و هەندێ جاریش بە هۆی نەفامی سەرهەڵدەدەن، لیبراڵ لە یەک وشەدا بەمانای (ئازادیخواز) دێت، بەڵام کاتێک دەبێتە قوتابخانەیەکی سیاسی هەندێ فاکتەری بەسەردا دەسەپێ کە دەبێ شرۆڤە بکرێن.

زۆر لەو سیفەتانەی کە دراونەتە پاڵ لیبرالیزم لەو بۆچوونە نادروستەوە سەرچاوە دەگرن کە دەڵێ لیبرالیزم واتە «بەڕەوا زانینی هەموو شتێک» لیبرالەکان مەرجەعە پیرۆزەکانی ئەم جیهانە ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە کە حوکمەکانیان تەنها ڕا و بۆچوونی ئەوان دەردەبڕێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە لیبرالیزم ناتوانێ لە هیچ چوارچێوەیەکی دیاریکراودا جێگیر بێت، لیبرالەکان مەرجەعەکانی دەرەوەی مرۆڤ کە ڕەوایی و ناڕەواییەکانی بۆ دیاری دەکات قبوڵ ناکەن و ڕەتیان دەکەنەوە، بەڵام خودی مرۆڤ وئەو بەڵێننامانەی کە بە ئارەزووی خۆی قبوڵی کردوون دەتوانن ڕەوایی و ناڕەوایی بۆ پێناسە بکەن.

لە لیبرالیزمدا هەموو شتێک ڕەوایە، بەڵام نەک بۆ تاکێک، بەڵکو بۆ هەموو سیستەمی کۆمەڵایەتی و تێکڕای تاکەکانی مرۆڤ، تاکێک بە تەنها ناتوانێ باوەڕی بە ڕەوابوونی هەموو شتێک هەبێت، چونکە ئەمە پێویستی بە پارچە پارچە بوونی کەسایەتی تاکەکانە، لە لیبرالیزمدا هەموو شتێک ڕەوایە، بەڵام بۆ هەموان بە گشتی، تەواو وەک ئەو پەندەی کە دەڵێ « بە هەموان هەموو شتەکان دەزانن».

بەو پێیە هێرش کردنە سەر لیبرالیزم یان ڕەوتی ئازادی تەنها لەلایەن کەسانێک ڕەچاو دەکرێ کە بە جۆرێک بیانەوێ ئازادی تاکەکانی مرۆڤ بەر تەسک بکەنەوە (جا ئەوانە هەر جۆرە باوەڕ یان ڕەوشتێکیان هەبێت) یاخود لەوان بخوازن کە پابەندی مەرجەعە دەرەکییەکان بن، لەم ڕووەوە خاڵی بەرامبەری ئازادیخوازی بە واتای ڕەوشت یان ئایینداری و نەریتگەرایی نابێت، بەڵکو خۆسەپاندن و فەرماندان دەبێتە هۆی بەربەست کردنی ئازادییە مرۆییەکان.

خۆسەپاندن و فەرماندان بە تەنهایی خاڵی بەرامبەری دیموکراسین، بەڵام لیبرالیزم و دیموکراسی لەوەدا جیاوازن کە دیموکراسی حکومەتی گەلە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە «هەر چییەک گەل بیخوازێ» ( تەنانەت زۆرداریی و سنووردارکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان»، هەر بۆیە زۆربەی هێزە دیموکراتییەکان دژایەتی لیبرالیزم دەکەن، لیبرالییەکان دژی هەر جۆرە مەرجەعێکی دەسەڵاتدارن کە بیەوێ ئازادییەکان بەرتەسک بکاتەوە تەنانەت ئەگەر ئەو مەرجەعە دەسەڵاتدارە، بیەوێ پەرە بە عەدالەتی کۆمەڵایەتیش بدات و، ئاسایش دابین بکات و خۆشگوزەرانی فراوان بکات و قیمەکانی دیکە- جگە لە

ئازادی- بەهێزبکات .

بەبێ بوونی دیموکراسی ناتوانرێ بیر لە لیبرالیزم بکرێتەوە، چونکە دەبێ سەرەتا گەل حوکمڕان بێت تا بتوانێت ئازادیە تاکە کەسییەکان پەرە پێبدات ، بەڵام بەبێ بوونی لیبرالیزم دەکرێ بیر لە دیموکراسی بکرێتەوە . هەر بۆیە لە ئێران ئەوانەی بە توندی دژی لیبرالیزمن ، لە دژی دیموکراتەکان نادوێن و هەندێکیان خۆیان بن ، وا پێویست دەکات دژی لیبرالیزم بن و قبوڵی نەکەن .

هەر مرۆڤێکی ئایینی دار دەتوانێ ، فاشیست ، دیموکرات، سەرمایەدار، سوسیالیست، دوا ڕۆژخوازی، دەمدەمی ، نەریتگەرا، پاوانخواز و ..هتد بێت، ئەو مرۆڤە دەتوانێ لیبرالیش بێت هەموو ئەو سیفەتانە ئەوانەن کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەسەر مرۆڤدا دەسەپێن و لیبرالیش یەکێکە لەو سیفەتانە.

ئەفسانەکانی دژی لیبرالیزم وەک ناسنامەی فەرهەنگی راستیی، غیرەت، دەمارگیری، رەسەنایەتی و شتی دیکەی لەو بابەتە بە گشتی ئەو ئەفسانانەن کە نەک هەر بەشێک نین لە دین، بەڵکو لە پێشتریشن، لەم ڕووەوە سەقامگیرکردنی ئەم ئەفسانانە بە مانای ئایینداری نییە و گوێ پێنەدانیشیان مانای بێ دینی ناگرێتەوە، ئەگەر هەر جۆرە ناکۆکییەک لە نێوان ئەوانەدا بە نیشانەی بێ بەهایی لایەنەکەی دیکە لە قەڵەم بدەین، ئەوە لە ناخی ئەو باوەڕدارییەوە سەرچاوە ناگرێ کە ئەگەر ئایینی لیبرالیزم بەرزی و نزمی رەت بکاتەوە، ئەوە بەدژی ئایین تاوانباری بکەین، رەتکردنەوەی بەرامبەر تێڕوانین لە دەروون و ڕەشبینی بەرامبەر بێگانەکان ئەو ڕوانگەو بۆچوونە ئایینییەنین کە ئەگەر ئایینی لیبرالیزم رەتیان بکاتەوە ئەوە لە ئایین دوورکەوتبێتەوە. بنەما میللی و قەومییەکانیش پەیوەندییەکی تایبەتییان بە ئاینداریەوە نییە ، کەواتە ناگونجێ هەر جۆرە شیکردنەوەیەکی ئەم چەمکانە بە ئایینداری ناوزەد بکەین.

لەم گوتارەدا مەبەست لە ئایینی لیبرالیزم ئەوەنییە کە مانەوێ ژمارەی ئایینەکان زیاد بکەین یان جارێ ئەوە لێبدەین کە مرۆڤەکان لە ئایینی خۆیان دووربکەونەوە و باوەڕ بە لیبرالیزم بێنن دەکرێ سیفەتی «لیبرالی» بخرێتە پاڵ هەر کامێک لە ئایینەکانی دیکە بە مەرجێک ئەو ئایینە بەو شێوەیە شرۆڤە بکرێ کە بتوانێ چوارچێوەی ئەو بنەمایانەی کە ئازادیخوازیان پێوە بەندە لە خۆیدا بگونجێنێ، بەڵام ئەوە ناگونجێ کە ئایینی لیبرال لەگەڵ ئەو ئایینە نەریتگەرایانەدا کۆبکەینەوە کە پێیان وایە بریتییە لە شیکردنەوەی ئەو بنەمایانەی کە دەبێ مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا رەچاویان بکات، بەپێی بۆچوونی نەریتگەرایی (ئوسولیەت) لە بنەڕەتدا ئایین لە کۆمەڵگەیەکدا دێتە ئاراوە کە ئازادی بەسەر بە هاکانی دیکە دا باڵادەست نییە و چوارچێوە یاساییەکانیش لە بنەڕەتەوە هەوڵ دەدەن ئازادی بەرتەسکتر بکەنەوە، بەڵام لە ڕوانگەی لیبرالیزمەوە ئەرکی بنەما یاساییەکان هەوڵدانە بۆ زیاتر برەوپێدانی ئازادی لەناو کۆمەڵگادا ئێمە لەم بابەتەدا سەرەتا باسێک لە لیبرالیزم دەکەین دوای ئەوە هەوڵ دەدەین ئەوە روون بکەینەوە کە مرۆڤێکی ئایینی دەتوانێ تایبەتمەندی لیبرالیزمی هەبێ؟ ئایینێک کە خۆی لە چوارچێوەیەکی لیبڕالیدا جێگیر دەکات بە ئایینی لیبڕالیزم ناودەبرێ و ئیلاهییات و ڕەوشت و بنەماکانیشی لیبڕالی دەبێت. تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێمە سەبارەت بە ئایینی لیبرالیزم تێڕوانین و هەڵسەنگاندنێکی مێژووییانە نییە تا بتوانین ئەم دیاردەیەش وەک بەرهەمێکی شۆڕشی پیشەسازی و بۆرژوازی رۆژئاوایی ناوزەد بکەین، هەروەها تێڕوانینی ئێمە بۆ ئایین تێڕوانینێکی دیالۆگی نییە کە جەوهەرەکەی بە بنەمایەکی باوەڕداری بزانین .مەبەست لەم بابەتە ئەوەیە، بەبێ لایەنی و بە ئەندێشەیەکی ئازادەوە بنەماکانی لیبرالیزم و ئایینی لیبرالیزم شرۆڤە بکەین، تەنانەت ئەگەر بمانەوێ لایەنگریی یان دژایەتیی دیاردەیەک بکەین بەر لە هەموو شتێ پێویستە ئەو دیاردەیەی کە مەبەستمانە بەتەواوی بناسین و زانیاریی پێویستمان لەسەری هەبێ، خاڵی کۆتاییش ئەوەیە کە ئایینی لیبرالیزم وەک تیۆریەک لە تیۆرییەکانی دیکە لە هەڵەو کەم و کورتی و ڕەخنە بەدوور نییە، بەڵام کاتێک تیۆری و بۆچوونێک دەکەوێتە بەر رەخنە بەو مانایە نییە کە تیۆرییەکانی دیکە لەو کەم و کورتییە بێبەشن، بەگشتی هەموو تیۆر و ئایدۆلۆژیاکان خاڵی بەهێز و لاواز و گیروگرفتی تایبەت بە خۆیان هەیە و مرۆڤەکانیش لە هەڵبژاردنی هەر یەکێک لەو ئایدۆلۆژیایانە دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەن .ئێمە لەم باسەماندا رەخنە لە ئایینی لیبرالیزم ناگرین، بەڵکو دەمانەوێ ئەوە روون بکەینەوە کە بۆچوونێکی لەم جۆرە دەکرێ لە ئارادابێت و دەکرێ کەسانێک بەبێ ئەوەی سیخوڕبن یان هەر سیفەتێکی نێگەتیڤی دیکەیان هەبێت بتوانن لەیەک کاتدا لیبڕاڵ یان ئایینداربن.

## لیبرالیزم چییە؟

دەتوانین بە کورتی بڵێین لیبرالیزم واتا بەرەوپێش بردنی ئازادی بە جۆرێک کە لە پێش هەموو بەهاکانی دیکەوە بێت لەهەر کات و ساتێکدا و لە هەر بوارێکدا.

مرۆڤی لیبراڵ هەر کاتێ ناچار بکرێ لە تەنگژەیەکدا لە نێوان ئازادی و دادپەروەری کۆمەلایەتی، ئازادی و ئایینداری، ئازادی و خۆشگوزەرانی، یەکێکیان هەڵبژێرێ، بێگومان ئازادی لە پێش هەر یەکێک لەو بابەتانە دادەنێ و هەڵیدەبژێرێ، مرۆڤی لیبراڵ لەوانەیە چەند بەهایەکی تایبەت بە خۆی هەبێت و بۆ پاراستنی ئەو قیەمانە ئازادی دەوێت، بەلام هەر لەو کاتەشدا ئەو ئازادییە بە خەڵکانی تر دەدات کە قیەمی تایبەت بە خۆیان هەبێت. بۆ مرۆڤێکی لیبراڵ ئازادی نابێتە سەرەکیترین و تاکە بەها. ئازادی ئەو چوارچێوەیە کە هەموو بەهاکانی دیکە بە جۆرێک پێیەوە بەندن، لایەنەکانی دیکەی لیبرالیزم پەیرەوی ئەو بنەمایە دەکەن، یەکێک لە پێویستییەکانی ئەو بنەمایە بریتییە لە «مافی جیاواز ویەک ڕەنگ نەبوون و بیرکردنەوەی جیاواز» ئەگەر مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی بۆچوونەکان و هەڵسوکەوت و تێڕوانینەکان و جۆری ژیانی خۆیاندا ئازاد بن ، لە ناخی ئەو سەربەستی و ئازادییەدا جیاوازیی و ڕەنگاوڕەنگی دێتە دەست، لەوانەیە هەر کەسێک لەو مەیدانەی جیاوازیەکاندا، ڕاستییەک بدۆزێتەوە، بەلام لە جیهانی واقیعییەتدا ئێمە ڕووبەڕووی «حقائق» دەبینەوە نەک «حقیقت».

پێویستییەکی دیکەی ئەو بنەمایە بریتییە لە «بالایی ئازادی بەسەر دەسەلاتدا» و لە بنەڕەتدا دەسەلاتێک شەرعیەتی دەبێت کە بتوانێ چەند پەیمان و ڕێککەوتنێک بسەپێنێ و بە هۆیانەوە زۆرترین ئازادی بۆ زۆرترین ژمارەی مرۆڤ دابین بکات هەر لەو ڕوانگەیەوە سیاسەت، یاسا ، سیستەمی حقوقی، ئایین، ڕەوشت و سیستەمی پەیوەندیی لە کۆمەڵگەیەکی لیبرالیدا بە جۆرێک ڕێکدەخرێ کە ئەو بالابوون و پێشخستنەی ئازادی، بریندار نەبێت بە پێچەوانەی کۆمەڵگەکانی نا لیبرالی کە لەواندا بە هاکانی دیکە وەپێش خراون» بڕوانە خشتەی ژمارە١

پێویستییەکی دیکە ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە مەرجەعێکە بەو مانەیە کە ئەگەر کەسانێک مەعریفەیان دەسەلاتی خۆیان بە بالاتر لە ڕەخنە بزانن ئەوە لە مەرجەعیەت لادەدرێن. مەرجەعیەتی سەرچاوە زانستیی یان سیاسییەکان بەوەوە بەستراوە کە تا چەند دەتوانرێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانە هەڵبسەنگێنرێن نەک بە پەشت بەستن بە مەعریفە و دەسەلات بە جۆرێک کە لەسەرووی ئازادییە تاکە کەسییەکانەوە بێت، ڕەتکردنەوەی ئەو جۆر مەرجەعانەیە کە دەرفەتی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە هەولدان و هەڵەکردن سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پانتاییەکی گشتی و بەشداربوونی هەمە لایەنەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا دەڕەخسێنێ، باوەڕی پێشووی ئەم ڕەتکردنەوەیە بەهەڵە داچوونی مرۆڤ و پێویستی ئەو بە فێربوونە لە خەڵکی تر.

هەڵبەت لیبراڵیزم بنەما و گریمانەی دیاریکراوی هەیە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین، یەکێک لەو بنەمایانە قبوڵکردنی واقیعیەتی هەڵە و تاوانە، ئەو مرۆڤەی ئازادە دەتوانێ ڕێگایەکی واقیعی بگرێتە بەر یان بە پێچەوانەوە دەتوانێ لە ڕێگەیەکی چەوت و هەڵەدا هەنگاوبنێ، دەتوانێ بەرامبەر مرۆڤەکانی دیکە خراپەی کردبێ و دەشتوانێ سوود بە مرۆڤەکانی دیکە بگەیەنێت، ئەو کەسانەی دەیانەوێ جیهان لە تاوان و هەڵە پاک بکەنەوە ناتوانن لیبرالی بن، بەلام تاکی مرۆڤی لیبرالی دەتوانێ لە ڕەوتی کەمکردنەوە و لاواز کردنی هەڵە و خراپەکاری و چەوساندنەوەی مرۆڤەکان تێبکۆشێ.

بنەمایەکی دیکە ئەوەیە کە هەموو بابەتێک لەم جیهانە دا«مرۆڤی» بێت ،ئەفسانە و میتۆلۆژیاکان دەستکردی مرۆڤن و ئەوە مرۆڤە کە ڕەنگی خۆی لە فیکر و سیستەم و زیندەوران دەدات.

بنەمای سێیەم ئەوەیە کە بەبێ بوونی ئازادیی هیچ بەهایەکی دیکە مانای نابێت بۆ نموونە مرۆڤەکان کاتێک دەتوانن بنەمایەکی ڕەوشتی بۆ خۆیان دیاری بکەن کە ئازادیان هەبێ ،پێشکەوتنی ئازادی لەچاو بەهاکانی دیکە بنەمایەکی بابەتییە نەک شتێکی سەلمێنراو و چەسپێنراو. ئەو کەسانەی ئەو بنەمایە هەڵدەبژێرن لە ڕاستیدا ئەو بنەمایە و پەیڕەوەکانی ئەو بنەمایەش بەسەر هەموو پێویستی پەیڕەوەکانی دیکە زاڵ دەکەن، لەو ڕووەوە ناکرێ بە هێنانەوەی بنەمای عەقلانی مرۆڤەکان بەلای لیبرالیزمدا رابکێشرێن، بەلام بە خستنەڕووی پێشکەوتنەکان پێویستی و پەیڕەوکەرەکانی بەهاکانی دیکە دەکرێ گونجاوی ئەو بنەمایە بسەلمێنرێت (خشتەی ژمارە ١)

ئەو دوو خاڵەی کە لەوانەیە بۆ نەریتگەراکان پڕ بایەخ بن بریتین لە (ڕەوشت) و (ئایین)، بۆ ئەوەی ڕێ لە هەر

گومان و لێکدانەوەیەکی هەڵە بگرین پێویستە پێناسەیەکی ئاشکرای ئەم دوو دیاردەیە لە کۆمەڵگایەکی لیبرالیدا بخەینە روو «رەوشتی نەریتی، بۆ مرۆڤ بریتییە لە یاسایەکی پیرۆز کە لەلایەن رەوتێک یان هێزێکەوە بۆی دیاریکراوە، ئەو یاسایانە هەڵقوڵاوی کتێبێکی پیرۆزن کە جێگەی هیچ دەستێوەردان و ئاڵوگۆڕنین، جەوهەری ئەو رەوشتە مل کەچبوونی مرۆڤە لە بەرامبەر حوکمەکانی مەرجەعە پیرۆزەکان، بەڵام رەوشت لە کۆمەڵگەیەکی لیبرالیدا پابەندبوونە بەو بنەمایانەی کە دەستکردی مرۆڤن».

لەو بنەمایانەش بترازێ ئێمە رووبەرووی یاسا دەبینەوە کە ئەویش لە رێگەی نەریتەکان و رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیاری دەکرێت و رێی پێدەدرێ و لەو شوێنانەشدا کە ناکۆکی و رای جیاواز دێتە ئارا، ئەوە راوبۆچوونی نوێنەرانی خەڵک یان خودی خەڵکەکە ئەو گرفتانەیە کلایی دەکاتەوە . لەچوارچێوەی ئاینداری مرۆڤەکانیشدا ئەوە هەر مرۆڤە ئایندارەکانن کە دەتوانن تەوەر و بنەماکانی شێوەی ئاینداری خۆیان دیاریی بکەن، کۆمەڵگەیەکی لیبرالی کۆسپ ناخاتە بەردەم ئاینداریی مرۆڤەکان ،تەنها کاتێک نەبێ کە ئایینی ئەو خەڵکانە ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافی خەڵکانی دیکە یان مافی لایەنێک.

ئایندارەکان لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا دەتوانن سەر لە مەرجەعە دینییەکانیان بدەن و دەشتوانن ئەو کارە نەکەن رای خۆیان سەبارەت بە نووسراوە پیرۆزەکان دەربڕن، یان رای خەڵکی دیکە پەسند بکەن و مافی ئەوەشیان هەیە لایەنە ئایینییەکان رەچاو بکەن یان بە پێچەوانەوە رەتیان بکەنەوە لە ئاستێکی گشتی و هەمە لایەنەدا ،یاسا یان فاکتەرە تەوژم هێنەرەکان، جگە لە داب و یاسە سەپێنەرەکان نامێننەوە. هەڵگرتنی کۆسپە کۆمەڵایەتییەکان (نەخوێندەواریی) مەعریفەناسی (ئەوەی کە هەمو کەسێک بۆی نەبێت نووسراوە پیرۆززەکان شرۆڤە بکات)، هەر لەکاتی لاوازبوون و لە ناوچوونی کارایی سەرچاوە ئایینییەکان ئەو مافە دەداتە مرۆڤەکان کە لە جۆر و شوێنی هەڵبژاردنی ئایینی دڵخوازی خۆیاندا ئازاد بن.

لەو روانگەیەوە داهێنانەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەکاندا نەشەیتانیین و نەوەک پێویستیش «الهی»، بەڵکو وەک دیاردەی سروشتی لە قەڵەم دەدرێن، هەروەها لێکدانەوەی مرۆڤ لەسەر بۆچوونە ئایینییەکانی دیکە لەگەڵ خستنەرووی وێنەیەکی کاریکاتێریی لەوان نابێت و بۆچوونەکانی دیکە بە مردوو لەقەڵەم نادرێن.

## تایبەتمەندییەکانی ئایینی لیبرالیزم

ئایینی لیبرالیزم چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە خوارەوە ریزبەندی کراون:

١- لە ئایینی لیبرالیزمدا هێڵێکی جیاکەرەوەی دیاری کراو و هەمیشەیی «کۆمەڵایەتی» لە نێوان ئاییندار و بێ ئایینەکاندا نییە ،لەبەر ئەوەی هەر جۆرە خۆ دەرخستنێکی ئایینداران دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادییە تاکە کەسییەکان.

ئایینی لیبرالیزم ئەو ئایینەیە کە هەموو مرۆڤەکان بە ویست و ئارەزووی خۆیان هەڵیدەبژێرن و هەر کاتێ بیانەوێ بە ئارەزووی خۆیان لێی جیادەبنەوە، لەو رووەوە مرۆڤەکان دەتوانن لەسەرمێکدا ئاییندار و لەسەردەمێکی دیکەشدا بێ ئایین بن، ئایینداری وبێ ئایینی لە ئایینی لیبرالیزمدا سیفاتێکن کە لەلایەن خودی مرۆڤەکانەوە بە خۆیانەوە دەلکێنرێن نەک لەلایەن خەڵکی ترەوە ،لەو رووەوە هەر جۆرە خۆدەرخستنێکی رووکەش لە ئاینداریدا بەبێ ماناو بێ کەڵک لە قەڵەم دەدرێ.

ئایینییەکانی دیکە وەک کۆشکێکن کە تەنها دەتوانێ لێیان بچیتە ژوورەوە، بەڵام لە ئایینی لیبرالیزمدا مرۆڤ ئازادە لە چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەش، هەر لەو رووەوەیە کە ئێمە پێمان وایە لیبرالی بوونی ئایین، چوونە ژوورەوەی مرۆڤ بۆ ناو بواری ئایینداری ئاسانتر دەکات، چونکە مرۆڤەکان خۆیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نابەستنەوە.

شێوەی ئایینداری لە ئایینەکانی دیکە دا بریتییە لە «یەکجار بۆ هەمیشە»، بەڵام لە ئایینی لیبرالیزمدا بریتییە لە «هەمیشە و هیچ کاتێک» ئایینی لیبرالیزم سنووری تایبەتی نێوان ئایینداری و بێ ئایینی هەڵناگرێ، بەڵکو ئەو سنوورە پتەو دەکات. تەنها مرۆڤێکی سەربەستە کە دەتوانێ ئایینداری و بێ ئایینی خۆی بەشێوەیەکی خوازرا و دیاری بکات و ئێمەش لەو حاڵەدا لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ئەوان بە ئاییندار یان بێ ئایین لە قەڵەمیان دەدەین.

گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتی «حکومەتی ئایینی

بە مـانای حکومـەتی زانا ئایینییـەکـان و دادوەربوونی ئایین» بۆ ئایین بریندار‌بوونی سنووری نێوان ئاییندار‌ی و بێ ئایینییە لەبەرامبەر ئەوەشدا بناغە و ڕوانگەکانی کۆمەڵگەی لیبرالی ئەو سنوورە بە ئاشکرایی دیلێتەوە، حکومەتی ئایینی مەترسییەکانی بێ باوەڕی زیاتر دەکات و پلە و پایە و ئیمتیازاتی ئایینی پەرەپێدەدات و لەو ڕووەوە شێوازی گۆڕینەوە و سیستەمی وەدەستهێنان و لە دەست دانەکان تێکەڵ دەکات.

هەر کاتێ لایەنە ڕووکەشەکانی بێ باوەڕی ببنە هۆی وەدەست هێنانی سـامـان و پلە و پایە و دەسـەڵات و ڕەچاونەکردنی ئەو دیاردانە ببێتە هۆی بێ بەهرەیی لەو بابەتانە. ئەوە ئیتر ناتوانرێ حوکمی ئاییندار‌ی یان بێ باوەڕی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنین، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئاییندارانەوە ئەگەر لەسەردەمێکدا دەوڵەتی ئایینی دەبووە هۆی بەهێزکردنی ڕەوتی ئاییندار‌ی ، هەر خۆی وەک ئامرازێکی نیشاندەری جیاوازییەکان دەبووە هۆی بریندارکردنی سنووری نێوان ئاییندار‌ی و بێ باوەڕی.

٢- جۆری کردار و چوارچێوەی ئایینی لیبرالیزم لەلایەن ئازادییەوە پێناسەدەکرێ، ئایینەکانی دیکە ڕادەو سنووری ئازادی دیاری دەکەن، بەڵام لێرەدا ئەو ئازادییە کە شێوازی کار و چوارچێوەی ئایینی لیبرالیزم دیاری دەکات، لە چوارچێوەی ئایینی لیبرالیزمدا گرنگی ئاییندار‌ی لە ئازاد بوونی ئەو ئایینەدا سەرچاوە دەگرێ و ئەو ئاییندارییەی کە مرۆڤ لە ژێر زەبری هێز دادەنێ و بیر لەوەدەستهێنانی دەسەڵات و خۆسەپاندن دەکاتەوە، هیچ بایەخ و بنەمایەکی پێ نادرێ.

ئازادبوونی ئاییندار‌ی هەندێ باجی هەیە کە دەبێ ئایینی لیبرالیزم ئەو باجانە بدات.

بۆ نموونە دەبێ ئەو جیاوازییە ئایینانە پەسند بکات کە لە ئازادییەوە سەرچاوە دەگرن و ئەو دەرفەتە بە ئەندامان و مووریدەکانی خۆی بدات کە لەچوارچێوە ئایینیەکەی خۆی بڕۆنەدەرەوە یان ئایینەکانی دیکە پەسند بکەن و داوای مافە ئاینییەکانی خۆیان بکەن و هەر جۆرە پەیوەندییەکیان ویست، بتوانن لەگەڵ خوای خۆیان گرێی بدەن.

ئاییندارانی لیبرالیزم بە هۆی پەسندکردنی بنەما و ڕوانگە فیکرییەکانی لیبرالیزمەوە دەبێ بەهەموو توانایانەوە ئەو مەترسییە قبوڵ بکەن کە لەوانەیە لە ناخی هەڵس و کەوتە ئازادیخوازانەکەی خۆیاندا خۆسەپاندن و فاشیزم سەرهەڵبدات، خۆسەپاندن و فاشیزم ئەنجامی لۆژێکی لیبرالیزم نین، بەڵکو بەرهەمێکی ناڕاستەوخۆ و لاوەکی ئەو دیاردەیەن و لە ئازادبوونی نەیارانی ئازادی و بەرەوا زانینەوە سەرچاوە دەگرێ.

هەر بە هۆی پێشخستنی ئازادی بەسەر ئاییندایە کە لە نێوان ئایینی لیبرالیزم و ئایدیۆلۆژیای نەریتگەراکاندا بۆشایی دروست دەبێت.

ئایدیۆلۆژیای نەریتگەراکـان، هەروەک هەمـوو ئایدۆلۆژیاکانی دیکە حوکمەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنن و مافی جیاوازبوون و بیرکردنەوەی جیاوازیان لێ زەوت دەکەن، هەر چەندە زۆرنەریت هەیە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگەدا هەن، بەڵام لەو کاتەشدا ئەو مافە نادرێتە نەریتگەراکان کە داب و نەریتی خەڵک بەرتەسک بکەنەوە دیارە لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا نەریتگەراکان لە مافی خۆیان بەهرە مەند دەکرێن، بەڵام نەک بەو مانایەی مافی خەڵکانی دیکە پێشێل بکەن، ئایینی لیبرالیزم بنەما و ڕوانگە فیکرییەکانی ئازادییەکی تەوەریی دەکاتە شتێکی دەروونی و ،ئازادیخوازیی ئایینیش لە پێویستییەکی ڕۆژانەوە دەگۆڕێ بۆ ئامانجێکی دیاری کراو.

٣- یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بریتییە لە مافی دیاریکردنی ئایین، واتە مافی ئاییندار‌بوون یان بێ باوەڕبوون بەهەمان شێوە کە مرۆڤەکانی دەتوانن باوەڕداربن مافی ئەوەشیان هەیە کە خۆیان بەبێ باوەڕ بزانن لە ڕاستیدا مافی ئاییندارِیی لەبەرامبەر مافی بێ باوەڕی «مانای ناوەڕۆکی هەیە، لەو کۆمەڵگایانەی کە مرۆڤەکانی لە ژێر فشاردا ناچار بە ئاییندار‌ی دەکرێن، مافی ئاییندارِیی بریندار دەبێ، هەروەها لەو کۆمەڵگەیەشدا کە مرۆڤەکان بە هۆی بێ باوەڕییەوە لە ژێر فشار بن دیسان مافی باوەڕداریی بریندار کراوە. لە چوارچێوەی ئایینی لیبرالیزمدا ئیمانی مرۆڤەکان شتێکی پارێزراونییە و لەدەست چوونیشی دەبێتە دیاردەیەکی سروشتی و مرۆڤایەتی، لەچوارچێوەی ئەو ئایینییەدا ،نە ئاییندار‌ی تاوانە و نە بێ باوەڕی وەک ئەرکێکی دیاری کراوی مرۆڤ نین و ئایینی لە کۆمەڵگە ئایینییەکاندا جەخت لەسەر مافی بێ باوەڕبوون دەکاتەوە و لە کۆمەڵگە نائایینییەکانیشدا مافی ئاییندار‌بوون بەهەمان شێوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

لە پاڵ مافە سیاسییەکان و مافە کۆمەڵایەتی و کەلتوررییەکان دەکرێ بەشێک لە مافە ئایینییەکانیش پێناسە بکرێن، مافی گۆڕینی ئایین، مافی وازهێنان لە

ئاین، مافی دەست نیشانکردنی ئاینێک ،مافی بەشداری کردن لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئاینیەکان، مافی رادەربڕین سەبارەت بە بابەتە ئایینییەکان مافی بلاوکردنەوەی نووسراوە ئایینییەکان مافی پروپاگەندەکردن بۆ ئایینێکی تایبەت ، مافی گەڕانەوە بۆ مەرجەعە ئایینییەکان مافی بەهرەمەندبوون لە پەروەردەکردنی ئایینی و ..هتد بە بەشێک لەو مافە ئایینیانە لە قەڵەم دەدرێن، ئەو مافانەش یەکلایەنین واتا ئێمە ناتوانین تەنیا ئەو مافە بە خەڵکانی دیکە بدەین کە باوەڕ بە ئایینی ئێمە بێنن و لە ژێر کاریگەری پروپاگەندەکانی ئێمە دا بەشداری کۆڕکۆبوونەوە ئایینییەکانمان بکەن، بەڵکو ئەگەر ئێمە لەو جۆرە مافانە بەهرەمەندبین، بێگومان خەڵکانی دیکەش ئەو مافەیان دەدرێتێ. ئازادیی ئایینداری بەبێ دیاری کردنی ئەو مافانە تەنها خەیاڵێکە، بەڵام دیاریکردنی مافی دیکەی وەک نکوڵی کردن لە بوونی خوا، هەڵگەڕانەوە لە ئایین و مافی دیکەی لەو چەشنە ئەو حوکمانەن کە ئایینداران بۆیان هەیە بەسەر کەسانی دیکەدا بیانسەپێنن، بەڵام ڕەچاونەکردنی خەڵکانی دیکە لەسەر بنەمای ئەو حوکمانە بە مانای دەرچوون و دوورکەوتنەوەیە لەچوارچێوەی باوەڕی لیبرالیزمدا ئەو ئایینداراانەی کە لەهەموو سەردەم و کاتێکدا جەخت لەسەر ئەو حوکم و بڕیارانە دەکەنەوە و تەنها ئەو گۆڕانکارییانەیان لاپەسندە کە لەبەرژەوەندی ئایینییەکەی ئەوان بێ دەبێ بە ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤ و لیبرالیزم ڕەتبکەنەوە.

لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا لەوانەیە تێکڕای خەڵک بیانەوێ ئەو حوکمانە جێبەجێ بکەن کە ئایینی نین و هەڵگری کوفرن، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی لیبرالیدا ئەو حوکمانە بە ئەنجام ناگەن، چونکە لەگەڵ بنەماکانی لیبرالیزمدا ناگونجێن.

٤- ئایینی لیبرالیزم شێوازێکی ژیانە ئایینەکانی دیکەی نا لیبرال جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە مرۆڤەکان یەک ڕەنگ بن و ئەوانیش بە ئاسانی بگۆڕێن بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتاری -شمولی. لەکاتێکدا ئەو ئایینانە تەنها شێوەیەکن لە شێوەکانی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دەکرێ کۆمەڵە خەڵکێک لە کۆمەڵگەدا هەبن کە ئەو شێوە ژیانە بۆ خۆیان ڕەچاو بکەن، بەڵام ئایینی لیبرالیزم لەچوارچێوەی شێوەیەکی ژیان و درێژە پێدانی جۆرێکی پراکتیکی لەو ژیانە و جۆرە تێڕوانین و بۆچوونێک لەسەر جیهان دەبەسترێتەوە، هەروەک چۆن جۆری بۆن- عطر-یان ڕەنگی جل و بەرگی هەموو مرۆڤەکان ناکرێ لە چوارچێوەیەکدا دیاری بکرێن و بینە گشتگر. ئایینی لیبرالیزمیش لەچوارچێوەی خودی مرۆڤدا دەمێنێتەوە و لە کاتی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە کردنیشدا بەشێوەی دەستنیشانکردن دێتە کایەوە ئاییندارێکی لیبرالیزم دەتوانێ جیهانێکی پڕ لە فریشتە بهێنێتە بەرچاوی خۆی، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی ئەوەی نییە ئەو کەسانە سەرزەنشت بکات کە جیهان پڕ لە شەپۆل دەبینن. لە ئایینی لیبرالیزمدا ئایدۆلۆژیا ئایینییەکان لەسەرووی ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەوە دانانرێن،بەڵکو تەنها وەک یەکێک لەو ڕوانگەو ئایدۆلۆژیایانە لەقەڵەم دەدرێن. لەو ڕووەوە باوەڕهێنان بە ئایینی لیبرالیزم بەمانای وەلانانی ئایین نییە ، بەڵکو بۆ زیاتر چەسپاندنی ئایینە ئایینی لیبرالیزم هەر چەند بە شێوەیەک لە شێوەکانی ژیان و جۆرێک بیرکردنەوە پشت ئەستوورە، بەڵام ئایدۆلۆژیا و بۆچوونەکانی دیکە ڕەت ناکاتەوە و بێ بایەخیان لەقەڵەم نادات، ئەگەر بمانەوێ ئایین لە کێشە مرۆڤایەتییەکاندا ڕۆڵی دادوەری بگێڕێ، ئیتر پێویستمان بەوەنییە کە بە «ئایینی زۆرینە» یان «ئایینی کەمینە» ناوی بیەین، بنەماکانی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئایینی لیبرالیزمدا لەو جۆرە پێناسانە دوورن و لە پەیمانی نێوان مرۆڤەکان و عورفەکاندا سەرچاوە دەگرن، بەڵام لە ئایینی نالیبرالیدا ئەو بنەمایانە لە ئاینەوە هەڵدەبژێردرێن، کەلەم حاڵەدا ناچار دەبین مۆرکی «کەمینە» بە ئایینەوە بلکێنین، دوور کەوتنەوە لە ئایینی لیبرالیزم دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە قورساییەکی گران بخەینە سەر شانی خۆمان، ئەو قورساییەی کە لەبنەڕەتدا باوەڕ و ئاینداریی پێکیان نەهێناوە تا بتوانن ڕێگای چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، ئایینەکان تەنانەت لە ململانێی ئایینیشدا ناتوانن ڕۆڵی دادوەری کێشە مرۆڤایەتییەکان ببینن، چونکە خۆیان پێکهێنەر و ڕێکخەری ئەو گیروگرفتانەن و بەو هۆیەوە ناتوانن ڕۆڵی دادوەریی بگێڕن، تەنها ئایینی لیبرالیزم دەتوانێ ئایین بەکراوەیی بهێڵێتەوە، چونکە لەڕەوتی ململانێکاندا ئایین ڕووبەڕووی دیاردەکانی دیکە دەکاتەوە ڕێ و شوێنە دیموکراتییەکان بۆ گەیشتن بەو ڕەوتە پێویستن بەڵام بەس نین، بوونی هەموو لایەنە ناکۆکەکان لە ڕەوتێکی لەو جۆرەدا تەواوکەری ئازادییە و لەوێدا کە مرۆڤ دەتوانێ خۆی یەکلایی بکاتەوە ئایینی لیبرالیزم جگە لەوەی شێوەیەکی ژیانە دەتوانێ جۆرێک کاردانەوەش بێت بەرامبەر شێوەکانی دیکەی ژیان، لەو کاردانەوەشدا شێوازی دیکە و نوێ لە ژیان دروست دەبێ و ماناو ناوەڕۆکی تایبەت بە خۆیان پەیدا دەکەن. ئایینی لیبرالیزم

بەخستنەڕووی ئەو کاردانەوەیە لەبەرامبەر کاردانەوەکانی دیکەدا کەش و هەوایەکی لەبار بۆ مرۆڤەکان پێکدێنێ.

ئەگەر ئایین بە جۆرێک وردبوونەوە لە جیهان و کۆمەڵگە و وەک شێوەیەک لە شێوەکانی ژیان لێکبدەینەوە، ئەو کاتە پێویستمان بەوە نییە کە بۆ دوورکەوتنەوە لە تاکڕەوی و تۆتالیتاری لە ئایین وەک پێویستییەک کەڵک وەربگرین، چونکە ئەو بابەتانە بەشێکن لە داب و نەریتی مرۆڤایەتی و دەتوانن لە چوارچێوەی شێوەیەکی ژیاندا جێ بگرن، مرۆڤەکان دەتوانن ماڵپەرست بن و لەهەمان کاتیشدا تێڕوانینێکی ئایینییان لەسەر جیهان و کۆمەڵگە هەبێ و تەواوی ئەو سامانەیان لە بەخشندەیی یەزدان بزانن، بەو جۆرە لە گۆشەیەکی ڕەوشتی مرۆڤایەتییەوە ناتوانین مرۆڤەکان بۆ ناو ئایینێک پەلکێش بکەین، یان لێی دوور بخەینەوە.

ئەو جۆرە بۆچوونە ئایینییەی کە لەسەردەمی ئێمە دا زیاتر ڕووبەڕووی ئایینی لیبرالیزم دەبێتەوە «ئایینی دەسەڵاتخواز»ە، ئایینی دەسەڵاتخواز ئایینداری مرۆڤەکان و مانەوەی ئایین دەبەستێتەوە بە دەسەڵاتی ئاییندارەکان لە کۆمەڵگەدا و لەو باوەڕەدایە کە لەهەموو بابەت و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێ ئایین وەک بنەمایەک سەیر بکرێت، بەڵام ئایینی لیبرالیزم لەهەمان کاتدا کە دەسەڵاتی ئاییندارەکان لە چوارچێوەیەکی لیبرال-دیموکراسیدا ڕەت ناکاتەوە، بەڵام:

ا- ئازادییەکان و مافە ڕەواکانی مرۆڤ و مافی دەسەڵاتداریی ئەو مرۆڤانە دەخاتە پێش هەموو گیروگرفتە مرۆییەکانی دیکە.

ب- نایەڵێت ئایین لە ئایدۆلۆژیایەکی شەرعییەوە ببێتە سیستەمێکی سیاسی.

ج- بەڵێندان و داوەتکاریی ئایینی لەچوارچێوەی دەوڵەت وەدەر دەنێ.

ئایینی دەسەڵاتخواز ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە دەیەوێ دەسەڵات بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بسەپێنێ، بەڵام ئایینی لیبرالیزم شێوەیەکی ژیان یان لانی کەم ئایدۆلۆژیایە کە نایەوێ بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا زاڵ بێت، ئایینی دەسەڵاتدار بەڵێنێکە بۆ گۆڕینی جیهان و کۆمەڵگا بەپێی ویست و ئارەزووی ئاییندارەکان بەزەبری هێز، بەڵام ئایینی لیبرالیزم بەڵێنێکە بۆ گۆڕانی خودی مرۆڤەکان و گەیشتن بەسەربەستی مەعنەویی و گەیاندنی ئەو پەیامە بە خەڵکی دیکە. ئایینی دەسەڵاتخواز دەتوانێ تا ئەو جێگایە بچێتە پێشەوە کە بۆ مرۆڤەکان وەک نیشانەیەکی کۆیلەیی و زیانبەخش بێت، بەڵام ئایینی لیبرال هیچ کات ناگاتە ئاستی زەبروزەنگ کردن دژی مرۆڤەکان، «خواوەند» لە ئایینی لیبرالیزمدا ڕزگارکەری «من»ە، نەوەک «کۆمەڵگای من» لە ڕێگەی «من»ەوە ئایینی دەسەڵاتخواز، هەمیشە بیر لە حکومەت دەکاتەوە، بەڵام ئایینی لیبرالیزم نایەڵێ ئایین ببێتە بەرهەمی حکومەت.

ئایینی دەسەڵاتخواز ئەو واقیعە ئایینییانە دیاری دەکات کە دەرەکین و جیهانێک لە زیندەوارن و هێز و فاکتەرە میتافیزیکییەکان پێکدێنێ، لەبەرامبەر ئەوەشدا ئایینی لیبرالیزم لە جیاتی جیهانێکی گەورە و فراوان سەرنج دەداتە جیهانێکی بچووک و جەخت دەکاتە سەر جۆرێک لە ڕەخنەی دەروونی بۆ دەربازبوون کە کۆت و بەندی واقیعە چەسپاوەکان و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی خۆشبەختی.

ئایینی دەسەڵاتخواز، دەیەوێ ببێتە بنەمای شەرعیەتە سیاسییەکان و لەو ڕووەوە خۆی بە بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و دیاری کەری ڕێ و شوێنەکانی ئەو بنەمایە و ئاوێنەی هیوا و ئاواتەکانی گەلێک لەقەڵەم دەدات، بەڵام ئایینی لیبرالیزم ئەوە بە پێویست نازانێ کە سواری شەمەندەفەری ئەو ڕوانگە و بۆچوونانەبێت و بوونی هەستی پاڵنەر و هاندەر لە دەروونی مرۆڤدا بەشێکی تەواوکەر و وەڵامدەرەوەی ئەو بابەتانە دەزانێ ئایینی لیبرالیزم دەیەوێ مرۆڤ ببێتە تەوەری سەرەکی دیاردەکان و پێناسە و ناسینی مرۆڤ بە گوێرەی بابەتە سروشتییەکانەوە بێت، نەوەک بە گوێرەی حوکمە ئایینییەکان.

ئایینی دەسەڵاتخواز ئایینی ئەو کەسانەیە کە فەرمان دەدەن و فەرمان وەردەگرن، بەڵام ئایینی لیبرالیزم ئایینی ئەو کەسانەیە کە لە پێناو گەیشتن بە ژیانێکی سەربەخۆ تێدەکۆشن.

٥- ئایینی لیبرالیزم جەخت دەکاتە سەرشێوەی ئایینداری نەک ناوەڕۆکەکەی ئایینی لیبرالیزم ناوەڕۆکی ئایینداری بە خودی مرۆڤەکان دەسپێرێ، بەڵام ئەوە ناگونجێ کە شێوەی ئایینداری بەوان بسپێرێ، بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤەکان بتوانن لەسەر بنەمای ئازادیی و ویستی خۆیان ئاییندار یان بێ باوەڕبن، دەبێ چەند شێوازێک بۆ بە ئامانج گەیشتنی ئەو پێویستیانە هەبێت دەتوانین لەم چەند بنەمایەدا ئەو شێوازانە کورت بکەینەوە:

١- بنەمای بە ڕەوا زانین کە مانایەکی باڵاترە لە لێبووردەیی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە باوەڕیان بە ئایینی دیکە هەیە، دەکرێ مرۆڤ ئایینێک بەناڕەوا بزانێ و هەر لەو کاتەدا لەگەڵی بسازێت، بەڵام باروودۆخەکە بە جۆرێکە کە ناتوانێ بەر پەرچی بداتەوە و لەناوی ببات، بەڵام بەڕەوا زانین بەو مانایەیە کە مرۆڤ ڕاستییەکان لە خۆی زەوت بکات، ئەوانەی باوەڕیان بە بنەمای «بەڕەوا زانین» هەیە دەڵێن «ئێمە لەو ڕێگەیەوە ڕزگار دەبین، بەڵام لەوانەیە ڕێگەی دیکەش بۆ ڕزگار بوون هەبێت».

٢- بنەمای ئازادیی لێکدانەوە لەچوارچێوەی ئایینێکدا بەمانای ئازادی هەموو جۆرە شیکردنەوە و خوێندنەوەیەک تەنانەت بۆ بێ باوەڕانیش.

٣- بنەمای گفتوگۆ بۆ گۆڕینەوەی تاقیکردنەوەکان و هزرە ئایینیەکان لە جیاتی توندو تیژی یان تۆقاندن.

٤- بنەمای بەشداربوونی گشتی لە شیکردنەوەدا بەو مانایە کە شیکردنەوە و لێکدانەوەی نووسراوە پیرۆزەکان تەنها بۆ باوەڕدارەکان و پەیڕەوانی ئەو ئایینە نییە، بەڵکو هەموو کەسێک مافی ئەوەیان هەیە کە لە تێگەیشتن و لێکدانەوە و ڕەخنەگرتن لەو نووسراوە پیرۆزانە بەشداری بکەن، لێکدانەوە یەکێتیکە لەو جموجۆڵە پێشبینی نەکراوانە کە هەوڵدەدات چەمکی تێگەیشتنە ئایینیەکان سەر لەنوێ دابڕێژێتەوە و بیگۆڕێت.

٥- بنەمای ئاشکرایی لەبەرامبەر نهێنی کاری و فێڵبازیدا، چونکە مەعریفە مەرجی سەرەکی ئازادییە، هەر هەنگاوێک لە تاریکیدا بنرێت مانای ئازادی کردار ناگەیەنێ، لە هەلو مەرجی ئاشکرادا هەم ئایینییەکان دەتوانن ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن و بە مافە ئایینییەکانی خۆیان بگەن، هەم ڕێکخراو و دامەزراوە ئایینییەکانیش دەتوانن لە گۆڕەپانی ململانێکاندا دەرفەتی سەرکەوتن بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

٦- لە ئایینی لیبرالیزمدا چەمکە ئەفسانەییەکانی (تاوان)، (ئەهریمەن- شەیتان)، (خولقاندن- خلق) تەوەری سەرەکی نین، چونکە هەر شیکردنەوەیەکی ئەفسانەیی لەم چەمکانە دەتوانێ ببێتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی ئازادییە مرۆڤایەتییەکان.

ئەهریمەن یان شەیتان ئەفسانەیەکی گشتییە کە بەردەوام بەدوای بەستنەوەی مرۆڤەکانەوەیە و دوای ئەوەش ئامرازێکە لەدەست ئێمەدا ، بۆ ئەوەی تاوانەکانمان بخەینە سەرشانی ئەو، هەروەها هۆکارێکە بۆ زەوتکردنی ئازادییە تاکە کەسییەکان سوودی لێ وەردەگیرێ.

باسە ئەفسانەییەکان لەسروشتەوە بۆ ئەو چوارچێوەیە دەڕوانن کە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەری نییە، ئێمە بڕیاری بوونی خۆمان نەداوە یان ئەوەمان نەگوتووە، کە جیهانێک هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین تیایدا ژیان بەسەر بەرین و هەوڵە زانستییەکانیشمان تەنها سەلمێنەری وردبوونەوەکانی ئێمەن نەک سەپاندنی جۆرێک لە سیستەم بەسەر جیهاندا، لە ئایینی لیبرالیزمدا ئەو چەمکانە (تاوان- شەیتان- خولقاندن) دەمێننەوە بەو مانایە کە هەر کەسێک (شەیتانی) خۆی هەیە و ململانێی لەگەڵدا دەکات و هەر کەسێک بە بۆچوونی خۆی (تاوان) شیدەکاتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە ئایینداری دەکات و هەر کەسێکیش ئازادە چۆن بڕوانێتە (خلقەت).

یاسا ئاسمانییەکان لە ئایینی لیبرالیزمدا تایبەتن بە ئاییندااران و هەموو مرۆڤێک ناچار نییە پەیڕەویان بکات لە ئایینی لیبرالیزمدا ئەفسانەکان دەبنە چیرۆکی تایبەتی و مرۆڤی ئاییندار لەدەست شەیتان ڕزگاری دەبێت بەو شێوەیە مرۆڤەکان مافی ئەنجامدانی تاوان یان گوناه و مافی ڕا بەرامبەر خواوەند و دەستتێشان کردنی بیروباوەڕ وەدەست دێنن.

٧- ئایینی لیبرالیزم بەبێ بوونی ئیلاهیاتێکی لیبرالی ناگونجێ.

لە ئیلاهیاتی نا لیبرالیدا هەموو بیروباوەڕەکانی (منی ئایینی) ڕەوایە و هەموو بیروباوەڕەکانی دیکە ڕەتکراونەتەوە، بەڵام لە ئیلاهیاتی لیبرالیزمدا بیروباوەڕەکانی من لەوانەیە ڕەوا بن هەر چەندە بیروباوەڕی خەڵکی دیکەش لەوانەیە ڕەوابێت. جیاوازییەکانی دیکە ئیلاهیاتی نا لیبرالی لە خشتەی ژمارە ٣ دا دیاری کراوە.

لێرەدا بەشێک لە بابەتە دیاریکراوەکانی ناو خشتەکە زیاتر ڕوون دەکەینەوە ئیلاهیاتی نا لیبرالی ڕەخنە هەڵناگرێ، واتە جاڕی کۆکردنەوە و ئاگادار کردنەوە لێ دەدات و دەیەوێ هەموو شتێک شی بکاتەوە، بەڵام ئیلاهیاتی ڕەخنە هەڵگری لیبرالی لە سنوور و چوارچێوەکانی خۆی ورد دەبێتەوە و لەسەر بنەمای بۆچوونەکان و دەستکردەکانی مرۆڤ دامەزراوە و بەهرە لە گومانە شیاو و گونجاوەکان وەردەگرێ و پەیڕەوی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناکات و لەچوارچێوەی

ئایدۆلۆژیاکاندا شتێکی پیرۆز ناخاتە ڕوو، لە ئیلاهیاتی لیبرالیزمدا خواوەند ئازادییەکی ڕەهایە یان دەتوانێ بەو شێوەیە بێت، ملهوڕی و سەرەڕۆیی دووبابەتی نابەجێن و ناکرێ وەک سیفاتی خواوەندیی سەیریان بکەین ڕوانگە خواییەکان شوێنەوارێکی واقیعی لە جۆری بیکردنەوەی مرۆڤە باوەڕدارەکاندا دەگێڕن، بەڵام خواوەند لە ئیلاهیاتی نا لیبرالیەکاندا، تەنها بوونی هەیە، بەڵام ڕۆڵێکی کەم ڕەنگ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەگێڕن، خواوەندی ئایینی لیبرالیزم حەشارگەیەکی قایم و سەرچاوەیەک بۆ گەڕانەوەی و هێزێکە بۆ دیاری کردنی لیبرال ڕۆڵێکی لاوەکی دەگێڕین، بەڵام لەم چوارچێوەیەدا هەڵکەوتوون .ئەم بیروباوەڕانە خاوەن مێژوو و سەرچاوە و سەرەتاکانن و مرۆڤ دەتوانێ لە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەوانە بکۆڵنەوە.

جیهانی ماتریالی لە ئیلاهیاتی نالیبرالدا دیاردەیەکی ئایینییە، چونکە لەلایەن خواوە دروستکراوە، بەڵام لە ئیلاهیاتی لیبرالیزمدا ئەوە مرۆڤەکە دەتوانێ تێڕوانینێکی ئایینیانەی هەبێ یان بە پێچەوانەوە دەتوانێ لەم دیاردانە نەکۆڵێتەوە.

٨- ئایینی لیبرال کالایەکی مرۆڤانەیە کە ئەوەش لەم سێ خاڵەدا باسیان دەکەین.

یەکەم لێکدانەوەی (مرۆڤانە) ئەوەیە کە لە مرۆڤ پێکهاتووە، بەڵام یەک جۆر نییە و بەردەوام لە پەرەسەندن و گۆڕاندایە.

لێکدانەوەی دووەم ئەوەیە کە لەچوارچێوەیە (تاک) دا بۆ هەموو مرۆڤەکانە، نەک بۆ دەستەیەکی تایبەت، هەروەها بەرەوپێش بردنی ئازادیش بەسەر ئەودا مانای پاراستنی هەمان «مرۆڤانە» دەگرێتەوە، لێکدانەوە سێیەم ئەوەیە کە گەورەیی مرۆڤەکان دەپارێزێ و لە دیاردە و بابەتەکانی دیکەدا نوقمیان ناکات.

لە ئایینی لیبرالیزمدا پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان باوەڕ بە خوا بوون و تاکگەراییدا هەیە و باوەڕبوون پایەی تاکگەراییە ئەوەک ڕووخێنە و لاوازکەر، حوکمە ئایینییەکان لەچوارچێوەی ئایینی لیبرالیزم دوور ناخرێتەوە، بەڵکو پلەی پیرۆزبوونی خۆیان دادەبەزێنن ڕوانگەیەکی مرۆڤانە بە خۆوە دەگرن ئەو حوکمانە لە ئایینی لیبرالیزمدا تەنها ڕوونکردنەوەیەکی مرۆڤانەن بۆ کردەوەکانی مرۆڤەکان.

ئایینداری مرۆڤەکان لە هەندێ لایەنەوە کەسایەتی گشتی ئەوان دەردەخات و گەورەیی و ڕێز و جۆری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەهاکاندا نیشان دەدات، لەو ڕووەوە دەکرێ لە جیاتی ڕێ و شوێنە دیاری کراوەکانی پێشوو، کە تیایاندا ئایینداری بەشێوەیەکی نەریتی پێوەبەندە ڕێ و شوێنی لیبرالیانە دیاری بکرێت ئەو لێکدانەوانەی کە لە ڕوانگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەسەرنووسراوە پیرۆزەکان ئەنجام دەدرێن تا رادەیەک لە ژێر کاریگەری بۆچوون و جیهانناسی سەردەمەکانی خۆیانن و دەکرێ لەگەڵ بنەماکانی لیبرالیزمدا بخوێنرێتەوە تەنها خوێندنەوەیەکی لیبرالیانە دەتوانێ ڕووی مرۆڤانەی ئایین دەردەخات.

٩- ناوەڕۆکی ئایینی لیبرالیزم نە بە مانای تایبەتمەند کردنیەتی لە ئاستی تاکە کەسیدا و نە بەمانای باوکردنیەتی لە ئاستێکی گشتیدا. لیبرالبوونی ئایین بە مانای تایبەت کردن یان بە گشتی کردن نییە، بەڵکو قالب بەندی ئەو ئایینەیە بە بنەماکانی لیبرالیزم.

ئایینی تاکە کەسی (وەک ئاینی یۆنگ) دەتوانێ ئایینێکی دەسەڵاتخواز بێ و، هەروەها دەشکرێ ئایینێک گشتی بێت و خۆی لەچوارچێوەی لیبرالیزمدا جێ بکاتەوە و بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ لەناو هەموو کۆمەڵدا چالاکی هەبێت، بەڵام بە مەرجێک کە ئازادی خەڵکانی دیکە پێشێل نەکات، هەروەها ئایین دەتوانێ سیمایەکی پیرۆزی هەبێت، بەڵام ئەو پیرۆزبوونە ناتوانێ بیانوویەک بێت بۆ ئەوەی بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێ، ئەگەر ئایین پیرۆزە ئەو پیرۆزبوونە تەنها لای کەسانێک هەیە کە باوەڕیان پێی هەیە نەک بۆ ئەو کەسانەش بێت کە هیچ مەیلێکیان بەرامبەر ئاییندارای نییە.

هەروەها ئەگەر ئایینێک مەبەستی فراوان بوون و پەرەسەندن بێت، ئەوە تەنها لایەنگران و پەیڕەوەکانی بۆیان هەیە لەچوارچێوەیەکی دیاری کراودا ئەو کارە ئەنجام بدەن هەر لەسەر ئەو بنەمایانەیە کە لیبرالیزم ئایین بە میراتێکی مێژوویی مرۆڤ و ناوەندە ئایینییەکانیش بە پێچەوانەی زۆر لە دوژمنەکانی ئایینی وەک کۆنە فرۆش سەیر ناکات، بەڵکو هەوڵەکەی لە پێناوی ئەوەدایە کە ڕێگە لەبەردەم ئەو خۆسەپاندنە بگرێت، لە ڕوانگەی جاڕدان بۆ هاندان بەرەو چاکە و دوورخستنەوە لە خراپە، ئایینی لیبرال لەگەڵ ئایینیەکانی دیکەی نا لیبرال یەک هەڵوێست دەنوێنێ، بەڵام دەکرێ بڵێین لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو بابەتە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا دوو

لایەنەیە ئەگەر ئەو کەسەی کە فەرمانی «ئەمر بە چاکە و گێڕانەوە لە خراپە» دەردەکات لەسەر ئەو باوەڕەبێ کەمافی ئەوەی هەیە خەڵکانی دیکە بۆ لای بۆچوونی خۆی ڕابکێشێ، دەبێ ئەو مافە بە خەڵکانی دیکەش بدات کە مرۆڤەکان بۆ لای بۆچوونەکانی خۆیان ڕابکێشن.

لەچوارچێوەیەکی لیبرالیدا مافەکان یەک لایەنین مافی یەک لایەن جۆرێک ئیمتیاز بەخشینە ئەگەر تایبەت بێت بەلایەنێک ئەوە ئەو کاتە ئایین لە ڕەوتی ململانێکاندا وەدەر دەنێ و لە ئەنجامدا تووشی گەندەڵکاریی دەبێت، هەروەها مافی یەک لایەنە ئایین بەرەو دەسەڵاتخوازی دەبات.

١٠- بەقەدەر ژمارەی هەموو مرۆڤەکان ڕێگای ڕزگاری هەیە لە ئایینە نا لیبرالیەکاندا تەنها ڕێگایەکی ڕزگاری هەیە و ئەو ڕێگایەش لەلایەن (ئایینی) و (عیرفان)ەوە دیاری کراوە، بەڵام لە ئایینی لیبرالیزمدا مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە و ڕەوا دەتوانن خاوەن ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازبن بۆ ئەوەی کەسانێک مافی ئەوەیان هەبێ کە لە ڕێگەی توندوتیژی و زەبری هێز خەڵک بەرەو خۆشبەختی ڕابکێشن، پێویستە ڕوانگەیەکی تایبەتی بە خۆیان لەسەر چەمکی کامەرانی هەبێ، بەڵام هەر کاتێ ئەو یەکبوونە بریندار بێت ئیتر هیچ بیانوویەک بۆ توندوتیژی نامێنێ.

مرۆڤەکان سەرچاوەی شیکردنەوە و هەستی کامەرانی و ژیانێکی ئاسوودەن و هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکی ناتوانێ لەو قەڵەمڕۆیەدا ئەرک و هەڵوێستەکانی مرۆڤ دیاری بکات، ئەوەی کە وەک ئەزموونێکی ئایینی یان پەیامێکی خواوەندیی بەرەوڕووی مرۆڤەکان دەکرێتەوە تەنها لە چوارچێوەی لێکدانەوەی تاکەکەسی و تێگەیشتن و گفتوگۆکردنە، ئەوەک بەڵگەیەک بێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ئایین بەسەر مرۆڤەکاندا بسەپێنێ.

بیروباوەڕە ئایینەکان لەمەڕ سەرەتا و کۆتایی جیهان و ڕزگاربوون لە تاوانەکان تەنها لەلایەن ئەو کەسانەوە قبوڵ دەکرێت کە بە جۆرێک لەو شتانە نزیک بووبنەوە کە ئەو بیروباوەڕە دەسەلمێنن یان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ئایینی بۆیان سەلمێنراوە. کراوەیی ئەو چەمکانەی کە لە چەند دێڕی سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، بیروباوەڕی ڕزگاری لە تاوانەکان و چوونە بەهەشت.بە مرۆڤی ئایینداردوە دەبەستنەوە. ئایینی لیبرالیزم تەنها لە کۆمەڵگایەکی لیبرالیزم دەتوانێ ڕووی خۆی ئاشکرا بکات.

باوەڕهێنان بە ئایینی لیبرالیزم پەیوەندی بە لیبرالیزم بوونی کۆمەڵگاوە نییە، بەڵام ئەگەر ئەو ئایینە بیەوێ ڕوانگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆی نیشانبدات ئەوکاتە پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ دەبێت لە کۆمەڵگایەکی نالیبراڵدا هەمووکەسێ دەتوانێ ئازادیخواز بێت و لە ژێر ئەو دروشمەدا هەوڵی جێگیرکردنی ئامانجە تەسک و تایبەتییەکانی خۆی بدات، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی لیبرالیزمدا کە مرۆڤەکان لە ئازادییەکی تەواو بەهرەمەند دەبن، تەنها لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆوە یەکە دانوستانە مرۆڤایەتییەکان ئەنجام دەدرێن و تەنها ڕاوبۆچوونی خەڵکەکەیە دەسەڵاتداران قبوڵ دەکات یان ڕەتیان دەکاتەوە.

**خشتەی ١- کۆمەڵگای لیبراڵ لە بەرانبەر کۆمەڵگای نالیبراڵدا**

| کۆمەڵگا / تەوەرەکان | کۆمەڵگای نالیبراڵ | کۆمەڵگای لیبراڵ |
|---|---|---|
| سیاسەت | پەیڕەوی کردن لە مەرجەعێکی پیرۆز | ڕێککەوتن لە ڕێگای دیالۆگەوە |
| سیاسەتمەدار | پێشەوا- فەرمانڕەوا | بەڕێوەبەر |
| یاسا | لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤ هاتووەتەخوارەوە | لەلایەن مرۆڤەوە داڕێژراوەو نیشاندەری ڕێککەوتنی بۆچوونە باوە کۆمەڵایەتیەکانە |
| سیستەمە حقوقیەکان لە سەر بنەمای ئایین | ئیمتیازەکان | یەکسانی لە بەرانبەر یاسادا |
| ................ | خاوەن حەقیقەتێکی تەواوەو تەنیا حەقیقەت لە خۆیدا دەبینێتەوە | فراوان بوونی حەقیقەتەکان |
| سیستەمی پەیوەندیی | جیاکردنەوەو کۆت و بەندکردنی پەیڕەوان | کراوە، ئەمانەتدارانە |
| ئەخلاق( ڕەوشت) | فەرمانبەری | پابەند بوون بەو بنەمایانە کە قبوول کراون |

هەواڵنامەی کتێب

**خشتەی ٢- ڕێبازی ئۆتۆریتەگەرا لە بەرانبەر ڕێبازی لیبرالدا**

| ڕێبازی دەسەڵاتخواز | ڕێبازی لیبرالیزم |
|---|---|
| ـ لە دەروونەوەیە بۆ دەرەوە | ـ لە دەرەوەیە بۆ دەروون |
| ـ ئامرازێکە بۆ پارێزگاری کردن و پاراستنی حوکمە خواییەکان کە کراونەتە بنەمای کۆمەڵگا | ـ کۆمەڵێک بۆچوونە بۆ گومان کردن، پرسیارو ڕەخنە سەبارەت بەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ئایین و کۆمەڵگادایە |
| ـ ڕێبازێکی پیرۆزە ، تەنیا بەڵگەکانی خۆی بە تەوەری حەقیقەتەکان دەزانێ | ـ ڕێبازێکە ئازادی بە تەوەری حەقیقەتەکان دەزانێ |
| ـ گومان بە گوناه دەزانێ | ـ گومان بە شتێکی سروشتی دەزانێ |
| ـ هێزی ئیمان و بڕوا لە پەیڕەوی کردندا دەبینێتەوە | ـ هێزی ئیمان و بڕوا لە هێزی سەرسوڕهێنەری گومان و شی کردنەوەدا دەبینێتەوە. |
| ـ سەرنجدانی هۆکاری میتافیزیکی | ـ سەرنجدانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی بڕوای ئەو مرۆڤەی کە لە ژێر کاریگەری دۆخە مێژوویی و کەلتوورییەکاندایە |
| ـ مرۆڤانەیە- تا ڕادەیەک مرۆڤانەیە | ـ مرۆڤانەیە- بە تەواوی مرۆڤانەیە |
| ـ حوکمەکان بەستراوە بە سەرچاوە ئایینییەکانەوە | ـ حوکمە ئایینییەکان پەیوەستن بە چوارچێوەی کەلتووری،پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی و مەیلەکانی دەسەڵات |
| ـ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەسڵە ئایینییانەی کە جیهان دەگرنەوە | ـ هەوڵدان لە پێناو ئەو بەشە لە ئەسڵە ئایینییەکان کە ڕێککەوتن و وتووێژی نێوان مرۆڤە ئایینییەکان ئاسانتر دەکا |
| ـ پڕوپاگەندە بۆ جۆرێکی تایبەت لە ژیان دەکات | ـ پڕوپاگەندە بۆ جۆرێکی تایبەت لە ژیان ناکات |
| ـ مەعنەوییەت پەیڕەوی خودای ئەو کەسەیە | ـ خودای ئەو کەسە پەیڕەوی مەعنەوییەتە |

لە خشتەی ژمارە٢دا ئەو شتەی کە سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە ڕێبازە دەسەڵاتخوازەکان واتە ڕێبازە نالیبرالییەکان ، لە بەرامبەر ڕێبازی لیبرالیزمدا ، دانراون. لە سەردەمی ئێمەدا ، گرنگترین ڕکابەری ڕێبازی لیبرالیزم ،ڕێبازی دەسەڵاتخوازە ، کە بە پشت بەستن بە هێزو توانای خۆی هەوڵدەدات ، ئامانج و مەبەستەکانی بەرەو پێشبەدات . فراوانکردنی دەسەڵات، پاوانخوازی و خۆدزینەوە لە ڕوونکردنەوە، ئەو ئامرازانەن کە ڕێبازی دەسەڵاتخواز پێشخستنی ئامانجەکانی خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

**خشتەی ٣- ئیلاهییاتی لیبراڵ لە بەرانبەر ئیلاهییاتی نالیبراڵدا**

| ئیلاهییاتی نالیبراڵ | ئیلاهییاتی لیبراڵ |
|---|---|
| ـ گرنگی بوونی خواوەند. | ـ گرنگی مانای خواوەند. |
| ـ ڕەخنە هەڵناگرێت. | ـ ڕەخنە هەڵدەگرێت. |
| ـ خواناسی وەک بەگەورەدانان و ڕێزگرتن لە خواوەند دەبینێ. | ـ خواناسی وەک بوارێک بۆ کاری داهێنەرانەی تاکە کەس دەبینێ |
| ـ ڕوانگە و بۆ چوونەکانی مرۆڤ لە سەرچاوەیەکی پیرۆزەوە هەڵدەقوڵێن. | ـ ڕوانگەو بۆچوونەکان لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن. |
| ـ هێڵێکی جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە نێوان باوەڕدارەکان و بێ باوەڕەکاندا دەکێشێ. | ـ هێڵێکی جیاکەرەوەی وەها لە ئارادانییە. |
| ـ پشت ئەستوور بوونی ژیانی ئایینی بە هێزێکی میتافیزیکی دوگماتیزمانە. | ـ پشت ئەستوور بوونی ژیانی دینی بە ئەگنۆستیسیزمی میتافیزیکی. |
| ـ بیرو باوەڕە ئایینییەکان وەک شی کەرەوەی شتە واقیعیەکان دەبینێ. | ـ بیرو باوەڕە ئایینییەکان وەک جۆرێک پێوەندی لەگەڵ جیهان و ژیاندا دەبینێ. |
| ـ بوون ، دیاردەیەکی ئایینییە. | ـ بوون ، نە ئایینییە و نە غەیرە ئایینی. |
| ـ ئیلاهییات(فەلسەفەی ئایین) وەک شیکارییەکی تیۆرییانە بۆ کردەوەی دینی دەبینێ. | ـ ئیلاهییات وەک کۆمەڵێک لەو شیکارییانە دەبینێ کە سەبارەت بە حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆح دەکرێ. |

* ئەم وتارە لە گۆڤاری «جامعه سالم» ژمارە ٣٩. ساڵی ٧٧هـ. وەرگیراوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەلڤین تافلەر، تا رادەیەک دوای فۆکۆیاماو هانتینگتۆن بە سێیەم تۆژەرەوەو هزرڤان دادەنرێت کە بەرهەمەکانی هەراو زەنایەکی باشیان ناوەتەوە. تاڤلەر لەو کورتە لێکۆڵینەوەیەدا ، کە لە کتێبی (موج سوم - شەپۆلی سێهەم) وەرگیراوە، بانگەشەی سەرهەڵدانی شارستانیەتێکی نوێی کردووە.

ئەو، مێژووی سیاسیی رابردوو، بۆ دوو (قۆناغ- شەپۆل) دابەش کردووە، شەپۆلی یەکەم سەردەمی حکومەتی پادشایەتی و پەیوەندییە فیۆدالییەکانە، شەپۆلی دووهەمیش سەردەمی نوێ و دوای رێنیسانس دەگرێتەوە کە تا ئێستاش شێوازی پەیوەندییەکان و حکومەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بوونیان هەیە.

لەوانەیە ئەم فیکرەی تافلەر، کەمێک لە تیئۆری پۆستمۆدێرنیستەکان نزیک بێت کە بانگەشەی بەرەو هەڵدێرچوونی شارستانیەتی نوێ - مودێرن - دەکەن ، بەڵام بێشک ، جیاوازییەکی زۆریشی لەگەڵیاندا هەیە. تافلەر زیاتر هەڵوێستی چاکسازی هەیە، نەک گۆڕانخوازێکی رادیکالی.

تافلەر لەم بابەتەیدا هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی شارستانیەتی ئایندەی سەر هەڵداوی شەپۆلی سێیەم دەستنیشان دەکات .

لەم روانگەوە«**سەنتەری برایەتی** » بە باشی زانی ئەم تەرزە فیکرییانە بخاتە بەر دیدی خوێنەرانی کورد.

**«سەنتەری برایەتی»**

# دیموکراسیی سەدەی بیست و یەک

**نووسینی: ئەلڤین تافلەر**

**سەنتەری برایەتی لە فارسیەوە هێناویەتیە سەر کوردی**

**بۆ باوک و دایکانی دامەزرێنەر:**

ئێوە ئەی ئەو شۆڕشگێڕانەی کە ئێستا لە ژێر گڵ دان . ئێوە ئەی پیاو و ئافرەتان ، جووتیار و بازرگان و پیشەسازان ، مافناس و رۆژنامەنووس و نووسەران ، ئەی ئەو دوکاندارو ئەو سەربازانەی کە بە رێککەوت لە کەنارە دوورەکانی ئەمریکادا نەتەوەیەکی نوێتان دروست کرد. ئێوە ئەی ئەو (٥٥) کەسەی کە لە هاوینێکی گەرم و سووتێنەری ساڵی١٧٨٧دا هاتنە فیلادلفیا[١] بۆ ئەوەی ئەو بەڵگەنامە کەم وینەیە، واتە یاسای بنچینەیی(دەستوور) وڵاتە یەکگرتووەکان بنووسنەوە. ئێوە داهاتوویەکتان خەڵقکردکە ساتەوەختی ئێستای ژیانی منە.

ئەو پارچە کاغەزەو ئەو بەڵگەنامە دە ماددەییەی مافی نیشتەجێ بوونێ ئەمریکی کە لە ساڵی ١٧٩١دا

بۆی زیاد کرا، بێشک یەکێکن لە دەستکەوتە کەم وێنەکانی مێژووی ئادەمیزاد. من وەکو زۆر خەڵکی تر چەندین جار ناچار بووم لە خۆم بپرسم کە چۆن توانیتان لە نێو ئاژاوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و پاڵەپەستۆی کێشە ئاڵۆزەکانی سەردەم ، ئەوهەمـوو هۆشیاری وئاگادارییەتان لەمەڕ داهاتوو دەرببڕن ، ئێوە بەبیستنی دەنگەکانی داهاتوو کە لە دوورەوە دەهاتن ، هەستتان بەوە کرد کە ژیارێک لە سەرەمەرگدایە و ژیارێکی نوێ لە جێی ئەو پێ دەنێتە ژیانەوە .

من بەو ئەنجامە گەیشتووم کە ئێوە ناچار بوون، یان چاکتر بڵێم، لەکاتێکدا هێزی ڕووداوەکان پاڵی پێوەدەنان، لە ترسی ئەوەی کە خەریک بوو حکومەتێکی ناکارامە، ئەو حکومەتەی کە یاسا نەگونجاوەکان و بونیادە تێکچووەکانی ئیفلیجیان کردبوو لەناو دەچوو، ناچار بوون ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەدەگمەن ڕوویداوە کارێکی ئەوەندە گەورە و پیرۆز لەسەر دەستی پیاوانی ئەوەندە خووڕەوشت لێکجیا دەربکەوێت.

پیاوانی ناودار و هەم جەنگاوەر و خۆپەرست ئەو پیاوانەی کە سۆزو ئارەزووی خۆیان خستۆتە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرە ناوچەیی و ئابوورییەکان و لە هەمان کاتدا لە (ناکارامەیی)ی ترسناکی حکومەتی ئەوکات ئەوەندە هەڵگەڕابوونەوەو تووڕە بوو بوون کە سیستەمێکی حکومەتی نوێیان لەسەر بنەمای بنچینەیەکی کەم وێنەو سەرسوڕهێن و تەکاندەر بنیات نا.

ئەو بنەمایانە تائەمڕۆش هەست و سۆزمان دەبزوێنن، وەک چۆن هەستی ملیۆنەها کەس لە خەڵکی گۆی زەوی دەبزوێنن دان بەوەدا دەنێم کاتێک هەندێ لە دەستەواژەکانی جێفیرسۆن (Jefferson) یان پێین (Pain) دەخوێنمەوە، جوانی و ماناکانیان دەمگریەنن [٢].

ئەی ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لەژێر خاکدان دەمەوێ سوپاستان بکەم بەهۆی دابینکردنی نیو سەدەی تەمەنم وەکو هاوولاتییەکی ئەمریکی لەژێر ئاڵای حکومەتی یاسادا، نەک حکومەتی تاکە کەسان، بەتایبەتی بە هۆی لاپەڕەی بەنرخی جاڕنامەی (بەڵگەنامەی) مافی هاوولاتیی ئەمریکی، چونکە توانای بیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوونەکانی پێ بەخشیم کە کۆمەڵگاکەمان زۆر حەزیان لێ ناکات، هەرچەندە لەوانەیە قسەکانم زۆر کاڵفامانەو ساویلکانەبن، بەڵام زۆر سوپاستان دەکەم تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەتوانم ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەبێ ترس لە ڕێگرتنی بڵاوبکەمەوە.

ئەوەی ئێستا بە پێویستی دەزانم بینووسم، بە ئاسانی دەتوانێ ببێتە هۆی بە هەڵە لێحاڵیبوونی هاوسەردەمییانم ، بێگومان هەندێک بە ئاژاوەنانەوە لێکیدەدەنەوە. وێڕای ئەوەش، ئەمە واقیعێکە پێموایە ئەگەر ئێستا ئێوە زیندوو دەبوون بە چاکی دەرکتان پێدەکرد، ئەو سیستەمە حوکمڕانییەی کە ئێوە داتانڕشت و ئەو بنەمایەی کە حکومەتەکەتان لەسەر بنیات نا ئەمڕۆ زۆر سواوو کۆن بووە، کەواتە لەبەرئەوەی بێ ئەوەی بزانین ئێمەی خستۆتە ژێر گوشاری خۆیەوەو ئاسایش و بەختەوەریی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمانی خستۆتە مەترسییەوە، کەواتە دەبێ ئەم سیستەمە لە بناغەوە بگۆڕێ و سیستەمێکی فەرمانڕەوای نوێ بێتە ئاراوە. بە دەستەواژەیەکی تر، بۆ سەدەی بیست و یەک دەبێ دیموکراسییەکی نوێ بخوڵقێنرێت.

ئێوە باشتر لە ئێمە دەزانن کە هیچ حکومەتێک، هیچ سیستەمێکی سیاسی و هیچ یاسایەکی بنچینەیی (دەستوور) و هیچ بڵاونامە یان دەوڵەتێک ناشێ جێگیرو هەتاهەتایی بێت، هەروەها بڕیارەکانی ڕابردووش توانای ئەوەیان نییە هەتا هەتایە کۆنترۆڵی داهاتوو بکەن، بەهیچ شێوەیەک ئەو حکومەتەی لەژیارێکی تایبەتدا دارێژراوە ناتوانێت لەگەڵ ژیارێکی دیکەدا بەشێوەیەکی گونجاو بەڕێوەچێت.

هەروەها ئێوە دەزانن، کە بۆچی دەبێ لە نوێوە بە یاسای بنچینەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بچینەوەو بیگۆڕین، ئەمەش بەو مانایە نییە کە بودجەی فیدراڵ ببڕێت، یاخود فلانە یا فیسار مادەی بۆ زیاد بکرێت بەڵکو دەبێ ئەو جاڕنامە دە مادەییە وەها بگۆڕێت کە هەموو ئەو حاڵەتانەی ئازادیی تاکەکانی کۆمەڵگای خستۆتە مەترسییەوەو لە ڕابردوودا تەسەوریان نەدەکرد، بگرێتەخۆ. دەبێ بونیادێکی نوێی حکومەت دروست بکرێ کە توانای بڕیاردانی ژیرانەو دیموکراتییانەی پێویستی هەبێت بۆ مانەوەمان لە جیهانی نوێدا.

من هیچ دەستنووسێکی ئامادەکراوی یاسای بنچینەییم بۆ سبەی پێ نییە. هەروەها زۆریش بڕوام بەوانە نییە کە پێیان وایە هەر ئێستا وەڵامی هەموو

پرسیارەکانیان لە هەگبەدایە، چونکە ئێمە هێشتا لە قۆناغی ڕێکخستن و ئامادەکردنی پرسیارەکان داین، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە چەند نموونەیەکی نوێ لەبەرچاوماندا بەرجەستە بکەین و هەر لە بناغەوە لە نەخشەی بونیادی کۆمەڵگای دیموکراسی نوێ بکۆڵینەوەو بیخەینە بەردەمی ڕای گشتییەوە، تا دوای مشتومڕو لێکۆڵینەوەی پێویست نەخشەکەی ئامادە بکرێت.

ئێمە دەبێ بۆ بنیاتنانەوەی ئەمریکا لە دەوری یەکتر کۆببینەوە، بەڵام نەک بە گیانێکی دوژمنکارانە یان لەسەر بنەمای دۆگماتیزم و نەک لە حاڵەتێکی تووڕەییشدا، بەڵکو بە چەشنێک کە بەڕادەیەکی بەرفراوان ڕاوێژو لە کۆتاییشدا بەشداریکردنی گشتی بگرێتەخۆ.

ئێوە بەباشی دەرک بەو پێداویستییە دەکەن چونکە یەکێک لە نەوەی ئێوە، واتە جێفیرسۆن بوو کە بە هزرێکی دەوڵەمەندەوە ڕایگەیاند: «هەندێ بە ڕێزگرتنێکی پیرۆز ئامێزەوە سەیری یاسای بنچینەیی دەکەن و پێیان وایە پێکهاتووە لە دە مادەی ئەوەندە پیرۆز کەنابێ دەستی بۆ ببرێ».

ئەوان عەقڵێکی بەرزتر لە عەقڵی مرۆڤ دەدەنە پاڵ پیاوانی سەردەمانی ڕابردوو و وای بۆ دەچن کە ئەوەی ئەوان ئەنجامیان داوە پێویستی بە هیچ گۆڕین یان چاکسازییەک نییە... بە دڵنیاییەوە من لاگیری گۆڕانکاریی دووبارە و تاقینەکراوەی یاسای مافەکان و یاسای بنچینەیی نیم...

بەڵام دەزانم کە یاساو دامەزراوەکان دەبێ دەست لەناو دەستی یەکتر لەگەڵ پێشکەوتنی هزری مرۆڤ هەنگاو بنێن... وەک چۆن داهێنانە نوێیەکان ئەنجام دەدرێن و ڕاستی تازە ئاشکرا دەبن و حاڵەت و بیروڕاو باوەڕیش هاوهەنگاو لەگەڵ بارودۆخدا دەگۆڕێن، دامەزراوەکانیش دەبێ پێش بکەون و لەگەڵ زەماندا هەنگاو بنێن».

سوپاسی جێفیرسۆن دەکەم بە هۆی ئەو هەموو هەست و سۆزو عەقڵمەندییەی، لەوەش زیاتر لەبەر ئەوەی کە یارمەتی ئێمەی دا تاوەکو سیستەمێکی ئەوتۆ بخوڵقێنین کە بۆماوەیەکی دوورودرێژ خزمەتمان بکات، بەڵام ئێستا کاتی مەرگی ئەو سیستەمە هاتووەو دەبێ جێی خۆی بۆ سیستەمێکی نوێ چۆڵ بکات.

## ئەلڤین تافلەر

ئەمە نامەیەکی خەیاڵی بوو... بێ شک لە زۆربەی وڵاتاندا دەبێ هەندێ کەسی ئەوتۆ هەبن لە دەرفەتێکی گونجاودا، هەست و سۆزی لەم چەشنە دەرببڕن، چونکە سواوی و لەکارکەوتوویی زۆربەی حکومەتەکانی ئەم سەردەمە نهێنییەک نییە کە تەنیا من بمدۆزیبێتەوە، ئەمە نەخۆشیی تایبەتی ئەمریکاش نییە.

لە ڕاستییدا بنیاتنانی شارستانییەتێکی نوێ لەسەر جەستەی وێرانی شارستانییەتێکی کۆن پێوستی بە دروست کردنی چەند بونیادێکی سیاسی نوێ و گونجاوتر هەیە کە لەیەک کاتدا لە زۆربەی وڵاتاندا بێتەکایەوە. بێ شک ئەم پرۆژە سەختە چەندین دەیە درێژە دەکێشێت تا تەواو دەبێت.بە ئەگەری زۆرەوە ئەم کارە پێویستی بە تێکۆشانێکی درێژخایەن هەیە کە لەو نێوانەدا پێویستە کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆمیتە ناوەندییەکان و لیژنەی سەرۆکەکانی وڵاتانی پیشەسازیی کۆمۆنیست، ئەنجوومەنی گەل و ئەنجوومەنی ئەشرافی بریتانی، ئەنجوومەنی نوێنەرانی فەرەنسی، بوند ستاگ (ئەنجوومەنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا)، دیتەکان (ئەنجوومەنی یاسادانەرانی ئەمساو مەجەر، پۆڵۆنیا، سوید، دانیمارک، سویسرا. ژاپۆن و ئەڵمانیا) باڵیۆزخانە گەورەکان و دەزگا خزمەتگوزارییەکان لە زۆربەی وڵاتاندا، هەروەها بە کورتی زۆرێک لە هۆکارە (وەسیلە) ناقۆڵاو بێ بەرهەمەکانی ئەو حکومەتانەی کە پێیان دەڵێن نیابی «Representational government) هەڵبوەشێنرێنەوەو سەر لەنوێ دابمەزرێنەوە.

ئەو تێکۆشانە سیاسییە بەهیچ شێوەیەک لە ئاستی نەتەوەییدا ناوەستێت، بەدرێژایی ئەو مانگ و ساڵانەی کە لە پێشماندا دێن هەموو «دەزگا یاسادانەرەکانی جیهان» هەر لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بگرە تا ئەنجوومەنی ویلایەت و شارەکان یەک لە دوای یەک ڕووبەڕووی هەڵومەرجێکی چارەسەرنەکراو دەبنەوە، کە وا پێویست دەکات سەر لەنوێ بنیات بنرێنەوە.

هەموو ئەو بونیادانە دەبێ لە بناغەوە بگۆڕێن، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی کە لەناو خۆیاندا خراپن، و نەک لەبەر ئەوەش کە لەژێر کۆنترۆڵی فلان یان فیسار چین یان گروپ دان، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژ دوای ڕۆژ زێتر کارامەیی

(Efficiency) خۆیان لە دەست دەدەن و چیتر لەگەڵ پێداویستییە گۆڕاوەکانی جیهان ناگونجێن.

ئەم پرۆژەیە، چەندین ملیۆن ئادەمیزاد بەخۆیەوە خەریک دەکات، ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە بنچینەییە ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توند بووەوە، لەوانەیە خوێنڕشتنی لێ بکەوێتەوە. بە ئاشتییانە بەڕێوەچوونی ئەم پرۆژەیەش پەیوەندی بە چەند فاکتەرێکەوە هەیە: ڕادەی پێکەوە گونجان یان ئاشتەوا نەبوونی سەرکردەو هەڵبژێردراوان؛ هەروەها بەوەی کە گۆڕانکاری بەهۆی داشکانی ئابووری خێراتر دەبێ یان نا؛ یاخود بەوەی کە ئایا هەڕەشە دەرەکییەکان و دەستێوەردانە سەربازییەکان ڕوو دەدەن یان نا. ئاشکرایە کە مەترسی یەکجار زۆرن.

سەرەڕای ئەوەش ئەگەر دەزگا سیاسییەکان نەگۆڕێن، مەترسی لەوەش زیاترەو هەرچەندە زووتر هەنگاو بۆ ئەم پرۆژەیە بنرێ، مەترسی کەمتر دەبێتەوە.

بۆ هێنانەکایەوەی حکومەتە بەدیلەکان- کە یەکێکە لە گرنگترین هەنگاوە سیاسییەکانی سەردەمی ئێستامان- ناچارین ئەو کلێشانەی کە لەسەردەمی شەپۆلی دووەمدا وەسەریەکمان نابوون ،دووریان بخەینەوە. پێویستە ژیانی سیاسی لەسەر سێ بنەمای گرنگ بنیات بنێینەوە. لەوانەیە ئەم سێ بنەمایانە بە بنەما سەرەکییەکانی حکومەتەکانی سبەی (شەپۆلی سێیەم) بژمێردرێن.

## دەسەڵاتی کەمینە

یەکەم بنەما، یان بەدەربڕینێکی تر، یەکەم داهێنراوی حکومەتی شەپۆلی سێیەم دەسەڵاتی کەمینەیە، ئەم بنەمایە پێی وایە حکومەتی زۆرینە کە بە بنەمای گرنگ و شەرعییەتبەخشی قۆناغی شەپۆلی دووەم دادەنرا. بەرە بەرە بایەخ و ئیعتیباری خۆی لەدەست داوە، ئەوە (نەک زۆرینەکان) بەڵکو کەمینەکانن کە نرخیان بۆ دادەنرێ، هەروەها دەبێ ئەم واقیعە بە ڕادەیەکی زۆر لە سیستەمە سیاسییەکاندا بەرجەستە بێت.

جێفیرسۆن بۆ جارێکی تر بۆچوونی ئەوەی شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی دەربڕی و داوای کرد کە دەبێ حکومەتەکان (بێ قەیدو شەرت لە بەرامبەر بڕیارەکانی زۆرینەدا خۆیان بەدەستەوە بدەن). ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا -کە ئەوکات لە سەرەتای شەپۆلی دووەمدا بوون- دەستیان دابووە پرۆسەیەکی دوورو درێژ کە بەرە بەرە ئەوانی بەرەو کۆمەڵگایەکی فراوانی پیشەسازی پاڵ دەنا. لەو کاتدا چەمکی حکومەتی زۆرینە بە تەواوی لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم کۆمەڵگایانە دەهاتەوە.

ئەمڕۆ وەک دەبینین کۆمەڵگا ئەورووپی و ئەمریکییەکان لە بەپیشەسازی بوون ڕەتیان داوەو بەخێرایی خەریکن دەبن بە کۆمەڵگایەکی ناجەماوەری (De- massified Society). لە ئاکامدا، زۆر ئەستەمە- یان زۆربەی جار ناکرێ- بتوانین حکومەتێک لەسەر بناغەی زۆرینە یان ئیئتیلاف دابمەزرێنین، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئیتاڵیا شەش مانگ و هۆڵەندا پێنج مانگ بێ حکومەت مانەوە. والتەر دێین بورنهام (Walter D. Burnham) زانای زانستە سیاسییەکان لە (Massachusette Institute of Technology) دەڵێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (ئەمڕۆ لە هیچ بوارێکدا من هیچ بناغەیەک نابینم بۆ بەدەستەوە هێنانی زۆرینەی ئیجابی).

لەبەر ئەوەی ڕاستی و شەرعیبوونی سەرکردەکانی شەپۆلی دووەم لە بەدەستەوەهێنانی زۆرینەدا بوو، ئەوان بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد کە وتەبێژو نوێنەری زۆرینەن.

حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لە خەڵکەوە...لە ڕێی خەڵکەوە... بۆ خەڵک) بوو. پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت خۆی بە نوێنەری (چینی کرێکار) دادەنا، نیکسۆن بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە نوێنەری (زۆرینەی بێدەنگی) ئەمریکایە.[٣] ئەمڕۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆشنبیرانی پارێزگاری نوێ (New conservatist) هێرش دەبەنە سەر داواکاریی ئەو کەمایەتییانەی لەو دواییانەدا دەنگیان بەرزکردۆتەوە وەکو، ڕەش پێستان و بزووتنەوەی ئافرەتان (Feminism) و مەکسیکییەکان و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرگری لە بەرژەوەندی زۆرینەیەکی گەورەی جێگیر ومیانڕەو دەکەن کە مەیلیان نە بەرەو لای چەپڕەوییەو نە بەرەو لای ڕاستڕەوی.

ئەو کۆنەپەرێزە نوێیانەی (New conservative) زانکۆ کە ئەرکانی فەرماندەییان لە زانکۆ گەورەکانی باکووری ڕۆژهەلاتدا نیشتەجێیەو بیروڕای خۆیان لە واشنتۆن

بڵاودەکەنەوە، بەدەگمەن پێ دەنێنە جێگایەکی وەکو ماریتا (Marietta) لە ویلایەتی ئۆهایۆ، یان سەلینا (Salina) لە ویلایەتی کانزاس، ئەوان پێیان وایە (ئەمریکای ناوەڕاست پێکهاتووە لە (جەماوەرێکی) گەورەی چڵکن و هاوشێوەی کرێکارانی کەم تا زۆر نەزانی دژە -ڕۆشنبیرو فەرمانبەرانی لە پەراوێز.........). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گروپانە زۆر کەمتر لەوەی کە ڕۆشنبیران و سیاستەمەداران بۆی دەچن یەک فۆرم و هاوەدەنگن، لە ئەمریکای ناوەڕستدا ئاشتەوایی گشتی (Generai consensus) بە ئەندازەی شوێنانی تر نەستەمە، ئەگەر یەکبوونی بۆچوون هەبێت، کاتییە و ئەویش لەمەڕ چەند بابەتێکی سنووردار.

کۆنەپارێزانی نوێ دەیانەوێ سیاسەتە دژە -کەمینەکانیان لەژێر پەردەی (زۆرینەی ئەفسانەیی، نەک ڕاستەقینە)دا بەدزییەوە پیادە بکەن.

لە ڕاستیدا، لەودیوی باڵی سیاسیشدا ئەم کێشەیە هەیە. لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا پارتە سوسیالیست و کۆمۆنیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی (خەڵکی کرێکار)ن، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند لە کۆمەڵگای جەماوەریی پیشەسازیدا زێتر ڕۆبچین ئەو گریمانە مارکسییانە بەرگرییان کەمتر دەبێتەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانییەتی شەپۆلی سێیەم ئاپۆرەی خەڵک وچینەکان بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە توێژ بەندییەکی پێشکەوتوویان هەیە، چەند لایەنێکی سەرەکی یەک دەگرن بۆ پێکهێنانی زۆرینە، ئێمە ڕووبە ڕووی کۆمەڵگایەکی توێژ بەندیکراوی ئەوتۆ دەبینەوە کە تێیدا هەزاران کەمینە، خۆیان لێک داڵێن و بەشێوەیەکی ناجێگیر شێوازی نوێ و کاتی دێننە کایەوەو بەدەگمەن دەتوانن لەمەڕ بابەتە سەرەکییەکان لەگەڵ یەکتریدا ڕێک بکەون و زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنن، هەر بۆیە پێشکەوتنی شارستانییەتی شەپۆلی سێیەم شەرعیەتی زۆرێک لە حکومەتانی ئێستای سست کردووە.

هەروەها شەپۆلی سێیەم هەموو ئەو گریمانە دانراوانەی کە لە بارەی (پەیوەندی حکومەتی زۆرینە بە دادگەریی کۆمەڵایەتییەوە) هەن، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لێرەشدا وەکو زۆربەی کێشەکانی تر ئێمە وەرچەرخانێکی لەناکاوی مێژوویی تەکاندەرمان لەبەرچاوە.

لەسەرانسەری سەردەمی مێژووی شەپۆلی دووەم، خەبات لە پێناوی چەسپاندنی حکومەتی زۆرینە بەکارێکی مرۆیی و ئازادیخوازانە دەژمێردرا.

ئەم شتەش سەبارەت بەو وڵاتانەی لەو بارودۆخەدا بەرەو پیشەسازیبوون دەڕۆن- وەکو ئەفریقیای باشوور- [٤] هەر ڕاستە. لە کۆمەڵگاکانی شەپۆلی دووەم حکومەتی زۆرینە بەمانای دانی بەشی زێترە بە چینی داهات کەم، چونکە ئەم چینە زۆرینەی کۆمەڵگای پێک دەهێنا.

کەچی ئەمڕۆ لەو وڵاتانەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشی شەپۆلی سێیەمەوە، ڕاستییەکەی ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەیە. مەرج نییە چینی کەم دەرامەت لە ڕووی ژمارەوە زۆرینەی کۆمەڵگا پێک بێنێت، لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا ئەوانیش وەکو زۆربەی گروپەکان بوونەتە کەمینەیەک خۆ ئەگەر بەڵایەکی گەورە ڕوونەدات، ئەوا هەر بەکەمینە دەمێننەوە.

**کەواتە نەک هەر حکومەتی زۆرینە وەکو بنەمایەکی شەرعی چیتر بایەخی نەماوەو نییە، بەڵکو لەو کۆمەڵگایانەدا کە بەرەو شەپۆلی سێیەم هەنگاویان ناوە، ئەم بنەمایە مەرج نییە بە مرۆیی و دیموکراتی لە قەڵەم بدرێت.**

* * *

وەکو باوە ئایدیۆلۆژیستەکانی شەپۆلی دووەم لە پاڵ لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵگای جەماوەریدا دەلاوێننەوەو بۆی دەگرین، ئەوان لە بری ئەوەی ئەم فرەیی و هەمە چەشنییە زۆرە بە دەرفەتێکی نوێ بزانن بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ، لەژێر ناوی (پارچە پارچە بوون) یان (بەڵکانیزەبوون)ی [٥] کۆمەڵگا هێرشی دەکەنە سەر و بە بڕەوسەندنی (خۆپەرستی)ی کەمینەکانی دادەنێن، ئەم سەرنجە عامیانەیە (ئاکام) دەخاتە جێی (هۆکار)ەوە، چونکە چالاکبوونی ڕۆژبە ڕۆژی کەمایەتییەکان ئاکامی لەناوی خۆ پەرستی نییە، بەڵکو سەرەڕای چەند هۆکارێکی تر، ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی سیستەمی بەرهەمهێنانە، کە بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە کۆمەڵگایەک هەیە، کە جۆراوجۆرترو ڕەنگاوڕەنگتر، بەڕووی جیهاندا کراوەترو جیاواز لە هەموو کۆمەڵگایەکی تر بێت.

ئەم واقیعە دەلالەت بۆ چەند مانایەکی جۆراوجۆر دەکات بۆ نموونە بەو مانایەیە کە کاتێک رووسەکان هەوڵ دەدەن ئەم هەمەچەشنییە نوێیە کۆنترۆڵ بکەن، یان رێ لە پلورالیزم بگرن کە بەوەی یەکەمەوە بەستراوەتەوە، بە کردەیی (با زاراوەی خۆیان بەکار بهێنین) (رێ لە پێشکەوتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان دەگرن)، بەم کارەشیان گۆڕانکاریی خێرایی ئابووری و تەکنۆلۆژیی کۆمەڵگا سست دەکەنەوە.

هەروەها ئێمە لە جیهانی ناکۆمۆنیستیدا رووبەڕووی ئەم دوو ریانە بووینەتەوە: یان دەبێ لە بەرامبەر هێزی گەورەی کێشکردن بەرەو جۆراوجۆرێتی بجەنگێن و بەهەموو هێزەوە هەوڵبدەین دامەزراوە سیاسییەکانی شەپۆلی دووممان ڕزگار بکەین، یاخود دەبێ باوەش بگرینەوە بۆ هەمەچەشنی و جۆراوجۆرێتی ئەو دامەزراوانەو ئەو گۆڕانکارییەی کە لەگەڵیان دایە.

رێڕەوی یەکەم تەنیا بە شێوازی توتالیتەری دەتوانین جێبەجێی بکەین کە لە ئاکامدا کۆمەڵگا تووشی داشکانی ئابووری و کولتووری دەبێتەوە، بەڵام رێڕەوی دووەم بەرەو لای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی -پشت ئەستوور بە کەمینە-ی سەدەی بیست ویەکەم رێنماییمان دەکات.

بۆ نوێکردنەوەی دیموکراسی لە قالبی شەپۆلی سێیەمدا، دەبێ ئەو بۆچوونە ترسناکە، بەڵام درۆزنانەیە لە خۆمان دوور بخەینەوە کە پێی وایە فراوانبوونی جۆراوجۆرێتی لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی زۆربوونی پێکدادان و بەرەنگاربوونەوە، لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، بەرەنگاریی یەکتربوونەوە لە ناو کۆمەڵگادا نەک هەر زەرورییە، بەڵکو تا ڕادەیەکیش خوازراوە، وا دابنێ سەد کەس زۆر بە توندی داوای دەکەن، لەو حاڵەدا بۆ بەدەستەوەهێنانی دەبێ بکەونە شەڕەوە، لەکاتێکدا ئەگەر هەر کامێکیان شتێکی جیاوازی داوا کرد، بۆ ئەوان زۆر باشترو سوودمەندترە کە لە جیاتی شەڕ دانوستان و هاوبەشی یەکتر بکەن و پەیوەندیی هاوژیانی و هاوڕێیەتی لەگەڵ یەکتریدا ببەستن. لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی گونجاودا، جۆراوجۆرێتی زەمینەی شارستانیەتێکی هێمن و ئاسوودەو سەقامگیر دێنێتەکایەوە.

لە دەستدانی دەزگا سیاسییەکان کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی نازەرووری بەربەرەکانێی نێوان کەمایەتییەکانی توندو تیژ کردووە، هەروەها نەبوونی ئەو دەزگایانەیە کە وای کردووە کەمایەتییەکان بەیەکەوە هەڵنەکەن. هەروەها لە نادیاریی ئەو دەزگایانەوەیە کە دروستبوونی (زۆرینە) رۆژ بەڕۆژ ئەستەمتر بووە.

ناتوانین ئەم گیروگرفتانە لەڕێی سەرکوتکردنی نەیارانی یان تاوانبارکردنی کەمینەکان بەخۆپەرستی چارەسەر بکەین (وا دابنێ سەرکردەو پسپۆڕانیان ئەوەندە بیر لە بەرژەوەندی خۆیان ناکەنەوە)، دەبێ ئەم گیروگرفتانە تەنیا لەڕێی دابینکردنی سیستەم و ڕێکخستنی نوێ و داهێنەرانە بۆ قبوڵکردنی ئەو فرەلایەنی و جۆراوجۆرێتییە و شەرعیەت پێدانی چارسەر بکرێ. یانیش لەڕێی دامەزراندنی ئەو دەزگایانەی کە چاوپۆشی ناکەن لە پێداویستییە گۆڕاوەکانی ئەو کەمایەتییانەی کە لە حاڵەتی گۆڕان و زیادبوون دان.

سەرهەڵدانی شارستانییەتێکی ناجەماوەری (De-massified civilization) چەند پرسیارێک دێنێتە ئاراوە لەمەڕ ڕۆڵی داهاتووی حکومەتی زۆرینەو سیستەمی میکانیکی (دەنگدان) بە گشتی. لەوانەیە مێژوونووسانی داهاتوو هەر زوو بگرێنە دواوەو دەنگدان و بەدەستهێنانی ڕای زۆرینە بەڕێوڕەسمێکی کۆنی پاشماوەی سەردەمی پەیوەندی کۆیلایەتی لە قەڵەم بدەن، هەر چۆنێکی بێت ئەمڕۆ لە جیهانی پڕ مەترسیدا ناتوانرێت دەسەڵات هەمووی بدرێتە دەستی یەک کەسەوە.

هەتا ناتوانین خۆمان بدەینە دەست سیاسەتە خەڵک فرێو دەرەکانی ئەو حکومەتانەی کە پشت بە زۆرینە دەبەستن. هەروەهاش ناتوانین رێ بە کەمینەی بچووک بدەین تا بڕیارێکی گەورە دەربکات و مل بە کەمینەکانی تر کەچ بکات.

هەر لەبەر ئەوەشە کە بەشێوەکی بنچینەیی دەبێ بەمێتۆدە ناقۆڵاکانی شەپۆلی دووەمدا بچینەوە، کە تێیدا بەردەوام هەوڵدەدرێت زۆرینەی بەوەهم کراو بەدەست بهێنرێت.

کۆمەڵگا پێویستی بەچەند ڕوانگەو ئاراستەیەکی نوێ هەیە کە بۆ دیموکراسی کەمینەکان لەبار بێت. ئەم ڕوانگەو ئاراستە فیکرییانەی کە ئامانجیان دۆزینەوەی جیاوازییەکان بێت نەک سەرپۆش خستنە سەریان

لەلایەن زۆرینەی سەپێنراو یان درۆزن کە لەسەر بنەمای دەنگدانی مۆتۆپۆلیزەکراو و دەربڕینی بابەتەکان بەشێوەیەکی سەفستە ئامێز یان میتۆدە فرێودەرەکانی هەڵبژاردن دامەزراون. بە کورتی پێویستە هەموو سیستەمەکە بەجۆرێک نوێ بکرێتەوە کە ڕۆڵی کەمینە پەرشوبلاوەکان بە هێزبکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش ڕێگەیان پێ بدات کە زۆرینە پێک بهێنن .

بۆئەم کارە، پێویستە گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە زۆربەی بونیادە سیاسیەکاندا روو بدات . پێش هەموو شتێکیش پێویستە لە پێوەری دیموکراسی ، واتە سندوقی دەنگدانەوە دەست پێبکەین.

* * *

لە کۆمەڵگاکانی شەپۆلی دووەمدا دەنگدان بۆ دەستنیشانکردنی خواستەکانی گەل بەسەرچاوەیەکی گرنگی (التغذیة الاسترجاعیة-Feed back ) بۆ سەرکردە فەرمانڕەواکان لەقەڵەم دەدرا. کاتێک کە لەبەر هۆیەک زۆرینە توانای تەحەمولکردنی بارودۆخی ژیانی نەبوو، ئەو نارەزاییە لە ڕاکانیان دەنگ دەداتەوە ، حکومەت هەوڵدەدا حزب دروست بکات و گۆڕانکاریی لە سیاسەتی خۆیدا بێنێتەکایەوە و هەنگاوی دیکە بنێت بۆ رازیکردنی خەڵک.

هەتا لە کۆمەڵگای جەماوەریی رابردووشدا ، بنەمای (٥١ ٪ ) پێوەرێکی زۆر ورد و دیاریکراو نەبووە بەڵکو تەنیا بە هۆکارێکی چەندایەتی دەژمێردرا. دەنگدان بۆ دیاریکردنی زۆرینە هیچ زانیارییەکمان لەمەڕ چۆنییەتی تێڕوانینی خەڵک نادات بە دەستەوە. تەنیا ئەوەندە دەڵێت کە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا چەند کەس (X)یان دەویست . بەڵام رادەی (لاوازی و توندی- و)ویستنیان دەستنیشان ناکات . لە سەرەوەی ئەمەشەوە هیچ ناڵێت لەمەڕ ئەوەی کە تا چەند ئامادەن بۆ(X) لە خۆبوردوویی نیشان بدەن . بەڵام لەو کۆمەڵگایەی کە لە سەر بنەمای کەمینەکان دامەزراوە، ئەم زانیارییانە زۆر گرنگن.

دەنگدان بۆمان دیارناکات لە چ کاتێکدا و کەی کەمینەیەک هەست بە مەترسی دەکات یان بابەتێک بە لایەوە گرنگییەکی ژیانیی (حیاتی) دەبێت ، بە چەشنێک کە پێویستە بایەخێکی زێتر لە رادەی ئاسایی بە بۆچوونەکانی بدرێت.

لە کۆمەڵگای جەماوەریدا (Massified socieity) تەحەمولی ئەو کەموکورییە ناسراوانەی حکومەتی زۆرینە دەکرا، یەکێک لە هۆیەکان ئەوە بوو کە زۆربەی کەمینەکان دەسەڵات و توانای ستراتیژیی پێویستیان نەبوو بۆ تێکشکاندنی سیستەمی کۆمەڵگا . لە کۆمەڵگای ئەمرۆدا کە بە جوانی و رێکوپێکی شێوەی گرتووە و هەموو تاکەکانی ئەندامی گروپە کەمینەکانن، ئەم شتە چیتر راست نییە.

لە کۆمەڵگای ناجەماوەریی شەپۆلی سێیەمدا سیستەمەکانی(Feed back)ی رابردووی پیشە سازی بە نەگونجاو و نەشیاو لە قەڵەم دەدرێن . کە واتە پێویستە بە شێوازێکی نوێ کەڵک لە دەنگدان وەر بگیرێت.

لە جیاتی وەرگرتنی رای یەکلایەنەی بەڵێ یان نەخێر، پێویستە زانیاریمان هەبێت لە سەر رادەی ئامادەییەکی بە هێزی گروپە کەمینەکان بۆ رووبەروو بوونەوەی «وەکویەک لێکردن». بۆ نموونە لە رێی دەربڕینی چەند پرسیارێکی وەکو «ئەگەر من واز لە نارەزایی خۆم سەبارەت بە لە بار بردنی منداڵ بهێنم ، ئایا تۆش ئامادەیت چاوپۆشی لە نارەزایی خۆت بکەی سەبارەت بە خەرجیی سەربازی یان وزەی ئەتۆمی؟»یان «ئەگەر من رازیبم بەوەی لە ساڵی داهاتوودا هەندێ لە مافەکانم بە شێوەی دارایی بخەمە ژێر ئیختیاری پرۆژە و بەرنامەکەتەوە ، لەبەرامبەر ئەوەدا تۆچی بەمن دەدەی؟» ئەم زانیارییانە تارادەیەک دەست دەکەون .

لەو جیهانەی کە بە خێراییەوە بەرەو رووی دەچین، لەگەڵ ئەو تەکنولۆژیای گەیاندنە پێشکەوتووەی کە هەیەتی ، رێگەی جیاجیا پەیدا دەبن بۆ ئەوەی (بێ ئەوەی جەماوەر پێ بنێنە ناو مەیدانی دەنگدانەوە) دەوڵەت ئاگای لە راوبۆچوون و دەنگەکانیان بێت. هەروەها ، وەک چۆن بەزوویی دەیبینین گەلێک رێگە پەیدادەبن کە ئەم راوبۆچوونانە دەبەنەوە ناو پرۆسەی بڕیاردانی سیاسییەوە.

لەوانەیە کۆمەڵگا بیەوێ بە چەشنێک یاساکانی دەنگدان دابڕێژێتەوە کە مافی کەمینەکانیش دابین بکرێ. چەندین رێگە هەن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. شێوازێکی باو شێوازی دەنگدانی کەڵەکە کراوە. زۆربەی کۆمپانیاکان تا ئێستاش ئەم شێوازە بەکاردێنن بۆ پاراستنی مافی خاوەن پشکەکانی خۆیان کە وابەستە بە گروپە کەمینەکانن. ئەم شێوازانە بوار بە

دەنگدەران دەدەن کـە نەک هەر رەزامەندی یان دژایەتی خۆیان- بەرامبەر کەسێک- رادەگەیێنن ، بەڵکو توندی و رادەی ئەو رەزامەندی یان دژایەتییەش دەربڕن.

هەروەها بەشێوەیەکی بنەبڕ پێویستە بونیادە حزبییە کۆنەکانیش کە بۆ جیـهـانی بە هێواشی لە گۆڕان و بزووتنەوە و دانوستـاندنە جەماوەرییەکان (Mass merc-handizing)گونجاو و لەبارە بخرێنە پەراوێزەوە و لە جێی ئەوان حزبی(Modular)کـە لەگـەڵ پێکهـاتەی گـۆڕاوی کەمینەکان بگونجێ، دابهێنرێت . بە دەستەواژەیەکی تر ، حزبەکانی داهاتوو لە جێی پێکهاتەو بونیادی نەگۆڕ خاوەن پێکهاتەیەکی کاتی دەبن کە لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخی کۆمەڵگادا دێن و دەڕۆن.

لەوانەیە پێویستمان بە«دیپلۆمات»یان«باڵیۆز» هەبێت کە ئەرکیـان نەک نێوبژیوانیی وڵاتان ، بەڵکو نێوبژیوانیی نێوان کەمینەکانی ناویەک وڵات بێت . بەهەمان شێوە لەوانەیە پێویست بکا دەزگای سیاسی بۆ یارمەتیدانی کەمینەکان دابمەزرێن -دەزگا پیشەیی یان نەتەوەیی و ناوچەیی و گەشتیاری یان ئایینی- کە بە خێرایی و ئاسانییەکی زێتر ئینتیلاف پێک بێنن و بە هەمان خێرایی و ئاسانیش ئەم ئینتیلافە تێک بدەن.

بۆ نموونە لەوانەیە پێویست بکا کەمینەی جۆێجۆێ بتوانن بەریز یان هەرەمەکی لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە تا سەبارەت بە گیروگرفتەکانیان راگۆڕینەوە بکەن ، یا خود وتوویژ بکەن سەبارەت بە کڕین و فرۆشتن، یانیش ناکۆکییەکانیان چارە سەر بکەن . ئەگەر پزیشکان ، لێخورانی ماتۆر، بەرنامەرێژانی کۆمپیوتەر یان ئەدەڤێنتیستانی رۆژی هەفتەم [٦] یاخود گروپی پڵنگە خۆڵەمێشییەکان[٧] بە یارمەتی پسپۆڕانی بەڕێوەبەرایەتی گروپەکانی لێتوژینەوە- واتە ئەو کەسانەی کە دەتوانن بابەتی لێکۆڵینەوە دیاری بکەن و سەرەتاکانیشی دەستنیشان بکەن و ناکۆکیی بۆ چوونەکانیش چارە سەر بکەن- لە دەوری یەکتر گرد ببنەوە، لەوانەیە ئەو گروپە ناهەماهەنگانە(De con-gruitist groups)بتوانن بە شێوەیەکی شیاو بەیەکەوە بژین.

بەلانی کەمەوە جیاوازییەکان دەستنیشان دەکرێن و دەرفەتێکی پێویست دێتە ئاراوە بۆ دانوستاندنی سیاسی(Political merchandizing). هەڵبەتە ئەم هەنگاوانە هەموو ناکۆکییەکان لە نێو نابەن (ونابێ لە نێویان بەرن) بەڵام دەتوانێت تا ئاستێکی ژیرانەو گونجاوتر گەشە بە خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکات. بە تایبەت ئەگەر ئامانجی هەمیشەیی ( ماوە درێژ) لەبەر چاو بگیرێت.

ئەمڕۆ ئاڵۆزیی بابەتەکان، بوارێکی زێتری بۆ دان و سەندنی سیاسی نێوان گروپەکان رەخساندووە . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رژێمە سیاسییەی کە هەیە بۆ سوود وەرگرتن لەو واقیعانە دروست نەکراوە. یەکبۆچوونییەکی بەهێز هەیە کە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت ، هەروەها قەیران و بێنەو بەردەی ناپێویست لە نێوان گروپەکاندا دێتە ئاراوە کە دەزگا سیاسییەکان بۆ جارێکی ترو زێتر دەخەنەوە ژێر گوشاری خۆیانەوە و باریان قورستر دەکەن .

لە ئەنجامدا، لەوانەیە لە داهاتوودا پێویست بکات ئیختیاری پێویست بدرێت بە گروپە کەمینەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ، هەروەها هان بدرێن بۆ ئەوەی ئامانجە هەمیشەییەکانیان دیاری بکەن. بۆ نموونە دەشێ یارمەتیی دارایی پێشکەش بە گەرەکێکی تایبەت یان چەند گروپێکی دیاریکراو، یاخود گروپێکی نەتەوەیی بکرێت ، بۆ ئەوەی خانەی لاوان لە ژێر چاودێریی دەوڵەت دابمەزرێن، کە لە جیاتی پشتبەستن بە دەوڵەت ، خۆیان هەڵستن بە پەروەردەکردنی لاوان. ئەم جۆرە دەزگایانە هەستی ناسنامەو بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی لە لای لاوان دروست دەکەن و رێکخستن (نظم)و یاسا بە هێز دەکەن و لە هەمان کاتیشدا ئەرک و بارێکی قورس لە سەرشانی دەوڵەت لادەبەن.

* * *

لەوانەیە پێویست بکات کۆمەڵە کارێک لەودیوی ئەو چاکسازییانەوە ئەنجام بدرێن ، بۆ ئەوەی لەو سیستەمە سیاسییەی کە بۆ کۆمەڵگای ناجەماوەری دارێژراوە، کەمینەکان ئامادەییەکی زێتریان هەبێت، لەوانەشە بەلانی کەم پێویست بکات هەندێک لە گەورە پیاوانی دەوڵەت بە شێوازی کۆن ، واتە پشکهاوێشتن(قورعە کێشان) ، هەڵبژێردرێن. هەندێ کەس بە شێوەیەکی جیدی پێشنیاریان کردووەکە نوێنەرانی ئەنجومەنی داهاتوو بە هەمان ئەو رێگەیە هەڵبژێردرێن کە ئەمڕۆ ئەندامانی دەستەی داوەران (یان ئەوانەی سیستەمی وەزیفە دەیانگرێتەوە)پێی هەڵدەبژێردرێن.

تیودۆر بیکەر(Theodor Becker)، مامۆستای یاساو زانستە سیاسییەکانی زانکۆی هاوای، پرسیارێک دەخاتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە : «بۆچی دەبێ بڕیارە گرنگەکانی ژیان ئەو کەسانە دەری بکەن... بەڵام چەند بڕیارێکی وەکو ئەوەی پەیوەندی بە بڕی خەرجکردنی پارە بۆ بنکەی بە خێو کردنی منداڵ یان کارو باری بەرگرییەوە هەیە دەخرێتە ئەستۆی«نوێنەران»یانەوە ؟[٨]

بەکر کە خۆی پسپۆڕێکی یاسای بنچینەییە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕێکخستنی سیاسی باو بەردەوام کەمینەکان فریو دەدات. ئەورایگەیاند کە: «لە کاتێکدا کە ڕەشپێستەکان بیست لە سەدی هەموو دانیشتوانی ئەمریکا پێکدێنن (لە ساڵی١٩٧٤) کەچی تەنیا چوار لە سەدی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانیان گرتووەو لە ئەنجومەنی پیرانیش تاکە نوێنەرێکیان نییە. هەژاران و لاوان و ژێرەلالەکان و زۆرێک لە کۆمەلایەتی تر هەر بە هەمان شێوە لە بارودۆخێکی نادادگەرییانەدان. ئەمە تەنیا تایبەت نییە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە. لە بوندستاگ (پەرلەمانی ئەلمانیا) ئافرەتان تەنیا حەوت لە سەدای کورسییەکانیان داگیرکردووە، هەروەها ئەزعەیەکی لەو چەشنەش لە زۆربەی وڵاتانی دیکە بەرچاو دەکەوێت . ئەم دابەشبوونە نایەکسانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستەم (ڕژێم) گوێ بە پێداویستییەکانی ئەو گروپانە نەدات کە نوێنەریان کەمن .

بەکر دەڵێت: «لە نێوان پەنجا تا شەست لە سەدی کۆنگرێسی ئەمریکا دەبێ بە هەڕەمەکی لە نێوان خەڵکی ئەمریکا بە چەشنێک هەڵبژێردرێن وەک چۆن سوپای خۆبەخشان(متطوعین)ی خزمەتی سەربازیی لە کاتی پێویستدا هەڵدەبژێردرێن» .ئەم پێشنیارە ناچارمان دەکات کە بە جیدی لەم کێشەیە بکۆڵینەوە، داخۆ ئایا هەڵبژاردنی نوێنەران بە ڕێککەوت خراپتر دەبێت ( یان دەشێ خراپتر بێت) لەوەی کە لە ڕێگەی شێوازە تازەکانەوە ئەنجام دەدرێت؟

ئەگەر ڕێگە بە خۆمان بدەین کە بۆ چرکە ساتێک بە ئازادییەکی تەواوەوە هزر و ئەندێشەی خۆمان بخەینە کار، زۆرێک لە نموونەی کەم وێنەی دیکەش دێنە نێو هزرمانەوە... لە ڕاستیدا حالی حازر ئێمە شێوازگەلێکی زیاترمان لەبەر دەست دایە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی واقعیتر، لەچاو سیستەمی تاقمی داوەران یان سەربازگرتن- بەلەبەر چاو گرتنی هەندێ حالەتی ناواز(شاز) کە ئەو دووانە پیادەی دەکەن- . ئێمە توانای ئەوەمان هەیە پەرلەمانێک بۆ داهاتوو دابمەزرێنین کە بە تەواوی نوێ بێت و بە پێچەوانەی ئەوەی کە بۆی دەچوون ئەم کارە بە چەشنێک ئەنجام بدەین کە کەمتر پەیوەندیی گروپە کەمینەکان تێکوپێک بدات.

مەرج نییە گروپێک لە تاکە کەسان لە ڕێی قورعەکێشانەوە و لەناو بازنەوە بۆ ئەنجومەنی واشنتۆن و لەندەن و بۆن و پاریس و مۆسکۆ هەڵبژێردرێن . بەڵام نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل دەتوانن پەنجا لە سەدای هەموو دەنگەکان لە هەر بوارێکدا بێت بەدەست بێنن و پەنجا لە سەدای ماوە وابەستەبێت بە نموونەیەکی ڕێککەوت کە لە نێوان خەڵک هەڵدەبژێردرێن . لە ڕێی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکان و پەیوەندیکردنە دوورە پێشکەوتووەکان و شێوازەکانی ڕاوەرگرتن، هەڵبژاردنی نموونەیەکی هەڕەمەکی لە خەڵک نەک تەنیا زۆر ئاسان بووە، بەڵکو دەشێ ئەم نموونەیە بەردەوام لەگەڵ هەلومەرجی تازە دا بگونجێنین و دوایین زانیاریی لەبارەی بابەتەکانی ڕۆژەوە بەدەست بێنین. کاتێک پێویستمان بەیاسایەک هەبێت، ئەو نوێنەرانەی کە بە ڕێگەی تەقلیدی هەڵبژێردراون، بە شێوەی کۆن لە کۆشکی کۆنگرە(Capital Dome)یان لە کۆشکی وێستمینستەر(Westminster) یان لە بوندس هاوس(BUNDES HAUS) یان لە بالاخانەی دیت کۆ دەبنەوە و لە ناوەرۆکی دەقی یاسایی جێی مەبەستمان دەکۆڵنەوە و ڕەخنەی لێ دەگرن و چاکی دەکەنەوە و چوارچێوەکەشی ئامادە دەکەن.

بەڵام کاتی بڕیاردان ، نوێنەرانی هەڵبژێردراو تەنیا پەنجا لە سەدای دەنگەکانیان هەیە ، لە کاتێکدا نوێنەرانی نموونەی هەڕەمەکی هەر لەو ساتانەی لەماڵ یان شوێنی ئیشکردنی خۆیانەوەن و لە ڕێی دەزگا ئەلکترۆنییەکانەوە دەنگی خۆیان ڕادەگەیەنن. ئەم جۆرە سیستەمە نەک هەر تەنیا ناسراوترە لەوەی کە «حکومەتی پەرلەمانیی/Representational government» یان هەڵبژێردراو تا ئێستا بە خۆیەوە دیووە، بەڵکو هەموو گروپەکانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و ئەوکەسانەی کە لە هۆلی چاوەڕێکردن و کریدۆرەکانی زۆربەی ئەنجومەنەکاندا سەرگەرمن بۆ ئەوەی نوێنەرەکان بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان ، بەگشتی لەو

شوێنانە دوور دەخەنەوە . ئەم گروپانە بۆ پەسەندکردنی لائیحەی جێی مەبەستمان پێویستە لە ماڵ و نووسینگەی کار پروپاگندە بۆ نوێنەرانی نموونەی هەڕەمەکی بکەن.

دەشێ لەوەش بەولاوەتر بچین و مەیدانێک بێنینە بەرچاو کە دەنگدەران تاکێک وەکو نوێنەر هەڵنەبژێرن، بەڵکو نموونەیەکی هەڕەمەکی پێکهاتوو لە چەند کەس هەڵبژێرن . ئەم چەند کەسانە دەتوانن راستەوخۆ «لە کۆنگرێسدا خزمەت بکەن» و بیروڕای بۆ چوونیان لە شێوەی ئاماردا - وەکو دەنگ یان رای تاکەکەسێک بخەنەڕوو . یان ئەم نموونە دەتوانێت تاکە کەسێک وەکو «نوێنەر»ی خۆی هەڵبژێرێت و پێی بڵێت کە چ رایەک بدات. یاخود...هتد.

ئەو شێوازانەی کە دەتوانین لە رێی تەکنۆلۆژیای گەیاندنی نوێوە بخەینە ڕوو ئێجگار زۆر و لە رادەبەدەرن. هەر کە دڵنیابووین یاسای بنچینەیی و دەزگافعلییەکان کۆن و سواون و دەبێ شتێکی تر بچێتە شوێنیانەوە، جۆرەها شێوەی تازەی هەڵبژاردن کە پێشتر بە بیری هیچ کەسێکدا نەدەچوون، دادەهێنرێن. ئەگەر راستە کە دەبێ حوکم لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە بکرێت کە بە خێرایی دەچنە ناو سەدەی بیست و یەکەمەوە، پێویستە بەلایەنی کەم سوود لەو تەکنۆلۆژیا و کەرەستانە وەرگرین کە سەدەی بیستەم خستوویەتییە بەر دەستمانەوە.

ئەو پێشنیارانەی کە لێرەدا دەخرێنە ڕوو گرنگ نین ، ئەگەر کاریان لە سەر بکرێ بێگومان شێوازی پراکتیکی چاکترو ئاسانتر دەدۆزینەوە . ئەوەی بایەخدارە ئەو میتۆدە گشتییەیە کە پێویستە هەڵیبژێرین بۆ چارە سەرکردنی گرفتەکان، یان بۆ خنکاندن و سەرکوتکردنی گروپە کەمینەکان کە رۆژ بەڕۆژ ژمارەیان لە زیاد بووندایە پێویستە بە دوای رێگەیەکی تردا بگەڕێین، یانیش پێویستە سیستەمە سیاسییەکان بە شێوەیەک بنیات بنێینەوە کە بگونجێن لەگەڵ جۆراوجۆرێتی گروپە نوێیەکان. یان دەبێ لە رێی بەکارهێنانی کەرەستەی زەبروزەنگ سیستەمە سیاسەکانی شەپۆلی دووەم بپارێزین، یاخود پێویستە کەرەستەی هەستیاری نوێ دابهێنین بۆ دیموکراسی داهاتووی پشت بەستوو بە کەمینە.

بە بڕوای من بەهۆی بەناجەماوەری کردنی کۆمەڵگای جەماوەریی شەپۆلی دووەم لەلایەن شەپۆلی سێیەمەوەیە -هەروەها بەهۆی ئەو گوشارەی کە لێیەوە دەکەوێتەوە- کە ناچارین رێگەیەک هەڵبژێرین، چونکە ئەگەر سیستەمی سیاسی لە سەردەمی شەپۆلی دووەم (حکومەتی زۆرینە)دا دەرکەوتبێت، لەوانەیە سیەی لە شێوەی حکومەتی (کەمینە- زۆرینە)دا دەرکەوێت، واتە دەمج کردنی زۆرینە لەناو دەسەڵاتی کەمینەدا.

## دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ

دووەم بنەما ، کە سیستەمە سیاسییەکانی داهاتووی لەسەر بنیات دەنرێ، بنەمای (دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ)یە، واتە وەرچەرخان لە قۆناغی پشت بەستن بە نوێنەرانەوە بۆ قۆناغێک کە تاکە کەس تێیدا نوێنەری خۆیەتی. لێکدانی ئەم دووانە، دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆی لێ پێکدێ.

لەبەریەک هەڵوەشانی ئاشتەوایی گشتی (الوفاق العام–General consesus) بە هەمان شێوەی کە بینیمان چەمکی نوێنەرایەتی لە ئیعتیبار خستووە، نوێنەرێکی هەڵبژێردراو، بەبێ هەبوونی رێککەوتنێک لە نێوان ئەو کەسانەی کە دەنگیان بۆ داوە، نوێنەرایەتی چ کەسێکی لە ئەستۆدایە؟ لە هەمان کاتدا یاسادانەران رۆژ بەڕۆژ پشت بە پارێزگاریی و بەرگری تاکە کەسانی پێشڕەو و راوێژکردن بە پسپۆڕانی دەرەوەی ئەنجومەنی یاسادانان بۆ نووسینەوەی یاساکان دەبەستن، نوێنەرانی پەرلەمانی بەریتانیا لە بەرامبەر بیرۆکراسیی وایتهال (Whitehall– تاقمی دەوڵەت) بەشێوەیەکی ئاشکرا هەست بە لاوازی دەکەن. چونکە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پشتیوانییەکی تەواوی لێ ناکرێت، لە ئەنجامدا بەرە بەرە دەسەڵاتی پەرلەمان دەگوازرێتەوە بۆ بەشی ئیداری- حکومی هەڵنەبژێردراو.

کۆنگریسی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ سنووردار کردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئۆرگانە جێبەجێکارییەکان ناچار بوو چەند بەڕێوەبەرایەتییەک وەکو (نووسینگەی بودجەی کۆنگریس)، (نووسینگەی نرخاندنی تەکنۆلۆژیا)و بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا و بەستە پێویستەکانی تریش بۆ خۆی دابمەزرێنێت، کەواتە بەم شێوەیە میلاکی کۆنگریس لە دەیەی رابردوودا لە (١٠ر٧٠٠) کەسەوە زیادی کرد بۆ (١٨ر٤٠٠) کەس، بەڵام ئەمە تەنیا گرفتی لە دەرەوە ڕاگواستەوە بۆ ناوەوە. زانیاری و ئاگادارییەکانی نوێنەرانی ئەنجوومەن

دەربارەی هەزاران بابەت کە پێویستە بڕیاریان لەمەڕ دەربکەن، ڕۆژبەڕۆژ کەمتر دەبنەوە و ئەوان زێتر لە جاران پشت بە دادوەریی ئەوانی تر دەبەستن، نوێنەری ئەنجوومەن چیتر ناتوانێت نوێنەری خۆی بێت چ جای ئەوانی تر.

لەوە گرنگتر، **پەرلەمان و ئەنجوومەنەکان دەبێ ئەو جێیە بن کە بۆچوونی کەمینە دژ بەیەکەکان لێک نزیک بکەنەوە، پێویستە نوێنەرانیان بتوانن لەو ئەنجومەنانەدا بوارێک بۆ ئاشتبوونەوە بێننەکایەوە. بەڵام بەهۆی هەبوونی کەرەستە سیاسییە ژەنگاوییەکان ئەمڕۆ هیچ نوێنەرێک حیسابی ئەو گرووپانە ناکات کە دەبوایە نوێنەریان بێت چ جای ئەوەی کە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکات** . هەرچەندی باری کۆنگریسی ئەمریکی یان بوندستاگی ئەڵمانیا یاخود ستۆرتینگ (storting)ی نەرویجی قورستر بێت، ئەم ڕەوشەش خراپتر دەبێت.

ئەم شتە نیشانمان دەدات کە بۆچی گروپەکانی گوشاری سیاسیی (جماعات الضغط السياسية) تاک ڕەهەندانە تا ئەو ڕادەیە ئاناشتیخوازن، ئەوان کاتێک دەبینن کە لەڕێی کۆنگریس و ئەنجوومەنەکانی یاسادانان ناتوانن بگەنە ئاشتبوونەوە، چەند داواکارییەک پێشکەش دەکەن کە دەوڵەت پێیان ڕازی نییە، لە ئاکامدا دەوڵەتی پەرلەمانیش وەکو دوایین پەناگە لێک هەڵدەوەشێتەوە.

لەبەر یەک هەڵوەشانی میکانیزمی وەدەستهێنانی ئیمتیاز لەڕێی وتووێژو دانوستانەوە، شلەژاویی بڕیاردان، فەلەجبوونی ڕۆژ بەڕۆژی دەزگا یاسادانەرەکان لەماوەیەکی دوورو درێژدا، هەروەها لەبەر ئەوەش کە بڕیار لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە نیمچە نوێنەران دەردەکرێت، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەرە بەرە ئەم بڕیاردانە بگەڕێتەوە بۆ دەنگدەران خۆیان. **ئەگەر نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئێمە نەتوانن کاروبارەکانمان ئەنجام بدەن، ناچارین خۆمان ئەو کارانە ئەنجام بدەین، ئەگەر ئەو یاسایەی ئەوان دایدەنێن دوور بێت لە پێداویستییەکانی ئێمە، یان نەتوانێت وەڵامی پێداویستییەکان بداتەوە، ناچار خۆمان هەڵدەستین بە یاسا دانان. لێرەوەیە کە ئێمە پێویستمان بە دەزگای تازەو هەروەها تەکنۆلۆژیای تازە هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کاروبارانە.**

شۆڕشگێڕانی شەپۆلی دووەم کە دەزگا سەرەکییەکانی نوێنەرایەتی ئەمڕۆیان داهێنا ، هەموویان ئاگادار بوون لە تواناکانی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر دیموکراسی هەڵبژێردراودا. لە یاسای بنچینەیی شۆڕشی فەرەنسادا کە لە ساڵی ١٧٩٣دا نووسراوەتەوە، دەتوانین شوێنەواری دیموکراسیی ڕاستەوخۆ ببینین کە پێی وایە دەبێ هەموو کەسێک خۆی کاری خۆی ئەنجام بدات.(٩)

شۆڕشگێڕانی ئەمریکی زۆر باش ئاگاداری ئەو گروپانە بوون کە لە کۆشکەکانی شارەوانی یان قایمقامیەی نیوئینگلەند (New England) گرد دەبوونەوە و لە ئاستی بچووک و ئۆرگانیدا لەگەڵ یەکتریدا ڕێک دەکەوتن، دواتر لە ئەوروپادا مارکس و لایەنگرانی چەندین جار پێشنیاری کۆمۆنەی پاریسیان کردوو. وەکو نموونەیەکی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە دانان و جێبەجێ کردنی یاسادا (١٠) بەڵام کەموکوڕییەکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆش بە باشی ناسرابوون. بەتایبەتی ئەوکات کە گیروگرفتەکانی بەرهەستتر بوون.

مەکولی (Macauley)و ڕوود (Rood) و جۆنسۆن (Johnson) نووسەرانی (***ئەخشەیەک بۆ پێداچوونەوە بەڕای گشتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا***) بەم شێوەیە دەنووسن: (لە فیدڕالیست- Fedrelist)دا (١١) دوو جۆر ڕەخنە ئاراستەی ئەو داهێنانە نوێیە کراوە، یەکەم ئەوەیە کە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ توانای هیچ چەشنە کۆنترۆڵێکی نییە لەسەر کاردانەوەی کاتیی و عاتیفی خەڵک و (لە وەڵامدا لەوانەیە بڕیاری دوور لەعەقڵ دەربکرێت). دووەم، هۆیەکانی گەیاندنی ئەو سەردەم، وای دەکرد کە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ لەلایەن تەکنیکییەوە توانای جێبەجێکرانی نەبێت).

ئەم ڕەخنە گرتنانە لەجێی خۆیان دان، بۆ نموونە، ئایا نەدەکرا ڕای گشتی بێ باک و تووڕەوتووشی ئەمریکا لە دەیەی ١٩٦٠دا داوای بۆمبارانکردنی ئەتۆمیی هانۆی بکات؟ ئایا ڕای گشتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کە لەدەستی تیرۆریستانی بادرماینهۆف (Baader Meinhof) زۆر تووڕەو بێزار بوو بوو دەکرا ڕازی بێت بە پلانی دروست کردنی ئۆردوگاکانی کاری زۆرە ملێیی بۆ (لایەنگرانی) ئەم گروپە؟ ئاخۆ ئەگەر یەک هەفتە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ڕینێ لێڤسک (Rene Levesque) ڕاووبۆچوونی کەنەدییەکان سەبارەت بە (کەو) وەردەگیرا، چ ئەنجامێکی لێ دەکەوتەوە؟ لێرەدا داکۆکی

لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل کەمتر لە خەڵک دەکەونە داوی هەست و سۆزەوە - احساسات- و لەمەڕ کێشەکان زێتر ورد و قووڵ دەبنەوە.

بەڵام لەوەڵامدا دەبێ بڵێین دەشێ گرفتی کاردانەوەی توندو عاتیفی خەڵک لە ڕێگەی جیاجیاوە کۆنترۆڵ بکەین، بۆ نموونە دەبێ بوار بدرێ تا خرۆشانی هەستی خەڵک دەنیشێتەوە، یان ئەو بڕیارە گرنگانەی کە لەڕێی ڕاوەرگرتنەوە دەرکراون پێش جێبەجێ کردنیان دەبێ دووبارە بخرێنەوە بەردەمی ڕاوەرگرتنی گشتییەوە.

کاتێک کە حکومەتی سوید لە ناوەڕاستەکانی ساڵانی ١٩٧٠دا بڕیاری دا سەبارەت بە ئامادەکردنی سیاسەتی وزەی حکومەت ڕاوبۆچوونی خەڵک وەرگرێت، کەناڵێکی نوێی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەستنیشان کرد. سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی هاووڵاتیان هیچ زانیارییەکی تەکنیکی پێویستیان نەبوو سەبارەت بە سیستەمە جۆراوجۆرەکانی وزەی خۆرەوە، بگرە گەردیلەیی و گەرمای مەرکەزیی زەویش. دەوڵەت خولێکی فێرکردنی دەکاتژمێری لەو بوارەدا کردەوەو داوای لە هەموو ئارەزوومەندێکی سویدی کرد کە لەم خولە یان خولی لەم چەشنەدا بەشداربن، تا بتوانن بەشێوەیەکی ڕەسمی بۆچوونی خۆیان دەربڕن.

نەقابە کرێکارییەکان، بنکەکانی فێرکردنی بەتەمەنەکان و حزبە سیاسییەکان بە بۆچوونی جۆراوجۆرەوە، هەموویان هاوکات لەگەڵ یەکتریدا ئەو خولە دە کاتژمێرییەیان بۆ ئەندامانی خۆیان کردەوە، واچاوەڕوان دەکرا بەلایەنی کەم دەهەزار سویدی بەشداری لەو خولانەدا بکات، بەڵام هەموویان بەسەرسوڕمانەوە بینیان کە نزیکەی ٧٠ تا ٨٠ هەزار کەس بەشداریان تێدا کرد. بە دەربڕینێکی تر (بە بەراورد لەگەڵ ئەمریکادا) نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی هەوڵیان دا بیر لە گرفتێکی نەتەوەیی بکەنەوە. لەوانەیە بتوانین شێوازێکی لەم چەشنە بەکار بهێنین بۆ کۆنترۆڵکردنی کاردانەوە عاتیفییەکانی خەڵک لە کاتی ڕاوەرگرتن یان ڕێوڕەسمەکانی پیادەکردنی دیموکراسیی ڕاستەوخۆدا، و ئەو کەموکوڕییەش وەلا بنێین.

هەر لەم ڕێیەوە دەتوانین کەموکوڕییەکانی تریش نەهێڵین، چونکە کۆسپ و ڕێگرە گەیاندنییەکان - معوقات الاتصالات-ی ڕابردوو چیتر نابنە کۆسپ لە بەردەمی پیادەکردنی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ بەهۆی دووری نێوانیان. **پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانی تەکنۆلۆژیای گەیاند، بۆ یەکەمجار، توانایێکی سەرسوڕهێنەریان ڕەخساندووە بۆ بەشداری پێکردنی ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان لە بڕیاردانی سیاسیدا.**

پێش ماوەیەک ڕووداوێکی مێژووییمان بەرچاو کەوت کە تێیدا یەکەمین (کۆشکی شارەوانیی ئەلکترۆنیک)ی جیهان لەسەر سیستەمی تەلەفزیۆنی کابڵی (Cable Television) لە کۆلۆمبس (Colummbus)ی ئۆهایۆ (Ohio) کرایەوە. دانیشتوانی دەوروبەری شاری کۆلۆمبس دەتوانن لەڕێی بەکارهێنانی ئەم سیستەمە گەیاندنی ڕاستەوخۆی ئەلکترۆنییە بەشداری لە دانیشتنە سیاسییەکانی لیژنەی پلاندانانی ناوخۆ بکەن، ئەوان لەکاتێکدا کە لەناو ماڵی خۆیاندا دانیشتوون بە داگرتنی دوگمەیەک دەتوانن ڕای خۆیان بدەن سەبارەت بەو نەخشەو پێشنیارانەی کە لە بارەی بابەتە تەنفیزییەکان، سنووری شارو بڕیارەکانی خانوو دروستکردن یان دروست کردنی گەورە شەقامەکان ڕادەگەیەنرێت. ئەوان نەک هەر دەتوانن ڕەزامەندی یان ناڕەزامەندی خۆیان دەربڕن، بەڵکو توانای ئەوەشیان هەیە بەشداری لە لێکۆڵینەوەکان بکەن و تێڕوانینی خۆشیان لەتەلەفزیۆندا ڕابگەیەنن، هەتا دەشتوانن بەهۆی داگرتنی دوگمەیەکەوە سەرۆکی دانیشتنەکە ئاگادار بکەنەوە کە مادەی دواتریش باس بکات.

ئەمە تەنیا نموونەیەکی سەرەتاییە لەو تواناییانەی کە تەکنۆلۆژیا دەتوانێت بۆ پیادەکردنی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ لە داهاتوودا دابینی بکات، هاووڵاتییەکی خوێندەوار بۆ یەکەمجار لەمێژوودا بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە پێشکەوتووەکان و سەتەلایت و تەلەفزیۆن و تەلەفزیۆنی کابڵی و شێوازەکانی ڕاوەرگرتن و هۆیەکانی تریش، دەتوانێت سەبارەت بە گەلێک کێشەی سیاسی بڕیار بدات.

کێشەکە هەڵبژاردنی فلان یان فیسار شێواز نییە، کێشەکە ئەوە نییە کە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ هەڵبژێرین و دیموکراسیی ناڕاستەوخۆ بەلاوە بنێین.

نوێنەری خۆبوون، بەمانای ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردن نییە، چونکە هەریەک لەو شێوازانە هەم تایبەتمەندی و هەم داهێنراوی نوێی خۆیان هەیە کە تا ئێستا بە شێوەیەکی تەواو بەکار نەهێنراون، دەتوانین لەڕێی ئاوێتەکردنی بەشدایکردنی ڕاستەوخۆ و هەڵبژاردندا

سیستەمێکی دیموکراسیی نیمچە ڕاستەوخۆ بەدەست بێنین.

بۆ نموونە دەتوانین ڕاپرسیی بکەین سەبارەت بە بابەتە گەرمەکانی وەکو بەکارهێنانی وزەی ناوکی، بەو شێوەیەی لە کالیفۆرنیاو نەمسادا ئەنجام درا. دواتر لە جیاتی ئەوەی بڕیاری کۆتایی ڕاستەوخۆ بدەینە دەست دەنگدەران، پێویستە کێشەکە بگێڕینەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران یان کۆنگریس و داوایان لێ بکەین باس و وتووێژ لەسەر ئەم بابەتە بکەن و بڕیاری کۆتایی بدەن.

کەواتە ئەگەر خەڵک دەنگیان بۆ بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی وزەی ناوکی داوە، لەو حاڵەتەدا دەشێ ژمارەیەکی دیاریکراوی دەنگەکان بدەینە پاڵ نوێنەرانی ڕەزامەند بە بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی وزەی ناوکی لە پەرلەماندا. دەشێ ڕێژەی ئەم دەنگانە بەپێی توندی و لاوازی ڕەزامەندی خەڵک لە نێوان ١٠-٢٥٪ی هەموو دەنگەکانی نوێنەرانی کۆنگریس دەستنیشان بکرێ. لەم شێوازەدا خواستی خەڵک ڕاستەوخۆ کاریگەری نییە لە بڕیارداندا، بەڵام لە بڕیاردانەکاندا بەپێی ئەو سەنگەی کە پێی دەدرێت حیسابی بۆ دەکرێ. ئەوەی لە سەرەوەدا باسمان کرد جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ ڕای گشتی.

دەتوانین شێوازی داهێنەرانەی تریش بۆ ئاوێتەکردنی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و نیمچە ڕاستەوخۆ بدۆزینەوە. ئەو لیژنانەی کە ئێستا ئەندامانی کۆنگریس و زۆربەی پەرلەمانەکان و ئەنجوومەنەکانی یاسادانان پێکی دەهێنن، زێتر بەپێی ئارەزووی خۆیانە. هەر بۆیە هاوولاتیان هیچ ڕێگەیەکیان نییە کە لێیەوە نوێنەرانی ئەنجوومەن ناچار بکەن بۆ ئەوەی لیژنەیەک پێک بهێنن بۆ ئەو کێشانەی کە لە پەرلەماندا پەسند نەکراون، یاخود زۆر گەرم و بە مشتومڕن. بەڵام بۆچی نابێ دەنگدەران ئەو دەسەڵاتەیان هەبێت داوا لە نوێنەران بکەن کە چەند لیژنەیەک بۆ ئەو کێشانە پێک بهێنن کە بەبۆچوونی ئەوان - نەک بۆچوونی نوێنەران- گرنگن؟

پێداگرتنم لەسەر ئەو هەنگاوانە لەبەر ئەوە نییە کە پێیان ڕازیم، بەڵکو تەنیا دەمەوێ جەخت لەسەر خاڵێکی گشتی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە، کە بەڕای من زۆر ڕێگە هەن کە لە ڕێی ئەوانەوە دەتوانین ئەم سیستەمە تێک هەڵقڕاوە کە چیتر هەست ناکرێ سیستەمێکی هەڵبژێردراو بێت، دیموکراتیزە و والا بکرێتەوە. بەڵام بۆ کردنەوەی ئەم سیستەمە پێویستە بیر لە ڕێگەی تازە بکرێتەوە کە لەماوەی ئەم سێ سەد ساڵەدا بەکار نەهاتبێت. **ئێمە چیتر ناتوانین کێشەکانمان لەڕێی ئایدیۆلۆژیاو پارادایم یان بونیادە. بۆ ماوەکانی سیستەمی ڕابردووی شەپۆلی دووەم چارەسەر بکەین.**

لەبەر ئەوەی شارەزای شوێنەوارو ئەنجامەکانی ئەم جۆرە هەنگاوە داهێنراوانە نین، چاکتر وایە پێش پیادەکردنی لە کۆمەڵگادا، لە سنوورێکی بچووکدا تاقیبکرێنەوە. بەڵام هەرچۆنێکی بێت لەوانەیە ئەو پلانە نوێیانەی کە ڕادەگەیەنرێن بەرە بەرە کەموکورییەکانی ڕابردوو کەم بکەنەوەو هاوکات لەگەڵ ئەوە کەموکوڕی نوێ لە دیموکراسیی پەرلەمانی (هەڵبژێردراو) بدۆزنەوە. دیموکراسیی نیمچە ڕاستەوخۆ کە لەوانەیە بۆ هەندێکیان ترسناک یان نائاسایی بێت، زۆر بە پێچ و پەنایەو دەشێ لە دامەزراندنی دەزگا بەدیل و نوێیەکانی سبەی کاریگەر بێت.

## دابەشکردنی بڕیاردان

زیادبوونی بەشداریکردنی کەمینەکان لە سیستەمی سیاسیدا و سپاردنی ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆتر بە هاوولاتیان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا، پێویستە،- بەڵام هەر ئەمە بەس نییە-. سێیەم بنەمای سەرەکیی سیاسەتی داهاتوو بریتییە لەنەهێشتنی ناوەندێتی (Centralization) توندی بنکەکانی بڕیاردان و سپاردنی بە خەڵک. ئەمە تەنیا بە مانای نوێکردنەوەی چوارچێوەو کایەی سەرکردایەتی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەرمانێکە بۆ چارەسەرکردنی فەلەجبوونی سیاسی کە لەم سەردەمەدا کۆمەڵگا تووشی هاتووە. من ناوی دەنێم (دابەشکردنی بڕیاردان).

هەندێ لە گیروگرفتەکان ناتوانرێت لە ئاستی ناوچەییدا چارسەر بکرێن. هەندێک گیروگرفتیش هەن کە لە ئاستی نەتەوەییشدا شیاوی چارەسەرکردن نین. هەروەها هەندێکیان پێویستیان بە هەنگاونانە هاوکات لە هەموو ئاستەکاندا. سەرەڕای ئەمانەش شوێنی لەبار بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێک هەمیشە جێگر و نەگۆڕ نییە، بەڵکو لەڕەوتی مێژوودا دەگۆڕێت.

بۆ چارەسەرکردنی گرفتی مەرکەزێتی ئەم سەردەمەی بڕیاردان کە لە ئەنجامی گوشاری لەرادەبەدەری کار بەسەر دەزگاکانەوە سەریهەڵداوە، پێویستە بەرپرسیارێتی بڕیاردانەکان دابەش بکەین و بەجۆرێک

ڕێکیان بخەین کە گرووپی زێتر لە بڕیارداندا بەشداری بکەن و بڕیارەکانیش لەو شوێنانە دەربکرێن کە کێشەکان پێویستیان پێیەتی.

سیستەمی سیاسی ئەمڕۆ زۆر دژی ئەم بنەمایەیە. کێشەکان ڕێکخراون، بەڵام دەسەڵاتی بڕیاردان هەر لە شوێنی خۆی ماوەتەوە هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی بڕیارەکان هێشتا هەر بە شێوەیەکی مەرکەزی دەردەکرێت. لە ئاستی نەتەوەییدا، بونیادی دەزگاکانی بڕیاردان تەواوترین و باشترین فۆرمیان هەیە. بە پێچەوانەوە، لە ئاستی نێو نەتەوەییدا بڕیاری پێویست نادرێت و بونیادەکانی بڕیاردان زۆر سەرەتایین. سەرەڕای ئەمەش لە ئاستی خوارەوتر، واتە لە ناوچەو ویلایەت و پارێزگاو گروپە نا جیۆگرافییەکاندا، ئۆرگانێکی بڕیاردانی ئەوتۆیان لێ نییە.

وەکو بینیمان زۆربەی ئەو کێشانەی کە حکومەتە نەتەوەییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەو کێشانەن کە چارەسەرکردنیان لە دەرەوەی ئەرکی ئەوان دایە، تاکە دەوڵەتێک بەهۆی فراونبوونی ڕەهەندەکانی ئەم کێشانە ناتوانێت چارەسەریان بکات. لەو ڕووەوە پێویستە دەزگای نوێ دابمەزرێن بۆ ئەوەی زۆربەی ئەو بڕیارانەیان پێ بسەپێندرێ کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دان. بۆ نموونە نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە لەڕێی داهێنانی یاسای وشک و نەگونجاو ڕووبەڕووی دەسەڵاتی فراوانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ببینەوە کە خۆیان پێشبڕکێ لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا دەکەن. پێویستمان بە دەزگای نێودەوڵەتی نوێ هەیە بۆ ئەوەی یاسا و ڕێسا ئامادە بکات بۆ چاودێریکردنی چالاکییەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان.

بۆ نموونە با کێشەی فەساد لەبەرچاو بگرین، یاسای دژی بەرتیل لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست و پێی کۆمپانیا بازرگانییەکانی (ناردنە دەرەوە) ئەمریکای بەستووە. لەکاتێکدا کە وڵاتی دیکە هەن نەک تەنیا ڕێگە دەدەن بە کۆمپانیاکانی ناردنەدەرەوە بەرتیل بە بیانیان بدەن بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان، بەڵکو بۆ زیادکردنی ڕێژەی ناردنە دەرەوە هانی ئەم ڕەفتارەش دەدەن. بەهەمان شێوە ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی کە بڕیارەکانی پاراستنی ژینگە سنووورداری کردوون، ناچارن پێشبڕکێ لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا بکەن کە بەو شێوەیە سنووردار نەکراون و لە ئاکامدا زەرەرمەند دەبن، ئەم بارودۆخە، تا ئەوکاتەی کە لەو بوارەدا بڕیاری نێودەوڵەتی پێویست نەدرێت، بەردەوام دەبێت.

پێویستمان بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە، کە کاریان بریتییە لە ئەنبارکردنی کەلوپەلی خۆراک و گەیاندنی «یارمەتییە دەستبەجێیەکان»بەوانەی کە تووشی قەیرانی جۆراوجۆر بوونەتەوە لە جیهاندا. هەروەها پێویستمان بە دەزگا جیهانییەکان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتی پێویستدا خەڵک ئاگادار بکەنەوە لە بارەی کەمبوونەوەی چاوەڕواننەکراوی دانەوێڵە،و بەرزو نزم بوونەوەی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکان کەم بکەنەوە و هەروەها فراوانبوونی مەترسیداری کڕینو فرۆشتنی چەک کۆنترۆڵ بکەن. پێویستە چەند کۆنسرسیرم و تیمێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان دروست بکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گیرو گرفتە جۆراوجۆرەکانی دنیا.

پێویستە ڕێکخراو گەلێکی جیهانی دابمەزرێن کە توانای ئەوەیان هەبێت باشتر لە ڕێکخراوە فعلییەکان دراوی کۆنترۆل نەکراو ڕێکبخەن، یان پێویستە ڕێکخراوی دیکە لە جێی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتیی و بانکی جیهانی و ئەنجومەنی هاوکاریی ئابووری(کۆمیکۆن) و ناتۆ و ڕێکخراوی تری لەو چەشنە دابمەزرێن و یاخود دەبێ لە بناغەوە بیانگۆڕین. پێویستە ڕێکخراوی نوێ بێنەکایەوە بۆ سوودوەرگرتنی زێتر لە تایبەتمەندییەکانی تەکنۆلۆژیا و کەمکردنەوەی زیانە لاوەکییەکانی. پێویستە هەر زوو ڕێکخراوە خاوەن ئیعتبار و دەسەڵاتدارە نێو دەوڵەتییەکان دابمەزرێن بۆ چاو دێریکردنی چالاکییەکان لە ئاسمان و ئۆقیانووسەکاندا. **پێویستە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نوێ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بۆتە دیکۆرێک و زۆر بە توندی کەوتۆتە داوی ڕۆتینەوە.**

ئەمڕۆ دەزگا سیاسییە نێو دەوڵەتییەکان بەرادەی دەزگا نەتەوەیی یەکانی سێ سەد ساڵ پێش (لە سەرەتای شۆڕشی پیشە سازیدا ) سەرەتایی و دواکەوتوون. وەرگرتنی مافی هەندێ لە بڕیاردانەکان لە دەوڵەتی نەتەوەیی و سپاردنی بە «ژوورو» نەک هەر تەنیا یارمەتی چارە سەرکردنی گرفتە ترسناکە نێو دەوڵەتییەکان دەدات، بەڵکو باری دەوڵەتی نەتەوەییش سووکتر دەکات. هەرچۆنێکی بێت

دابەشکردنی بڕیاردان شتێکی زەرووریيە .

بەڵام گواستنەوەی بڕیارەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ ئاستێکی بەرزتر«نێودەوڵەتی» تەنیا نیوەی کارەکەیە. هەروەها پێویستە بڕێکی زۆری بڕیاردانەکان بۆ ئاستێکی نزمیش بگوازێنەوە.

دووبارە مەسەلەی هەڵبژاردنی فلان یان فیسار شێواز نییە . لێرەدا «المرکزیة/Centralism » سێنترالیزم نەکەوتۆتە بەرامبەر سیاسەتی «نامەرکەزێتی Des cen-- tralization»بەمانا مرتلەقەکەی.بەڵکو مشتومڕ لەسەر دیاریکردنی پێگەیەکی ژیرانەی بڕیاردانە لە سیستەمێکدا کە ئەوەندە دووچاری «مەرکەزگەرێتی » بووەکە لە ژێر باری شەپۆلە نوێیەکانی زانیاریدا خەریکە دەخنکێ.

نامەرکەزێتی سیاسی هیچ کات دیموکراسی دابین ناکات. لەوانەیە ببێتە هۆێ سەرهەڵدانی حکومەتی ناوچەیی ئیستبدادی و زۆرکار. ئەزموونەکان وا پیشان دەدەن کە لەوانەیە رێکخراوە سیاسییە ناوچەیی یەکان لە رێکخراوە سیاسییە نەتەوەیی یەکانیش فاسدتر بووبن. سەرەڕای ئەوە زۆربەی ئەوەی بە ناوی سیاسەتی نامەرکەزێتی ئەنجام دەدرێ - بۆ نموونە دووبارە رێکخستنەوەی حکومەتی نیکسۆن - جۆرە سیاسەتێکی نامەرکەزیی درۆزنانەیە کە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندیی «مەرکەزگەرێتی »یانەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، وێڕای هەبوونی ئەو هەموو کەموکورییانە، تا ئەو کاتەی کە بڕێکی بەرچاوی ئیختیاراتی دەوڵەتی ناوەندی بە ئۆرگانەکانی تر نەسپێردرێ، جەوهەری بەشداریکردنی چالاک و رێکخستن و کارامەیی کارگێریی ناگەڕێتەوە بۆ دەزگا دەوڵەتییەکان . پێویستە باری بڕیاردان دابەش بکرێ و بەشێکی گرنگی بگوازێتەوە بۆ دەزگا دەوڵەتییەکان. پێویستە باری بڕیاردان دابەش بکرێ و بەشێکی گرنگی بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی نزمتر (لە حکومەت).

ئەمە لە پێناوی ئەوەی دانییە کە ئانارشیستە عاتفییەکان دەیانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ «دیموکراسیی لادێیی». یاخود لەبەر ئەوەی کە باجدەرە دەوڵەمەندە تووڕەکان داوای کەمکردنەوەی بودجەی خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی تایبەتی چینە کەم دەرامەتەکان دەکەن . بەڵکو زێتر لەبەر ئەوەیە کە هەر بونیادێکی سیاسی(هەتا بەهەبوونی بانکی زانیاریی پێکهاتوو لە ٣٧٠ کۆمپیوتەری«I.B.M» ) تەنیا تا رادەیەکی دەستنیشانکراو توانای ئەوەی هەیە سوود لەو زانیارییانە وەرگرێت، نەک زیاتر . بەڵام دەتوانێت بڕێکی دیاریکراوی بڕیارەکان بە چۆنیەتیێکی دیاریکراوەوە دەربکات. لە ئاکامدا زیاد بوونی مەترسیداری گرفتەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتەکان لە بێ توانایی خۆیان نزیک ببنەوە و فەلەج ببن.

سەرەڕای ئەوە ، پێویستە دامەزراوە دەوڵەتییەکان لەگەڵ بونیادی ئابووری و سیستەمی زانیاری و پێکهاتە شارستانییەکانی دیکە بگونجێن. ئەمڕۆ ئێمە نامەرکەزێتی بنچینەیی لە بەرهەمهێنان و چالاکییە ئابوورییەکاندا دەبینین، هەر چەند ئابووریناسان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەداوە. لەوانەیە یەکەی ئابووری چیتر ئابوورییەکی نەتەوەیی نەبێت.

ئەوەی پێشتریش ئاماژەمان پێ دا ، ئەوەیە کە لە ناو ئابوورییە نەتەوەییەکاندا چەند کەرتە ئابوورییەکی «Subeconomic»گەورەی ناوچەیی خەریکی دروستبوونن کە زیاتر لە جاران بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ئەم کەرتە ئابوورییانە (Subeconomic )زۆر لە یەکتری جیاوازن و هەریەکەیان کێشەی جۆراوجۆری خۆی هەیە. یەکیان لەوانەیە بکەوێتە گیانی کێشەی بێکارییەوە و یەکێکی تر ئاگای لە کەمبوونەوەی هێزی کاربێت. لە بەلجیکاو والۆنیا(Wallonia ) دژی گواستنەوەی پیشەسازین بۆ فلاندەر،بەڵام لەویلایەتی رۆکی ماونتێنز(Rocky Moun- tains)ی ئەمریکا حەزیان لەوە نییە ببن بە کۆلۆنیالیی دابینکردنی وزەی ویلایەتەکانی کەناری رۆژئاوا.

ئەو سیاسەتە ئابوورییە یەکسانەی لە واشنتۆن و پاریس یان بۆن دەردەکرێت. شوێنەواری تەواو جیاواز لە سەر ئەو کەرتە ئابوورییانە دادەنێت. لەوانەیە سیاسەتی ئابووریی دەوڵەت بۆ ناوچەیەک یان پیشەسازییەک سوودبەخش بێت ، بەڵام بۆ ناوچە یان پیشەسازییەکانی دیکە زیانبەخش. هەر بۆیە پێویستە بڕێکی زۆری سیاسەتە ئابوورییەکان بە نامەرکەزی و ویلایەتی و پارێزگایی بکرێ.

لە ئاستی کۆمپانیاکانیشدا، نەک هەر هەولی نامەرکەزیکردنی کاروبارە ناوخۆیی یەکان دەدرێت(لەو دواییانە ٢٨٠ کەس لە بەڕێوەبەرانی جێبەجێکردنی جەنەڕاڵ مۆتۆر دانیشتنێکیان کرد بۆ ئەوەی لە ماوەی

دوو رۆژدا سەبارەت بە شێوازی پێداچوونەوە بە فۆرمە ئیدارییە لەکارکەوتووەکان و ئیختیاردان بە یەکەکان – وحدات- باس و وتوویژبکەن)، بەڵکو لە ئاستی جۆگرافیشدا جۆرێک مەیل بۆ نامەرکەزیتی واقعیی دەبینین.«بیزنس ویک» رادەگەیەنێت:« لەبەر ئەوەی زۆربەی کۆمپانیاکان کارگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان لە شوێنە دوور دەستەکاندا دروستکردوون یان بۆ ئەوێ گواستوویانەتەوە . ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی دووچاری جۆرە ئاڵۆزییەکی جوگرافی بووە».

هەموو ئەمانە تارادەیەک وەرچەرخانی گەورەی ڕەوتی زانیارییەکان (Information) لە کۆمەڵگادا پیشان دەدەن . وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لەگەڵ ئاوابوونی دەسەڵاتی تۆڕە مەرکەزییەکان، گەیاندنەکان (Communications) هەنگاو بەرەو نامەرکەزیتی بنچینەیی دەنێن . لەو چرکەساتەدا، ئێمە فراوانبوونی سەر سورهێنەری تەلەفزیۆنی کابڵی «Cabel Telvision» و کۆمپیوتەر و سیستەمەکانی پۆستی ئەلکترونیی تایبەت دەبینین کە بەرەو لای نامەرکەزیتی هەنگاو دەنێن.

**کۆمەڵگا ناتوانێت چالاکییە ئابوورییەکانی، گەیاندن و زۆربەی پرۆسێسە گرنگەکانی تری نامەرکەزی بکات، بێ ئەوەی درەنگ یان زوو سیستەمی بڕیاردانی سیاسیی خۆی نامەرکەزی نەکات.**

هەموو ئەمانە پێویستیان بە شتێکی زیاتر هەیە لە گۆڕانکارییە رووکەشییەکانی ئەو دامەزراوە سیاسییانەی کە هەن. ئەم چەشنە وەرچەرخانە پێویستی بە خەباتێکی فراوان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی بودجە و دارایی و زەوی و وزە و سەرچاوەکانی تر. بڕیاردان بە ئاسانی دابەش ناکرێ، هەڵبەت لەو وڵاتانەی کە زۆر مەرکەزین کارێکی حەتمییە.

تا ئێرە ئێمە چاوێکمان خشاندووە بە دابەشکردنی بڕیاردان وەکو ڕێگەیەک بۆ شکاندنی ئەو کۆتەو رزگارکردنی سیستەمی سیاسی لەو بنبەستەو دووبارە پێ بەخشینەوەی کارامەیی«Efficiency» . بەڵام ئەم کارە چەند شتێکی دیکەش هەڵدەگرێت . چەسپاندنی ئەم بنەمایە تەنیا بەکەمکردنەوەی باری بڕیارەکانی حکومەتە مەرکەزییەکان واز ناهێنێت . بەڵکو پێکهاتی دەستبژێرانیش دەگۆڕێت و ناچاریان دەکات خۆیان بگونجێنن لەگەڵ پێداویستییەکانی شارستانییەتی تازە سەرهەڵداو.

## دەستبژێران لە زیاد بوون دان

بۆ تێگەیشتن لە دیموکراسی ، چەمکی «باری بڕیاردان–Desision load»[(١٢)] گرنگییەکی زۆری هەیە . بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکان بتوانن کارامەو لێهاتووبن پێویستیان بە ژمارەیەک بڕیاری سیاسی(بەچڵۆنایەتییەکی دیاریکراوەوە) هەیە. لە راستیدا هەر کۆمەڵگایەک بونیادی بڕیاردانی تایبەت بە خۆی هەیە . هەرچەند بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگایەک پێویستی بە بڕیارگەلێکی زێترو جۆراو جۆرترو ئاڵۆزتر هەبێت (باری بڕیاردان)ی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە قورستر دەبێت، لە راستیدا رادەی بەشداریکردن لە وەئەستۆگرتنی ئەو بارە نیشانەی ئاستی دیموکراسییە لە کۆمەڵگادا.

لە کۆمەڵگا پێش- پیشەسازییەکاندا لەبەر ئەوەی دابەشبوونی کار لە قۆناغێکی سەرەتایی و ڕەوتی وەرچەرخانیش زۆر سست بوو، قەبارەی بڕیارە سیاسی و ئیدارییەکانیش کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان پێویست بوون، زۆر کەم بوو. هەروەها باری بڕیاردان زۆر سووک بوو. گروپێکی بچووک لە دەستبژێرانی نیمچە خوێندەوارو ناپسپۆڕی فەرمانڕەوا دەیتوانی بەبێ یارمەتی چینەکانی خواروو زۆر یان کەم کاروبارەکان بەڕێوە ببات و هەموو باری بڕیاردان بخاتە سەرشانی خۆی.

ئەوەی ئەمڕۆ بەناوی دیموکراسی دەناسرێت، ئەوکاتە دەرکەوت کە لەناکاو باری بڕیاردان ئەوەندە زیادی کرد کە لە توانای دەستبژێرانی کۆن چووە دەرەوە. شەپۆلی دووەم کە بازرگانی بەرفراوان و دابەشبوونی کارو وەرچەرخانێکی لەناکاوی لەگەڵ خۆیدا بەدیاری بۆ کۆمەڵگا هێنا ، بووە هۆی ئەوەی کە لەو سەردەمەدا رووبەڕووی هەمان جۆری وەرچەرخان لە بڕیاردانەدا ببینەوە کە ئەمڕۆ شەپۆلی سێیەمی داهێناوە.

لە ئاکامدا، توانای بڕیاردانی گروپە کۆنە فەرمانڕەواکان بە بنبەست گەیشت و دەستبژێران و دەستبژێرۆکە (Subiletis)ی نوێ چوونە سەرووی کاروبارەکانەوە بۆ ئەوەی بتوانن باری سەنگینی

بڕیاردان بخەنە سەر شانی خۆیان.بۆ ئەم مەبەستە پێوستمان بە دەزگای سیاسی و شۆڕشگێڕیی نوێ هەیە.

لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگای پیشەسازی و ئاڵۆزتر بوونی، دەستبژێرە یەکخەرەکان و (تەکنیکارانی دەسەڵات) ناچار بوون لە ڕێی هەڵبژاردنی چەند تاکە کەسێکی نوێ، باری ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لە گرانبووی بڕیاردانیان بەسەردا دابەش بکەن. ئەم پرۆسە نادیار، بەڵام حەتمییە بوو کە چینی ناوەڕاستی زێتر ڕاکێش کردە مەیدانی سیاسەتەوە، ئەم پێویستییە زۆرە بە(بڕیاردان)ە بوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی گەورەتر و چەندچالێکی دروست کرد کە دەبوایە لەلایەن توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگا پڕ بکرێتەوە.

زۆرێک لە تاڵترین کێشمە کێشە سیاسییەکانی وڵاتانی شەپۆلی دووەم- خەباتی ڕەش پێستانی ئەمریکا بۆ چوونە نێو سیستەمەوە، خەباتی نەقابەی کرێکارییەکانی بەریتانیا بۆ بەهرەمەندبوون لە توانای خوێندنی یەکسان، خەباتی ژنان بۆ بەهرەمەند بوون لە مافە سیاسییەکان، ململانێی چینایەتی نادیار لە پۆڵۆنیا و یەکێتی سۆڤێت- بەهۆی دابەشبوونی ئەم درزە نوێیانەی ناو پێکهاتەی دەستبژێران سەری هەڵداوە.

بەهەر حاڵ، لە هەر سەردەمێکدا کۆسپ هەبووە لەسەر ڕێی کێشکردنی تاکە کەسە زیادەکان بۆ نێو بازنەی دەستبژێرانی فەرمانڕەواوە، ئەم کۆسپانەش لەگەڵ باری بڕیارداندا گونجاون.

کەواتە سەرەڕای ئیدیعاکانی کۆمەڵگای شەپۆلی دووەم کە خۆی بە کۆمەڵگایەکی Meritocracy دەزانی. هەموو گروپەکانی کۆمەڵگا بەپێی نەژادو ڕەگەز و هتد... لە بێبژێنگ دەدران و دەچەوسێندرانەوە، هەر جارەی کۆمەڵگا وەرچەرخانێکی لەناکاوی بەسەردا دەهات و باری بڕیاردان لەناکاو قورستر دەبوو. گروپە دەرکراوەکان بەسوود وەرگرتن لە دەرفەتێکی نوێ بۆ بەدەستەوەهێنانی مافی یەکسانی داوای ئیمتیازاتیان دەکردو دەستبژێرانیش ناچار دەبوون کەمێک دەرگایان بەڕوویاندا بکەنەوەو تا ڕادەیەک کۆمەڵگا بە دیموکراتی دەکرا.

ئەگەر ئەم شیکردنەوەیە تا ڕادەیەکیش دروست بێت، بەو مانایەیە کە ڕادەی دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکدا کەمتر پەیوەندی بە کولتوور، چین لەڕوانگەی مارکسییەوە، ئازادی لە خەباتدا، دروشم و ئیرادەی سیاسییەوە هەیەو زێتر وا بەستەیە بە قورسی باری بڕیاردانەوە، لەئاکامدا دەبێ ئەم بارە گرانە لەڕێی بەشداری کردنی دیموکراسی فراوانتری نێوان تاکە کەسان دابەش بکرێ، کەواتە لەبەر ئەوەی باری بڕیاردانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕوو لە زیادبوونە، دیموکراسی بەپێی ویست و ئیختیارەوە هەڵناوێردرێ، بەڵکو دەبێتە زەرورەتێکی شۆڕشگێڕیی کە بەبێ ئەو سیستەم توانای درێژەدان بە ژیانی نییە.

لەوەی کە وتمان ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە لەوانەیە کۆمەڵگاکەمان چووبێتە دەروازەی وەرچەرخانێکی گەورەی دیکە بۆ دیموکراتیزە بوون. چونکە هەمان ئەو تەقینەوە ناوخۆییەی بڕیاردانە کە ئێستا سەرۆک کۆمارەکان و سەرۆک وەزیران و حکومەتەکانی ئێمەی فەلەج کردوە، بۆ یەکەم جار لەکاتی شۆڕشی پیشەسازییەوە تاکو ئێستا، مۆژدەی زیادبوونی بەشداریکردنی سیاسی دەدات لە ئاییندەدا.

## ململانێی گەورەی ئاینده

پێویست بە دەزگای سیاسی نوێ هاودەمە لەگەڵ پێویست بوون بە خێزانی نوێ و دەزگا پەروەردەیی و ڕێکخراوە ئابوورییە نوێیەکان . ئەم پێویستییە بەشێوەیەکی قوڵ تێکەڵ بووە بە گەڕان بە دوای بناغەیەکی نوێی وزەو تەکنۆلۆژیاو پیشەسازییە نوێیەکان، ئەم پێویستییە، گۆڕانی گەیاندنەکان (الاتصالات) و زەرورەتی چاوخشاندنەوە بە پەیوەندییەکان لەگەڵ دونیای نا پیشەسازیدا لە خۆیدا ڕەنگ پێ دەداتەوە . بە کورتی، ئەم ڕەنگدانەوە سیاسییە خێرایەی ئەو وەرچەرخانەیە کە هەموو بوارەکانی لە ئامێز گرتووە.

بەبێ تێگەیشتن لەو مەسەلە ڕێچکە بەستووانە زۆر ئەستەمە لە سەرە ناونیشانەکانیان تێبگەین، چونکە ئەمڕۆ چیتر ململانێیە سیاسییە هەرە گرنگەکان ململانێی نێوان هەژارو دەوڵەمەند، و نێوان گروپە بەهێزە زاڵەکان و ژێر دەستەکان، یان هەتا ململانێی نێوان سەرمایەدارو کۆمۆنیست نییە، ململانێی چارەنووسسازی ئەمڕۆ ململانێییەکە لە نێوان پارێزەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی و ئەوانەی کە ئامادەن لەوە

بەولاوەتر بچن، ئەمەیە ململانێی گەورەی سبەی. هەڵبەتە بەرەبەرەکانێی باوی نێوان چین و نەژادو ئایدیۆلۆژیاکان لە نێو ناچێت.

لەوانەیە ئەم کێشمەکێشانە بە هەمان شێوەی کە پێشتر وتمان، زەبروزەنگ ئامێز تریش بن، بەتایبەت ئەگەر کۆمەڵگا دووچاری پشێوییەکی ئابووری سەخت بێت.

بەڵام هەموو ئەو کێبڕکێیانە دەچنەوە قاوغی ململانێیە گەورەکەوەو بەهەمان شێوە کە ململانێ هەموو چالاکییە مرۆییەکانی گرتۆتەوە، هەر لەهونەرو مەسەلە سێکسییەکانەوە تا بازرگانی و دەنگدان، لە چوارچێوەی ئەم ململانێیەدا.

لێرەوەیە کە لەیەک کاتدا دوو جەنگی سیاسی دەبینین، لە ئاستێکیاندا ململانێی سیاسی لە نێوان گروپەکانی شەپۆلی دووەم دایە کە لەسەر بەرژەوەندییە کاتییەکانیان بەر بەرەکانێ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، لە ئاستێکی قوڵتریشدا، گروپە تەقلیدییەکانی شەپۆلی دووەم هاوکاریی یەکتری دەکەن تا بەرەنگاریی لە هێزە سیاسییە نوێیەکانی شەپۆلی سێیەم بکەن.

ئەم شیکردنەوەیە ئاشکرای دەکات کە بۆچی حزبە سیاسییەکان ، کە هەم لەلایەنی پێکهاتەو بونیادەوە و هەم لەلایەنی ئایدیۆلۆژیاوە ئەوەندە کۆن و سوواون، تا ئەو ڕادەیە لە یەکتر دەچن . دیموکراتەکان وکۆماریخوازان ، ئەندامانی حیزبی پارێزگاران و ئەندامانی حیزبی کرێکار، مەسیحیە دیموکراتەکان و گلیستەکان، ئازادیخوازان و سوسیالیستەکان، کۆمۆنیستەکان و پارێزگاران، هەموویان وێڕای جیاوازییەکانیان، لە حزبەکانی شەپۆلی دووەم لە قەڵەم دەدرێن . هەموو ئەوانە، سەرەڕای ئەوەی کە لەناو سیستەمی هەبوو (موجود)دا بۆ بەدەستەوەهێنانی دەسەڵات لەسەری یەکتر دەدەن، بەڵام لە بنچینەدا هەموویان ناچارن سیستەمی ڕوو لە مەرگی پیشەسازی بپارێزن.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی تازەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، گرنگترین ڕووداوی سیاسی سەردەمی ئێمە دابەشبوونی کۆمەڵگایە بۆ دوو بەش، یەکێکیان لایەنگرانی شارستانیەتی شەپۆلی دووەم و ئەوی دیکەیان لایەنگرانی شەپۆلی سێیەمن، بەرەیەکیان سەرسەختانە هەوڵی پاراستنی دەزگا سەرەکییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی جەماوەری (خێزانی ناووکی - العائله النواه-، پەروەردەو فێرکردنی گشتی، کۆمپانیای گەورە، نەقابەی کرێکارییەکان، دەوڵەتی نەتەوەیی مەرکەزی و دەوڵەتی هەڵبژێردراوی درۆزنامە) دەدات و بەرەی دووەمیش باش تێگەیشتووە لەوەی کە ناتوانین کێشە هەرە سەختەکانی ئەمڕۆ، واتە وزەو شەڕو هەژاری تێکچوونی ژینگەو تێکهەڵقڕژانی پەیوەندییەکانی خێزان لە چوارچێوەی شارستانیەتی پیشەسازیدا چارەسەر بکەین.

هێشتا بەڕوونی سنووری نێوان ئەو دوو بەرە نەکێشراوە، زۆربەی خەڵک پێیەکیان لەم بەرەیە دایەو پێی دووەمیان لەبەرە بەرامبەردا. هێشتا بابەتەکان ئاڵۆزو پچڕ پچڕ دێنە بەرچاو، سەرەڕای ئەوە، هەر بەرەیەک لە کۆمەڵە گروپێک پێکهاتووە کە بە دوای بەدەستەوەهێنانی بەرژەوەندییە بەر تەسکە تایبەتییەکانیاندا دەگەڕێن، بێ ئەوەی تێڕوانینێکی بەرفراوانیان هەبێت، پایە بەرزێتی ئەخلاقی مۆنۆپۆلیزەکراوی هیچ یەک لەو دوو لایەنانە نییە، خەڵکی باش لە هەردوو لایەندا دەست دەکەون، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیی نێوان ژێر ئاستی -Subsurface- ئەو دوو کۆمەڵبەندییە سیاسییە ئێجگار زۆرە.

پارێزەرانی شەپۆلی دووەم، وەک باوە دژی دەسەڵاتی کەمینەن، ئەوان بە چاوێکی گاڵتەجاڕییەوە وەکو (Populism)ێک سەیری دیموکراسی سیاسی دەکەن و دژی سیاسەتی نامەرکەزێتی و ناوچەگەرێتی و جۆراوجۆرێتی دەوەستن. بەرە بەرەکانێی ئەو هەوڵانە دەکەن کە بۆ بەناجەماوەریکردنی قوتابخانەکان دەدرێن، خەبات دەکەن بۆ پارێزگاریکردن لە سیستەمی دواکەوتوویی وزە، خێزانی ناووکی بە موقەدەس دەژمێرن، زۆر بە ڕاشکاوی سەیری ئەو نیگەرانییانە ناکەن کە سەبارەت بە ژینگە دەردەبڕێن، گوتار بۆ ناسیۆنالیزمی تەقلیدی سەردەمی پیشەسازی دەخوێننەوەو دژی هەموو جموجۆڵێکن بەرەو لای سیستەمێکی ئابووری عادیلانەتر لە جیهاندا.

لە بەرامبەر ئەمەدا، هێزەکانی شەپۆلی سێیەم لایەنگری دیموکراتییەتێک دەکەن کە لەسەر بنەمای بەشداریکردنی کەمینەکان لە کاروباری دەسەڵاتدا دامەزرابێت، ئامادەییان هەیە بۆ تاقیکردنەوەی

دیموکراسییەکی ڕاستەوخۆ، هەم بە بۆچوونە نێونەتەوەییەکان ڕازین و هەم بە سپاردنی دەسەلات بە نۆرگانە جۆراوجۆرەکان.

ئەوان خوازیاری تێکشکاندنی بیرۆکراتییەکانن و سیستەمی وزەی زیندوو و کەمتر مەرکەزیی ڕادەنێن، دەیانەوێت جگە لە خێزانی ناووکی شێوەو چەشنی دیکەی خێزانیش بەڕەوا بزانرێن، ئەوان هەوڵدەدەن لە پێناوی وەکو یەک لێکردنێکی کەمترو بەهێزکردنی کەسێتی قوتابییان لە قوتابخانەکاندا . کێشەکانی ژینگە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کێشانەن کە زۆر بایەخی پێ دەدەن . زۆر بە چاکی دەرک بە زەروورەتی نوێکردنەوەی بونیادی ئابووری جیهان دەکەن لەسەر بنەمایەکی یەکسان و دادپەروەرانەتر.

بەرەی شەپۆلی دووەم هێشتا زۆرینەی دەسەلاتدارانی بەناو (nominal)ی کۆمەڵگایان وەکو سیاسەتمەداران و بازرگانان و سەرۆکی نەقابەکان و پەروەردەکارو سەرۆکی دەزگاکانی گەیاندنی گشتی، لەبەردەستدایە وەک بلێی زۆربەیان کەوتوونەتە ڕەنج و عەزابەوە بەهۆی نەگونجاویی جیهانبینی شەپۆلی دووەم، بێشک لەلایەنی چەندایەتییەوە بەرەی شەپۆلی دووەم، سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لێیان دەکەونەگومانەوەو لێیان جیادەبنەوە، هێشتا ئیدیعای ئەوە دەکەن کە زۆرینەی هاوولاتیان پارێزگارییان لێ دەکەن.

ناتوانین بە ئاسانی تایبەتمەندییەکانی لایەنگرانی شەپۆلی سێیەم وێنا بکەین، لە کاتێکدا کە هەندێکیان لەئاستی سەرەوەی کۆمپانیا گەورەکان دان، هەندێکیشیان بەشێکن لەوانەی کە زۆر بەجیدی دژی کۆمپانیاکانن . هەندێکیان لە تاقمی لایەنگرانی پارێزگاریکردن لە ژینگەن و هەندێکی دیکە بایەخ بە بابەتگەلێکی وەکو ڕۆڵی ژن و پیاوو ژیانی خێزان و ئەشوغای تاکە کەس دەدەن. هەندێک لەوان نزیکەی هەموو ویستی خۆیان تایبەت دەکەن بە دۆزینەوەی وزەی بەدیل، لەکاتێکدا کۆمەڵێکی دیکە خۆشحاڵن بەوەی کە شۆڕشی گەیاندنەکان بەڵێنی دیموکراسیان پێدەدات.

هەندێ لەو کەسانە لەبەرەی (ڕاست)ی شەپۆلی دووەم ڕاکێشکراون و ژمارەیەکی تریان لەبەرەی (چەپ)ەوە کە بە گشتی لایەنگرانی بازرگانی ئازادو ئازادییەکانی تاکە کەس و سوسیالیستە نوێیەکان و (Feminist)ەکان و تێکۆشەرانی چالاکی وەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکان و خەڵکی ئازا و ڕاستکار دەگرێتەوە. هەندێ لە وان پێشتر لە ڕاپەڕینەکانی لایەنگرانی ئاشتیدا چالاکییان هەبووە و هەندێکی تر لە ژیانیاندا لە هیچ خۆ پیشاندان و ڕێپێوانێکدا بەشدارییان نەکردووە. هەندێکیان دڵسۆزانە دیندارن و هەندێکی تریان خوانەناسی سەرسەختن.

پێویستە توێژەرەوان ماوەیەکی زۆر مشتومڕ لە سەر ئەوە بکەن کە ئایا دەشێ گروپێکی ئاوەها بێ شکل وشێوە بە«چین» ناوبەرین. ئەگەر وەڵامەکەیان ئەرێ بێت ، ئەمە «چینێکی نوێ»یە کە پێکهاتووە لە فەرمانبەرانی خوێندەواری پیشە سازی زانیارییەکان و ڕۆشنبیران و تەکنیکاران . بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی تاکە کەسانی شەپۆلی سێیەم، خاوەن خوێندنی ئەکادیمی و لە خەڵکی چینی ناوەڕاستن. بەدڵنیاییەوە زۆربەیان ڕاستەو خۆ بەشدارن لە بەرهەمهێنان و بەشی زانیارییەکان ، یان لە کارە خزمەتگوزارییەکاندا . خۆ ئەگەر کەمێک یاری بە وشەکان بکەین، دەشێ ئەوانە بە «چین»ناو بنێین. بەڵام ئەمە پێش ئەوەی ڕۆشنکەرەوە بێت ، ئاڵۆزی و پێچوپەنای بابەتەکە زێتر دەکات . چونکە لە نێوان ئەو گروپە سەرەکییانەی کە زۆر داکۆکی دەکەنە سەر بەناجەماوەریکردنی کۆمەڵگای پیشەسازی ، کەمینەی نەتەوەیی نیمچە نەخوێندەواریش هەن کە ئەندامەکانی بە توندی لەگەڵ وێنەی کەرتکاری جانتابەدەست «پیشەسازی زانیارییەکان»دا دێتەوە .

چۆن دەتوانین تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی ئافرەتان کە بۆ تێکشکاندنی ڕۆڵی ئەسیرانەی کۆمەڵگای شەپۆلی دووەم تێدەکۆشن دەستنیشان بکەین ؟ سەرەڕای ئەوە، چۆن دەتوانین وەسفی ئەو ملیۆنەها کەسە بکەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان زیاد دەبێت و لە ڕاپەڕینی ناوخۆییدا بەشدارن؟ هەر بەم شێوەیەش، ئێمە چی دەکەین سەبارەت بە زۆرێک لەو کەسانەی کە «لەژێرگوشارە دەروونییەکان» دان، واتە ملیۆنەها قوربانیی ئیپیدێمیای(Epidemie ) تەنیایی، خێزانی لەبەریەکهەڵوەشاوە، باوک و دایکانی بێ هاوسەر، کەمینە ڕەگەزییەکان کە بە تەواوی لەگەڵ تیۆری چینایەتیدا ناگونجێن؟ ئەم گروپانە لە توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگاوە سەریان هەڵداوەو شوغلی جیاجیایان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرچاوەی

دەسەڵاتێکی گرنگ دەژمێردرێ بۆ بزووتنەوەی شەپۆلی سێیەم.

لە راستیدا ، دەشێ زاراوەی بزووتنەوە«Movement» گومراکەر بێت. یەکەم لەبەر ئەوەی کە ئەم زاراوەیە دەلالەت بۆ ئاستێکی باڵای هۆشیاریی هاوبەش دەکات ، دووەم لەبەر ئەوەی کە خەڵکی شەپۆلی سێیەم تەواو دژی هەموو بزووتنەوە جەماوەرییەکانی رابردوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان چ چین بن یان بزووتنەوەیەک و چ تەنیا پێکهاتێکی کۆمەلایەتی لە حاڵەتی گۆڕانی پێکهاتوو لە تاکە کەس و گروپە ناسەقامگیرەکان، هەموویان لە شتێکدا بەشدارن و ئەویش بێ باکبوونێکی قووڵە بەو دەزگایانەی کە هەن، واتە تێگەیشتنێکی هاوبەش سەبارەت بەوەی . کە سیستەمی کۆن ئەوەندە تێکشکاوە کە چیتر لێکنادرێنەوە. کەواتە ململانێی گەورە لە نێوان هێزەکانی شەپۆلی دووەم و شەپۆلی سێیەم وەکو هێلێکی شانەیی بە نێوان چین و حزب، گروپە ئەمەنی و نەتەوەییەکان، گروپە رەگەزی و ووردە کولتوورەکان(Subculture) دا تێدەپەڕێت و کەلێنیان لە نێواندا دروست دەکات . ئەم ململانێیە ، ژیانی سیاسی کۆمەڵگا سەر لە نوێ دروست دەکاتەوە و رێکدەخات و بۆ مژدەدان بۆ کۆمەڵگایەکی هەماهەنگی بێ چین و بێ ناکۆکی و نامیتۆدۆلۆژیکی، ئاماژە بۆ قەیرانە زۆرەکان و نائارامییە کۆمەلایەتییە قووڵەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکات. لە زۆربەی وڵاتاندا شەڕێکی سیاسی سەخت دەستپێدەکات . شەڕێک کە تەنیا بۆ دابەشکردنی تاڵانیی کۆمەڵگای پیشەسازی نابێت ، بەڵکو زێتر لەسەر ئەوە دەبێت کە کێ کۆمەڵگای داهاتوو دروست دەکات و دەبێتە چاودێر بەسەریەوە.

ئەم ململانێیە گەورەیە«Super Strugle»کە رۆژ بەرۆژ گەرمتر دەبێت، کاریگەرییەکی بنەبڕی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی سبەی و داهاتوودا . دەوری هەریەک لە ئێمە لەو ململانێیە گەورەیەدا ، پەیوەستە بە بەشداریکردنی هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە. ئەگەر هۆشیاربین دەورێکی بنیاتنەرانە و ئەگەر ناهۆشیاریش بین. دەورێکی تێکدەرانەمان دەبێت.

## ئەو چاوەنووسەی کە دەبێ بنیات بنرێ

هەندێ ئەوە بۆ دروستکردن هاتوونەتە دونیاوە و هەندێکی تر بۆ پاراستنی شارستانییەت. ئەو ئەوانەی کە شەپۆلی دووەمی گۆڕانکاریی مێژوویان داهێنا بە پێی هەلومەرج ناچار بوون دروستکەر(خلاق)بن .مۆنتسیکیۆ و میل و مۆدیسونەکان بوون کە زۆربەی ئەو شێوە سیاسییانەی ئێمە ئێستا بە شێوەیەکی گشتی پەسندیان دەکەین ، داهێناوە.ئەوان لەبەر ئەوەی کەوتبوونە نێوان دوو شارستانییەتەوە، ناچار بوون چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان دروست بکەن.

ئەمرۆ ئەوەی ئێمە لە هەر کایەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی بێت - خێزان ، قوتابخانە ، دەزگا بازرگانییەکان، کلێسا ، سیستەمەکانی وزەو گەیاندن- پێویستە دەست بدەنە دروستکردن و داهێنانی ئەشکالی تازە. هەر ئێستا ملیۆنەها کەس لە زۆربەی وڵاتاندا دەستیان داوەتە ئەم کاوە. بەڵام پێویستە ئاگاداربین کە لە هیچ کایەیەکدا ئەوەندەی سیاسەت، دامەزراوەکانی کۆن و بێ کەڵک و مەترسیدار نەبووین، لە هەمان کاتدا لە هیچ بوارێکدا بەو رادەیە دانەهێنان و نارەزوونەبوون لە وەدەستهێنانی ئەزموون و گۆڕانکاریی بنچینەیی بەرچاو ناکەوێت.

هەتا ئەو کەسانەش کە لە ئیشی خۆیاندا توانای داهێنانیان هەیە- جا چ لە نووسینگە یاساییەکان بێت یان لە تاقیگە وچێشتخانەکان یان لە پۆلی وانەدا، یاخود لە فەرمانگەکاندا- کاتێک رووبەڕووی ئەو بیرۆکەیە دەبنەوە کە **یاسای بنچینەیی و سیستەمی سیاسیی (ئەمریکا) کۆن و سواون و پێویستە لە بناغەوە بگۆڕێن**، خۆیان فرێو دەدەن. چونکە داهاتوو بەو وەرچەرخانە قووڵە سیاسییەی کە لەبەر دەمی دایە و ئەو مەترسیانەی کە بە دوایدا دێن ، لە پێش چاویان ئەوەندە ترسناکە کە بارودۆخی باو (هەرچەندی بێ ماناو ستەمکارانە بێت) بە باشترین دونیای دادەنێن.

لەبەرامبەر ئەمەدا، هەمیشە گروپێکی بچووک لە خۆ بە شۆڕشگێر زانیش لە کۆمەڵگادا هەن کە ئەوەندە کەوتوونەتە داوی گریمانە کۆنەکانی شەپۆلی دووەم کە هیچ گۆڕانکارییەک بە ئەندازەی پێویست گەورەو قووڵ نابینن. کۆنە مارکسیستەکان ، ئانارشیستە رۆمانتیکەکان، رەگەزپەرستە راستڕەوەکان ، چەکدارەکانی پشت مێزو تیرۆریستانی «بڕوادار بە

خوا» ، هەموویان لە روانگەی حکومەتە توتالیتەر و تەکنۆکراسییەکان، یۆتۆپیاکانی سەدەی ناوەڕاستن.

لەکاتێکدا کە کۆمەڵگاکەمان بە خێرایی خەریکە پێ دەنێتە قۆناغێکی مێژوویی نوێوە، ئەوان لە خەوی شۆڕشگێڕیدا ڕۆچووین کە لە لاپەرە زەرد هەڵگەڕاوەکانی نووسینە سیاسییەکانی دوێنێوە وەرگیراوە.

سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ توند بوونی ململانێی گەورە، ئەوەی کە ڕوودەدات بە هیچ شێوەیەک دووبارە پیادەکردنەوەی دراما شۆڕشگێڕییەکانی رابردوو نییە- نەلادانێکی ڕێکخراوی«حکومەتە» لە ڕێی «حزبێکی پێشڕەو» لە پێشەوە و جەماوەریش لە دوایەوە،نەڕاپەڕینێکی جەماوەریی هەرەمەکی- Spontaneity- و گرێکەرەوەی خاوەن مەرامی تیرۆریستییە-. دامەزراندنی بونیادە سیاسییە نوێیەکانی شارستانییەتی شەپۆلی سێیەم بە هیچ چەشنێک لە ڕێی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری ناهێتە کایەوە، بەڵکو بەرهەمی هەزاران داهێنان و پێکدادانە کە لە کایە جۆراوجۆرەکان و لە شوێنی جیاوازدا بە درێژایی چەندین دەیە ئەنجام دەدرێت.

ئەمە بەمانای نەرێکردنی ئەگەری پێکدادانە زەبروزەنگ ئامێزەکانی ڕەوتی جمۆجۆڵ بەرەو داهاتوونییە . وەرچەرخان لە شارستانییەتی شەپۆلی یەکەم بۆ شارستانییەتی شەپۆلی دووەم درامێکی خوێناوی و دوور و درێژ بوو کە پڕ بوو لە جەنگ و هەڵگەڕانەوە و قاتوقڕی و کۆچپێکردنی زۆرە ملێیی و کودەتا و تەنگوچەڵەمە . ئەمڕۆ مەترسییەکان بە چەند جار لە ڕابردوو زێتر، زەمانیش کورتتر، گۆڕانکاریی خێراتر و مەترسییەکانیش گەورەترن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەوانە پەیوەندی بە گونجانکاری و هۆشمەندیی دەستبژێران و وردە دەستبژێران « Subelites» و گەورە دەستژێران «Super elites» ی کۆمەڵگاوە هەیە. ئەگەر ئەم گروپانە وەکو زۆربەی گروپە فەرمانڕەواکانی ڕابردوو کورت بین و بێ هێزی داهێنان و دەستەوسان بن ، زۆربە توندی دژی شەپۆلی سێیەم دەوەستن و لە ئاکامدا بەربەرەکانێ توندتر دەبێت و کار دەگاتە لە ناو چوون.

بەڵام بە پێچەوانەوە ، ئەگەر خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی شەپۆلی سێیەم بگونجێنن و دەرک بە پێویستبوونی دیموکراسییەتێکی فراوانتر بکەن، لە ڕاستیدا واتە بەشدار بوونە لە بنیاتنانی شارستانییەتی شەپۆلی سێیەم، بە هەمان شێوە کە دەستبژێرانی شەپۆلی دووەم لە ڕێی پێشبینیکردنی کۆمەڵگای پیشەسازی بەشدارییان تێدا کرد.

زۆربەمان دەزانین یان هەست پێ دەکەین کە ئەو جیهانەی تێدا دەژین چەندە مەترسیدار بووە. دەزانین کە شەڕ و تێکهەڵقڕانی ئابووری مانای چییە، یان لە بیرمانە کە چۆن چەندین جار لە نێوان ئارەزووی خێرخوازانەی مرۆڤەکان و تێکهەڵقڕانی کۆمەڵگاکان، حکومەتی توتالیتەری سەریان هەڵداوە.لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی زۆربەی جار خەڵک لە بیری دەکەن ، ئەوەیە کە هەر چۆنێکی بێت ئێستا لە ڕابردوو باشترە.

هەڵبەت بارودۆخی هەر وڵاتێک جیاوازە لەوەی تر، بەڵام هەرگیز لە درێژایی مێژوودا ئەو هەموو تاکە کەسە خوێندەوارو ژیر و تەیارە بە زانستی جۆراو جۆر نەبووە. هەرگیز خەڵک تا ئەو ڕادەیە خۆشگوزەران نەبوونە، هەرچەندە ئەم خۆشگوزەرانییەش ناسەقامگیرە، بەڵام ئەوەندە بەسە کە ملیۆنەها کەس توانیویانە کات و هێزی خۆیان لە کاروباری بەرز و مرۆیی و کولتووریدا خەرج بکەن. هەرگیز لە ڕابردوودا ئەو هەموو خەڵکە نەیانتوانیبوو سەفەر بکەن، هاتوچۆی یەکتر بکەن و تا ئەو ڕادەیە بەکولتوورەکانی تر ئاشنابن و شتیان لێوە فێر بن. لە سەرووی هەمووشیانەوە، هەرگیز ئەو هەموو خەڵکە بەهەردەمەند نەبوونە لەو گۆڕانکارییە قووڵ و پێشکەوتنانەی کە لە هەموو بوارەکاندا هاتۆتەکایەوە.

دەستبژێران ، هەرچەندی ڕۆشنبیریش بن، بە تەنیا توانای دروستکردنی شارستانیەتێکی نوێیان نییە. بۆ ئەم کارە پێویستمان بە هێزی هەموو مرۆڤەکان هەیە . بەڵام هەر ئێستا ملیۆنەها مرۆڤ بە خۆیان و هێزی بەردەوامیان ئامادەن. لە ڕاستیدا ئەگەر دەستبژێرانی کۆمەڵگا ، بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی ئەوەی داهاتوو هانبدەن بۆ ئەوەی دەزگاو ڕێکخستنی سیاسیی نوێ دابڕێژن، نەک تەنیا هێزی بەردەوامیان دەکەوێتە کار ، بەڵکو لەوەش چاکتر ، هێزی داهێنان و هزر کردنی کۆمەڵیان دەپشکوێت.

هەرچەندەی زووتر دەست بکرێ بە دامەزراندنی دامەزراوە سیاسییەکان لە سەر سێ بنەماکانی پێشوو،

واتە دەسەڵاتی کەمینە و دیموکراسیی نیمچە راستەوخۆ و دابەشکردنی بڕیاردان، شانسی زێترمان دەبێت بۆ وەرچەرخانێکی ئاشتییانەتر. ئەوەی مەترسییەکان توندتر دەکات ، رێگرتنە لەو گۆڕانکارییانە نەک گۆڕانکارییەکان خۆیان . هەروەها بەرگریکردن لە دامەزراوە کۆنەکان ئەم مەترسیانە زێتر دەکات .

ئەمە بەو مانایەیە کە بۆ خۆیەنادان لە هەڵگەرانەوەی زەبروزەنگ ئامێز پێویستە هەر لە ئێستاوە لە بونیادە سیاسییە کۆن و سواوەکانی وڵاتانی جیهان بکۆڵینەوە و بۆ چارە سەرکردنی ئەم گیروگرفتانە نەک تەنیا پێویستە لەگەڵ پسپۆران و شارەزایانی یاسایی و یاساناسان و سیاسەتمەداراندا مشتومڕی لەسەر بکەین،بەڵکو دەبێ خەڵک ، واتە رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و نەقابە کرێکارییەکان و کلێساو گروپەکانی ئافرەتان و کەمینە نەتەوەیی و نەژادییەکان و زانایان و ئافرەتانیماڵەوە و بازرگانانیش تێیدا بەشدار بن.

بۆ ئەوەی پێویستبوونی داهێنانی سیستەمی سیاسیی نوێی گونجاو بۆ شارستانییەتی شەپۆلی سێیەم روون و ئاشکرابێت ، پێویستە ئەم بابەتە بخرێتە بەر مشتومڕو باس و وتووێژی گشتییەوە. بۆ ئەم کارە پێویست بە سیمینار و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و مشتومڕو پێکهێنانی دانیشتنی یاسادانانی ئەزموونی دەکات تا لە نێوان ئەمانەدا بیرو بۆچوونی تازە بۆ نوێکردنەوەی دامەزراوە سیاسییەکان گەڵاڵەببێت . لە پێناوی زەمینە خۆشکردن بۆ ئەم مشتومڕو باس و گفتوگۆیە گشتییە، پێویستە سوود لە هەموو هۆکارێکی پێشکەوتووی ئەمڕۆ، هەر لە سەتلایت و کۆمپیوتەرەوە بگرە تاکاسێتی ڤیدیۆو تەلەفزیۆن ، وەربگرین.

*　　*　　*

هیچ کەس رێکو راست نازانێت داهاتوو چی لە هەنبانە دایە؟ یا خود لە کۆمەڵگای شەپۆلی دووەمدا چ شتێک چارە سەرە ، پێویستە بیرۆکەی نوێکردنەوەی رادیکالی یان هێنانە کایەوەی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕی و خێرا لە کۆمەڵگادا ، کە لە سەرەوەرا نەخشەی بۆ کێشرابێت وەلا بنرێت.لەبەرامبەر ئەوەدا ، پێویستە بەدوای هەزاران ئەزموونی هۆشیارانە و پەراکەندەدا بگەڕێین کە بواری ئەوەمان پێ دەدەن پێش ئەوەی بەرنامەیەک لە ئاستی نەتەوەیی و جیهانیدا پیادە بکەین، لە ئاستێکی سنوورداری ناوچەیی و هەرێمیدا تاقی بکەینەوە.

بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە نەخشەی یاسا ئەزموونییەکان بۆ دامەزراوە نوێیەکان لە ئاستێکی نەتەوەیی و نێو دەوڵەتیدا ئامادە بکەین . هەڵگەرانەوەی بەرفراوانی ئەمڕۆ و توڕەیی و نارەزایی ملیۆنەها مرۆڤ لە دەوڵەتانی شەپۆلی دووەم لە جیهاندا ، دەشێ لە لایەن ئەو رەشۆک(عوام) فریودەرانەی کە بە دوای سەرکردایەتیکردنی زۆردارانەدا دەگەڕێن بگۆڕێت بۆ هەڵچوونی رەگەزپەرستانە، یان لەوانەیە لە رێی نوێکردنەوەی دیموکراسیی کۆمەڵگادا بەکار بهێنرێت.

بە هۆی فێرکردنی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان- واتە پلانێکی ئەزموونیی بۆ دیموکراسیی داهاتوو هاودەم لە چەند وڵاتێکدا- دەتوانین دژی تۆتالیتاریزم بوەستین.دەتوانین ملیۆنەها کەس بۆ ئەو ئاشوب و قەیرانە ترسناکانەی کە دێتە رێمانەوە ئامادە بکەین . دەتوانین سیستەمە سیاسییەکانی باو لە پێناوی خێراتر کردنی گۆڕانکارییە زەرورییەکان بخەینە ژێر گوشاری ستراتیژییەوە.

بەبێ گوشاری گەورەی جەماوەر نابێ چاوەڕێی ئەوە لەسەرکردە سیاسییەکانی ئەمڕۆ- سەرۆک کۆمار و سیاسەتمەداران و سیناتۆر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حزب- بکەین ، کە دەزگاکان رەتبکەنەوە، هەرچەند کۆن و سواویش بن ، بەڵام ئابروو و پارەو دەسەڵاتی درۆزنانە(نەک راستەقینە) یان پێ دەدات. هەندێ لە سیاسەتمەداران یان بەرپرسانی حکومیی دووربین و کەم وێنە هەر لە سەرەتاوە پشتگیریی هەوڵەکانیان کرد بۆ گۆڕینی سیاسەتی کۆمەڵگا. بەڵام زۆربەیان تەنیا ئەوکاتە دەکەونە جموجۆڵەوە کە گوشاری جەماوەری خەڵک زۆریان بۆ بێنێت یان قەیرانەکە تا ئەو رادەیە سەخت و ئاڵۆز بووبێت کە کار بگاتە زەبروزەنگ و ئیتر هیچ رێیەک جگە لە بەرگریکردن لەو بارودۆخە نەمابێت.

بەو پێیە، بەر پرسێتی هێنانەکایەی گۆڕانکاریی لە ئەستۆی ئێمە دایە. پێویستە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین. پێویستە فێر بین کە چاوەکانمان لە رووی واقیعە سەر سوڕهێنەرو قووڵ و تازەکاندا دانەخەین . ئەمەش بە مانای نەترسانە لە بەرامبەر ئەو بیرکوژانەی کە بێ سێو دوو هێرش دەکەنە سەر هەموو فیکرێکی

تازە ،بە وەهمی ئەوەی گوایە ناکردەیین و لەو واقیعە هەڵنەقولاون . بەرگریش لە هەموو ئەو شتانە دەکەن کە هەن بە هۆی کردەییبونیانەوە (جا هەرچەند بێ ماناو ستەمکارانەو بێ کەڵکیش بن). ئەمەش بە مانای خەباتە لە پێناوی ئازادی رادەربڕیندا، واتە خەڵک مافی ئەوەیان هەبێت وتەی خۆیان بڵێن بە چاوپۆشی لەوەی کە راست یان ناراست بێت.

لە سەرووی هەموشیانەوە، ئەمە بە مانای ئەوەیە کە پێویستە هەر لە ئێستاوە هەست بە نوێکردنەوەی کۆمەڵگا بکەین، پێش ئەوەی تێکهەڵقژانی سیستەمە سیاسییەکان و فەرمانڕەوایی تۆتالیتەریی پۆستال لە پێیەکان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێت و ڕێ لە گواستنەوە و وەرچەرخانی ئاستیانەی کۆمەڵگا بگرێت بۆ دیموکراسیی سەدەی بیست و یەکەم.

ئەگەر هەر لە ئێستاوە هەست پێ بکەین، لەوانەیە منداڵەکانمان بتوانن نەک تەنیا سیستەمی کۆنی سیاسیی نوێ بکەنەوە ، بەڵکو شارستانییەتی داهاتووش دروست بکەن.

وەکو ئەوە شۆڕشگێڕەکانی رابردوو، ئێمە خاوەن چارەنووسێکین کە پێویستە خۆمان دروستی بکەین......

❐

**پەراوێزو سەرچاوەکان**

١- سەبارەت بە رێککەوتننامەی یاسای بنچینەیی بگەڕێوە بۆ:

-Flexner, james Thomas. George Washington And The New Nation(1783-1793) ,(Boston: Little, Brown, 1970), P.117.

٢- بگەڕێوە بۆ:

-Padover, Paul K., ed. Thomas Jefferson on Democracy. (New York: New American Library, Mentor: Copy right 1939 D. Appleton- Century), P.32&67.

٣- بگەڕێوە بۆ:

- Nixon, Richard. The Memoirs of Richard Nixon (New York: Grosset and Dunlap, 1978), P.41.

٤- تایبەتمەندیی ئەفریقیای باشوور سەرەڕای پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو، (پیشەسازیبوونێکی ڕوو لە خوارە) چونکە بەشێکی گرنگی دانیشتوان هێشتا لە دەرەوەی سیستەمی پیشەسازی دان، وەکو بەرازیل و مەکسیک و هیندستان و وڵاتانی لەم شێوە، دوورگەیەک لە پیشەسازی پێشکەوتوو لە نێو هەڵومەرجێکی پێش پیشەسازی دایە.

٥- (Balkanization) دابەشبوونی دەوڵەت وەک ئەوەی کە بەسەر بەڵکاندا هات.

٦- (Seventh day Adventists): گروپێکی مەسیحییە کە بڕوای بە گەڕانەوەی حەزرەتی مەسیح هەیە لە هەفتەمین ڕۆژدا و کڵێسای تایبەتی خۆیان هەیەو لە دوو سەد وڵاتدا (١،٤٧٨،٠٠٠) ئەندامیان هەیە.

٧- Gray Panthers.

٨- بگەڕێوە بۆ:

- Becker Ted, et al. Un- Vote For a New America: AGuide to constitutional Revolution (Boston: Allyn and Bacon, 1976.), P.85-183.

٨- بگەڕێوە بۆ:

- Bihari, otto. socialist Representatira Institutions, trans. Jozef Desenyi and Imre Mora (Budepest: Akademiai kiado, 1970), p.18.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٦١ .

١١- Federalist: کۆمەڵە وتارێکە لەبارەی یاسای بنچینەیی ئەمریکی کە لەلایەن هامیلتۆن جیمز مۆدیسۆن و جان جی ئامادەکراوە. (ئەمریکانا، ١٩٨٠، بەرگی ١١، لاپەرە ٧٩).

١٣- decision load: چەمکی (باری بڕیاردان) بەو بەد گومانییە دەگات کە بێ لەبەرچاوگرتنی ململانێی سیاسی، باری بڕیاردان هەموو کات لەسەرشانی کەمترین ژمارەی تاکە کەسانە کە توانای هەڵگرتنیان هەیە، بەو مانایەی کە ژمارەیەکی کەم لەخەڵک بەوە ڕازین دەسەڵاتی بڕیاردان قۆرخ بکەن، مەگەر ڕووبەڕووی تەقینەوەی بڕیارەکان ببنەوەو چیتر خۆیان بە تەنیایی توانای ئەنجامدانیان نەبێت.

# دیاریکردنی جیۆگرافیای ناوچەی ڕۆژئاوای هەرێمی ناوچیا


**ئەحمەد میرزا میرزا**

کۆلێژی ئاداب -زانکۆی سەلاحەدین


**ئەو دەڤەرەی کە دەمانەوێ لێی بکۆڵینەوە لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیدا، دەڤەرێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی بەرفراوانی ناوچیای پێکهێناوە، بۆیە لە سەرچاوەی هەرێمە ئیسلامییەکاندا بە شێوەیەکی ورد سنووری دیار نەکراوە ،بەڵکو ئەم سەرچاوانە سنووری هەرێمی ناوچیایان بە گشتی دەستنیشان کردووە و دیارترین دیاردەی سروشتی هەرێمەکەیان لە چیاو دەشت و ڕووبارەکان دەرخستووە. هەروەها ئاماژەیان بۆ شارە گرنگەکان و پێکهاتەی دانیشتوان و ئایینی و لایەنەکانی شارستانی و بیناسازی کردووە، سەرەڕای هەندێ زانیاری بە سوودی تر.**

یەکەم جار ئێمە لێرەدا دەمانەوێ لە بنچینەی ناوی هەرێمەکەو سنوورەکەی بکۆڵینەوە، بۆ ئەمەش پشت بە بۆچوون و دیدی گەڕیدەو شارناس و مێژوونووسە موسڵمانەکان دەبەستین، لە پاشاندا سنووری ڕۆژئاوای هەرێمەکە دیاری دەکەین و دیاردە سروشتییەکانیشی دەناسێنین . هەروەها ئاماژە بۆ توخمی دانیشتوان و دابەشبوونی کارگێڕی دەکەین.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە لە ڕابردوودا لەلایەن ژمارەیەک لە لێکۆڵەرەوانی بواری مێژووی کورد ئەم ناوچەیە دیاریکراوەو سنووریان دەستنیشان کردووەو دووری هەر لایەکی لەوی تر دیاری کردوون [١].

ئەوەی ڕاستی بێ هۆی هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیە تا ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر ساز بدەم، سەرەڕای جیاوازی لە بابەت و سەردەمدا، چونکە بابەتەکەم دەچێتە ناو چوارچێوەی مێژووی (سیاسییەوە)، دەگەڕێتەوە بۆ بە پێویست زانینی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی تر ساز بدەم دەربارەی دیاریکردنی ناوچەکەو گرنگترین شارەکانی، بەشێوەیەکی ئەوتۆ زانیارییەکان لەگەڵ پێداویستییەکانی باسی زانستیدا بگونجێن، لێکۆڵینەوەکەشمان هەندێ زانیاری مێژوویی تازەی تێدایە کە بەر لە ئێستا کەس ئاماژەی بۆ نەکردوون.

لەسەدەکانی بەر لەدایکبوونی عیسادا ئەو ناوچانەی کەوتبوونە باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەلایەن یۆنانییەکانەوە بە میدیا [٢] ناسراون، واتە نیسبەتەن بەو میدیانەی کە لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا لەم ناوچەیەدا دەوڵەتێکیان دامەزراندووە [٣].

ئەم ناوە و لێکۆڵینەوەکانیشیان تا ڕادەیەک لەیەک دەچن، لەگەڵ باسکردنی گرنگترین شارەکان و دووری هەندێکیان لەوانی تر. بە کەمی لەلایەن ژمارەیەک لە شارناسە موسڵمانەکان و خەڵکی ترەوە

بەکارهاتووە [٤] سەرەڕای ئەوەی وەکو ناوێکی جیۆگرافی بایەخی خۆی ون کردووەو زۆر ناوی تر جێگایان گرتۆتەوە، لەسەردەمێکەوە کە سەرەتاکەیمان لا روون نییە ئەم ناوچەیە بە ولاتی پەهلەوی ناسراو بووە، هەردوو جیۆگرافی ناس ئیبن خرداذبە (لە ٢٨٠ک/ ٨٩٣ز کۆچی دوایی کردووە کە جیۆگرافی ناسێکی شارەزای دەنگوباسی ئێرانی کۆنە)، دووەمینیش (ئیبن ئەلفەقیە (لە ٣١٠ک/ ٩٢٣ز کۆچی دوایی کردووە وخەلکی هەمەدانی گەورەترین شاری رۆژئاوای هەرێمی ناوچیا)، هەردووکیان وتوویانە ئەم هەرێمە بە ولاتی پەهلەوییەکان ناسراوە [٥]، مەقدسیش (٣٨٧ک/ ٩٩٧ز) هەمان زانیاری هەردووکیانی یان یەکێکیانی گواستۆتەوە [٦].

دەتوانین مێژووی بلاوبوونەوەی ئەم ناوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان (٢٢٦ز- ٦٥٠ز) بگێڕینەوە، بەو گریمانەیەی پەیوەندی لە نێوانی ئەم ناوەو زمانی پەهلەویدا هەبووەو ئەم زمانەش زمانی رەسمی خەلکی ئەم هەرێمە بووە لە سەردەمی ساسانیدا [٧].

لە کۆتاییەکانی ئەو سەردەمەشدا ناوێکی دیکە بۆئەم هەرێمە داتاشراوە، کە لەگەل سروشتی جیۆگرافی ناوچەکە دەگونجێت، بە (قهستان) ناسراوە، ئەم ناوە بە کوردی دەبێتە (کوێستان)کە ولاتی ناوچیا دەگەیەنێت . وایش دیارە کە ناوی (الجبال) وەرگێرانی دەقاودەقی (قهستان) بێت [٨]، کە لە سەردەمی ئیسلامیدا باوبووەو بۆتە ناوێکی رەسمی دان پیانراو لەلایەن دەولەت و شارناس و مێژوونووسە موسلمانەکانەوە، سەرەڕای ئەمە (قهستان) بە شێوەیەکی سنووردار بەکارهاتووەو قەزوینی یەکێکە لەوانەی ئەم ناوەی بەکارهێناوە [٩].

لەسەردەمی سەلجووقیەکانیشدا، واتە لە هەردوو سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیدا، لەناوچەکە زاراوەی عێراقی عەجەمی وەک ناوی هەرێمەکە بەکارهاتووە، تاکو لەعێراقی عەرەبی جیابکرێتەوە، ئەم زاراوەیە لەناوەندەکانی رەسمی و لەناو خەلکیشدا بلاوبۆتەوە، بەشێوەیەک بەسەر زاراوەی (ناوچەی چیاکان)دا، زال بووە [١٠]، بەلام یاقووتی حەمەوی ئەم ناونانە بە هەلە دەزانێت [١١].

ئەم چوار ناوەی لەسەرەوە باسیان لێوەکرا، سێیانیان لە سەردەمەکانی پێش ئیسلامدا بەکار هاتوون، چوارەمیش لە سەردەمەکانی دوایی ئیسلامیدا بەکارهاتووە... بەلام لەسەرەتای بلاوبوونەوەی ئیسلامدا هەرێمەکە بەهەرێمی ناوچیا ناسراوە، هەروەکو لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا باس کراوە [١٢].

## دیاریکردنی سنووری هەرێمی ناوچیاو بەشی رۆژئاوای

شارناسەکان لە نێوان خۆیاندا بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی ناوچیا هەروەکو هەرێمەکانی تری جیهانی ئیسلامی رێک نەکەوتوون،، چونکە لەوکاتدا جیهانی ئیسلام یەک قەوارەی سیاسی یەکگرتوو بووە، سنووری رامیاری یان بەربەست لەنێوان هەرێمە جیاجیاکانیدا نەبووە بەهۆی بەرفراوانی دەولەتەکەش بۆ ویلایات و هەرێم دابەش کراوە، تاکو بە ئاسانی بەڕێوە ببردرێت و والی و بەرپرس بۆ ئەم هەرێم و ویلایەتانە دانراون، هەر شارناسێکی موسلمانیش بۆ دیاریکردنی سنوور پشتی بە بیروڕاو سرنجەکانی خۆی بەستاوە، سەرەڕای رادەی شارەزایی و بینینی ئەو هەرێمەی کە سنوورەکەی دیاریکردووە.

هەرێمی ناوچیا بە دیاردەیەکی تر جیا دەکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە دیاریکردنی سنوورەکەی سەختە چونکە چەند لایەکی بە هەرێمی دیکەی شاخاوی دەورە دراوە بەتایبەتی لە باکوورو رۆژئاوایداو، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەیەکتر حالی نەبوون لە نێوان هەندێ لە شارناسەکان لەم بارەیەوە روویدات، سەرەڕای ئەوەی هەندێکی تریان وەکو ئیبن رستەر [١٣] (٢٩٠ک/ ٩٠٣ز کۆچی دوایی کردووە)، ئیبن الفەقیە [١٤] (٢٩٠ک/ ٩٠٣ز کۆچی دوایی کردووە)، هەردووکیان لە دیاریکردنی سنوور تەنیا ناوی ئەو شارانەیان بردووە کە سەربە هەرێمی ناوچیان، ناوی چەند شارێکیان دووپات کردۆتەوە وەکو قەزوین و قومس و رەی کە دراونەتە پال هەرێمی ناوچیاکەلە راستیدا سەر بەوناوچەیە نین، دەتوانرێ ئەم شارانە بە خالی سنووری باکووری هەرێمەکە دابنرێن [١٥]، هەروەها دەتوانرێ بیروڕا جیاکان و هەندێ جار پێچەوانەکانیش رێکبخرێن، ئەو بیروڕایانەی دەربارەی هێلکێشانی تخووبی ناوچیا وتراون، لە ئاکامدا دەردەکەوێ کە (مفازة خراسات)و فارس و ئەسفەهان سنووری رۆژهەلاتی هەرێمەکەیان پێکهێناوە، کورە ی[١٦] شارەزوورو دەشتایی عێراق و رۆخی باشووری رۆژئاوای ئازربایجان سنووری رۆژئاوای بووە [١٧].

لە باکووریش هەرێمی دەیلەم و گەیلان و ڕۆژهەلاتی ئازربایجان تخووبی بووە [١٨]، خوزستان و بەشێکی عێراق سنووری باشووریان پێکهێناوە [١٩] ڕۆژئاوای هەرێمی ناوچیاش ئەو شارو ناوچانە دەگرێتەخۆی کە کەوتوونەتە سەر ئەو هێلە وەهمییەی هەمەدان بەشاری (کرج ابی دلف) [٢٠] دەبەستێتەوە کە لەم سەردەمەدا بەشی ناوەڕاستی کوردستانی ئێران دەگرێتەوەو سنوورەکەشی لەم سەدەیەدا زۆرینەی بەشی ناوەڕاستی کوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران) دەگرێتەوە، واتا پارێزگاکانی کەرمەنشاه (باختران) و کوردستان (سنە) و بەشەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای هەمەدان و بەشی خوارووی پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا، ئەم هەرێمەش کەوتۆتە سەر سنووری نێودەولەتی عێراق- ئێران لە ڕۆژئاواو زەوی وزاری هەردوو پارێزگای ئاراک و زنجان لە ڕۆژهەلات و هێلی میاندواب - مهاباد- پیرانشهر لە باکوورو، لوڕستان لە باشوور [٢١].

## ڕووی زەوی:

بەشی زۆری ڕووی زەوی ناوچەی ڕۆژئاوای ناوچیا لە زنجیرە شاخی درێژو سەخت پێکهاتووەو لەنێوان هەردوو زنجیرە شاخیشدا دەشتایی تەسک کە بەدرێژایی هەردوو چیای ئەم بەرو ئەوبەری درێژ دەبێتەوە، ئەم جۆرە دەشتەش بە ئاوی چەم و جۆگەلە ڕووباری دۆلایی دامێن چیاکان ئاو دەدرێت ، سەرچاوەی ئەم ئاوەش، باران و بەفری تواوەی سەر شاخەکانە کە بە زستان زۆر دەبارێت، ئەم زنجیرە شاخانەش بە شێوەیەکی گشتی لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلات درێژ بوونەتەوە [٢٢]، زنجیرە چیای هەمەدان لەشاخەکانی (سن سمیرە) کە لە هەمەدان دەست پێدەکەن جودا بۆتەوە بەرەو حەلوان درێژ بۆتەوە، لە دواییدا بەرەو ماسبذان پێچ دەکاتەوە لەوێڕا لە نێوان هەردوو شاری سوس و ئیزج -ی ناوچەی خوزستان تێدەپەڕێت [٢٣].

چیای ئەروەند لە شاخە بەرزەکانی ناوچەکە کە کەوتۆتە خوارووی هەمەدان و بەسەر شارەکەشدا دەڕوانێت، ئەم چیایە لەلایەن شارناسە موسلمانەکانەوە ناسراوە و بەناوبانگە [٢٤]، بەرزی لە (٣٠٠٠) پێ [٢٥] زیاترەو لە بەردی گرانیت و کوارتز پێکهاتووە، سەرەڕای ئەوەی کانی (گرانیت)ی تێدایە [٢٦]. چیای بێستوون-یش شاخێکی بەرزو سەختەو مرۆڤ زۆر بەزەحمەت دەتوانێ پیایدا هەلبگەڕێت و بگاتە لوتکەکەی، چونکە هەر لە دامێنییەوە تاکو لوتکە لووس و ڕکە [٢٧]، ئەم چیایە کەوتۆتە خوارووی کەرمەنشاوە، کەمێک لەشار دوورەو لەمێژووی ئێران و سەرچاوەی عەرەبی و ئیسلامی بەناوبانگە [٢٨]، لە هەمان زنجیرە چیادا چەند شاخێکی تر هەن وەکو شاخی مەولاناو شاخی کەلهوڕ و شاخی شاهکۆ [٢٩].

مەقدسیش چیاکانی (خورە مدینیە)ی لەم ناوچەیەدا بینیوەو گوتوویەتی قەومێکی تیا ژیاوە لە (مەرجینەی خوڕەمییەکانە) [٣٠].

لە خوارووی ناوچەکەشدا زنجیرە چیای حەلوان هەن کە دەوری شاری حەلوانیان لە هەردوو لای باکوورو ڕۆژهەلات داوەو بەناوی شارەکەش ناسراوە [٣١]، بەرزترین چیاش لە ناوچەکەدا چیای (دالاهو)ە کە ناوچەیەکی چیایی سەختە بۆ پەڕینەوە [٣٢] تەنیا گەلییەکی مێژوویی تیایە کە لەشکری ئیسلام لە نێوان عێراق و ئێراندا پیایدا تێپەڕیووە. درێژی ئەم ناوچە شاخاوییە دەورووبەری ٣٠٠ کیلۆ مەتر دەبێت و بەرینییەکەشی هەشت کیلۆ مەترە [٣٣].

زنجیرە چیای پشتکۆ یا خود چیاکانی ئیلام کەوتوونەتە باشووری ناوچەی ڕۆژئاوای چیاکان ، چیای مانشت کۆه و بنکۆه بەناوبانگترین چیای ئەم زنجیرە شاخەن و لەبەرامبەر ئەم زنجیرەشدا چیاکانی ئەنجیرە کوه درێژ بوونەتەوە [٣٤]، ژمارەی چیاکانی ئەم ناوچەیەو ناوەکانیان بەهۆی زۆری سەرژمێر ناکرێت کە هەندێکیان گەورەو بەرزن و هەندێکی تریشیان بچووک و نزمن، وەکو چیای شاهۆ و چیای ماکوان و چیای چل چەشمەو چیای ئاشقان [٣٥]...جگە لە گەلێک زورگ و گردۆلکەو بەرزایی تر کە بە هەموان مۆزکێکی چیایی جوانیان بە ناوچەکە بەخشیوە.

## ڕووبارەکان:

لەڕاستیدا نە دەریاچە نە زێیەکی گەورە لەم ناوچەیەدا بەدی ناکرێت، ئیبن حەوقەلیش ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە کە نە دەریاچەو زێیەکی گەورەو نە بچووک تەنانەت ڕووبارێکی ئەوتۆشی لێ نییە کە کەشتی هاتوچۆی بەناودا بکات [٣٦] جگە لە چەند ڕووبارێکی بچووک و لقەکانیان نەبێ. ڕووباری

سیمرە (الصیمرە) لە خواررووی ناوچەکە هەیە، کە لە ئاوی دۆڵ و چەمەکانی دامێنی لوتکە چیاکانی ئەروەند پێکدێت. چیاکان بەسەر هەمەداندا دەنوارن و رووبارەکەش بەناو دەشتی ئەسەد ئابادو نهاوەند تێدەپەڕێت و لەگەڵ ڕووباری دینەوەر دەبێتە یەک، ئینجا بەخوار چیای بێستووندا تێدەپەڕێت و ئاوی رووباری سیاە ئاب کە لە ڕۆژهەڵاتی قرمیسینەوە دێت تێکەڵی دەبێت[٣٧].

رووبارەکە بەردەوام دەبێت و بەناو زەویوزاری (کورە سیروان)دا تێدەپەڕێت تاکو دەگاتە وڵاتی لوڕستان دوای ئەوەی لقەکانی (ماهیدەشت)و (بالاورو)و (هلیلان)و (کرند) تێکەڵی دەبن و بە رووباری (الصمیرە) دەناسرێت، ئینجا دەگاتە خوزستان و لەوێ بە رووباری کەرخا (الدجیل) ناودەبرێت[٣٨]. رووباری (قزل ئیزل)یش لە یەکگرتنی ئاوی چەند دۆڵ و چەمێکی لایەنەکانی دیوان دەرەو سیسرو نهاوەند پێکهاتووەو بەرەو رۆژهەڵات شۆڕبۆتەوەو بە کورەی هەمەدان و زنجان تێدەپەڕێت و لقەکانی زنجان و میانەی تێکەڵ دەبن و دەچێتە هەرێمی ئازربایجان ئینجا لەگەڵ ئاوی رووباری شاهرە تێکەڵ دەبێت و بەمەش رووباری (ئەسفیدرود- رووباری سپی) پێکدەهێنن کە لە دەریای خەزەر (قەزوین)[٣٩] دەکاتەوەو کەنارێکی بەرفراوانیش پێکدەهێنێ پێش ئەوەی برژێتە دەریاکەوە[٤٠].

رووباری تر هەن کە سەرچاوەکانیان لە لوتکە چیاکانی ناوچەکە کە بەفری زۆریان لەسەر دەبارێت سەرچاوە دەگرن[٤١] و بەرەو باکوور دەبنەوە رووەو هەرێمی ئازربایجان، وەکو رووباری سەقز و رووباری خورخورەو رووباری ساروق و هی تریش کە ئاوی هەموویان تێکەڵ یەکتر دەبن و زرینە رود (رووباری زێڕین) پێکدەهێنن کە لە دەریاچەی ورمێ دەکاتەوە[٤٢] لە تەکیشیدا رووباری (سمینەرود) تێدەپەڕێت کە ئەویش لە دەریاچەی ورمێ دەکاتەوە[٤٣].

رووباری سیروان لە ناوچەکانی ئەسەد ئابادو چیای ئەروەند هەڵدەقوڵێت بە رووباری گاورود (رووباری گاڕفێن) دەناسرێت ئینجا لە گەلییەکانی ناوچە شاخاوییەکانی هەردوو چیای رۆژئاوای چیاکان زۆر لق و رووباری دەرژێتە ناو، گرنگترینیان سمنەو هەورەمان و گاوارەو دارامە (٤٤)یە، رووباری حەلوان-یش کە بە رووباری تامرا[٤٥] ناسراو بوو لە دامێنی زنجیرە چیای زاگرۆس هەڵدەقوڵێت و دەشتی سەرپیل زەهاو و قەسری شیرین ئاو دەدات، ئینجا لە رووباری دیالە دەکاتەوە[٤٦]، رووبارێکی بچووکیش بەرەو باکوور هەڵدەکشێت تاکو لە دەریاچەی ورمێ دەکات، ئەویش رووباری تاتاهو (تەتەهو)ە کە لە تێکەڵبوونی ئاوی کانی و جۆگەلە ئاوی هەڵقوڵاو لە چیاوچۆڵی ناوچەکانی سەقزو بانە پێکدێت، ئەم رووبارەش رەزو باخچەکانی ئەم دەورووبەرە ئاو دەدات کە پیایدا تێدەپەڕێت[٤٧]، رووباری زێی بچووکیش لە چیاکانی داروجان هەڵدەقوڵێت بەناو گەلییە شاخەکانی ئاهەنگران و بزنیان تێدەپەڕێت تاکو دەگاتە ناوچەی شارەزوورو لە پاشاندا لە زێی دیجلە دەکاتەوە.

## ئاووهەوا:

ئاووهەوای هەرێمی رۆژئاوای ناوچیا زۆر جیاوازی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردنشین نییە، ئاووهەوایەکی نیمچە مەدارییە تیکڕای باران بارینی لە ساڵێکدا لە نێوان ٧٠٠-٢٠٠٠ملم دایە(٤٨)هەندێ جاریش لە ئەنجامی دابەزینەکانی ئاووهەوا لە دەریای ناوەڕاست بەرەو ڕۆژهەڵات باران بارین دەگاتە ٣٠٠٠ملم(٤٩)ماوەی باران بارینیش لەم هەرێمەدا دەکەوێتە نێوان مانگی تشرینی دووەم تاکو کۆتایی حوزەیران. لە مانگەکانی زستانیشدا بەفری لێ دەبارێت بەتایبەتی لەسەر لوتکەی شاخە بەرزەکانی. پلەی گەرمی لە هاویندا لە کەرمەنشاە بەرزە کە یەکێکە لە شارەکانی هەرێمەکە دەگاتە ٤٠-٥٠پلەی سەدی . لە کەژی زستانیش زۆر دادەبەزێت تاکو لە سفر نزیک دەبێتەوە، لە هەندێ ناوچەشدا لە مانگی کانوونی دووەم دەگاتە ژێرسفر[٥٠].

بەگشتی ئاووهەوای ئەم هەرێمە لە هاوین گەرم و وشکە ، لە زستانیشدا باراناوی و ساردە لە هەردوو کەژی بەهارو پایزیشدا ئاووهەوای دەشتەکانی مام ناوەندییەو لە چیاکانیش مەیلەو ساردو بارانیش دەبارێت[٥١].

## پێکهاتەی دانیشتوانی:

### یەکەم : کورد:-

کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکەیان پێکهێناوە، کورد دانیشتووی بنچینەیی ئەم هەرێمەیە و مێژووی نیشتەجێ بوونی بۆ

سەردەمەکانی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوکاتەی لولوبی و گوتی و شاشی و میدییەکان پەیوەندی توندیان بە کورد هەبووە[٥٢] و لەم هەرێمەدا نیشتەجێ بوون.

لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیشدا کوردەکان بەردەوام زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکەیان پێکهێناوە، ئەم ناوچەیەش بەشێکە لە وڵاتی کوردان.

لەو مەسەلانەی سەلمێنراون ئەوەیە کە کوردەکان بە درێژایی مێژوو ناوچە شاخاوییەکانیان بۆ نیشتمانی خۆیان هەڵبژاردووە، تەنانەت ناویان بە ناوی چیاکانەوە بەندە. (دینەوەری) کە باسی پادشایەکی کۆنی ئێران دەکات ، دەڵێ: ئەم پادشایە لە ناو دانیشتوانی چیاکان کە کوردن بەخێو کراوە و گەورە بووە[٥٣]. لە شوێنێکی تریشدا دەڵێ: «لەگەڵ کورداندا لە چیا ماوەتەوە[٥٤]». (جاحظ)یش دەڵێ:« ئەگەر گوێم لێ بگرن و باسی خەڵکی رەمەکیتان بۆ بکەم ، من مەبەستم جوتیارەکان و خاوەن پیشەکان و فرۆشیارەکان نییە ، هەروەها مەبەستیشم کوردەکانی ناوچیا یان دانیشتوانی دوورگەی ناو دەریاکان نییە»[٥٥].

یەعقوبیش باسی دانیشتوانی ناوچیای کردووە و دەڵێ:ئەوانە کوردی جەرگ ئەستوورن[٥٦]. ئیبن حەوقەلیش نەخشەیەکی فراوانی هەرێمی ناوچیای کێشاوە و تیایدا هاوینەهەوارو کوێستانی کوردەکانی دیاری کردووە[٥٧] ئەم کوێستان و هاوینە هەوارانەش زۆرینەی نەخشەکەیان داگیر کردووە . یاقووتی حەمەویش لە میانی باسکردنی هەرێمەکانی جیهاندا بۆ دانیشتوانی هەرێمی ناوچیا ئاماژەی بە (کوردە چیاییەکان ) کردووە[٥٨]. هەندێکیش بە شێوەی خێڵی کۆچەری لە نێوان دەشت و چیاکانی ناوچەکەدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە[٥٩] و مەسعوودی ناوی هەندێکیانی بردووە کە ئەمانەن :(الشوهجان المادنجان، لوڕ، مزدنکان، شاذنجان ، باریسان، خالیە، جابارقیەو مستکان[٦٠]، بەشێکیشیان لە شارو شارۆچکەکاندا نیشتەجێ بوون. لە نیوەی دووەمی سەدەی (سێیەمی کۆچیدا ، نۆیەمی زایینی) مێژوو نووس و شارناسی بە ناو بانگ یەعقوبی، سەردانی ناوچەکەی کردووە و باسی بوونی کوردان و نیشتەجێ بوونیان لە شارەکانی حەلوان و قرمیسین و دینەوەرو نەهاوەند کردووە[٦١].

مێژوو نووسی مەوسووعی (المسعودي) شارەکانی ماە کوفە (دینەوەر)و ماە بەسرە (نهاوەند)و ماسبذان و هەمەدان و کرج ابی دلف... هتد لە خاکی ناوچیا لەو شارانە داناوە کە شوێنی نیشتەجێی کوردانن[٦٢]. سەبارەت بە شارەکانی خوارووی رۆژئاوای چیاکان بەر لە ئیسلام و لە کاتی فەتحی ئیسلامیشدا و لە هەر چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا کوردەکان لە (الصیمرە) نیشتەجێ بوون[٦٣] لە هەمان سەردەمدا لە (حلوان)یش نیشتەجێ بوون[٦٤]. (سمعانی)یش ئاماژەی بۆ دانیشتوانە کوردەکانی حەلوان کردووە[٦٥].

ئەوەی مایەی سرنجە لوڕستان و لەناویدا لوڕی بچووک لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی رۆژئاوای ناوچیا کوردنشینە ، لە دوای فەتحی ئیسلامی بە دەگمەن گوێت لێ دەبێ غەیرە کوردێک لەم ناوچەیە هەبووبێت[٦٦] زۆرینەی دانیشتوانی کوردن[٦٧]. ئەبولفیداش ئەم راستییەی سەلماندووە کە دەڵێ: خەڵکێکی زۆر لە کوردان لەم ناوچەیەدا نیشتەجێن[٦٨].

**دووەم : فارس:**

گەلێک فاکتەر رۆڵیان بینیوە کە فارس لە هەرێمی رۆژئاوای ناوچیادا بە تایبەتی لە شارە گەورەکانی بوونیان هەبێت ، وەکو: نیشتمانی بنچینەیی یان لەم ناوچەیە نزیکە، لە لای باشوور و باشووری رۆژهەڵات لەگەڵیدا هاو سنوورە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە لە دوای رووخانی دەوڵەتی میدیا لە ( ٥٥٠ پ ز) دا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتە یەک لە دوای یەکەکانی فارس، وەکو ئەخمینی و فرثی و ساسانی کە لە سەردەمەکانی پێش ئیسلامدا حوکمڕانی ئێرانیان کردووە[٦٩]. وەکو ئەنجامێکی سروشتیش ئەمە لە دێرزەمانەوە زۆر بنەماڵەی فارسی خاوەن دەسەڵات هاتوونەتە ئەم ناوچەیەو تیایدا جێگیر بوون ، لەوانەیە ئەندامانی ئەم بنەماڵانە کرابن بە فەرمانبەرو کارمەندی دەوڵەتی بۆ بەڕێوەبردنی کارگێری لە شارەکاندا.

لە ئەنجامی جەنگە بەردەوامەکانی نێوان بیزەنتیەکان و ساسانیەکاندا ژمارەیەکی زۆر جەنگاوەری فارس لە قوولایی ئێرانەوە چوونەتە هەرێمی ناوچیا کە لە دەوڵەتی بیزەنتی نزیک بووە، هەندێ ڕیوایەت کە باس لە فەتحی ئیسلامی دەکەن بۆ مەدائین و شارەکانی ناوچیا ، دەڵێن: ژمارەیەک سەرکردەی سوپای ساسانی

لە دانیشتوانی رۆژئاوای چیاکان بوون[٧٠]، بەلام کاروباری فەتحی ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆتە هۆی کەم بوونەوەی بنەمالە فارسە حوکمڕانەکان و دەسەلات و دەستکەوتەکانیشیان لە دەست داوەو بەرەو هەرێمەکانی رۆژهەلات رایان کردووە ، سەرەڕای ئەمەش بوونی فارسەکان لەم ناوچەیەدا کۆتایی نەهاتووە بەلکو لە ناو کوردەکان لە شارەکانی حەلوان و نهاوەندو قرمیسین و دینەوەرو ماسبذان ماونەتەوە[٧١].

سێیەم : **عەرەب:**

یەکێک لە ئەنجامە لاوەکییەکانی کردارەکانی فەتحی ئیسلامی کۆچکردنی ژمارەیەک لە تیرەو هۆزی عەرەبییە بۆ ئەو ولاتانەی داگیریان کردون و تیایاندا نیشتەجێ بوون. ئامانجی سەرەکیش لەمەدا بەردەوام بوون بوو لە سەر بلاو کردنەوەی ئیسلام ، بەلام بە تێپەڕبوونی رۆژگار ئامانجەکە کەمێک گۆڕاوە بە تایبەتی لە لای هەندێک لە ئەندامانی سوپای ئیسلام و ئامانجیان گۆڕاوە بۆ دابینکردنی دەسکەوتی تایبەتی و تەماعگیری و دەستە دەستە کۆچکەرە عەرەبەکان دەچوونە ئەو شوێنانەی مەرجی پێشکەوتنی کشتوکال و بازرگانیان تیا زامن بووە . لەبەر ئەوەی ناوچەی رۆژئاوای چیاکانیش شاخاوییە و زەوی وزاری کشتوکالی کەمە و بۆ بازرگانیش لەبار نییە ، بە پێچەوانەی ناوچە دەشتاییەکانی وەکو خوراسان و جەزیرە وئازربایجان . خێلە عەرەبەکان بە زۆری روویان لەم هەرێمە نەکردووە، لەو کاتەی زۆر خێزانی عەرەب لە هەرێمەکانی ئازربایجان[٧٢] و جەزیرەو[٧٣] ئەرمینیا[٧٤] نیشتەجێ بوون و بوونەتە خاوەنی گوندو باخچەو کێلگە، زۆربەی خێلە عەرەبەکانیش بە هۆی جیاوازی ئاو و هەوای ناوچەکە لەگەل دوورگەی عەرەبدا لە ناوچیادا نەدەگونجان[٧٥] ژمارەیەکیش لە کوڕو نەوەکانی جەریر کوری عەبدوللای بجلی داگیرکەری حەلوان لە شارەکەدا نیشتەجێ بوون و تاکو سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیدا تیایدا ماونەتەوە[٧٦]. دەستەیەکیش لە خەلکی بەسرە لە شاری نهاوەند نیشتەجێ بوون، بە هۆی ئەمانیشەوە شارەکە بە ( ماه بصره) ناسراوە[٧٧].

هەروەها کثیری کوری شهاب کە لەلایەن خەلیفە یەزیدی کوری معاویە کراوە بە والی شاری ماسذان، لە شارەکەدا جێگیر بووە و بۆتە خاوەن زەوی و زارو کۆشکێکی تیا دروست کردووە کە بە ناوی خۆی ناسراوە لە نزیک دینور[٧٨]. عومەری کوڕی سەعید کە سەر بە موختار ثەقەفی بووە بۆتە خاوەنی زەوی و زارێکی زۆر لە هەمان شاردا، زۆر لە نەوەکانی بەنی عجیل و رەبیعە لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا رۆیشتوون و لە دەوروبەری هەمەداندا نیشتەجی بوون[٧٩]. لە دوا رۆژەکانی سەردەمی ئەمەویشدا کوڕەکانی (خشرم کوری مالیک کوری هبیرەی ئەسەدی) لە ماسبذان نیشتەجێ بوون[٨٠]. هەندێ ئاماژەی تری لابەلاش باس لە نیشتەجێ بوونی عارەبان لە ناوچەکانی هەرێمی رۆژئاوای ناوچیادا دەکەن[٨١].

## شارە گرنگەکانی رۆژئاوای هەرێمی ناوچیا:

### ١- (کورە)ی هەمەدان:

هەمەدان دەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمەکە[٨٢] و پایتەختی بەشی رۆژئاوایەتی و لە شارە کۆنەکانی هەرێمەکەیەو دەلێن ئەم شارە کۆنترین شاری هەرێمی ناوچیایە[٨٣]، لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینیدا پایتەختی ئێران بووە و پێی وتراوە اکبتانا[٨٤] [٨٥] لە شارە بەناو بانگەکانی جیهانەو پەرستگای ئاگری تیا بووە و شوێنی (موغان)ەکان بووە[٨٦] هەروەها ناوی لە ئاڤێستا[٨٧] و تەوراتدا هاتووە[٨٨].

قەزوینی دەلێ:«تاکو ئێستا شوێنی پادشاکان بووەو هەر پادشایەک لە پادشاکانی ناوچیا کۆشکێکی لەم شارە هەبووەو لە هەردوو کەژی بەهارو پاییزدا لەوێ دەمانەوە[٨٩]، بە هۆی سەختی و قایمی شوێنەکەی هەمیشە بۆتە مەلبەندێکی سەربازی سەخت و کیسراو پادشاکانی ئێران کردبوویان بە بارەگای خۆیان[٩٠] لە سەردەمی ئیسلامیشدا بۆتە شارێکی گەورە»[٩١].

یاقووت ئەلحەمەویش چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبەکەی (معجم البلدان) بۆ ئەم شارە تەرخان کردووە و باسی مێژوو و شوێنەوارو چالاکی ئابووری و بزووتنەوەی بازرگانی ئەم شارە مێژووییەی کردووەو ئاماژەشی بۆ ئەو شارو شارۆچکانە کردووە کە سەربە هەمەدانن و ژمارەیان

دەگاتە(٢٤)شارو شارۆچکە[٩٢]، یاقووت دەڵێ ئەوەی هەمەدانی دیوە بۆی دەردەکەوێ کە ئەم شارە باشترین وڵات و پاکترین و خۆشترینیەتی و پایتەختی هەرێمەکەشە[٩٣] بە٦٧فەرسەخ (٤٠٢کم) لە حەلوان دوورە[٩٤]، کورەی هەمەدان دابەش کراوەتە سەر ژمارەیەکی زۆر شارو شارۆچکە و گوند، ژمارەی گوندەکانی خۆی لە(٦٦٠) لادێ دەدات[٩٥].

## ٢- (کورە)ی ماسبذان:-

ماسبذان (کورە)یەکی بچووکە دەکەوێتە بەشی باشووری رۆژئاوای هەرێمی ناوچیاوە ، رۆژئاوای عیراق لە سەر تخووبیەتی و باشووریشی هەرێمی خوزستانە[٩٦] مەڵبەندەکەشی شاری (سیروان)ە[٩٧]، بە زۆری ناوی (سیروان)و (ماسبذان) بەیەکەوە دێت. زۆر بەکەمیش شارناسەکان لە یەکتریان جیا دەکەنەوە ، دەتوانین بڵێین ماسبذان ناوی ئەو ناوچەیە کە شاری سیروان مەڵبەندەکەیەتی . لە (معجم البلدان) یشدا دێڕە شیعرێک هەیە کە ناوی هەردوو شارەکەی تیا هاتووە: (فصارت الینا السیروان و اهلها... بماسبذان کلها یوم ذی الرصد)[٩٨] ئیبن حەوقەلیش باسی شاری سیروانی کردووە و دەڵێ :شارێکی بچووکە و خانووەکانی بە گەچ و کەرپووچ وەکو شاری موسڵ دروست کراون[٩٩]. تاکو ئێستا پاشماوەی کۆشک و خانووەکانی شاری سیروان ماون و ولسترنج دەڵێ : ئێستا ( ماسبذان) ناوی شارۆچکەیەکە لە خوارووی دەشتی ماهیدشت[١٠٠].

## ٣- (کورە)ی مهرجان قذف:

(مهرجان قذف) کورەیەکی بچووکە لە لای باشووری رۆژهەڵاتیدا لە تەک (کورە)ی ماسبذان دایە و کەوتۆتە رۆژئاوای کورەی لوڕەوە. رووبەری هەردوو کورەی (ماسبذان)و ( مهرجان قذف) و لە یەکتر نزیکیان لە لایەن شارناسەکانەوە باس کراوە. لە راستیشدا ناوی (مهرجان قذق) لەو زەوی و زارە نراوە کە کەوتۆتە دەوروبەری شاری (صیمرە)[١٠١]واتا(صیمرە) شاری سەرەکی یان پایتەختی(کورە)ی (مهرجان قذف) بووە[١٠٢]، (صیمرە)یش بە دووری ٥٠میل کەوتۆتە رۆژهەڵاتی ماسبذان[١٠٣] هەر وەها کەوتۆتە لای دەستەچەپی رێگای نێوان حەلوان و بەغدا[١٠٤]لە سەدەی (چوارەمی کۆچی ،دەیەمی زایینی) شارێکی گەورەو ئاوەدان بووە[١٠٥]ئەم شارە لە رووی ئابووری و بەرو بوومەوە دەوڵەمەند بووە، بە ناوی زۆر بە ناوبانگەو دەڵێن ناو بە پێش هەموو خانوو ماڵەکانیدا تێ پەڕیوە[١٠٦] کەلاوە و پاشماوەی ئەم شارە بە وڵاتی (شهر امام)[١٠٧] ناسراوە.

## ٤- (کورە)ی لوڕی بچووک:

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لوڕستان (کورە)یەکی سەربەخۆ بووە و بە هیچ هەرێمێکی دیکە نەلکێنراوە ، بەڵام لە بەر قەبارە بچووکی خراوەتە پاڵ خۆزستان کە کەوتۆتە خوارووی لوڕستانەوە، لە پاشانیشدا خراوەتە پاڵ هەرێمی ناوچیا چونکە ئاووهەوای ناوچیابەسەریدا زاڵە[١٠٨] و بە ناوچیا بەستراوەتەوە[١٠٩].

لوڕستان دابەش بووە بۆ لوڕستانی گەورە لە باشوورو لوڕستانی بچووک لە باکوور .(لسترنج) لورستانی گەورەی بە بەشێک لە هەرێمی خوزستان داناوە، لوڕی بچووکیشی بە بەشێک لە هەرێمی ناوچیا داناوە[١١٠].

کورەی لوڕی بچووک کەوتۆتە بەشی باشووری رۆژهەڵاتی هەرێمی رۆژئاوای ناوچیا و باشووری کورەی هەمەدان و نهاوەند[١١١] ، هەر وەها کەوتۆتە رۆژئاوای کورەی ئەسفەهانەوە، ژمارەیەکی زۆر شارو شارۆچکە و دێهاتی بەرەزو باغ کەوتوونەتە دەڤەری لوڕی بچووک ، (الیشتر) و ( شابورخواست) لە بە ناوبانگترینیانن.

### أ/ (الیشتر):

شارناسەکان بە وردی شوێنی (الیشتر)یان دیاری نەکردوە، لە رۆژگاری ئێستاکەیشدا بە زەحمەت پاشماوەو کەلاوەی خانووەکانی بەدی دەکرێن .(لسترنج) دەڵێ : دەشتی ئەلیشتر تاکو ئێستا نەناسراوە ، ئەلیشتریش کە لە کتێبی (نزهة القلوب فی المسالک و الممالک ) باسکراوە لە شوێنە کۆنەکانی ئەم دەشتەیە[١١٢] پێی وایە کە ئەلیشتر شاری(لشتر) یان(لاشتر)ە کە ئیبن حەوقەل باسی کردووە و گوتوویەتی بە دە فەرسەخ (٦٠کم) لە باشووری رۆژئاوای نەهاوەند دوورەو بە(٢٢)فەرسەخیش(١٣٢کم) کەوتۆتە باکووری شابورخواست[١١٣]. شارناسەکان ناوەکەیان بە تەواوی نەنووسیوە بەڵکو بە شێوازی جۆراوجۆر ناوی هاتووە[١١٤].

### ب/ شابور خواست:

شابور خواست شارێکی کۆنە، لە

ناوەکەی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم شارە لە لایەن شابور ئەردەشێری پادشای ساسانییەکانەوە (٢٤١ز-٢٧٢ز)بونیاد نراوە و بە دووری (٢٢)فەرسەخ(١٣٢کم) کەوتۆتە خوارووی (نەهاوەند) لە لای خوارووی کورەی لوڕی بچووکدایە. یاقووت حەمەوی نووسیویەتی وەدەڵێ:«نەدێیەک نە شارێکی لێیە»[١١٥] (حمدالله مستوفی) باسی کردووە و دەڵێ: شابور خواست لە رابردوودا شارێکی مەزنی پڕلە دانیشتوان بوودو پایتەختی مەملەکەتێک بووە. بەڵام لە دواییدا بایەخی نەماودو تەنیا وەکو شارێکی هەرێمەکە ماوەتەوە[١١٦]. وا پێدەچێ لە سەدەکانی دواتردا بە تەواوی وێران بووبێت و پاشماوەو کەلاوەکانیشی ئێستا لە شاری(خرم ئاباد) و ناوچەکانی دەوروبەریدا بەدی دەکرێ[١١٧].

### ٥- کورەی (ماه کوفه) :

لەدوای تەواوبوونی هێرشەکانی فەتحی ئیسلامی ، موسڵمانەکان ناوی(ماه کوفه)یان لە شاری دینەوەر و شارۆچکە و دێهاتەکانی ناوە، چونکە باج و خەراجی بۆ خەڵکی کوفە رەوانە کراوە[١١٨].

(ماه کوفه) لە گەورەترین کورەکانی ئەم ناوچەیە بووە و زۆر گوندو کێڵگەی هەبووە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی گوندو کێڵگەکانی بە خاوەن بکرێت دوو شارۆچکەی تیا دروستکراوە، دینەوەر لە ناو کێڵگەو زەوییەکانی باکوور و قرماسین ( کەرمەنشاە) یش لە باشوور دروست کراون[١١٩].

#### أ/ دینەوەر:

کە سرنج لە ڕێڕەوی هەڵمەتەکانی فەتحی ئیسلامی دەدەین دەبینین دینەوەر سەرەڕای سەختی شوێنەکەی و بە زەحمەت داگیر کردنی لە لایەن موسلمانەکانەوە بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە، بە(٢٠)فەرسەخ(١٢٠کم) لە هەمەدان دوورە[١٢٠]. هیوار توانیویەتی باسی شوێنی دینەوەر بکات و گوتوویەتی کە بە دوورییەکی یەکسان دەکەوێتە نێوان کنکوز لە خوارووی رۆژهەڵاتی و کەرمەنشاە لە خوارووی رۆژئاوای، بە(٢٥)میل لە هەریەک لەم دوو شارە دوورە[١٢١]، ئێستاکەیش بە دووری (٦٠)میل دەکەوێتە خوارووی شاری (صحنه)[١٢٢].

#### ب/ قرماسین(کەرمەنشاە):

هەر لە کۆنەوە کەرمەنشاە لەگەڵ هەمەدان و رەی و ئەسفەهان لە بەناو بانگترین شارەکانی هەرێمی ناو چیابووە[١٢٣]، بەڵام لە دواییدا بایەخی کەم بوودو بەرە بەرە قەبارەی بچووک بۆتەوە، ئەوانەی باسی جەنگەکانی ئیسلام لە ناوچەکەدا دەگێڕنەوە، دەڵێن قرماسین شارێکی بچووک و بێ بایەخە و بەدێیەکی گەورە دەچێت. لە سەردەمی ئیبن حەوقەل(لە ٣٦٧ک کۆچی دوایی کردووە) شارێکی جوان بووە وئاویشی بە ناودا رۆیشتووە و بە خێرو بێرو بازرگانی بە ناو بانگ بووە[١٢٤]. کەرمەنشاە ئێستاکە شارێکی گەورەو مەڵبەندی باختەرانە[١٢٥].

#### ج/ ئەسەد ئاباد:

ئەگەرچی ئەسەد ئاباد زیاتر لە هەمەدان نزیکترە نەک لە (ماه کوفه) بەڵام سەر بە کورەی (ماه کوفه)یەو بە حەوت فەرسەخ دەکەوێتە رۆژئاوای هەمەدان،بە (٤٢کم)یش دەکەوێتە باکووری کنکور، بە(٦٣کم)یش لە روزراور دوورە[١٢٦]. هەروەها دەکەوێتە دەستەچەپی ڕێگای بەغدا - هەمەدان [١٢٧]. لەبارەی ئەم شارەوە ئیبن حەوقەل دەڵێ: شارێکی خۆشەو خەڵکێکی بە هێزی تیایە و کێڵگەو بیستانیشی زۆرە[١٢٨] لەکۆتاییەکانی (سەدەی سێیەمی کۆچیدا/نۆیەمی زایینی) ئەسەد ئاباد گوند بووە[١٢٩].

#### د/ کنکور:-

کنکور دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕێگای نێوان ئەسەد ئابادو قرماسین بە دەوروبەری حەوت فەرسەخ (٤٢)کم لە یەکەمیان دوورە [١٣٠] وا دیارە یاقووت حەمەوی لێی تێکچووە کە کنکوری بە قەسر شیرین داناوە [١٣١]، سەرچاوەی ئەم لێ تێکچوونەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کنکور بە قەسری دزان ناسراوە، چونکە لەکاتی فەتحی ئیسلامدا لەم شارە وڵاغەکانی سوپای ئیسلام دزراون [١٣٢]. ئەم شارە تاکو ئێستا ئاوەدانەو قەزایەکە سەربە پارێزگای کەرمەنشانە[١٣٣].

### ٦/ (کورە)ی (ماه بصره):

ئەم (کورە)یە لە چەند شارێکی گرنگ پێکهاتووە، لەمانە:

**أ- نەهاوەند:-** مەڵبەندیکی کورەی (ماه بصره)یەو گرنگترین شاریەتی، ژمارەیەک گوندو کێڵگەو بێستانی هەبووە، بەپێی زاراوەی سەردەمی ئیسلامی بە (ماه بصره) ناسراوە، چونکە باج و خەراجی بۆ بەسرە رەوانە کراوە، دەڵێن شارێکی گەورە بووە لە بەرانبەر هەمەدان[١٣٤] و بە (٤٠) میل لێی دوور

بووە [١٣٥]، یەعـــقـــوبی دەڵێ: نەهاوەند شارێکی پیرۆزەو [١٣٦] بە باخچەو رووبار بووە [١٣٧]، روزراو [١٣٨] سەریەم شارە بووە کە بەتەنیا ٩٣ گـــوندی هەبوو، [١٣٩]، تاکـــو ئێستا شاری نەهاوەند ئاوەدانە، بەڵام بایەخی جـــارانی نەمـــاوە چونکە کرمەنشاە شوێنە گرنگەکەی ئەوی گرتۆتەوە [١٤٦].

## ب/ بروجەرد:

بروجەرد دەکەوێتە نێوان هەمەدان و (کرج ابی دلف)و لە دووەمینیـان نزیکترە، تاکو سەرەتاکانی سەدەی سێیـەمی کـۆچی (نۆیەمی زایینی) حیـــسابی گـوندێکی بۆ کـراوە، دەســـەڵاتی ئەبی دلف عـــجلی لە ناوچەکـەدا گـەورە بووە (بروجـرد)ی خستۆتە سەر زەویوزاری خۆی و بووە بە خـــانووی تایبـــەتی [١٤١]. بە گوێرەی باسکردنی ئیبن حەوقەلیش [١٤٢] شارێکی چاک بووەو درێژی لە بەرینی پتر بووەو زۆر بە واریدات بووەو لـە بەروبوومی بەتایبـــەتی زەعـفـەران بۆ شـارەکـانی تری ئێـران ئەوانەی نزیکی بوون وەکـو (کـەرەج) ڕەوانە کـــراوە، لـەســـەردەمی مـەغـۆلەکـاندا وێران کـراوەو تاکـو ئێـسـتـا پاشـماوەی مزگـەوتەکـەی بەرچاوە [١٤٣].

## ٧/ (کورە)ی شاری حەلوان:

کورەی حەلوان دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای هەرێمی ناوچیـاو لەسـەر تخـوبی عـێـراق دایە [١٤٤] لەسـەر رووبەری ئەو چیایە دروست کراوە کە بەسـەر عـێـراقـدا دەنوارێت و جـاران سـەربە عـێـراق بووە، بەڵام لێی جودا کـراوەتەوەو خـراوەتە سـەر هەرێمی ناوچیا [١٤٥]، لەوێ عێراق کۆتایی دێت و هەرێمی نـاوچیـــا دەست پێدەکات [١٤٦]، ئیبن ئەلئەثیریش دەڵێ لەوێ ئەلسەواد کۆتایی دێت و ناوچەی چیـاکـان دەست پێـدەکـات [١٤٧] بە پێنج قۆناغیش لە مەدائن دوورە [١٤٨]، شـــارێکی کـــۆنە لە دەروازەی ڕێڕەوەکانی زاگرۆس [١٤٩] دایەو مـوسـڵـمـانەکـان دەسـتـیـان بەسەردا گرتووە و لە گەشانەوەدا بووە [١٥٠]، لە قوڕو بەرد دروست کـراوە... بە دوو فـەرسـەخـیش لە دووری ئەم شـــارە بەفـــر بەردەوام دەمـێـنێت، شـــارێکی بە چەم و ئاوە [١٥١]. کورەی حەلوان جگە لە شاری حەلوان هەندێ شارو ئاوەدانی تری بەخـۆوە گـرتووە، وەکـو: (مـرج قەلا، زوبیدیەو قەڵای خەفتیکان... هتد، هەروەها هاوینەهەواری شاکانی ساسانی بووە [١٥٢] یەکـێـک بووە لەو پێنج شارەی کە دەبوو بیانییەکان تیایدا هەڵوەستە بکەن تاکو ڕێگایان پێ دەدرا بچن بۆ (مـــەدائن)ی پایتـــەخت، وێـســـگـەیەکی ئەو کۆچکەرانەش بووە کە لە تورکـسـتان ڕادەهاتن [١٥٣].

□

**پەراوێزەکان:**

١) بروانە: (النقشبندي، حسام الدين علي غالب: الكرد في شهرزور والدينور خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين)، نامـەی مـاسـتـەرە، بەتایپ چاپکراوە، زانکۆی بەغدا، ١٩٧٥، ٢- نیشـتـمـان بشـیـر مـحـمـد: (الاحـوال الـسـیاسـیه ولاجتـمـاعیـة ولاقتصادیة لغربي اقلیم الجـبـال خـلال القـرنین الرابع والخـامس الهـجـریین) نامـەی مـاسـتـەرە، بەتایپ چاپکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٤، ل ١٤-٣٤.

زرار صدیق توفیق: (الكرد في العصر العباسي حتى مجيء البويهيين (١٣٢-٣٣٤هـ) نامـەی مـاسـتـەرە بەتایپ چاپکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٤ز، ل ١٥-٢٢، مهدی قادر خضر: (الحياة الفكرية والعلمية في غربي اقليم الجبال في القرنين الرابع والخامس للهجرة، نامەی مـاسـتـەرە بە تایپ چاپکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٤، ل٩-١٠.

٢) لسترنج: (بلدان الخلافة الشرقية)، وەرگێرانی بشیرفرنسیس و کورکیس عواد، بەغدا، ١٩٥٤ز، ل٢٢٦.

٣) محمد امین زکی، (خلاصة تاريخ الكرد وكردستان)، وەرگێرانی محەمەد عەلی عەونی، بەغدا، ١٩٣٦ز، ل١٠٦.

٤) نیشـتـمـان بشـیـر، (الاحـوال السیاسیة)ل ١٤.

٥) (المسـالک والممـالک)، لیـدن، ١٨٨٩، ل٥٧. (مختصر كتاب البلدان) لیدن، ١٣٠٢ک، ل٢٠٩.

٦) احسن التقاسیم فی معرفة الاقالیم، چاپی دووەم، لیدن، ١٩٠٦ز، ل٣٨٦.

٧) کـریسـتـڤن، (ایران في عـهـد الساسانیین) وەرگـێـرانی (یحیی الخشاب)، قاهرة، ١٩٥٧، ل٣١-٣٤.

٨) جمال رشید، لێکۆڵینەوەیەکی زمـانەوانی دەربارەی مـێـژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٨٨ز، ل٦٤.

٩) (اثار البـلاد واخـبـار العـبـاد)، بەیروت، ١٩٦٩ز، ل ٣٤١.

١٠) لسترنج، (بلدان الخلافة)، ل٢٢٠.

١١) مـعـجم البلدان، بیـروت (د.ن) بەشی دووەم، ل ٩٩.

١٢) بروانە: (ابن حـوقـل): (صـورة الارض)، چاپی سـێـیـەم، بەیروت، ١٩٧٩ز، ل٣٠١، سـەرەڕای زۆرینەی سەرچاوە ئیسلامییەکان.

١٣) الاعـلاق‌النفـــيسـة، ليـدن، ١٨٩١ز، ل١٠٦ .

١٤) مختصر كتاب البلدان، ل ٢٠٩ .

١٥) (الاصطخري) مسالك الممالك، بريل ليـدن، ١٩٢٧ز، (صـورة الارض)، ٣٠٤، زرار صـديق توفـيق، الكورد في العصر العباسي، ل١٦ .

١٦) (الكوره): له مەلبەندە شارێک و چەند شارۆچکەیەک و ژمارەیەک گوند کە سەر بەم (کوره)یەن پێکدێت، یاقوت : (معجم البلدان) بەشی یەکەم، ل ٣٦، ٣٧، (الزبیـدی)، (تاج العـروس فی جـواهر القاموس) بیروت (د.ت)، بەشی سێیەم، ل٥٣ .

١٧) (صورة الارض)، ل٣١٥ .

١٨) (الاصطخري) مسالک الممالک، ل١٩٥، (ابن حوقل)، (صورة الارض)، ل ٣٠٤ .

١٩) م.ن، ل٣٩٥، (ابن حـــوقـل): صـوره الأرض، ل٣٠٤، القـزويني: (اثار البـلاد واخـبــار العـبــاد)، ل٣٤١، القلقشندي: (صبح الاعشى في صناعة الانشا) لێکدانەوەی محـەمـەد حوسێن شـەمـسـەدین، چاپی یەکـەم، بەیروت، ١٩٨٧ز، بەشی چوارەم، ل٣٦٥ .

٢٠) (کرج ابی دلف) شارێکە لەنێوان هەمـەدان و ئەسفـەهان، زیاتر لە هەمـەدان نزیکترە، یەکەم کە کردوویەتی بەشار ئەبو دەلەف ئەلقاسم کوڕی عیسای عجلی بووە، کە گەورەترین سەرکردەی سەربازی خەلیفە مـەئمـون بووە، بۆیە بەناوی ئەو کـراوە، (معجم)، بەشی چوارەم، ل٤٤٦ .

٢١) نیـشـتـمـان بەشـیـر، (الاحـوال السیاسة والاجتماعیة) ل١٨ .

٢٢) مـحـەمـەد وەسفی ئەبو مـغلی، (ایران دراسـه عـامـه) بەسرە، ١٩٨٥ز، ل ٢٤ .

٢٣) سـهـراب، (عـجـائب الاقـاليم السـبـعـة حُتى نهـاية العـمـارة فـينا، ) ١٩٢٩ز، ل١١٤، رەمەزان شەریف زوبێر، لوڕستانی گەورە، نامەی ماستەر بە تایپ چاپکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٤ز، ل٢١ .

٢٤) ئیبن ئەلفەقیە: (مختصر كتاب البلدان)، ل ٢٢٠، یاقوت، بەشی پێنجەم، ل ٤١٥، ئەلقـەزوینی، (نزهة القلوب فی المسـالک والممـالک)، لێکۆڵینەوەی مـحـەمـەد دیرسـیـاقی، تهـران، ١٩١٧ز، ل٢٨١ .

٢٥) گـیـتـاشـناسـی: اطلس کـامل گـیـتـاشـناسـی، چاپی یازدەهەم، تهـران، ١٣٧٠ک، ل٨٣ .

٢٦) ابو مـــــغـلـی: (ایـران) لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە، ل ٣٦ .

٢٧) القزويني: آثار البلاد، ل ٣٤٢ .

٢٨) ابن رسته: الاعلاق النفيسة، ل ١٦٥، ابن الفقيه: مختصر كتاب البلدان، ل ٢٥٥، المقـدسي: احسن التـقـاسيم، ل٣٩٨، القزويني: آثار البـلاد، ل ٣٤٢-٣٤٣ .

٢٩)ابو مـغلي: ايران دراسـة عـامـة، ل٢٧ .

٣٠) المقـدسي: احسن التـقـاسيم، ل ٣٩٨-٣٩٩ .

٣١) ابن رسته: الاعلاق النفسية، ل ١٦٥، السمعاني،النساب، لێکۆڵینەوەی دکـتـۆر عـەبدولفـەتاح مـحـەمـەد، چاپی بەیروت، ١٩٨١ز، بەشی ١٠، ل ٣٩٤ .

٣٢) ابو مـــغـلـی، ایراندراســـة عامة.ل٢٧.

٣٣) ابو مـغلي، ايران دراسة عـامـة، ل٢٨ .

٣٤) م.ن: ل٢٩ .

٣٥) گیتاشناسی: اطلس کامل ل٨٣ .

٣٦) ابن حـوقـل: صـورة الارض، ل ٣١٥ .

٣٧) القـزويني: آثار البـلاد واخـبـار العبـاد، ل ٣٤٦، ابو مغلي: ايران دراسة عامة، ل ٤٠ .

٣٨)ابو مـغلي: ايران دراسـة عـامـة ل٤٠ .

٣٩) ابن رسـته: الاعلاق النفسـيه، ل٨٩، عـبدالرحمن قـاسملو كردسـتان والاكراد، بەيروت، (د.ت) ل١٦ .

٤٠) ابو مغلي: ايران، دراسة عامة، ل ٣٨ .

٤١) المقـدسي: احسن التـقـاسيم، ل ٣٩٤ .

٤٢) گیتاشناسی: اطلس کامل، ل٨٥

٤٣) م.ن: ل٨٥ .

٤٤) ابو مغلي: ايران دراسة عامة.

٤٥) الطبــري: تاريخ الطبــري، لێکۆڵینەوەی، محمد ابو الفضل، قاهره ١٩٧٩، بەشی حەوتەم، ل٤١٠ .

٤٦) مـسعـود كـيهـاني، جغـرافـيای مفصل ايران طبيعي، طهران، ١٣١٠ک ل٩٦ .

٤٧) ابو مـغلي: ايران دراسه عـامـه ل٤٧ .

٤٨) قـاسملو: كـردسـتـان والاكراد، ل ١٣. گیتاشناسی: اطلس کامل، ل٧٨ .

٤٩) دونالد ولبـر: ايران مـاضـيـهـا وحاضرها، وەرگێڕانی عبدالمنعم محمد حسين، قاهره، ١٩٥٨، ل١٧ .

٥٠) قـاسملو: كـردسـتـان و الاكراد، ل ١٤-١٥ .

٥١) بروانە: ابو مـغلي، ايران دراسـة عامة، ل ٦٨ .

دونالد ولبر: ايران ماضيها وحاضرها، ل١٧ .

٥٢) بروانە: الاكـراد احـفـاد الميـديين، وەرگێڕان و لێدوانی: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣، ل ٥٥٢...

محمدامين زكي: خلاصة تاريخ الكرد، ل ١-١٥٨. جمال رشيد احمد و فوزي رشيد :تاريخ الكرد القديم، هەولێر، ١٩٩٠ز، ل ٣٩-١١١، کرد و کوردستان: قـاسیلی نیکیتین، وەرگـێـڕانی مـحـمـد قـاضی، تهران، ١٣٦٦ک، ل ٣١-١٠٢ .

٥٣) الدينوري: الاخبار، ل١٣ .

٥٤) م.ن. ل ٢٧: احـمـد عـثـمـان ابوبكر: گـۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا، ١٩٨٥، بەرگی ١٣، ل ٣٦٦ .

٥٥) الجـاحظ: البـيـان والتـبيين، لێکۆڵینەوەی عـبدالسلام مـحـمـد، چاپی چوارەم، قـاهره، ١٩٧٥، بەشی یەکـەم، ل ١٣٧، زرار صـديق توفـيق، الكورد في العصر العباسي ل١٨

٥٦) اليعقوبي: البلدان، ليدن، ١٨٩١ز، ل٢٣٦ .
٥٧) سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە.
٥٨) معجم البلدان، بەشی یەکەم، ل٣٣ .
٥٩) زرار صديق توفيق، الكورد في العصر العباسي، ل ١٧
٦٠) مروج الذهب ومعادن الجوهر: چاپی دووەم، بەیرووت، ١٩٧٣ز، بەشی یەکەم، ل١٠١ .
٦١) البلدان، ل ٢٧٠-٢٧١ .
٦٢) التنبيه والاشراف، قاهرە، (د.ت).ل ٧٨ احمد عثمان ابوبكر مجلة كلية الاداب، ژمارە ٢٤، ١٩٧٩، ل٣٢٩ .
٦٣) المسعودي، مروج الذهب، بەشی دووەم، ل ١٠١ .
٦٤) ابن كثير: الكامل في التاريخ، بەیروت، ١٩٦٧ز، بەشی سێیەم، ل٣٦٤ .
٦٥) الانساب، چاپی دووەم، بەیروت، ١٩٨٠ز، بەشی دەیەم، ل٣٩٤ .
٦٦) زرار صديق توفيق: الكرد في العصر العباسي، ل٢٥
٦٧) ابن حوقل: صورة الارض، ل٢٣٢ .
٦٨) تقويم البلدان، پاریس، ١٨٤٠ز، ل ٣١٣
٦٩) نیشتمان بشیر محمد: الاحوال السياسة والاجتماعية، ل ٨٠ .
٧٠) درێژەی ئەم باسە لە بابەتێکی ترم دا هەیە لە ژێر باری ئایینی و سیاسی لە رۆژئاوای هەرێمی ئاوچیا بەر لە ئیسلام .
٧١) اليعقوبي: البلدان، ل ٣٦٩ .
٧٢) بڕوانە: النقشبندي: اذربيجان دراسة سياسية حضارية، نامەی ماستەرە بە تایپ چاپکراوە، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی بەغدا، ١٩٨٤ز، ل٨٨ .
٧٣) فائزة محمد عزت: الكرد في اقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الاسلام، نامەی ماستەرە بە تایپ چاپکراوە، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩١، ل٣٣ .
٧٤) النقشبندي: اذربيجان، ل٨٨ .
٧٥) نیشتمان بشير محمد: الاحوال السياسية والاجتماعية، ل٨٣ .
٧٦) البلاذري: فتوح البلدان، چاپی یەکەم، بەیروت، ١٩٨٣ز، ل٢٩٥ .
٧٧) ياقوت: معجم، بەشی پێنجەم، ل٣١ .
٧٨) ابن سعد: الطبقات الكبرى، بيروت، ١٩٨٠م، ج٦،ص١٤٩ .
٧٩) الطبري: تاريخ، بەشی شەشەم، ل ٢٩٣، ابن الاثير: الكامل، بەشی چوارەم، ل٦٣ .
٨٠) البلاذري: فتوح، ل٣٠١ .
٨١) بڕوانە: نیشتمان بشیر محمد، ل ٨٤-٨٦ .
٨٢) القلقشندي: صبح الاعشى، بەشی چوارەم، ل ٣٧٠ .
٨٣) ياقوت: معجم، بەشی پێنجەم، ل ٤١٢-٤١٧ .
٨٤) ئێکباتانا: شوێنی بەیەک گەیشتنی رێگاکان، هەروا بووە، کەوتۆتە سەر رێگای سەرەکی کە ئێران و عێراق بەیەک دەبەستێتەوە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەبووە . و ل ديورانت قصة الحضارة، ترجمة زكي نجيب محمود، قاهرە، ١٩٧٣ز، بەشی یەکەم.
٨٥) لسترنج: بلدان الخلافة الشرقية، ل١١٣ .
٨٦) موغان: کۆی مۆغ یان مۆغۆیە، مانای پاسەوانی ئاگری پیرۆز، بە مانای مژدە بەخش (المبشر) دێت، فاروق الدملوجي:الالوهية في المعتقدات الثنوية، بغداد، ١٩٥١،ل٨ .
٨٧) مرتضى راوندي: تاريخ اجتماعى ايران، چاپ پنج، تهران، ١٣٥٧، جلد اول، ل٦٢٣ .
٨٨) بنيامين التطيلي: رحلة بنيامين ، چاپی یەکەم، وەرگێرانی عزرا حداد، بەغدا ١٩٤٥ ز ،ل١٥٨ .
٨٩) القزويني : اثار البلاد... ل ٤٨٣ .
٩٠) ياقوت:معجم ج٥ ،ص٤١١ .
٩١) الخوانساري الاصفهاني : روضات الجنات في احوال العلماء و السادات، تهران ، ١٣٩٠ک، بەشی یەکەم، ل٢٣٨ .
٩٢) الرستاق: هەر شوێنێک کێڵگەو گوندی تیابوو، لە کورەو ئاستان بچوکترە (لە رۆژگاری ئێستا وەکو قەزا وایە)، ياقوت: معجم ، بەشی یەکەم ، ل٣٨.
٩٣)ياقوت : معجم ، بەشی پێنجەم ، ل٤١٤.
٩٤)القلقشندي: صبح الاعشى ، بەشی چوارەم ، ل٣٧.
٩٥)ياقوت : معجم، بەشی پێنجەم ، ل٤١٢.
٩٦) مسعر بن مهلهل: الرسالة الثانية، بلاوکردنەوەو لێکۆڵینەوەی بطرس بولغاكوف و انس خالدوف، وەرگێرانی منير موسى، قاهرە ، ١٩٧٠، پەراوێز(٦٣)نیشتمان بشير محمد: الاحوال السياسية، ل٢٦.
٩٧) لسترنج : بلدان الخلافة الشرقية، ل٢٣٧.
٩٨) ياقوت: معجم ، بەشی پێنجەم ، ل٤١ .
٩٩) صورة الارض، ل ٣٠٧.
١٠٠) لسترنج: بلدان الخلافة الشرقية ، ل٢٣٧.
١٠١) م . ن: ل ٢٣٨.
١٠٢)اليعقوبي: البلدان، ل٢٤٩. قدامه ابن جعفر:الخراج ، وصناعه الكتابة، بغداد، ١٩٨١ز، ل١٧٣. ياقوت : معجم ، بەشی سێیەم ، ل٤٣٩. احمد زيني دحلان: الفتوحات لاسلامية بعد مضى الفتوحات النبوية(د.ط) ، ١٣٥٤ک ، بەشی یەکەم ، ل١٤٦.
١٠٣) لسترنج : بلدان الخلافة الشرقية، ل٢٣٧.
١٠٤) ياقوت : معجم ، ج٣، ص٢٣٩.
١٠٥) المقدسي: احسن التقاسيم ، ل ٣٩٤.
١٠٦) ياقوت: معجم البلدان، بەشی سێیەم ، ل٢٣٩.

١٠٧) نیشتمان بشیر: الحیاة السیاسیة و االاجتماعیة، ل٢٨.

١٠٨) ابن حوقل: صورة الارض، ل٢٣٢، زرارصدیق توفیق: الكرد فی العصر العباسی، ل ١٦.

١٠٩) یاقوت : معجم ، بەرگی پێنجەم ، ل ١٦.

١١٠) لسترنج : بلدان الخلافة الشرقیة، ل ٢٣٥و٣٦٨.

١١١)م . ن ، ص٢٣٥

١١٢) المستوفی، تهران ، ١٣٣٦ک ، ش، ل٢٢٦.

١١٣) ابن حوقل: صورة الارض، ل٣٠٧. لسترنج : بلدان الخلافة الشرقیة، ل٢٢٩.

١١٤) بروانە: نیشتمان بشیر : الاحوال السیاسیة و الاجتماعیة، ل٢٩.

١١٥) معجم البلدان، بەرگی سێیەم ، ل٦٥.

١١٦) لسترنج : بلدان الخلافة الشرقیة، ل٢٣٧.

١١٧) النقشبندي : الكردفی الدینور و شهرزور، ل٣١-٣٢.

١١٨) الیعقوبی : البلدان ، ل٢٧١. البكری : معجم مااستعجم من اسماء البلاد و المواضع، تحقیق مصطفی السقا قاهره ، ١٩٤٥، بەشی سێیەم، ل١١٧٦.

١١٩) قدامە بن جعفر : الخراج و صناعة الكتابة، لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینی د.محمدحسین الزبیدی ، دەزگای الحریة بۆ چاپکردن بەغدا، ١٩٨١ز ، ل٣٧١.

١٢٠) یاقوت : معجم ، بەرگی دووەم ، ل٥٤٥.

١٢١) دائرة المعارف الاسلامیة : مادة الدینور ، ل٣٧٢.

١٢٢) لسترنج: بلدان الخلافةالشرقیة، ل٢٢٥.

١٢٣) م.ن، ص ٢٢١. الحمیری: الروض المعطار، لێکۆڵینەوەی دکتور احسان عباس ، چاپی دووەم ، بیروت ، ١٩٨٤ز ، ل٤٥٦.

١٢٤) صورة الارض، ل٣٠٨.

١٢٥) مسعود كلزاری : كرمنشاهان كردستان ، بەشی یەکەم ، ل١١٢.

١٢٦) ابن حوقل:صورة الارض، ل٣٠٨، ابو الفدا،:تقویم البلدان ، ل٤١٧. مسعود كلزاری: كرمنشاهان كردستان، بەرگی یەکەم ، ل٤.

١٢٧) ابن رستە: الاعلاق النفسیة ، ل ١٤٧.

١٢٨) صورة الارض ، ل٣٠٨. مسعود كلزاری : كرمنشاهان - كردستان مج ١، ل٧.

١٢٩) ابن رستە: الاعلاق النفسیة ، ل١٤٧.

١٣٠) م.ن، ل١٤٥. الاصطخری: مسالک الممالک، ل٣٩٦. مسعود كلزاری: كرمانشاهان - كردستان ، مج ، ل١١٧.

١٣١) معجم البلدان، بەرگی چوارەم ، ل٣٦٣.

١٣٢) یاقوت الحموی: المشترک وضعا و المفترق صقعا ،کوتنکن، ل٣٥١.

١٣٣) مسعود كلزاری : كرمانشاهان- كردستان، ل ١٢١-١٢٢.

١٣٤) یاقوت: معجم ، بەرگی پێنجەم ، ل٣١٣. القلقشندي: صبح الاعشی، بەرگی چوارەم ، ل٣٦٨.

١٣٥) لسترنج : بلدان الخلافة الشرقیة، ل٢٣٢.

١٣٦) الیعقوبی: البلدان ، ل ٢٢٧.

١٣٧) القلقشندي : صبح الاعشی، بەرگی چوارەم ، ل٣٧٠.

١٣٨) الروزراو: کوردیەکە لە نزیک نەهاوەند سەر بە ناوچەی ناوچییایە . یاقوت : معجم ، بەرگی سێیەم ، ل٧٨.

١٣٩) م.ن ، بەرگی سێیەم ، ٧٨.

١٤٠) لنقشبندي: الكردفی الدینور، ل١٧ ، پەراوێز٤.

١٤١) یاقوت: معجم ، بەرگی یەکەم، ل٤٠٤.

١٤٢) ابن حوقل: صورة الارض ، ل٢٣٢.

١٤٣)النقشبندي: الكردفی الدینور، ل١٨.

١٤٤) قدامة: الخراج و صناعة الكتابة ، ل١٧٣.

١٤٥) ابن حوقل :صورة الارض، ل٣١٣.

١٤٦) ابن عبد ربە: العقد الفرید، چاپی سێیەم ، لێکۆلینەوەی عبدالمجید الترحینی، بیروت ، ١٩٨٧ز، بەرگی حەوتەم ، ل٢٨٠.

١٤٧) اللباب فی تهذیب الانساب، بیروت ، ١٩٨٠ز، بەرگی یەکەم ، ل٣٨٠.

١٤٨) یاقوت: المشترک و ضعا والمفترق صقعا، ل١٣٢.

١٤٩)دائرة المعارف الاسلامیة : مادة حلوان ، فنسنك ، بەرگی هەشتەم ، ل٥٤.

١٥٠) البلاذری : فتوح ، ل٢٩٥. الطبری : تاریخ ، بەرگی چوارەم ، ل٣٤.

١٥١) ابن حوقل: صورة الارض ، ل٣١٤.

١٥٢) الدینوری : الاخبار، ل١٠١.

١٥٣) کریستن: ایران فی عهد الساسانیین ، ل٤٠٠.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : نیشتمان بشیرلاحوال السیاسیة و الاجتماعیة.ل٣٠-٣١.





نەخشەی ژمارە (١)

ڕۆژئاوای هەرێمی ناوچیا

سنووری ڕۆژئاوای هەرێم

سەرچاوە:

وڵاتەکانی خەلافەتی ڕۆژهەڵات




نەخشەی ژمارە(٢)

لە رۆژئاوای هەرێمی ناوچیا، هاوین و زستانی کودان دیاردەدا

سەرچاوە: ابن حەوقل، وێنەی زەوی،ل٣٠٥

# گرنگی و سیمای گیروگرفتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی

**خالید هادی چاوشلی**

**کۆلیژی ئابووری و کارگێڕی ـ زانکۆی سەلاحەدین**

**پێشەکی:**

لە چەرخی ئێستاماندا گەشتوگوزار پیشەسازییەکی تازەیە و پەیوەندییەکی راستەوخۆو پتەوی بە داهاتی نەتەوەیی و تەرازووی پێدان (میزان المدفوعات)و(دەستکارە - العمالە)وە هەیە، چونکە یەکێکە لە هەناردە نەبینراوەکان (الصادرات غیر المنظورە)کە کۆڵەگەیەکی پتەوە لە هاوکێشەی تەرازووی هەناردەکان (میزان الصادرات). شان بە شانی تەرازووی بازرگانیی و ئاڵوگۆری سەرمایە(معاملات رأس المال)و نرخی دراو و گرنگیشی لەسەرچاوەکانی تر کەمتر نییە، وەک پیشەسازیی گۆڕین(الصناعات التحویلیە) و پیشەسازیی دەرهێنان(الصناعات الاستخراجیە). سروشتی خەرجیش، لەم سالانەی دواییدا، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە شارستانییەکاندا، بەرەو کەمکردنەوەی خەرجیی لە سەر شمەکی بەکاربردن (السلع الاستهلاکیە) دەڕوات ، بەرانبەر زیادەیەکی بەرچاو لە خەرجیی لایەنەکانی دیکەی ژیانی ئاسایی کە شێوەی خزمەتگوزاری وەردەگرێ( دیوجی ، ١٩٨٧ ، لاپەرە٢٣٨ - ٢٣٩ ) ،وەک سەفەرو گەشتوگوزار.لەلایەکی دیکەوە هەندێک لە خزمەتگوزارییەکان، وەکو گەشتوگوزار کاریگەرییەکی راستەو خۆیان بە بازارکاری (تسویق) و بەکار بردنی (استهلاک) شمەکی تردوە هەیە، بۆ نموونە چەندان شمەکی فانتازی و ماددەی خۆراک و هەندێ خزمەتگوزاری ، وەک گواستنەوەی ئاسمانی و زەمینی و چارەسەری پزیشکی لە لایەن گەشتیارانەوە بەکار دەبرێن کاتێ روو لە شوێنێک دەکەن ، ئەمەیش بایەخی ئەو کەرتە زیاد دەکات و پاڵپشتی ئابووری ئەو وڵات و هەرێمانە دەکات کە پیشەسازیی دەرهێنان وەکو نەوت ڕێژەیەکی وا لە دەرامەتی حکومەت و داهاتی نەتەوە پێک ناهێنێ.

ئەوەی لای هەموان ئاشکرایە کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عیراق تا ئێستاش هەر بە دواکەوتوویی ماوەتەوە، جا ئەم دواکەوتووییە یان کەمتەرخەمییە لە ژێر سایەی دەزگاکانی حکومەتی ناوەندی بووبێ یان حکوومەتی هەرێم ، ئەوەش وای لێکردین بایەخ بەم بابەتە بدەین تا خوێنەر بزانێت گەشتوگوزار چییە و گیروگرفتەکانی چین و چۆن بگاتە ئەو رادەیەی کە نەک خەڵکی ناوخۆ، بەڵکو خەڵکی دەرەوەش لە وڵاتانی دراوسێ و کەنداوی عەرەب و هی دیکەش روو لە دامەزراوە گەشتوگوزارییەکانمان بکەن بە تایبەتی لە قۆناغی داهاتوودا کە بە هیواین پاش لابردنی ئابلۆقەی نێو دەوڵەتی هێمنی و ئاسایش بەتەواوی بەرقەرار بێت بە تایبەتی کە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان بنەماکانی سروشتی و رۆشنبیری و مێژوویی وایان تێدایە کە دەتوانن بۆ ئەم مەبەستە سەرنجی گەشتیاران رابکێشن.

هەواڵنامەی کتێب

## گەشتوگوزار .. پێناسە و بنەماکانی

پێش ئەوەی باسی گرنگی و ئامانجەکانی پلان دانانی گەشتوگوزار بکەین پێویستە پێناسەیەکی سنووردار و سادەی گەشتوگوزار بخەینە ڕوو، چونکە یارمەتیمان دەدات بۆ زانینی گیروگرفتەکان و چارەسەر کردنیان.

نووسەری سویسری ، هونزیکەر ، دەربارەی گەشتوگوزار سالی ١٩٥٩ گوتوویەتی (گەشتوگوزار بریتییە لە کۆمەلە پەیوەندی و دیاردەیەک کە بە هۆیانەوە کەسێکی بێگانە بەشێوەیەکی کاتی لە شوێنێک دەمێنێتەوە و ئەو مانەوەیەش نابێتە یەکجارەکی و ئەگەر کاتی و کەمیش بێت پەیوەندی بەکاری ئەو کەسەوە نییە)«المشهدانی -١٩٨٩- ل١٥».

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی سەرەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت تێگەی گەشتوگوزار، واتە سەفەرکردن و مانەوەیەکی کاتی بۆ حەوانەوە و گەشتوگوزار، یان بۆچەند نیعتیباراتێکی ڕۆشنبیری و شوێنەواری و ئایینی و کۆمەلایەتی.

جا پێویستە پلان دانانێکی زانستییانەی تەواومان هەبێت و دیراسەی هەموو بوار و تواناکان بکەین کە بۆ پاشەڕۆژ لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەبێت هەروەها دەبێت لە پێداویستی و تواناکانی ئەو شوێنانە شارەزابین کە دەبنە دامەزراوی گەشتوگوزار.

بنەمای سەرنج ڕاکێشانی خەلکی بۆ گەشتوگوزار یەکێکە لە بنەماکانی بووژاندنەوەی ئەو کەرتە و پەرەپێدانی شان بە شانی دەزگا کارگێڕی و ئابوورییەکان، ئەمەی خوارەوە بیرۆکەیەکی کورتکراوەی ئەو بنەمایانەن کە دەبنە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خەلکی بۆ سەردانی ولات و هەرێمێکی دیاریکراو. «أنعام حنا، ١٩٨٠، ل٤١-٤٣».

أ- سەرچاوە سروشتییەکان کە کەرەستەی سەرەکی سەرهەلدان و گەشەکردنی گەشتوگوزارن لە هەر ولاتێکدا و بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لە دیمەنی سروشتی و ئاووهەوا، سەرچاوەکانی ئاوی دەریاچە و ڕووبارەکانی و تاڤگە و سامانی ئاژەل و دارستان و توانای ڕاوی زەوینی و ئاوی و ڕووەک و گولی دەگمەن سەرەڕای شوێنەواری کۆن و ئایینی.

ب- بنیادی ماددی دامو دەزگا گەشتوگوزارییەکان وەکو هوتێل و سەیرانگە و هاوینەهەوار و بازاڕ و شوێنی کات بەسەر بردن و مۆزەخانە.

ج- ئەو ئاسانکاریانەی کە گەشتیار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سوودیان لێ دەبینێت وەکو تۆڕەکانی کارەبا و ئاو و ڕێگا و دەزگاکانی پەیوەندی و نەخۆشخانە و پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوەی زەوینی و ئاسمانی.

د- پلەی بە شارستانی بوون و پەرەسەندنی کۆمەلایەتی دانیشتوانی هەرێم و درک کردنیان بە بایەخی کەرتی گەشتوگوزار و دەستەبەرکردنی هێزی کارگەری شارەزا جگە لە بۆچوونی دانیشتوانی هەرێم سەبارەت بە گەشتیاران و چۆنیەتی هەلسو کەوت کردن لەگەلیاندا.

## مانا و ئامانجی پلان دانان و پەرەپێدانی گەشتوگوزار

پلان دانان بەشێوەیەکی گشتی بیرکردنەوە و بڕیاردانی ڕێک و پێکە سەبارەت بە هەلبژاردنی ڕێڕەوێکی دیاریکراو بۆ پاشەڕۆژ لە نێوان ئەو ئەلتەرناتیڤە جیاواز و بوارانەی کەهەن، یەکێکیشە لەو ئەرکە کارگێڕیانەی کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراوە و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان ئەنجام دەدرێت. «الشماع،١٩٩١، ل٨٩».

ئەو پرۆسەیە ، زانیاری تەواو و وردی دەربارەی واقیعی هەر گیروگرفتێک پێویستە، جگە لە هەر پێشهاتێکی داهاتوو، ئەوەی کۆسپیش دەخاتە بەردەم ئەم پرۆسەیە ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەیە کە لە دەوروبەری شوێنی کارکردن ڕوو دەدەن وەکو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و تەکنەلۆژییەکان. بەلام مانای پەرەپێدانی ئابووری لە کەرتێکی دیاریکراودا پەیوەستە بە پرۆسەی وەگەڕخستنی هێزی پەیوەندیدار لە ماوەیەکی درێژدا بە ئامانجی ڕوودانی گۆڕانکاری بەرەو ژوور لە داهاتی نەتەوەیی کە لە تێکڕای زیادەی دانیشتوان زیاتر بێت، ئەمەش دەبێتە بەرزبوونەوەی بەشی تاک لە داهات، ئەمەش بە هۆی گۆڕانکارییە گونجاوەکان لە قەوارەی بەرهەم و چوارچێوەی ڕێکخستن و خستنەڕوو و خواستی هۆکارەکانی بەرهەمەوە ئەنجام دەدرێت، ئێستا دەتوانین بلێین پلان دانان بۆ پەرپێدانی گەشت وگوزار تەعبیر لە چالاکییەکی ئابووری و کارگێڕی دەکات کە بەدوای ئامانجێک دەگەڕێت بریتییە لەزیادبوونی ڕۆلی کەرتی گەشتوگوزار لەپالپشتیکردنی داهاتی نەتەوەیی و زیادبوونی داهاتی تاکەکەس لە هەرێمێکی دیاریکراودا، ئینجا دیاریکردنی

هۆکاری گیروگرفتەکان و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆیان و هەڵبژاردنی هەرە باشەکەیان لەبەر ڕۆشنایی دەسکەوت و توانای ئێستاو بارودۆخی هونەری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی چاوەڕوانکراو ئەو مانایەی کەبۆی چووین تارادەیەکی زۆر لەگەڵ مانای پلان دانانی گەشتوگوزار لەلایەن (فریدلارسین)ەوە دەگونجێت (المشهدانی-١٩٨٩- ل٢٢) کە دەڵێت پرۆسەکە بریتییە لەبەکارخستنی هەموو سەرچاوە سروشتی و مرۆیی و ماددییەکانی پەیوەندیدار بەگەشتوگوزار تا ئەو پەڕی سوود بەنەتەوە بگەیەنێت.

ئەوەی پەیوەندیدارە بەئامانجە سەرەکییەکانی پلاندانان و پەرەپێدانی گەشتوگوزارەوە دەتوانین بەمجۆرە پوختیان بکەینەوە: بڕوانە: (انعام حنا- ١٩٨٠.ل ١٤٨-١٤٩)وە (المشهدانی ١٩٨٩- ل٢٥-٢٩).

ا- کارکردن بۆ وەسوود هێنانی(استغلال) هەموو سەرچاوە سروشتییەکان بۆمەبەستی گەشتوگوزارو ئینجا خولقاندنی ڕسکانێکی (تکامل) تەواو لە نێوان سەرجەم ئەو سەرچاوانە لەگەڵ بەهەند هەڵگرتنی گونجان و هاوسەنگی لەنێوان سروشتی شوێنەوارو نیشانە جیاکەرەوەکانی ئەو دامودەزگاو دامەزراوانەی کە دروست دەکرێن.

ب- کارکردن لەپێناو دابینکردنی پێداویستی گەشتیارە بیانییەکان ئەمەش بەدەستەبەرکردنی هێمنی و حەوانەوە دوور لە ژاوەژاوی شارو پیسبوونی ژینگە.

ج- لە ڕەگەوە گۆڕینی بنیادی قەوارەی گەشتوگوزار ئەمەش لەڕێگای پێشخستنی سەرجەم کەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ماددی و مرۆیی و تەکنەلۆژییەوە دەبێ.

د- فراوانکردنی بازاڕەکان و خستنەڕووی پیشەسازییە تەقلیدی وکەلەپوورییەکان لەو بازاڕانەدا.

هـ- پاراستنی لایەنی سروشتی و کەلەپوورو پاشماوە دێرینەکانی خۆماڵی، چونکە گەشتیار حەز لە شارەزایی بوون و زانینی داب ونەریتی شوێنەکان دەکەن.

و: زیادکردنی دەرامەتی خۆماڵی (حکومی و خەڵکی) لەپارەی بیانی و پاڵپشتی کردنی تەرازووی پێدان.

ز: دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان خستنەڕوو و خواستی گەشتوگوزاریدا.

## سیماکانی گیروگرفتی گەشتوگوزار لە هەرێمدا

گەشتوگوزار لە هەرێمدا بەدەست چەند گیروگرفت و کۆسپ و تەگەرەوە ناڵاندوویەتی، پێویستە لێرەدا جیاوازی لەنێوان مەوداو سیماو سروشتی ئەو گیروگرفتانەدا بکەین ئەمەش بەهەڵاوێرکردنیان بۆ چەند ماوەیەکی زەمەنی چونکە دەست نیشانکردنی سروشت وهۆی گیروگرفتەکە بەنیسبەت پرۆسەی پلاندانانی زانستی بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار مەسەلەیەکی گرنگە، لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەو پێشهاتەکانی دوارۆژ دەتوانین ئەمانە بۆ چەند ماوەیەکی یەک لەدوای یەک دابەش بکەین و بارودۆخ و سروشتی هەر یەک لەگیروگرفتەکان دیاری بکەین کەهەندێکیان سیمای هاوبەشیان لەنێواندا هەیە:

ا- سالانی ١٩٧٠- ١٩٨٠ کە بەسەقامگیربوونی سیاسییەوە ناسراوە، بەتایبەتی دوای ڕێککەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئادار بارودۆخی سیاسیی هێمن بووەوەو عیراقیش توانی توانای خۆی ببوژێنێتەوە بەتایبەتی دوای خۆماڵیکردنی نەوت، ئەوە بوو چەند پرۆژەیەکی گەشتوگوزار ئەنجام دران و چەندان ئوتێل دروستکران و ڕێگاکان قیرتاوکران بەڵام سروشتی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان لەئاستی پێویستدا نەبوون بۆیە ناوچەکە جوڵانەوەیەکی وای لەم ڕووەوە بەخۆیەوە نەبینی ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی هاوولاتی عیراقی و ئاسان بوونی سەفەر بۆ دەرەوە بەمەبەستی گەشتوگوزارو جگە لەباوەڕنەبوونێکی ڕاست بەکەرتی گەشتوگوزارو دەوری لەزیادکردنی داهاتی نەتەوەدا ، ئەمەش بەهۆی پشت بەستن بوو بەسامانی نەوت.

ب- سالانی ١٩٨٠- ١٩٩٠، کە شەڕی عیراق و ئێران ماوەیەکی زۆری لێ برد، جگە لە زیادبوونی ژمارەیەک پرۆژەو کۆمەڵگەی گەشتوگوزاری و دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگای نوێ «کە هەندێکیان بەئامانجی سەربازی دوستکرابوون» و سەرەڕای مانەوەی بازاڕو خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان لەسەر سروشتی خۆیان بەڵام گەشتیارێکی زۆر بەتایبەتی لەناوەوەی عیراق لە هەر سێ مانگەکەی هاویندا ڕوویان لە هاوینەهەوارەکان دەکرد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەشتوگوزار لە ناوەخۆدا تاکە ئەلتەرناتیڤ بوو بەنیسبەت عیراقییەکان چونکە

بەهۆی شەڕی هەشت ساڵەوە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات ڕاگیرا بوو.

ج-ساڵانی دوای ١٩٩١ و دوای دووەم شەڕی کەنداو حکومەت نیداراتی رەسمی لە کوردستان کێشایەوەو حکومەتی هەرێم دامەزرا، سیماکانی ئەم قۆناخە بەمجۆرەبوون:

١- دابەزینی ئاستی داهاتی خەڵک کە بەشی پێداویستی ڕۆژانەی زۆربەیانی نەدەکرد لە خواردن و دەرمان (پێش جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦) بۆیە خەڵکی لەو ماوەیە دا بیریان لە گەشتوگوزار نەکردوە.

٢- سەقامگیر نەبوونی ئاسایش بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە ئەمەش بەڕادەیەکی زۆر کاری لە کەرتی گەشتوگوزار کرد وەکو سەرجەم کەرتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

٣- ڕێگەنەدان بە سەفەرکردنی هاووڵاتیانی عێراق بۆ ناو هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە بە هۆی جۆراوجۆرەوە.

٤- بنیادی پشت پێبەستراوی کەرتی گەشتوگوزارو خزمەتگوزارییەکان تووشی تێکدان و تالان کردن هات کە هەندێکیان بە هۆی دووەم شەڕی کەنداو و هەندێکی دیکەشیان لە ساڵانی یەکەمی کشانەوەی حکومەتی مەرکەزی و دروست بوونی بۆشایی کارگێڕی پێش دروست بوونی حکومەتی هەرێم ڕوویاندا.

٥- کۆت و پێوەندی هەرێمی و نێو دەوڵەتی بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری و دان پیانەنان بە حکومەتی هەرێم لەلایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییەوە.

د- دوا قۆناغ کەگەشبینی تێدایە دەتوانین سیما سەرەکییەکانی بەمجۆرە دیاری بکەین:

١- سەقامگیربوونی باری ئەمنی و سیاسی و ڕێزگرتنی دامەزراوە دەستوورییەکان.

٢- بەهیوای کۆتایی هاتنی ئابلۆقەی نێو دەوڵەتی و سزای ئابووری کە کار لەهەرێمی کوردستانیش دەکات چونکە بەشێکە لە عێراق و لە چەند لایەنێکەوە گەشتوگوزار دەبووژێتەوەو باری ئابووری خەڵک چاک دەبێت و توانای سەفەریان دەبێت، سەرەڕای دروستبوونی ئاسانکاری هێنانی شتومەک لەدەرەوەو بەستنی پرۆتۆکۆڵ لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا.

٣- بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ڕۆڵ لە بوژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزاری ببینن و یاسای هاندەر دابڕێژن و ئاسانکاری ماددی و هونەری و باجی پێشکەش بکەن چونکە ئەو کەرتە ئابووری هەرێم و خەڵکی دەبوژێنێتەوە. بۆ وەرگرتنی بارودۆخی قۆناخی داهاتوو پێویستە لێپرسراوانی پلاندانانی ئابووری لەهەرێم بە تایبەتی لە بواری کەرتی گەشتوگوزاردا، کاتی پلاندانان ،کۆمەڵێک ئامانجی تەواو بەهەند هەڵگرن تا رسکانێکی (تکامل) تەواو لەنێوان سەرجەم کەرتەکان دروست ببێت.

## ئەو لایەنە بنەڕەتییانەی کە پێویستە بەهەند هەڵبگیرێن بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی گەشتوگوزار

**ا- لەبواری بنەما پشت پێبەستراوەکان و ئاسانکارییە ماددییەکانەوە:**

١- بەرەوپێش بردنی ئەو دەزگا خزمەتگوزاریانەی کە پەیوەندیان بە بنیادی پشت پێ بەستراو هەیە تا بۆ پێشوازی گەشتیارانی هاتوو لە دوارۆژدا ئامادەبن و سوودیش لەو پارەیە وەربگیرێ کە بۆ قۆناخی ئێستای بڕیاری ٩٨٦ دانراوە، هەروەها دانانی ڕێژەیەکی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە لەڕووی هەندو جۆرەوە.

٢- دروستکردنی فرۆکەخانە تا گواستنەوەی ڕێبواران بەتایبەتی گەشتیاران ئاسان بکات ، ئەمە جگە لە ئاسانکاری لە گواستنەوەی کەلوپەل و بەروبوومی تر.

٣- چاککردنی ڕێگاو بانەکانی ئێستا بە شێوەیەک خەڵک هەست بە حەوانەوەو ئارامی بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە نیشانەی هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکان دابنرێ بۆ ڕێنمایی کردنی هاووڵاتیان بۆ شوێنەکانی گەشتو گوزار و ئوتێل و چێشتخانەو دامەزراوە گەشتو گوزارییەکان.

٤- پێشخستنی خزمەتگوزارییەکانی تەلەفۆن و پۆستەو دروستکردنی چەند نەخۆشخانەیەک بۆ ڕووداوی کتوپڕ بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لەبنکەی قەزاو شارەکانەوە دوورن.

٥- دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی بنەڕەتی بۆ وزەی کارەباو هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەی بەنداوی بێخمە چونکە کاریگەریەکی ئیجابی بەسەر گەشتو گوزارو ڕاو و وزەی کارەباوە هەیە.

٦- پەلەکردن لە دروستکردنی ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەولێر - دهۆکدا تا ئەو قەرەباڵغییەی کە

لەسەر ڕێگای هەولێر ـ شەقلاوە ـ قەندیل ـ ئاکرێ ـ دهۆک هەیە کەم بکاتەوە.

٧ـ زیادکردنی ڕووبەری زەویی سەوزایی و پاراستنی دارستان و نۆژەن کردنەوەی ئەو دارستانانەی کە سووتاون لە ساڵانی شەڕدا کە ئەمەش کاریگەری بەسەر جوانی شارو نەبوونی چۆڵەوانی و دابەزینی پلەی گەرماوە هەیە.

٨ـ بایەخدان بە دروستکردن و پەرەپێدانی شوێنەکانی کات بەسەربردن و یاریگەی وەرزش و هاندانی وەرزشی بەلەم و ڕاوەماسی و هەڵخلیسکان لەسەر بەفر.

**ب: لەبواری پێشخستنی ئاست و جۆری خزمەتگوزارییەکان**

١ـ زیادکردنی ڕووبەرەکانی دانیشتن و دانانی خێوەتگای گەشتوگوزاری و ئەمەش لەچوارچێوەی ڕوپێوێکی فراواندا دەکرێت ، هەروەها قیرتاوکردنی لکەڕێگاکان تا گەشتیاران بگەنە ناوچە دڵرفێنە عاسێ و نەدۆزراوەکان کە ئەمەش بە دروست کردنی بەردەبازو پردی تایبەتەوە دەبێت.

٢ـ کارکردن بۆ هاندانی وەرزەکانی گەشتوگوزار جگە لەوەرزی هاوین بە تایبەتی ئەو ناوچە شاخاویانەی بەفریان تێدایە، هەروەها شوێنە پیرۆزە و دێرینەکان.

٣ـ بایەخدان بە خاوێنی و دەستەبەرکردنی شوێنی حەوانەوەو دامەزراوی تەندروستی گشتی و دانانی چاودێری لەسەر خاوێنی خواردن و خواردنەوە لە ناوچەی گەشتوگوزاردا.

٤ـ هاندانی دروستکردنی هوتێل و چێشتخانەی جیهانی کە ئاستی بەرزیان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کەلوپەل و ئاهەنگ گێڕاندا هەبێ تا سەرنجی گەشتیارانی بیانی بۆ هەرێم ڕابکێشن.

٥ـ پێویستە بایەخ بە خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییە میللییەکان بدرێت ئەمەش بەسازدانی خێوەتگاو ماڵی لاوان و سازدانی چەندین میهرەجانی میللی تا ئەوانەی کەم دەرامەتن بتوانن سوود لەم کەرتە وەربگرن.

حـ ـ لەبواری کارپێدان (التشغیل) و یاسادانان و خۆسازدانی زانستیدا:

١ـ داڕشتنی ئەو یاسایانەی کە هانی پارەدارە بیانییەکان دەدات تا کەرتی گەشتوگوزار وەگەڕ بخەن و پێویستە دەستەبەری پاراستنیشیان بکرێت.

٢ـ دانانی ناوچەی ئازاد بۆ بازاڕی کەلوپەلی هەمەجۆری جیهانی کە ئەمە یارمەتی بوژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزار دەدات.

٣ـ سازدانی ئاهەنگ و پێشبڕکێی وەرزشی و پێشانگا لە وەرزی دیاریکراودا تا سەرنجی گەشتیاران ڕابکێشن.

٤ـ بایەخدان بە پڕۆپاگەندەو ئامادەکردنی دەلیل و نەخشەی دامەزراوە گەشتوگوزارییەکان بە زمانی خۆجێی و جیهانی.

٥ـ زیادکردنی هۆشیاری لەنێوان ئەوانەی لە کەرتی گەشتوگوزار کاردەکەن یان ئەو خەڵکانەی لەو دەوروبەرە جێنشینن ،ئەمەش بەهۆشیارکردنەوەیان لەڕووی کۆمەلایەتی و شارستانییەوە دەبێت و پێویستیشە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بەم کەرتە ببەسترێنەوە.

٦ ـ پێویستە هەماهەنگی لەنێوان لایەنە بەرپرسەکان لەپلان دانان بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزارو زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمدا هەبێت و کادیری زانستی پسپۆڕ لەبواری خزمەتگوزاری گەشتوگوزارو ئیدارەکردنی ئوتێلەکاندا ڕابهێندرێ ، هەروەها بەش و لکی پەیوەندیدار لەکۆلیژەکانی کارگێڕی و ئابووری و پەیمانگەی کارگێڕی و ئامادەییە پیشەییەکاندا بکرێنەوە بەگوێرەی پلەو جۆری داواکراو.

□

### سەرچاوەکان


١- الديوه جي، ابي سعيد، اداره التسويق، الموصل، مطبعه دار الكليه،١٩٨٧.

٢- حنا، انعام داود، التخطيط للتنميه السياحيه، رساله ماجستير، جامعه بغداد. ١٩٨٠.

٣- المشهداني، خليل ابراهيم، التخطيط السياحي، بغداد، الجامعه المستنصريه، ١٩٨٩.

٤- البصام. ناجي، اداره التنميه في العراق ومصر، بيروت، دار النهضه، ١٩٧٥.

٥- الشماع، خليل محمد حسن، مبادئ الاداره، بغداد، ١٩٩١.

٦- الباحث وآخرون، خلاصه وقائع جلسه الحوار عن واقع السياحه وآفاق تطويرها في منطقه كوردستان اربيل، كليه‌لاداره والاقتصاد١٩٨٩

# شلەژانی کەسایەتی نەخۆشیە دەروونی و ئەقڵییەکان

د. عومەر یاسین جەباری

کۆلیژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی:**

بەهۆی نەبوونی چارەسەرییەکی دروستی دەروونی و پزیشکی، تەنانەت لەدەوڵەتە پێشکەوتووەکانیشدا ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی و ئەقڵی هاتوون لەزیندەبوون دان ولەجادان دەسوڕێنەوەو پێشتریش ئەوانە لە ژووره تاریکەکان زنجیر دەکران و بەتێلاودار دەکەوتنە گیانیان بۆ ئەوەی رۆحی شەڕانییان لە جەستە دەربکەن (جنۆکەیان لێ دووربخەنەوە)، لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشدا ئایەت و فەرموودە پیرۆزەکان دوویاتیان کردۆتەوە ئەوانەی تووشی ئەم نەخۆشیانە هاتوون تاکێکی ئەم کۆمەڵەن و مافی ژیانیان هەیە.

بە پێی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە بوارەکانی پزیشکی و دەروونزانی گرتۆتەوەو ئەو توێژینەوانەی کە فرۆید و لایەنگرەکانی ئەنجامیانداوە کە بەهۆی فاکتەرەکانی ژینگەو دەوروبەرەوە دەتوانرێ ئەخۆشییە دەروونییەکان بناسرێن هەروەها توێژینەوەکانی بافلۆفیش روونی دەکەنەوەکە هۆکاری جەستەییش هەن تووشی نەخۆشی دەروونی دەکەن، بەڵام راست و دروست هێشتا ماهییەت وفاکتەرە کاریگەرەکانی ئەم نەخۆشییە روون نەبۆتەوە، ئەوەی گومانی تێدا نەماوە هەر ئەوەیە کە دڵەراوکێ، دوو دڵی، یان واسواسی چاوگەیەکەو نەخۆشییە دەروونییە جۆراوجۆرەکان سەرچاوەی لێ هەڵدەگرن.

ئێستا رەفتارکردن لەگەڵ ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی یان ئەقڵی هاتوون باشتر بووە و یارمەتیان دەدرێ لە ئامێزی خێزانەکانیان بژین و لە ناو دۆست و کەسانی خۆیان کاربکەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ دەوروبەردا نەپچڕێ.

چونکە جیاوازی نێوان کەسی ئاسایی و نائاسایی ئەوەیە... ئاساییەکە لە توانایدا هەیە هاوسەنگی لەنێوان رەفتاری خۆی و داخوازییە کۆمەڵایەتیی و ژیارییەکاندا بپارێزێ، بەڵام کەسی نائاسایی ئەم هاوسەنگییەو پێکەوە گونجانەی پێ دەستەبەرناکرێ و لێی تێکدەچێ، ناکرێ ئەم راستییەش لەبیر بکەین کە چارەسەری دەروونیی بەکەڵک و سەرکەوتووەبۆچارەسەری ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی هاتوون، لەهەندێ باری تێکچوون یان شێوانیش هەندێ داودەرمانی پزیشکی بەسوودن. هەروەها کاریگەری ویراسەت و شلەژانی کیمیایی و هۆرمۆنی و ئەو رووداوانەی بەشێک لە کۆئەندامی دەمارەکان لەناودەبەن، یان خووگرتن بە خواردنەوەی کهولی و مادە بێهۆشکارەکان و بەدخۆراکی ...ئەمانە هەموویان دەوریان لە تووش بوونی ئەم نەخۆشییە هەیە، لە هەمان کاتیشدا زۆر شێوازی چارەسەری هەن، کە هەریەکەیان بناخەیەکی فەلسەفی تایبەت بەخۆی هەیەو رەفتاری جوداشی گەرەکە.

بەناوبانگترین ریگە چارەش تا ئەمرۆ: شێوازی شیکردنەوەی سیجمۆند زانای نەمساوی، شێوازی چارەسەری بەردەوام و ناراستەوخۆی کارل رۆجەرزی زانای دەروونیی ئەمریکایی، شێوازی هەموار کردنی رەفتار(کە پشت بە تیۆری فێرکردن دەبەستێ)ی بافلۆفی زانای روسیایی، شێوازی زانای رەوشتسازی ئەمریکایی(واتسن)و پێڕەوانی، شێوازی چارەسەری کۆگری (الجمعی) کە یارمەتی نەخۆش دەدات، کە بتوانێ لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ کۆمەڵەکەی بگونجێ و دەبێتە هاندەرێکیش هێندە هەست بە گوناهو دڵەراوکێ و بەگژداچوون نەکات.

مایەی وەبیر هێنانەوەیە هەندێ جۆری ئەو نەخۆشییە پێویستی بە تاقیکردنەوەی چەند شێوازێکی چارەسەرکردن هەیە کە دەوەستێتە سەرجۆرو توندی و ئاستی نەخۆشییەکە.

# دەمارگرتن(دەمارگیری- العصاب)Neurosis

## یەکەم ـ نەخۆشییە دەروونییەکان، یان کەم شڵەژان

بریتییە لە کۆمەڵێک شڵەژان یان کاری ناشیاو و نائاسایی کە تاکە کەس پێڕەوی دەکات بۆ خۆپاراستنی کاتی لە گرفتەکان، سەرچاوەکەشی بریتییە لە ململانێ و تەپین و دوودڵی، دەمارگیر ناتوانێ بە شێوەیەکی ئاسایی و پێویست لەگەڵ کاروبارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا رەفتار بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر هۆکارەکانی بەرگری لەخۆکردن.

ئەم جۆرە نەخۆشییە وا دەکات نەخۆش بە نەگونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە تەنیایی و خەمگینی و دوودڵی و ترسنۆکی بناسرێتەوە، دەروونناس و پزیشکانی دەروونی و زانایانی تەندروستی دەروونی وای بۆ دەچن نەخۆشی دەروونی بریتییە لە شڵەژان یا لادان لەلایەنی وەزیفیی کەسایەتی(سەرچاوەی ژمارە (١) ل ٣٧٥).

ویراسەت و حاڵەتی جەستەیی و کۆمەڵگەش بەرپرسیارن لەو نەخۆشییە، چونکە نەخۆش تووشی شڵەژانی دەروونی دەبێت، بەڵام نازانێ هۆیەکانی چین لەگەڵ ئەوەی دەتوانێ روون و ئاشکرا دەریببڕێ.

بە شێوەیەکی گشتی دەمارگیر بەوە جودا دەکرێتەوە کە هاوگونجانی دەروونی و کۆمەڵایەت نییەو بەرگەی ململانێ ناگرێ، ئەمەش وای لێ دەکات هەست بە پەرێشانی وتەنیایی و دڵەڕاوکێ و ترس و خەمباری بکات.

جێی وەبیر هێنانەوەشە زۆر لەوانە ئیش وکاری خۆیان بەشێوەیەکی چاک جێبەجێ دەکەن، زۆریشیان لە هاوکارانی خۆیان سەرکەوتووترن، لەمەش زێتر خەڵکی دیارو ناودارن و زاناشیان لێ هەڵدەکەوێ(س٢.ل١٤٩).

### ١- دڵەڕاوکێ Anxiety

دڵەڕاوکێ ئەزموونێکی مرۆیی گشتییەو لە حاڵەتی ئاساییدا هەندێک بەدیاردەیەکی ئاسایی دادەنێن، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کەسنووری خۆی ببەزێنێ و نەتوانرێ بەرگەی بگیرێ وببێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی دەروونی. دڵەڕاوکێ لەهەموو جۆرەکانی نەخۆشی دەمارگیریدا رەگەزێکی هاوبەشەو هەستکردنێکی درێژخایەنە بە نائارامی و ترس و تۆقینی دوورە وەخت، دڵەڕاوکێ بە کاکڵەی هەموو جۆرەکانی دەمارگیریی دادەنرێ، نەخۆشییەکە زۆر بڵاوەو بێ ئەوەی راستەوخۆ هۆیەکەی بزانرێ بەهۆی وروژان و هەڵچوونێکی نادیاری ناخ دیار دەکەوێ (س٢.ل١٥١). تووشبوونیش بە دڵەڕاوکێ بناخەی بایۆلۆژی پابەند بەمێشک و کۆئەندامی دەمارو بناخەی کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و دەروونی کاریگەرییان هەیە.

أ- دڵەڕاوکێی ئاسایی(دڵەڕاوکێی بابەتی): ئەم جۆرە زێتر لە ترسەوە نزیکە، هەندێک بەدیاردەیەکی دروست و پێویستی دەزانن بۆ پێگەیشتنی دەروونی، ئەمەش کاتییە و لەگەڵ نەمانی ترس و وروژانەکە کۆتایی دێت، یارمەتی مرۆڤیش دەدات بۆ خۆ ئامادە کردنی پێشەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر مەترسی و بارودۆخێکی لەناکاو و نائاسایی.

ب- دڵەڕاوکێی نەخۆشی: نەخۆشییەکی ئاڵۆزو هەست پێ نەکراوەو کاردەکاتە سەر کەسایەتیی نەخۆش، بۆیە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە، لەم حاڵەتەدا نەخۆش تووشی شلەژانی کۆئەندامی هەرس و بێ تەرکیزی دەبێ و دەست و قاچەکانی سارد دەبن و ماسوولکەکانی پشت و ملی ژان دەکەن و ئارەقەی زیادیش دەکات. (س٢.ل١٥١، س٥ . ل.١٥٠).

### ٢- نەخۆشیی ترسان (تۆقین) Phobia

فۆبیا بریتییە لەزیاد پێویست هەستکردن بەترس، کەسایەتیی نەخۆشیش کەسایەتییەکی خۆپەرست و خۆخۆر و رەش بینە (س٢. ل١٥٣ . س٥ل١٧٦).

### ٣- هیستریا Hysteria

لە وشەیHysteriaی گریکی وەرگیراوە کە بەمانای (رەحم) دێت، زۆرتریش ئافرەت تووشی دەبن نەک پیاو، بەتایبەتی لە ماوەی تازەپێگەیشتن و هەرزەکاریدا. ئەمەش دیاردەیەکە لە دیاردەکانی بەدگونجان و نەخۆشی جەستەیی وەک ئیفلیج بوونی بەشێک لە لەش، یان کەربوون لە گۆڕەپانی شەڕ کە پێی دەڵێن(بەدەنگەوە هاتنی گۆڕینکاری - الاستجابە التحویلییە) ولێک بوونەوەی کەسایەتی.

چەند هێستریا وێنەو شێوە دیارەکانی فرەبن، بەلام لەراستیدا بریتییە لە واقیع راکردن (س٢ .ل١٥٤).

فرۆید وای دەبینێ کە شارەزایی لەناکاو و هاتنەدی حەزی داپۆشراوی سێکس و زۆر شتی تریش لەمانە دەبنە هاندەربۆ تووش بوون بەهێستریا، ئەم دووحاڵەتە گرنگەش لەچوارچێوەی ئەم نەخۆشییەدا هەن کە نەخۆشی دەروونی قەرەبووکردنەوە لە دەمارگرتنی قەرەبووکردنەوە Compensotion Neurosis و نەخۆشی دەروونی جەنگە (دەمارگرتنی جەنگ-Combat Neurosis) (س٥: ل٢٢٠)هێستریاش سێ جۆرە.

ا- شلەژانی هێستریای هەست وەک کەمی یان نەمانی یەکێک لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ.

ب- ئیفلیجی هێستریایی، کاتێک ئەندامێکی لەش ئیفلیج دەبێ وەک دەست یان قاچ.

ج- شلەژانی هیستریایی جوولەدار، کە بریتییە لەوەی نەخۆش نەتوانێ هەندێ جوولەی لەناکاوی بەشێک لە جەستەی کۆنترۆل بکات وەک جوولەی دەست و مل و پێڵووی چاوەکانی (س٣.ل٣٧٦)و(س٤.ل١٦-٢٦).

### ٤- واسواسی:Compulsive obsessions

واسواسی ئاڵۆزترین جۆری دەمارگیرییە و بریتییە لەوەی کۆمەڵێک بیرۆکەی ناماقوڵ بەسەر نەخۆشدا زاڵ دەبێت و ناتوانێ خۆی لێیان دەرباز بکات، وەک هەردەم بیرکردنەوە لە مردن، قسە هەڵبزرکاندن، لە هەموو بۆنەیەکدا گۆرانی گوتنەوە، یان خووگرتن بە رەفتارێک و ناتوانێ تەرکی بکات وەک دەست شوشتن لەیەک کاتداو دەست لە ستوندەی کارەبادان لەکاتی رۆیشتن (س٢.ل١٥٧). یان زۆر جاران ئەو واسواسییە کاری بەزۆریشی لەگەڵدادەبێ، لەوکاتەی کە چاک دەزانێ ئەم کارانە نابەجێن یاخود خووگرتن بەدزی کردن بێ ئەوەی پێویستی بەو کەلوپەلانە هەبێ کە دەیان دزێ(س٣، ل٣٧٥).

### ٥- دەمارلاوازی Neuasthenia

لاوازی و داهێزرانی عەسەبی و دەروون کزی و زۆر ناوی دیش هەموو بەونەخۆشییە دەگوترێ کەوا لە مرۆڤ دەکات توانای چالاکی نەمێنێ و هەردەم هەست بەماندووبوونێکی زۆرو شەکەتی دەروونی و هۆشی و سۆزەوە بکات و وردی کەم بێ و بۆ زۆر کارێشت بە خەڵکی دیکەوە بیەستێ، هەندێک پێیان وایە بنەمای فەسلەژی تووش بوون بەو نەخۆشییە پێکداچرژانی دەمارەکانە. Nerva Synapses(س٢.ل١٦٠).

### ٦- مەرەق(واسواسی نەخۆشی Hypochoudriasis):

ئەمەش حاڵەتێکی نەخۆشی دەروونییە، کە نەخۆش بەردەوام پێی وایە نیشانەکانی نەخۆشییەک لە خۆی هەست پێ دەکات و تووشی دڵەراوکێی دەکات، یان بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی پزیشکی هەبێت وا هەست دەکات نەخۆشییەکی هەیەو مێشکی پێ مژوڵ دەبێت و سەرلەوپزیشک و لەوپزیشک دەدات(س٢.ل١٦ ، س٥. ل٢٢٦).

### ٧- خەمۆکی Depression:

نەخۆشییەکی دیکەی دەروونییە بەهۆی هەڵچوون یان هۆکاری دەرەکی تایبەتەوە تووشی مرۆڤ دێت و بەنەمانی هۆیەکەی،ئەویش نامێنێ:

ا- خەمۆکی دەمارگیری Neurotic Depression:

بریتییە لە خەمێکی توندو بێ نەوایی و دوو دڵی و تەنگەنەفەسی، ئەمەش حاڵەتێکەو هەندێ جار ئەنجامی باشی لێ دەکەوێتەوە وەک بەرهەمی ئەدەبی و فیکری، هەندێ جاریش ئەنجامی خراپی دەبێ وەک خووگرتن بەخواردنەوەو مادەبێ هۆشکارەکان و دەرمانی ئارام بەخش، جاری واش هەیە بەخۆکوشتنی نەخۆش کۆتایی دێت.

ب- خەمۆکی تێکچوون یان شێوان-Psychotic Depression

نەساغییەکە بەهۆی پێکهاتەیی یان ئامادەیی ویراسەت تووشی مرۆڤ دەبێت(س٥، ل٢٢٥).

ج- خەمۆکی لەخۆرایی، یان خودی، ناوەکی(Endoenous Depression):

واتە پێکهاتەیی مرۆڤ ئامادەیە بۆتووش بوون بەونەخۆشییە، ئەگەر ئەو ئامادەباشیە توندو دژواربێت، خەمۆکییەکە تەواو لەخۆرایی دەبێت.

د- خەمۆکی ڕووپۆش(دەمامکدار) Masked De-pression

ئەم جۆرە خەمۆکییە، نەخۆش لەخەڵکی دەشارێتەوە، یان ئەوەیە نیشانەکانی بەروونی دیارناکەون، بەزۆریش لای منداڵ و نەوجەوانان ڕوودەدات(س٥، ل٩٨-١٤٠).

**٨- سیکۆپاتیPsychopathiey:**

سیکۆپاتی پێکهاتەیی کەموکورتی پێکهاتەی سیکۆپاتی، سیکۆپاتی، سیکۆپاتی کۆمەڵایەتی، کەسایەتی گژانیێ کۆمەڵایەتی، بەدڕەوشتی، سیکۆپاتی گژانێ، کەسایەتی دژ بە کۆمەڵگە، هەموویان ناوی یەک زاراوەن،، کە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەوشتی نابەجێ ناتوانێ بەنەخۆشی دەمارگیری و نەخۆشی تێکچوون و شێتانیش دابنرێ، بەوە جودا دەکرێتەوە کەنەخۆش ویژدان مردووە، سوود لە تەجرەبەی ڕابردووی خۆی وەرناگرێ، هەست بە گوناه ناکات، دوودڵە، خەڵکی بۆخۆی بەکار دەهێنێ و خۆپەرستە، ئەمەش کەسایەتییەکی نائاساییەو ناتوانێ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دروست و بەردەوامی هەبێت(س١، ٣٧٧،س٥ .ل٣٥١).

**٩- توندی و شەکەتیStress Reaction**

ئەمە لە نەخۆشییەکانی ئەم سەردەمەیەو کانونی زانای فیزیۆلۆژی١٩٢٩ یەکەمین کەسێک بوو کاریگەری فیزیۆلۆژی بۆ سەر پرۆسەی سەقامگیری و هاوسەنگی دەروونی ئاماژە پێکرد، کە دەبێتە هۆی توندی و کاردانەوە.

کیمۆن و بوکراتی، کە دوو پزیشکی گریکیین، هەروەها گالینۆس و ئیبن سینای زانای موسڵمانیش وای دەبینن کە ئەم نەخۆشییە لە ئەنجامی تێکچوونی پێوانەی لەش تووشی مرۆڤ دەبێت و بریتییە لە شەکەتی دەروونی و جەستەیی و نەگونجان لەگەڵ دەوروبەرو هەستکردن بەهەڵچوون و دوو دڵی.

ئەوانەی لە هەندێ هەڵوێستدا ڕووبەڕووی دژواری و سەختی دەبنەوەو لە ژیانی ڕۆژنەدا بەرە بەرە لەگەڵی دا ڕادێن، کەسایەتییان بەهێز دەبێت و بەرگە گرتنی سروشتییان زێدە دەبێ(س٥ . ل٢٧٠).

**١٠- ڕووخان. Nervows Breakdown**

بریتییە لە شڵەژانی دەروونی و تێکچوونی هاوسەنگی دەروونی و بەرگەنەگرتنی گرفت وکێشە توندو خێراکان و داهێزرانی دەمارو هۆش و جەستەیی و تەپینی لێ وەدیار دەکەوێ.

پشوودان و دوورخستنەوە لەو بارودۆخەی کە سەبەبکاری ئەو نەخۆشییەن و دەرمانی ئارامبەخش و بەهێزیی باشترین چارەسەرە. (س٥. ل٢٧٦).

**١١. لێکبوونەوەی کەسایەتی. Pissociative Reation**

بریتییە لە نەگونجان لە بنەماکانی ڕەوشت وەک ئەو باوکەی کە منداڵەکانی لەسەر ڕەوشتی نموونەیی پەروەردە دەکات و خۆشی بازرگانێکی ساختەکارە، ئەمەش «٣» حاڵەتی هەیە:

أ - لەبیرچوونەوە: «Amnisia» بریتییە لە واقیع ڕاکردن و لەبیرکردنێکی کاتی و دیاریکراوە، پاشان دەگەڕێتەوە باری سروشتی خۆی بێ ئەوەی بەبیری دابێ لەماوەی لەبیرچوونەوەکەیدا چی ڕوویداوە.

ب/ سەرگەردان - خۆلەبیرکردن Figue

بریتییە لە خۆ لەبیرکردن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی چەندین ساڵەو نەخۆش پێویستی بەچارەسەری بەردەوام هەیە.

حـ/ هەمە کەسایەتی Multiple Presonality

بارێکی نەخۆشی دژوارەو کەمیش ڕوودەدات، لەم حاڵەتەدا مرۆڤ زێتر لەخۆی دەنوێنێ و لەدووکەسایەتی و زێتری لێ بەدیار دەکەوێ.

هەروەها بەرانبەر بەهەڵوێست و بابەتی جیا جیادا، ڕەوشتی جیا جیای هەیە.

**دووەم - نەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان «دەروون تەنی» Psyhosomatic**

بەدرێژایی سەدەکانی پێشوو، هەموو زاناو فەیلەسووفەکان گرنگیان بەم نەخۆشییەداوە، بەتایبەتی فەیلەسووفەکانی گریک.

ئەفلاتون زۆر گرنگی بەهاوتابوونی دەروونی و جەستەداوە، ئەرستۆش پێی وابووە دەروون جەوهەری مرۆڤە، زانا موسڵمانەکانیش وەک غەزالی و ئیبن سیناو ئیبن خەلدون بە پشت بەستن بە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان

و فەرموودەکانی پێغەمبەرو یارانی بایەخیان بە پەیوەندی نێوان دەروون و لەش داوە، چونکە گوشاری دەروونی و لەناکاو ورووژان و هەڵچوون کاردەکاتە سەر دروستی و چالاکی لەش بەگشتی و مرۆڤ یەک قەوارەیە لەجەستەو دەروون و هۆش پێکهاتووە، ئامادەیی ویراسەت و پێکهاتەیی و شارەزایی پێشترو گەشەنەکردنیش دەور دەبینێن بۆ تووش بوون بەو نەخۆشیانەی کە ڕەنگە پەیوەندییان بەهیچ نەخۆشییەکی جەستەییەوە نەبێت، هەروەها ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی لەنێوان هەڵچوونی دەروونی و هەڵچوونی جەستەییدا هەیە، هۆکاری دەروونی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی گەورە دەکاتە سەر شڵەژانی وەزیفی و فەسلەجەیی.

ئەم نەخۆشیانە زۆر ئاڵۆزن و بەزەحمەت دەستنیشان دەکرێن کامەیان دەروونییەو کامەشیان جەستەییە، بەتایبەتی کاتێک هەڵچوونە جەستەییەکان هەڵچوونی دەروونییان بەدوادا نایێ، یان دەبینێن ئەونەخۆشیانە بەچارەسەری پزیشکی چاک نابنەوەو زێتر بەدەنگ چارەسەری دەروونییەوە دێن. (س٥. ل٣٧٥) لەوانەش:

ـ شڵەژانی کۆئەندامی هەرس، سووتانەوەی گەدەو هەوکردنی ڕیخۆڵەو دوازدەگرێ و سووتانەوەو کێم کردنی قۆلۆن و قەڵەوبوون و حەز لە خواردن نەکردن.

ـ شڵەژانی کۆئەندامی خوێن وەک دڵ و پاڵەپەستۆی خوێن و ژانی لاسەر.

ـ شڵەژانی کۆئەندامی هەناسەدان وەک هەناسە تەنگی و لوت گیران.

ـ شڵەژانی کۆئەندامی ماسولکەیی و هێسکەکان وەک ئێشی جومگەکان و پشت و ماسولکەڕەق بوون.

ـ شڵەژانی کۆئەندامی ڕژێنەکان و نەخۆشی شەکرە.

ـ شڵەژانی فسیۆلۆژی کاتی وەک دڵەکوتێ و گرژبوونی گەدەو ئارەقەکردن و قورگ وشکبوون و لەرزۆکی دەست و خەونی ناخۆش.

ـ شڵەژانی کۆئەندامی دەمار.

ـ شڵەژانی کۆئەندامی زاوزێ و میز (تێکچوونی بێ نوێژی لای ژنان) و نەزۆکی.

ـ نەخۆشی پێست.

نەخۆشی شێر پەنجەی (س٢. ل١٨٢، س٥. ل٣٧٤).

**سێیەم ـ تێکچوون «شێتان ـ الذهان ـ «Psychesis»**

شێتان یان هەندێک خەڵک پێیی دەڵێن شێت بوون حاڵەتێکی زۆر توندە لەشڵەژانی هۆش و پێویستی بە ئاگاداربوون و چاودێری کردنە لە نەخۆشخانەکاندا هەندێک هۆی ئەم نەخۆشییە دەگێڕنەوە بۆ گوشارەکانی شارستانی تازەو تەمەن گەورەیی و ئاسایی نیش نەکردنی مێشک. بۆیە کەموکورتی جەستەیی و فاکتەرە ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژی و ئاسەواری بنەماڵەیی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێو خێزان دەورێکی زۆریان هەیە لە تێکچوون یان شێتان دا هەیە.

کەواتە نەخۆشی تێکچوونی هۆش شێوەیەکی ترسناکی نەخۆشی دەروونییەو شڵەژان و خەڵەلێکی توندو قووڵی ویژدانی مرۆڤەو وای لێدەکات بۆچوون و دەرککردنی بە ژیان و جیهان بەتەواوی بگۆڕێ هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆهۆی ئۆرگانێکی و کیمیایی و وەزیفی.

شایانی باسە ڕەوشتی شێواو شاراوەیە، بەڵام ڕەوشتی دەمارگیر ڕوونەو پێشتر ئەو بیروباوەڕە باو بوو کە هێزێکی شەڕ بۆتە هۆی ئەو نەخۆشییە.

بەگوێرەی ئەو پارەزۆرو کۆششە پزیشکییەی بۆ چارەسەر و سنووردانان بۆ نەخۆشی شێتان تەرخان کراوە*، ئەم نەخۆشییە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بەگرفتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستی ترسناک و بەڵکو مرۆڤایەتیش دادەنرێ، بە تایبەتی لە جیهانی ڕۆژئاوادا، چونکە نەخۆش پێویستی بە چارەسەرێکی درێژ خایەن لە نەخۆشخانەدا هەیە.

پێویستە ئەوەش لەبیرنەکەین کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ ڕووبەڕووی تووش بوون بەو نەخۆشییە دەبنەوە... (چینەنەدارەکان بەهۆی هەژاری و نەبوونی و بێکاری ونەبوونی چاودێری کۆمەڵایەتی، چینی مام ناوەندیش بەهۆی ڕکابەری بازاڕو زۆرداری چینی باڵاو ئیفلاس بوون، چینی باڵاش بەهۆی تەمبەڵی و دەستبڵاوی و زۆر بیرکردنەوەو خواردنەوەی لەرادەبەدەر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن).

دەکرێ نەخۆشی شێتان بەم شێوەیە دابەش بکەین:

نەخۆشییە ئەقڵییە جەستەییەکان و نەخۆشییە ئەقڵیە ناجەستەییەکان:

ئەم نەخۆشییە لە ئەنجامی شڵەژانی مێشکەوە دروست دەبێ، کە دەماغ هەو دەکات، یان کەللە سەر بەر

لێدانێکی توند دەکەوێ، فەرمانەکانی مێشک دەوەستێ یان تووشی خەلەل دێن. هەروەها مادە بێ هۆشکارەکان وکهول و حەب و ژەهر وتیشکە تیژەکان و رووداوەکانی ڕێگەوبان و بەساڵاچوون هەموویان دەبنە هۆی تووش بوون بەم نەخۆشییە.

کەواتە دەکرێ ئەم نەخۆشییە بەوە بناسرێتەوە... کە خانەکانی دەمار، یان بۆرییەکانی خوێنی مێشک، هەوکردنی مێشک بەهۆی ڤایرۆس و میکرۆبەوە، شلەژانی هۆرمۆنی خواردنی خۆراکی ژەهراوی لەسەردان، تیشک بەرکەوتن، یاخود بەهۆی نەخۆشییەکی وەزیفی لە هۆشدا...یەکێک لەمانە یان پتر تووشی دارزین و کەمکورتی و لەکارکەوتوون هاتوون.(س٥ . ل٥٤٩ – ٥٢٨).

أ- شیزۆفرینیا Schisophrenia

ئەم زاراوەیە لەدوو وشە پێکهاتووە:(شیزۆ) واتە کەرتبوون، فرینیاش واتە ئەقڵ، هۆش، واتە ئەم نەخۆشییە فەرمان و چالاکییەکانی هۆش کەرت دەکات، شیزۆفرینیا دیارترین و زۆرترین جۆری نەخۆشی شێوان (تێکچون)ەو نیوەی ئەوانەی دەشێوێن، شیزۆفرینیایان هەیە. (س١ .ل٥٨).

شیزۆفرینیا وەک گوتمان کەرتبوونی ئەقڵە، ئەمەش لە ئەنجامی شلەژانێکی فرەلایەنەو زۆربەی لایەنەکانی کەسایەتی نەخۆش دەگرێتەوەوگوایە کۆمەڵێک نەخۆشی هاوچەشنی یەکترن لە ڕۆژئاواو تەواوی جیهاندا بڵاوە. سەبارەت بە شیزو فرینیا زۆر زاراوە دانراوە، بوکرات پێی دەڵێ: مەنخۆلیا، عارەب/مسۆدن، مۆریل/ زوو خەڵەفان، د. هیکەر/ئەقڵی پیران، کاهلبوم خەڵەفانی پارونی وکاتا تۆنیا، کراپلین دەڵێ: زوو خەڵەفانی سادەیە، بلولەری سویسرایش ناوی لێناوە شیزۆفرینیاتە.

هۆکارەکانی ویراسەت و کەمکورتی جەستەیی و هەوکردنی هەندێ بەشی لەش، بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، خێزانداری، گوزەران و ژیار لەلایەک و داخوران و ڕزینی هەندێ خانەی مێشک و ئەوگۆڕانکارییە فیسیۆلۆژی و کیمیاوی و هۆرمۆنیانەی کە بەسەر لەشدا دێن دەبنە هۆی تووش بوون بە شیزۆفرینیا.

شایانی باسە ئەم نەخۆشییە لەرووی ڕەفتارو سۆزو هۆشەوە لە ٧٥ تا ٢٠٠ نیشانەی هەیە (س٥ ل٥٢٦- ٥٢٩).

ب- شێوانی ویژدانی (میزاجی) Assetive Psychsis

ئەمە نەخۆشییەکی سەربەخۆیەو پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە جۆرەکانی دیکەی شێوان نییەو بریتییە لە هەڵچوونی هۆش، شێوانی شادی(Mania)، خەمۆکی، کەیفخۆشی و خەمۆک بوون، دوو دڵی هۆش و ترسان ئەمانەش لە پلە سادەکانی دەکەونە خانەی نەخۆشییە دەروونییەکان، لە پلە دژوارەکانیاندا دەچنە خانەی نەخۆشییەکانی هۆش، پێکهاتەی ویراسەتیش دەورێکی گەورەی هەیە بۆ تووش بوون بەشێوانی ویژدانی (س٥ ل٥٧٢).

ج- شێوانی وڕێنەدارParanioa:

ئەمە بەکەمی ڕوودەدات و ناوی نراوە شێوانی چەوساندنەوە، یان شێتی دەستی چەوساندنەوە، یان شێتی مەزنیی و حاڵەتێکی سەربەخۆیە.

شێتی دەستی چەوساندنەوە.. نەخۆش وا مەزندە دەکات هەموو خەڵکی دەیچەوسێننەوە، شێتی مەزنییش وای بۆ دەچێ ئەو پەیامهێنەرە، یان ناپلیۆنی ئەم سەردەمەیە، واتە شلەژانێکی لە کەسایەتی و بەخەیاڵ و ئەندێشە، وڕێنە، مەزندە لێدانی ناماقووڵ و هەڵە دەناسرێتەوەو خوو بە خەیاڵێکی تایبەت و جێگیر دەگرێ و لە ئاکامیشدا دەبێتە حاڵەتێکی شیزۆفرینیا.

د- شێوانی هەوەسدار و خەمۆکی:

Manie-Depressive Psychsis

ئەم نەخۆشییە یان بەهەوەسداری و شادی و زیندووی و چالاکی لە ڕادەبەر، یاخود بە خەمۆکی توند و خاوی و هەستکردن بەبێ هێزی و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن دەناسرێتەوە، بەگشتی نەخۆش لەنێوان ئەم دوو حاڵەتە دژ بە یەکەدا دێت و دەچێت، هەندێ ماوەش ئاسایی دەبێتەوە بەڵام ئەو ماوەیە درێژە ناکێشێ، بۆ جاری واش هەیە پێی دەگوترێ شێوانی دەوری.

هـ- خەمۆکی هۆش:

لە دیارترین سیفەتەکانی ئەم نەخۆشییە خەیاڵ پلاوی و خەمۆکی و خەمگینی و دامانە، ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر لە ڕۆژئاوادا بڵاوەو بۆتە گرفتێکی پزیشکی و کۆمەڵایەتی ترسناک و، نەخۆش هەست بە گوناهو ڕەشبینی و خەوزڕان و حەز لە خواردن نەکردن و کەمبینی و خێرایی جوولەی فیکری دەکات، هۆکاری ویراسەت و فاکتەری کیمیایی و ئاوێتەیی دەمارەکان و کیمیایی دەورێکی گەورەی بۆ تووش بوون بەم نەخۆشییە، هەیە

جۆرەکانیشی، خەمۆکی کلاسیکی، نموونەیی، دەوری، گۆڕانکاری پووکانەوەو تێکەڵاون(س٥. ل٥٧٥).

و/ هەڵچوونی هۆشیMania

ئەمە دووەمین حاڵەتی نەخۆشی ئەقڵی مەزاجییەو نەخۆش دڵشاد و بەکەیف و هەوەسبازە، واتە نیشانەکانی تەواو پێچەوانەی خەمۆکی ئەقڵییە، ناویشی لێنراوە مانییا یان هەڵچوون، چونکە نەخۆشییەکی بەردەوام خێرایە لە جوولەی فیکری و بە هەڵەشەو دەم وزارە لەقسەکردندا، ئەمەش چەندین جۆری هەیە وەک: مانیای سووک، هایپۆمانیا، مانیای وڕێنەدار، مانیای تیژ، مانیای درێژخایەن، مانیای دەوری وتێکەڵاو(س٥ ل٥٨٣).

ز/ شێوانی ئۆرگانیکی :Organic Psychosis

ئەمەش ژمارەیەک حاڵەتی شێوانە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ رزین و لەکارکەوتنی هەندێ خانەی مێشک و کۆئەندامی سەرەکی (ناوەندی) دەمارەکان، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هۆش و هەڵچوون و مەزاج تووشی شڵەژان بێ و نەخۆش نەتوانێ لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا بگونجێ.

جگە لەمەش بەهۆی هەندێ نەخۆشی وەک: زوهەری و زێدەبوونی چالاکی رژێنەکان و ژەهراوی بوون بەهەندێ مادەی کیمیایی و هەروەها خووگرتن بەکهول و بەساڵاچوون و کەمی ئۆکسجین چوون بۆ دەماغ تووشی مرۆڤ دەبێت.(س٣ ل٣٨٠).

ح/ ڕەشبینی نسکۆدار(Involutional Melaucholia)

ئەم حاڵەتە بەخەمۆکی دەچێ و پاش قۆناخی پێگەیشتن و کامڵ بوون (ژن ٤٠-٥٠) ساڵ و پیاو (٥٠-٦٠) ساڵان تووشی مرۆڤ دەبێ، ئەمەش بەندە بە گۆڕانکاری فسیۆلۆژی و نیشانەکەشی ئەوەیە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا ناگونجێ.(س٣.ل٣٨٢، س١ ل٥٨٠).

ط/ نەخۆشی ئیفلیج بوونی گشتی:

حاڵەتێکە لە ئاکامی هۆکارە ڤیراسیەکان تووشی کۆئەندامی ناوەندی(سەرەکی) دەمارەکان دێت(س١.ل٥٨٠).

❐

سەرچاوەکان:

١- توق محی الدین وعبدالرحمن عدس/مدخل علم النفس، ط٢، مطبعه جون وایلی واخوانه، نیویورک ١٩٨٤.
٢- السامرائی، د. هاشم جاسم/المدخل فی علم النفس، مطبعه منیر، بغداد ١٩٨٨.
٣- الشرقاوی، د. انور واخرون/اسس علم النفس العام، مطبعه اطلس القاهره ١٩٧٧.
٤- شریف، د. عبدالستار طاهر/قاموس علم النفس/کوردی، عربی/انگلیزی/مطبعه علاء ظ١ بغداد ١٩٨٥.
٥- کمال، د. علی /النفس انفعالاتها وامراضها وعلاجها، دار واسط للطباعه/ بغداد.

# کورتە باسێک دەربارەی هەڵەبجەی شەهید و مافی مرۆڤ

**رەئوف رەشید**

کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە

هەڵەبجە یەکێکە لە مەڵبەندە شارستانییە گرنگەکانی کوردستان و بە مەڵبەندی رۆشنبیری ناسراوە، دەکەوێتە خوارووی رۆژهەڵاتی سلێمانی و ماوەی نێوانیان ٨٣ کیلۆمەترە. رووبەرەکەی ٤/١٩٥٢کم٢-وە ٧٢٦م لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە و، دەکەوێتە نێو هێڵی پانی ٣٥و ٣٧ ی ژوور سنووری هەرێمی مام ناوەندی نیوە گەرم -المعتدلە الدافئە- . ئاووهەوایەکی سازگارو نەشنە بەخشی هەیەو بارەش نایگرێتەوە . شوێنێکی بە بارانە ، تێکرای باران لە ساڵێکدا «٧٠٠تا ٨٠٠»ملیمەترە. بە درێژایی ٧٥کیلۆمەتر وەک سنووری ئیداری مەڵبەند لەگەڵ ئێران هاوسنوورە. لە باکووری رۆژهەڵاتەوە بە چیا سەرکەشەکانی هەورامان دەورە دراوە کە بەرزییان لە ئاستی رووی دەریاوە(٢٥٤٨) مەترە، رۆژهەڵات و باشووری پشتیان بە هەردوو شاخی «شنرۆێ»و«بالامبۆ»وەیە. دامێنی هەڵەبجە واتە خوارووی رۆژئاوای بە دەشتی شارەزوور دەست پێدەکات. درێژی ئەم دەشتە ١٠٠ کیلۆمەترە رووبەرەکەی (٣٥٢٠٠٠) مشارەیە. ٥٠٠تا ٧٠٠مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە . رێژەی باران بارینی «٨٠٠تا ١٠٠٠» ملیمەترە. لە مانگی تشرینی یەکەمەوە تا مانگی مایۆ «مایس» بارانی مسۆگەرە. رووبارەکانی زەڵم و تانجەرۆو چەقاڵ ناوچەکە تێر ئاودەکەن جگە لە چەند چەم و جۆگەی بچووک وەک «دەینی» «رێسینی» «گەنجان» «چاوگی قوماش» «چەمی گوڵان» «سیابوران»لە سنووری ئاڵپارێز کە حەوزی کەولوس پێکدێنێت ، هەروەها ئاوی گۆمی «سەراوی سوبحان ئاغا»و «بیستانی سور» . شارەزوور بە حەوزێکی لەبن نەهاتووی ئاوی ژێر زەمینی «المیاه الجوفیە» لەقەڵەم دەدرێ. لە هەندێ شوێن ئاو بەیەک وەتەر سەر ئەکەوێ . دەشتی شارەزوور سەرەڕای بە پیتی وئاو و داری لە رووی خاکەکەیەوە کە بۆ جۆرەها دانەوێڵە و شینایی و دارو درەخت ، زۆر سازودەست دەدا. بەشێک لە حەوزی «بەنداوی دەربەندیخان» پێکدێنێ. کاتی کردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان ساڵی ١٩٥٩ زیاتر لە ١٠٠ ئاوایی و گوندی ئەو دەشتەو چەندین شوێنەواری گرنگی ئەرکۆلۆجی کەوتنە ژێر ئاو و بووە بە بەشێک لە گۆماوی دەربەندیخان کە لە هەندێ شوێندا چەند کیلومەترێکی کەم لە هەڵەبجەوە دوورە. ئێوارە رۆژانی هەتاو وەک ئاوێنەیەکی پرشنگدار لە بەرزایی شارەوە دیارە.تاساڵی ١٩٨٧ دەوڵەتی عیراق بریاریدا بوو «ئاو بەندی کەولۆس»نێوان سەید سادق و ئاڵپارێز وەک پرۆژەیەکی کۆکردنەوەی ئاوو پێکهێنانی کارەبا دروست بکات لە کاتی خۆیدا چەند کۆمپانیایێکی چیکی و بەلجیکی و یۆگوسلافی«پشکنینی جیۆلۆجی»یان ئەنجام دا، بەڵام درێژە سەندنی شەڕی عێراق و ئێران، پرۆژەکەی لە ناو بردو ژیانی شارستانی و ئیداری ناوچەکەی تێکدا، لە هەمان کات بڕیار بوو پرۆژەیێکی گەشت و گوزار لە «سەراوی سوبحان ئاغا» ئەنجام بدرێت . چەندین

ساختمان و بنکەو ئوتێلی مودێرن ، بناغەیان دانرا. دیسان بە هۆی شەڕەوە «یەکە سەربازییەکان ناوچەکەیان کردە بنکەی سەربازی و دوای ڕۆژانی بە جۆشهاتنی ڕاپەڕینی ١٩٩١دارو بەردیان بە سەریەکدا درا » . بەر لە ساڵانی حوکمی عەسکەرتاری، عیراق پرۆژەی چاککردنی ناوچەی زەڵم و خورماڵ دەست پێبکات . کە لە دەربەندی زەڵم «سەرچاوەی ئاوی زەڵم » وەک تاقیگەیەکی تەلیسماویە دێتە خوار و تا «ئەحمەد ئاوا»بە نێو چەقی قووڵ و تاشە بەرددا دەیان دیمەنی دڵرفێنی بۆ ڕێبوار پەخش ئەکات و چوار دەوری دارو باخی پڕ لە مێوەجاتەو لە ناو خورماڵدا تێکەڵ بە ئاوی «گەنجان» ئەبن کە ئاوێکی پڕ لە فلزات و فرە سەرچاوەیە . لە ژێر مزگەوت و تەلاری «مووسابەگ»وە دێتە دەر و تائێستاش تەلارو منارەو مزگەوت خۆی ئەنوێنێ. پاش ڕاگوێزان حوکمرانی بەغدا تێکی دا و ئێستا هەندێ شوێنی بینا کراوەتەوە. لە خوارترەوە ئاوی (گەڕاو)ی دێتەسەر کە چەندین سەرچاوە ئاوی گۆگردە و پلەی پاکژی گۆگردەکەی بەناوبانگە، ساڵانە بە سەدان نەخۆش رووی تێدەکەن، لە پشتییەوە گردێکی کەونارا هەیە بەرێگەیێکی ژێر زەوی (کشف) نەکراوە وە ئەگاتە ژێر (شاخی سورێن)، ئەمە جگە لە زنجیرە دێهات و باخی ناوچەی هەورامان کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و نیشانەی چالاکی و زیندەگی دانیشتوانی ناوچەکەیە.

لە کتێبی (رحلە الی موطن الحضارە والاثار) نووسراوی خوالێخۆشبوان د. طە باقر و فوئاد سەفەر، بەوردی باسی ئەم شوێنەوارانە کراوە و چەندین گەریدەی ئەوروپی لەسەریان نووسیووە، لەم چەند ساڵانەی دواییدا چەندەها نموونەی هەڵکەنراوی ئەرکۆلۆجیی شوێنی بزرکراو ئاودیوکران ئێستا قاچاغچی شوێنەواری کورد بێ ترس و دوور لە لێپرسینەوە دەورێکی بزێوو ناهەموار دەگێڕن، بەمە زیانێکی خراپ لە مێژوو و ئەمڕۆ داهاتووی کورد دەدەن... سەد مخابن!

ئەم هەڵکەوتنە جیۆگرافییەی هەڵەبجە لە کۆنەوە بووەتە دەروازەی نێوان شاخ و پێدەشت و گردو کردوویەتیە مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگ بۆ ئاڵوگۆڕو گۆڕینەوەی بەروبووم و بەرهەمی شاخ و دەشت، جگە لە ئاڵوگۆڕو گۆڕینەوەی کاڵا لە نێو خۆو دەرەوەی سنووردا، لە کۆنەوە کەسانێک لە دانیشتوانی هەڵەبجە سەرقافڵەی کاروان بوون، بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی عێراق و ئێران وەک:هەڵەبجە- خانەقین- بەغدا، هەڵەبجە- شارەزوور- سلێمانی- موسڵ، هەڵەبجە- مەریوان رستە، هەڵەبجە- دزڵی- سنە، هەڵەبجە- پێنجوین- بانە، هەڵەبجە- جوانڕۆ- کرماشان، هەڵەبجە- ئەوسود- پاوە- کرمانشان، هەڵەبجە- زنگان- همدان.

جاران چەند (جادەی گرنگ) لە هەڵەبجەوە بۆ ناوچەکانی تر ڕێگەی کاروان بوون وەک: جادەی هەڵەبجە- عەنبەر- هەورامان- پاوە، جادەی پردی خەزینە بۆ شارەزوور- بەرزنجە- شارباژێر- جادەی هەڵەبجە- سەید سادق- عەربەت- سلێمانی، جادەی سەید سادق- پێنجوین- مەریوان- بانە، جادەی (ملە هومڵە) بۆ سازان- جوانڕۆ- ئیناخی- کرماشان.

لە ئاوی سیروان لەسازانەوە بە دوو پرد ئەپەڕییەوە کە زۆر کۆن بوون و ئێستا تێکچوون بە پردی (ئاوەمار)و پردی (پولیج) جادەی پریس- زاوەبەرە ناسراوبوون، کە بە هۆی پردی زاوەبەرەوە ئەپەڕییەوە بۆ ناوچەکانی (شەمێران- تاوەگوزی- ئیمامی-قەڵخامی- باوەجانی- قوبادی)، ئەو پردە بەناوی (پردی کچی) ناونرابوو و لەسەرووترەوە (١١) پایە ڕاگیرابوو بوو بە ژێر ئاوی دەربەندیخانەوە، کاتی خۆی زەهاو سەربە شارەزوور بوو بۆیە وتراوە «زەهاوبەرە»و بووەتە «زاوەبەرە». قەڵایەکی کۆن لە نێوان کێوی زەواڵی و کێوی (پشت قەڵایی شەمێران) بەناوی (قەڵای کچی) ناسراوە کە بۆ سەردەمی ساسانییەکان ئەگەڕێتەوە و لەسەر تاشەبەرد چەندین نووسراوی دێرین نیشانەی حوکمڕانی ئەو سەردەمەن.

### هەڵەبجە لە رووی ئیداریی و شارستانییەوە

هەڵەبجە لەسەردەمی عوسمانی و زەمانی حوکمڕانی سولتان عەبدولحەمید بووەتە (ئەرکدار) قەزاو قایمقامنشینی بووە . لە قایمقامەکانی شێخ عەلی عەبابەیلێ، حەمە ساڵح بەگی بابان، خاوەنی (باخی میر)، وەسمان پاشای جاف، ئەحمەد موختار جافی شاعیر و چیرۆک نووس- خاوەنی- باخی پاشا، حامد بەگ مەجید بەگ جاف، هەمزە بەگی مراد بەگی گەرمیانی، ناجی هورمزی، حەمەد سەعید قەزاز،

فەخری واحید بەگ، رەشید غەفووری شاعیر، سەدیق پاشای قادری، مەلا عەبدولڕەحمان کۆیی، خالد نەقشبەندی، کە پاش شۆڕشی چواردەی تەمووز بووە ئەندامی (مجلس السیادە)، بایز ئاغا عەزیز دزەیی، کانەبی ئاغا دزەیی و چەند زاتێکی تر.

ساڵی ١٩٣٦ لە زەمانی قایمقام ناجی هورمزیدا بڕیاری دانانی کارەباو ڕاکێشانی بۆڕی ئاو درا، پاش ئەو، حەمە سەعید قەزاز تەواوی کرد.

هەڵەبجە بەپێی ڕابەر (دلیل)ی دەوڵەتی عێراق پێش حوکمڕانی عەسکرتاریا یەکێک بوو لە قەزا گرنگەکانی عێراق، پێش (نەجەف) دانرابوو بکرێتە لیوا (پارێزگا) کە سەرەڕای فراوانییەکەی مەڵبەندو پێگەیەکی ستراتیژی هەبوو، جگە لە مەڵبەندی قەزا بریتی بوو لە ناحیەکانی (شارەزوور واتە هەردوو ناحیەی سەید سادق و عەربەت، ناحیەی خورماڵ کە ناوچەی هەورامان و بەر دەلی زەلم و بناری شاخی سورێن، دەگرێتەوە، ناحیەی پێنجوێن بەناوچەی شلێر و ناوخوانەوە، ناحیەی وارماوا کە مەڵبەندەکەی (فەقێ جنە) بوو بەکەلارو دەربەندیخانیشەوە، هەروەها ناوچەی ئەو بەری سیروان تا سنووری خانەقین ناسراو بە (شەمیران)ی دەگرتەوە.

سنووری ئیداری ئەوکاتەی هەڵەبجە لە عەربەتەوە تا کۆیێ بوو و رووبەرەکەی لە(٥٠٠) کیلۆمەتری دوجا زیاتر بوو، پاشان ناحیەی پێنجوێنی لێ دابڕاو کرا بە قەزای پێنجوێن ساڵی ١٩٧١ دەربەندیخان بووە قەزایەکی جیا، پاشان چەند موقاتەعەیەک و ناوچەی بە پیت لە شارەزوور و سەید سادق جیاکرایەوە و خرایە سەر عەربەت و کرا بە بەشێک لە مەڵبەندی سلێمانی، پاشان زۆر ناوچەی سەر بە ناحیەی دارماوا لابران و خرانە سەر ناحیەی وزەرایەن» و درا بە قەزای دەربەندیخان، ئەو هەموو دابڕان و ئاڵوگۆڕە وەک سزایەک بوون بۆ هەڵەبجە کە بنکەو پێگەی شۆڕش بوون لە ئەیلوولی ١٩٦١ وتا ١٩٨٨/٣/١٦ ڕۆژی ئەهامەت و پڕ مەینەتی کیمیاباران.

بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٧٧ قەزای هەڵەبجە پاش ئەو هەموو دابڕینە ٢١٦ گوندی ئاوەدانی هەبوو بەڵام لەسەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ کە لە ١٧/ ١٩٨٧/١٠دا کرا پاش ڕاگوێزان تەنیا ١٨ گوند لەسەرجەمی قەزاکە مایەوە لە کاتێکا ساڵی ١٩٥٦ و لە نامەیەکی بەهەشتی (حەسەن فەهمی جاف) نوێنەری -نائب-ی ئەوکاتە بۆ فایق سامرائی سیاسەتوانی ناسراو و نەقیبی پارێزەران ،کە ئەوکاتە دوور خراوەبوو و لەخانەی میوانداری- دار الضیافە-ی حکومی هەڵەبجە دەژیا، لەو نامەدا هاتووە تەنیا مەڵبەندی هەڵەبجە و سەید سادق ١٢٧ گوندی ئاوەدان بوون کە موڵکی ڕەسمی بەگزادەی جاف بوون و لە تازەترین سەرچاوەی دروستی باوەڕ پێکراو لە بەشی یەکەمی کتێبە سێ بەرگەکەی د. حنا بطاطو، بەناوی «العراق» کە ماوەی ١٧ ساڵ خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە نامە بووە. لەو کتێبەدا هاتووە بەپێی رووبەری زەوی کشتوکاڵی بە دۆنم گەورەترین موڵکداری زەویو زارو گوندی ئاوەدان لە قەزای هەڵەبجە بووە کە موڵکی بەگزادەی جاف بووە لە لیوای منتفک (ناصریە) هی ئال بەلاسم و پاشان لە موسڵ و خێزانی ملک پاش ئەوانە هاتووە.

دیارە پاش تەواو بوونی بەنداوی دەربەندیخان ژمارەیەکی زیاد لە دیهات و ئاوایی بەپیت و چەندین شوێنەواری گرنگی ئەرکۆلۆجی کەوتنە ژێر ئاو و شوێنەواریان نەما کە زۆربەی خوێنەواری ئەمڕۆ زانیارییان لەم بارەوە نییە .

هەڵەبجە وەک باس کرا لە کۆنەوە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و تەرپۆش و خاوەن شارستانیەتی تایبەتی خۆی بووە، ئەمما لەباری شۆڕشگێڕی و سیاسییەوە پێویست ناکات هیچ بڵێم ، بۆ وەفاداری حزبەکانی بە جێ دێڵم ، هێندە دەکرێ بوترێ کە هەڵەبجە بووە قوربانی سیاسەت و حزبایەتی و، ئێستاش کەس لە پاشماوەی ئەوەکانی ناپرسێتەوە.

پاش کودەتای شومی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هەڵەبجە دەها جار کەوتە بەر تەوژمی چەندین شاڵاوی سەربازی و وێران کردن و کوشتوبڕییەوە، هەرجارەی بەناوێک و بە بیانوویەک زەبری لێ درا و شۆڕەت و گرنگی کەم کرایەوە، گوایا هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، بووەتە پێگەیی هەمیشەیی یاخی بووان و زۆری تر، بۆیە هەرجارەی ناحیەیەکیان لێ دابڕی، لەبارەی ئیدارییەوە بچووک کرایەوە، خزمەتگوزاری دەوڵەتی لێ بڕا، شەقامی سەرەکی هەورامان /سلێمانی لێ دوور خرایەوە، جادەی توقوت/ گەرمیان- خانەقین،بووە ژێر ئاو، جادەی هەڵەبجە سازان جوانڕۆ کرماشان تێکدرا، وردە وردە کرایە شوێنێکی چەپەک، بەکۆمەڵ ئیداراتی گشتی لێ

گـوێزرایەوە، مـووچە خـۆرانی حکومـەت هان دران بە کۆمەڵ چۆڵی بکەن.لەم بارەیەوە چەند نوکتـەو قسـەی بەپێـــــز دروست بـوون و ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ زۆر دڕندانە سەنتەری شار بۆمباران کرا خەڵکانێکی زۆر لە دانیشوان و خەڵکی شارەکانی تریش شەهید و زامدار بوون، پاشان ساڵی ١٩٧٥ چەند گەڕەکی شار تێکدرا و هەردوو باخی موردانە و پاشا سووتێنراو کرانە زەوی و درایە مووچەخۆرانی دەوڵەت، دەست کرا بە ڕاگوێزانی دێهاتەکان و شوێنی کانیاوەکان مینڕێژ کران، پاش هەڵگیرسانەوەی شۆڕش باخەکانی ناوشار هەمووی تەخت کران لەوانە باخی میر و باخی دایرەی زراعـە ناسراو بە -دوجەیلە- لە سیروان و چەکدارانی دەوڵەت زەوییەکانیان بۆ خۆیان دابەش کرد و فرۆشتنیان، پاشان گەڕەکی «کانی ئاشقان »تێک دراو سووتێنرا.

قورسایی جەنگی عێراق- ئێران کەوتە سەر هەڵەبجە و دانیشتوانی - ئابلۆقەیان خرایەسەر و هاتووچۆی بۆ قەدەغەکرا، پاشان کە هەڵەبجە کەوتە دەست پێشمەرگە و هێزی دەوڵەت لە دەشتی شارەزوور شکستی هێنا، ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ سێ جار بۆمبارانی کیمیاوی کرا پتر لە ٧ هەزار نەک وەک دەڵێن ٥ هەزار شەهید بوون و ژمارەیەکی تری فرە زیاد کە تا ئێسـتا کەس خۆی خەریک نەکردووە سەرژمێریان بکات بریندار و شێواو و پەککەوتەو پەراگەندە بوون کە زۆربەیان لە سنووری ئێران گیـانیـان لە دەست دا و بەکـۆمـەڵ لە قەبرستانەکانی خانگاو پاوە و چەندەها دێهاتی سەر سنوور بێ ناونیشـان سپـاردەی خـاک کـران، پاش لێبوردنی حکومەتی عێراق ئەوی گەڕایەوە باڵ بەست کرا و جارێکی تر ئاوارە کرایەوە لەئۆردوگـای تۆبزاوای هەولێـرو ژمـارەیەکی فـرەتریان بۆ نوگـرە سـەلمان و (حضر)وبوونە بەشێک لە ئەنفال کراوان و ئەوی دەست دەوڵەت نەکـەوت بە شـارەکـانی تردا بڵاوبوونەوە و ژمارەیەکیش گەڕانەوە ئێران کە دوورخرانەوە ناوچەکانی یەزد و کرمان و بەندەر عەباس جگە لە چەند ئۆردوگای ناوچەکانی کرماشان و گەیلان غەرب.

دوای ڕاپەڕین و دەسەڵاتی حزبە کوردستانییەکان لەبەر ململانێی حزبایەتی و حساباتی ناوچەگەری، هەڵەبجە هەروا چەپەک مایەوە و دیسان لەبیرکرا، تا ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان: لەبەر هەندێ هۆی خۆماڵی ئاوڕیان لێ نەدایەوە بەڵکە زۆر پرۆژەی کە بۆ هەڵەبجە دانرابوو گـــوێزرایەوە بۆ ناوچەکـــانی تر، پاش هەڵگیرسانی شەڕی دەستەڵات و خۆسەپاندن ، جارێکی تر هەڵەبجە کرایەوە مـەیدانی چەند شـەڕو کوشـتاری دەسـتەویەخەی خـوێناوی و وێرانکار و، ئێـستـا وەک شاری کاولی جەنگزەدەوە زۆربەی خانوو و بەرەو شوێنە گشتیەکان داتەپیون، پاشماوەی ئەو دانیشتوانەی کە لەبەر هەژاری و بێـلایەنیی ڕەوی نەکـردووە بێ بژێوو رووت و برسی بەبێ ئیـدارەی دەوڵـەتی لەژێر سـایەی تفەنگی چەکداری حزبایەتیدا بێ هیوا شەو دەداتە دەم ڕۆژ.

هەڵەبجە ئەمڕۆ لایەنێکی رووخاوی بێ خاوەن و بێ فریاد ڕەسە تا ڕۆڵەکانی خۆیشی ئەوی (پادارە) بڵاوەی کردووە و حزبە کوردستانییەکانیش هەر هەموویان نەک هەر قەرزاری دوێنێ و ئەمڕۆی هەڵەبجەن بەڵکو دیسان هەر هەمـوو بەرپرسیـارن بەرانبەر کارەسات وداهاتووی ئەو مەڵبەندە بێ خێو و خاوەنە.

هەڵەبجەیەک کە مەڵبەندی شای سەیران بووەو عەباو پەچەی بەخۆوە نەدیوە ئیمڕۆ تەلەفزیۆن و(جلکی سویل) و سەری رووتی لێ مەنعە.

هەڵەبجە مەڵبەندی شاعیران و ڕەوانبێژی و تەڕپۆشی شارە بێ نازەکەی مەڵبەندی حوکمڕانی عادلە خانم لە دێرەوە سەرچاوەی ئەدەب و ڕەوانبێژی و سەیران بووە کە مـێـژووی نووسـراو و نەنووسـراوی ئەدەبی کـوردی سەرچاوەیەکی لەم شارەوە دێتە تۆمارو گوزار. هەڵەبجە هەر لەکۆنەوە جێگەی شەونشینی و کورد مـەڵبەندی دەیان شاعیری ناوداری کورد بووە، نالی شارەزووری- مەولەوی ناوەگوزی- ناری- میرزا شەفیع کەمینەی و مەلاعەبدولقادر و تەها چراخانمی یادەی و سەید تاهیری هاشمی تا دەگاتە شاعیـری زمان پاراو شێخ ڕەزای تاڵەبانی زۆر کەس کاتی خۆی لە دیوانی وەسمان پاشا کـاتیـان بەسـەر ئەبرد لەم بارەیەوە چەندین دایەلۆگ و شەڕە شیعرو قسەی ئەستەقی ئەو بەگزادە لە پەراوێزی چەند کەشکۆڵێکدا تۆمـار کـراوە، هەڵەبجـەی جـاران جێگای مەقام و قەتار و بەستەی سەید عەلی ئەسغەری کـوردسـتـانی و ئەحمەدی ناسر و دەها بولبولی دەنگ خۆشی هەورامان و نەی ژەن و شمشاڵ ژەن بوو، جاران لەتاقی ژووری هەر مزگەوتێکدا چەندین چامە شیعری نیشتمانی و عیرفانی دەیان شاعیری ئەو دەورە پێشتر ئەهاتنە دەست و دەمـاو دەم بڵاو ئەکـرانەوە. هەڵـەبجـە لانەی لەدایک بوون و ژیانی شاعیرێتی سێ کوچکەی

شاعیرانی بەگزادەی جاف تاهیر بەگ و ئەحمەد موختار و عەبدوللا بەگی سلێمان بەگ «گۆران»ی مەزن بووە، کە شیعرو نووسینە پاراوو شیرینەکانی تا پاش ئەوەی هەڵەبجەی یەکجاری بەجێ هێشت هەر بەشێوەو دیالێکتی هەڵەبجەی تۆمار کردووە و ئەبوونی گرێ لە زوبانی شیعری گۆراندا سەرچاوەی دایەلۆگی ئاخاوتنی هەڵەبجەیە.

عەلی کەمال باپیر ئاغا- کەمالی- گەنجی و ژیانی لەهەڵەبجە بەسەر بردو شاعیرێتی لە جوانی هەڵەبجە هەڵقولاوە و دیوانەکانی بەناوی «باخی میر» بە«دیاری شارەزوور» ناو ناوە پیرەمێردی حەکیم قەسیدە زۆر بەپێزەکانی لە یادگاری هەڵەبجە و شارەزوور هەڵقولاون ، لە پێش هەموانەوە «دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە»قانیع زۆری ژیانی لەوێ و دەوروبەری بەسەر برد، دەیان شیعری جوانی لەسەر شارەزوورو ئاوی زەڵم و بناری شاخی سورێن وسیابوران تۆمار کردووە.

ئەحمەد هەردی تافی لاوێتی لە هەڵەبجە بەسەر بردووە و هۆنراوەی ئازادیخوازی کوردین ئێمە لە سۆزی نیشتمانپەروەری هەڵەبجە و لەوێ داناوە.

ع.ح.ب سەرەتای لاوێتی و چێژی شیعری ناسک و رەوانی لە دیمەنی- باخی میر و «گەلان »ەوە هەڵقولاوە... هەڵەبجە دوای گۆران و ئەحمەد موختارو تاهیربەگ دەیان شاعیری هەست بەسۆز و ناسکی لێ هەڵکەوتووە لەوانە، ئاتۆ- شاهۆ- کاردۆخی- سەلاح هەژار- حیلمی- شەهید سالح شارەزووری و عەلی شەونم و دەیان شاعیری تر کە جێگای خۆیەتی یەکێکی شارەزا لەم بارەوە بە وردی لەسەریان بنووسێ.

## هەڵەبجە مەڵبەندی عیرفان و سۆزی تەریقەت

ناوچەی هەڵەبجە مەڵبەندی تەریقەتی نەقشبەندییە وشوێنەواری پیرو شێخانی نەقشبەند لە خانەقاکانی تەوێڵەو بیارەو باخەکۆن و خورماڵ و پاشان ناو هەڵەبجە و تەکیەی هانە سوورە کەجێ رێچکەی رۆژو سالانی سەدان سۆفی و مرید و مرازخواز لە ناوەوە و دەرەوە تا وڵاتانی هندستان و پاکستان و ئەفغانستان بە هەواددارانی تەریقەتی نەقشبەندی بووەو لێرەوە خانەقا گوازرایەوە بۆ سنە و« دوو رووەی» سەولەت ئاوا و خانەقین پاشان بەغدا و ئەستەمبۆڵ و گەلێ شوێنی تر کە لە کۆنەوە جەمەی دێ بە زیارەتی ئەهلی مراد...

پیرانی نەقشبەندی دەوریان لە مێژووی ناوچەکەدا هەیە لەوانە زاتێکی وەک شێخ عەلی حسامەدین کاتێ مەلیک فەیسەلی یەکەم زیارەتی کرد تا مەلیک نەگەیشتە بەردەم خانەقای باخەکۆن شێخ لە حوجرەی خۆی نەهاتەدەر و لەوێ پێشوازی مەلیکی کرد لە دوو کیلۆمەتری باکووری هەڵەبجە لەبەردەم دێی عەبابەیلێ مەرقەدی صحابی «ابو عبیدە انصاری» جێگا زیارەتی رۆژانەیە، ١٨ کیلۆمەتر رۆژئاوای هەڵەبجە لە ناوچەی ئەورولی لە دێی هانە سوورە مەرقەدی باوەسەیی سەید ئەورەحمی هانەسوورە پیاوچاک و دوور لە رەفتاری دنیایی کە جێگا زیارەتی دانیشتوانی شارەزوور و ناوچەی شەمیران و ئەورۆلییە. جگە لەمانە مەرقەدی دەیان پیاوچاک و عارفان وەک (پیر محەمەد) «پیرداود «پیر غەیب »«پیری شاهۆ»« شێخ رەش»« شێخ موەفەق»«شێخ خامۆش» لە خورماڵ بناری سورێن «مەنزلگای وەیسی قەرەنی» کە مەرقەدی وا بەسەر شاخێکەوە لە دیوان دەرەو بەینی پاوە و کرماشان و لە قەبرستانی دەروێش خەجی، لە خورماڵ مەرقەدی مەلا مستەفای خورماڵی و دایە خاسە، ئەمینە خانی ئەحمەد بەگ و دەها مەرقەد و جێی نزرگای پیاوچاکان.

لەناو هەڵەبجەدا چوار مزگەوتی دێرین هەبوون، مزگەوتی جامیعە، کە ئەورەحمان بەگی خەزنەدار دروستی کردووە- مزگەوتی پاشا، وەسمان بەگی جاف دروستی کردووە، مزگەوتی خانم ، عادلە خانم دروستی کردووە، تەکیەی سەید ئەسرولڵای هانەسوورەی جگە لە شێخانی نەقشبەند دەها کەسانی ئایینی و مامۆستای عرفان و رێگای خواپەرستی و خاوەن گوفتار دەوریان بووە وەک مامۆستا شێخ محەمەد قەرەداخی و بابا رەسولی عەبابەیلێ ، شێخ مستەفا موفتی کوڕی شێخ عەبدوللا خەرپانی، خاوەن کەرامات ناسراو بە مەلا عەبدوڵڵای چاومار، رەحمەتیان لێ بێت.

**کتێبخانەی گشتی:** ساڵی ١٩٤٩ لە هەڵەبجە کتێبخانەی گشتی کرایەوە پاشان بینایەکی گەورەی فراوانی بۆ دروست کرا کە هۆڵی خوێندنەوەی تێدا بوو جگە لە ئیدارە، جێگەی چەندان کتێب و نامە وپەرتووک و رۆژنامە هەبوو، مامۆستا فرجی مام عبول بەڕێوەبەری کتێبخانە بوو، لە کیمیا باراندا خۆی و خێزانی و هەر پێنج منداڵەکەی گیانیان بوو بە پەپوولە،

کتێبخانەکەش تالان کراولە بناغەوە بە TNT تەخت کرا، هەندێ کتێب و رۆژنامە لەلایەن خێرخوازانەوە رزگار کراو برایە دێی هاوار لەوێ چەکداری لایەنێک بۆ خۆ گەرم کردنەوە ئاگریان پێ کردەوە .

پاش راپەڕین ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە هەوڵیان دا ئەو کتێبخانەیە زیندوو بکەنەوە و بیناکەی تازە بکرێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو کەس بە هانایەوە نەهات. لە ساڵانی ١٩٥٤و ١٩٥٥ دوو کتێبخانەی ئەهلی لە هەڵەبجەدا هەبوو، یەکێکیان کتێبخانەی ئیبراهیمی سۆفی مەحموود، لە ساڵانی ١٩٤٦-سەید حەسەن- دەستگیرکرا ، رۆژنامەکانی بەغدا و ژین و ژیانەوە و هەندێ پەرتووکی ئەگەیاندە ماڵان و خەڵکانی رۆشنبیر و لیستی ئیشتراکی تایبەتی لابوو بەناوی ئەو خەڵکانە و، ژیانی لەسەر ئەو ئیشە بوو، پاش شۆڕشی تەمووز، کتێبخانەی ئازادی و کتێبخانەی خەبات کرانەوە، لە پێش شۆڕشی ١٩٥٨ هەڵەبجە دەرمانخانەی ئەهلی تێدا بوو هی کوڕانی حاجی عەبدوڵلای حەمە رەش بوو، تا ساڵانی حوکمڕانی بەعس گوێزرایەوە بۆ سلێمانی ، نەخۆشخانەی هەڵەبجە لە سییەکانەوە دانراوە، شوێنێکی فراوانی هەبوو باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و دارو درەخت دەوری دابوو، شێخ کەریمی باخەوان سەرپەرشتی ئەکرد و خەستەخانەکە هەر لە کۆنەوە دوو دکتۆری تێدابوو جگە لە سەیدەلی و چەندین برین پێچ و کارمەند و سستەر، دوو قاوشی نەخۆشی تێدابوو یەکێک بۆ ژنان و دووەم بۆ پیاوان و خالدی مەلا سابیر چێشتی دەکرد بۆ نەخۆش و موفەتیشی خەستەخانە، حەمە تۆفیق رەشید یافەیی بوو کەجلکی رەسمی تایبەتی لەبەر ئەکرد، ئەمە جگە لە ژووری سەیدەلی و نەشتەرگەری و مەیتخانە و لەکۆنەوە بەیتاڵ خانەی وڵاخی تێدا بوو، لێپرسراو و کارمەرندی تایبەتی هەبوو.

باخچەی گشتی بەناوی باخچەی حکومەت لەکۆنەوە ئیدارە ئەکرا و کاتێ عومەر عەلی موتەسەریفی سلێمانی بوو فراوانی کرد و هەموو جارێ سەردانی ئەکرد و، ئەو باخچە دوو باخەوانی هەبوو، ئەوەڵێن لە زەمانی عوسمانییەوە باخچەی گشتی بووە و لەم بارەوە چەند بەیت و باڵۆرە هەیە، ئەمە جگە لە باخی میر، باخی شا، باخی مەحمودی باروەیس، باخی شێخ، باخە بچکۆڵ، موردانە، باخی زەمەقی- باخەکانی چەمی گوڵان و کانی شێخ ، جگە لە باخێکی فراوانی پرۆژەی کشتوکاڵی لە سیروان کە پێیان ئەوت دجیلە پاش شۆڕشی ١٩٦١ تێکدراو کرا بە جێگای گەنم چاندن.

## مێژووی هەڵەبجە:

دەربارەی ناوی هەڵەبجە هەندێ ڕاو بۆچوون هەیە تا ئێستا مێژوونووسێکی کورد خۆی پێوە خەریک نەکردووە، کەسانێک دروستبوونی هەڵەبجە ئەگێڕنەوە بۆ پتر لە سێ سەد ساڵ پێش ئێستا ، بەڵام ئەمە مێژووی سەر لەنوێی ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارەیە، پاش کارەسات و تێکدان و شەڕوشۆڕ، بە وردبوونەوە لە چەند شوێنەوار و پاشماوەی چەند گونجی ئاو ڕاکێشان ، وانیشان ئەدا ئەو شارە و دەوروبەری لە دێرزەمانەوە ئاوەدان بووە.

دانیشتوانی خاوەن شارستانیەت و گوزەران و بژێوی دامەزراو بوون، گەر سەرنج بدەینە ناوەندی شارو دەوروبەری ، چەند شوێنەواری گرنگ و کۆنە ساڵ خۆی ئەنوێنێ کە بۆ سەردەم و قۆناغی مێژوویی جیاجیا ئەگەڕێنەوە لەمانە: لە باکووری هەڵەبجە لەسەر جادەی کۆنی خورماڵ شوێنەواری شارێکی دێرینی گەورە هەیە بە ناوی ڕەفەی نەیری کەوتۆتە ناوەندی ئاواییەکانی هەردوو بەشارەتی خواروو و ژووروو قشلاخ و تەپەکورە، نەیری خێڵێکی گەورەو مێژوویان بۆ رۆژگاری گریتەکان ئەگەڕێتەوە، لە باکووری هەڵەبجە لەدێی باموک کە ئێستا بۆتە بەشێک لە هەڵەبجە، شوێنەواری شارێکی کۆن بەرچاو ئەکەوێت مەزندە ئەکرێت بەشێک بووبێت لەهەڵەبجەی دێرین و جۆری بیناسازی و کەرەستەی نیشانەی مێژووی سەدەکانی چوارو پێنجی کۆچییە.

لەناوەندی شار کانی ئەواڵە کە ئاوی کانیاوەو بە گونج ڕاکێشراوە بە ئاوی خڕی خەزێنەیی خوار شاری ئەبەستێتەوە کە پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە بوو، چەند جۆگەشی لە قەراخ شار بۆ کشتوکاڵ لێ وەرگیراوە.

کانی ئەواڵە پێشتر حەوزی ئاوی کارەبای شاربوو کە پێیان ئەوت ئاش ئەلەکتریک ئێستا گەرماوێکی لەسەر دروست کراوە، بەپێی کەرەستەی بیناو جۆری هەڵبەستنی کونجەکان و بەڕای شارەزایانی ئەرکۆلۆجی ئەو کونج و کانیاوە پاش دەوری ئیسلام و سەدەکانی

چوارو پێنجی کـــۆچی لەم بارەیەوە هاتووە کـــاتی عـەلائولدەولەی کاکـەیی کـە فـەرمانڕەوای دەوڵەتێکی گـەورەبوو و پایتـەختـەکـەی ئەسفـەهان بوو ئەوکـاتەش زاناو پزیشکی بەناوبانگ عـەلی کوڕی حـەسەن کـوڕی ئەحـمـەد سینا ناسـراو بە ئیبن سینا کـە لە خـزمـەتی عـەلائولدەولەدا بوو لەبەر پەلاماری مـەسـعـود کـوڕی سـوڵتـان مـەحـمـودی غـەزنەوی- - ناچار بوون هاتنە هەمـەدان و لەوێش هەردووک کۆچی دواییـان کـرد، لەو مـاوەیەدا لە دەوروبەری هەڵەبجەی ئێسـتـا شـارێک دروست بووە بەناوی کـوڕەکـەی عـەلائولدەولە «هەڵۆ» ناوی شـارەکـە نراوە «هەڵوچە »کـە لە دواییـدا بەهۆی شەڕو شۆڕەوە جارێکی تر کاول کـراوە و رایەکی تریش هەیە کـە هەڵۆخـانی ئەردەلانی دەوربەری سـاڵـەکـانی ١٦١٠- ١٦١٥ی زایینی هەڵـەبجـەی سـەر لەنوێ ئاوەدان کـــردۆتەوەو بەناوی خـــۆیەوە ناوی لێناوە، هەڵەوچە جێگای سرنجە دانیشتوانی دەوروبەری شار و ناوچەی هەورامـــان بە هەڵوژە ئەڵێن هەڵـوچە و زۆر لە خەڵکانی دێهـاتەکانی شـارەزوور هەڵـەبجـە بە هەڵەجـە ناو ئەبەن.

پیاوە بە تەمـەنەکانی ئەو سای هەڵەبجە ساڵانی چل و پەنجـاکـان کـە تەمـەنیـان بۆ سـەد سـاڵێک ئەچوو و هێشتـا بە فکرو بە گوڕ بوون، لەوانە هەردوو ڕەحمـەتی کەریم زیدوینی و سۆفی ئەبوبەکر ئەگێڕنەوە کە سیازدە مـاڵی ئاژەڵدار لە هەشت هەڵوژەی حەمە و غـان، نزیک هەڵەبجە ژیاون و کاتی ئاوی حەمەو غان، هاتۆتە کزیی هاتوون لە جێگای ئێستـای کـانی ئەواڵە کە ئاوێکی زۆری بووە بە گـونج هاتـووە سـەرلەنوێ خـانووبەرەیان دروست کردووە و ئێستـا سیازدە مـاڵە بنەچەیان زۆرە و ناسراون.

ئەوەی لە نێـــوان هەڵـەبجــەو خـــورمــــاڵ ســـرنجی رادەکێشێ ، هەڵـەبجەو سەید سادقو عـەربەت ، چەند گردو شوێنەواری ئەرکـۆلـۆجی هەن و یەک بە دوای یەک دێـن، هەنـدێکـیـــــــان لێکـۆڵـینەوە و تـوێـژینـەوەی ئەرکـۆلـۆجـیـان لە سـەر کـراوە و بنکەی حـفـریان چەند جارێک بۆ کـراوە و چەندین شتـیـان لێ گـوێزراوەتەوە مـــۆزەخـــانە و زۆریش ئاودیو کــــراوە. لەوانە گــــردی «درۆزنە» «رەقـــــەی ئەیری» «بەکــــــــراوە» «یاسین تەپە» «کێلەشین» «چراغ» «گردی موان»و چەند شوێنیکی تر کە جێگای باسێکی جیاوازە.

## مافی مرۆڤ و کارە ساتی هەڵەبجە

لیژنەی ئامادەیی کـۆنگرەی یەکەمی مـافی مرۆڤ لە کــوردســـتــان لە بەرواری ١٩٩١/١١/١٢ بڕیاری دا یەکـەم کـۆنگرەی دامـەزراندنی لە هەڵەبجـە لە سـەر مەزاری پەڕش و بڵاوی شەهیدانی کیمیاباران بێت و، بەڵام بارودۆخ و هەندێ هۆکـاری تر وای کـرد ئەو بڕیارە بەجێ نەگـات و کـۆنگرەی دامەزراندن لە هۆڵی میدیا بێت لـە هەولێـــــــــر. ئەوە بـوو رۆژانـی ١٠و ١١ی دیسەمبر/کانونی یەکەمی ساڵی١٩٩١بە ئامادە بوونی ١٢١ئەندام یا نوێنەر پەیڕەو وپروگـرامی رێکخـراوی مـافی مـرۆڤ لە کـوردسـتـان راگـەیەنرا. مـەسـەلەی بنیـاتنانەوەی هەڵـەبجـە و هەوڵدان بۆ زیندووهێشـتـنی کارەساتی هەڵەبجە یەکێک بوو لە بەندەکانی گفتوگۆ و بڕیار و، رێکخراو هەوڵی پیرۆزی بە هەموو جدیەتێک بۆ هەڵەبجە تەرخان کرد و گۆڤاری «دەنگی مرۆڤ» لەو چەند ژمـــارە کــەمـــەی کـــە بڵاوکـــرایەوە زۆر هانی کـاربەدەسـتـانی دا بۆ ئاوڕدانەوە لە هەڵەبجـە و، لەم بارەیەوە ئەندامـانی رێکخـراو لەگـەڵ کـاربەدەسـتـانی ئیـداری و حـزبی تووشی گـرفت هاتن وکـاتی هاتنی خاتوو دانیاڵ میتران بۆ کوردستان لە سلێمانی خۆی و یاوەرەکەی مستر کۆشنر لە میـوانداری مافی مرۆڤدا بوون و لە مـاڵی یەکـێک لە ئەندامـانی مـافی مـرۆڤ جێگای حەوانەوەو خەوتنیان بۆ ئامادە کرا و شەوەکەی لەگەڵ ئەندامانی مافی مرۆڤ دانیشتن و گفتوگۆ لە سەر هەڵـەبجـە کـرا و ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٥ کـە سـەردانی هەڵەبجــەیان کـــرد سێ ئەندامی دەســـتــەی باڵای رێکخـراوی مافی مرۆڤ یاوەرییان کرد کـە یەکێکیـان نووسەری ئەم باسەیە. لە هەڵەبجە خەڵکانێکی زۆریان دیت و وتەی مـافی مـرۆڤ خوێندرایەوە و ئەوخـاتوونە بەرێزە زۆر شتی لابو و کە بۆ هەڵەبجە ئەنجامی بدات . بەڵام... . لەیادی ســـاڵڕۆژی کـــیـــمـــیـــا باران ڕۆژی١٩٩٣/٣/١٦ لە هەڵـەبجـە بەرێز دکـــتـــور ڕۆژ نوری شـاوەیس کـە ئەو کـاتە وەک جـێگری سـەرەک وەزیران ئامادە بوو، رێکخـراوی مـافی مـرۆڤ هەندێ داواکـاری خـســـتـە بەر چاو بۆ هەڵەبجــە و بەرێزیان «وەعدی خێریان»دا ، بەڵام ئاڵوگۆڕی باری سیاسی و سـەربازی لە کـوردسـتـاندا ڕێگەی نەدا هیچ شتـێک بۆ هەڵەبجە بکرێت . بەڵکە ئەو جێگاو مەڵبەندە شەهیدە بۆ چەند جارێک کرایە مەیدانی جەنگی دەستەو یەخە و کـوشت و کـوشتـــار و، هەمـوو هەوڵێکی لەم بارەوە

سەرکرد، کە تا ئەمڕۆش هەنگاوێک بۆ ئاوەدانکردنەوە و بە هانا چوونی پاشماوەی دانیشتوانی برسی و ڕەش و رووتی نەنراوە. بۆ وەڵام دانەوەی ئەو خــــۆ دوور خستنەوەیە لە بەهانا چوونی هەڵەبجەوە ڕۆشنبیرانی ناوچەکە پشت بە دڵسۆزان و ڕۆشنبیرانی کوردستان پێکهاتن لە سەر ئەوەی ڕۆڵەکانی هەڵەبجە و شارەزوور خۆیان بینە کەرەستەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی ناوچەکـــە و لەم پێناوەدا ڕۆژی ١٩٩٣/٣/٥نزیکی (٥٥٠) لە کەسانی بە ئەمەک و ڕۆشنبیرو کەس و کاری لێقەوماوان، لە هۆڵی دادگای سلێمانی کۆبوونەوەیەکی گشتییان سازدا و مەوزوعیانە دور لە رکەبەرەی «حزبایەتی »لێکۆڵینەوەیەکی وردیان ئەنجام دا و کرایە ڕاپۆرتێکی فراوان بە ناوی ئەوەی «پێویستە هەڵەبجە بکرێتە پارێزگا» پاشان داوا لە خەڵکانێکی زۆر کرا کە بنووسن و را بدەن چی بکرێ بۆ هەڵەبجە لەم بارەیەوە خەرمانە یا کەشکۆڵێکی فراوان لە ڕاو و بۆچوون و تێبینی هاتە دەست و سەر ئەنجام «کۆمەڵێ ژیانەوەی هەڵەبجە» بەگیری ٢٣ ئەندام لە ژن و پیاو پرۆگرامێکی پڕ و عەمەلی درایە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم و بە پێی بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی ژمارە(٢١٩٨) لە ١٩٩٤/١٢/١٥ کۆمەڵەی ژیانەوە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی ڕاگەیاند و بە شێوەیەکی کاتی بارەگای مەڵبەندی لە سلێمانی کردەوە و لە هەڵەبجە و سەید سادق و چەند شارۆچکەی تر نووسینگەی دانا .

کۆمەڵی ژیانەوە وەک لە بەندی دووهەمی پەیڕەو و پرۆگرامیدا هاتووە کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری خێرخوازی سەربەخۆیە مەبەستی ژیانەوە و بووژانەوەی باری ناهەمواری هەڵەبجەی پاش کیمیاو ڕاگواستن و شارەزوور و هەورامان و ئەوبەری سیروانە «شەمیران» لە رووی بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوە و گەشە پێدانی باری فەرهەنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی سیمای شارستانیەتی خۆی کە مەڵبەندی هونەر و ڕۆشنبیری بووە. کۆمەڵەی ژیانەوە ڕەوتی کاری خۆی کردە ئەلقەیەک لە بەندەکانی مافی مرۆڤ . پاشان بە هۆی دڵسۆزانی دووره وڵات لە «لەندەن» مەڵبەندێکی کۆمەڵە دامەزرا. بەڵام دیسان کۆمەڵەی ژیانەوەش کەوتە بەر «شیری حزبایەتی و پێشبڕکێی بەرابەر». کۆمەڵەی ژیانەوە هەندێ پرۆژەی لەبەر دەستدا بوو بیکات . سەرەڕای نەبوونی یارمەتی و کەم دەرامەتی . یەکێک لەوانە دروست کردنەوە و بنیاتنانەوەی کتێبخانەی هەڵەبجە و دروست کردنی هۆڵێکی کۆبوونەوە و بنیاتنانەوەی جێگای خەزنی پەتاتە لە سیروان و زیندووکردنەوەی لانەی کشتوکاڵی شارەزوور و چەندین پرۆژەی تر بووە، کۆمەڵەی ژیانەوە بە خۆشحالیەوە بڕیاری سەرۆک مەسعود بارزانی وەرگرت بە ڕاکێشانی بۆری ئاوی خواردنەوە لە سەر چاوەی زەڵمەوە بۆ ناو شار ، پاش ئەوەی دەرکەوت کە بۆریە ئاوەکانی ناو شار بە ژەهری کیمیاوی ئالودەبوون، هەر وەها بۆ کۆنکرێتی شەقامەکانی ناو شار و لەم بارەیەوە سوپاس و پشتگیری خۆی ڕاگەیاند و هەوڵی زیادی دا بۆ دابینکردنی چیمەنتۆ بۆ تەواو کردنی پرۆژەکە .

بەڵام پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی نەیهێشت بۆری ئاو و چەند محوەلەی کارەبا کە کڕابوون و پارەکەشیان درابوو بگاتە هەڵەبجە و بڕیاری وەرگرتنی چەند تەن چیمەنتۆی هەڵوەشاندەوە، بڕیار بوو بەدالەیەکی ١٢٠ خەتی تەلەفۆن کە بە پارەی کۆمەڵەی ژیانەوە دانەنرا گوازراوە بۆ شوێنێکی تر. لە سەر داوای کەسو کاری شەهیدانی بێ ئارامگا بڕیار درا شوێنەوارێک بۆ مەزاری شەهیدان دروست بکرێ و هەر خێزانەو جێگایەکی بۆ دانرا و شوێنی ئارامگا دیاری کرا و درایە ـ قۆنتەرات ـ لەگەڵ دانانی پەیکەرێکی ڕەمز بۆ شەهیدان . بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونەو ئەخشە خرایە بەردەم لیژنەیەکی تایبەت و لەگەڵ هونەرمەند دارا حەمە سەعید ئیتیفاق کرا بۆ دارشتنی هەیکەلی پەیکەرێکی شیاوو بیناکردنی سەکۆیەکی مەڕمەڕ کە بکرێتە نیشانە و جێگای یادی ساڵانەی شەهیدان.لە خەرجی کۆمەڵەی ژیانەوەو یارمەتی دڵسۆز و خێرخوازان بڕێکی زیاد سەرمایەی تیا خەرج کرا و پاش چەند مانگ کارکردن و سەرفیات توانرا کارێکی ـ مەرحەلی ـ گونجاو ئەنجام بدرێ کە مایەی پەرۆشی و چاوەڕوانی پاشماوەی کەس و کاری شەهیدان بوو، بەڵام جارێکی تر ڕێگامان لێ هاتە بەست و «حەلال و حەرام» سەکۆ و پەیکەرەکەی قەدەغەکرد. ڕۆژانی ئەبرد شوراکە تێکدرا ، زنجیری دەوروبەری لەبەر دەرگای هەندێک بووە چەپەر بۆ ماڵات و گاو گوتاڵ.

## هەڵەبجە و مافی مرۆڤ ویژدانی مرۆڤایەتی

دیارە ئەوەی ئێمە هەستی پێ ناکەین و لە بیر خۆمان بردۆتەوە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندووە و لە دنیادا

هێشتا بە سۆیە ، بەڵێ کێشەی هەڵەبجە سەرەڕای پڕ لەتراژیدیا بە سۆزەکەی ئەمڕۆ بووەتە بەشێک لە نیگاو بەرنامەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤ دۆستەکانی دنیا بەڵکە زیاتریش بووەتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و لە سەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی ئەنوێنێ و هەڵوێستی داهاتووی لە سەربینا ئەکرێت ، واتە کێشەیەکی سیاسیە ، لە لایەکی دیکەوە زانستی بایۆلۆژی سەردەم وناوەندی دیراساتی «ئاسەوارەکانی» چەکی کۆمەڵکوژ نەوەستاون لە بەراورد و لێکدانەوە و تاقیکردنەوە و تاوتۆکردن : ئەوە بوو بەهاری ڕابردوو دکتۆرە «گوستند» لە پەیمانگای پزیشکی بەریتانی لەگەڵ چەند یاوەرێکی سەردانی هەڵەبجەی کرد بۆ لێکۆڵینەوەو بەراورد لەونەخۆشیانەی لە ئەنجامی ژەهر باران تووشی پاشماوەی دانیشتوانی هەڵەبجە و دەوروبەری هاتووە، نەک تەنها ئەمە بەڵکو لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەرهەمی دارو درەخت و شینایی پاش کیمیا باران و کارتێکردنی لە ناخی زەوی کرا، کە بۆتە سەرچاوەی چەندان لێکۆڵینەوە و سمینار و توێژینەوە و گۆڕینەوەی زانیاری بە جۆرێک کە لە تاقیکردنەوەی پزیشکی وپەیمانگاکەوە بووە بەشێک لە کاری سیاسی بەڵکە لێکۆڵینەوەی سەربازیش بۆ جەنگی داهاتوو ، بۆیە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارێزەرانی ژینگە و ئاژەڵ و تا کەش و ئاو هەواش زۆر بە تەنگ ئەو تاقیکردنەوەی دکتۆرە گۆستند وە خەریک بوون و لێرەوە بڕیار درا بە بەستنی سمینارێکی پزیشکی لە واشنتۆن بە یارمەتی پەیمانگای کوردی لە ئەمریکا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چەند کەسایەتی ناوداری جیهانی دۆستی کورد و مرۆڤدۆست . کارەکە بەمەوە نەوەستا و جگە لە چەندان پسپۆری پزیشکی و بایۆلۆژی و شارەزایانی ئاوو هەوا و ژینگە، چەندین دپلومات و سیاسەتمەدار و نوێنەری چەندین ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە و نوێنەرانی وڵاتانی ئەورووپی و لێپرسراوانی UN و بەسەرپەرشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژی ١٨و١٩ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ سمینارەکە بووە کۆنفرانسێکی پزیشکیی سیاسیی مرۆڤدۆست و ژینگەپارێز وناوی هەڵەبجەی کوردی لێنراو بانگهێشتی هەرسێ پزیشک و عەمیدی کۆلیژی پزیشکی کوردستان لە هەولێرو دهۆک و سلێمانی کرا لەگەڵ د. فواد بابان یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە ، خزم و دۆستی نزیکی دەهاقوربانیانی کیمیاباران وەک شارەزایەکی پزیشکیش لەم بارەوە ، ئەم کۆنفرانسە - سمینارە- پزیشکیە - سیاسیە، مرۆڤایەتیە جارێکی تر و سەر لەنوێ کێشەی هەڵەبجە و کیمیابارانی کردەوە کێشەی سەردەم و بووە دەروازەیەکی نوێ بۆ بە نێودەوڵەتی کردنی کێشەی کوردو بۆ دانانی پلانێکی فراوان بۆ چۆنیەتی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە و کوردستان و برەودان بە کێشەی سیاسی کوردەواری، بۆ جارێکی تر ئەوەی ئێمەی خاوەن کێشە خۆمان لە بیرمان کردبو و هاتەوە سەر شانۆی سیاسەتی دنیا کە بڕیارە هەوڵێکی نێودەوڵەتیی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوە و جارێکی تر هەڵەبجە لە باری نێو دەوڵەتیەوە بووە پێناسەی کورد و هەموو زوڵملێکراوانی دونیا. لێرەدا ، پرسیارێکی واقعی هەیە، پێویستە لەخۆمان و لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت کە پێویستی بە وەڵامێکی عەمەلی پەلە هەیە: ئەویش ئەم جارە دەبێ چیبکەین؟!! خۆمان چۆن قەرزی شەهیدانی هەڵەبجە بدەینەوەو ئەو بەرنامەی دەوڵەتان دایانناوە بیکەن بۆ هەڵەبجە خۆمان بیکەینە واقع ؟ ئایا بێدەنگی ساڵانی پێشوو ئەو حسابە کۆنانەی کە هەبوو هەروا ئەمێنێتەوە؟!! پرسیارێکی زۆر ڕەوایە بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە و پاشماوەی کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە و شارەزوورو هەورامانەوە لە هەموحزب و بەرپرس و کاربەدەست و حکومەتی هەرێم و خاوەن ڕای کورد ئەکرێت ، وەڵام نەدانەوەش خەتایە و کار نەکردنیش بۆ هەڵەبجە ی داهاتوو لە سوود و بەرژەوەندی داهاتووی کورد نابێت. پاشماوەی کەس و کاری شەهیدان داوای بڕیارێکی بە پەلە ئەکەن بۆ ئەوەی هەڵەبجە وەک سنووری ئیداری قەزای هەڵەبجە پێش ساڵانی حەفتا بکرێتە پارێزگا کە بریتی ئەبێت لە مەرکەزی چوار قەزای گەورە سەرە ڕای ئەوەی ئەو واقیعە ئیداری و تەنزیمیە هەموو هەڵەبجە و شارەزوور ئەکاتەوە ناوەندێکی شارستانی و زەمینەی لەبار خۆش ئەکات بۆ ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوە و هاندەرێکە بۆ ئەوبڕیارەی کۆنفرانسی واشنتۆن لەمەر ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە. ئەمەش داوای گیانی پاکی شەهیدانە و ئاخۆ دەبێ ئەو داوایە بێتەدی؟!!

□

سەرچاوەکان

١- المرشد الى مواطن الاثار والحضارە- الرحلە السادسە - بغداد- حلبجە اصدار وزارە الثقافەو الارشاد بغداد ١٩٩٦ تاليف د. طە باقر و فؤاد سفر.
٢- دليل المملكە العراقيە ٩٣٧ و دليلى الحكومە العراقيە ١٩٦٠ - و١٩٨٨.
٣- بحث عن مشاريع الري - حول سهل شارەزور مع وزارەالري، جريدە الجمهوريە عدد ١٤٨٥في ٢ايلول١٩٧٢.
٤- موسوعە- العراق- الدكتور حنا بطاطو طبعە الترجمە العربيە- الجزء الأول- الطبقات الاجتماعيە والحركات الثوريە، الطبعە الاولى بيروت ١٩٩٢.
٥- لە نامەکانی خوا لێخۆشبوو حەسەن بەگ فەهمی جاف.
٦- ئەرشیفی قائمقامیەتی هەڵەبجە پێش سووتان و کیمیا باران .
٧- وثائق و شواهد آثاريە من ارشيف منقب الآثار معتصم رشيد.
٨- لە یاداشت و نووسراوەکانی رەشید شێخ عەبدولرەحمان .
٩- پەراوێزی - قورئانێکی پیرۆز- کە ئێستا لە مۆزەخانەی بەغدا دەست بەسەرە.
١٠- نووسراوی چەند کەشکۆڵ ونامەی بەینی شاعیران.
١١- ئەرشیفی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان ١٩٩٢- سلێمانی.
١٢- ئەرشیفی کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە ١٩٩٤- سلێمانی .
١٣- «گۆڤاری هەڵەبجە» ساڵنامەی یادی شەهیدانی کیمیا باران ژمارە ١و٢و٣.
١٤- گفتوگۆیەکی دێرین لەگەڵ پیاو و ژنە بە ساڵاچووەکانی هەڵەبجە خوالێخۆشبوان (کریم زیرونی- سۆفی ابوبکر- شێخ محەمەد شێخ ئەمین- خورشیدەی شێخ ئەمین و حەنیفی ئەحمەدی مەروان).

## مـێـزگـرد

# بنەماكانی مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی جودا جوداوە

**لەبیرەوەری یۆبیلی زێڕینی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و دوای تێپەر بوونی پەنجا ساڵ بەسەر ئەو جاڕنامەیەدا، هێشتا ئەو جاڕنامەیە تەڕوبڕی و زیندوویەتی خۆی ماوەو زۆر پرسیار بەخۆوە هەڵدەگرێ ، ئاخۆ بنەما فەلسەفی و فیكری و ئایدیۆلۆژیەكانی مافەكانی مرۆڤ و ئەو جاڕنامەیە چین؟ لایەنە نێودەوڵەتی و ئیداری و دەستووریەكانی كامانەن، ئاخۆ شەریعەتە ئاسمانیەكان ، ئەخاسمە ئاینی ئیسلام هەڵوێستی لەمەڕ ئەو جاڕنامەیە و مافەكانی مرۆڤ چیە؟ ئێمەی كورد تا چەند توانیومانە سوود لەو جاڕنامەیە و ئەو ڕێككەوتنە نێو دەوڵەتیانەی ساڵی ١٩٦٦و پرۆتۆكۆلە ئیختیاریەكەی كە بۆتە پاشكۆ، وەربگرێت؟ هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارانە و زۆر مەسەلەی دیكە لە چوارچێوەی ئەم مێزگردە، بدەینەوە، ئەمەش بە بەشداری و هاریكاری بەڕێزان ، یاریدەدەری پرۆفیسۆر د. شێرزاد نەجار ، پسپۆر لە بوارە زانستە سیاسیەكان ، د. محەمەد گەزنەیی مامۆستای یاساو شەریعەت لە كۆلێژی یاساو رامیاری زانكۆی سەلاحەددین ، د. پشتیوان عەلی عەبدولقادر راگری كۆلێژی ماف و مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی .**

**كۆڕگێڕ: نەژدەت ئاكرەیی**

**د. شێرزاد:** ئەرستۆتالیس دەڵێت: مرۆڤ گیاندارێكی سیاسییە ، یان بوونەوەرێكی سیاسییە ، واتە مرۆڤ تاقە كائینە كە دەتوانێ گیروگرفت و مەسەلە كۆمەڵایەتییەكانی خۆی رێكبخات، هەر لە كۆنەوە ململانێیەكی زۆر بە هێز لە نێوان دەسەڵاتدارو ئەوانەی ژێردەستەن هەیە، واتە لە نێوان حوكمڕان و رەعیەدا ،لەوەتەی دەوڵەت دامەزراوە. ئەرستۆتالیس دەڵێ: دەسەڵاتێكی رەهای هەیە، تا كاروبارەكانی دەوڵەت رێكبخات، مەبەستی ئەرستۆتالیس ئەو وەختە دەوڵەتی شارنشین (city state) بوو كە لە شارستانی كۆنی یۆناندا هەبوو، تەنانەت ئەفلاتوونیش ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە، كە دەوڵەت دامودەزگایەكە بوونێكی راستەقینەی هەیە، ئەو هاووڵاتیانەی لە ناو دەوڵەتەكە دەژین نە جێگەو نەمافیان هەیە، تەنیا مافێك كە هەیانبێ ئەوەیە خزمەتی دەوڵەتەكە بكەن ، ئەو هاووڵاتیەی لە شارستانی كۆنی یۆناندا ، مافی هەبوویێت، مافەكەی زۆر تەسك بووە، كە پێیان دەگوت هاووڵاتی سەربەست(المواطن الحر) . تەنیا ئەوان مافەكانیان دیار بوو ،دەنا ئەوانی دیكە هیچ مافێكیان نەبوو، تەنها ئیشیان خزمەتكردن بوو، هیچ مافێكی یاساییان نەبوو، تەنیا ئەو هاووڵاتیە سەربەستانە كەسایەتیی یاسایی بوون، ئەوان مافی وەك

نیشکردن و مافی گواستنەوە و مافی دەنگدان.. هتد یان هەبوو، بەلام لە سەردەمی یۆنانییەکاندا ئەو مافانەی کە هاوولاتی هەیبوو، مافێکی زۆر نەبوو، دەولەت بەهێز بوو مافێکی رەهای هەبوو، بەلام پاش ململانێیەکی دوورودرێژ، مرۆڤ توانی بە هۆی بەرەو پێشەوە چوونی فیکری خۆیەوە بگاتە ئەو ئاستەی کە چەمکی یاسا دابهێنێ، یاسا ببێتە دامو دەزگایەک مافی مرۆڤ و ئاشتی و ئاسایش بپارێزێ، توانرا چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پاراستنی مافی هاوولاتییان بێتەکایەوە، پێشکەوتنی ئەو بیرۆکەیە، بیرۆکەی مافی تاک و مافی هاوولاتی، دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی راپەرینی ئەورووپاو، بنەماکانی لە یاسای سروشتیدا هەن، بۆ وێنە مرۆڤ کە لە دایک دەبێ مافێکی رەوای هەیە، تا ببێتە مرۆڤێکی ئازادو کەس ستەمی لێ نەکات، ئەو مافانەش پێش بوونی کۆمەلگای سیاسی هەبووە، ئەو مافانە پێویستە لە سەرەوەی دەولەت بن، لە سەدەی (١٦)ەوە هزرڤانەکان دەستیان بە دارشتنی ئەو بیرۆکانە کرد، ئەو بیرۆکانەش هەمووی پێکەوە دانەرێژران بەلکو بەرەبەرە دارێژران، بنەماکەش ئەوە بوو، دەبێ ماف و ئازادی تاکەکەس بپارێزرێت. لە سەدەی (١٧)و (١٨) دا هزرڤانەکان کێشەی تاکەکان و تیۆریی مافەکانیان خستە بەر گفتوگۆکردن، چەمکی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی هەمووی بیرۆکە بوون، بوونە بنەمایەک بۆ چەندین جارنامە، ئەو جارنامانە هەنگاوێکی گەورەبوون بۆ رزگارکردنی تاکەکان.

لەو هزرڤانە مەزنانەیە کە لە سەر ئەم بابەتە ئاخافتوون (جان لۆک)، لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا لە بارەی سزای شارستانییەوە کە لە سالی ١٦٨٩ دەرچوو دەستی پێکرد، لەوێدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو هاوولاتییەک یەکسانییەکی سروشتی هەیە پێویستە ئەو یەکسانییە لە ماف و ئازادییەکاندا رەچاو بکرێ، رەوتی مرۆڤدۆستی گرتبووەبەر دەیگوت پێویست ناکات مرۆڤ بچەوسێتەوە، نابێت بارودۆخی (غەیرەمرۆیی) لە کۆمەلگاکاندا بخولقێنرێت، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین پێش (لۆک)دەست بە هەندێک جوولانەوە کرا یەکێک لەو جوولانەوانە لە ئینگلتەرا بوو لە سالی (١٢١٥) کە لە پەیماننامەی (مەگناکارتا) ئاماژەی پێکراوە، پێویستە ئازادیی تایبەتی کەسەکان رەچاو بکرێ، لەوانە ئاسایشی تایبەتی و ئازادی بازرگانی، ئەمە لە ئینگلتەرا لە سالی ١٦٢٨، لە ١٦٧٩دا یاسای پاراستنی تاکەکەسی هەبوو، هەمو بەلگەنامە بوون، بەرەو رەوتی بەخشینی ئازادی پتر بە هاوولاتییان هەنگاویان دەنا، جان لۆک لە کتێبەکەیدا مژدەی (پەیمانی کۆمەلایەتی) بلاو کردەوەو وتی: پێویستە کۆمەلگای سیاسی( دەولەت) لەسەر بنەمای پەیمانێک دابنرێ و ئەو پەیمانە زەمانەتی ئازادییەکانی تاک بکات، (بلاک ستۆن) کتێبێکی لە سالی ١٧٦٥بەناوی (رەخنە لە یاسا)دەرکرد بیرورای لەگەل (جان لۆک) بۆ گەرانەوە بۆ بنەچەی مافی هاوولاتی یەکی نەدەگرتەوە هەروەها هەندێک جارنامەی دیکە، وەک جارنامەی سەربەخۆیی ئەمریکی( ١٧٨٠) کە (ویلسۆن) رایگەیاند دیسان باس لە مافی تاکەکان کرا بۆ وێنە دەلێت( ان الأفراد خلقوا متساوین و قد لهم خالقهم حقوقا معینه غیر قابله للانتزاع ومن هذه الحقوق الحیاه و الحریه و السعی نحو السعاده و لصیانة هذه الحقوق تنشأ حکومات بین الناس و یستمركم السلطات العادله ... کەواتە ئەو بیرۆکانەی (جان لۆک) هێنابووینەوە، لە سەردەمی راپەرینی ئەورووپادا چەسپێنرا بوون، لە هەندێک لە دەستووری حکومەتەکاندا لەوانە دەستووری حکومەتی فەرجینیای ئەمەریکی لە سالی ١٧٧٦دانی پێدانابوو کە یەکێک بوو لە (١٣)ویلایەتەکەی ئەمەریکا، ئەم ویلایەتە یەکەم جارنامەی دەرکرد، باسی ئازادی تاکەکەسی کردو داوای بەشداریکردنی هاوولاتیانی کرد لە سیاسەت و دەسەلاتدا، پاش ئەویش جارنامە بە ناوبانگەکەی شۆرشی فەرەنسا لە سالی ١٧٨٩ دەرچوو (حقوق الأنسان و المواطن الفرنسی) کە سەرەتایەک بوو بۆ دەستووری ١٧٩١، بەلام بەگشتی هەموو ئەو بابەتانە

باس لە مافی تاکە کەسی دەکەن ، کە بنەماکەیان مەزهەبی تاکەکەسیە، دوایی بیرو هزری سوسیالیستی، بیرو هزری (کارل مارکس) هاتە کایەوە بە تایبەتی ئەو بیرۆکانەی کە لە کۆبوونەوەی (پاریس) دا خستبوویە روو ، لە (بەیاننامەی شیوعی) دا ئاماژەی بە هەندێک لە رووخسارەکانی ئازادی بە کۆمەڵ کردووە، کە واتە مەزهەبێکی نوێ بە ناوی مەزهەبی سۆسیالیستی پەیدا بوو، مەزهەبی سۆسیالیستی، باسی ئەوەی کرد کە بنەمای مافی مرۆڤ ئەوە نییە مافی تاکەکەسی هەبێ ، بگرە دەبێ مافی بەکۆمەڵی هەبێ . تاک لە ناو کۆمەڵدا دژی پێویستە کۆمەڵ بپارێزێ ، مرۆڤ ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ و نابێ مرۆڤ، مرۆڤ بچەوسێنێتەوە یان چینێک چینەکانی دیکە بچەوسێنێتەوە ، پاش ئەوە بنەمای فەلسەفەی مافی مرۆڤ بوو بە دوو بەشەوە ، بەشێک رەوتی مەزهەبی تاکەکەسی وەرگرت وبەشەکەی تریش رەوتی مەزهەبی ئیشتراکی وەرگرت، مەزهەبی ئیشتراکیش لە سالی ١٩١٧ـەوە هاتنە ئارا، چ لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران ، چ لە ولاتە ئیشتراکییەکانی دیکەدا کە لە سالی ١٩٤٥ـەوەکەوتە کار،پاش ئەوەش لە (عصبە الامم) هەندێک ئاماژە بۆ مافی مرۆڤ کرابوو بەلام نەچەسپا، لە پاش شەڕی دووەمی جیهانەوە بە وردی لە (نەتەوە یەککگرتووەکان)دا چەسپا . پێش پەیماننامەی نەتەوە یەککگرتووەکان پەیماننامەی ئەتلەسی هەبوو لە سالی ١٩٤١وتەیەکی (رۆز قلت)ی تێدا هاتبوو باسی (حرية القول.........) ی دەکرد . کە لە کۆنگریسی ئەمریکادا راگەیەنرابوو. پاشان کۆنگرەی (سان فرانسیسکۆ) لە سالی١٩٤٥ جەختی لەسەر کردبۆوە.

لە پەیماننامەی نەتەوە یەککگرتووەکان ئەوپرسانە زۆربە باشی باسیان لێوەکراو لە مادەی (١) و (١٣)و(٥٥)و (٦٨)و (٧٦)دا ئاماژە بە مافی مرۆڤ کراوە، دوای ئەوەی کۆنگرەی نێودەولەتی بۆ مافی مرۆڤ لە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٤٨دا بەستراو جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ دەرکرا. داڕشتنەکەی (٣٠) مانگی خایاندو کەسانێکی زۆری دیپلۆماتکارو یاساناس و هزرڤان بەشدارییان تێیدا کرد. دەتوانین بلێین مافی مرۆڤ پێشینەیەکی فەلسەفی و مێژوویی و فیکریشی هەیە حەزیش دەکەم ئەو هەوڵ و کۆششەی کە لە جیهانی رۆژئاوادا هەیە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو هەوڵ و کۆششەی لای خۆمان هەیە.

ئێمە دیارمان کرد کە لە ١٢١٥ـەوە لە ئینگلتەراوە دەستی پێکردووە ئەگەر تەماشای جیهانی ئیسلامی بکەین ئەومـاوەیە لە ناوجەرگەی شەڕی خاچپەرستەکاندا بوون. لەو ناوچانە شەڕ بوو کە لە ژێر حوکمی مەمالیکەکاندا بوو، جەنگیزخان لەو لاوە دەستی پێکردبوو و ئەیوبییەکان لەولاوە دەولەتیان دروست کردبوو، بەغدا لە (١٦٥٨ز) رووخا. ئێمە لەناو ئەو گێژاوەدا بووین و ئەورووپاش لەو بارودۆخەدا بوو ، لە پاش جاڕنامەی شۆڕشی فەرەنسا دەولەتەکانی ئەورووپا لە دەستوورەکانی خۆیاندا چەسپاندیان، بەتایبەتی لە چەرخی نوێدا لە ئەلمانیا دەستوورێک دەرچوو (کۆماری بایبەر لە سالی١٩١٩) ئەوە بوو لە دەستوورەکەیدا بە ئاشکرا مافی مرۆڤی چەسپاند.

**سەنتەری برایەتی:** بەرێز د. محەمەد گەزنەیی، جۆری مافی مرۆڤ لە شەریعەتە ئاسمانییەکان و لە شەریعەتی ئیسلامیدا چۆن دەبینی؟

**د. محەمەد گەزنەیی :**

بسم الله الرحمن الرحیم. سەرچاوەی ئەو مافانە مرۆڤ خۆیەتی، بە گشتی شەریعەتە ئاسمانییەکان و شەریعەتی ئیسلام بەم جۆرە تەماشای مەسەلەکە ناکات، ئەوان وا تێدەگەن مرۆڤ خاوەن مافە و مافی لەسەرە و ماف بۆ خەلکە، بەلام بە پێی شەریعەتەکان یەکێکی دیکە ئەو مافەی داناوە، کە ئەویش پێی دەلێن (خودا). خودا سەرچاوەی مافە، ئەو کتێبە پیرۆزانەی کە هاتوونەتە خوارەوە بۆ موسلمانان قورئانی پیرۆز و، بۆ دیانەکان: ئینجیل و، بۆ جوولەکەکان : تەورات ، ئەو کتێبانە دەقی راستەقینەی خۆیان هەیە، پێیان دەگوترێ«وشەی دەروونی» واتە ئەو بنەڕەتییەی کە ئەرک و ماف دادەنێ ، قورئانیش دەربڕینی

ئەو وشە دەروونییەیە پێی دەگوترێ «وشەی خوا»، ئەو قورئانەی لە بەردەستماندایە ئەوە ئەو نییە، وشەی خوا ئەو وشە دەروونییەیە کە لە ئەزەلەوە هەرهەبووە و هەر دەبێ، نموونە بۆ وشەی دەروونی، بنەرەتی بیروڕای «پەیمان»، ڕەزامەندییە، بەڵام ئێمە نازانین ڕەزامەندییەکە چۆنە، کەواتە ئەو دەربڕینەی دەیخەینە ڕوو «ئیجاب و قبول»ـە، بەوە ئەوا «ڕەزامەندیمان» دەربڕی، کەواتە کتێبی ئاسمانی ئەو وشە دەروونییەیە، تەنانەت لەبارەی فەرموودەکانیشەوە کە دەیکەینە سەرچاوەی حوکم، فەرموودەش کە سەرچاوەی حوکمە، شتێکە لە قورئاندا نییە، بەڵام واتاکەی بەوەوە بەستراوەتەوە، چونکە پێغەمبەران وەک ئێمەو مانان نین، ئەگەر هەڵەبکات سروش بۆی دێتە خوارەوەو دەڵێ: هەڵەت کردووە.

جارێکیان پێغەمبەر کۆمەڵێک لە دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی کۆکردەوەو ئەوان گوێیان لێ ڕاگرت، فەرمووی ئێوە هەریەکەتان دەتوانن کار لە کۆمەڵێک بکەن، لە پڕ کوێرێک هات کوێر نازانێ ئەوە بە خەڵکەکەوە خەریکە، لە پڕ قسەکەی پێ بڕی و لە ناوەندی قسەکردن پرسیارێکی لێ کردو، زنجیرەی بیرکردنەوەی پچراند، پێغەمبەر (د.خ) یەکسەر نێوچەوانی گرژ بوو خودا ئاگاداری کردەوە، پێی گوت تۆ چۆن خۆت لەو پیاوە کوێرە توڕە دەکەی؟ چۆن دەزانی ئەوە کاریگەری لەوانەی دیکە پتر نییە، لەوان باشتر نییە، لەوان دڵپاکتر نییە؟.

مەبەست ئەوەیە هەتا فەرموودەی پێغەمبەریش سەرچاوەی حوکمە، لەبەر ئەوەیە کە پەیوەستە بە وشە دەروونییەکەوە واتە سەرچاوەی سەرەکی «ماف» ئەو وشە دەروونییەیە و ئەوانەی دیکە قورئان یان تەورات ئەوە ئاشکراکەرە، ئاشکراکەری یەکەم «الكاشف الاول»، ئاشکراکەری دووەم قسەی پێغەمبەرە (د.خ)، ئاشکراکەری سێیەم «عەقڵ»ـە، کەواتە سەرچاوەی «ماف» عەقڵ نییە، بەڵکو ئەو وشە ئەزەلی و دەروونییەیە و ئەوانی دیکە ئاشکرا کەرن، ئاشکرا کەریش دەقەکانی تەواو دەبن و ئەگەر تەماشای قورئان و تەوراتیش بکەین دەقەکانی دیاریکراون و تەواو دەبن ئینجیلیش هەروا، چونکە بەشی هەموو شتێک ناکەن. سەرچاوە ئاشکرا کەرەکانیش زۆرن، ڕیوایەتێک هەیە دەڵێ، پێغەمبەر فەرمووی: یەکەم جار خوا عەقڵی دروست کرد کە تەماشای کرد وتی لە عیزەت و جەلالی خۆم کەسم لە تۆ باشتر دروست نەکردوە، هەرکەسێک بیدەمێ بە هۆی تۆوە دەیدەمێ ئەوەی لێی بسێنمەوە بەهۆی تۆوە لێی دەسێنمەوە، هەر بەهۆی تۆوە خەڵک سزا دەدەم و پاداشتی دەدەمەوە کە بەبەرەو پێشەوە چووندا ناڕوات، لەبارەی ئایینەکانیشەوە ئەوا جیاوازییەکی کەم هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لە بنەڕەتی سروشتی مافی مرۆڤ کەمە، جیاوازی لە بیروڕا کەمە، بەڵکو جیاوازی لە هەندێک کردەوەدایە، بۆ وێنە خواردنی هەندێک شت لە لای ئایینێک حەڵاڵ بووە، لە دواییدا ئایینێکی دیکە حەرامی کردووە، یان هێنانی چەند ژن، لە سەردەمی ئایینی حەزرەتی موسا چەند ژنت بهێنابوایە ڕێگەی پێدرابوو، لە ئایینی حەزرەتی عیسادا بوو بە یەک و کە ئیسلام هات کردی بە چوار، جیاوازییەکە لەم مەسەلانەیە، یان ئینجیل زۆر دەستی لە کاروباری دنیا وەرنەدەدا، ئامۆژگاری ئەوان تەنیا ئەوە بووە کاتێک کە تۆ مافی وازهێنانت لە مافی خۆت بۆ برایەکەت هەیە، کەواتە شتی باشی هەڵبژاردووە و داوای باشەی کردووە، ئەوکاتە هەندێک نەتەوە هەبوون زۆر بە گژیەکدا دەچوون، زۆر بە چیرەچیر بوون، بۆیە داوای لێکردوون چاکە بکەن، دەڵێ: باچاکە لە تۆوە دەست پێبکات، کە ئیسلام هات بارودۆخی خەڵک گۆڕا وتی: «لاضرر و لا ضرار» زیان لەکەس مەدەو زیان لە خۆت مەدە، ئەمە بۆ مافە شارستانییەکان یاسایەکە، دەڵێ: هەرچی دەکەی بکە بەڵام زیان لەخەڵک مەدە، دەتوانی زیان لە خۆت بدەی بۆ خاتری خەڵک بەڵام بۆ زیان لە خۆ دانیش سنوورێک هەیە، نابێ بگاتە «نفس» کەواتە ئەمە یاسایەکی باشە بۆ مافە شارستانییەکان، ئەگەر تەماشای مافی سیاسی بکەین دەڵێ: «وامرهم شورى بينهم»، «وشاورهم في الامر»، بۆیە دەبێ نوێنەری خەڵک هەڵبژێردرێ، خۆ

ناتوانرێت راوێژکـاری بە هەریەکـێک بکرێ ، ئینجا دوای هەڵبژادن ، مەسەلە وردەکان بەجێ هێشـتراوە بۆ سەرچاوەی ئاشکراکـەری دیکە ئەگەر لە کتێب نەبێ و لە سونەتیش نەبێ ئەوا بۆ عـەقڵ بە جێـهێشـتراوە، واتە بە عـەقڵی خۆتان باشترین را هەڵبژێرن، شێوازی باشتر هەڵبـژێرن ، لەوانەیە پاش مـاوەیەکی دیکە شێـوازێکی باشـتریش بدۆزرێتـەوە، گـرنگ ئەوەیە بەشداری خەڵکی تێدا بێ ، جیهانیش بەرەبەرە بەرەو پێشەوە دەچێت ، دەبینین ئێستا کۆمپیوتەر هەیە، سەردەمی زووتر ئەوە نەبوو. واتە ئەمە بۆ عەقڵی مرۆڤ وازی لێ هێنراوە، مـاف خواردن هەیە و مـافدان نییە، ئایا تاچ رادەیەک دەوڵەت کە هێزێکی گەورەیە دەتوانێ مـــاف بخـــوات ، تاچ رادەیەک ناتوانێ ، هەندێک جار مافیان خواردووە، هەندێک جار ســەرۆکی دەوڵەت مـــافی خـواردووە ، بەڵام هەندێک ماف هەیە پێی ناخورێ . تا ئێستاکە یاساکانی سزای خۆمان ، بۆ سەرۆکی دەوڵەت هەیە لە پیاو کوژ ببورێت، خاوەنەکەی دەتوانێ لێی ببـورێت و دەتوانێ پارەی خـوێنەکـەی وەربگرێت بەڵام ئەو بڵێ دەیبـوورم ناتوانێ ، چونکە سەرۆکی دەوڵەت سەرچاوەی سەرەکی ماف بەخشین نییە ، کەواتە بۆی نییە هەرچی بیەوێت بیکا ، کە کردی پێی دەکرێ بەڵام پێی دەڵێـن : زۆرداره ، ناڵێـن کـــارێکی رەوای کـردووە ، ئەبو حـەنیفـە باسی هەندێک پرسی (حـدود) دەکات ،ئەگـەر حاکـمی دەسـەڵاتدار شتێکی کرد، کێ حەدی لێ دەربکا؟، ئەگـەر پیاوی کوشت کێ بیکوژێتەوە ، ئەگەر مالی دەوڵەتی دزی، کێ ئەو حـوکـمـەی لە سـەر جێبەجێ بکات؟ واتە ئەو جیاوازییەی هەیە کە دەڵێن حاکـمی دەسەڵاتدار مافی ئەوەی نییە هەمـوو مـاڵی دەوڵەت بۆ خـۆی ببـا ، پیـاو بکوژێ. بەڵام لە ئیسـلامـدا دەڵێـن ، دزێکی ئەقـۆڵایە، هیچ دزێک پێی ناوەستێ ، پیـاو کوژێکی ئەقـۆڵایە کەس پێی ناوەستێ ئەگـەر بڵێـین مافەکە لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە کەس ناتوانێ پێشێلی بکات، ئێمە دەڵێین نارەوایە ، بەڵام لە سـەردەمی ئەفـلاتووندا هەر شـتێ حـاكم بیکردایە دەبوایە بڵـێـن رەوایە ، واتە مـاف، مـافی حـاکـمـە ، بەڵام ئێمە دەڵێین : زۆردارە کـەواتە جـیـاوازی زۆرە، زۆرجـاری واهەبووە زۆربەی زانایان بەشـداریـیـان لە دەسـەڵاتدا نەکـردووە. مـەعـقـولانە بە ئەبو حەنیفەیان گوتووە وەرە ببە بە (قاضي القضاة) ئەوکاتە پایەی دووەمی هەبووە لە دوای خەلیفە و ، ئەیکردووە، وتوویەتی نایکەم ، مانای وایە ، ئیشـەکـانتان بێ شـەرعییە ، ئەوەی دەیکەن زۆرداریيە ، خەلیفەکان تێگەیشتن بۆیە چینێکی باشیان لێدا ، مەعقوولە بە یەکێک بڵێی وەرە ببە بە (سـەرۆک وەزیران) و ئەیکات و دوایی چینێکی لێبـدەی ، لە مـالکـیـیـان داوە لە ئیمامی شافیعیشیان داوە، هەروەها ئیمامی ئەحمەدیش هەر لەو داخەئەمری خوای کرد ، هەر لە سـەر ئەو بنەمـایە ئەیان دەکـرد ، دەیانگوت ئێوە زۆرداری دەکەن و کارەکانتان بێ شەرعییە و ئێـمـە بەشـداری ئەو زۆرداریـیـە ناکـەین ، دووکـەس هەبوون قـوتابی ئەبو حـەنیـفـە بوون «مـحـەمـەد بن حـەسـەن ئەلشـەیبـانی و ئەبو یـوسـف» هـەر دووک لـە لـووتـکـەدا بـوون بەجێیهێشتن - جارێک کابرایەکی موسڵمان دیانێکی کـــوشت- ئەوکـــاتە لە دەوڵەتی ئیسـلامـیدا ئەو دیان و جـوولەکـەیەی لەوێ دەژیان پەیماننامـەیان هەبوو ،(عـقد و ذمـە) لە نێوانیاندا هەبوو(لهم مالنا وعليهم ماعلينا) ، رای ئەبو یوسف و ئەبو حـەنیـفـە وابوو( ئەبو یوسف قـاضي القـضــاە بوو) لەبەر ئەوەی ئەومسڵمانە بە نارەوا ئەو پیاوەی کوشتووە، دەبێ بڕێک پارە بدرێتـە خـێـزانەکـەیان ، خـێـزانەکـە وتیـان ئێـمـە هیچ وەرناگـرین پێویستـمـان نییە بەڵام دەمانەوێ زۆرداریمان لەگەڵدا نەکرێت و پیـاوەکـە سزابدرێ ، دیارە خزم و کەسی پیاوکوژەکە دەستڕۆیشتوو بوون، خـەڵکیـان هەبوو پارەیان دەدا بە شـاعـیـران ، ئێـسـتـــاش هۆنراوەکـــان مـــاوەتەوە و بەناوبانگن. (قاتله قاتل والمسلم كافر يا اهل بغـداد اقـرءوا الفـاتحـه على دينكم من ابى يوسف). ئەوەی گرنگە پارەیان داو هۆنراوەیان بەشاعیران داناو هەرایەکیان نایەوە ئەو سەری دیارنەبێ ، ئەبو یوسف راوێژی بە مـحـەمـەد کـردو وتی : چۆن دەبێ و چیـبـکـەین ، ئەم هەرایە گەیشتە خەلیفە ، چووە لای خەلیفەو

وتی ئەو خەڵکە خەریکە هەر بە چەپڵە دەرم دەکەن، وتی ڕەوا نییە من ئەو خەڵکە هەمووی بە تۆ بگۆڕمەوە دەتوانی شتێک بدۆزیتەوەو چارەسەرێک بکەین.

مەبەستی هاروون ڕەشید ئەوەبوو دەرت دەکەم، لە دادوەریت دەخەم، تۆ بەکەڵکی دادوەریتی نایەیت . خەڵکم لێ هان دەدەی ، ناردیە دوای خێزانی پیاوە دیانە کوژراوەکە و وتی وەرن (مالکم و ماعلینا) ئێوەش مافتان لەسەرە و هەمووساڵێک دەبێ شتێک بدەن چونکە دەوڵەمەندن ، وتی ئێوە ئەومافانەی کە لەسەرتانە داوتانە وتیان بەڵێ ، وتی بەڵگەتان چییە، وتیان هەموو ساڵێک کە «جابی» دێت ، ئێمە دەیدەینێ ، وتی دەبێ بەڵگەنامەم بۆ بهێنن، لەسەرەتاوە تا ئێستا کە ئێوە لێرەن حەوت پشتان ئەو مافەی لەسەرتانە پێشێلتان نەکردووە، ئەگەر ئێوە مافتان پێشێل کردبێ ئەوا مافی ئێوە ناگرم ، هەموو دەیانزانی ئەوە مەرجی تەعجیزییە ، گوتی ئەگەر وایە من ئەو پەیمانە جێبەجێ ناکەم ئەگەر دێن (دیە) وەردەگرن ئەوا پەیمانی خۆم جێبەجێ دەکەم . بەو جۆرە کابرای لە سێدارە نەدا.

ئێمە کە دەڵێین ئەومافانە هەبوون مانای ئەوە نییە پێشێل نەکراون، بەڵام ئەوانە سەرچاوەی ماف نین و ناتوانن ماف بدەن، بەڵام ماف دەخۆن و زۆرجاریش خوراوە، ئەوەیە مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا و سەرچاوەکەی ئەوەیە و مافەکەش جێگیرە.

**سەنتەری برایەتی:** جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەر دوو ڕێککەوتنەکەی مافی سیاسی و شارستانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ، جاڕنامەی ساڵی ١٩٤٨، هەر دوو ڕێککەوتنەکەی ساڵی ١٩٦٦ و پرۆتۆکۆڵی هەڵبژاردنی پاشکۆ و زۆر لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئایا نرخی یاسایی ئەو جاڕنامانە بە یاسای نێو دەوڵەتی چییە و ڕۆڵیان لە ڕێنمایی دەستوورە ناوخۆییەکاندا لە یاسای دەستووریدا چییە؟

**د. پشتیوان:** ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە سەرتاسەری دنیا بە تایبەتی لە وڵاتە دیموکراتییەکانی وەک سوید و نەرویج هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا خەڵاتی نوبڵ دەبەخشنە ئەو کەسانەی لەو بوارەدا ڕۆڵیان دیاربووە، بەڕێز د. شێرزاد چووەناو باسە فیکری و فەلسەفییەکەیەوە و زۆر جوان باسی کرد، مرۆڤ لە بنەڕەتدا کە لە دایک بووە سەربەستەو ئازادە، لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا مافەکان نەخوراون، چونکە یاسای سروشتیی دەسەڵاتدار بووە ،کۆمەڵەی سەرەتایی زۆر سادەو ساکار بووەو ئەم کۆمەڵەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕاوەو پێشکەوتووە و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ جۆراو جۆر بوون و بەیەکدا چوون تێیدا ڕوویداوە ، کە مرۆڤەکان بوون بە دوو چین لەوێوە مافەکان خوران، کە مافەکان خوران ئینجا جووڵانەوەیەکی فیکری دروست بوو، ئەوشتانەی کە باس کرا هەمووی شتی نموونەیی بوون، چەمکی سیاسی بوون لە ناوچوار چێوەی یاسادا بوون ، لەسەرەتادا یاسایەک نەبوو بڵێ مافی فلانەکەس خوراوەو نابێ بخورێ تەنیا کۆمەڵێک بیروڕای فەلسەفی هەبوو، دوای ئەوەی کۆمەڵگای کۆیلایەتی هات مافی مرۆڤ زۆر بە ئاشکرا دەخورا، چونکە مرۆڤی ئازاد هەبوو مرۆڤی دەسەڵاتداریش هەبوو هەموو مافێکی هەبوو، بەڵام مرۆڤی کۆیلە هیچ مافێکی نەبوو ، ئەوە بوو زۆر جووڵانەوە لە ناو کۆیلەکان دژی دەسەڵاتدارەکان دروست بوون تا خۆیان ئازاد بکەن ، تەنیا ئازاد بن بۆ ئەوەی هەندێک مافیان هەبێ و لە دەسەڵاتدا بەشدار بن، هەروەها بتوانن مافی موڵکداریتیان هەبێ ، ساکارترین مافی موڵکداریتی بۆ کۆیلەکان نەبوو ، ئینجا ئەو بیروڕا فەلسەفیانە دروست بوون کە لەسەرەتادا دەگەڕێنەوە بۆ بیروڕاکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی «العقد الجتماعی» کە جان لۆک و هۆبزو جان جاک ڕۆسۆ باسیان لێوە کردوە جگە لەوە لە سەدەی(١٣)ی زاینیدا لە ئینگلتەرا هەندێک بیروباوەڕ هەبوون. دوای ئەوە هەوڵدرا بخرێتە چوارچێوەیەکی یاسایی وەک باسکراوە کە دەستووری ڤایار باسی لە مافەکانی مرۆڤ کردووە، واتە ئەو بیرورا نموونەییانەی کە هەبوون، ئەو بیروڕا فەلسەفیانەی کە فەیلەسوفەکان دەیاننووسیەوە بوون بە یاسا لە دەستوورەکانی ئەورپادا ، یەکێک لەوانە دەستووری ڤایار بوو هەروەها پاش دروستبوونی دەوڵەتی فەرەنسا و دوای

شۆڕشی فەرەنسا ، دیسان ئەو مافانە، مافە سیاسییەکان و مافەکانی رادەربڕین باس کرانەوە، ئینجا (بەڵگەنامەی سەربەخۆیی)لە ئەمریکا جاڕدرا کە بەڵگەنامەیەکی زۆرگرنگە، باسی مافە شارستانی و سیاسییەکانی مرۆڤ دەکا. جارێ باسی مافی ئابووری ناکرێ ، باسی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری تا سەرهەڵدانی فیکری مارکسی باسی لێوە نەدەکراو، لە مافەکانی دیکە جیا نەدەکرایەوە. بەڵام پاش سەرهەڵدانی بیرو باوەڕی مارکسی بوو بە پراکتیک و لە سۆڤییەت مافە ئابوورییەکانیش هاتنە سەر شانۆ، جا لێرەدا من دێمە سەر جاڕنامە یاساییەکە، چونکە لە یاسای نێو دەوڵەتیدا زۆر گرنگە ، ئاماژەش بەوە کرا کە زۆر رێککەوتننامە مۆرکراون لەوانە رێککەوتنی لاهای ساڵی ١٨٩٩-١٩٠٠ ئەو دوو رێککەوتننامەیە دوو رێککەوتننامەی نێو دەوڵەتیین کە لە لاهای مۆرکراون. کۆمەڵێک لەو بیرورا نموونەییانە، بوون بە یاساو بنەمای یاسای نێو دەوڵەتی.

چۆن مامەڵە لەکاتی شەڕدا لەگەڵ مرۆڤ دەکرێ ، لەگەڵ دانیشتواندا، لەگەڵ دیل و گیراوەکاندا ، وەک بەشێک لەمافی مرۆڤ؟ جا ئەوە سەرەتایەک بوو بە شێوەیەکی راشکاوانە رێککەوتننامەیەک مۆربکرێ، باسی مافی مرۆڤ بکات، بەگشتی لە کاتی شەڕدا ، چ چەکێک بەکار دەهێنرێ و تاچ رادەیەک چەکی قورس بەکار دەهێنرێ . بەڵام ئەوانەش هەر شتی ساکار بوون تا بەرپابوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، لە ساڵی ١٩٢٠(عصبە الامم )راگەیەنرا ، ئەوانیش نەیانتوانی بە تەواوی چارەسەری مافی مرۆڤ بکەن وەک یاسایەکی نێو دەوڵەتی، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بۆی چوون وەک بیرورایەک لە دیباجەکەدا باسکرا، دەتوانم بڵێم دامەزراندنی (UN) هەنگاوێکی گەورەبوو، بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ لە چوار چێوەی یاسای نێو دەوڵەتیدا،ئەگەر تەماشای دەستووری UN بکەین لە پێنج شەش جێگادا باسی مافی مرۆڤ دەکات ، لە مادەی یەکەم برگەی سێیەم لە ئامانجەکانی UN دا دەڵێت: پێویستە هاوکاری نێو دەوڵەتی بکرێ بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ ، هەروەها بۆ دابینکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەمووان، بێ ئەوەی رەچاوی ، رەگەز ، زمان ، ئایین بکرێ.لەمادەی یەکەم بە راشکاوی باس دەکا. مادەی ١٣ برگەی یەک دیسان باسی کردووە کەوا ئەنجومەنی گشتی «الجمعیە العامە» بۆ دابینکردنی مافی مرۆڤ تێدەکۆشێ، لە مادەی ٥٥ باسی دابینکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسیەکان دەکات . مادەی ٦٨ باسی ئەوە دەکا کە لیژنەیەک پێک بێت لە (ئەنجومەنی هاوکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی ) کە سەر بە (UN)ە بۆ ئەوەی میکانیزمێک دروست بکات بۆ چاودێری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ، دیسان لە مادەی ٧٦دا باس دەکا . مەبەستم ئەوەیە کە بنەما یاساییەکە لە پەیماننامەدا دانراوە کەوا ئێستا کاری پێدەکرێ ، لەسەر بنەمای ئەو مادانە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەرچوو ، ئەمڕۆکە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٩٨ـە ئاهەنگی بۆ دەگێڕن ، (٥٠) ساڵ پێش ئەمڕۆ لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی هاوسەری سەرۆکی ئەمریکا(ئەلیانا رۆزفلت) پێکهات ، ئەوە بوو سەرۆکی ئەو لیژنەیە بە هاوکاری لەگەڵ (ئەنجوومەنی هاوکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی) پرۆژەیەکیان گەڵاڵەکرد، ئەو پرۆژەیە ئەو جاڕنامەیەیە کە دایان بە ئەنجومەنی گشتی ئەویش بڕیاری لە سەردا و لە ١٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨ دەرچوو.

سروشتی یاسایی ئەو جاڕنامەیە چۆنە، بنەماکانی چی بوون ، ئەوەش یاسانییە ، واتا ناتوانێ دەوڵەتێک پابەند بکەی بەو جاڕنامەیە کە پێی دەڵێن (Soft Law) یان کەسێک یان حزبێک ئیمزای بکا ، کۆمەڵێک بیرورایە ، ئەو بیرورایە بەو شێوەیە دانرا، بەڵام ئایا ئەو بیرورایە چ گرنگییەکی هەیە، گرنگییەکی یاسایی گەورەی هەیە، ئەو گرنگییە لەوەدا دەردەکەوێ کە زۆر لە دەوڵەتەکان پەیڕەوی دەکەن ، بە تایبەتی دەوڵەتە دیموکراتییەکان ، تەنانەت لە دەستووره ناوخۆییەکانیاندا چەسپاندوویانە، زۆر لەو بیرورایانەی کە لەو جاڕنامەیەدا هاتوون، بوون بە (قواعد الامرە) لە یاسای نێو دەوڵەتیدا واتە سیفەتی ئیلزامیان وەرگرتووە زۆر لە دادگە

ناوخۆییەکانی سوید، فنلەندا، سویسرا، فەرەنسا زۆر لە وڵاتە ئەوروپییەکان ، پشت بە بڕگەکانی ئەو جاڕنامەیە دەبەستن ، گرنگییەکی زۆر گەورەیان هەیە ، هەر ئەو راگەیەنراوەش بەس نەبوو، شتی تر راگەیەنرا، لەوانە راگەیاندنی مافەکانی منداڵان لە ١٩٥٩، دوای ئەوە راگەیاندنی نەهێشتنی سیاسەتی جیا کردنەوەی رەگەز، دەرکردنی دوو راگەیاندن سەبارەت بە مافەکانی ئافرەت . هەروەها راگەیاندنی ساڵی ١٩٧٥ لەمەڕ ئەشکەنجەدان . مامەڵەکردنی مرۆییانە لەگەڵ گیراوەکان ، دواشت لە ساڵی ١٩٩٣ راگەیاندنێک سەبارەت مافی کەمینەکان. بە شێوەیەکی گشتی ئەمانە هەمووی راگەیاندن بوون و دەکەونە ژێر تێرمی (Soft Law)ەوە لە ١٩٤٨ تا ١٩٩٣ ئەوانە هەمووی( Soft Law)ن و بنەمان. جگە لەو بڕگانەی کە لە یاسای نێو دەوڵەتیدا بوونەتە (القواعد الامرە)، ئینجا دێینە سەر ئەوەی کە چۆن هەوڵدراوە ئەو راگەیاندنانە ببن بە یاسا، ببن بە بنەڕەتێکی یاسایی نێو دەوڵەتی مولزەم کە پێویستە دەوڵەتان ئیمزای بکەن لە( Soft Law) و ببنە (Hard Law). لیژنەیەک دروست کرا ، ئەو لیژنەیە ئیشەکەی دروستکردنی(کەتەلۆک) بوو بۆ مافی مرۆڤ کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن:(The Bill Of Human Vigul.)واتە چ بڕگەیەک لەو راگەیاندنانە بکەین بە یاسا بۆ ئەوەی مولزەم بێت بۆ ئۆرگانەکانی UN و مولزەم بێت بۆ دەوڵەتەکان کە ئیشی پێ بکەن ، ئەوە بوو دەستیان کرد بە گەڵاڵەکردنی دوو رێککەوتننامە ، رێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ لە رووی سیاسی و شارستانییەوە . رێککەوتننامەیەکیش بۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان ، رێککەوتننامەی یەکەم (١٣٠)لایەن تا ئەمڕۆ مۆریان کردووە، رێککەوتننامەی دووەم (١٢٨) دەوڵەت مۆریان کردووە، ئەمەریکا تا ئێستا مۆری نەکردووە، لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئایا بۆ ئەو دوو رێککەوتننامەیە لەیەک جیا کرانەوە ، مافی مرۆڤ هەر مافی مرۆڤ نییە؟ لێرەدا دوو ئاراستە هەبوو ، ئاراستەی یەکەم رۆژئاوایی و بۆرژوازی بوو، تەنیا مافە سیاسی و شارستانییەکانی پەسەند دەکرد و دەیوت مرۆڤ دەبێ ئازاد بێ ، بیرو رای ئازاد بێ ، لایەنگرتنی تاکە کەس بۆ حزبەکان ئازاد بێ ، مافی چڤاک و کۆمەڵە و مافی دەنگدان و مافی گرتنی پارێزەری هەبێ، مافی ئەوەی هەبێ ئەشکەنجە نەدرێ. بەتایبەتی ئەمریکا دژی ئەوە بوو باسی مافی ئابووری بکرێ ، چونکە مافی ئابووری بەرای ئەمریکا واتە سۆسیالیستی ، مافی کار، مافی زەمانەتی کۆمەڵایەتی ، بۆیە زۆردژی ئەوە بوو رێککەوتننامەی دووەم ئیمزا بکرێ. یەکێتی سۆڤییەت و دەوڵەتە سۆسیالیستەکان زۆر سووربوون لە سەر ئەوەی پێویستە هەردوو رێککەوتننامەکە ئیمزابکرێ ، جا لە سایەی ئەو دوو رێککەوتننامەیە دەوڵەتە ئەوروپییەکان رێککەوتننامەی تایبەتییان بۆخۆیان دروست کرد. بنەڕەتیەکە ئەو دوو رێککەوتننامە بوون، بەڵام دەوڵەتە ئەوروپییەکان وایان زانی گەیشتنە رادەیەک لە پێشکەوتن و پەیڕەو کردنی دیموکراتییەت ، تۆزێک خۆیان لەو رێککەوتننامەیە جیا کردەوە، چونکە شارستانییەتی ئەوروپی جیاوازی هەیە لەگەڵ هی دەوڵەتانی دیکە ، ئێستا لە ئەورووپاش رێککەوتننامە هەیە، بە پێی ئەو رێککەوتننامەیە مافی مرۆڤ پەیڕەو دەکرێ ، ئەم دوو رێککەوتننامەیە دواشت نەبوو ، رێککەوتننامەی دیکەش ئیمزاکرا لەوانە (حول الغا، کافة التمییز حول امراة) ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە هەروەها رێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاوازی رەگەزیش دەرچوو.هەر وەها مافی تاکەکان دەرچوو. ئەو راگەیاندنانەی بوون بەرێککەوتننامە، مافی ئافرەت ، مافی منداڵ بەڵام مافی کەمینەکان هێشتا نەبووە بە رێککەوتننامە ، مافی کەمینەکان بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە، دەوڵەتانیش وردە وردە ئەو رێککەوتننامانە مۆر دەکەن . ئەوە بوو ساڵی١٩٦٦- ١٩٦٧ رێککەوتننامەی مافی مرۆڤ رێی پێدراو بە (١٥) ساڵ ژمارەی ئەو دەوڵەتانە گەیشتە ئەو

رادەیەی کە بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە ، ئەو ڕێککەوتننامانە ئێستا هەموویان هەن ،جگە لە ڕێککەوتننامەی (جینوسساید) ی ١٩٤٨ ، کە زۆر گرنگە، چونکە (جینوسساید) تاوانێکی گەورەیە . ئەو ڕێککەوتننامەیە واتە قەدەغە کردنی کوشتنی خەڵک لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەب و نەتەوە. هەروەها چۆن ئەنجامدەرانی داداگایی بکرێن ، لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو، لە ڕۆما دادگا دامەزرا. بەڵام چۆن تاوانبارانی شەڕ دادگایی بکرێن . دیسان ئەمریکا بیروڕای خۆی هەبوو بەڵام نەیتوانی، ئەوە بوو ڕاگەیەنرا، مابوو مۆر بکرێ . ئەوانە هەمووی یاسان ، پرسیار دەکرێ ئایا جێبەجێ دەکرێن؟ چ میکانیزمێک هەیە بۆ جێبەجێکردنیان، بەڵام لە ڕێککەوتنێک تا ڕێککەوتنێکی دیکە جیاوازیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتنێک ساڵی ١٩٦٦ ڕاگەیەنرا و دوو لێژنە دامەزرا. لێژنەی یەکەم ئەنجوومەنی ئابووری کۆمەڵایەتی ئیشی ئەوە بوو چاودێری جێبەجێکردنی مافە ئابوورییەکانی مرۆڤ بکات. لێژنەیەکیش چاودێری مافە سیاسی و شارستانییەکان بکات. ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامن لە UN ڕێککەوتننامەی ١٩٦٦یان ئیمزا کردوە، هەموو ساڵێک دەبێ ڕاپۆرت بەرزبکەنەوە ، ڕاپۆرت لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ بەرز بکەنەوە، بۆ ئەو دەزگایەی بەرزبکەنەوە و، تەماشای بکات، دوای ئەوەی لە کۆنگرەی ساڵانە تاوتوێ دەکرێت، خۆشیان زانیارییان هەیە ئەگەر پێشێلکاری بکرێ ئەوا لێپرسینەوە دەکەن، دیسانەوە دەوڵەتەکە مولزەم نییە بەڵام ڕاپۆرتە ساڵانەکە گرنگە ، دەوڵەتێک ئامادە نییە لێژنەیەک لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات بەڵام ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن هەوڵ دەدەن مافەکانی مرۆڤ پێشێل نەکەن تا شەرمەزار نەبن. دەوڵەتە دیموکراتییەکان ئەو شەرمەزارییەیان پێناخۆشە . ڕاستە دەوڵەت هەیە پێی ناخۆش نییە ، بەڵام دەوڵەت هەیە پێی ناخۆشە. هەوڵ دەدەن ئەو بڕگانە جێبەجێ بکەن ، نزیکەی ٩٠٪ ی ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتە ئەسکەندەنافییەکانن، ئەوانە پێشبڕکێی ئەوەیانە چۆن ئەو ڕێککەوتننامانە بخەنە نێو یاساکانی نێو خۆیانەوە، ژمارەی

ئەو لیژنەیە ٥٣ ئەندامە ، هەموویان لە سەر ئاستی مافی مرۆڤ پسپۆڕن و ، ڕاپۆرت کۆ دەکەنەوەو زانیاری کۆ دەکەنەوە ، کۆبوونەوەی ساڵانە هەیە ، کۆبوونەوەی تایبەتی هەیە ، لەو ڕاپۆرتانە دەکۆڵنەوە، تەنیا دەوڵەت بۆی نییە ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە ، بەڵکو کەسانیش دەتوانن ڕاپۆرت بەرز بکەنەوە وگرووپێکیش لە دەوڵەتێک دەتوانێ ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە. هەروەها ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکانیش بۆیان هەیە ڕاپۆرت لەبارەی ئەو دەوڵەتەی مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن بەرز بکەنەوە، لیژنەکەش ڕاسپاردەی هەیە ، هەندێک لەو ڕاسپاردانە گشتیین و ، ئاراستەی ئەو دەوڵەتانە دەکرێ کە مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە، ئەو لیژنەیە ئیشی ئەوەیە پرۆژەی نوێ دابنێ بۆ مافی مرۆڤ و بزانێ کێ مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات ، ئەو لیژنەیە پێی دەڵێن (تیمی کار). ئەو لیژنەیە بڕیاری لە سەردەدات ، بۆ عێراقیش کراوە، چاودێری مافی مرۆڤ، ڕاپۆرت بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجوومەنی هاوکاری ئابووری و تا بزانێ بارودۆخی مرۆڤ چۆنە. ئەو لیژنەیە، لیژنەی لاوەکیشی هەیە، تایبەتە بە مافی ئافرەت، کۆنترۆڵکردنی مافە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان. زۆر کارێکی قورسە لە یاسادا پێی دەڵێن مافی پۆزەتیف، لەبەر ئەوەی دەوڵەت بۆ دابینکردنی ئەو مافانە گەیشتە ئەوەی دەستێوەردان بکات ، ئەگەر دەوڵەت تەدەخول نەکات ئەوا ئەو مافانە نایەتەدی، ئەگەر دەوڵەت دابینی نەکا (زەمانەتی کۆمەڵایەتی) نایەتەدی، مافی کار نایەتەدی ، ئەگەر یاسای کۆمەڵایەتی نەبێ ، زەمانەتی کۆمەڵایەتی نایەتەدی. کەواتە تەدەخولی پۆزەتیفانەی دەوڵەت مەرجە ، بەڵام لە ڕێککەوتنی مافی سیاسی و شارستانی پێچەوانەیە، مافی نەگەتیفە، دەوڵەت نابێت تەدەخول بکات، سەربەستی بیروڕا هەیە، سەربەستی ڕادەربڕین هەیە ، سەربەستی لایەنگری کۆمەڵ و حزبەکان هەیە، دەوڵەت نابێ ڕێگە لەوە بگرێ ، دەبێ ڕێگا بدات. میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی مافی ئابووری، زۆر قورسە ، لەبەر ئەوە ڕێککەوتننامەی مافی ئابووری هیچ بڕگەیەکی تێدانییە بتوانێ

سکاڵابکات ، میکانیزمی جێبەجێکردنی مافی ئابووری ساڵی ١٩٦٦ بواری ئەداوە بەتاک یان بە دەوڵەت سکاڵابکات بۆ دابینکردنی مافی خۆی ئەگەر مافەکە پێشێل بکرێ، بەڵام لە رێککەوتننامەی دووەم بە پێچەوانەوە بوار دراوە سکاڵابکات بۆ دابینکردنی مافەکە ئەگەر مافەکە پێشێل بکرێ ، ئێستا هەوڵێکی بەردەوام هەیە کە ئەو بوارە لە مافی ئابووریش هەبێ بەڵام ئەو هەوڵە تا ئێستا نەگەیشتووەتە ئەو میکانیزمەی کە مافی شارستانی کەسانی پێ دەپارێزرێ. بە گوێرەی رێککەوتننامەی سیاسی، دەتوانێ سکاڵا بکات، بەڵام دەبێ ئەو دەوڵەتەی سکاڵای لێ دەکرێ لەو دەوڵەتانەبێ کە رێککەوتننامەکەی مۆر کردووە. دووەم دەبێ رەزامەندی دەربڕێ بۆ پەسەندکردنی داواکان ، چونکە ئەوە بە نارەزووی دەوڵەتانە و ئەوانەی کە رەزامەند بوون ٦٦ کەس (دەوڵەت) ن ، تورکیاش زۆر جار سکاڵا دەکات و دەدۆڕێنێ ، چونکە یەکێکە لەو دەوڵەتانە ، ئەو ٦٦ دەوڵەتە ئەو (ولایە اختیاریە) یان پەسند کردووە.. جا بۆیە تاکەکان بۆیان هەیە سکاڵابکەن .ئەگەر دادگای ناوخۆیی دوای (ئیستئناف و تمیز) نەگەیشتە مافی خۆی، بۆی هەیە لە (مافی مرۆڤ) سکاڵابکات. لە ساڵی ١٩٦٦ وە تا ئێستا ٦٠٠ داوا هاتووە کەچی مافی مرۆڤی ئەوروپا کە لەسەر بنەمای رێککەوتننامەی ئەوروپییەوە دامەزراوە ٢٠٠٠ داوای بۆ هاتووە.لەبەر ئەوەی دەوڵەتە ئەوروپییەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی و بیروڕای دیموکراتی پیادە دەکەن کە دەڵێن ٢٠٠٠ داوا هاتووە واتە میکانیزمەکە بە هێزترە لەو ٦٦ دەوڵەتەی کە باسیان دەکەین سێیەکی ئەوروپایین.

**سەنتەری برایەتی:** بەرامبەر ئەو بوونە نێو دەوڵەتییانە رێکخراوێکی نێو دەوڵەتی هەیە بە ناوی(منظمە العفو الدولی) رۆڵی ئەم رێکخراوە چییە لەبواری گرنگیدان بە مافی مرۆڤ و خستنە رووی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە دەوڵەتان و بۆ بەجودا حیساب بۆ ئەم رێکخراوە دەکەن؟

**د. پشتیوان:** ئێستا من باسی ئەو ئۆرگانانەم کرد، ئەو میکانیزمەم باس کرد کە لە ناو UN دا هەیە، جگە لەوەش میکانیزمی دیکە لە دەرەوەی ئەوە هەیە ، ئەو میکانیزمەش پێی دەگوترێت (رێکخراوە نێو دەوڵەتییە ناحکومییەکان)، رۆڵێکی گرنگیان هەیە. لەوانە (ئەمنستی ئینتەر ناشنال) و (Human Rightwach)هەروەها (Fridum Huser)ئەوانە هەمووی رۆڵی خۆیان هەیە ، ئەوانە رێکخراوی نێو دەوڵەتی غەیرە حکومین و گرنگی بە مافی مرۆڤ دەدەن ئەرکی ئەوانە ئەوەیە زانیاری لە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بدەن بە (UN) و راپۆرت بدەنە لێژنەی سەرەکی (UN)ی ئەنجوومەنی ئابووری ، ئەوە ئەرکێکی زۆر گرنگە. چوونە ریزی ئەو رێکخراوانەش ئازادە ، ئەوانەی لەو رێکخراوانەدا کاردەکەن رۆژنامەوان و سیاسەتوان و پەرلەمانتارو ئەکادیمی و لەوبابەتەن، ئەوانە سمینار دەبەستن و ، لە زانکۆکان و پەیمانگاکانی دنیادا وانە لە سەر مافی مرۆڤ پێشکەش دەکەن، ئەوانە مافی (التباحث) یان هەیە ، ئەمنستی ئینتەرناشنال یەکێکە لەو رێکخراوانەی کە ئەو مافەی هەیەو زانیاری لە سەرحزب و گروپەکانیش پێشکەش دەکا. دواراپۆرتی ئەمنستی ، ئاماژەی بە کوردستان کردووە کەوا حزبەکان مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن.جگە لەوانەش ،ئاژانسە تایبەتییەکانی UN رۆڵێکی گرنگیان هەیە ، لەوانە یۆنسکۆ ، یونسێف ، تەندروستی جیهانی ، یونسێف بایەخ بە منداڵان دەدات هەروەها سندوقی نێو دەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی منداڵان . یۆنسکۆ گرنگی بە سندوقەکەی پەروەردەو فێرکردن دەدات ئەوانەش رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بواری خستنە رووی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ.

**سەنتەری برایەتی:** دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی لە تۆکیۆو تورنبێرگ هەیە ، ئێستا لە بۆسنەو هرسک رۆڵیان هەیە، هەنگاوەکانیان چۆن دەبینی؟

**د. پشتیوان** : ئەو هەنگاوانە لە بواری نێو دەوڵەتیدا پێشکەوتنە، بەڵام ئێمە دەبێ

دووشت لە یەکتر جودا بکەینەوە کە باسی میکانیزمی دادگایی دەکەین، لە بارەی رێککەوتنەکانی (١٩) کە لەسەر مافی سیاسی، خەلک بۆی هەیە و دەولەتیش دژی دەولەت بۆی هەیە سکالا بەرز بکاتەوە. بەڵام لە رێککەوتنەکەی دی وانییە ، هەروەها هەندێک جار هەندێک دادگا لەسەر بنەمای کێشەیەکی دیاریکراو دروست دەکرێت ، بۆ وێنە شەڕی بۆسنەو هرسک، دادگەیەکی تایبەتییان بۆ داناوە، ئەو ژەنەراڵانەی کەوا فەرمانیان بۆ کوشتنی موسولمانەکان دەرکرد بوو ، لەلاهای دادگایی دەکرێن. لایەنێکی دیکەی یاسایی نێو دەولەتی هەیە ، بەڵام ئەوەی ئێمە دەستنیشانی دەکەین ئایا میکانیزمێک هەیە یان نا؟ ئەو رێککەوتننامەیەی کە لە UN مۆرکراوە لە بارەی مافی مرۆڤ ، هەروەک ئاماژەمان پێ کرد(٦٦) دەولەت پەسەندیان کردووە کە سکالاو داوا دژیان بەرز دەکرێتەوە، ئەمەش ژمارەیەکی باشەو کەم نییە.

**سەنتەری برایەتی:** بابەتێکی گرنگ هەیە سیستەمی نێو دەولەتی نوێ و مافی مرۆڤ، گۆڕانێکی فیکری ئایدۆلۆژی بە خۆوە دەبینێ. پەیوەندی نێو دەولەتی رەنگدانەوەی روخسارەکانی ئەو سیستەمەیە ، وەک جەنابت ئاماژەت پێکرد هێشتا ئەو سیستەمە جێگیر نەبووە کە لە رووخسارە هەرە گرنگەکانی مافی مرۆڤە. ئێوە ئاسۆی ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن؟

**د. شێرزاد ئەحمەد ئەجار:** سیستەمی نوێی جیهان New World Order کە جۆرج بۆش لە نیسانی ١٩٩١ رایگەیاند، بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەسەر دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ بەندە ، بەڵام لە جێبەجێکردندا گیروگرفتێکی زۆری هەیە ، ئەگەر تەماشا بکەین شەڕی نێو خۆیی زۆرتر بووە، لە یەکێک لە ئامارەکاندا روون بووەتەوە کە لە ساڵی ١٩٩٤دا (٥٠-٦٠) کێشە هەبووە ، ئایا لێرەدا رۆڵی ئەمریکا چییە؟ . ئایا دەتوانێ بابەتی مافی مرۆڤ وەک راستییەک بچەسپێنێ و پێشێلکاری کەم بکاتەوە ، هانی دەولەتان بدات بێتە ناو رێککەوتنەکانەوە . لە کۆی ١٨٦ دەولەت تەنیا ٦٦ دەولەت لە UN

## سیستەمی نوێی جیهانی نەیتوانیوە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ رابگرێ

پەسندیان کردووە کە دەکاتە ٤٠٪ی ولاتانی دنیا. تەماشای ئەفریقیا بکەن ،تەماشای رواندا بکەن چارەکە ملیۆنێک کەسی لێ کوژراوە، کێشەی نەژاد و پێشێلکاری بە کۆمەڵ بلاوە، بۆ هەوڵ نادەن جیهان بەرەو دیموکراتییەت ببەن . پێش چەند رۆژێک کاربەدەستێکی زۆر گەورەی مافی مرۆڤ لە (UN) دەستی لە کار کێشایەوە و گوتی : مافی مرۆڤ جێبەجێ ناکرێت ، لەو بیروڕا گشتیانەی رادەگەیەنرێ ، جێبەجێکردنی تێدا نییە ، من دەڵێم لە دەولەتە ئەوروپییەکاندا کە (٢٠٠٠)حالەت هەیە کەم نییە ، بێجگەلەو حالەتانەی کەماونەتەوە، ئەوانە بە رێزگرتنی مافی مرۆڤ بەناوبانگن و ، خۆیان لە پشت سیستەمی نوێی جیهانن پێشێلکاری هەیە و داواش بەرز دەکەنەوە، کەواتە لەو جێگایانەدا جگەلە ٦٦ دەولەتەکە ، ١٢٠ دەولەت هەن کە چەندین پێشێلکاریان تێدا دەکرێت بەڵام راناگەیەنرێت ، کەواتە سیستەمی نوێی جیهانی نەچەسپاوە و نەیتوانیوە پێشێلکاری مافی مرۆڤ رابگرێ بە پێچەوانەوە لە هەندێک باردا پتر بووەو پێشێلکاری جیهانی مەترسی لە پێشێلکاری تاک پترە.

**سەنتەری برایەتی:** تەوەرێکی دیکە هەیە لە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆزدا، حقوق اللە، حقوق اللە الخالصەو حقوق العبد الخالصە، ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن؟

**د. محەممەد گەزنەیی:** ئەو زاراوانە ، حق العبد الخالص، حق المشترک و حق اللە الخالص خوا پێویستی بە ماف نییە، مرۆڤ پێویستی بە ماف وەرگرتن هەیە، هەر مافێک بتوانرێت وازی لێ بهێنرێت مافی کەسەکانە ، ئەگەر ئەو کاریگەرییەی بۆ غەیرەیش هەبوو

پێی دەڵێن (مشترک) بەڵام ( حق العبد هوالغالب) ، ئەو مافانەی کە مرۆڤ ناتوانێ وازی لێ بهێنێت ، ئەوە مافی تایبەتی نییە ، مافە گشتییەکانن، بەرژەوەندی گشتییەو ناتوانرێت وازی لێ بهێنرێت ، بۆ ئەوەی مافە گشتیەکان پتر لە لایەن خەڵکەوە ڕێزیان لێ بگیرێت پێیان دەگوترێ (حقوق الله) چونکە کەسێکی دیاریکراو نییە بڵێ مافی ئەوکەسەیە ، بۆ نموونە کە دزیت لێ کرا ، ڕاستە ماڵەکە ماڵی تۆیە، بەڵام تۆ ناتوانی لە دزەکە ببووریت ، چونکە گەرەکەکەی ترساندووەو هەموو دەڵێن دزێک لێرە هەیە . لەبەر دوو هۆ بەوانە دەگوترێ مافی خوا: ١- تا نەتوانرێت لێی ببووریت ، پاشا یان سەرۆکیش دەتوانێ لێی ببووریت .٢- تا شکۆیەکی هەبێت ، ئەوانە لە ڕاستیدا مافی کۆمەڵگان. ( حق العبد الخالص) واتە دەتوانێ لێی ببووریت یان داوای لەسەر تۆمار بکەی یان نەکەی ، بەڵام مافی کۆمەڵ هەرکەس داوای لەسەر قەید بکات، دەبێ. ئەوانە پێیان دەگوترێ حدود الله یان حق الله ، هەندێک ماف هەیە تێکەڵاوە ، کابرایەک جنێوی بە یەکێکی دی داوە و سووکایەتی پێکردووە، لەلایەک مافی کەسەکەی پێشێل کردووە و جنێوی پێداوە، لەلایەکی دی کابرایەکی دەم پیسەو کۆمەڵگا لێی دەترسێ ، لەنێوەندە فقهییەکاندا جیاوازی بیروڕا لەسەر ئەم کێشەیە هەیە، هەندێک دەڵێن ئەگەر مافی خوای تێدا پتر بوو ئەوا تۆ لێیشی ببووری لەسەری لاناچێت، لە ئیسلامدا لەبارەی کوشتنەوە ، مافی بەندە پترە و دەتوانێ لێی خۆش بێ ئەگەر لە شتە هاوبەشەکان خۆش بووی ئەوا شتی تایبەتی نییە ، جیاوازییان ئەوەیە مافی بەندە دەتوانرێ لێی خۆشبی و مافی خوا ناتوانی لێی خۆش بی . ئەگەر مافی بەندە پتربێ دەتوانێ لێی خۆش ببێ ، بەڵام لێخۆشبوونەکە سزاکەی کەم دەکاتەوە بەڵام یەکسەر سزاکەی لە سەر هەڵناگیرێت ، کوشتن مافی هاوبەشە ، دەتوانێ لە پیاوکوژ خۆش بی و لە سێدارە نەدرێ .

**سەنتەری برایەتی:** لەوتەوەردەوە، ڕوانگەیەک لە فیکری ئیسلامیدا هەیە بە تایبەتی دوای (صحوە) ی ئیسلامی ، جۆرە دژبەیەکییەک هەیە لە نێوان ئەوەی کە مافی مرۆڤ دەربڕینی بیروڕای ڕۆژئاوایە ، هاتووەتە ناو جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی لە ساڵانی دواییدا هەندێک یاسای ڕۆژ ئاوایی لەوڵاتانی ئیسلام دەرچوون ، تووشی دژبەیەکییەک دەبی لە نێوان بیروڕاکانی مرۆڤ و بیرو ڕای ئیسلام ، بەتایبەتی ئیسلامییە توندڕۆکان زۆر ڕووبەڕووی ئەم مەسەلەیە دەبنەوە؟

**د. محەمەد گەزنەیی:** ئێمە کە باسی مافی مرۆڤ دەکەین ، بیروڕاکان لە کتێبە کۆنەکان هەن ، ئێستا ئێمە باسی بابەتێکی دیکە دەکەین، باسی سیستەمێک دەکەین کە لە ناو دەوڵەتاندا هەیە ، بەیاننامەو ڕێککەوتننامە لە نێوان دەوڵەتاندا هەیە، ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە دەبێ ئەنجوومەنێک ، کۆمەڵەیەک ، بەرەزامەندی دەوڵەتان لەسەر هەموو دەوڵەتەکان هەبێ ، هەندێک ماف دابڕێژێت ، لەسەر دەوڵەتانی بسەپێنێت ، ئەو پێشبینییە نەبووە، کە ئەو پێشبینییە نەبوو، ئایا ئەمە (بدعە)یەکە ، (بدعە)کە پەسندە یان نا؟

هەندێک زۆر پابەندن و دەڵێن وشەی دیموکراتی مەڵێ، هەر لەبەرئەوەی وشەکە ئیسلامی نییە، هەندێک شت هەیە فەرزە لەسەر ئێمە. فەرز بکرێ یان فەرز نەکرێ چ ڕێگرێک هەیە؟

من مافێکم لەسەرە ، ئەگەر ئەنجوومەنێک هەبێ بڵێ ئەو مافە بدە، چ زیانێکی هەیە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی . ئەگەر چاودێری دەوڵەتەکە بکرێ لەبەرژەوەندی خەڵکەکەیە، چۆن دەوڵەت زۆر جاران مافی تاکەکانی پێشێل کردووە ، مافیان هەبووە و بەڵام نەیداونەتێ ، ئێستا لە بارەی مافی مرۆڤەوە تەنیا سەرزەنشتکردن هەیە ساڵی جارێک کۆ دەبنەوە و ئەوەی

**ئەگەر چاودێری دەوڵەت بکرێ لەبەرژەوەندی خەڵکدایە**

پێشێلکاری کردووە سەرزەنشتی دەکەن. هیچ زیانێکی نییە.

**سەنتەری برایەتی :** چۆن ئێمە مافی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی کێشەی کورد لە رووی مەعنەوی و رەوشتییەوە بەکار بهێنین، چۆن سوودی لێ وەربگرین ، لە کوردستان بە تایبەتی و لە جیهان بە گشتی ؟

**د. پشتیوان:** پاش تەواو بوونی شەڕی سارد، بارودۆخەکە گۆڕا ، کەشەڕی سارد هەبوو مەسەلەکان تۆزێک قورستر بوون، دوو بلۆکی گەورە هەبوون، ناکۆکییەکانیان زۆر قووڵ بوو ، تا رادەیەک بلۆکی سۆسیالیستی لاواز بوو، دەتوانین بڵێین لە شەڕی سارد دۆڕاندی و ئیتر سیستەمێکی نوێ دروست بوو کەوا ئەمەریکا سەرکردایەتی دەکات ، لە هەڵسەنگاندندا دووڕا هەیە یەکێکیان نێگەتیڤەو ئەوەی تریش پۆزەتیڤە . نیگەتیڤەکە دەڵێ: کۆششی نێودەوڵەتی زۆرە بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ بچەسپێنرێ و ئەورێککەوتننامانەی هەن جێبەجێ بکرێن. سەرەڕای ئەمانە، جیهان لە نایەکسانی و مافخوراندا دەژی، (چارلس هومان)کە شارەزایە لە بواری مافی مرۆڤدا و چەند ساڵ لەو لیژنەیەی کە باسمان کرد کاری کردووە، لە بەرگی Human Rights Guide دا دەڵێ ، سەرەڕای ئەو پێشکەوتن و رێککەوتننامەو جاڕنامانە ئەگەر ئامارێک بکەین پتر لە نیوەی دانیشتوانی جیهان مافی خوراوە، مافی فەوتاوە، یەکسانی لە ماف نییە ، ئەوە هەڵسەنگاندنە نێگەتیڤەکەیە هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤیش هەیە ، زانستی مرۆییش هەمیشە دەخرێتە روو، فەرز ناکرێ، شارەزایەک بە ناوی (ماکسیم تالگیر) لە لیژنەی مافی مرۆڤ بە رەسمی داوای لێکراوە کە راپۆرتێکی تەواو بنووسێ لەسەر هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مافی مرۆڤ، لەو لێکۆڵینەوەیە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەڵێ هەرچەندە UN هەنگاوی زۆر زۆر لەسەر خۆ دەهاوێژێ ، بەڵام توانیویەتی شتی گرنگ لە بواری مافی مرۆڤدا بکات، هەموو دەوڵەتانی جیهان ، هەموو رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان ، حکومی و غەیرە حکومی ، هەموو کەسە بەناوبانگەکانی جیهان، دان بەوەدادەنێن کە مافی مرۆڤ هەیەو، واقیعێکە، هەموو سەرۆک دەوڵەتێک کە دێتە سەرحوکم دەزانێ مافی مرۆڤ هەیە، دەیەوێت گەلەکەی خۆی رازی بکات ، هەر لەو راپۆرتەدا دەڵێ : زۆر شت کراوە بەڵام شتەکە رێژەییە و رەها نییە . دەڵێ: تەنانەت لە رێککەوتننامەکانی ١٩٦٦ هیچ دەقێک نییە بڵێ(یجب) دەڵێ : العمل من اجل ضمان هذه الحقوق ، العمل المتواصل ، کەواتە زۆر هەنگاوی گەورەنراوە، رۆڵی UN زیاتر بووە، لەو شەڕە ناوخۆییانەی کە ئاماژەی پێکراUN زیاتر چووەتە ناوکێشەکانەوە، UN دەچێتە ناو کێشەکانەوە، بە تایبەتی کێشە ئەهلییەکان. لە کاتی شەڕدا، یارمەتی دانیشتوانی مەدەنی دەداو پەناگەیان بۆ دەکاتەوە، چاودێری پەنابەران دەکات، هەروەها دروستکردنی ئاشتی پاش شەڕ .جگە لەو رۆڵەی رێکخراوە غەیرە حکومییەکان دەیبینن بەڕای من ئێستا شتێکی زۆر دەکرێ تا رێککەوتنەکان جێبەجێ بکرێن ، نموونەی زیندوو بۆ ئەوە رۆژی ٩ی کانونی یەکەم وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بڕیاری دا بینۆشێت بدرێتە دەست ئیسپانیا ، بەڕاستی ئەوە رێککەوت نەبوو ، ئەوە مەسەلەیەک بوو لە ( ٥٠ ) ساڵەی مافی مرۆڤدا راگەیەنرا شتێکی زۆر گرنگە ، حاکمێک کە (١٧)ساڵ دەسەڵاتدار بوو نزیکەی (٣٠٠٠) کەسی کوشتووە ، ئەوە ئەوەدەردەخات کە ئەو جاڕنامەیە زیندووە و لە پێشکەوتندایە، ئاستەنگیش هەیە، ئەمریکا دەیەوێ خۆی بسەپێنێ. ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەوەی هەمانە UN، دەیەوێ بیروڕای خۆی جێبەجێ بکات ،UNتارادەیەک ویستوویەتی دروست بێ لە بڕیارەکانیدا، بەڵام کە ناتوانێ ، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هێزی وڵاتەکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایش کە هەمیشەیین . بەڵام من هەنگاوەکانی ئەو ( ٥٠ ) ساڵە بە باش دەزانم ، مەسەلەی مافی مرۆڤ پەیوەستە بە دیموکراسییەتەوە ئەگەر دیموکراسییەت لە سیستەمی وڵاتێکدا نەبێ، ستەمە مافی مرۆڤ هەبێ ، دەبێ حکومەتێک هەبێ هەڵبژێردراوبێ ، دەسەڵاتی تەشریعی

هەڵبژێرابێ ، گەل لە رێی هەڵبژاردنەوە رای خۆی دەرببڕێ ،دەسەلاتەکان جیابن، ئەوکاتە دەتوانێ باسی مافی مرۆڤ بکات، ئەگەر حکومەتێک دیکتاتۆر بێ ئەوا مافی مرۆڤ مانای نابێت ، دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ لە یەک هاوکێشەدان، وەک دەوڵەتە دیموکراتییەکانی ئەوروپا کە مافی مرۆڤ جێبەجێ دەکەن . کوردستان بەشێکە لە عێراق هەرێمێکە لە دەوڵەتی عێراق، لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ەوە لە رووی پراکتیکییەوە ئەو هەرێمە سەربەخۆیە، بەلام لە رووی یاساییەوە لە دەستووری یاسای نێو دەوڵەتیدا سەر بە عێراقە . لێرەشدا مافی مرۆڤ پێشینەیەکی هەیە لە دەوڵەتی عێراقدا ، من هەرێمی کوردستان بە دەوڵەت نازانم بە (دیفاکتۆ)ی دەزانم ، بەلام حکومەت هەیە، ئەو حکومەتەش حزبەکان بەرێوەی دەبەن ، بەراستی تا ئێستا ویستی حزبەکان زاڵە ، مافی مرۆڤیش وا بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت، دەوڵەتان پێیان ناکرێ، ئینجا حزبەکان چۆن پێیان دەکرێ . لە ساڵانی رابردوو لە کوردستان زۆر پێشێلکاری کرا، بەلام بەم دواییە هەوڵی زۆرجدی دراوە تا پێشێلکارییەکان رابگیرێ، لەناو هەردوو حزب پارتی و یەکێتی دوو نووسینگە هەیە پێی دەگوترێ نووسینگەی مافی مرۆڤ، ئەمە شتێکی پیرۆزە ئێمەش وەک ئەکادیمی پێویستە پشتگیری ئەو هەنگاوانە بکەین، چونکە ئێمە کە هێشتادەوڵەت نین مافی مرۆڤ پەیرەو بکەین، ئەوا دەبینە نموونەی گەلێکی شارستانی دەتوانین ببین بە دەوڵەت، بەلام ئەگەر لە ئێستاوە ئەو مافانە پێشێل بکەین ئەوا مانای وایە بەکەڵکی ئەوە نایەین ببین بەدەوڵەت، من ئێستا گەشبینم کە کوردستان بارو دۆخەکەی باشە و گەلەکە رازییەو پێشێلکاری کەم بووەتەوە، هیوا دارین ببێتە کۆمەڵێکی شارستانی و دیموکراتی، ئەوەش بە پەیرەو کردنی پرەنسیپەکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ.

**سەنتەری برایەتی:** بەرێز د. شێرزاد ، هەڵبژاردن ، پێکهاتنی پەرلەمان، دامەزراندنی حکومەت، فرەحزبی و هەلی کارو فێرکردن ، ئەو رووخسارانە تابنە جێ هەڵسەنگاندنی

## ئێمە کە هێشتا دەوڵەت نین، ئەگەر مافی مرۆڤ پەیرەو بکەین، دەبینە نموونەی گەلێکی شارستانی و دەتوانین ببین بە دەوڵەت

مافی مرۆڤ لە کوردستان؟

**د. شێرزاد :** لەوانەیە بەشێوەیەکی دامەزراو نەبێت ، لە رووی دامەزراوەوە کەموکوڕییەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەیەکی فەلسەفی و فیکری و چەسپاندنی عەقلییەتی دامەزراو و رێکخراو، ئەو کەموکوڕییە وا دەکات پرۆسیسەکان بە کەناڵی خۆیاندا کەلە زانستی سیاسی دیاریکراوە نارۆن و بە کەناڵی دیکەدا دەڕۆن ، ئەو کەناڵانەش چالاکی دامەزراوی لاواز دەکەن ، لێرەدا پێویستە کەموکوڕییەکان دیاری بکرێن، پاشان چارەسەر بکرێن .

**سەنتەری برایەتی :** بەڕای ئێوە بایەخدان بە مافی مرۆڤ بە بوون و نەبوونی رێکخراوەکان ، بیرۆکەکە قەوارە دەکات یان لە بنەڕەتدا بەندە بە ئامادە کردنی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە؟

**د. شێرزاد :** بەڕای من لە سازکردنی سیاسییەوە دەست پێدەکات ، پەروەردەکردنی هاوولاتی کە پرۆسەی سازکردنە لەسەر هەندێک بنەماو بیروڕای سەرەکی و پەروەردەیی یەک لەوانە رێزگرتن لە هاوولاتیانی دیکە، ئەوانە هەمووی ماف و پابەندییە ، پێویستە پرۆسەیەکی سازکردنی کۆمەلایەتی سیاسی ببێتە هاندەر بۆ چەسپاندنی ماف.

**سەنتەری برایەتی :** بەڕای ئێوە سەرنەکەوتنی ئەزموونی دامەزراوەکان و رێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بۆچی دەگەڕێتەوە؟!

**د. شێرزاد:** لە بنەڕەتدا بۆ دوو هۆکاری

سەرەکی دەگەڕێتەوە ، یەکەمیان سازکردنە سیاسییەکە نەبووە، دووەمیان هۆکارێکی خۆیی واتە ئەو ململانێتییەی کە لە نێوان مرۆڤەکان خۆیاندا هەیە (مرۆڤ و مرۆڤ)

**سەنتەری برایەتی:** ئێستا ئەو ڕێکخراوانە بگەڕێنەوە دەتوانن، ڕۆڵ بگێڕن ، واتە ڕێکخراوێکی دیکەی چاودێری مافی مرۆڤ دامەزرێت ، سوود لە هەڵەکانی پێشوو وەردەگیرێت؟

**د. شێرزاد :** ئەگەر ئەو کاریگەرییە هەبێت لە نێوان دامەزراوەکاندا .

**د. پشتیوان:** د. شێرزاد باسی دامەزراوەکانی لە کوردستان کرد ،چۆن دەتوانین باسی دامەزراوەکان بکەین، ئەگەر دامەزراوەکە لە بنەڕەتەوە نەبێتە دامەزراوی بنەڕەتی دەوڵەتەکە، ئێمە ئەگەر دامەزراوی بنەڕەتیمان نەبێ ناتوانین باسی دامەزراوەکانی دیکە بکەین، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە دوای دامەزراوی بنەڕەتی دروست دەکرێت، وەک لوبنان ، لوبنان چەند کۆنە، ئێستا باسی دامەزراوەکان دەکەن.

**د. شێرزاد :** لە کۆمەڵگادا پێویستە سیاسەت تایبەتی نەبێت، تەنانەت کۆمەڵگایەکی سادەش لە ڕێی سیاسەتەوە بڕیار دەدات ، لەوانەیە ئەو دامەزراوە ئەنجوومەنێکی بچووک بێت وەک (بلاد مابین النهرین)ەکە ئەنجوومەنێکی بچووکی حاکمەکان هەبووە یان ئەنجوومەنێکی گەورەبێت وەک لە ئەسینا لەکۆماری دیموکراتی ئەسینا کە کۆمەڵەیەکی گشتی گەورەیان هەبووە.

**د. گەزنەیی:** لە ڕووی ڕەسمییەوە ڕاستە تۆ دەوڵەتت نەبێ دامەزراوت نییە. چونکە دامەزراو بنەرەتییەکەیە، بەڵام هەندێک شت هەیە لەسەر دەوڵەت نەوەستاوە ، بەڵکو لەسەرئەوە وەستاوە کێ قسەی لەسەر کێ دەڕوا. ئەوەش زیاتر دەوەستێتە سەر دەستڕۆیشتن یان پەروەردە، ڕاستە لە کوردستان حکومەتێک هەیە هێشتا دانی پێدانەنراوەو بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق ، بەڵام کاری کردیە ئەوانەی دەستیان دەڕوات دەتوانن سزای خەڵکیش بدەن، ئەگەر شتەکە ناڕەوابوو. لە سەرشتی باشیش دەتوانن پاداشتی خەڵک

# دەبێ یەکەمجار وەک گەلی کورد بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا هەوڵ بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بدەین

بکەن ، ئێرە بە دامەزراو دادەنرێت چونکە خەڵک بە قسەیان دەکات ، ڕاستە نەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدانەناوە، بەڵام لەهەمان کات دامەزراوە، چونکە کەسێکی دیکە نییە ویستی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ و، خەڵکیش تارادەیەک بڕوای پێیانە. لە بارەی مافی مرۆڤەوە ، ئەوانەی کاربەدەستن و بەرپرسن لە کوردستان ئەوا بنەماکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ دەزانن و دەتوانن وەک بەڵگەنامەیەک بە کاری بهێنن و داوای مافی هەموو کورد بکەن، بەڵام زۆر نارێکە لە سەر بنەمایەک داوای مافی مرۆڤ بکەن و خۆیان نەیانبێ ، زۆر نارێکە داوای مافی گەلەکەت بکەی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و خۆشت گەلەکەت ئازار بدەی. دەبێ خۆیان مافی خەڵک نەخۆن و پێشێلی نەکەن ، دەبێ دادپەروەری هەبێ ، سیستەم هەبێ، دەبێ بزانن خەڵک چی دەوێ ، دەبێ ئەو کەسانەی دامەزراوەکان بەڕێوە دەبەن لێهاتوو بن، دەبێ زیاتر لە خەڵک نزیک ببنەوە، پیاوی گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنێن ، کەواتە پێویستە خۆیان ڕێکتر بخەن و کارەکان بێ سەروبەر نەبن ، دەبێ خەڵکی باش ئامادە بکەن بۆ بەڕێوە بردن. دەبێ چاو بخشێننەوە بەوانەی کە ئیشیان پێ دەسپێردرێت ، تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوون ، تاچ ڕادەیەک بەرژەوەندی خەڵک جێبەجێ دەکەن، ئایا بوونیان لەو شوێنە زیانی خەڵکی تێدانییە ؟ .

**د. پشتیوان :** دوا وشەم لەبارەی کوردستانی

خۆمانەوەیە حەزدەکەم دیسان ئاماژە بکەم کە ڕێککەوتننامەی ١٩٦٦ بۆ مافی سیاسی و شارستانی ، لە ماددەیەکیدا باسی مافی چارەی خۆ نووسین بۆ هەموو گەلان دەکا، ئێمە تا ئێستا ئەو مافەمان وەرنەگرتووە، ناهێڵین چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین ، کە مافێکی سەرەکییە لە مافەکانی مرۆڤ. دەبێ هەوڵ بدەین یەکەم جار وەک گەلی کورد بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق بۆ ئەومافە هەوڵ بدەین ، هەوڵدان بۆ ئەومافە واتە دروستکردنی دامەزراوێکی ڕەسەن لە سەر بنەمای ئەومافە، لەسەر فۆرمی فیدڕاڵی بێ ، یان من لەسەر ئەو رایە نیم، پێم خۆشە دامەزراوی سەرەکی واتە دەوڵەت بێت ، چونکە تەنیا دەوڵەت دەتوانێ مافی کار بۆ مرۆڤ دیاری بکات ، واتە زەمانەتی کۆمەڵایەتی ، فێر کردن ، تەندروستی ، ئەوانە ئەرکی دەوڵەتن، ئەرکی حزب نین ، ئەرکی ڕێکخراوەکان نییە، ئەرکی کۆمەڵەکان نییە، ئەرکی دەوڵەتە بە دامەزراوە یاسایی و حکومی و قەزاییەکانییەوە، بە چەمکی سەروەری لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەیەوە، تا ئەوەمان نەبێ پێشێلکاری مافی مرۆڤ هەر دەبێ .

**د. شێرزاد :** هیوا دارین زیاتر گۆڕان بەسەر جێبەجێکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکاندا بێ .

**د. گەزنەیی:** منیش هیوام وایە ، ئەم دامەزراوە سەرەکییە دابین بکرێ ، بەڵام من پێم وایە حکومەتێکی دیفاکتۆ هەیە کەس فەرمانی لەسەر ناکات، زۆر شتیان پێدەکرێ ، بەڵام یەکەم شتیان دەبێ ئەوەبێ شەڕ بگۆڕن بە ئاشتی، هەموومان دەزانین هەمووکەس حەزی لە پلە و پایەیە، حەزی لە پارەیە، پارەو ماڵ لە میراتدا شەڕی لەسەر دەقەومێ ، ململانێ لەسەر دەسەڵات زۆر ئاساییە ، بەڵام نابێ ململانێ بەشەڕبێ ، ئەگەر بیانەوێ دامەزراوەکانیان سەرکەوتووبن خەڵک لێیان ڕازی بێ ، سوودیان بۆ خەڵک هەبێ ئینشائەڵڵا ئەوان ئارەزووی ئاشتی دەکەن و ئێمەش ئارەزووی ئاشتی دەکەین.

**سەنتەری برایەتی:** لە کۆتاییدا بەناوی سەنتەری برایەتییەوە سوپاسی پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. شێرزاد نەجار پسپۆڕ لە زانستە سیاسییەکاندا و جەنابی د. محەمەد گەزنەیی مامۆستای یاساو شەریعەت لە کۆلێژی یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەدین ، د. پشتیوان عەلی عەبدولقادر ڕاگری کۆلێژی ماف لە زانکۆی سەلاحەدین دەکەین.

❐

# ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا




ناوی کتێب :ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا

ناوی نووسەر: د. ڕەشاد میران

کات و شوێنی بلاو کردنەوە: پاییزی ۱۹۹۳، ستۆکهۆلم

قەبارە:۲۱/۸×۱۵/۳

ژمارەی لاپەڕە:۲٦٤

**خوێندنەوەی: فوئاد سدیق**

هەواڵنامەی کتێب

ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە کوردییە گرنگانەی کە هەوڵی داوە لە بەشێکی گرنگی ئەو جۆرە مەزهەب و ئایینانە بکۆڵێتەوە کە لە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا پێڕەویان لێدەکرێ . دیارە زۆرجاری واش هەبووە داگیرکەرانی کوردستان لە پەنای ئایینەوە کوردیان رووبەرووی ئەهامەتی و چەوساندنەوە کردووە . زۆرجاران پەنایان بردۆتە بەر هۆکاری ئایینی و مەزهەبی ، لە شەڕەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانیدا بە ناوی شەڕی سوننەو شیعە. شەڕی ئێران یان تورکیا لەگەڵ ڕووسیادا بە ناوی شەڕی ئیسلام و کافرانەوە ، یان بۆ ئەوەی بە ناوی ئاینەوە کاریگەرانە سەر پەیوەندی مێژووی کوردو ئەرمەن و ئاشووری و نوێنەرانی ئایینەکانی تردوە.

ئەم جـۆرە هۆکـارانە نەک هەر تەنهـا بۆکـورد، بەڵکو بۆ بەشێکی بەرفـراوانی گـەلانی ناوچەکـەو ڕۆژهەڵاتیش بەکـار هاتووە، بەرچاوترینیان شەڕەکانی ئەفغانستانە.

لەم ڕوانگەوە ئەو وتەیە لە شوێنی خۆیەتی کە دەڵێت «مێژووی ڕۆژهەڵات سیمای مێژووی ئایینی وەرگرتووە».

«لە کوردستاندا جگە لە ئایینە جیهانییە گەورەکانی وەک ئیسلام و مەسیحیەت و مەزهەبەکانیان، هەروەها ئایینی کوردی جۆراوجۆر و سینکریتی - تێکەڵ لە توخمی جیاواز- هەن، وەکو ئێزدی، ئەهلی هەق ، عەلەوی، کەناکام و بەرهەمی میراتی کولتووری ڕوحیی دانیشتوانی کوردی ناوچەکانی کوردستانن».

لەو کتێبەدا ، شان بە شانی بایەخدان بە ڕوونکردنەوەی عەقیدەو دۆگمای ئایینی و شەعایرو بەجێهێنانی ئەرکی ئایینی لای هەر کۆمەڵەیەکی ئایینی بە جیاواز ، بە گوێرەی تواناش ، ئەو سیما ئایینیانە نیشاندراون کە لە کولتووری ماددی و ڕوحیی میللەتی کورددا دەردەکەون ، وەکو : جەژن ، پرسە، ژنهێنان، جلوبەرگ و خانوو خوو ڕەوشتەکانی تر.

بە کورتی ئەم کتێبە سێ بەشی گرتۆتەخۆ کە بەم شێوەیەن . **بەشی یەکەم:** کورتەیەک دەربارەی ئاین و باوەڕی ئیسلام لە کوردستاندا ، **بەشی دووەم:** کورد و ئایینی ئیسلام ، **بەشی سێهەم** : کۆمەڵەی ئایینی تر لە کوردستاندا ، کە تیایدا لە ئێزدی، ئەهلی هەق و عەلەوی کۆڵیوەتەوە . ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین چاوێکی خێرا بە هەرسێ بەشەکەدا بخشێنین.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە لە ڕەگەکانی ڕەوشی ئایینی لە کوردستانی کۆڵیوەتەوە، کە ئایین بەر لە سەرهەڵدانی کورد وەک نەتەوەیەک لە ناوچەکەدا هەبووە. چونکە پرۆسەی دروستبوونی میللەتی کورد وەک میللەت و نەتەوە، بە مانا مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە، بەڕای ئۆڤیلچێڤسکی لە ماوەی نێوان سەدەکانی دووەم تا پێنجەمی زایینیدا تەواو بووە.

هەڵبەت سەرهەڵدانی ئایینیش لە سەرەتاوە لە کوردستاندا، یا ڕوونتر بڵێین لە یەکێک لە جێنشینە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەرمو، کە دەکەوێتە کوردستانی عێراقی ئەمڕۆ، بتی بچووکی لە قوڕ دروستکراو دۆزراونەتەوە کە بۆ پەرستن بەکار هاتوون، ئەم بتانەش شێوەی ئافرەتیان هەبوو، بەڕای زانایان دەبێ خواوەندی - دایک - بووبن . خواوەندی دایکیش پەیوەندی بە پەرستنی خاک و پیت و بەرەکەتیەوە هەبوو.

پەرەسەندنی دواتری بیرو باوەڕی ئایینی میللەتانی ناوچەکە ، لە پەرستنەکانی تایبەت بە کۆمەڵگای کشتوکاڵیەوە لای سۆمەرو ئەکادەکانەوە بەدی دەکرێن کە هێزو دیاردە سروشتیەکانیان کردوون بە خواوەند و پەرستوویانن وەکو ئان - خواوەندی ئاسمان، ئینلیل- خواوەندی زەمین ، ئینکی یان ئێیا- خواوەندی ئاو.

ئینجا کتێبی ناوبراو ئاماژە بە هەردوو شاری هەولێر و کەرکوک دەدات کە چۆن بە ئەربائیلۆ ناوی هاتووە، کە واتاکە ی( جێگەی چوار خواوەند)ە،و یەکێک لە مانە خواوەندی هەرگەورەی ئاشوورییەکان بووە.

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینیدا، گوتی و لولوییەکان لە ناوچەی (زاموا)دا هەریەکەو دەوڵەتێکی بچووکی دامەزراندبوو. ئەم دوومیللەتە دواتر یەکیان گرت و دەوڵەتێکی گرنگیان لەم شوێنە بە ناوی ( دەوڵەتی مانئا) دامەزراند ، کە پایتەختەکەی دەکەوتە خوارەوەی دەریاچەی ورمێ وە. لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا دەوڵەتی مانئا گەیشتە ئاستێکی وا کە زۆرانبازی لەگەڵ ئیمپراتۆریاکانی ئاشووری و ئورارتۆدا دەکرد و، دواییش مانئا لە ڕووی کولتوورو شارستانیەت و ئابوورییەوە، بووبە کۆڵەکەی ئیمپراتۆریای میدیا. مادەکان هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی ئێرانی و ئاری بوون کە سەرچاوەیان لە ئایینە هیندیەکانەوە گرتبوو.

هەر لەم ناوچەیەدا (کوردستان)، شان بە شانی پەرستنی خواوەندی چاکە و خراپە، لەناوچەکەدا پەرستنی گیانیی باو وباپیرانیش باو بووە. هەروەها شەڕابی «هوما»ش عیبادەت دەکرا، کە لە درەختی هەوما- سەومای هیندی- ی شاخاوییەوە دروست دەکرا، ئەم شەڕابە گوایە ژیانی جاویدانی دەبەخشێ، بۆیە بەسەرێمۆنیاو شەعایری ئایینیەوە دەخورایەوە. پەیدا بوونی مێژوو دەوری مەزن و گرنگیەکی زۆری لە مێژووی ئایینە کۆنەکاندا هەبوو، قۆناخی میترا بووبە هەنگاوێکی گرنگ لە پەڕینەوەی مرۆڤایەتیدا بۆ پەرستنی خوایەکی تاک و تەنیا.

## کورد و ئایینی زەردەشت:

کتێبی پیرۆزی زەردەشتیان - ئاڤێستا- بە تایبەتیش بەشەهەرە کۆنەکەی- گاتا- کان، ئاهورامەزدا بە تاقەخوای خێرکەرو دروستکەری ئەم جیهانە دادەنێ و، هەر ئەمیشە یاساو زاکۆن و نەریتەکانی سەرزەمینی داناون کە لە ژێر سایەیاندا زۆرانبازی روحەکانی خێر- سپێنتەمەینەس- و، روحەکانی شەڕ- ئەنرۆمەینەس- ڕوودەداو هەر خۆیشی ئەنجامەکەی بە سەرکەوتنی - سپێنتەمەینەس دیاری کردووە.

هەمووشتێکی پیرۆز لە زەردەشتیدا ، ڕەنگدانەوەی ئاهورامەزدایە، کە خۆی تاقە ئیرادەیەکی خواییە . دیارە ئەو کاتیش هوشیاری لەو ئاستەدا نەبووە تا ئایین بکرێ بە ئامێرێک بۆ کار کردنە سەر لایەنی روحیی  خەڵکەکە، بۆ بڵاو کردنەوە و چەسپاندنی دەسەڵات و نفوزی سیاسی خۆی . ئەم پێویستییە تەنیا لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا خۆی نواند، کاتێک شاپووری دووەم ٣٠٩-٣٧٩ زەردەشتی کرد بە ئایینی ڕەسمیی دەوڵەت . زەردەشتی، یان ڕاستتر مەزدایزم ، دوای ئەم دەستوبردە ئایینی و سیاسییە، لە ناو میللەتە جیاوازەکانی ئێرانداو بە تایبەتیش لە ناو کورد دا بڵاو بووەوە و جێ پێی خۆی گرت. بەڵگەی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە کوردەواریدا ئەو هۆکارەیە کە مەڵبەندی ماگەکانی زەردەشتی - عێراقی عەجەمی - یان ناوچەی چیاکان بوو، واتە کوردستانی ئێستا . جگە لەوە ڕای گشتی کوردەکان خۆیان ، ئەوەی بێ بایەخ نیە ئەوەیە کە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان ئەمان گوایە سەرجەمیان زەردەشتی بووین . تا سەدەی دوازدەمیش لە کوردستاندا شوێنی وا هەرمابوون کە پەیرەوی ئایینی زەردەشتیان لێدەکرا ، وەکو هەورامان، کە تا ئێستاش لە گوندی- هەورامان تەخت - دا جەژنێکی کۆنی زەردەشتی ماوەتەوە بە ناوی جەژنی -کۆمسا- کە ساڵانە لە کۆنە پەرستگایەکدا بە ناوی - چلەخانە- دەیگێڕن. لە ڕۆژی ئەو جەژنەدا خەڵکی ئەم ناوچەیە کۆ دەبنەوە، پیاو ماقوڵ و سەرکردەی خێڵەکان لە ناو چلەخانەدا ، کە لە یەک ژوور پێکهاتووە، هەریەکە لە شوێنی تایبەتی دادەنیشێ

، گوایە (پیرشالیار) خۆی جێگەی بۆ ئەم کەسانە دیاری کردووە. خواردنێکی تایبەتیش بۆ ئەو ڕۆژە دەکەن کە لە برویش و جەرگوناوی حەیوانەوە ئامادەی دەکەن و سماق و ڕیەهەناری بەسەردا دەکەن. دوای خواردن زیارەتی گۆڕی پیرشالیار دەکەن کە لە هەمان گوند دایە.

ئەمانەو جگەلەو توخمە هاوبەشانەی زەردەشتی و ئایینە کوردییەکانی تری وەکو: ئێزدی، ئەهلی هەق و عەلەوی، کە دواتر لێیـــان دەدوێین هەمــوو بەڵگەی ئەو ڕۆڵە مێژوویی و گەورەیەی ئایینی زەردەشتیە- مەزدایزم - کە لە کوردستاندا بینیویەتی.

بە کـورتی ، ناتوانین بڵـێین ئایینی زەردەشـتی تاقـە ئایینی ناوچەکـە بووە و کـوردەکـانیش سـەرجـەمـیـان پەیڕەوکاری ئەم ئایینە بوونە. چونکە ئایینی زەردەشتی تا ڕەنگ نەیتوانی لە ناو مـیللەتانی چیایی و شـوانکارو کۆچەرو نیوە کۆچەردا کە کوردیش یەکێک لەمانە بووە، بڵاو ببێتەوە. کاتێکیش کە هاتە ناوچەکە لە سـەردەمی ساسـانی ، کـوردسـتـان بوو بوو بە مەڵبەندێکی ئایینی مەسیحی . ئەمە سەرباری ئایینی جوولەکە لە ناوچەکانی میـسـۆپۆتامیاو ئێران و ئاسیای بچووک . جوولەکەکان وەکو کەمینەیەکی ئایینی ، بە شێوەی گرووپی بچووک بچووک لەم ناوچانەدا و لە هەمان کاتدا لە کوردستانیش نیشتەجێ بوون و لەگەڵ ژێر دەسـتەیی و گۆشەگیری و باری سەختیشیـاندا گوزەرانیان دەکـرد . دوای هاتنی ئایینی ئیسلامیش جوولەکەکان نەک هەر لە شوێنەکانی خـۆیاندا مـانەوە ، بەڵکو لە دەوری عـەباسی دا جـۆرە ئۆتۆنۆمیەکیشیان پێدرا. هەموو ئەوەی لە بارەی ڕەوشی جوولەکەکان لە ئاسیای بچووک و ئێران و نێوان دوو زێ دا گوتراوە، ئەمانەی کوردستانیش دەگرێتەوە . جوولەکە لە کـوردسـتـانی ئێرانیـشـدا لە بانەو بۆکـان هەبوون و ئەمڕۆش نزیکەی ٦٠ هەزار جـوولەکـەی کـوردسـتـان لە ئیسرائیل دەژین، زۆربەی ئەمانە لە کوردستانی عێراق و سوریاوە چوونەتە ئەوێ .

## کوردو ئایینی مەسیحی:

مێژووی هاتن و بڵاو بوونەوەی ئایینی مەسیحیەت لە کوردستاندا زۆر کۆنە، بەڵام «دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە ئیتر بوونە مەسیحی قەدەغەکرا بە تایبەتیش بۆ موسڵمانان ، واتە هەڵگەڕانەوەیان لە ئیسلام کارێکی پڕ مەترسی بوو» ئەوەی لێ دەرچێ کە ئێزدییەکان هەندێ جار لە ترسی ئیسلام دەبوون بە مەسیحی .

شای ئەرمینیا «تیریداتی سێیەم» لە سەدەی چوارەم مـەسـیـحـیـیـەتی کـرد بە ئایینی دەوڵەتی خـۆی ، ئەم دەوڵەتەش بەشێکی کـوردسـتـانی دەگـرتەخـۆ ، بەڵام کوردەکـان ، بە تایبەتیش لە شوێنەکانی دوور دەسەڵاتی ئەم -وەکو هەورامان -، بەرەنگاری ئەمە بوونەوە و هەر بە زەردەشتی مانەوە.

ئایینی مەسیحی بە جۆرێکی سەرەکی لە شارو لە ناو بازرگان و پیشە کاراندا بڵاو بووەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە بەشێکی زۆری مەسیحیەکان ، لەبەر جەوروستەمی زەردەشتیەکان ، بۆ سەرچیاکانەوە ڕایان کـرد و ئێسـتـاش ئاسەواری دێرو کـڵـێـسـەکـانیـان بە سەرشاخەکانەوە ماون . شاری ساسانیەکان لە سەر پەیڕەو کارانی ئەم ئایینە ، بە تایبەتی لە شاری هەولێر شێوەی توندو تیژی وەرگرت ، چونکە هەولێر هەر لە زووەوە ببوو بە ناوەند- مرکز -ێکی گرنگی مەسیحیەکان . دوای هەولێر بۆ مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات، کەرکوکی ئەمڕۆ بە پلەی دووەم دەهات.

ئاشوورییەکان کۆنترین کۆمەڵەی مەسیحی ناوچەکەن ، بە شێوەی گـرووپی ئێتنۆ - ئایینی نزیکەی بە هەمـوو کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە. ئاشوورییەکان میللەتێکی سەربەخۆن و زمانی خۆیان - سریانی- پاراستووە کە دەچێتـــەوە ســەر زمــانانی ڕۆژئاوا و دەبن بە نەوەی ئارامیەکان کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە سووری یا سوریان ناویان هاتووە و، خۆیان و زمانەکەیان ڕۆڵێکی باڵایان لە جیـهانی کـولتووری سەدەکانی ناوەڕاسـتـدا بینیوە.

## کوردو ئایینی ئیسلام

پێش هاتنی ئایینی ئیسـلام ، لە کـوردسـتـاندا چەند ئایین و پەرسـتـێکی جـۆراو جـۆر باویان هەبووە. وەکـو زەردەشتی ، مـەسـیـحـیـەت ، جـوولەکـەیی و تەنانەت بتـپـەرسـتی و هی تریش . هاتنی ئایینی ئیـســلام بۆ کوردستان بە هۆی غەزاو هێرشی موسڵمانانەوە بوو بۆ سەر ئێران و دەوڵەتی ساسانی .

ئاشنابوونی کورد ، وەکو میللەت ، بە ئایینی ئیسلام بۆ ڕۆڵی غەزاو شەڕەکانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە ، واتە بۆ ڕۆژگـاری دووەمین خـەلیـفـەی ڕاشدی عـومـەری کـوڕی خـەتتـاب (٦٣٤-٦٤٤ز)بەڵام زانیـاری واش هەیە کـە کەسانی کورد هەبوون پێش ئەوماوەیە ببوون بە موسڵمان وەکو - کابانی کوردی - و، کوڕەکەی - ئەبی ئەسیر -، گوایە سەحابەی پێغەمبەر بوون .

دوای ئەوەی سەرکردەی سوپای عەرەبە موسڵمانەکان - سەعد کوڕی ئەبی وەقاس - سـاڵی ٦٣٩ز پایتـەختی دەوڵەتی سـاسـانیی مـەدائین - تەیسـەفـون- و ، دوای

ئەویش شاری جەلەولای گرت ، دوا شاری ساسانی - یەزدەجورد - ، پایتەختی خۆی بۆ شاری حەلوان گواستەوە کە قەلایەکی سەخت بوو ، دەکەوتە نێوان سەواد - عێراق - و ناوچەی چیاکان ، واتە هەمان شوێنی شاری سەرپوولی زەهاوی ئێستا لە کوردستانی ئێران . پاش دوو ساڵ گەمارۆدان حەلوانیش گیرا ، بەمەشەوە شەڕ کەوتە نێو جەرگەی کوردستان .

مێژوو نووسی سەدەی نۆیەم ئەل - بەلازوری - نووسیویەتی «ساڵی ٢٠ی ک (٦٣٩ی ز) عوتبە کوڕی فەرقەد شاری ئورمییەی دێرینی گرت ، هەر لە هەمان ساڵیشدا موسڵ و هەموو قەلاکانی کوردانی گرت» . دەربارەی شارەزووریش ئیبن ئەلئەسیر ( ١١٦٠- ١٢٣٣ ) دەڵێ «عەزرە کوڕی قەیس ویستی شارەزوور بگرێ ، بەلام نەیتوانی عوتبە کوڕی فەرقەد لە شەڕێکدا کە کوردی زۆر تیا کوژرا ، داگیری کرد.

هاشم کوڕی عوتبە جەریر هەوڵی دا شاری بەندەنجین ، مەندەلی ئێستا ، بگرێ و ، نەیتوانی ، بۆیە لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا رێکەوت کە باجی جزییە و خەراج بدەن. لە لایەکی تریشەوە ، حوزەیفە کوڕی ئەلیەمانی بە ئازەربایجاندا چوو تا شاری ئەردەبیل و لەگەڵ میرزەبانەکەیدا رێکەوت کە ٨٠٠ هەزار دەرهەم بدەن . حوزەیفەش لە لایەن خۆیەوە سۆزی دا چیتر ئاگرخانەکان تێک نەدا و توخنی کوردەکانی سجان و سبلان و ساترودان نەکەوێ .

ئەم هۆکارانە بەڵگەی ئەوەن کە کوردەکان بە گشتی نەک هەر زوو ئایینی ئیسلامیان وەرنەگرت، بەڵکو دەسوەکەری و بەرهەڵستی باشیشیان کردووە ، لەگەلێ شوێندا موسڵمانەکان ناچار پەیمانیان لەگەڵدا بەستوون کە لە بری مانەوەیان وەکو خۆیان دەبوایە باجی جزیە (سەرانە بۆ خەڵکی ناموسڵمان) و خەراج (باج لە سەر بە کار هێنانی زەوی) بە دەوڵەت بدەن.

بە هۆی ئەو بەرگری کردنەی کوردان بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام ، ئێستاش گۆڕستان و دۆڵی وا لە کوردستان هەن کە ناوەکانیان لەوە دەچن بۆ سەردەمی غەزاکانی ئیسلامی بگەڕێتەوە ، وەکو دۆڵی سەحابە و دۆڵی کافران لە ناوچەی کۆیە ، سەحابە سپی لە سلێمانی ، گردی شەهیدان لە قەلادزێ و ...هتد. چونکە پرۆسەی بە ئیسلامی بوونی کورد ، لە سەرەتای هێرشی عەرەبەکانەوە بۆ سەر ئێران ( ٦٣٩ ) تا کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێ چووە. دوا خەلیفەی ئەمەوی ، مەروانی دووەم (٦٩٢- ٧٥٠) کە دایکی کورد بووە و لە پێشدا فەرمانڕەوای میزۆپۆتامیای سەرو واتە ناوچە کوردنشینەکان بووە. مەروانی دووەم بە سوپاکەیەوە ، لەوێوە بەرەو شام کشا و ساڵی ٧٤٩ پایتەختی ئەمەوی گرت و خەلیفایەتی لە ئیبراهیم کوڕی وەلید سەندەوە. سوپای مەروانی دووەم بە هۆی دایکیەوە ، بەشێکی لە کورد بووە . دواتریش ئەبومو‌سلیمی خوراسانی بوو کە ناو بانگ و دەسەلاتێکی زۆری لە ئێراندا هەبوو ، رۆڵی سەرەکی لە لەناوبردنی فەرمانڕەوایەتی ئەمەوی بینی.

ئایینی ئیسلام وەک هەموو ئایینێکی تر ، هەموو سەنگ و قورساییەک دەخاتە سەر بە هێز کردنی هوشیاری ئایینی و لەم لایشەوە هوشیاری نەتەوەیی لاوازو کز دەکات . ئەو وتەیەی پێغەمبەر (لا فرق بين العربي و العجمي الا بالتقوى) نموونەیەکی بەرچاوی زیادکردنی پارسەنگی ئایینیە. هەرچەندە ئەمە هەرتەنها لە رۆژگاری پێغەمبەرو تارادەیەکیش لە سەرەتای سەردەمی راشیدی دا رەچاو دەکرا ، دەنا دواتر و دوای داگیرکردنەکان و دامەزراندنی ئیمپراتۆریای ئیسلامی و ئینجا هاتنی بنەماڵەی ئەمەوی ، کە تا رادەیەکی زۆر نوێنەرایەتی نەتەوەی عەرەبی دەسەلاتداری دەکرد ، دۆزو هەڵوێستی دەسەلاتدارییەتی ئیسلامی گۆڕانی بەسەرداهات و ئەوانەی جاران کۆیلە بوون ، راستیەکەی دوای موسڵمان بوونیشیان گەلێ ئازاد نەبوون و هەرگیز لەگەڵ عەرەبەکاندا یەکسان نەبوون. مافی ئەوەیان نەبوو بە سواری شەڕ بکەن ، لە تالانکردنەکانیشدا دەسکەوتیان نەدەبوو ، نەیاندەتوانی ئافرەتی عەرەب بخوازن و ، تەنانەت دەبوایە مزگەوت و گۆڕستانی تایبەتیی خۆیانیان هەبێت.

ئاین و هەستی نەتەوەیی لای ئەو میللەتانەی هێشتا لە سەردەمی کاملبوونی نەتەوەیی خۆیاندا بوون ، وەک کورد ، کە هێشتا لە ژێر چەپۆکی پەیوەندی خێڵەتی و بنەماڵەیی بە هێزدا دەتلانەوە ، کاریگەرێتی فیکری ئایینی ئیسلام بۆ ئەمانە زۆر زیاتر بوو. باشترین نموونەش دەوڵەتی ئەییوبییە( ١١٣٨- ١١٩٣ )کە سەلاحەدینی ئەیوبی لە میسر و شام دایمەزراند . هەرچەندە سەلاحەدین خۆی و زۆربەی سەرکردە جەنگیە کانیشی کوردو بەشی زۆری سوپاکەی کورد و تورک بوون . کەچی لەبەر هۆکاری بنەماڵەیی ، بنەماڵەی ئەیوبی ، دەوڵەتەکەیان بەناوی بنەماڵەکەوە نەک بە ناوی کورد ، ناساندو ، لە لایەکی تریشەوە هەموو ناوبانگی سەلاحەدین بەندە بە بەرزکردنەوەی ئالای ئیسلامی . پلەو ئاستی هوشیاری نەتەوەیی و هوشیاری ئایینی کورد دەکرێ لە سەدەی نۆزدەشدا بەراورد بکرێن ، باشترین نموونەی ئەو رۆژگارەش رووخان و لە ناو چوونی میرنشینی سۆرانە

سالی ١٨٣٢.

بەم پێیە دەکرێ بڵێین ئایین رۆڵێکی گەورەی بۆ بزواندنی جەماوەرو بۆ جێگە گرتنێکی بەرفراوان لە نێو خەڵکدا بینیوە. لە نێو کوردیشدا زۆربەی سەرکردەکانی وەکو شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، شێخ مەحموودی بەرزنجی ، شێخ سەعیدی پیران، شێخەکانی بارزان ، پیاوی ئایینی بوون.

هەرگوندێکی ئەم کوردستانە دەبینی جاران مزگەوت و تەکیەی شێخەکانی لێ هەبوو، بەڵام قوتابخانەیەک ، نەخۆشخانەیەکی لێ نەبوو.

## دەروێشی (سۆفیزم) لە کوردستاندا:

لە سەردەمی ئەمەوییەکان بە تایبەت لای فەرمانڕەواکان، وای لێهات وەکو جاران ڕەچاو و پەیڕەوی مەبدەئەکانی شەریعەتی ئیسلامی نەکەن. لە ئەنجامی ئەو بارو دۆخە تازەیەدا ،ڕێبازێکی ئایینی تایبەتی سەری هەڵدا لە لایەن «هەڵگرانی ئاڵای پاککردنەوەی ئیدیاکانی ئیسلام»کە مولکداران پێش هەمووشیان خەلیفەکان، شێواند بوویان و لە سەدەی حەوتەمەوە ئیتر لە ڕێبازو ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر دوور کەوتبوونەوە . نوێنەرانی ئەم ڕێبازە بانگەشەی «تەرکی دونیا» یان دەکرد و خەڵکیان هاندەدا واز لە مولک و ماڵ بهێنن و خۆشیان ژیانێکی سادەو هەژارانەیان بەسەردەبردو جلو بەرگی شڕیان دەکردە بەر.

لە سەرەتای سەدەی هەشتەمەوە سۆفیگەری بە ناوبانگ لەبەسرەو کوفەو بەغدا دەرکەوتن ، وەک رابیعەی عەدەوی سالی ٧٥٤ مردووە. حوسێن کوڕی مەنسوری حەلاج ٩٢٢مردووە ... هتد.

**قادری :** ئەم تەریقەتە بەناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە(١٠٧٧-١١٦٦) کە کوردێکی خەڵکی گوندی (گەیلان) ی لای کرماشان بوو.

لەدەوروبەری سالی ١٣٦٠ دا دوو برا عیساو موسا لە هەمەدانەوە بۆ شارەزوور هاتن و بنەماڵەی بەرزنجیان لەوێ دامەزراند. شێخەکانی قادری هەمیشەسیلسیلەی خۆیان بۆ پیغەمبەر و ئیمامی عەلی دەبەنەوە.

قادری هەتا سەدەی نۆزدەش تاقە تەریقەیەکی زاڵ بوو لە کوردستاندا ، تەنانەت ئەو کاتەی تەریقەی تریش پەیدا بوون و جێگەی خۆیان گرت. تەکیە و دەروێشەکانی ئەم تەریقەیە ، تا ڕادەیەک لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا هەن . دەروێشەکانی قادری بە ئاکار درشتی و ئەنجامدانی کاری ئاناسایی لە زیکرو حاڵیاندا – خەنجەر لە خۆدان ، سەربڕین ، پەنگر خواردن و قیژەو هاوار کردن ...هتد بەناو بانگن.

**نەقشبەندی:** بە هۆی بەرەو پێشەوەچوونی ژیان و زیاتر ورد بوونەوەی مرۆڤ لە واقیع و گواستنەوەی پایتەختی بابان بۆ شاری سلێمانی تازە دروستکراو، شاعیرو رۆشنبیران و پیاوانی ئایینی لە هەموو لایەکەوە روویان تێکرد . لەو هەلو مەرجە نوێیەی میرنشینی بابان و شاری سلێمانی بانگەشەیەکی ئایینی تازە ، وەکو دەربڕینێکی ئەو رەوشە تازەیە ، زۆرجاریش بە نوێبوونەوە ناو دەبردرێ . یەکێک لە گۆڕانکارییەکانی تەریقەی نەقشبەندی لە ژیانی پەیڕەوکەرانیدا دایهێنا ئەوە بوو کە بە جۆرێکی هۆشمەندانەترو واقیعیانەتر سەیری دوورەپەرێزی و خەلوەتی دەکرد . لەروانگەی نەقشبەندییەوە موریدو سۆفی ودەروێش پێویستە هەموو کاتێک لە ناو کۆمەڵدابن ، بەڵام فیکرو خەیالیان لای خوابێ .

ئەم تەریقەتە سالی ١٨١١ لە لایەن مەولانا خالید ( شێخ زیائودین خالید نەقشبەندی)یەوە گەیشتۆتە سلێمانی و هەر لە نەهری لە کوردستانەوە تا مەککە، لە مەدینەوە تا دیمەشق ، لە قودسەوە تا ئامێدی ، لە بەغداوە تا ئەزمەرو ئازەربایجان بلاو بۆتەوە.

**هەقە:** سالی ١٩٢٠ لە ئەنجامی پەرە سەندن و گەشەکردنی باوەڕو ناوەڕۆکی تەریقەی نەقشبەندیدا ، دیاردەیەکی فیکری – روحی و بە گشتی کۆمەڵایەتی ، لە ناوچەی سورداشی کوردستانی خواروو سەری هەڵداو لە مەدا شێخ عەبدولکەریمی شەدەلە، شێخی تەریقەی نەقشبەندی لە ناوچەکەدا رۆلی بالاو سەرەکی تێدا بینی.

ئەم کارەی شێخ عەبدولکەریم گەلێ رادیکالیانەبوو. بەتایبەتیش بۆ کۆمەڵگایەکی سەر بە پەیوەندی خێڵەتی و دەرەبەگایەتی کە لەسەر بنچینەی مولکداریەتی تاکە کەسی و چەوساندنەوەو دەسەڵاتداری دامەزرابێ ، بۆیەش هەقەکان واتە کۆمەڵەی شێخ عەبدولکەریم هەر زوو کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری شێخ و فەتواکانیان .

هەقەکان وشەی (هەق) یان لە گفتوگۆکانیاندا زۆر دووبارە دەکردەوە بۆیە ئەوناوەیان لێ نرا. ئەوان چاوەڕوانی هاتنی مەهدیان نەکرد، بەڵکو بەدوای دادی کۆمەڵایەتیشدا دەگەڕان.

هەقەکان فەرزێکی گرنگ و سەرەکیان پشتگوێ خست لە ئیسلامدا کە نوێژکردن بوو، مامە رەزا کە یەکێک لە شێخەکانی هەقە بوو، پاساوی بۆ ئەم نوێژ نەکردنە ئەوە بوو، چونکە ئەوان گەیشتوونەتە یەقین و مەبەستیشیان ئەو ئایەتە بوو کە دەڵێ ( واسجد لربک حتی یاتیک الیقین).

هەقـەكـان هەمـوو مـوڵـک و مـاڵـیـان كـرد بەیەک ، دەوڵەمەندو هەژار نەمان ، بەمەش جیاوازی چینایەتیان نەهێشت هەروەها ئافـرەتیـان ئازاد كـرد و لە هەمـوو رووێکەوە بوون بە هاوتای پیـاو ، تا لە ئەنجـامـدا بە كۆمۆنیزم لە قەڵەم دران و هەریەم تاوانەش ساڵی ١٩٤٤ مامەڕەزا بەند كرا.

دەربارەی یەكـسـانی ئافـرەت لەگـەڵ پیـاو زۆر ناوو ناتۆرەیان بۆ دەدۆزرایەوە ...

**نەورۆز** :هەموو میللەتانی ئێرانی (فارس، كورد، بلوچ ، تات ، تالیش، ئەفـغـانی ، تاجـیک)و ئاسـیـای ناوەڕاست (ئۆزبەک ، توركمان، كازاخ، قرگیز) هەروەها ئازەربایجـانەكـانیش ئەم جـەژنە دەكـەن و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن.

میللەتانی تری وەكو بابلی و یۆنانیەكانیش ئەم رۆژەیان كردووە بە جەژن و بە ناوی جەژنی بە هار ئاهەنگیان بۆی گـێڕاوە . هەروەها عـەرەبەكـانی جەزیرەی عـەرەبیش لە عەرەبەكانی (مەنازیرە)ی سەربە ئێرانیان وەرگرتبوو، تا سەردەمی هاتنی ئیسلامیش ئاهەنگیان بۆی گێڕاوە.

كـە ئایینی ئیـسـلام گـەیشـتـە ناوچەكـەو پێكهـاتەی كـولـتـووری گـیـانیی مـیللەتانی بەرادەیەكی زۆر گـۆڕی و لەمـانەش دووجەژنی ئیـسـلامی ( رەمـەزان و قـوربان) ی داهێنا ، نەورۆز بۆ مـیللەتانی ئێـرانی و نا عـەرەب وەک نیشانەو ماكێكی ئێتنیكی ئیرانی هەر مایەوە.

لەبەر ئەوەی جەژنی نەورۆز بەلای ئەو میللەتانەی كە لە سـەرەوە ناویان هاتووە بە دەسـتـپـێـوەگـرتنێک بە باوەڕو عـەقـایدی دێرینی خۆیانیـان دەزانی و ئامـادە نەبوون بە ئاسانی دەسـتـبـەرداری بن ، ئیتر ئایینی ئیسلامیش ناچار خـۆی لەگـەڵ ئەم جـەژنەدا رێكخـست، بەڵام لە رۆژگـاری خـەلیـفـە عـومـەری كـوڕی عـەبدولعـەزیزی ئەمـەوی و ئەلـتەوەكیلی عەباسی ،جەژنی نەورۆز قەدەغەكراوە.

شایانی باسە، ئەم كتێبە بەدرێژی باسی لە رۆڵی ئاگر لە ژیانی مـیللەتاندا و ئاگـر لە سـەردەمی زەردەشـتـدا كـردووە و هەروەها باسی لە شـیـعـەو، كـەمـینەی كـوردی شیعە لە هەردوو بەشەكانی كوردستاندا كردووە.

بەشی سێیەمی ئەو كتێبە گرنگە دەربارەی كۆمەڵەی ئایینی تر لە كوردستاندا دەكات وەكو:

١- ئێزدی و كۆمەڵەكەیان. كتێبی پیرۆزیان و میرو نوێژو رۆژووگرتن وحەج و جەژنیان

٢- ئەهلی هەق «كـــاكـــەیی» پلەی ئایینی و كۆمەڵایەتیەكانیان و ...هتد

٣- عەلەوی «قزلباش»

لە خوارەوە زۆر بە كورتی ئاماژەیان بۆ دەكەین.

**١- ئێـزدی و كـۆمـەڵەكـەیان:** بەشی زۆری ئێزدیان لە كـوردسـتـانی عێـراق، لە سنجارو شێـخـان و گوندەكـانی دەورو بەریاندا دەژین . لە كـوردسـتـانی توركـیـاش لە ناوچەكـانی سـەر بە دیاریەكرو وان و ئەرزەرۆمـدا هەن لە سـوریاشـدا گـرووپێكیـان لە دەوروبەری شـاری حەلەبدا هەیە. لە ئەرمەنستان و جۆرجیاشدا هەن.

بەرای سلیـمان سایغ ئێزدی ، بە ناوی ترەوە لە چیـای ئالـتـای و كـامـجاتكا« دووناوچەن لە روسیـادا»و وڵاتی چین دەژین .

لە ناو ئێزدیاندا باڵدار بەگشتی رۆڵیكی دیاری هەیە . ناوی مەلەكتاوس بە ناوی باڵداری تاوسەوە بەستراوەتەوە ئەویش بە حـسـێب تاوس لە هەمـوو باڵدارەكـانی تر جوانترو بەنرخترە.

ئێزدییەكان دوو كـتێبی پیرۆزیان هەیە- جیلوە- و - مـەسـحـەفـارەش- ناوەرۆكی جـیلوە بریتـیـیـە لە ئامۆژگاریەكانی خوا بۆ ئێزدییان ، حەلال و حەرام و سزا و پاداشتی بۆ دیاری كردوون.

مـەسـحـەفا رەش باسی دروسـتـبـوونی دونیـاو ئەژادو رەچەلەكی ئێـزدیانت بۆ دەكـات . بە پێی هەردوو كـتێـبە پیـرۆزەكـەیان مـەلەكـتـاوس تاقە مـەلائیكەتێک بووە، كاتێک خوا فـەرمانی پێ داون كرنووشی بۆ ئادەم نەبردوە . لێرە مەلەكـتاوس وەكو عـیزرائیلی ئیـسلام فـەرمـانی خوای بە جێ نەگەیاندووە.

بەڵام لە ئێزدیدا مـەلەكـتـاوس وەڵامی خوای داوەتەوە و گوتوویەتی (من جگە لە خودی خوا ،كرنووش بۆ كەسی تر نـابەم) بەم بۆنەیەشـەوە خـوا لێی رازی بووە. بە پێی مەسحەفارەش مـەلەكـتـاوس بە فـەرمانی خوا هەتاوی خەلقكردووە و خۆی بووە بە خواوەندی هەتاو.

جێ پەنجەی ئاین و مێژووی ئیسلامی- ئەمەوی لە ناو ئێـزدی و ئایینەكـەیاندا لەوەدایە كـە ناوی خـەلیـفـەی ئەمـــەوی یەزیدی كـــوڕی مـــەعـــاویە كـــەوتۆتە ناو مەسحەفـارەش و بە خـواوەندو لە هەندێ شـوێنیشـدا بە مەلەكتاوس لە قەڵەم دراوە.

**میر:** سەرۆكی ئایینی و دنیای ئێزدیانە و دەسەڵاتێكی بێ سنووری بە سـەریانەوە هەیە. لە بنەمـاڵەیەكـە كە ژن تەنها لە ناوخۆیان دێنن و ژنیش بەكەس نادەن.

مـیر خۆی دەبێ بابەشێخ هەڵبژێرێ كە بەرزترین پلەی ئایینیـیـە و ، ئەم لە كـاروباری ئایینیدا بە ناوی مـیـر قسەدەكات، هەر ئێزدیەكیش بمرێ و میراتگرەوەی نەبێ مـوڵک و مـاڵەكەی بۆ میردەبێ . لەگەڵ ئەوەشدا میر نەخوێندەوارە، چونكە لە كۆمەڵەی ئێزدیداتەنیا شێخەكان مافی فێربوونی خوێندنەوەو نووسینیان هەیە.

Diyariya/Gåva från:
KRG-Swed

ئێزدی رۆژانە تەنها دوو نوێژ دەکەن لەبەرەبەیان و خۆر ئاوا بووندا . دوو رۆژوو گرتنیشیان هەیە ، یەکێکیان گشتیەو هەموو دەیگرن بە ناوی «رۆژوگرتنی یەزید» ئەوەی تریش رۆژوگرتنی خدرلیاس کە تەنیا بۆ پیاوانی ئایینیە. ماوەی رۆژوو گرتنەکەشیان سێ رۆژە. بۆ حەج کردنیش لە لالش چیای عەرەفاتیان هەیە.

کۆمەڵێک جەژنیان هەیە وەک:جەژنی سەری ساڵ ، جەژنی کۆمەڵی ، جەژنی بیلندە«بین هەڵدێ» جەژنی مردوان«جەژنی ئاووک» ، جەژنی قوربان ، جەژنی چلەی هاوین، جەژنی چلەی زستان ، جەژنی خدرلیاس.

سەبارەت بە ژنهێنانیشیان ، ئێزدیزم رێگەی پیاوی داوە شەش ژن بەدوای یەکەوە بهێنێت و زۆریش بە ئاسانی دەتوانێ لێیان جودا بێتەوە - تەڵاقیان بدات- بۆ پیاو ئەوەندە بەسە بە ژنی خۆی بڵێ : تۆ شێخی منی ، یان پیری منی،یا دایک و یان خوشکی منی- هەر بەهەمان ئاسانیشەوە دەتوانێ بیهێنێتەوە ، بەڵام شێخ و پیر ئەگەر سێ جاران وشەی تەڵاق دەرهەق ژنێک بڵێن ، ناتوانن جارێکی تر هەمان ژن بهێننەوە. هەرچی میرە ، مافی ئەوەی هەیە چەندی بیەوێ ژن بێنێت . سەعید بەگ ، کە ساڵانی پەنجاکانی ئەم سەدەیە ، میری ئێزدیان بووە ١٠ ژنی لە یەک کاتدا هەبووە . بە پێی شەریعەتی ئێزدی ، کەس ناتوانێ ئەو ئافرەتە بخوازێ کە میر تەڵاقی داوە، ئەمانە دوای تەڵاقدانیشیان هەر لە ماڵی میر دەمێننەوە و ئێزدی بە دایکی خۆیانیان دەزانن.

## کۆمەڵەی ئەهلی هەق ،کاکەیی،:

ئەهلی هەق بە جۆرێکی سەرەکی لە ناوچە سنووریەکانی نێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق دا دەژین ، نووسەری ئەم کتێبە راو بۆچوونەکانی هەریەک لەم نووسەرانەی هێناوەتەوە کە دەربارەی ئەهلی هەق نووسیویانە لەوانە (عەباس عەزاوی، ئێ ئابیلیایڤ، ف نیکیتین، شاکر خەسباک، محەمەد جەمیل رۆژبەیانی ، س.ل. ڤاسیلیێڤ ، ئا. م . مینتەشیشڤیلی، ڤ . مینۆرسکی) تیشکی خستۆتە سەر زۆربەی لایەنەکۆمەڵایەتیەکان و دەڵێت نزیکەی هەموو لێکۆڵەرەوان لەو باوەڕەدان کە خوا لای ئەهلی هەق حەوت جاران دابەزیوەو وەکو مرۆڤ خۆی نیشانداوە. بەم بۆنەیەشەوە مێژووی ئایینەکە بەسەر حەوت چەرخدا دابەشنەوە . لەگەڵ ئێزدییەکاندا لەوە یەکدەگرنەوە کە هەردوولا باوەڕیان بە ( تناسخ الارواح ) هەیە، کە باوەڕێکە بەزیندوو بوونەوەی گیانی مرۆڤ لە دوای مردنی ، واتە یەکێک کە مرد، گیانەکەی دەچێتە لە شی مرۆڤێکی ترەوە.

بە بڕوای ئەهلی هەق رۆژی حەشر لە ناوچەی شارەزووردا دەبێ .

**عەلەوی«قزلباش»**: بە پێی هەندێ بۆچوون ناوەندی قزلباشەکان چیای دەرسیمە لە نێوان هەردوو لقەکانی رووباری فوراتداو سەرکردایەتی ئایینیان لەوێیە. لە خوار ئاسیای بچووکیشدا ، ناوەندی ئایینیان هەیە، لە (ئێلاما) کیلیکیای کۆن . هەروەها لە نزیک ئەستەمبۆڵیشدا هەن و لە ویلایەتی (بروس)یشدا دەژین.

سێکوچکەی پیرۆزی عەلەوی لە عەلی ( خوای باوک) عیسا( خوای کوڕ)و محەمەد (خوای روح)پێکهاتووە . عەلەویەکان رقیان لە موسڵمانی سونەیە. لە ئایین و باوەڕی عەلەوی دا ، مەسیحیەت و شیعیزم تێکەڵ بە یەکتری بووە.

عەلەوییەکان رۆژانە سێ نوێژ دەکەن، بەیانی ، نیوەڕۆ، ئێوارە. بۆ نوێژکردنیش دەستنوێژ هەڵناگرن، چونکە بەرای ئەمان پاکیی دڵ و دەروون گرنگترە لە پاکی لەش .

عەلەوییەکان ساڵی چەند جارێک رۆژوو دەگرن ئەمان وەکو شیعە محەڕەم دەگرن . پرسەش بۆ ئیمامی حوسێن دادەنێن و لە خۆیان دەدەن.

کەعبەی عەلەویەکان تەکیەی حاجی بەکداشە، نزیک شارۆچکەی کیرشەهر لە ناوچەی ئەنگۆردا ، هەموو ساڵێکیش لە دەیەمین رۆژی محەرەم حەج بۆ ئەوێ دەکەن و ئەمانیش وەکو شیعە هەریسە ئامادە دەکەن و دەیکەن بە خێر شەراب و مەی خواردنەوەیش لەناویاندا زۆر باوە. ئافرەتی عەلەوی ئازادی و سەربەستی زۆری هەیە و لە ناو کۆمەڵەکەدا مافی چوونە دەرو تێکەڵبوونی هەیە.

عەلەوییەکان گۆشتی بەراز و هیچ ئاژەڵێکی سمدار ناخۆن . کەچی گۆشتی ئاژەڵی مرداریان حەلال کردووە.

سێو بەلای عەلەوییەکانەوە بەرێکی زۆر پیرۆزەو وەک دیارییەکی گەورە لە بۆنەکانیاندا پێشکەشی یەکتری دەکەن .

بە گشتی ئەو کتێبە «رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا» ، یەکێک لەو کتێبە گرنگانەیە کە بە کوردی نووسراوە و هەموو خوێنەرێک پێویستی بەوە هەیە بیخوێنێتەوە.ئەم چەند دێرەی لێرەشدا خراوەتە روو، چاو پێداخشاندنێکی خێرا بوو بە جەوهەری کتێبەکە.

□

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket/Kurdish Library
Stockholm/Sweden

## سەنتەری برایەتی بایەخ بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زانستی ڕەسەن و داهێنانی فیکری و سیاسی دەدات

**تکایە سەرنجی ئەم خاڵانە بدەن:**

١- ناوی سیانی و ئەدرێسی تەواوی خۆتان بنووسن.
٢- وێنەیەکی شەخسی بەقەوارەی ١/٤ پۆستکارت بنێرن.
٣- هەموو ئەو نەخشەو وێنەو بەڵگەنامەو سەرچاوانەی کە بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە پێویستن، لەگەڵ بابەتەکەی هاوپێچ بکەن.
٤- نابێت بابەتەکە پێشتر بڵاوکرابێتەوە.
٥- پێش بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، بەشێوەیەکی نهێنی و ئوسوڵی بۆ هەڵسەنگاندن دەدرێنە پسپۆڕ.
٦- ئەگەر لەلایەن هەڵسەنگێنەری پسپۆڕەوە، پێشنیار کرا، دەستکاری پێویست، یا ڕاست کردنەوە بکرێت، ئەوا بابەتەکە بەخاوەنەکەی دەدرێتەوە، تا ئەو دەستکاری و گۆڕانکاریانە بکات کە لێی داوا کراوە.
٧- هەر بابەتێکمان بۆ دەنێرن لە ٢٥ لاپەڕەی سەنتەری برایەتی تێپەڕ نەکات.
٨- دەقی ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانەش بڵاو دەکەینەوە، کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی وەڵامی بیروبۆچوونی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکراوە یا کتێبێکی چاپکراوی بوارە فیکریە جۆراوجۆرەکان دەدەنەوە.
٩- سەنتەری برایەتی بۆی هەیە سەرلەنوێ، بەزمانێکی پوخت نووسینەکان دابڕێژێتەوە.
١٠- هەر بابەتێک بڵاونەکرایەوە، نادرێتەوە بەخاوەنەکەی.

**هەر نووسین و لێکۆڵینەوەیەک لەم گۆڤارەدا بڵاوبکرێتەوە تێڕوانین و بۆچوونی نووسەر دەردەبڕێت و، ئەم گۆڤارە لێی بەرپرس نییە.**

# Brayeti Centre

An intellectual - political periodical specialized in studies and research, issued by Brayeti Newspaper.

Secand Year No.9 Dec.1998

نرخی «١٠» دیناره